


# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

نوسین: دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

بەشی ١٩



"وشتر بونەوەرێكی شەیتانیە بەڵام میزەكەی شیفایە"

# قورئان وەك خۆی

## وەرگێڕان و شرۆڤە و هۆكاری دابەزین

## بەشی ١٩

## سوورەتی البقرة

نووسینی

## دكتۆر پشتیوان عەبدوڵا

پیاچوونەوەی نووسین

## جەبار حەمەد

لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕێنسانسی

كوردی

# ژماره ٨٨

## سوورەتی البقرة (مانگا)

**١-الم**

الم

**٢-ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ**

ئەو پەرتووکە گومانێکی تێدا نییە هیدایەتە بۆ خوداناسان.

**٣-الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ**

ئەوانەی بڕوایان بە غەیب هەیە و نوێژ دەکەن، وە لەو ڕزقەی پێیانمان داوە دەبەخشن.

**٤-وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ**

وە ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەوەی بۆ تۆ دابەزیووە، وە ئەوەی پێش تۆ دابەزیووە، وە دڵنیان سەبارەت بە ئاخیرەت.

**٥-أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**

ئەوانەن لەسەر هیدایەتن لە لایەن خوداکەیانەوە، وە ئەوانەن کە فریاد دەبن.

**٦-إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ**

جا ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە، ئەگەر ئاگاداریان بکەیتەوە یان ئاگاداریان نەکەیتەوە، بۆ ئەوانە وەك یەکە و باوەڕ ناهێنن.

**٧-خَتَمَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ**

الله مۆری تارمایی داوە بە سەر دڵیان و بە سەر گوێکانیان و بە سەر چاوەکانیان، وە ئەوانە سزایەکی مەزنیان بۆ دەبێت.

**٨-وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ**

وە لە خەڵك هەیە كە دەڵێت: باوەڕمان بە اللە و بە ڕۆژی دوایی هێنا بەڵام ئەوانە باوەڕدار نین.

**٩-يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ**

اللە و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەخەڵەتێنن، وە هیچ كەسێك ناخەڵەتێنن تەنها خودی خۆیان نەبێت، بەڵام هەست ناكەن.

**١٠-فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ**

نەخۆشی لە دڵەكانیان هەیە، جا اللەش نەخۆشیەكەیانی زیاتر كرد، وە ئەوانە سزایەكی ئازاربەخشیان دەبێت بە هۆی ئەوەی نكۆڵیان لێ دەكرد.

**١١-وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ**

وە كاتێك پێیان دەگوترێت خراپەكاری لە خاكەكەدا مەكەن گوتیان لە ڕاستیدا ئێمە چاكەكارین.

**١٢-أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِن لاَّ يَشْعُرُونَ**

ئەی ئەوان خراپەكارنین بەڵام هەست ناكەن؟

**١٣-وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُواْ أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاء أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاء وَلَكِن لاَّ يَعْلَمُونَ**

وە كاتێك پێیان دەگوترێت باوەڕ بێنن هەروەك چۆن خەڵك باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: ئایا باوەڕ بێنین هەروەك چۆن نەفامەكان باوەڕیان هێناوە، ئەی لە ڕاستیدا خۆیان نەفام نین بەڵام نازانن؟

**١٤-وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِؤُونَ**

وە كاتێك چاویان بەوانە دەكەوێت كە باوەڕیان هێناوە دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، وە كاتێك بەتەنها بوون لەگەڵ شەیتانەكانیان دەڵێن: ئێمە لەگەڵ ئێوەین، لە ڕاستیدا ئێمە پێیان ڕادەبوێرین.

**١٥-اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ**

اللّٰه گاڵتەیان پێ دەکات و بەردەوامیان پێ دەدات لە سەرکێشیاندا بگەوزێن.

**١٦-أُوْلَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرُوُاْ الضَّلاَلَةَ بِالْهُدَى فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ**

ئەوانەن کە گومڕاییان بە هیدایەت کڕیوە و بازرگانیەکەیان قازانجی نەکردووە، وە ئەوانە هیدایەت نەدەبوون.

**١٧-مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ**

نموونەیان وەك نموونەی ئەو کەسەیە کە ئاگرێکی هەڵگیرساندووە، جا کاتێك ئاگرەکە ئەوەی لە دەورەیەتی ڕووناك کردەوە، اللّٰه ئاگرەکەیان دەبات و لە تاریکاییدا دەیانهێڵێتەوە و نابینن.

**١٨-صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَرْجِعُونَ**

کەڕ و لاڵ و کوێرن، جا ئەوانە هەرگیز ناگەڕێنەوە.

**١٩-أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصْابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ وَاللَّهُ مُحِيطٌ بِالْكَافِرِينَ**

یان وەك هەورێکی چڕە لە ئاسمان کە تاریکایی و هەورە تریشقە و بروسکەی تێدایە، پەنجەکانیان دەخەنە ناوگوێکانیانەوە بە هۆی بروسکەکانەوە لە ترسی مەرگ، وە اللّٰه چواردەورەی کافرەکانی داوە.

**٢٠-يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُم مَّشَوْا فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

خەریکە بروسکەکە بیناییان ببات، هەرچەند جارێك بۆیان ڕووناکی کردەوە تیایدا دەڕۆن، وە کاتێك تاریکایی بەسەریاندا دێت دەوەستن، وە ئەگەر اللّٰه ئارەزووی بکردایە بە دڵنیاییەوە بیستن و بینایی دەبردن، لە ڕاستیدا اللّٰه توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دێت.

**٢١-يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**

ئەی خەڵکینە ئەو خودایە بپەرستن کە ئێوە و ئەوانەی لە پێش ئێوەی دروستکردووە بەڵکو پارێزراو دەبن.

**٢٢-الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ**

ئەوەی کە زەوی بۆتان کردووە بە پێخەف و ئاسمان بە بنمیچ و ئاوێکی لە ئاسمان دابەزاندووە کە پێیەوە بەروبوومەکانی بۆ ئێوە وەك ڕزقێك دەرهێناوە، جا نەکەن هاوەڵ بۆ اللە بێننە ئاراوە، وە ئێوە خۆتان دەزانن.

**٢٣-وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ**

وە ئەگەر ئێوە لە گومانن لەوەی بۆ بەندەکەمان دابەزاندووە، ئەوە سوورەتێك لە هاوچەشنی بێنن، وە بانگی شایەتەکانتان جگە لە اللە بکەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

**٢٤-فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ**

جا ئەگەر نەتانکرد، وە هەرگیز ناتوانن بیکەن، ئەوە لەو ئاگرە بترسن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە بۆ کافرەکان ئامادە کراوە.

**٢٥-وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا قَالُواْ هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ وَأُتُواْ بِهِ مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

وە مژدە بەوانە بدە کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە کە باخەکانیان بۆ دەبێت کە لە ژێرەوەیان ڕووبارەکان دەڕۆن، وە هەرچەند جارێك لە یەکێك لە میوەکانی ڕزقێکیان پێ دەدرێت دەڵێن: ئەوە بوو کە پێشوو بۆ ئێمەتان هێنا لە کاتێکدا شتێکی هاوشێوەیان بۆ هاتووە، وە تیایدا هاوسەرانێکی پاکیان دەبێت، وە تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

**٢٦-إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلاً مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلاً يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ**

الله شەرم ناكات كە نموونەی مێشوولەیەك و شتێكی سەرەوەتری بهێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەزانن كە لە ڕاستیدا هەقە لە خوداكایانەوە، بەڵام ئەوانەی بێباوەڕبوون، دەڵێن الله چ مەبەستێكی هەبوو لەم نموونەیە، زۆرێك پێیەوە گومڕا دەكات، وە زۆرێك پێیەوە هیدایەت دەدات، وە هیچ كەسێك پێیەوە گومڕا نابێت تەنها خراپەكارەكان نەبن.

**٢٧-الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ**

ئەوانەی پەیمانی الله دەشكێنن لە دوای ئەوەی لەگەڵیدا بەستبوویان، وە ئەوە دەبڕن كە الله فەرمانی گەیاندنی پێ كردووە، وە خراپەكاری لە خاكەكەدا دەكەن، ئەوانە دۆڕاوەكانن.

**٢٨-كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ**

چۆن كوفر بە الله دەكەن وە ئێوە مردوو بوون، جا زیندووی كردنەوە، ئینجا دەتانمرێنێت، ئینجا زیندووتان دەكاتەوە، ئینجا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

**٢٩-هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**

ئەوە كە هەرچیەك لە زەویدایە، هەمووی بۆ ئێوە دروستكردووە، ئینجا بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان و كردوونەتی بە ٧ ئاسمان، وە ئەو بە هەموو شتێك دەزانێت.

**٣٠-وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

وە کە خوداکەت بە فریشتەکانی گوت لە ڕاستیدا من جێنشینێك لە زەویدا دادەنێم، گوتیان: ئایا کەسێکی تیادا دادەنێیت کە خراپەکاری تیادا بکات و خوێن بڕێژێت؟ وە ئێمە بە شکۆت هەڵدەدەین و پیرۆزی تۆ ڕادەگرین، گوتی ئەوەی من دەزانم ئێوە نازانن.

**٣١-وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلاَئِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاء هَؤُلاء إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**

وە ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد، ئینجا نیشانی دان بە فریشتەکان و گوتی: ناوی ئەوانەم پێ بڵێن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

**٣٢-قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ**

گوتیان تۆ شکۆمەندیت هیچ نازانین تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ ئێمەت فێرکردووە، لە ڕاستیدا هەر تۆ شارەزا لێزانەکەیت.

**٣٣-قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ**

گوتی ئەی ئادەم ناوەکانیانیان پێ بڵێ، جاکاتێك بە ناوەکانیان ئاگاداری کردنەوە، گوتی ئەی بە ئێوەم نەگوت لە ڕاستیدا هەر خۆم بە غەیبی ئاسمانەکان و زەوی دەزانم، وە دەزانم ئەوەی دەریدەخەن و ئەوەی دەتانشاردەوە.

**٣٤-وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ**

وە کە بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن جا کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە ڕەتی کردەوە و خۆی بە گەورە زانی، وە لە کافرەکان بوو.

**٣٥-وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ**

وە گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە لە هەر کوێیەك ئارەزووتان کرد بخۆن، وە نەکەن لەم درەختە نزیك ببنەوە، ئەگینا لە ستەمکاران دەبن.

**٣٦-فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُواْ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ**

جا شەیتان لێیەوە لایبردن و لەوەی تیایدا بوون بەدەرکردنی دان، وە گوتمان دابەزن، هەندێکتان بۆ هەندێکتان دوژمن بن، وە بۆ ئێوە لە زەویدا سرەوتن هەیە، وە خۆشی کردن بۆ ماوەیەك.

**٣٧-فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**

جا ئادەم لە خوداکەیەوە چەند وتەیەکی پێ گەیشت و لێی بووری، لە ڕاستیدا ئەو لێبووردە میهرەبانەکە بووە.

**٣٨-قُلْنَا اهْبِطُواْ مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

گوتمان گشتتان لێی دابەزن، جا یان لە منەوە هیدایەتتان بۆ دێت، ئەوکات هەر کەسێك پیادەی هیدایەتم بکات ئەوە نە ترسیان لەسەرە وە نە با دڵتەنگ بن.

**٣٩-وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

وە ئەوانەی کوفریان کردووە و نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کردووە ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٤٠-يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُواْ بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ**

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکەیەی منتان لە یاد بێت کە بە ئێوەم بەخشیوە، وە پابەندی پەیمانەکەم بن منیش پابەندی پەیمانەکەتان دەبم، وە لە من بتۆقن.

**٤١-وَآمِنُواْ بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ وَلاَ تَكُونُواْ أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلاً وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ**

وە ئیمان بێنن بەوەی دامبەزاندووە کە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە لای ئێوەیە، وە نەکەن ببن بە یەکەم کەس کە کوفری پێدەکەن، وە بە ئایەتەکانم نرخێکی کەم مەکڕن، وە لە من بترسن.

**٤٢-وَلاَ تَلْبِسُواْ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُواْ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ**

وە نەکەن هەق بە پووچەڵ تێکەڵ بکەن، وە هەق بشارنەوە، وە خۆتان دەزانن.

**٤٣-وَأَقِيمُواْ الصَّلاةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ**

وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە لەگەڵ کڕنۆشبەراندا کڕنۆش ببەن.

**٤٤-أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ**

ئایا فەرمان بە چاکە بە خەڵك دەکەن، وە خۆتان لە بیرکردووە لە کاتێکدا ئێوە پەرتووك دەخوێننەوە، ئەرێ تێناگەن؟

**٤٥-وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ**

پشت بە دان بە خۆداگرتن و نوێژ ببەستن، وە بە دڵنیاییەوە گەورەیە، مەگەر بۆ ئەوانە نەبێت کە ترسنۆکن.

**٤٦-الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاقُوا رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ**

ئەوانەی پێیان وایە کە بە خوداکەیان دەگەن، وە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

**٤٧-يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ**

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکانەی منتان لە یادبێت کە بە ئێوەم بەخشیووە، وە لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بە سەر خەڵکانی جیهان.

**٤٨-وَاتَّقُواْ يَوْمًا لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ**

وە لە ڕۆژێك بترسن کە هیچ کەسێك لە جیاتی کەسێك هیچ شتێك لە ئەستۆ ناگرێت، وە نە تکا وە نە بارمتەی لێ وەرناگیرێت، وە نە ئەوان سەردەخرێن.

**٤٩-وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءكُمْ وَفِي ذَلِكُم بَلاء مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ**

کە ئێوەمان لە خانەوادەی فیرعەون ڕزگارکرد، کە بە خراپترین شێوە ئازاری دەدان، کوڕەکانیان سەردەبڕین و ژنەکانیان دەهێشتنەوە، وە لەوەدا تاقیکردنەوەیەکی مەزن لە لایەن خوداکەتانەوە هەبوو.

**٥٠-وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ**

وە کە دەریامان بۆ ئێوە دوولەت کرد و ڕزگارمان کردن و خانەوادەی فیرعەونمان نوقم کرد، وە ئێوە سەیرتان دەکرد.

**٥١-وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَى أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ**

وە کە لەگەڵ موسا ژوانی چل شەوەمان دانا ئینجا ئێوە لە دوای ئەو گوێرەکەکەتان بە خۆتانەوە گرت، وە ئێوە ستەمکار بوون.

**٥٢-ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُمِ مِّن بَعْدِ ذَلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**

ئینجا لە دوای ئەوە لێتان خۆش بووین بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

**٥٣-وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ**

وە کە پەرتووك و جیاکەرەوەمان بە موسا دا بۆ ئەوەی هیدایەت بکرێن.

**٥٤-وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُواْ إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**

وە کە موسا بە قەومەکەی گوت ئەی قەومەکەم بە هۆی ئەوەی گوێرەکەتان بە خۆوە گرت، ئێوە ستەمتان لە خۆتان کرد، جا تۆبە بکەن بۆ بەدیهێنەرتان و یەکتر بکوژن، ئەم کارە چاکترە بۆ ئێوە لای بەدیهێنەرتان، لێتان خۆش بووە، لە ڕاستیدا هەر ئەوە کە تۆبەوەرگرە میهرەبانەکەیە.

**٥٥-وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ**

وە کە گوتتان ئەی موسا هەرگیز باوەڕت پێ ناهێنین تاوەکو الله بە ئاشکرا نەبینین، جا برووسکە ئێوەی گرت، وە ئێوە سەیرتان دەکرد.

**٥٦-ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**

ئینجا زیندوومان کردنەوە لە دوای مردنتان بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

**٥٧-وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ**

هەورمان بەسەرتاندا کردە سێبەر، وە گەزۆ و شەلاقەمان بۆ سەرتان دابەزاند، بخۆن لەو ڕزقە نایابانەی کە پێمان داون، وە ستەمیان لە ئێمە نەکرد بەڵکو ستەمیان لە خۆیان دەکرد.

**٥٨-وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُواْ هَذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَداً وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّداً وَقُولُواْ حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ**

وە کە گوتمان بڕۆنە ئەم گوندەوە و تیایدا هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن، وە بە کڕنۆشبردنەوە لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە و بڵێن: لە گوناهەکانمان ببوورە، جا لە گوناهەکانتان دەبوورین، وە بۆ ئاکارچاکان زیاد دەکەین.

**٥٩-فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزاً مِّنَ السَّمَاء بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ**

جا ئەوانەی ستەمیان کرد، ئەو وتەیەیان گۆڕی کە پێیان گوترابوو، جا ئێمە سزایەکمان لە ئاسمان بەسەر ئەوانەدا دابەزاند کە ستەمیان کردبوو بە هۆی ئەو خراپەکاریانەی دەیانکردن.

**٦٠-وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُواْ وَاشْرَبُواْ مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ**

وە کە موسا داوای ئاوی کرد بۆ قەومەکەی، ئێمەش گوتمان: بە گۆپاڵەکەت لە بەردەکە بدە، جا دوانزدە کانیاوی لێیەوە تەقیەوە، وە هەر خەڵکانێك شوێنی ئاو خواردنەوەی خۆیان زانی، بخۆن و بخۆنەوە لە ڕزقی الله، وە نەکەن لە زەویدا خراپەکاری بکەن.

**٦١-وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نَّصْبِرَ عَلَىَ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَى بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُواْ مِصْراً فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ**

**وَالْمَسْكَنَةُ وَبَآؤُواْ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ**

وە کە گوتتان: ئەی موسا هەرگیز لەسەر یەك خۆراك ئۆقرە ناگرین، جا داوا لە خوداکەت بکە کە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت لە پاقلە و ئاروو و سیر و نیسك و پیازمان بۆ دەربهێنێت، گوتی: ئایا ئەوەی چاکترە دەگۆڕنەوە بەوەی کەمترە؟ دابەزن بۆ میسر، لەوێدا ئەوەتان دەبێت کە داوای دەکەن. وە ڕیسوایی و بچووکی بەسەریاندا درا، وە تووڕەییەکیان لە اللهوە بەدەست هێنا بە هۆی ئەوەی کوفریان دەکرد بە نیشانەکانی الله، وە پێغەمبەرانیان بە ناهەق دەکوشت، ئەوە بە هۆی سەرپێچیان، وە دەستدرێژیان دەکرد.

**٦٢-إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی بوونەتە یەهودی و نەسارا و سابیئە، ئەوەیان کە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی هێناوە و کاری چاکی کردووە، پاداشتیان هەیە لای خوداکەیانەوە، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

**٦٣-وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**

وە کە پەیمانمان لێتان وەرگرت، وە چیاکەمان بەسەرتاندا بەرزکردەوە، (گوتمان) ئەوەی پێمان داون بە توندی دەستی پێوە بگرن، وە ئەوەی تیایدایە لە یادتان بێت بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن.

**٦٤-ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلاَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ**

ئینجا دوای ئەوە پشتتان کرد، جا ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی الله بەسەرتاندا نەبووایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبوون.

**٦٥-وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ**

وە سوێند بێت بەوانەی خۆتان زانیووە کە لە ڕۆژی شەممە سنووریان بەزاند، جا پێیانمان گوت: ببن بە مەیموونی ڕیسوا.

**٦٦-فَجَعَلْنَاهَا نَكَالاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ**

کردمان بە پەند بۆ ئەوانەی هاوسەردەم و ئەوانەی لە دواییان بوون، وە ئامۆژگاریەك بۆ خۆپارێزان.

**٦٧-وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ**

وە کە موسا بە قەومەکەی گوت: اللّٰه فەرمانتان پێ دەکات کە چێڵێك سەرببڕن گوتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەیت؟ گوتی: پەناگە بە اللّٰه کە من ببم بە یەکێك لە نەفامەکان.

**٦٨-قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ**

گوتیان: بۆمان داوا لە خوداکەت بکە بۆمان ڕوون بکاتەوە کە چێڵەکە چۆن بێت؟ گوتی لە ڕاستیدا اللّٰه دەڵێت کە چێڵەکە نە پیر بێت و نە کەم تەمەن، شتێك لە نێوانیاندا، جا ئەو کارە بکەن کە فەرمانتان پێکراوە.

**٦٩-قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ**

گوتیان: بۆمان داوا لە خوداکەت بکەت بۆمان ڕوونبکاتەوە کە ڕەنگەکەی چۆن بێت؟ گوتی لە ڕاستیدا دەڵێت چێڵێکی ڕەنگ ساف زەرد بێت کە تەماشاکەران دڵخۆش دەکات.

**٧٠-قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ**

گوتیان بۆمان لە خوداکەت داوا بکە بۆمان ڕوونبکاتەوە کە چۆنە، چونکە مانگاکان سەریان لێشێواندووین، وە ئەگەر اللّٰه ئارەزوو بکات ئەوە بە دڵنیاییەوە هیدایەت کراو دەبین.

**٧١-قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ**

گوتی لە ڕاستیدا اللە دەڵێت چێڵەکە هێشتا نەسازێنراوە جووت بکات، وە نە کشتوکاڵ ئاو دەدات، یەك ڕەنگە و پەڵەی تێدا نییە گوتیان: هەر ئێستا ڕاستیت بۆ هێناین، جا سەریان بڕی، وە خەریك بوو نەیکەن.

**٧٢-وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ**

وە کە کەسێکتان کوشت و یەکترتان تێوە دەگلاند، وە اللە ئەوە بەدیار دەخات کە ئێوە دەتانشاردەوە.

**٧٣-فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ**

جا گوتمان لە پیاوە مردووەکە بدەن بە بەشێك لە چێڵە سەربڕاوەکە، بەم جۆرە اللە مردوو زیندوودەکاتەوە، وە نیشانەکانی خۆی نیشانتان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن.

**٧٤-ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاء وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ**

ئینجا دوای ئەوە دڵەکانتان وەك بەرد ڕەق بوو یان ڕەقتر لە بەرد، لە ڕاستیدا بەردی واهەن کە ڕووبارەکانی لێوە دەتەقنەوە، وە هەیانە کە لەتلەت دەبێت و ئاوی لێوە دێتە دەرەوە، وە هەیانە کە بە هۆی ترسی لە اللەوە بەردەبێتەوە، وە اللە بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

**٧٥-أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ**

جا ئایا ئارەزوو دەکەن ئەوانە بۆ ئێوە باوەڕ بێن؟ وە بێگومان دەستەیەکیان گوێیان لە وتەی اللە دەگرت، ئینجا دوای ئەوەی کە تێدەگەیشتن دەیانگۆڕی، وە ئەوان دەیانزانی.

**٧٦-وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلاَ بَعْضُهُمْ إِلَىَ بَعْضٍ قَالُواْ أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ**

وە کاتێك دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە، دەیانگوت باوەڕمان هێناوە، وە هەرکە بەتەنها لەگەڵ یەکتر دەبن دەیانگوت ئایا ئێوە بەوە قسەیان لەگەڵدا

دەکەن کە اللە بە ئێوەی داوە بۆ ئەوەی بەسەرتاندا بکەن بە بەڵگە لای خوداکەتان، ئەرێ ئێوە بۆ تێناگەن؟

**٧٧-أَوَلاَ يَعْلَمُونَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ**

ئەی نازانن کە اللە بەوە دەزانێت کە دەیشارنەوە و بەوەش کە دەریدەخەن؟

**٧٨-وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ**

وە هەیانە نەخوێنەوارن، لە پەرتووك نازانن تەنها خۆشباوەڕن، ئەوانە تەنها مەزندە دەکەن.

**٧٩-فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ**

جا واوەیلا لەوانەی پەرتووك بە دەستەکانیان دەنووسن، ئینجا دەڵێن ئەمە لە لایەن اللەوەیە بۆ ئەوەی نرخێکی کەمی پێ بەدەست بێنن، جا قوڕیان بەسەر بە هۆی ئەوەی دەستەکانیان نووسیویەتی، وە قوریان بەسەر بۆ ئەوەی بەدەستیان هێناوە.

**٨٠-وَقَالُواْ لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلاَّ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ اللّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

وە گوتیان هەرگیز ئاگر توخنمان ناکەوێت تەنها ڕۆژانێکی کەم نەبێت، بڵێ ئایا پەیمانتان لە لای اللەوە وەرگرتووە، جا اللە هەرگیز پەیمانەکەی ناشکێنێت یان شتانێك لە سەر اللە دەڵێن کە نازانن؟

**٨١-بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيـئَتُهُ فَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

بەڵێ هەر کەسێك خراپەیەکی بەدەست هێنابێت، وە گوناهەکەی دەورەی دابێت، ئەوە ئەوانە یاوەرانی ئاگرن کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٨٢-وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە ئەوانە یاوەرانی بەهەشتن کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٨٣-وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لاَ تَعْبُدُونَ إِلاَّ اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً وَذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ**

وە کە پەیمانمان لە نەوەکانی ئیسرائیل وەرگرت کە تەنها الله بپەرستن، وە لەگەڵ دایك و باوك و کەسوکار و هەتیوو و هەژاران چاك بن، وە بە وتەی جوان بە خەڵك بڵێن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئینجا پشتتان کرد تەنها کەمێکتان نەبێت، وە ئێوە خۆتان دوورەپەرێز گرتووە.

**٨٤-وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لاَ تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ وَلاَ تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ**

وە کە پەیمانمان لە ئێوە وەرگرت کە خوێنی یەکتر مەڕێژن و یەکتر لە زێدەکانتان دەرمەکەن، ئینجا پابەند بوون، وە خۆتان شایەتن.

**٨٥-ثُمَّ أَنتُمْ هَؤُلاء تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقاً مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ**

ئینجا ئێوە ئەوانەن کە یەکتر دەکوژن و بە تاوان و دوژمنایەتی بەسەر دەستەیەك لە خۆتان زاڵ دەبن و لە زێدەکانیان دەریان دەکەن، وە ئەگەر دیلتان بۆ بێت ئەوە بە فدیە ئازادیان دەکەن، لە کاتێکدا دەرکردنیان لێتان حەرام کراوە، ئایا بە هەندێکی پەرتووك بڕوا دەکەن و بەهەندێکی بڕوا ناکەن؟ جا سزای ئەوەی ئەو کارە دەکات تەنها ڕیسواییە لە دونیا، وە لە ڕۆژی قیامەت ڕەوانەی دژوارترین سزا دەکرێن، وە الله بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

**٨٦-أُوْلَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ**

ئەوانەی کە ژیانی دونیایان لە بری ئاخیرەت کڕیوە، سزایان لەسەر سووك ناکرێت، وە ئەوانە پشتیوانی ناکرێن.

**٨٧-وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَى أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقاً كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ**

وە سوێند بێت پەرتووکمان بە موسا دا، وە لە دوای ئەوە پێغەمبەر لە دوای پێغەمبەرمان نارد، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا و پشتیوانیمان کرد بە گیانی پیرۆز، جا ئایا هەر جارێك پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە کە خۆشیتان پێی نەهاتووە، خۆتان پێ گەورە بووە، و کۆمەڵێکیانتان بە درۆزن زانیوە و کۆمەڵێکیانتان کوشتووە.

**٨٨-وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّه بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلاً مَّا يُؤْمِنُونَ**

وە گوتیان دڵەکانمان داپۆشراوە بەڵکو الله بە کوفریان نەفرەتی لێیان کردووە، جا تەنها کەمێکیان باوەڕ دەهێنن.

**٨٩-وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُواْ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُواْ فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُواْ كَفَرُواْ بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ**

وە کاتێك پەرتووکێکیان لە لایەن اللەوە بۆ هات کە ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکە دەسەلمێنێت کە لایانە، وە ئەوان لە پێشوودا داوای سەرکەوتنیان دەکرد بەسەر کافرەکان، بەڵام کاتێك ئەوەیان بۆ هات کە دەیناسن، کوفریان پێی کرد، جا نەفرەتی الله لە کافرەکان.

**٩٠-بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُواْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَى مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ فَبَاؤُواْ بِغَضَبٍ عَلَى غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ**

بە خراپترین نرخ خۆیان فرۆشت، کە بە هۆی سەرکەشیانەوە کوفریان بەوە کرد کە الله دایبەزاندووە، الله لە چاکەکەی دادەبەزێنێت بۆ هەر کەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێت، جا تووڕەیی لە دوای تووڕەییان بەدەست هێنا، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ڕیسواکەر هەیە.

**٩١-وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُواْ نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاء اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ**

وە کاتێك پێیان دەگوترێت ئیمان بەوە بێنن کە الله دایبەزاندووە گوتیان: ئێمە باوەڕ دەهێنین بەوەی بۆ ئێمە دابەزیوە. وە کوفر دەکەن بەوەی دواتری لە کاتێکدا هەقە، ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێت کە لە لایانە. بڵێ کەواتە بۆ لە پێشوو پێغەمبەرانی اللهتان دەکوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

**٩٢-وَلَقَدْ جَاءكُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ**

وە سوێند بێت موسا بە موعجیزەکانەوە بۆتان هات، ئینجا لە دوای ئەو گوێرەکەتان بە خۆتانەوە گرت، وە ئێوە ستەمکار بوون.

**٩٣-وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُواْ قَالُواْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُواْ فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُمْ بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُمْ مُّؤْمِنِينَ**

وە کە پەیمانمان لە ئێوە وەرگرت و چیاکەمان بەسەر ئێوە بەرزکردەوە (گوتمان) ئەوەی بە ئێوەمان داوە بە هێزەوە بگرن و گوێبگرن، گوتیان بیستمان و سەرپێچیمان کرد. بە کوفریانەوە گوێرەکە پەرستیان بە دڵەکانیانەوە نۆش کردبوو، بڵێ بە خراپترین شێوە ئیمانەکەتان فەرمانتان پێ دەکات ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

**٩٤-قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الآَخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**

بڵێ ئەگەر ماڵی کۆتایی کە لە لای اللهیە تەنها بۆ ئێوەیە و بۆ خەڵکی دیکە نییە، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

**٩٥-وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ**

وە هەرگیز خۆزگەی مەرگ ناکەن بە هۆی ئەو کارانەی کردوویانە، وە الله بە ستەمکاران دەزانێت.

**٩٦-وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ**

وە سوێند بێت دەیانبینیت کە بە پەرۆشترین خەڵکن بۆ ژیان، وە تەنانەت زیاتر لە وانەی کە شرکیان کردووە، وە هەر یەکێکیان خۆزگە دەکات کە هەزار ساڵ بژیت لە کاتێکدا کە تەمەنی درێژ لە دۆزەخ دووریان ناخاتەوە، وە الله ئەو کارانەیان دەبینێت کە دەیکەن.

**٩٧-قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ**

بڵێ هەر کەسێك دوژمنی جبرایل بێت ئەوە ئەوە کە بە مۆڵەتی الله لەسەر دڵی تۆی دابەزاندووە، کە ئەو پەرتووکانە بە ڕاست دادەنێت کە لە پێشیدایە، وە هیدایەت و مژدەیە بۆ ئیمانداران.

**٩٨-مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ**

هەر کەسێك دوژمنی الله و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و جبرایل و میکائیل بێت، ئەوە بێگومان الله دوژمنی کافرەکانە.

**٩٩-وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلاَّ الْفَاسِقُونَ**

وە سوێند بێت ئایەتی ڕوونمان بۆ تۆ دابەزاندووە، وە هیچ کەسێك کوفری پێ ناکات تەنها خراپەکارەکان نەبێت.

**١٠٠-أَوَكُلَّمَا عَاهَدُواْ عَهْدًا نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ**

ئەوە هەرچەند جارێك پەیمانێکیان بەستبێت کۆمەڵێکیان شکاندوویانە، بەڵکو زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

**١٠١-وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ كِتَابَ اللَّهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ**

وە هەرکە پێغەمبەرێکیان لە لایەن اللهوە بۆ هات کە پشتڕاستکەرەوەی ئەوەیە کە لە لایانە، کۆمەڵێك لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە دەستبەرداری پەرتووکی الله بوون و پشتگوێیان خست، وەك ئەوەی نەزانن.

**١٠٢-وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ**

وە شوێن ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان بەسەر مەملەکەتی سلێماندا دەیانخوێندەوە، وە سلێمان کوفری نەکرد بەڵکو شەیتانەکان کوفریان کرد، خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، وە ئەوەی بە سەر دوو فریشتەکە، هارووت و مارووت، لە بابل دایبەزاند، وە هیچ کەسێکیان فێرە جادوو نەدەکرد تاوەکو دەیانگوت: لە ڕاستیدا ئێمە بۆ ئاژاوە نانەوەین، جا نەکەیت کوفر بکەیت. (لە هارووت و مارووت) فێر دەبوون کە چۆن پیاو و ژنەکەی لەیەك بکەن، وە جادووگەرەکان نەیاندەتوانی بە جادوو زیان بە هیچ کەسێك بگەیەنن مەگەر بە مۆڵەتی الله بووایە. وە (جووەکان) فێرە ئەوە دەبوون کە زیانی پێیان دەگەیاند و سوودی پێیان نەدەگەیاند، وە سوێند بێت هەر کەسێك کە جادووەکەی دەکڕی دەیزانی کە هیچ بەهایەکی نابێت لە ئاخیرەت، وە بە دڵنیاییەوە ئەو نرخەی خۆیان پێ فرۆشت زۆر خراپ بوو، ئەگەر بیانزانیایە.

**١٠٣-وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُواْ وَاتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللَّه خَيْرٌ لَّوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ**

وە خۆ ئەگەر باوەڕیان بهێنایە و خۆیان بپاراستایە ئەوە بە دڵنیاییەوە پاداشتی چاکیان لە لایەن اللهوە دەبوو، ئەگەر بیانزانیایە.

**١٠٤-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقُولُواْ رَاعِنَا وَقُولُواْ انظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ**

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە مەڵێن ڕەچاومان کرد، بەڵکو بڵێن سەرنجمان دا، وە گوێبگرن، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخش هەیە.

**١٠٥-مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلاَ الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ**

نە ئەو کافرانەی ئەهلی پەرتووك، وە نە موشریکەکان خۆزگە ناکەن کە چاکەیەك
لە لایەن خوداکەتانەوە بە سەرتاندا دابەزێت، وە الله ڕەحمەتەکەی تایبەت
دەکات بە کەسێك کە خۆی بیەوێت، وە الله خاوەن چاکەی مەزنە.

**١٠٦-مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

هەر ئایەتێك نییە کە لە کاری دەخەین یان لە بیری دەبەینەوە، ئایەتێکی چاکتر
لەو یان هاوشێوەی ئەو دەهێنین، ئەی نازانیت کە الله توانایی بەسەر هەموو
شتێکدا دەشکێت.

**١٠٧-أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ**

ئەی نازانیت کە بۆ اللهیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، وە جگە لە الله نە
گەورەتان هەیە، وە نە پشتیوانیکەر.

**١٠٨-أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُواْ رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَى مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ**

یان دەتانەوێت لە پێغەمبەرەکەتان بپرسن هەروەك چۆن لە پێشوودا لە موسا
پرسیار کرا، وە هەر کەسێك کوفر بە  ئیمان بگۆڕێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە
ڕێگای ڕاستی لێ ون بووە.

**١٠٩-وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

زۆرێك لە خەڵکانی خاوەن پەرتووك بە هۆی ئیرەییانەوە، حەز دەکەن هەڵتان
گێڕنەوە بۆ کافری لە دوای ئەوەی ئیمانتان هێناوە، دوای ئەوەی ڕاستیان بۆ
دەرکەوتووە، جا ئێوە لێیان ببوورن و چاوپۆشیان لێ بکەن تاوەکو الله بە
فەرمانەکەیەوە دێت، وە الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

**١١٠-وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**

وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە هەر چاکەیەك کە بۆ خودی خۆتان ئەنجامی دەدەن ئەوە لای اللە دەبینرێت، اللە بەو شتانەی دەیکەن بینەرە.

**١١١-وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**

وە گوتیان هەرگیز ناچێتە بەهەشتەوە تەنها کەسێك نەبێت کە جووە یان نەسارایە، ئەوە خۆزگەیانە، بڵێ بەڵگەکانتان بێنن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

**١١٢-بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

بەڵێ هەر کەسێك سیماکەی دایە دەست اللە، وە ئاکارچاك بێت، ئەوە پاداشتی لە لای خوداکەی دەبێت، وە نە ترسی لەسەرە وە نە با دڵتەنگ بێت.

**١١٣-وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَىَ شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ**

وە یەهوودیەکان گوتیان نەساراکان لەسەر هیچ شتێك نین، وە نەساراکان گوتیان یەهوودیەکان لەسەر هیچ شتێك نین لە کاتێکدا ئەوان پەرتووك دەخوێننەوە، وە ئەوانەی کە هیچ نازانن بە هەمان شێوەی ئەوان قسە دەکەن، جا اللە لە ڕۆژی قیامەت نیوانیان دەکات سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون.

**١١٤-وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَى فِي خَرَابِهَا أُوْلَئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَا إِلاَّ خَائِفِينَ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ**

وە کێ لەوە ستەمکارترە کە ڕێگا دەگرێت لەوەی ناوی اللە لە مزگەوتەکانی اللە بهێنرێت و هەوڵی تێکدانیشی داوە، ئەوانە بۆیان نەبووە بچنە ناویەوە تەنها بە ترسەوە نەبێت، ئەوانە لە دونیا ڕیسوایی، وە لە قیامەت سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ دەبێت.

**١١٥-وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ**

وە بۆ اللّٰەیە شوێنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر، جا بۆ هەر کوێیەك ڕووبکەن ئەوە سیمای اللّٰەیە، لە ڕاستیدا اللّٰە فراوانە ئاگادارە.

**١١٦-وَقَالُواْ اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَل لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ**

وە گوتیان اللّٰە ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە، شکۆمەندە ئەو، هەرچیەك لە ئاسمانەکان و زەویە هی ئەوە، گشتیان بۆ ئەو ملکەچن.

**١١٧-بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ**

داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، وە کاتێك شتێکی بوێت ئەوە پێی دەڵێت ببە وە دەبێت.

**١١٨-وَقَالَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ لَوْلاَ يُكَلِّمُنَا اللَّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ**

وە ئەوانەی نازانن گوتیان: بۆچی اللّٰە ئاخاوتن لەگەڵ ئێمە ناکات؟ یان موعجیزەیەکمان بۆ ناهێنێت؟ وە ئەوانەی پێشیشیان هەمان قسەیان دەکرد، دڵەکانیان لەیەك دەچێت، نیشانەکانمان ڕوونکردۆتەوە بۆ خەڵکانێك ڕاستی دەسەلمێنن.

**١١٩-إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ**

ئێمە تۆمان بە هەق ناردووە وەك مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە، وە پرسیارت لێ ناکرێت لە یاوەرانی دۆزەخ.

**١٢٠-وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ**

وە هەرگیز یەهوودی و نەساراکان لێت ڕازی نابن تاوەکو پیادەی ئاینەکەیان نەکەیت، بڵێ هیدایەتی اللّٰە هیدایەتە، وە سوێند بێت ئەگەر شوێنکەوتەی هەوەساکانیان بیت لە دوای ئەو زانیاریەی کە بۆت هاتووە، ئەوە لە لایەن اللّٰەوە نە دۆستایەتیت دەکرێت وە نە پشتیوانیت دەبێت.

**١٢١-الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلاوَتِهِ أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ**

ئەوانەی پەرتووکمان پێیان داوە، بە هەق دەیخوێننەوە، ئەوانە بڕوای پێ دێنن، وە هەر کەسێك بڕوای پێ نەهێنێت لە دۆڕاوەکانە.

**١٢٢-يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ**

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکانەی منتان لە یادبێت کە بە ئێوەم بەخشیووە، وە لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بە سەر خەڵکانی جیهان.

**١٢٣-وَاتَّقُواْ يَوْمًا لاَّ تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلاَ يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلاَ تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ**

وە لە ڕۆژێك بترسن کە هیچ کەسێك لە جیاتی کەسێك هیچ شتێك لە ئەستۆ ناگرێت، وە نە تکا وە نە بارمتەی لێ وەرناگیرێت، وە نە ئەوان سەردەخرێن.

**١٢٤-وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ**

وە کە ئیبراهیم بە چەند وتەیەك لە لایەن خوداکەیەوە تاقیکرایەوە، جا جێبەجێی کردن، (اللە) گوتی لە ڕاستیدا من تۆ دەکەم بە پێشڕەو بۆ خەڵك گوتی وە لە نەوەکانم؟ گوتی ستەمکاران پەیمانی من بەدەست ناهێنن.

**١٢٥-وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ**

وە کە ماڵەکەمان کردە سەکۆیەك و دڵنەواییەك بۆ خەڵك، وە ئێوەش شوێن پێی ئیبراهیم بکەن بە شوێنی نوێژکردن، وە ئیبراهیم و ئیسماعیلمان ڕاسپارد کە ماڵەکەم پاك بکەنەوە بۆ شەوگەردان و خەڵوەتکەران و کڕنۆشبەران و سوجدەبەران.

**١٢٦-وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ**

وە کە ئیبرایم گوتی خوداکەم ئەم وڵاتە ئاسایشدار بکە و لە هەموو بەروبوومێك ڕزق بەو خەڵکانە ببەخشە کە باوەڕ بە الله و ڕۆژی دوایی دێنن، (الله) گوتی وە ئەوەی کوفر دەکات تۆزێك خۆشی پێ دەدەم ئینجا ناچاری دەکەم بۆ ئەشکەنجەی ئاگر و خراپترین چارەنووس.

**١٢٧-وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ**

وە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵەکەیان بەرز دەکردەوە (گوتیان) خوداکەم لێمان قبووڵ بکە، تۆ هەر خۆت بیستەر و ئاگاداریت.

**١٢٨-رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**

خوداکەمان وامان لێ بکە کە پابەندی تۆ بین، وە وا لە نەوەکانمان بکە کە پابەندی تۆ بن و ڕێوشوێنمان نیشان بدە و تۆبەمان لێ وەربگرە، وە هەر خۆت تۆبەوەرگرە میهرەبانەکەیت.

**١٢٩-رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ**

خوداکەمان وە پێغەمبەرێکیان لە خودی خۆیان بۆ بنێرە، ئایەتەکانی تۆیان بۆ بخوێنێتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندیان بکات، وە پاکیان بکاتەوە، هەر خۆت باڵادەستە داناکەیت.

**١٣٠-وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ**

وە کێ خۆی لە ئاینی ئیبراهیم بە دوور دەگرێت مەگەر کەسێك کە خۆی دەبەنگ دەکات، وە سوێند بێت ئەومان لە دونیا هەڵبژارد، وە بە دڵنیاییەوە لە ئاخیرەت لە پیاوچاکانە.

**١٣١-إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ**

كە خوداكەی پێی گوت ملكەچ بە، گوتی ملكەچ بووم بۆ خودای جیهانەكان.

**١٣٢-وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ**

وە ئیبراهیم و یعقوب كوڕەكانیان بەم ئامۆژگاریە ڕاسپارد: ئەی كوڕەكانم الله ئاینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، جا ئێوە نەكەن بمرن و ملكەچدار نەبن.

**١٣٣-أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُواْ نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ**

یان ئێوە شایەت بوون كاتێ یعقوب گیانی دەدا كە بە كوڕەكانی گوت: چی لە دوای من دەپەرستن؟ گوتیان: خوداكەی تۆ و باوكانت لە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق دەپەرستین، كە یەك خودایە، وە ئێمە بۆ ئەو ملكەچ و پابەندین.

**١٣٤-تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ**

ئەوانە میللەتێك بوون كە بەوەی بەدەستیان هێنابوو ڕۆیشتن، وە بۆ ئێوە ئەوە هەیە كە بەدەستتان هێناوە، وە پرسیارتان پێ ناكرێت سەبارەت بەو كارانەی ئەوان دەیانكردن.

**١٣٥-وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُواْ قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ**

وە گوتیان ببن بە یەهوود یان نەسارا هیدایەت دەكرێن، بڵێ بەڵكو ببن بە ئاینی حەنیفی ئیبراهیم، وە ئەو لە موشریكەكان نەبوو.

**١٣٦-قُولُواْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ**

بڵێن باوەڕمان هێنا بە الله و بەوەی بۆ ئێمە دابەزیووە و بەوەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی دابەزیووە، وە ئەوەی بە موسا و عیسا دراوە، وە ئەوەی بە پێغەمبەران دراوە لە لایەن خوداکەیانەوە، وە جیاوازی نێوان هیچ کامێکیان ناکەین، وە ئێمە بۆ ئەو ملکەچین.

**١٣٧-فَإِنْ آمَنُواْ بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا وَّإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ**

جا ئەگەر باوەڕیان هێنا بەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە ئەوە بە دڵنیاییەوە هیدایەت دراون، وە ئەگەر پشتیان کرد ئەوە لە ڕاستیدا ئەوان لە دژایەتیدان، وە الله بەسە بۆ ئێوە، وە هەر ئەو بیستەرە زاناکەیە.

**١٣٨-صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ**

مۆرکی الله، وە مۆرکی کێ چاکتر لە مۆرکی الله، وە ئێمە بۆ ئەو بەندەکارین.

**١٣٩-قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي اللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ**

بڵێ ئایا ئێوە سەبارەت بە الله مشتومڕمان لەگەڵدا دەکەن لە کاتێکدا ئەو خودای ئێمەیە و خودای ئێوەیە؟ وە ئێمە کاروکردەوەی خۆمان هەیە، وە ئێوە کاروکردەوەی خۆتان هەیە، وە ئێمە تەنها بۆ ئەو پابەندین.

**١٤٠-أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوْ نَصَارَى قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ**

یان دەڵێن کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی یەهوودی یان نەسارا بوون، بڵێ ئایا ئێوە باشتر دەزانن لە الله؟ وە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە شایەتیەکی اللەی لایە و شاردویەتیەوە؟ وە الله بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

**١٤١-تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ**

ئەوانە میللەتێك بوون كە بەوەی بەدەستیان هێنابوو ڕۆیشتن، وە بۆ ئێوە ئەوە هەیە كە بەدەستتان هێناوە، وە پرسیارتان لێ ناكرێت سەبارەت بەو كارانەی ئەوان دەیانكرد.

**١٤٢-سَيَقُولُ السُّفَهَاء مِنَ النَّاسِ مَا وَلاَّهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُواْ عَلَيْهَا قُل لِّلّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ**

خەڵكی دەبەنگ دەڵێت: چی وایكرد كە پشتی خۆیان بكەنە ئەو قیبلەیەی لەسەری بوون؟ بڵێ: شوێن خۆر هەڵات و شوێن خۆرئاوابوون هی اللەیە، هیدایەتی كەسێك دەدات بۆ ڕێگای ڕاست كە خۆی بیەوێت.

**١٤٣-وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللّهُ وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ**

وە بەم جۆرە ئێوەمان كرد بە میللەتێكی ناوەڕاست بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر خەڵكدا، وە پێغەمبەر بەسەرتاندا ببێت بە شایەت، وە ئەو قیبلەی كە لەسەری بوویت تەنها بۆ ئەوە كردبوومان بە قیبلە بۆ ئەوەی بزانین كە كێ شوێنكەوتەی پێغەمبەر دەبێت و ئەوانە كێن كە هەڵدەگەڕێنەوە، وە بە دڵنیاییەوە وەرچەرخانێكی مەزن بوو تەنها بۆ ئەوانە نەبێت كە الله هیدایەتی داون، وە بۆ الله نەبووە كە ئیمانتان ون بكات، بە دڵنیاییەوە الله بۆ خەڵك نیان و بە بەزەییە.

**١٤٤-قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاء فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ**

دەبینین كە ڕووت لە ئاسماندا دەگەڕێت، جا سوێند بێت وەردەگێڕین بۆ قیبلەیەك كە ڕازیت دەكات، دەسا ڕووت وەرگێڕە بە ئاراستەی شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام و ئەو شوێنەی لێی بوون، دەسا ڕووتان بە ئاڕاستەی ئەوێ وەرگێڕن، وە ئەوانەی پەرتوكیان بۆ هاتووە دەزانن كە ڕاستە لە لایەن خوداكەیانەوە، وە الله بێ ئاگا نییە لەوەی دەیكەن.

**١٤٥-وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُواْ قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ**

وە سوێند بێت ئەگەر هەموو نیشانەیەك بهێنیت بۆ ئەوانەی پەرتووكیان بۆ هاتووە، ئەوە پیادەی قیبلەكەی تۆ ناكەن، وە تۆ پیادەی قیبلەكەیان ناكەیت، وە هیچ كامێكیان پیادەی قیبلەی ئەوەی تریان ناكات، وە سوێند بێت ئەگەر شوێنكەوتەی هەوەسەكانیان بیت، لە دوای ئەوەی لە زانیاریت بۆ هاتووە، ئەوە بە دڵنیاییەوە تۆ لە ستەمكاران دەبیت.

**١٤٦-الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ**

ئەوانەی پەرتووكمان پێیان داوە دەیناسن، وەك چۆن منداڵەكانی خۆیان دەناسن، وە دەستەیەكیان بە دڵنیاییەوە ڕاستیەكە دەشارنەوە، وە خۆیان دەزانن.

**١٤٧-الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ**

ڕاستیەكە لە لایەن خوداكەتەوەیە، جا نەكەیت لە ڕاڕاكان بیت.

**١٤٨-وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُواْ الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُواْ يَأْتِ بِكُمُ اللّهُ جَمِيعاً إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

وە بۆ هەر یەكێك ئاڕاستەیەك هەیە كە ڕووی لێ دەكات، جا پێشبڕكێ بكەن لەسەر چاكەكان لەهەر كوێیەك بن، اللە هەمووتان دەهێنێت، لە ڕاستیدا اللە توانایی بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێت.

**١٤٩-وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ**

وە لە هەر كوێیەك دەركەوتیت، ئەوە ڕووت ئاڕاستەی شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام بكە، وە بە دڵنیاییەوە ڕاستیە لە لایەن خوداكەتەوە، وە اللە بێئاگا نییە لەوەی دەیكەن.

**١٥٠-وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي وَلأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ**

وە لە هەر کوێیەك دەرکەوتیت، ئەوە ڕووت ئاڕاستەی شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام بکە، وە لە هەر کوێیەك بوون، ئەوە ڕووتان بە ئاڕاستەی ئەوێ بکەن، بۆ ئەوەی خەڵك هیچ پاساوێکیان بەسەرتاندا نەبێت، مەگەر ئەوانە نەبێت کە ستەمیان لە خۆیان کردووە، جا لەوان مەترسن، بەڵکو لە من بترسن، وە بۆ ئەوەی چاکەکەم بەسەرتاندا تەواو بکەم، وە بۆ ئەوەی هیدایەت بدرێن.

**١٥١-كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولاً مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ**

هەروەك پێغەمبەرێکمان لە ئێوە بۆتان ناردن، ئایەتەکانی ئێمەتان بۆ دەخوێنێتەوە و پاکتان دەکاتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندیتان دەکات، وە ئەوەتان فێردەکات کە نەتاندەزانی.

**١٥٢-فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ**

جا منتان لە یاد بێت منیش ئێوەم لە یاد دەبێت، وە سوپاسم بکەن، وە کوفر مەکەن.

**١٥٣-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پەنا بەرنە بەر خۆڕاگری و نوێژکردن، لە ڕاستیدا الله لەگەڵ خۆڕاگرانە.

**١٥٤-وَلاَ تَقُولُواْ لِمَنْ يُقْتَلُ فِي سَبيلِ اللّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاء وَلَكِن لاَّ تَشْعُرُونَ**

وە بەوانەی کە لە پێناوی ڕێبازی الله دەکوژرێن مەڵێن مردووەکان، بەڵکو زیندووەکان، بەڵام ئێوە هەست ناکەن.

**١٥٥-وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ**

وە سوێند بێت بە شتێك لە ترس و برسێتی و کەمبوونەوە لە سامان و خودەکان و بەروبوومەکان تاقیتان دەکەینەوە، وە مژدە بدە بە خۆڕاگرەکان.

١٥٦-**الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ**

ئەوانەی کاتێك کارەساتێکیان تووش دەبێت، دەڵێن: ئێمە هی اللّٰهین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە.

١٥٧-**أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ**

ئەوانەن کە سەڵەوات و بەزەییان لە خوداکەیانەوە بۆ سەر دێت، وە ئەوانەن کە هیدایەت کراون.

١٥٨-**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ**

سەفا و مەروە لە سیمبوڵەکانی اللّەن، جا هەر کەسێك حەج یان عەمرەی بۆ ماڵەکە کرد، ئەوە گوناهی ناگات ئەگەر هاتوچۆیان بکات، وە ئەوەی خۆویستانە دەیکات، ئەوە اللّە سوپاسگوزار و ئاگادارە.

١٥٩-**إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُوْلَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللاَّعِنُونَ**

ئەوانەی کە لەو بەڵگە و هیدایەتانەی کە دامانبەزاندووە، لە دوای ئەوەی بۆ خەڵك لە پەرتووکەکە ڕوونمان کردۆتەوە، دەشارنەوە، ئەوانە اللّٰە نەفرەتیان لێ دەکات، وە نەفرەتکەران نەفرەتیان لێ دەکەن.

١٦٠-**إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**

تەنها ئەوانە نەبێت کە تۆبەیان کردووە و ئاکاریان چاك کردووە و دەریانخستووە، ئەوانەن کە لێیان دەبوورم، وە هەر خۆم تۆبەوەرگرە میهرەبانەکەم.

١٦١-**إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ**

ئەوانەی کوفریان کردووە، وە کە مردن کافر بوون، ئەوانە نەفرەتی اللّٰە و فریشتەکان و گشت خەڵکیان بەسەرەوەیە.

**١٦٢-خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ**

ئەوانەی کوفریان کردووە، وە کە مردن کافر بوون، ئەوانە نەفرەتی الله و فریشتەکان و گشت خەڵکیان بەسەرەوەیە.

**١٦٣-وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ**

ئەوانەی کوفریان کردووە، وە کە مردن کافر بوون، ئەوانە نەفرەتی الله و فریشتەکان و گشت خەڵکیان بەسەرەوەیە.

**١٦٤-إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاء مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ**

لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەو و ڕۆژ، وە کەشتی کە لە دەریادا دەڕوات بەوەی کە سوود بە خەڵك دەگەیەنن، وە ئەوەی کە الله لە ئاسمان دایبەزاندووە لە ئاو کە زەوی پێیەوە زیندوو دەکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردبوو، وە لە هەموو ئاژەڵێکی تیادا بڵاوکردۆتەوە، وە هەڵسوکەوتکردن بە بایەکان، وە هەور کە ڕامهێنراوە لە نێوان ئاسمان و زەوی، بە دڵنیاییەوە چەندەها بەڵگەن بۆ خەڵکانێك بیردەکەنەوە.

**١٦٥-وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَاداً يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلَّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعاً وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ**

وە خەڵك هەیە کە جگە لە الله، بتەکان بە خۆیەوە دەگرێت، وە وەك الله خۆشیانی دەوێت، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە زۆرترین خۆشەویستیان بۆ اللەیە، وە ئەگەر ئەوانە ببینیت کە ستەمیان کردووە کە سزاکە دەبینن، لە ڕاستیدا هەموو هێزێك بۆ اللەیە، وە سزای الله دژوارە.

**١٦٦-إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُواْ مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ**

که ئەوانەی شوێنکەوتەن خۆیان بێبەری دەکەن لەوانەی شوێنکەوتوون، وە سزاکە دەبینن، وە پەیوەندیەکانیان لە نێواندا پچڕاوە.

**١٦٧-وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّؤُواْ مِنَّا كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ**

وە ئەوانەی شوێنکەوتوو بوون گوتیان ئەگەر ئێمە دەرفەتێکی دیکەمان پێ بدرێت، ئەوە لێیان بێبەری دەبین هەروەك چۆن ئەوان لە ئێمە بێبەری بوون، بەم شێوەیە الله کارەکانیان وەك حەسرەت نیشانیان دەدات، وە ئەوانە لە ئاگر دەرچوونیان نییە.

**١٦٨-يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّبًا وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ**

ئەی خەڵکینە ئەوە بە حەڵاڵی نایابی بخۆن کە لە زەویدایە، وە نەکەن شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان بن، چونکە ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە.

**١٦٩-إِنَّمَا يَأْمُرُكُمْ بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاء وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ**

لە ڕاستیدا شەیتان فەرمانتان پێ دەکات بە خراپە و قێزەوەنی، وە کە لە سەر الله شتێك بڵێن کە نازانن.

**١٧٠-وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ**

وە کە پێیان دەگوترێت شوێن ئەوە بکەون کە الله دایبەزاندووە، دەڵێن: بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین کە باوکانمان ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە. ئایا تەنانەت ئەگەر باوکانیان هیچ شتێکیان نەزانیبێت و هیدایەت نەکرابن؟

**١٧١-وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ**

وە نموونەی ئەوانەی کوفریان کرد، وەك نموونەی ئاژەڵێکە کە دەنەڕێنێت لەگەڵ ئەوەش هیچ نابیستێت تەنها هاوار و بانگکردنێك نەبێت، کەڕ و لاڵ و کوێرن، جا ئەوانە تێناگەن.

**١٧٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەو شتە نایابانە بخۆن کە بە ئێوەمان داوە، وە سوپاسی الله بکەن ئەگەر ئێوە ئەو دەپەرستن.

**١٧٣-إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

تەنها مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە ناوی جگە لە اللەی لێ هێنراوە لێتان حەام کراوە، جا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بیانخوات بەڵام بێ زیادەڕۆیی و بێ ئەوەی لە سنوور دەربچێت ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و بە بەزەییە.

**١٧٤-إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً أُوْلَئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ**

ئەوانەی ئەوە دەشارنەوە کە الله لە پەرتووکدا دایبەزاندووە، وە نرخێکی کەم پێیەوە بەدەست دەهێنن، ئەوانە هیچ شتێك بۆ ناو سکەکانیان ناخۆن تەنها ئاگر نەبێت، وە الله ئاخاوتنیان لەگەڵدا ناکات لە ڕۆژی قیامەت، وە پاکیان ناکاتەوە، وە سزایەکی ئازاربەخشیان هەیە.

**١٧٥-أُوْلَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الضَّلالَةَ بِالْهُدَى وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ**

ئەوانەن کە گومڕاییان بە هیدایەت و سزایان بە لێبووردن کڕیووە، جا چی وایان لێ دەکات دان بە خۆیاندا بگرن لە سەر ئاگر؟

**١٧٦-ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ**

بە هۆی ئەوەوە الله پەرتووکی بە هەق دابەزاندووە، وە ئەوانەی سەبارەت بە پەرتووك ناکۆك بوون بە دڵنیاییەوە لە مشتومڕێکی دووردان.

**١٧٧-لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ**

کردەوەی چاك لەوەدا نییە کە ڕووی خۆتان بە ئاراستەی شوێنی خۆرهەڵات و شوێنی خۆرئاوا بکەن، بەڵکو چاك ئەو کەسەیە کە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و پەرتووکەکە و پێغەمبەران هێناوە، وە سامانی لەگەڵ ئەوەش خۆشەویستە لە لایەوە، بەخشێوە بە کەسانی نزیکی و هەتیووان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران، وە لە گەردەنەکان، وە نوێژی کردبێت و زەکاتی دابێت، وە پابەندبووان بە پەیمانەکانیان کاتێك پەیمانیان داوە، وە خۆڕاگران لە کاتی دژواری و ناخۆشیدا، وە لە کاتی شەڕ و جەنگدا، ئەوانەن کە باوەڕیان کردووە، وە ئەوانەن کە خوداناس.

**١٧٨-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سەبارەت بە کوژراوەکان تۆڵەمان لەسەرتان نووسیوە: نێرینەی ئازاد لەبەرانبەر بە نێرینەی ئازاد، کۆیلە لە بەرانبەر بە کۆیلە، وە مێینە لەبەرانبەر بە مێینە، جا هەر کەسێك بە شتێك لە براکەی خۆش بوو، ئەوە دەبێت بە چاکە هەڵسوکەوت بکات و بە جوانی پارەی خوێنەکەی پێ بدات، ئەوە بار سوککردنێك و ڕەحمەتێکە لە لایەن خوداکەتانەوە، جا هەر کەسێك لە دوای ئەوە دەستدرێژی کرد، ئەوە سزایەکی ئازاربەخشی بۆ هەیە.

**١٧٩-وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**

وە ئەی خاوەن هۆشەکان، لە تۆڵەکردنەوە ژیانێك هەیە، بەڵکو خۆتان بپارێزن.

**١٨٠-كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ**

لەسەرتان نووسراوە، کاتێك کەسێکتان گیان دەدات، ئەگەر سامانێکی جێهێشت چاکترە کە وەسیەت بۆ دایك و باوك و کەسانێکی نزیکی بە چاکی بکات، ئەوە ئەرکە لەسەر خوداپەرستان.

**١٨١-فَمَن بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

جا هەر کەسێك دوای بیستنی وەسیەتەکەی گۆڕی، ئەوە گوناهەکەی لەسەر ئەو کەسە دەبێت کە دەیگۆڕێت، لە ڕاستیدا الله بیستەر و ئاگادارە.

**١٨٢-فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

جا هەر کەسێك ترسا کە وەسیەت کارەکە ناهەقیەك یان گوناهێك دەکات، وە نێوانیانی کرد، ئەوە هیچ گوناهێکی ناگاتێ، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و بە بەزەییە.

**١٨٣-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ**

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە، هەروەك چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسراوە بۆ ئەوەی خوداپەرستی بکەن.

**١٨٤-أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ**

چەند ڕۆژێکی کەم، جا ئەوەی لە ئێوە نەخۆش بوو یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە با چەند ڕۆژێکی دیکە بیگرێتەوە، وە ئەوانەی دەتوانن بەڕۆژوو بن، بەڵام بەڕۆژوو نابن، ئەوە فیدیەکەی پێدانی ژەمێك خواردنە بە هەژارێك، جا ئەوەی خۆویستانە ببەخشێت چاکترە بۆی، وە چاکترە بۆ ئێوە بەڕۆژوو بن ئەگەر ئێوە بزانن.

**١٨٥-شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ**

**مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**

مانگی ڕەمەزان کە تیایدا قورئان دابەزیوە، کە هیدایەتە بۆ خەڵك و چەندەها بەڵگەی هیدایەتکردن و جیاکردنەوەی حەرام و حەڵاڵی تێدایە، جا هەر کەسێکتان مانگەکەی بینی ئەوە با بەڕۆژوو بێت، وە ئەگەر هەر کەسێك نەخۆش بوو، یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە با چەند ڕۆژێکی دیکە بەڕۆژوو بێت، اللە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، وە سەختی بۆ ئێوە ناوێت، وە بۆ ئەوەی ماوەکە تەواو بکەن، وە بۆ ئەوەی اللە مەزن بکەن بە هۆی ئەوەی هیدایەتی داون، وە بەڵکو سوپاسی دەکەن.

١٨٦-**وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ**

وە ئەگەر بەندەکانم سەبارەت بە من پرسیاریان لێت کرد، ئەوە من نزیکم، وەڵام بە نیزای نیزاکەر دەدەمەوە کاتێك بانگم دەکەن، دەبا ئەوانیش وەڵامم بدەنەوە، وە با باوەڕم پێ بێنن، بەڵکو ڕاستەڕێ بن.

١٨٧-**أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَآئِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ**

بۆتان حەڵاڵ کرا کە لە شەوی ڕەمەزاندا ژنەکانیان بگێن، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە، وە ئێوە پۆشاکن بۆ ئەوان، اللە زانی کە ئێوە خیانەتتان دەکرد، جا لێتان بوورا و لێتان خۆش بوو، جا ئێستا دەتوانن لەگەڵیاندا جووت بن، وە ئەوە بەدەست بێنن کە اللە بۆ ئێوەی نووسیوە، وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو لە بەرەبەیاندا هێڵی سپیتان بۆ لە هێڵی ڕەش دەناسنەوە، ئینجا بەڕۆژووبوون تەواو بکەن تاوەکو شەو، وە نەکەن لەگەڵیاندا جووت بن لە کاتێکدا لە شوێنەکانی

کڕنۆشبردندا مت بوون، ئەوە سنوورەکانی اللهیە، جا نەکەن لێی نزیك ببنەوە، بەم جۆرە الله نیشانەکانی بۆ خەڵك ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو خۆپارێز دەبن.

**١٨٨-وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ**

وە نەکەن سامانی یەکتر بە ناڕەوایی بخۆن و پێیەوە لە کاربەدەست خۆتان نزیك بکەنەوە، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە ناڕەوایی لە سامانی خەڵك بخۆن، وە خۆتان دەزانن.

**١٨٩-يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوْا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُواْ الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە مانگ، بڵێ مانگ بریتیە لە کات دیاریکەرە بۆ خەڵك و بۆ حەج، وە چاکە لەوەدا نییە کە لە پشتەوە بچنە ناو ماڵەکانەوە، بەڵام چاکە ئەو کەسەیە کە خۆپارێزە و دەچێتە ماڵەکانەوە لە دەرگاکانیانەوە، وە لە الله بترسن بەڵکو فریاد دەبن.

**١٩٠-وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ**

وە لە پێناو ڕێبازی الله شەڕی ئەوانە بکەن کە شەڕتان دەکەن و دەستدرێژی مەکەن، الله ئەوانەی خۆش ناوێت کە دەستدرێژیکەرن.

**١٩١-وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ**

وە بیانکوژن لە هەر شوێنێك تووشیان بوون، وە دەریانبکەن لەو شوێنەی دەریان کردوون، وە ئاژاوە دژوارترە لە کوشتن، وە شەریان مەکەن لای شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام تاوەکو ئەوان لەوێدا شەڕتان دەکەن، جا ئەگەر شەڕیان کردن، ئەوە شەڕیان بکەن، ئەوەیە پاداشتی کافرەکان.

**١٩٢-فَإِنِ انتَهَوْا فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

**١٩٣-وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انتَهَوْا فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ**

وە شەڕیان بکەن تاوەکو ئاژاوە نامینێت، وە ئاین تەنها ئاینی الله دەبێت، جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە دەستدرێژی نامینێت تەنها بۆ سەر ستەمکاران نەبێت.

**١٩٤-الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ**

مانگی حەرام لەبەرانبەر بە مانگی حرام، وە تۆڵەکردنەوە بۆ شکاندنی حورماتەکان، جا هەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەرتان ئەوە دەستدرێژی بکەنەوە سەری، بە هەمان شێوەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەرتان، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله لەگەڵ خواپەرستانە.

**١٩٥-وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوَاْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ**

وە لە پێناو ڕێبازی الله ببەخشن و خۆتان بەدەستەکانتان تووشی هیلاکەت مەکەن و چاکە بکەن، الله چاکەکەرانی خۆش دەوێت.

**١٩٦-وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**

وە حەج و عومرە بۆ الله تەواو جێبەجێ بکەن، جا ئەگەر سنووردار کران ئەوە هەرچیەك بۆتان لوا لە قوربانی ئەنجام بدەن، وە سەرتان مەتاشن تاوەکو قوربانیەکەی بە شوێنی خۆی دەگات، جا ئەگەر هەر کەسێکتان نەخۆش بوو یان کێشەیەك لە سەریدا هەبوو، با فیدیەك بکات لە: بەڕۆژووبوون، یان

خێرێك، یان قوربانیەك بكات، وە هەر كاتێك متمانەتان هەبوو، جا ئەوەی كە خۆشی عومرەی كرد بۆ حەج، ئەوە هەر قوربایەك بۆی لوا با بیكات، جا ئەوەی نەیبوو، ئەوە با سێ ڕۆژ لە حەجدا بەڕۆژوو بێت، وە حەوت ڕۆژ كاتێك گەڕانەوە ئەوە دە ڕۆژی تەواو دەكات، ئەوە بۆ كەسێكە كە خانەوادەكەی نیشتەجێی مەككە نین، وە لە الله بترسن، وە بزانن كە الله سزاكەی دژوار و سەختە.

١٩٧-**الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ**

حەج چەند مانگێكی دیارە، جا هەر كەسێك حەجی لەم مانگانەدا بەسەر خۆیدا سەپاند، ئەوە نابێت لە حەجدا قسەو كرداری پەیوەست بە گان و سەرپێچی و مشتومڕ ئەنجام بدات، وە هەر كارێكی چاك بكەن ئەوە الله پێی دەزانێت، وە خۆراك لەگەڵ خۆتان ببەن، وە چاكترین خۆراك خوداپەرستیە، وە لێم بترسن ئەی خاوەن هۆشەكان.

١٩٨-**لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّالِّينَ**

هیچ گوناهێكتان ناگات ئەگەر دەستكەوتێك لە خوداكەتانەوە بەدەست بێنن، جا كاتێك لە عەرەفات دابەزین، ئەوە یادی الله بكەن لە لای مەشعەری حەرام، وە یادی بكەنەوە هەروەك چۆن هیدایەتی كردوون، لەگەڵ ئەوەش كە ئێوە لە ڕابردوودا لە گومڕاكان بوون.

١٩٩-**ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

ئینجا دابەزن لەو شوێنەی خەڵك دادەبەزن، وە داوای لێبووردەیی لە الله بكەن، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و بە بەزەییە.

٢٠٠-**فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ**

جا کاتێك ڕێ و نەریتی حەجتان بەجێ گەیاند، یادی الله بکەنەوە هەروەك چۆن یادی باوکانتان دەکەنەوە، وە یان زیاتریش یادی بکەنەوە، وە لە خەڵك هەیە دەڵێت: خوداکەمان لە دونیا پێمان بدە لەگەڵ ئەوەش کە لە ئاخیرەت هیچ بەهایەکیان نییە.

**٢٠١-وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ**

وە هەیانە دەڵێت: خوداکەمان لە دونیا چاکەمان پێ ببەخشە، وە لە ئاخیرەت چاکە، وە لە سزای ئاگر بمانپارێزە.

**٢٠٢-أُوْلَئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ**

ئەوانە بەشیان دەبێت بە هۆی ئەوەی بەدەستیان هێناوە، وە الله لە لێپرسینەوەدا خێرایە.

**٢٠٣-وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ**

وە یادی الله بکەنەوە لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، جا بۆ کەسێك کە خوداپەرستە ئەگەر دوو ڕۆژ پێشی بخات هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، وە ئەگەر دوای بخات ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە.

**٢٠٤-وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ**

وە لە خەڵك هەیە کە گوفتارەکەی لە سەر ژیانی دونیا سەرسامت دەکات، وە الله دەکات بە شایەت لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە لە کاتێکدا سەرسەخترین دوژمنە.

**٢٠٥-وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ**

وە کاتێك پشتی کرد، لە خاکەکەدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی خراپەکاری تیادا بکات و کشتوکاڵ و ڕەچەڵەك وێران بکات، وە الله خراپەکارانی خۆش ناوێت.

**٢٠٦-وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ**

وە کاتێك پێی دەگوترێت لە اللّه بترسە، عیزەت بەرەو گوناە دەیبات، جا ئەوە دۆزەخ بەسیەتی، وە بە دڵنیاییەوە خراپترین مۆڵگەیە.

**٢٠٧-وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَاللّهُ رَؤُوفٌ بِالْعِبَادِ**

وە لە خەڵك هەیە کە خۆی دەفرۆشێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی اللّه، وە اللّه نەرمونیانە بۆ بەندەکانی.

**٢٠٨-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەمووتان بڕۆنە ناو ئیسلامەوە و شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان مەبن، چونکە بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە.

**٢٠٩-فَإِن زَلَلْتُمْ مِّن بَعْدِ مَا جَاءتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

جا ئەگەر هەڵخلیسکان لە دوای ئەوەی چەندەها بەڵگەتان بۆ هاتووە، ئەوە بزانن کە اللّه بەزەبروزەنگ و ژیرمەندە.

**٢١٠-هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن يَأْتِيَهُمُ اللّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلآئِكَةُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَإِلَى اللّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ**

ئایا چاوەڕوان دەبن تاوەکو اللّه لە سێبەری هەور و فریشتەکان دێن و کارەکە کۆتایی پێبێت؟ وە بڕیار و کارەکان بۆ اللّه دەگەڕێنەوە.

**٢١١-سَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَمْ آتَيْنَاهُم مِّنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُ فَإِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**

لە نەوەکانی ئیسرائیل بپرسە چەند موعجیزەی ئاشکرامان داوە پێیان، وە هەر کەسێك نیعمەتی اللّه بگۆڕێت لە دوای ئەوەی بۆی هاتووە، ئەوە اللّه توندە لە سزاکەی.

**٢١٢-زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ اتَّقَواْ فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ**

بۆ ئەوانەی کوفریان کردووە ژیانی دونیا ڕازێندراوەتەوە، وە ئەوان گاڵتە دەکەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە ئەوانەی خوداپەرست بوون، لە ڕۆژی قیامەت لەسەریانەوە دەبن، وە الله بە بێ سنوور ڕزق بە کەسێك دەدات کە خۆی بیەوێت.

**٢١٣-كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ**

خەڵك یەك ئاین بوون، جا الله پێغەمبەران و ئاگادارکەرەوانی نارد، وە لەگەڵیاندا بە هەق پەرتووکی دابەزاند، بۆ حوکمکردن لە نێوان خەڵکدا سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون، وە تیایدا ناکۆك نەبوون، تەنها ئەوانە نەبێت کە بۆیان هات لە دوای ئەوەی بەڵگەکانیان بۆ هات، بە هۆی ئیرەیی نێوانیانەوە، جا الله بە مۆڵەتی خۆی هیدایەتی ئەوانەیدا کە سەبارەت بە هەق تیایدا ناکۆك بوون، وە الله هیدایەتی هەر کەسێك دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە خۆی ئارەزوو دەکات

**٢١٤-أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَزُلْزِلُواْ حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللّهِ قَرِيبٌ**

یان پێتان وایە کە دەچنە بەهەشتەوە؟ کاتێك هەمان شت بەسەر خەڵکانی پێش ئێوەدا هات، بەسەر ئێوە دادێت، کە دژواری و ناخۆشی یەخەی گرتن، وە ڕاچڵەکێندران، تەنانەت پێغەمبەرەکە و ئەوانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێناوە دەڵێن: کەیە سەرکەوتنی الله، ئەی سەرکەوتنی الله نزیك نییە؟

**٢١٥-يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ**

پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن؟ بڵێ هەر شتێك لە سامانەکەتان ببەخشن، ئەوە بە دایك و باوك و کەسوکاری هەرە نزیك و هەتیوو و هەژاران و ڕێبواران ببەخشن، وە هەر چاکەیەك ئەنجام بدەن، ئەوە الله پێی دەزانێت.

**٢١٦-كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ**

شەڕکردنتان لەسەر نووسراوە لەگەڵ ئەوەش کە ڕقتان لێیەتی، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام بۆ ئێوە چاك بێت، وە ڕەنگ بێت خۆشیتان بە شتێك بێت، بەڵام ئەو شتە خراپ بێت بۆتان، وە الله دەزانێت و ئێوە نازانن.

**٢١٧-يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە شەڕ و کوشتار لە مانگی حەرام: بڵێ شەڕ و کوشتار تیایدا گوناهێکی گەورەیە، بەڵام بەرپەرچدانەوەی ڕێبازی الله و کوفر پێی و شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام و دەرکردنی خەڵکەکەی لێیەوە گوناهێکی گەورەترە لای الله، وە ئاژاوە گەورەترە لە شەڕ و کوشتار، وە بەردەوام شەڕتان دەکەن تاوەکو، ئەگەر بتوانن، لە ئاینەکەتان هەڵتان دەگێڕنەوە، وە هەر کەسێکتان لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە، جا بە کافری بمرێت، ئەوە ئەوانە کارەیان لە دونیا و ئاخیرەت پووچەڵ دەبێتەوە، وە ئەوانە یاوەرانی ئاگرن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٢١٨-إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و جیهادیان لە پێناو اللەدا کردووە، ئەوانە بە هیوای ڕەحمەتی اللەن، وە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

**٢١٩-يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَلِكَ يُبيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ**

لێت دەپرسن سەبارەت بە عەرەق (مەی) و قومار، بڵێ: گوناهێکی گەورە و سوودیان بۆ خەڵك تێدایە، وە گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان، وە

پرسیارت لێ دەکەن کە چی ببەخشن؟ بڵێ ئەوەی لێتان زیادەیە، بەم جۆرە اللە ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن.

٢٢٠-**فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاء اللَّهُ لأعْنَتَكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

لە دونیا و ئاخیرەت، وە پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە هەتیوەکان بڵێ چاکسازی بۆیان چاکترە، وە ئەگەر تێکەڵیان بن، ئەوە براتانن، وە اللە دەزانێت بە بەدفەر لە ئاکارساز، وە ئەگەر اللە بیویستایە ئەوە ئەرکی گران دەکردن، لە ڕاستیدا اللە باڵادەستە و ژیرمەندە.

٢٢١-**وَلاَ تَنكِحُواْ الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلاَ تُنكِحُواْ الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُوَ إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ**

وە نەکەن ژنانێکی موشریك بخوازن تاوەکو ئیمان دەهێنێت، وە بە دڵنیاییەوە ژنە کۆیلەیەکی ئیماندار چاکترە لە ژنێکی موشریك، وە تەنانەت ئەگەر سەرسامی بن، وە نەکەن ژنەکانتان بدەن بە پیاوانێکی موشریك تاوەکو ئیمان دەهێنن، وە بە دڵنیاییەوە پیاوێکی کۆیلەی ئیماندار چاکترە لە پیاوێکی موشریك، وە تەنانەت ئەگەر هاتوو سەرسامی بن، ئەوانە بانگێشە دەکەن بۆ ئاگر، وە اللە بانگ دەکات بۆ بەهەشت و لێبووردەیی بە مۆڵەتی خۆی، وە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ خەڵك بەڵکو بیر دەکەنەوە.

٢٢٢-**وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ**

وە پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە سووڕی مانگانە، بڵێ قێزەوەنە، خۆتان لە ژنان بە دوور بگرن لە کاتی سووڕی مانگانە و لێیان نزیك مەکەونەوە تاوەکو پاك دەبنەوە، جا کاتێك پاك بوونەوە، ئەوە لەو شوێنەوە بیانگێن کە اللە فەرمانتان پێ دەکات، بێگومان اللە تۆبەکارانی خۆش دەوێت، وە پاکەکانی خۆش دەوێت.

٢٢٣-**نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُواْ حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ وَقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّكُم مُّلاَقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ**

ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، جا کێڵگەکانتان بکێڵن چۆنێك ئارەزووتان کرد، وە بۆ خۆتان دەستپێشخەری بکەن، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە ئێوە بە دیداری دەگەن، وە مژدە بدە بە ئیمانداران.

٢٢٤-**وَلاَ تَجْعَلُواْ اللّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّواْ وَتَتَّقُواْ وَتُصْلِحُواْ بَيْنَ النَّاسِ وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

نەکەن الله بکەن بە لەمپەر بە هۆی سوێندەکانتانەوە، ئەگەر بتانەوێت چاکەکار و خۆپارێز و ئاکارساز بن لە نێوان خەڵکدا، وە الله بیستەر و ئاگادارە.

٢٢٥-**لاَّ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِيَ أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ**

الله بەو سوێندانەوە ناتانگرێت کە بە گاڵتە دەیخۆن، بەڵام بەوە دەتانگرێت کە دڵەکانتان وەدیهێناوە، وە الله لێبووردە و نیانە.

٢٢٦-**لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**

وە بۆ ئەوانەی سوێند بە ژنەکانیان دەخۆن، دەبێت چوار مانگ چاوەڕێ بکەن و لەگەڵیاندا نەخەون، ئەگەر پێك هاتنەوە، ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

٢٢٧-**وَإِنْ عَزَمُواْ الطَّلاَقَ فَإِنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

وە ئەگەر پێداگر بوون لەسەر تەڵاق، ئەوە الله بیستەر و ئاگادارە.

٢٢٨-**وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلاَثَةَ قُرُوءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ**

وە ژنانی تەڵاقدراو دەبێت سێ خول چاوەڕوان بن، وە بۆیان حەڵاڵ نییە کە ئەوەی الله لە منداڵدانیان دروستیکردووە بشارنەوە ئەگەر باوەڕیان بە الله و

ڕۆژی دوایی هەبێت، وە مێردەکانیان لەوەدا شایستەترن بە گێڕانەوەیان، ئەگەر ویستایان بگونجێن، وە ژنان مافیان هەیە هەروەك چۆن ئەرکیان لەسەرە کە چاك بن، وە پیاوان پلەیەکیان لەسەر ژنانەوە هەیە، وە الله باڵادەست و ژیرمەندە.

**٢٢٩-الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُواْ مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلاَّ أَن يَخَافَا أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللّهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ**

تەڵاق دووجار، یان بە چاکی دەستی پێوەبگرە، یان بە ڕێکی دەستبەرداری بە، وە بۆتان حەڵاڵ نییە لەو شتانەی بە ژنەکانتان داوە وەربگرنەوە، مەگەر هەردووکیان (ژن و پیاوەکە) ترسان کە نەتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، جا ئەگەر ئێوەش (کەسوکار) ترسان کە هەردووکیان پابەندی سنوورەکانی الله نابن، ئەوە گوناهیان ناگات ئەگەر ژنەکە خۆی بکڕێتەوە، ئەوە سنوورەکانی اللهیە، جا نەکەن بیبەزێنن، جا هەر کەسێك سنوورەکانیی الله ببەزێنێت، ئەوە ئەوانە ستەمکارەکانن.

**٢٣٠-فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ**

جا ئەگەر تەڵاقیدا، ئەوە هیچیتر بۆی حەڵاڵ نابێت تاوەکو هاوسەرێکی دیکە نەگێت، جا ئەگەر تەڵاقیدا، هیچ گوناهێکیان ناگات ئەگەر بۆ لای یەکتر بگەڕێنەوە، ئەگەر پێیان وابوو کە دەتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، وە ئەوەیە سنوورەکانی الله، بۆ خەڵکانێك ڕوونی دەکاتەوە کە دەزانن.

**٢٣١-وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلاَ تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لَّتَعْتَدُواْ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلاَ تَتَّخِذُوَاْ آيَاتِ اللّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُمْ مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**

وە ئەگەر ژنەکانتان تەڵاقدا و گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانی، ئەوە یان بە چاکە دەستیان پێوە بگرن، یان بە ڕێکی دەستبەرداریان بن، بە زیان گەیاندنەوە دەستیان پێوە مەگرن بۆ ئەوەی دەستدرێژیان بکەنە سەر، وە هەر کەسێك ئەم کارە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە، وە نەکەن ئایەتەکانی الله بە گاڵتە وەربگرن، وە یادی چاکەی الله بکەنەوە کە بە ئێوەی داوە، وە ئەوەی بۆ ئێوەی لە پەرتووك و ژیرمەندی دابەزاندووە، کە بە هۆیەوە ئامۆژگاریتان دەکات، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

**٢٣٢-وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ**

وە کاتێك ژنتان تەڵاقدا و گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانیان، نەکەن کێشەیان بۆ دروست بکەن ئەگەر ویستیان هاوسەرگیری لەگەڵ مێردەکانیان بکەنەوە، ئەگەر لە نێوان خۆیاندا ڕێك کەوتن، کەسێك بەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوەیان پاکتر و خاوێنترە بۆ ئێوە، وە الله دەزانێت و ئێوە نازانن.

**٢٣٣-وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا لاَ تُضَآرَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلاَ مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالاً عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُواْ أَوْلاَدَكُمْ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**

وە دایکان دوو ساڵ شیر بە منداڵەکانیان دەدەن بۆ کەسێك کە دەیەوێت ماوەی شیرەخۆری تەواو بکات، وە باوکی منداڵەکە دەبێت خۆراك و پۆشاکی ژنەکە بە چاکی بدات، بەڵام ئەرکێك لەسەر کەسێك نییە تەنها بەوەی کە لە توانایيدايە، نابێت دایك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە نابێت باوکێك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە لەسەر میراتگر هەمان شتە، ئەگەر باوك و دایکەکە بە ڕەزامەندیان و ڕاوێژیان ویستیان منداڵەکە لە شیر بکەنەوە، ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگاتێ وە ئەگەر ویستتان دایەن بۆ منداڵەکانتان بگرن ئەوەی

هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە، ئەگەر بە چاکی ئەوەیان پێ بدەن کە پێتان دراوە، وە لە اللە بترسن، وە بزانن کە اللە ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن.

**٢٣٤-وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ**

وە ئەوانەتان کە دەمردن، وە ژنان لە دوای خۆیان جێدەهێڵن، ژنەکان دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، جا کاتێك ئەو ماوەیەیان تەواو کرد، ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگات ئەگەر ژنەکە لەگەڵ خودی خۆیدا هەر کارێکی بە چاکی کرد، وە اللە بەوە ئاگادارە کە دەیکەن.

**٢٣٥-وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ**

وە گوناهتان ناگات ئەگەر بچنە پێشەوە بۆ خوازبێنی ژنان، یان لە دڵی خۆتاندا دیاریتان کردبێت، اللە زانیویەتی کە ئێوە ئاماژەتان پێیان کردووە، بەڵام نەکەن بە نهێنی ژوانیان لەگەڵدا بکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە قسەیەکی چاك بکەن، وە نەکەن گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستن تاوەکو ماوەی چاوەڕوانی دیاریکراویان تەواو نەبێت، وە چاك بزانن کە اللە بەوە دەزانێت کە لە ناختاندایە، جا ئاگادری بن، وە بزانن کە اللە لێبووردەیە و نیانە.

**٢٣٦-لاَّ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاء مَا لَمْ تَمَسُّوهُنُّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدْرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ**

گوناهتان ناگات ئەگەر ژنتان تەڵاقدا بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن کە ئەوەی لەسەرتان پێویستە پێی بدەن، وە ئەوەی توانایی هەیە بە گوێرەی تواناییەکەی و ئەوەی هەژار و دەستکورتە بە گوێرەی تواناییەکەی بڕێکی پێ بدات، ئەوە پێویستە لەسەر پیاوچاکان.

٢٣٧-**وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إَلاَّ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**

وە ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن بەڵام مارەیتان بۆیان دیار کردبوو، ئەوە نیوەی مارەییان پێ بدەن، مەگەر خۆیان نەیانەوێت، یان ئەوەی کە گرێبەستی مارەبڕینەکەی بەدەست بتانبەخشێت، وە بەخشینتان نزیکترە لە خوداپەرستیەوە، وە نەکەن چاکەتان بەسەر یەکەوە لە یاد بکەن، وە اللە بینەرە بەو کارانەی دەیکەن.

٢٣٨-**حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ**

وە پارێزگاری لە نوێژەکان، وە بە تایبەتی نوێژی ناوەڕاست بکەن، وە بە ملکەچکردنەوە بۆ اللە بوەستن.

٢٣٩-**فَإنْ خِفْتُمْ فَرِجَالاً أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُواْ اللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُواْ تَعْلَمُونَ**

جا ئەگەر ترسان، ئەوە دەتوانن بە پیادەیی یان بە سواری (نوێژ بکەن)، جا کاتێك ئەمین بوون ئەوە یادی اللە بکەن، وەك چۆن فێری ئەوەی کردوون کە نەتاندەزانی.

٢٤٠-**وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِيَ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

وە ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و ژنان لە دوای خۆیاندا جێدەهێڵن، وەك ڕاسپاردەیەك بۆ ژنەکانیان: ساڵێك گوزەرانیان دابین بکرێت بێ ئەوەی لە ماڵەوە بچنە دەرەوە، جا ئەگەر چوونە دەرەوە، ئەوە هیچ گوناهێکتان ناگات کە هەر شتێکی چاك لەگەڵ خودی خۆیاندا بکەن، وە اللە باڵادەست و ژیرمەندە.

٢٤١-**وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ**

وە بۆ ژنانی بەرەڵاکراو (تەڵاقدراو) پێدانێکی چاك پێویستە لە سەر اللە پەرستان.

٢٤٢-**كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ**

بەم شێوەیە الله بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن.

**٢٤٣-أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ**

ئەی ئەوانەت نەبینیوە کە بە هەزارەها بوون لە ترسی مەرگ لە زێدەکانیانەوە دەرچوون؟ وە الله پێیانی گوت: بمرن ئینجا زیندووی کردنەوە، لە ڕاستیدا الله چاکەی بەسەر خەڵکەوە هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاس ناکەن.

**٢٤٤-وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

وە شەڕ بکەن لە پێناو الله، وە بزانن کە الله بیستەر و دانایە.

**٢٤٥-مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ**

ئەوە کێیە کە قەرزێکی چاك بە الله دەدات، وە الله بۆی چەند بەرابەر زیاد دەکات؟ وە الله دەگرێتەوە و دەیدات، وە بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە.

**٢٤٦-أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُواْ لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُواْ قَالُواْ وَمَا لَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَآئِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ وَاللّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ**

ئەی سەیری دەستەیەکت نەکرد لە نەوەکانی ئیسرائیل لە دوای موسا، کە بە پێغەمبەرێکی خۆیان گوت: پادشایەکمان بۆ بنێرە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا شەڕ بکەین لە پێناو الله، گوتی: ئەگەر کوشتارتان لەسەر نووسرا پێتان وانییە کە نەجەنگن؟ گوتیان: وە چۆن شەڕ لە پێناو الله ناکەین، وە ئێمە و منداڵەکانمانیان لە زێدەکەمان دەرکردووە، جا کاتێك شەڕ و کوشتاریان لەسەر نووسرا، پشتیان کرد تەنها کەمێکیان نەبێت، وە الله بە ستەمکاران دەزانێت.

**٢٤٧-وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوَاْ أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللّهَ**

**اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاء وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ**

پێغەمبەرەکەیان پێیانی گوت: اللە طالووتی بۆ ئێوە وەك پادشا ناردووە، گوتیان چۆن دەکرێت طالووت بۆ اللە پادشا بێت بەسەر ئێمەوە، وە ئێمە شایستەترین لە ئەو بە پادشایەتی، وە ئەو لە سامان زۆری نییە، گوتی: اللە ئەوی بەسەر ئێوەدا هەڵبژاردووە، وە لە زانیاری و چوارشانەیی لە ئێوە پتر پێداوە، وە اللە پادشایەتی بە کەسێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، وە زانیاری اللە فراوانە.

٢٤٨-**وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلائِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ**

وە پێغەمبەرەکەیان پێیانی گوت: نیشانەی پادشایەتییەکەی ئەوەیە کە تابووتەکەتان بۆ دەهێنێت کە ئارامی لە لایەن خوداکەتانەوە و پاشماوەی ئەوەی تێدایە کە خانەوادەی موسا و خانەوادەی هاروون جێیان هێشتووە، فریشتەکان هەڵی دەگرن، لە وەدا بە دڵنیاییەوە بەڵگەیەك بۆ ئێوە هەیە ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

٢٤٩-**فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاقُوا اللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ**

جا کاتێك طالووت بە سەربازەکانیەوە کەوتە ڕێ، گوتی: اللە بە ڕووباریك تاقیتان دەکاتەوە، جا ئەوەی لێی بخواتەوە ئەوە لە من نییە، وە ئەوەی تامی نەکات ئەوە لە منە، مەگەر کەسێك نەبێت کە بە لەپی دەستی لێی دەخواتەوە، جا لێیان خواردەوە تەنها کەمێك نەبێت، جا کاتێك خۆی و ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، گوتیان ئیمڕۆ توانایيمان نییە بەسەر جالووت و سەربازەکانی، بەڵام ئەوانەی کە پێیان وابوو بە خوداکەیان دەگەن گوتیان:

چەندەها کۆمەڵەی کەم توانیویانە بەسەر کۆمەڵی زۆردا زاڵ بن بە مۆڵەتی اللە، وە اللە لەگەڵ خۆڕاگرەکانە.

٢٥٠-**وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ**

وە کاتێك بۆ جالووت و سەربازەکانی دەرکەوتن گوتیان خوداکەمان خۆڕاگریمان بەسەردا بهێنە، وە پێکانمان جێگیر بکە، وە سەرمان بخە بەسەر خەڵکانێکی کافر.

٢٥١-**فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء وَلَوْلاَ دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ**

جا بە مۆڵەتی اللە بەزاندیانن و داود جالووتی کوشت، وە اللە پادشایەتی و ژیرمەندی پێی بەخشی، وە فێرە هەرشتێکی ویست فێری کرد، وە ئەگەر اللە هەندێك خەڵك بە هەندێکی تر ڕانەماڵێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە زەوی خراپ دەبێت، بەڵام اللە خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکدا.

٢٥٢-**تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ**

ئەوانە ئایەتەکانی اللەن بە ڕاستی بۆ تۆ دەیخوێنینەوە، وە بێگومان تۆ لە نێردراوەکانیت.

٢٥٣-**تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاء اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُواْ فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاء اللَّهُ مَا اقْتَتَلُواْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ**

ئەو پێغەمبەرانە هەندێکمان بەسەر هەندێکیان پەسەند کردووە، هەندێکیان هەبوون کە اللە گفتووگۆی لەگەڵدا کردووە، وە هەندێکیانی چەندەها پلە بەرزکردۆتەوە، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا و بە گیانی پیرۆز پشتیوانیمان کرد، وە ئەگەر اللە ئارەزووی لەسەر بووایە، ئەوە لە دوای ئەوەی بەڵگەیان بۆ هات، خەڵکەکەی دوای پێغەمبەران شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵام ناکۆك بوون، جا هەیانە کە باوەڕی هێناوە، وە هەیانە کافر بوو،

وە ئەگەر اللە ئارەزووی لەسەر بووایە، ئەوە شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵام اللە ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

**٢٥٤-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خُلَّةٌ وَلاَ شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەوە ببەخشن کە بە ئێوەمان داوە بەر لەوەی ڕۆژێك بێت کە نە کڕین و فرۆشتن، وە نە هاوڕێیەتی، وە نە تکاکاری سوودی نابێت، وە کافرەکان خۆیان ستەمکارن.

**٢٥٥-اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ**

اللە هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، هەمیشە زیندووە سالارەکە، نە خەواڵوبوون، وە نە خەوتن دەیباتەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوییە بۆ ئەوە، کێ هەیە بتوانێت کە لای ئەو تکا بکات تەنها بە مۆڵەتی ئەو نەبێت، دەزانێت بەوەی لە پێشیانە و لە دوایانە، وە دەرك بە هیچ شتێك لە زانستەکەی ناکەن تەنها بەوەی خۆی دەیەوێت، کورسیەکەی بە ئاسمانەکان و زەویدا کشاوە، وە پارێزگاریکردنی هەردووکیان ماندووی ناکات، وە هەر ئەو بەرزە مەزنەکەیە.

**٢٥٦-لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ لاَ انفِصَامَ لَهَا وَاللّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ**

زۆرکردن لە ئایندا نییە لە کاتێکدا ڕاست لە گومڕایی بە ڕوونی جیابۆتەوە، جا هەر کەسێك کوفر بە طاغووت بکات و باوەڕ بە اللە بهێنێت ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە هەنگڵی پتەووە و لێی جیانابێتەوە، وە اللە بیستەر و ئاگادارە.

**٢٥٧-اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ أَوْلِيَآؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

اللە پشتیوانی ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکایی دەریان دەکات بۆ ڕووناکی، بەڵام ئەوانەی کافرن پشتیوانیان طاغووتە دەریان دەکات لە ڕووناکی بۆ تاریکایی، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

**٢٥٨-أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ**

ئەی سەیری ئەو کەسەت نەکردووە کە مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم دەکرد سەبارەت بە خوداکەی، لە ڕاستیدا خوداکەی پادشایەتی پێی بەخشیبوو، کە ئیبراهیم پێی گوت: خوداکەم دەژیێنێت و دەمرێنێت، گوتی منیش دەژێنم و دەمرێنم، ئیبراهیم گوتی: جا اللە خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە دەهێنێت، تۆ لە شوێنی ئاوابوونیەوە بهێنەوە. جا ئەوەی کافر بوو ئەبڵەق بوو، وە اللە هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

**٢٥٩-أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىَ يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

یان وەك ئەو کەسەی بە گوندێکدا تێپەڕ بوو کە بەسەریەکدا تەپی بوو، گوتی چۆن اللە دەتوانێت ئەمە زیندوو بکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردووە، ئەوەبوو اللە سەد ساڵ مراندی، ئینجا زیندووی کردەوە، گوتی: چەند مایتەوە؟ گوتی: ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك مامەوە، گوتی بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە، جا سەیری خواردنەکەت و خواردنەوەکەت بکە کە بۆگەنیان نەکردووە، وە سەیری کەرەکەت بکە، وە بۆ ئەوەی بتکەین بە بەڵگەیەك بۆ خەڵك، وە سەیری ئێسقانەکە بکە کە چۆن تێکیان دەخەینەوە، ئینجا بە گۆشت دایان دەپۆشین، جا کاتێك بۆی ڕوونبۆوە، گوتی: ئەوە زانیم کە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

**٢٦٠-وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**

وە کە ئیبراهیم گوتی خوداکەم پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە گوتی: ئەوە باوەڕت نەهێناوە؟ گوتی بەڵێ بەڵام بۆ ئەوەی دڵم دڵنیا بێت، گوتی چوار باڵندە بگرە و ئاڕاستەیان لە خۆت بکە ئینجا لەسەر هەر چیایەك پارچەیەکیان دابنێ ئینجا بانگیان بکە، بۆ لات دێن، وە بزانە کە الله باڵادەستە و دانایە.

**٢٦١-مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ**

نموونەی ئەوانەی سامانیان لە پێناو الله دەبەخشن، وەك نموونەی دانەوێڵەیەکە کە حەوت گوڵەگەنمی گرتووە، وە لەهەر گوڵە گەنمێکدا سەد دانەوێڵە هەیە، وە الله چەند جاری دەکات بۆ کەسێك کە خۆی دەیەوێت، وە الله دەستفراوان و زانایە.

**٢٦٢-الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُواُ مَنًّا وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

ئەوانەی سامانیان لە پێناو الله دەبەخشن، ئینجا پیادەی هیچ منەتێك ناکەن و ئازارێك ناگەیەنن بۆ ئەوەی بەخشیویانە، ئەوانە پاداشتیان لای خوداکەیان دەبێت، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

**٢٦٣-قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَا أَذًى وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ**

وتەیەکی چاك و لێبووردەییەك چاکترە لە سەدەقەیەك کە ئازاردان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وە الله دەوڵەمەندێکی نیانە.

**٢٦٤-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأَذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لاَّ يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن بەخشینەکانتان پووچەڵ بکەنەوە بە منەت و ئازاردان، وەك ئەوەی کە بڕوای بە الله و ڕۆژی دوایی نییە و دەبەخشێت بۆ ئەوەی خەڵك ببینن، نموونەکەی وەك نموونەی بەردێکی لووسە کە خۆڵی لەسەر نیشتووە، جا کە بارانێکی بەخوڕ لێی دەدات، بە ڕووتی دەیهێڵێتەوە، ئەوانە توانایيان بەسەر هیچ شتێکدا نییە لەوەی بەدەستيان هێناوە، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.

٢٦٥-**وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ**

وە نموونەی ئەوانەی سامانیان دەبەخشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله و پابەندبوونیان پێیەوە لە خودی خۆیانەوە، وەك نموونەی باخی سەر بەرزاییەك وان کە بارانێك لێی داوە، جا کاتێك بەروبوومەکەی دەگات دووجار بۆتەوە، وە ئەگەر بارانێکی لێزمە بەری نەکەوێت ئەوە بارانێکی نم نم، وە الله ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن.

٢٦٦-**أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاء فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ**

ئایا کەسێکتان خۆزگە دەکات کە بێستانێکی لە دارخورما و ڕەزی ترێ هەبێت کە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن و تیایدا لە هەموو بەروبوومێکی هەبێت؟ وە کاتێك تەمەنی گەورە بوو و منداڵەکانی بێهێز بوون، گەردەلوولێك کە ئاگری تێدایە لێی بدات و بیسووتێنێت، بەم شێوەیە الله بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە.

٢٦٧-**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ**

ئەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەو شتە نایابانە ببەخشن کە بەدەستتان هێناوە، وە ئەوەی بۆ ئێوە لە زەوی هێناومانەتە دەرەوە، وە نەکەن پیسەکان ببەخشن

که بۆ خۆشتان قبووڵتان نییە مەگەر چاوتان لێی بنووقێنن، وە بزانن کە الله دەوڵەمەندی شایستە بە سوپاسە.

**٢٦٨-الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلاً وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ**

شەیتان بەڵێنی هەژاریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەکات بە کاری خراپە، وە الله بەڵێنتان پێ دەدات کە لە لایەن خۆیەوە بتانبوورێت و چاکەتان پێ بدات، وە الله فراوان و ئاگادارە.

**٢٦٩-يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاء وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ**

ژیرمەندی دەدات بە کەسێك کە خۆی دەیەوێت، وە هەر کەسێك ژیرمەندی پێ بدرێت ئەوە خێرێکی زۆری پێی دراوە، وە هیچ کەسێك یادناکاتەوە تەنها خاوەن هۆشەکان نەبن.

**٢٧٠-وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ**

وە هەر خەرجێك ببەخشن یان نەزرێك بکەن ئەوە الله پێی دەزانێت، وە بۆ ستەمکاران پشتیوانێك نییە.

**٢٧١-إِن تُبْدُواْ الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاء فَهُوَ خَيْرٌ لُّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ**

ئەگەر خێر و سەدەقەتان ئاشکرا کرد ئەوە شتێکی چاکە، وە ئەگەر شاردتانەوە و داتان بە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە و لە گوناهەکانتان پاکتان دەکاتەوە، وە الله ئاگادارە بەو کارانەی دەیکەن.

**٢٧٢-لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاء وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَلأنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلاَّ ابْتِغَاء وَجْهِ اللَّهِ وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ**

لەسەر تۆ نییە هیدایەتیان بەڵکو الله کەسێك هیدایەت دەدات کە خۆی بیەوێت، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە بۆ خودی خۆیانە، وە نابەخشن تەنها بۆ

ڕازیکردنی سیمای الله نەبێت، وە لە هەر خێرێك بکەن ئەوە پاداشت دەدرێنەوە، وە ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت.

٢٧٣-**لِلْفُقَرَاء الَّذِينَ أُحْصِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاء مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لاَ يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ**

بۆ ئەو هەژارانەیە کە دابڕاون لە پێناو الله و ناتوانن بە خاکەکەدا بگەڕێن، وە نەفام وادەزانێت کە دەوڵەمەندن بە هۆی شەرمیان لە سیمایانەوە دەیانناسیتەوە، وە بەهۆی حیفەتەوە داوا لە خەڵك ناکەن، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە الله بەو شتە دەزانێت.

٢٧٤-**الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

ئەوانەی سامانیان بە شەو و ڕۆژ بە نهێنی و ئاشکرا دەبەخشن، پاداشتیان لای خوداکەیان هەیە، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

٢٧٥-**الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لاَ يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ**

ئەوانەی سوو دەخۆن هەڵناستنەوە تەنها وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێت، چونکە ئەوانە دەیانگوت: لە ڕاستیدا کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە، (چۆن دەبێت) الله کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردبێت و سووی حەرام کردبێت؟ جا هەر کەسێك ڕاسپاردەی لە لایەن خوداکەیەوە پێ گەیشت ئەوە کۆتایی پێی دەهێنێت، وە ئەوەی ڕابوورد بۆ خۆیەتی و لێپرسینەوەی بۆ اللەیە، وە هەر کەسێك بۆی بگەڕێتەوە ئەوە لە یاوەرانی دۆزەخ دەبێت و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

٢٧٦-**يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ**

الله سوو لەناودەبات و سەدەقە برەو پێ دەدات، وە الله هەموو کافرێکی گوناهباری خۆش ناوێت.

**٢٧٧-إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و نوێژیان کردووە و زەکاتیان داوە پاداشتیان لای خوداکەیانەوە دەبێت، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە دڵتەنگ دەبن.

**٢٧٨-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە الله بترسن، وە دەستبەرداری ئەو سووە بن کە لە لاتان ماوە ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

**٢٧٩-فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ**

ئەگەر ئەم کارە نەکەن ئەوە جەنگێکتان لەگەڵ الله و پێغەمبەرەکەی ڕاگەیاندووە، وە ئەگەر تۆبەتان کرد، ئەوە پارەکەتان وەربگرنەوە، نە ستەم بکەن و نە ستەمتان لێ دەکرێت.

**٢٨٠-وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ**

وە ئەگەر نەبوون بوو، ئەوە چاوڕوان بکات تاوەکو دەیبێت، وە ئەگەر بیکەن بە سەدەقە چاکترە بۆ ئێوە، ئەگەر ئێوە بزانن.

**٢٨١-وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ**

وە لە ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای الله دەگەڕێنەوە، ئینجا هەموو خودێك بەوەی بەدەستی هێناوە پاداشت دەکرێتەوە، وە ستەمیان لێ ناکرێت.

**٢٨٢-يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلاَ يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ**

**الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لاَ يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُواْ شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاء أَن تَضِلَّ إْحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى وَلاَ يَأْبَ الشُّهَدَاء إِذَا مَا دُعُواْ وَلاَ تَسْأَمُوْاْ أَن تَكْتُبُوْهُ صَغِيرًا أَو كَبِيرًا إِلَى أَجَلِهِ ذَلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَى أَلاَّ تَرْتَابُواْ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلاَّ تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوْاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلاَ يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلاَ شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُواْ فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەرگرت، ئەوە بینووسن، وە با نووسەرێك بە ڕەوایی بینووسێت، وە نووسەرەکە سەرپێچی نەکات، وە با بەم شێوەیە بنووسێت کە الله فێری کردووە، جا با بنووسێت و پێی بڵێت ئەوەی کە مافەکەی لەسەرە، وە با لە خوداکەی الله بترسێت، وە هیچ ساختەیەکی تیادا نەکات، جا ئەگەر ئەوەی مافەکەی لەسەرە نەزان، یان لاواز بوو، یان نەیدەزانی پێی بڵێت ئەوە با بەرپرسەکەی بە ڕەوایی پێی بڵێت، وە دوو لە پیاوەکانتان بکەن بە شایەت، ئەگەر دوو پیاو نەبوون، ئەوە پیاوێك و دوو ژن، ئەوانەی بە شایەتیان ڕازین، بۆ ئەوەی ئەگەر ژنێکیان لە بیری کرد ئەوە تر بە بیری بهێنێتەوە، وە شایەتەکان نابێت ڕەت بکەنەوە کاتێك بانگ کران، وە نەکەن فەرامۆشی نووسینی بچووك یان گەورە بکەن بۆ کاتی دیاریکراوی خۆی، ئەوەیان لای الله ڕەواترە، وە گونجاوترە بۆ شایەتی، وە کەمترین شتە کە بیکەن بۆ ئەوەی دوودڵ نەبن، مەگەر کاتێك نەبێت کە بازرگانیەکی دەستاودەست دەکەن لە نێوان خۆتاندا، ئەوە گوناهتان ناگات ئەگەر نەینووسن، وە شایەت بگرن کاتێ کڕین و فرۆشتنتان کرد، وە نابێت نە نووسەر، وە نە شایەت ئازار بدرێن، ئەگەر وابکەن ئەوە خراپەکاریتان کردووە، وە لە الله بترسن، وە الله فێرتان دەکات، وە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

**٢٨٣-وَإِن كُنتُمْ عَلَى سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُواْ كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللّهَ رَبَّهُ وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ**

وە ئەگەر لە سەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەستنەکەوت، ئەوە بارمتە وەربگرن، وە ئەگەر متمانەتان بەیەکتر بوو ئەوە با کەسەکە ئەمانەتەکە بداتەوە، وە با لە خوداکەی، الله بترسێت، وە نەکەن شایەتی بشارنەوە، وە هەر کەسێك بیشارێتەوە ئەوە لە دڵیدا گوناهی کردووە، وە الله بەوە دەزانێت کە دەیکەن.

**٢٨٤-لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**

بۆ اللهیە ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەوییە، وە ئەگەر ئەوەی لە ناختاندایە ئاشکرای بکەن یان بیشارنەوە، الله بە هۆیەوە لێتان دەپرسێتەوە، جا لە کەسێك دەبوورێت کە خۆی دەیەوێت، وە سزای کەسێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، وە الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

**٢٨٥-آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ**

پێغەمبەر باوەڕی هێنا بەوەی لە لایەن خوداکەیەوە بۆی دابەزیووە، وە باوەڕداران، هەر هەموویان باوەڕیان بە الله و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی هێنا، وە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەرەکانی، وە گوتیان: گوێبیست بووین و ملکەچ بووین، خوداکەمان لێمان ببوورە، وە گەڕانەوە بۆ لای تۆیە.

**٢٨٦-لاَ يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ**

الله ئەرکێك بە خودێك ناسپێرێت ئەگەر لە تواناییدا نەبێت، بۆ خۆیەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە و لەسەریەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە، خوداکەمان مەمانگرە ئەگەر لەبیرمان کرد یان هەڵەمان کرد، خوداکەمان باری گرانمان پێ هەڵمەگرە هەروەك چۆن لەسەر ئەوانەت بارکرد کە پێش ئێمە بوون، وە خوداکەمان

ئەوەمان لە ئەستۆ مەگرە کە توانایمان بەسەردا نییە، وە لێمان ببوورە و لێمان خۆش بە و بەزەییت پێمان بێتەوە، تۆ گەورەمانیت، وە سەرمان بخە بەسەر خەڵکانێکی کافر.

## شرۆڤە و تێبینی

ئەم سوورەتە ناونراوە {البقرة}، چونکە ئایەتی ٦٧ بۆ ٧٣ ئاماژە بە مانگایەك دەکات کە موسا بە نەوەکانی ئیسرائیل دەڵێت سەریببڕن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

سوورەتیکە لە مەدینە دابەزیووە، وە لە ماوەیەکی پەرشوبڵاو ، وە گوتوویانە یەکەم سوورەتی مەدینەیە، تەنها ئایەتی ٢٨١ نەبێت، {وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ}، کە دوا ئایەتە لە قورئاندا و لە ڕۆژی نەحر لە حەجیماڵئاوایی لە مینا دابەزیووە. وە ئایەتەکانی سوو (ڕیبا) دوا ئایەتن لە قورئاندا دابەزیوون. القرطبی دەڵێت:

وَتَعَلَّمَهَا عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بِفِقْهِهَا وَمَا تَحْتَوِي عَلَيْهِ فِي اثْنَتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً ، وَابْنُهُ عَبْدُ اللَّهِ فِي ثَمَانِي سِنِينَ كَمَا تَقَدَّمَ

عومەری کوڕی خەتاب، بە ١٢ ساڵ فێرە سوورەتی البقرة بوو و عبداللهی کوڕی، بە هەشت ساڵ.

وە سەبارەت بە فەزڵ و سوودەکانی سوورەتی البقرة، ابن كثير لە تفسير القران العظيم، ئاماژە بە چەند ڕیوایەت و فەرموودەی محمد صلعم دەکات:

یەکەم: تڕ بە شەیتان دەکات:

مَا مِنْ بَيْتٍ يُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ إِلَّا خَرَجَ مِنْهُ الشَّيْطَانُ وَلَهُ ضُرَاطٌ

هیچ ماڵێك نییە کە سوورەتی مانگای تیایدا دەخوێندرێتەوە کە شەیتان لێی دەرنەچێت، وە تڕ نەکات.

دووەم: لەگەڵ هەر ئایەتێکی هەشتا هەزار فریشتە دابەزیووە. لە مسند احمد هاتووە:

لەگەڵ دابەزینی هەر ئایەتێکی ٨٠ هەزار فریشتە دابەزیووە.

# ئایەتی ١

الم

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١ سوورەتی لقمان.

# ئایەتی ٢

ذَٰلِكَ الْكِتَابُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ

دەڵێت:

ئەو پەرتووکە گومانێکی تێدا نییە هیدایەتە بۆ خوداناسان.

واتە:

{ذَٰلِكَ}، ئەو، {الْكِتَابُ}، پەرتووکە، {لَا رَيْبَ فِيهِ}، شکوگومانی تیا نییە، {هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ}، هیدایەتە بۆ خوداناسان و ئەوانەی لە الله دەترسن.

{ذَٰلِكَ الْكِتَابُ}، ئەو پەرتووکە بە هیچ جۆرێك ناکرێت قورئان بێت بە دوو هۆکار:

یەکەم: دەڵێت {ذَٰلِكَ}، (ئەو)، کە بۆ شتێکی دوور بەکاردێت. ئەگەر مەبەستی قورئان بووایە ئەوە دەبووایە بڵێت {هذا} (ئەم).

دووەم: قورئان لە دوای مەرگی محمد کۆکراوەتەوە و لە کاتی دابەزینی قورئان تەنها یەك پەرتووك هەبووە، کە قورئانەکەی ورقە کوڕی نوفل بووە.

بەڵام الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

گشت شرۆڤەکەران دەڵێن، {ذَٰلِكَ الْكِتَابُ}، واتە قورئان.

بەڵام دەڵێت، هەندێك گوتوویانە، واتە تەورات و ئینجیل.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ابن جریج گوتوویەتی:

{ذَٰلِكَ- ئەو}، واتە {هذا – ئەم}، وە عەرەب لە جیاتی یەکتر ئەو و ئەم بەکاردەهێنن.

من دەڵێم کەواتە: الله اکبر عەرەبە.

القرطبى له الجامع لاحكام القران دەڵێت، چەندەها وتەوت هەیە سەبارەت بە {ئەو پەرتوکە}:

یەکەم: ئەوەی نووسراوە لە چارەنووسی خەڵك لە دڵخۆشی و سەرکێشی و ڕزق و ئەجەل.

دووەم: ئەوەی الله لەسەر خۆی نووسیویەتی کە ڕەحمەتەکەی پێش توڕەییەکەی دەکەوێت. وەك لە صحیح مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

لَمَّا قَضَى اللَّهُ الْخَلْقَ كَتَبَ فِي كِتَابِهِ عَلَى نَفْسِهِ: أَنَّ رَحْمَتِي تَغْلِبُ غَضَبِي

کاتێك الله لە دروستکردنی مەخلووقات تەواو بوو، لە پەرتووکێك کە لای خۆیەتی لەسەر خۆی نووسی: ڕەحمەتەکەم زاڵ بووە بەسەر توڕەییمدا.

سێهەم: قورئانە، وەك لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی الله دەڵێت:

إِنَّمَا بَعَثْتُكَ لِأَبْتَلِيَكَ وَأَبْتَلِي بِكَ ، وَأَنْزَلْتُ عَلَيْكَ كِتَابًا لَا يَغْسِلُهُ الْمَاءُ تَقْرَؤُهُ نَائِمًا وَيَقْظَانَ

لە ڕاستیدا تۆم وەك پێغەمبەر ناردووە کە بە هۆیەوە تاقیتبکەمەوە  وە بە تۆوە تاقیبکەمەوە، وە پەرتووکێکم بۆت دابەزاندووە کە ئاو نایشوات، وە بە خەوتن و ئاگایی دەتوانیت بیخوێنیتەوە.

چوارەم: سوورەتەکانی مەککەیە.

پێنجەم: مەبەست سوورەتەکانی مەدینەن کە دواتر دادەبەزن.

شەشەم: تەورات و ئینجیلە.

حەوتەم: تابلۆی پارێزراوە.

هەشتەم: ئەو قورئانەیە کە لە ئاسمانە و هێشتا دانەبەزیووە.

نۆیەم: مەبەست {الم}ە، واتە ئایەتی ١

# ئایەتی ٣

الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی بڕوایان بە غەیب هەیە و نوێژ دەکەن، وە لەو ڕزقەی پێیانمان داوە دەبەخشن.

واتە: ئەو پەرتووکە هیدایەتە بۆ ئەو کەسانە کە لە الله دەترسن و باوەڕیان بە غەیب هەیە و نوێژ دەکەن، وە لەو ڕزقەی پێیانمان داوە دەبەخشن.

# ئایەتی ٤

وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

وە ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەوەی بۆ تۆ دابەزیووە، وە ئەوەی پێش تۆ دابەزیووە، وە دڵنیان سەبارەت بە ئاخیرەت.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

ئەو پەرتووکە هیدایەتە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بەو پەرتووکە هەیە کە بۆ تۆ دابەزیووە، واتە قورئان، وە ئەو پەرتووکانەی پێش تۆ دابەزیووە، واتە تەورات و ئینجیل، وە دڵنیان لە ئاخیرەت، واتە لە قیامەت و لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ.

# ئایەتی ٥

أُولَـٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەوانەن لەسەر هیدایەتن لە لایەن خوداکەیانەوە، وە ئەوانەن کە فریاد دەبن.

واتە:

ئەوانەی ئەم سیفاتانەیان تێدا بێت لەسەر هیدایەتن لە لایەن خوداکەیان و لە قیامەت سەرکەوتوو دەبن و لە دۆزەخ ڕزگاریان دەبێت:

یەکەم: باوەڕیان بە غەیب هەیە.

دووەم: نوێژ دەکەن.

سێهەم: زەکات دەدەن.

چوارەم: باوەڕیان بە قورئان و تەورات و ئینجیل هەیە.

پێنجەم: دڵنیان کە قیامەت بوونی هەیە.

## ئایەتی ٦

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

جا ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە، ئەگەر ئاگاداریان بکەیتەوە یان ئاگاداریان نەکەیتەوە، بۆ ئەوانە وەك یەکە و باوەڕ ناهێنن.

واتە:

ئەی محمد بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەو پەرتووکە نەهێناوە وەك یەکە، ئەگەر لە سزا و زەبروزەنگی الله ئاگاداریان بکەیتەوە یان ئاگاداریان نەکەیتەوە، چونکە باوەڕ ناهێنن.

ئەو کافرانە کێن کە باوەڕ بەو پەرتووکە ناهێنن؟

الطبری لە جامع البیان ئاماژە بە ٣ گروپ خەڵك دەکات:

یەکەم: قورەیش.

دووەم: ئەوانەی لە ئەوس و خەزرەج بوون و باوەڕیان نەهێنابوو.

سێهەم: یەهوودیەکان.

وە الطبری دەڵێت یەهوودیەکانن.

# ئایەتی ٧

خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ

دەڵێت:

ﷲ مۆری تارمایی داوە بە سەر دڵیان و بە سەر گوێکانیان و بە سەر چاوەکانیان، وە ئەوانە سزایەکی مەزنیان بۆ دەبێت.

واتە:

ئەو کافرانە باوەڕ ناهێنن بەو پەرتووکە، چونکە ﷲ مۆری تارمایی داوە بە سەر دڵیاندا و گوێچکەکانیان و چاوەکانیان بۆ ئەوەی ئیمان نەهێنن و هەق نەبیستن و نەبینن. وە ئەوانە لە قیامەت سزای دۆزەخ دەدرێن.

# ئایەتی ٨

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ

دەڵێت:

وە لە خەڵك هەیە کە دەڵێت: باوەڕمان بە ﷲ و بە ڕۆژی دوایی هێنا بەڵام ئەوانە باوەڕدار نین.

واتە: دووڕووەکان.

بە زمان دەڵێن باوەڕمان هێناوە بە ﷲ و بە قیامەت، بەڵام لە دڵ و ناخدا باوەڕیان نەهێناوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، هەمووی کۆکن کە ئەم ئایەتە لەسەر دووڕووەکان دابەزیووە.

ابن عباس گوتوویەتی دووڕەووەکان لە ئەوس و خەزرەج.

# ئایەتی ٩

يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ

دەڵێت:

الله و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەخەڵەتێنن، وە هیچ کەسێك ناخەڵەتێنن تەنها خودی خۆیان نەبێت، بەڵام هەست ناکەن.

واتە:

ئەو دووڕووانەی کە بە زمان دەڵێن باوەڕمان بە الله و ئاخیرەت هێناوە، بەڵام لە ناخ و دڵدا باوەڕیان نەهێناوە، دەیانەوێت الله و باوەڕداران بخەڵەتێنن، بەڵام هیچ کەسێك ناخەڵەتێنن تەنها خودی خۆیان نەبێت لە کاتێکدا هەست ناکەن.

وە ابن کثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

هەندێك لە جیاتی {وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ}، دەیانخوێندەوە: {وَمَا يُخَادِعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ}.

## ئایەتی ١٠

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ

دەڵێت:

نەخۆشی لە دڵەکانیان هەیە، جا اللەش نەخۆشیەکەیانی زیاتر کرد، وە ئەوانە سزایەکی ئازاربەخشیان دەبێت بە هۆی ئەوەی نکۆڵیان لێ دەکرد.

واتە:

ئەو دووڕووانە کە بە زمان دەڵێن باوەڕمان بە الله و ڕۆژی دوایی هێناوە، بەڵام لە ناخدا باوەڕیان نەهێناوە، دڵەکانیان نەخۆشە، وە الله نەخۆشیەکانی زیاتر کرد، وە ئەوانە بە هۆی ئەوەی نکۆڵیان کردووە لە پێغەمبەرایەتی محمد و قورئان، ئەوە الله لە قیامەت سزایەکی سەختیان دەدات لە دۆزەخدا.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت، {مَّرَضٌ- نەخۆشی}، واتە شکوگومان.

## ئایەتی ١١

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ

دەڵێت:

وە کاتێك پێیان دەگوترێت خراپەکاری لە خاکەکەدا مەکەن گوتیان لە ڕاستیدا ئێمە چاکەکارین.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم و القرطبى لە الجامع لاحكام القران و الطبرى لە جامع البيان دەڵێن: {فساد}، واتە کوفر و سەرپێچیکردن.

# ئایەتی ١٢

أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَـٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوان خراپەکارنین بەڵام هەست ناکەن؟

واتە:

ئەوانە خراپەکارن چونکە پابەندی کوفرن و سەرپێچی فەرمانەکانی الله دەکەن.

# ئایەتی ١٣

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَـٰكِن لَّا يَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە کاتێك پێیان دەگوترێت باوەڕ بێنن هەروەك چۆن خەڵك باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: ئایا باوەڕ بێنین هەروەك چۆن نەفامەکان باوەڕیان هێناوە، ئەی لە ڕاستیدا خۆیان نەفام نین بەڵام نازانن؟

واتە:

القرطبى لە الجامع لاحكام القران و ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێن: مەبەست دووڕووەکانە.

ابن كثير و الطبرى دەڵێن:

{السفهاء}، کۆی {سَفِيهٍ} و {السَّفِيهُ}، کەسێکی نەفامی بیروڕا لاوازی کەم مەعریفەیە بە بەرژەوەندی و زیان، وە لەبەر ئەوە الله ناوی لە ژنان و منداڵان

ناوه نەفام، {سُفَهَاءَ}، له ئايەتی ٥ سوورەتی النساء كه دەڵێت: {وَلَا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا}، (نەكەن سامانەكانتان كه الله بۆ ئێوەی كردووه به پايەداربوونتان بدەن به نەفامەكان)، وە گشت ئەهلی سەلەف گوتوويانە، واته ژنان و منداڵان.

# ئايەتی ١٤

وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَىٰ شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئيسلام له وەسفكردنی دووڕووەكان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وە كاتێك چاويان بەوانه دەكەوێت كه باوەڕيان هێناوه دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، وە كاتێك بەتەنها بوون لەگەڵ شەيتانەكانيان دەڵێن: ئێمه لەگەڵ ئێوەين، له ڕاستيدا ئێمه پێيان ڕادەبوێرين.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت، ناكۆكی هەيه سەبارەت به {شَيَاطِينِهِمْ} كه كێن:

يەكەم: سەركردەكانی كوفر، (ابن عباس و السدي).

دووەم: شەيتانەكانی جنۆكە، (الكلبي).

سێهەم: جادووگەرەكان، (كۆمەڵێك له شرۆڤەكاران).

ابن كثير له تفسير القران العظيم دەڵێت، چەند وتەوتێك هەيه سەبارەت به مەبەست له شەيتانەكان:

يەكەم: سەركردەكانی كوفر، ( ابن عباس و ابن مسعود و ابي مالك و ابي صالح).

دووەم: هاوڕێكانيان، (ابن عباس).

سێهەم: جووەكان، (ابن عباس).

چوارەم: ياوەرەكانيان له دووڕووەكان و موشريكەكان، (مجاهد و قتادة و السدي و الربيع بن انس)

پێنجەم: شەیتانە یاخیەکان لە جنۆکە و مرۆڤ، (الطبری).

وە ابن کثیر دەڵێت، لە مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە، کە ابوذر دەڵێت، پێغەمبەر گوتی:

نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شَيَاطِينِ الْإِنْسِ وَالْجِنِّ . فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، وَلِلْإِنْسِ شَيَاطِينُ؟ قَالَ : نَعَمْ

پەناگە دەکەین بە الله لە شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە، گوتم: ئەی پێغەمبەری الله ئایا شەیتانی مرۆڤ هەیە؟ گوتی بەڵێ.

# ئایەتی ١٥

اللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ

دەڵێت:

الله گاڵتەیان پێ دەکات و بەردەوامیان پێ دەدات لە سەرکێشیاندا بگەوزێن.

الطبری لە جامع البیان، وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە نەفی سیفەتی گاڵتەپێکردنی الله دەکەنەوە، وە دەڵێت:

بەڵام ئەوانەی دەڵێنگۆی ئەوە دەکەن کە کاتێك الله دەڵێت، {الله گاڵتەیان پێ دەکات}، لە ڕاستیدا ئەوە لە ڕووی وەڵامەوەیە، وە لە ڕاستیدا الله نە گاڵتەدەکات و نە فرتوفێڵ دەکات و نە فریودانی هەیە، وە نەفی ئەو شتانە لەسەر الله دەکەنەوە کە الله لەسەر خۆی جێگیری کردووە و بە پێویستی داناوە. جا ئەگەر ئەو کەسە بڵێت: هەرگیز نە گاڵتەپێکردن وە نە فرتوفێڵ و نە فریودان و نە پێڕابواردن لە لایەن اللهوە بوونی نییە بەرامبەر بە کەسانێك کە خۆی هەواڵی داوە کە گاڵتەیان پێ دەکات و فرتوفێڵیان لێ دەکات و پێیان ڕادەبوێرێت، وەك ئەوە وایە کە بڵێیت الله هیچ کەسێکی بە ناو زەویدا نەبردۆتە خوارەوە لە کاتێکدا الله دەڵێت کە خەڵکانێکی بە زەویدا بردۆتە خوارەوە، وە یان بڵێیت کە الله هیچ کەسێکی لە دەریادا نوقم نەکردووە لە کاتێکدا خۆی دەڵێت کە خەڵکی لە دەریا نوقم کردووە.

مەبەستی الطبری چییە؟ الطبری دەڵێت، کاتێك الله دەڵێت: {للَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ}، (الله گاڵتەیان پێ دەکات)، ماناکەی، واتە الله گاڵتەیان پێ دەکات و ماناکەی ڕوونە، وە ناکرێت خەڵکانێك ئەم دەقە پێنە بکەن و بڵێن گاڵتە پێکردنی جیایە.

وە کاتێك الله دەڵێت، {مَكَرَ اللهُ}، (الله فرتوفێڵی کرد}، ماناکەی، واتە الله فرتوفێڵی کرد، وە ناکرێت مانایەکی دیکەی بۆ دابتاشیت.

وە الطبری دەڵێت، هەر کەسێك نکۆڵی بکات ئەوە:

كَذَّبَ بِالْقُرْآنِ ، وَخَرَجَ عَنْ مِلَّةِ الْإِسْلَامِ

نکۆڵی لە قورئان دەکات و لە میللەتی ئیسلام دەردەچێت.

## ئایەتی ١٦

أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ

دەڵێت:

ئەوانەن کە گومڕاییان بە هیدایەت کڕیوە و بازرگانیەکەیان قازانجی نەکردووە، وە ئەوانە هیدایەت نەدەبوون.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ}، دەڵێت واتە:

دەستیان بە گومڕاییەوە گرتووە و دەستبەرداری هیدایەت بوون.

{فَمَا رَبِحَت تِّجَارَتُهُمْ}، (بازرگانیەکەیان قازانجی نەکردووە)، واتە لە قیامەت دەدۆڕێن.

## ئایەتی ١٧

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَّا يُبْصِرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە سەر دووڕووەکان دەڵێت:

نموونەیان وەك نموونەی ئەو کەسەیە کە ئاگرێکی هەڵگیرساندووە، جا کاتێك ئاگرەکە ئەوەی لە دەورەیەتی ڕووناك کردەوە، الله ئاگرەکەیان دەبات و لە تاریکاییدا دەیانهێڵێتەوە و نابینن.

هەڵەی زمانەوانی:

ئەگەر دیقەت بدەیت دەبینیت کە {مَثَلُهُمْ} و { بِنُورِهِمْ} وَ{تَرَكَهُمْ} و {يُبْصِرُونَ}، تاك نین بەڵکو کۆن، بەڵام {كَمَثَلِ الَّذِي} تاکە. وە ئەوە هەڵەیە نەك تەنها لە زمانی عەرەبی بەڵکو لە هەموو زمانێکدا. لەبەر ئەوە دەبێت ئایەتەکە یان هەمووی کۆ بێت وە یان هەمووی بۆ تاك بێت.

ئەگەر بۆ کۆ بێت ئەوە دەبێت بەم شێوەیە بێت:

مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِينَ اسْتَوْقَدُوا نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُم ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَّا يُبْصِرُونَ

واتە: نموونەیان وەك نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئاگرێکیان هەڵگیرساندووە، جا کاتێك ئەوەی لە دەورەیانە ڕووناك کردەوە.

ناکۆکیەکی قووڵ هەیە سەبارەت بە مانای ئەم ئایەتە کە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لەسەر دووڕووەکان هێناویەتیەوە، بەڵام ابن کثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

ئەو دووڕووانە بە ئیمانهێنانیان لە سەرەتا ڕووناکیان بەدەست هێنا، ئینجا دواتر بە دووڕوویيان ڕووناکییەکەیان نەما و کەوتنە تاریکیەوە.

## ئایەتی ١٨

صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، سەبارەت بە دووڕووەکان دەڵێت:

کەڕ و لاڵ و کوێرن، جا ئەوانە هەرگیز ناگەڕێنەوە.

واتە:

ئەو دووڕووانە کەڕ و لاڵ و کوێرن، ڕێگای هیدایەت نادۆزنەوە، وە ناتوانن بۆ ڕێگای هیدایەت بگەڕێنەوە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ وَحَفْصَةَ دەیانخوێندەوە: {صُمًّا بُكْمًا عُمْيًا}.

## ئایەتی ١٩

أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ يَجْعَلُونَ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ وَاللَّهُ مُحِيطٌ بِالْكَافِرِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، نموونەیەکی دیکە لەسەر دووڕووەکان دەهێنێتەوە و دەڵێت:

یان وەك هەورێکی چڕ لە ئاسمان کە تاریکایی و هەورەتریشقە و برووسکەی تێدایە، پەنجەکانیان دەخەنە ناوگوێکانیانەوە بە هۆی برووسکەکانەوە لە ترسی مەرگ، وە اللە چواردەورەی کافرەکانی داوە.

واتە:

{أَوْ}، یان نموونەیان، {كَصَيِّبٍ مِّنَ السَّمَاءِ}، وەك هەورێکی چڕ لە ئاسمان، {فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ}، کە تاریکایی و هەورەتریشقە و برووسکەی تێدایە، {يَجْعَلُونَ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ}، پەنجەکانیان دەخەنە گوێچکەکانیانەوە لە برووسکەکان، {حَذَرَ الْمَوْتِ}، لە ترسی مەرگ، {وَاللَّهُ مُحِيطٌ بِالْكَافِرِينَ}، وە اللە چواردەورەی کافرەکانی داوە.

دیقەتی ئەم نموونەیە بدەن:

نموونەی دووڕووەکان وەك نموونەی هەورێکی چڕ لە ئاسمان، کە تاریکاریی و هەورەتریشقە و برووسکەی تێدایە، جا دووڕووەکان پەنجەکانیان دەخەنە ناو گوێکانیانەوە بە هۆی گرمە و برووسکەی هەورەکەوە لە ترسی مەرگ، وە اللە چواردەورەی کافرەکانی داوە.

پرسیار؟ ئایا ئەگەر ئیمانداری ڕاستەقینە لە ئاسمان بێت، وە دەنگی هەورەترشیقە بێت و برووسك ببینێت پەنجەکانی ناخاتە گوێکانیەوە و چاوەکانی داناخات؟

تەنانەت ڕوون نییە کە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، مەبەستی لەم نموونەیە چییە؟

دواتر ئاسمان تاریکە مەبەستی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە {ظُلُمَاتٌ} (تاریکیەکان) کە بە کۆیە چییە؟

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

وە ئەمە نموونەیەکی دیکەیە کە الله هێناویەتیەوە لەسەر دووڕووەکان، کە خەڵکانێکن جارێکیان هەق دەبینین، وە جارێکیان شکوگومانیان هەیە، جا دڵەکانیان لە حاڵەتی شك و کوفر و ڕاڕاییدا وەك {صَيِّبٍ}ە.

ابن مسعود، وابن عباس، وناس من الصحابة، وأبو العالية، ومجاهد، وسعيد بن جبير، وعطاء، والحسن البصري، وقتادة، وعطية العوفي، وعطاء الخراساني، والسدي، والربيع بن أنس گوتوویانە: {صَيِّبٍ}، واتە باران. بەڵام الضحاك گوتوویەتی، واتە هەور.

وە ئەوەی بەناوبانگە {صَيِّبٍ}، بارانە لە ئاسمان دابەزیووە لە حاڵەتی تاریکدا، وە تاریکی بریتیە لە شکوگومان و دووڕوویی. وە {رَعْدٌ}، ئەوەیە کە دڵ پێی نیگەران دەبێت بە هۆی ترسەوە. وە لە سیماتی دووڕووەکان، بریتییە لە ترسێکی زۆر و تۆقان.

{بَرْقٌ}، ڕووناکی ئیمانە کە جار بە جار دڵی دووڕووەکان ڕووناك دەکاتەوە.

وە ابن كثير دەڵێت، الْحَسَنِ الْبَصْرِيِّ لە جیاتی {الصَّوَاعِقِ}، دەیخوێندەوە: {مِنَ الصَّوَاقِعِ حَذَرَ الْمَوْتِ}.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە لە جامع الترمذی هاتووە، کۆمەڵێك لە جووەکانی مەدینە دێن بۆ لای محمد صلعم، پرسیاری لێ دەکەن سەبارەت بە برووسکە، لە وەڵامدا محمد دەڵێت:

مَلَكٌ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُوَكَّلٌ بِالسَّحَابِ مَعَهُ مَخَارِيقُ مِنْ نَارٍ يَسُوقُ بِهَا السَّحَابَ حَيْثُ شَاءَ اللَّهُ . فَقَالُوا : فَمَا هَذَا الصَّوْتُ الَّذِي نَسْمَعُ ؟ قَالَ : زَجْرُهُ بِالسَّحَابِ إِذَا زَجَرَهُ حَتَّى يَنْتَهِيَ إِلَى حَيْثُ أَمَرَ اللَّهُ قَالُوا : صَدَقْتَ . الْحَدِيثُ بِطُولِهِ . وَعَلَى هَذَا التَّفْسِيرِ أَكْثَرُ الْعُلَمَاءِ

فریشتەیە لە فریشتەکانی اللە کە بەرپرسە لە هەور گورزێکی لە ئاگر بەدەستەوەیەوە هەورەکان پێیەوە ڕاپێچ دەکات بۆ ئەو شوێنەی اللە دەیەوێت. گوتیان ئەی ئەو دەنگە چییە کە دەیبیستین؟ گوتی: دەنگی فریشتەکەیە کە هاوار دەکات لە هەورەکان کاتێك ڕاپێچیان دەکات تاوەکو دەیانگەیەنێت بەو شوێنەی کە اللە فەرمانی کردووە. گوتیان ڕاست دەکەیت.

وە زۆربەی زانایان لەسەر ئەو شرۆڤەیەن.

# ئایەتی ٢٠

يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُم مَّشَوْا فِيهِ وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

خەریکە بروسکەکە بینایان ببات، هەرچەند جارێك بۆیان ڕووناکی کردەوە تیایدا دەڕۆن، وە کاتێك تاریکایی بەسەریاندا دێت دەوەستن، وە ئەگەر اللە ئارەزووی بکردایە بە دڵنیاییەوە بیستن و بینایی دەبردن، لە ڕاستیدا اللە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دێت.

نموونەی سەقەت لە دوای سەقەت.

دیقەتی ئەم ناکۆکیە بدەن لەم نموونەیە: {يَكَادُ الْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَارَهُمْ كُلَّمَا أَضَاءَ لَهُم مَّشَوْا فِيهِ}

برووسکەکە خەریکە بینایان ببات، بەڵام کاتێك برووسکەکە لێدەدات ئەوە پێشتان ڕووناك دەبێتەوە و بە هۆیەوە ڕێگا دەگرن و دەڕۆن.

جارێکی دیکە دیقەت بدەن، دەڵێت: توندی و بەهێزی برووسکەکە خەریکە بینایان ببات و نەبینن، بەڵام کاتێك برووسکە دەکات ئەوە بە ڕووناکی برووسکەکە بە ڕێگادا دەڕۆن!

ئینجا دەڵێت، {وَإِذَا أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُوا}، جا کاتێك برووسکە نابێت ئەوە ئاسمان تاریك دەبێت، لەبەر ئەوە لە شوێنی خۆیان دەوەستن و بە ڕێگادا ناڕۆن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: {الْبَرْقُ}، واتە ئیمان.

واتە: خەریکە ئیمان بینایان ببات و نەهێڵێت وکوێریان بکات، جا هەرچەند جارێك ئیمان بۆیان ڕووناك دەکاتەوە پیایدا دەڕۆن، وە کاتێك بەسەریاندا تاریك دەبێتەوە ئەوە لە شوێنی خۆیان دەوەستن.

# ئایەتی ٢١

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە ئەو خودایە بپەرستن کە ئێوە و ئەوانەی لە پێش ئێوەی دروستکردووە بەڵکو پارێزراو دەبن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ}، دەڵێت واتە:

بۆ ئەوەی پارێزراو بن لە زەبروزەنگ و توڕەیی.

# ئایەتی ٢٢

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

ئەوەی کە زەوی بۆتان کردووە بە پێخەف و ئاسمان بە بنمیچ و ئاوێکی لە ئاسمان دابەزاندووە کە پێیەوە بەروبوومەکانی بۆ ئێوە وەك ڕزقێك دەرهێناوە، جا نەکەن هاوەڵ بۆ الله بێننە ئاراوە، وە ئێوە خۆتان دەزانن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أبي مالك و أبي صالح و ابن عباس و ابن مسعود و خەڵكانێك لە یاوەرەكانی پێغەمبەر سەبارەت بە {وَالسَّمَاءَ بِنَاءً}، گوتوویانە: ئاسمان بەسەر زەویدا وەك گومبەز وایە، وە بنیمیچە لەسەر زەوی.

ئینجا ئایەتەكە دەڵێت:

فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ

جا نەكەن هاوەڵ بۆ الله بێننە ئاراوە و خۆتان دەزانن

واتە خۆتان دەزانن كە الله تاكە خودایە و شەریكی نییە.

## ئایەتی ٢٣

وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

دەڵێت:

وە ئەگەر ئێوە لە گومانن لەوەی بۆ بەندەكەمان دابەزاندووە، ئەوە سوورەتێك لە هاوچەشنی بێنن، وە بانگی شایەتەكانتان جگە لە الله بكەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە كافر و موشریكەكان دەڵێت:

ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لەو قورئانەی كە بۆ محمدمان دابەزاندووە، وە پێتان وایە كە لە لایەن اللهوە نییە، ئەوە سوورەتێكی هاوچەشنی قورئان بێن وە بانگی هاوچەشنەكانتان بكەن بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەن، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

بە گوێرەی زنجیرەبەندی دابەزین:

یەكەم: لە ئایەتی ٨٨ سوورەتی الاسراء دەڵێت: قورئانێكی هاوچەشن بێنن.

دووەم: لە ئایەتی ٣٨ سوورەتی یونس دەڵێت: سوورەتێكی هاوچەشن بێنن.

سێهەم: لە ئایەتی ١٣ سوورەتی هود دەڵێت: دە سوورەتی هاوچەشن بێنن.

چوارەم: وە لەم ئایەتە دەڵێت: سوورەتێكی هاوچەشن بێنن.

له ئایەتی ٨٨ سوورەتی الاسراء، وەڵاممان بەم تەحەدایەی نووسەری قورئان دایەوە.

## ئایەتی ٢٤

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ

دەڵێت:

جا ئەگەر نەتانکرد، وە هەرگیز ناتوانن بیکەن، ئەوە لەو ئاگرە بترسن کە سووتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە بۆ کافرەکان ئامادە کراوە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابن مسعود و الفراء گوتوویانە: بەردەکە بەردی گۆگردە، چونکە پێنج سیماتی تایبەتی هەیە بۆ ئەشکەنجەدان بەسەر بەردەکانی دیکەوە: خێرا گڕ دەگرێت، بۆنی بۆگەنە، دوکەڵی زۆرە، بە توندی بەلەشەوە دەنووسێت، وە زۆر گەرم دادێت.

وە دەڵێت هەندێك گوتوویانە مەبەست لە {الْحِجَارَةِ} بتەکانە، وەك الله لە ئایەتی ٩٨ سوورەتی الانبیاء دەڵێت: {إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ}، لە ڕاستیدا خۆتان و ئەوانەی جگە لە الله دەیانپەرستن سووتەمەنی دۆزەخن.

وە ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الطبری و ابن ابي حاتم و الحاكم لە المستدرك، ئاماژەیان بە ڕیوایەتێك کردووە کە ابن مسعود سەبارەت بە {وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ}، گوتوویەتی: بەردی گۆگردە، کە الله ئەو ڕۆژە دروستیکردووە کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، وە بۆ کافرەکان ئامادەی کردووە.

# ئایەتی ٢٥

وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا قَالُوا هَـٰذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

وە مژدە بەوانە بدە کە باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە کە باخەکانیان بۆ دەبێت کە لە ژێرەوەیان ڕووبارەکان دەڕۆن، وە هەرچەند جارێك لە یەکێك لە میوەکانی ڕزقێکیان پێ دەدرێت دەڵێن: ئەوە بوو کە پێشوو بۆ ئێمەتان هێنا لە کاتێکدا شتێکی هاوشێوەیان بۆ هاتووە، وە تیایدا هاوسەرانێکی پاکیان دەبێت، وە تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

واتە:

{وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ}، وە مژدە بدە بەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، {أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ}، باخاتێکیان بۆ دەبێت کە ڕووبارەکان لە ژێریانەوە دەڕۆن، {كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا}، هەر چەند جارێك لە میوەیەکی باخەکانیان پێ دەدرێت، {قَالُوا}، دەڵێن، {هَـٰذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ}، ئەوەمان لە پێشوو پێ دراوە، {وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا}، وە میوەیەکی هاوشێوەیان بۆ دەهێنرێت، {وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ}، وە لە باخەکانیان هاوسەرانێکیان دەبێت کە پاکن، {وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ}، وە لە باخەکاندا نەمرن و بۆ هەمیشە دەمێننەوە.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {كُلَّمَا رُزِقُوا مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا- هەر چەند جارێك لە میوەیەکی باخەکانیان پێ دەدرێت}، دەڵێت واتە:

هەر چەند جارێك بەهەشتیەکان میوەیەك لە میوەکانی بەهەشتیان پێ دەدرێت دەڵێن: ئەو میوەیەیان خواردووە لە دونیا.

وە سەبارەت بە {وَأُتُوا بِهِ مُتَشَابِهًا- وە میوەیەکی هاوشێوەیان بۆ دەهێنرێت}، الطبری دەڵێت:

وە میوەیەکی هاوچەشنیان لە ڕەنگ و شێوە بۆ دەهێنرێت کە جیایە لە تام، واتە میوەکەی دونیا و میوەکەی بەهەشت لە ڕەنگ و شێوە لە یەك دەچن، بەڵام جیاوازن لە تام.

وە سەبارەت بە {وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ- وە تیایدا هاوسەرانێکیان دەبێت کە پاکن}، الطبری دەڵێت:

واتە ژنەکانیان لە هەموو ئازار و پیسی و پاشماوەیەك کە ژنانی دونیا هەیانە پاك بوونەتەوە، لە خوێنی سووڕی مانگانە و پیسایی و میز و بەڵغەم و چڵم و تف و تۆواو.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران سەبارەت بە ڕووبارەکانی بەهەشت دەڵێت لە ڕیوایەتێك هاتووە:

ڕووبارەکانی بەهەشت قۆڵتاییان نییە پیایدا بڕۆن، بەڵکو بەسەر ڕووی زەویدا دەڕۆن بە شێوەیەك کە خەڵکەکەی ئارەزوو دەکەن.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ولدانەکان بە میوە بەسەر پیاوانی بەهەشتدا دەسووڕێنەوە، بەهەشتیەکان دەخۆن، ئینجا میوەیەکی هاوچەشنیان بۆ دێنن، خەڵکی بەهەشت پێیان دەڵێن: ئەی ئەو میوە نەبوو هەر ئێستا بۆ ئێمەتان هێنا؟ ولدانەکان دەڵێن: بخۆن، هەمان ڕەنگیان هەیە، بەڵام تامیان جیاوازە، وە ئەوە مانای {وە میوەیەکی هاوچەشنتان بۆ دێنن}.

## ئایەتی ٢٦

إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۘ يُضِلُّ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِي بِهِ كَثِيرًا وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلَّا الْفَاسِقِينَ

دەڵێت:

الله شەرم ناکات کە نموونەی مێشوولەیەك و شتێکی سەرەوەتری بهێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەزانن کە لە ڕاستیدا هەقە لە خوداکایانەوە،

بەڵام ئەوانەی بێباوەڕبوون، دەڵێن الله چ مەبەستێکی هەبوو لەم نموونەیە، زۆرێك پێیەوە گومڕا دەکات، وە زۆرێك پێیەوە هیدایەت دەدات، وە هیچ کەسێك پێیەوە گومڕا نابێت تەنها خراپەکارەکان نەبن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت:

أَبِي مَالِكٍ وَ أَبِي صَالِحٍ و ابْنِ عَبَّاسٍ و ابْنِ مَسْعُودٍ وە خەڵکانێك لە یاوەرەکان گوتوویانە: کاتێك الله ئەم دوو نموونەیەی هێناوە لەسەر دووڕووەکان، ئایەتی ١٧ سوورەتی البقرة {مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا} و ئایەتی ١٩ سوورەتی البقرة {أَوْ كَصَيِّبٍ مِنَ السَّمَاءِ}، دووڕووەکان گوتیان: الله مەزنترە و شکۆمەندترە لەوەی ئەم نموونانە بهێنێتەوە، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

وە قتادة گوتوویەتی: کاتێك الله ئاماژەی کرد بە جاڵجاڵۆکە و مێش، موشریکەکان گوتیان: جاڵجاڵۆکە و مێش چین ئاماژەیان پێ دەکرێت؟ ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

وە ابن كثير سەبارەت بە {مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا}، دەڵێت واتە:

الله شەرم ناکات کە نموونەیەك شتێك بهێنێتەوە کە لە نێوان مێشوولەیەك بۆ سەرەوەی بێت.

وە دەڵێت سەبارەت بە {فَمَا فَوْقَهَا} دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: {فَمَا فَوْقَهَا}، واتە: خوارەوەتر لە بچووکی و هیچوپووچیەوە، (الْكِسَائِيِّ وَأَبِي عُبَيْدَةَ).

دووەم: {فَمَا فَوْقَهَا}، واتە: گەورەتر لە مێشوولە، چونکە هیچ شتێك بچووکتر و هیچوپووچتر لە مێشوولە بوونی نییە، (قتادة) وە الطبرى لەگەڵ ئەم بۆچوونەیە.

وە ئەوەی پشتیوانی ئەم بۆچوونە دەکات، ئەو ڕیوایەتەیە کە لە مسلم هاتووە و عائشة گوتوویەتی پێغەمبەر گوتی:

مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ شَوْكَةً فَمَا فَوْقَهَا إِلَّا كُتِبَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ وَمُحِيَتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ

هیچ موسڵمانێك نییە كە دڕكێك یان شتێكی سەرەوەتر دەچێتە لەشیەوە مەگەر بە هۆیەوە پلەیەكی بۆ نەنووسرێت و گوناهێكی پێ نەسڕێتەوە.

ئەگەر دیقەت بدەین دەبینین كە {فَمَا فَوْقَهَا}، واتە سەرەوەتر، واتە گەورەتر.

## ئایەتی ٢٧

الَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُولَـٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی پەیمانی الله دەشكێنن لە دوای ئەوەی لەگەڵیدا بەستبوویان، وە ئەوە دەبڕن كە الله فەرمانی گەیاندنی پێ كردووە، وە خراپەكاری لە خاكەكەدا دەكەن، ئەوانە دۆڕاوەكانن.

شرۆڤەكەران ناكۆكن سەبارەت بە مەبەست لەو پەیمانەی كە كافر و موشریكەكان لەگەڵ الله بەستوویانە و شكاندوویانە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، دوو بۆچوونی سەرەكی هەیە:

یەكەم: ئەو پەیمانەیە كە ئایەتی ١٧٢ سوورەتی الاعراف ئاماژەی پێ دەكات:

وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ شَهِدْنَا

وە كە خوداكەت لە پشتی كوڕەكانی ئادەم وەچەكانی دەرهێنا و كردنی بە شایەت بە سەر خودی خۆیان و پێ گوتن: ئایا من خوداكەتان نیم؟ گوتیان بەڵێ شایەتیماندا.

دووەم: ئەو پەیمانەیە كە الله لەگەڵ جووەكان بەستوویەتی، وەك ئایەتی ١٨٧ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا

وە کە الله پەیمانی وەرگرت لەوانەی پەرتووکیان پێدراوە کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵك و نەیشارنەوە، بەڵام خستیانە پشت خۆیانەوە و بە نرخێکی کەم فرۆشتان.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت ئەو خەڵکانە:

وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ

وە ئەوەی الله فەرمانی کردووە کە بگەیەنرێت دەبڕن.

{مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ}، وەك الطبری دەڵێت واتە: ڕەحم و خزمایەتی.

واتە: الله فەرمانی کردووە کە بەردەوامی بدرێت بە ڕەحم و خزمایەتی، بەڵام ئەو پەیمانشکێنانە دەیبڕن.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ

وە خراپەکاری لە خاکەکە دەکەن.

خراپەکاری وەك الطبری دەڵێت، واتە: سەرپێچی و کوفر بە خوداکەیان و نکۆڵیکردن لە پێغەمبەرەکەی و ڕەتکردنەوەی پێغەمبەرایەتیەکەی و قورئان.

# ئایەتی ٢٨

كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

دەڵێت:

چۆن کوفر بە الله دەکەن وە ئێوە مردوو بوون، جا زیندووی کردنەوە، ئینجا دەتانمرێنێت، ئینجا زیندووتان دەکاتەوە، ئینجا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، واتە دوو مەرگ و دوو ژیان، مەرگی یەکەم کاتێك تۆواو بوون، ئینجا زیندووبوونەوە لە منداڵدان، ئینجا دوای هاتنە ژیانەوە مەرگی دووەم، ئینجا زیندووبوونەوە لە ڕۆژی قیامەت. وە ئەوە وتەی ابن عباس و قتادة و مقاتل و الفراء و ثعلب و الزجاج و ابن قتیبة و ابن الأنباری یە.

# ئایەتی ٢٩

هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

دەڵێت:

ئەوە کە هەرچیەك لە زەویدایە، هەمووی بۆ ئێوە دروستکردووە، ئینجا بەرزبۆتەوە بۆ ئاسمان و کردوونەتی بە ٧ ئاسمان، وە ئەو بە هەموو شتێك دەزانێت.

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٩-١٢ سوورەتی فصلت.

الطبری لە جامع البیان و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن، أبي مالك و أبي صالح و ابن عباس و ابن مسعود و کۆمەڵێك لە یاوەرەکانی پێغەمبەر گوتوویانە:

عەرشەکەی الله لەسەر ئاو بوو، وە هیچ شتێکی بەر لە دروستکردنی ئاو دروستنەکردبوو. کاتێك ویستی مەخلوقات دروستبکات، لە ئاوەکە هەڵمێکی دەرهێنا و هەڵمەکە بەسەر ئاوەکە بەرزبۆوە و الله بە ئاسمان ناوی برد. ئینجا الله ئاوەکەی وشك کرد و کردی بە یەك زەوی، ئینجا لە دوو ڕۆژدا کردی بە ٧ چین زەوی کە ڕۆژی یەکشمە و دووشەممە بوو، وە زەوی لەسەر نەهەنگ دروستکرد، وە نەهەنگەکە ئەو (نون)ەیە کە قورئان ئاماژەی پێ کردووە کاتێك دەڵێت {ن وَالْقَلَمِ}، وە نەهەنگەکە لە ناو ئاو بوو، وە ئاوەکە لەسەر بەردێکی پتەو بوو لەسەر پشتی فریشتەیەك، وە فریشتەکە لەسەر بەردێك بوو، وە بەردەکە لە هەوادا بوو، وە بەردەکە ئەو بەردەیە کە لە سوورەتی لقمان هاتووە. نەهەنگەکە جووڵایەوە و شڵەژا، لەگەڵیدا زەوی لەرزی، ئەوەبوو الله چیاکانی فڕێدایە سەریەوە کە بە هۆیانەوە زەوی جێگیر بوو، وەك ئایەتی ١٥ سوورەتی النحل دەڵێت: {وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ- وە چیاکانی فڕێداوەتە سەر زەویەوە بۆ ئەوەی بەلاتاندا نەهێنێت}. چیاکانی تیادا دانا و دروستکرد، وە پێداویستیەکان و درەختەکانی تێدا دروستکرد لە دوو ڕۆژدا کە ڕۆژی سێشەمە و چوارشەممە بوو، {ئایەتی ٩-١١ سوورەتی فصلت}. وە هەڵمی ئاوەکەی کرد بە یەك ئاسمان، ئینجا کردی بە حەوت چین ئاسمان لە دوو ڕۆژدا کە ڕۆژی

پێنجشەممە و هەینی بوو، ئینجا ئاسمانی دونیای بە ئەستێرەکان ڕازاندەوە کە لە هەمان کاتدا ئاسمان دەپارێزێت لە شەیتانەکان. جا کاتێك خەلقی تەواو کرد لەسەر عەرش دانیشت، وەك ئایەتی ٥٤ سوورەتی الاعراف دەڵێت، {ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکردووە}.

# ئایەتی ٣٠

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە کە خوداکەت بە فریشتەکانی گوت لە ڕاستیدا من جێنشینێك لە زەویدا دادەنێم، گوتیان: ئایا کەسێکی تیادا دادەنێیت کە خراپەکاری تیادا بکات و خوێن بڕێژێت؟ وە ئێمە بە شکۆت هەڵدەدەین و پیرۆزی تۆ ڕادەگرین، گوتی ئەوەی من دەزانم ئێوە نازانن.

تێبینی و سەرنج:

دوای ئەوەی الله ئاسمانەکان و زەوی دروستدەکات، بڕیار دەدات جێنشینێك {خَلِيفَة} لە زەویدا دابنێت، بۆ ئەم مەبەستە ئادەم لە قوڕ دروستدەکات.

بە فریشتەکان دەڵێت: لە ڕاستیدا من جێنشینێك لە زەوی دادەنێم، واتە ئادەم دروستدەکەم و دەیکەم بە جێنشین لە زەویدا.

فریشتەکان لە وەڵامدا دەڵێن: ئایا کەسێك لە زەویدا دادەنێیت کە:

یەکەم: خراپەکاری لە زەویدا بکات؟

دووەم: خوێن بڕێژێت؟

واتە: فریشتەکان لە غەیبیان زانیووە. لە کاتێکدا ئایەتی ٦٥ سوورەتی النمل دەڵێت: {لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ} واتە: هیچ کامێك لەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان غەیب نازانن تەنها الله نەبێت.

الله پێیان دەڵێت: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

چەند پرسیارێك: (هەمان پرسیار کە خستمانە ڕوو لە سوورەتی الاعراف):

یەکەم: فریشتەکان چۆن زانیان نەوەکانی ئادەم خراپەکاری لە زەویدا دەکەن؟

دووەم: فریشتەکان چۆن زانیان کە نەوەکانی ئادەم خوێنیان هەیە؟

هەڵبەتە شرۆڤەکەران بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەم هەڵەیان پینە کردووە و چەندەها ڕیوایەتیان دروست کرد، کە گوایە صحابة و تابعین ئاماژەیان پێ کردووە .

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، یەکەم کەس کە لە زەویدا نیشتەجێ بوو و خراپەکاری تێدا کرد و خوێنی تیادا ڕشت و یەکتریان کوشت جنۆکەکان بوون. الله ئیبلیسی لەگەڵ سوپایەك لە فریشتە ناردە سەر جنۆکەکان، ئیبلیس و سەربازەکانی دەستیان کرد بە کوشتنی جنۆکەکان تاوەکو ڕاویان نان بۆ دوورگەکان و چیاکان، ئینجا ئادەمی دروستکرد و لە زەویدا نیشتەجێی کرد، وە ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت، {لە ڕاستیدا من لە زەویدا جێنشینێك دادەنێم}

الربیع بن أنس گوتوویەتی، {لە ڕاستیدا من لە زەویدا جێنشینێك دادەنێم} واتە: الله فریشتەکانی لە ڕۆژی چوارشەممە دروستکرد، وە جنۆکەی لە ڕۆژی پێنجشەممە دروستکرد، وە ئادەمی لە ڕۆژی هەینی دروستکرد، جا خەڵکانێك لە جنۆکەکان کوفریان کرد، فریشتەکان دادەبەزین بۆ زەوی و جنۆکەکانیان دەکوشت و خوێنیان دەڕشت، وە خراپەکاری لە زەویدا هەبوو.

الطبری زانیویەتی کێشە لەم ئایەتەدا هەیە، وەك دەڵێت:

ئەگەر کەسێك بپرسێت: چۆن فریشتەکان بە خوداکەیان گوت کاتێك گوتی من جێنیشینێك لە زەویدا دادەنێم: { ئایا کەسێك لە زەویدا دادەنێیت کە خراپەکاری تێدا بکات و خوێن بڕێژێت؟}، وە ئەو کات هێشتا نە ئادەم وە نە وەچەکانی دروستنەکرابوون، کەواتە شتێکیان زانیووە کە بە چاو دەبینرێت؟ ئایا فریشتەکان غەیبیان زانیووە کاتێك وایان گوتووە، یان لە خۆیانەوە ئەم قسەیان کردووە؟ لە وەڵامدا دەگوترێت: زاناکانی شرۆڤەکار چەند وتەوتێکیان گوتووە، لێرە ئاماژە بە ڕاسترینیان دەکەین:

ابن عباس گوتوویەتی:

ئیبلیس جۆرێك لە فریشتەكان بوو كە پێیان دەگوترا {الحن} كە لە كڵپەی ئاگر لە نێوان فریشتەكاندا دروستكرابوو، وە ناوی الحارث بوو، وە ئیبلیس بەرپرسێك بوو لە بەرپرسەكانی بەهەشت، وە هەموو فریشتەكان لە ڕووناكی دروستكرابوون تەنها {الحن} نەبێت، وە ئەو جنۆكانەی قورئان ئاماژەی پێیان كردووە لە بڵێسەیەك لە ئاگر دروستكراون، وە مرۆڤ لە قوڕ دروستكراوە، وە یەكەم كەس كە لە زەویدا نیشتەجێ كرا جنۆكە بوو. خراپەكاریان لە زەویدا كرد و خوێنیان ڕشت و یەكتریان كوشت، جا الله ئیبلیس و كۆمەڵێك سەربازی لە فریشتە ناردە سەریان، ئیبلیس و سەربازەكانی شەڕی جنۆكەكانیان كرد و ڕاویان نان بۆ دوورگەكان و چیاكان. كاتێك ئیبلیس ئەم كارەی كرد، لە خودی خۆیدا خۆی بەزل زانی و شانازی بە خۆی كرد و گوتی: شتێكم كرد كە هیچ كەسێك نەیتوانی ئەم كارە بكات، الله زانی كە ئەو خۆبەزلزانیە لە دڵی ئیبلیس هەیە، بەڵام فریشتەكان بەمەیان نەزانی. ئینجا الله بەو فریشتانەی گوت كە لەگەڵ ئیبلیس بوون، {لە ڕاستیدا من جێنشینێك لە زەویدا دادەنێم}، فریشتەكان وەڵامیان دایەوە و گوتیان: {ئایا كەسێك لە زەویدا دادەنێیت كە خراپەكاری تیادا بكات و خوێن بڕێژێت؟} وە ئێمە نێردراین بۆ سەریان بە هۆی ئەو كارەیانەوە، الله وەڵامیانی دایەوە و گوتی، {لە ڕاستیدا ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن}، واتە: لە ڕاستیدا من ئاگادارم بەوەی لە دڵی ئیبلیس دایە، لە خۆبەزلزانی و شانازیكردنەوە كە ئێوە ئاگاداری نین. ئینجا الله فەرمانی كرد بە خۆڵ كە لە زەویەوە بۆی بەرز بكرێتەوە، وە ئادەمی بە دەستەكانی خۆی لە قوڕێكی لینجی ڕەش هەڵگەڕاوی بۆگەن دروستكرد. ئادەم بۆ ماوی چل شەو مایەوە تەنها وەك پەیكەرێك. وە ئیبلیس دەهات بۆ لای، بە قاچەكانی لێی دەدا و دەنگدانەوەی هەبوو، هەروەك الله لە ئایەتی ١٤ سوورەتی الرحمن دەڵێت: {لە قوڕێكی زرینگەدار وەك فەخفووری}، واتە شتێك كە ناوی بۆشە و پتەو نییە. ئینجا ئیبلیس لە دەمیەوە دەچووە ناو ئادەم و لە قونیەوە دەهاتە دەرەوە، وە لە قونیەوە دەچووە ناو ئادەم و لە دەمیەوە دەهاتە دەرەوە، وە دەیگوت: تۆ هیچ نیت بەڵام بۆ شتێك دروستكراویت، ئەگەر بەسەرتدا زاڵ بم ئەوە لەناوت دەبەم، وە ئەگەر تۆ بەسەرم زاڵ بیت ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرپێچیت دەكەم. جا كاتێك الله ڕۆحی فوو كردە ناویەوە، ڕۆحەكە لە ئاستی سەریەوە هات و دابەزی تاوەكو هەموو

لەشی ئادەمی کرد بە گۆشت و خوێن، کاتێك ڕۆحەکە گەیشتە ئاست ناوکی، ئادەم سەیری لاشەی خۆی کرد و سەرسام بوو بە جوانیەکەی، ویستی هەڵبستێتەوە بەڵام نەیتوانی، وە ئەوە مانای ئایەتی ١١ سوورەتی الاسرایە کە دەڵێت، {وە مرۆڤ هەمیشە بە پەلەپەل بووە}. جا کاتێك فووەکە سەرتاپای لاشەکەی گرتەوە ئادەم پژمی، بە ئیلهامێك لە اللهوە گوتی: سوپاس بۆ الله خودای جیهانەکان. الله پێی گوت: الله ڕەحمت پێ بکات ئەی ئادەم، ئینجا الله فەرمانی بەو فریشتانە کرد کە لەگەڵ ئیبلیس بوون، نەك فریشتەی ئاسمانەکان، کە کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، هەموویان کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت، کە ڕەتیکردەوە کڕنۆش ببات و خۆ بەزلزان بوو.

ابن عباس بە شێوەیەك باس دەکات وەك ئەوەی لە ئان و ساتی دروستکردنی ئادەم لەوێ بووبێت. بەشێك لەم قسانەی ابن عباس هیچ بەڵگەیەکی نییە لە قورئاندا وەك:

یەکەم: ئیبلیس کە لە {الحن} بووە بە پێچەوانەوە، قورئان دەڵێت جنۆکە بووە، وەك ئایەتی ٥٠ سوورەتی الکهف دەڵێت:

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ

وە کە بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، جا کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە لە جنۆکە بوو.

دووەم: ئایا جنۆکە کە لە بڵێسەی ئاگرن، خوێنیان هەیە؟

سێهەم: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە ڕێگای فەرمانکردنی بە فریشتەکان بۆ کڕنۆشبردن بۆ ئادەم، فەرمانی کردووە کە فریشتەکان شرکی پێ بکەن.

چوارەم: وەك ابن عباس دەڵێت: ئیبلیس لە ناخی خۆیدا شانازی بە خۆی دەکرد و خۆی پێ گەورە بوو، وە فریشتەکان بەوەیان نەدەزانی، دە کەواتە بۆچی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام تەنها فەرمانی بە ئیبلیس نەدەکرد، نەك فریشتەکان کە کڕنۆش بۆ ئادەم ببات؟

# ئایەتی ٣١

وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَـٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

دەڵێت:

وە ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد، ئینجا نیشانی دان بە فریشتەکان و گوتی: ناوی ئەوانەم پێ بڵێن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە: دوای ئەوەی فریشتەکان ڕەخنە لە الله دەگرن کە چۆن کەسێك لە زەویدا دادەنێت کە ئادەمە، بۆ ئەوەی خراپەکاری تێدا بکات و خوێن بڕێژێت، الله تۆڵە لە فریشتەکان دەکاتەوە لە ڕێگای فرتوفێڵێك کە دەیکات. فرتوفێڵەکە ئەوەیە: الله ئادەم فێرە ناوی هەموو ئەو شتانە دەکات کە دروستیکردووە، ئینجا الله ئەو شتانە بە فریشتەکان نیشان دەدات و پێیان دەڵێت: ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ئێوە درۆزن نین و ڕاستگۆن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

الله ناوی هەموو شتێکی فێرە ئادەم کرد، تەنانەت تس و تسۆکە و تڕ و ئاخ و ئۆفیش.

دەبێت الله چۆن ناوی تس و تسۆکە و تڕی فێرە ئادەم کردبێت؟

پێم وایە دەبێت بەم شێوەیە بووبێت:

الله بە کن فیکون تڕێکی بە ئادەم کردووە، کاتێك ئادەم تڕەکەی لێداوە، لە اللەی پرسیووە، الله ئەو دەنگە چی بوو کە لێمەوە دەرچوو؟ الله گوتوویەتی ئەوە پێی دەڵێن تڕ.

وە الله بە کن فیکون، تسێکی بە ئادەم کردووە، ئادەم تسی کردووە و بۆنی هاتووە، لە اللەی پرسیووە ئەم بۆنە چییە لێم هاتە دەرەوە؟ الله گوتوویەتی ئەوەی پێی دەڵێن تس.

دیارە الله بە نهێنی و دوور لە چاوی فریشتەکان ناوی هەموو شتەکانی فێرە ئادەم کردووە، چونکە دواتر، وەك ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت: الله ئەو شتانە بە فریشتەکان نیشان دەدات بۆ ئەوەی ئاماژە بە ناوەکانیان بکەن.

ئەوەی سەیرە لەم ئایەتە ئەوەیە کە دەکرێت فریشتە درۆ بکەن، چونکە الله پێیان دەڵێت:

أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَـٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە دەکرێت درۆزن بن.

کەواتە دەکرێت جبرایل لە هەندێك لەو دەقانەی کە بۆ محمدی هێناوە درۆی کردبێت.

وە الطبری لە شرۆڤەی {إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ- ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن}، دەڵێت ابن عباس و ابن مسعود و ابو صالح و ابو مالك گوتوویانە واتە:

ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن کە نەوەکانی ئادەم خراپەکاری لە زەویدا دەکەن و خوێن دەڕێژن.

هەر زوو پێشبینی فریشتەکان ڕاست دەرچوو کاتێك قابیل هابیلی برای کوشت. وە ئەو ڕووداوە سەلماندی کە فریشتەکان ڕاستگۆ بوون و الله ڕاستگۆ نەبووە.

## ئایەتی ٣٢

قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ

فریشتەکان وەڵامی الله دەدەنەوە:

گوتیان تۆ شکۆمەندیت هیچ نازانین تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ ئێمەت فێرکردووە، لە ڕاستیدا هەر تۆ شارەزا لێزانەکەیت.

واتە: فریشتەکان دەڵێن ئێمە ناوی ئەو شتانە نازانین، وە تەنها ناوی شتانێک دەزانین کە تۆ ئێمەت فێرکردووە. واتە ئێمە لە غەیب نازانین.

# ئایەتی ٣٣

قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ

نووسەری قورئان دەڵێت الله:

گوتی ئەی ئادەم ناوەکانیانیان پێ بڵێ، جاکاتێك بە ناوەکانیان ئاگاداری کردنەوە، گوتی ئەی بە ئێوەم نەگوت لە ڕاستیدا هەر خۆم بە غەیبی ئاسمانەکان و زەوی دەزانم، وە دەزانم ئەوەی دەریدەخەن و ئەوەی دەتانشاردەوە.

واتە: الله تۆڵە لە فریشتەکان دەکاتەوە، کاتێك فریشتەکان ناوی شتەکان نازانن، الله فەرمان بە ئادەم دەکات، ناوی شتەکان بە فریشتەکان بڵێت، کاتێك ئادەم ناوی شتەکان بە فریشتەکان دەڵێت، الله بە فریشتەکان دەڵێت: ئەی پێم نەگوتن کە هەر خۆم لە غەیبی ئاسمانەکان و زەوی دەزانم، وە دەشزانم بەوەی دەریدەخەن و بەوەش کە دەیشارنەوە.

# ئایەتی ٣٤

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ

دەڵێت:

وە کە بە فریشتەکانمان گوت کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن جا کڕنۆشیان برد تەنها ئیبلیس نەبێت کە ڕەتی کردەوە و خۆی بە گەورە زانی، وە لە کافرەکان بوو.

ئەم بڕگەیە {وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ}، لە چوار سوورەتدا هاتووە :

یەکەم: ئایەتی ١١٦ سوورەتی طه.

دووەم: ئایەتی ٦١ سوورەتی الاسراء.

سێهەم: ئایەتی ٥٠ سوورەتی الکهف.

چوارەم: ئایەتی ٣٤ سوورەتی البقرة.

لە ئایەتی ٦١ الاسراء دەڵێت:

قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا

ئیبلیس گوتی ئایا کڕنۆش بۆ ئەوە ببەم کە لە قوڕ دروستتکردووە.

بڕگەی کۆتایی ئەم ئایەتە دەڵێت:

وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ

وە ئیبلیس لە کافرەکان بوو.

واتە کافر بوونی هەبوو، وە کاتێك ئیبلیس ڕەتی کردەوە کە کڕنۆش بۆ ئادەم ببات ئەوە بوو بە یەکێك لە کافرەکان.

پرسیار: بۆ ئەو کات کافری دیکە بوونیان هەبوو؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

ئیبلیس ناوی عزازیل بوو، وە یەکێك بوو لە شەرافەتمەندترینی فریشتەکان، وە چوار باڵی هەبوو بەڵام دواتر هەڵگەڕایەوە و ناوی بوو بە ئیبلیس.

بەڵام ابن زید والحسن وقتادة گوتوویانە: ئیبلیس باوکی جنۆکەکانە هەروەك چۆن ئادەم باوکی مرۆڤەکانە، وە ئیبلیس لە فریشتەکان نەبووە.

## ئایەتی ٣٥

وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە گوتمان ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە لە هەر کوێیەك ئارەزووتان کرد بخۆن، وە نەکەن لەم درەختە نزیك ببنەوە، ئەگینا لە ستەمکاران دەبن.

ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ١٩ سوورەتی الاعرافە:

وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلاَ مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلاَ تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ

به یەك جیاوازی كە ئەم بڕگەیەی تێدا نییە كە دەڵێت { مِنْهَا رَغَدًا}

{رغدا}، واتە ئازادانە هەرچیەك ئارەزوو بكەن.

بە حوكمی ئەوەی قورئان پەرتووكێكی تا سەر ئێسقان پیاوسالارە، وە دژە ژنە، ئەوە لە قورئاندا بە هیچ جۆرێك ئاماژە بە ناوی هیچ ژنێك نەكراوە تەنها مریەم نەبێت، ئەوەش، چونكە المسیح باوكی نەبووە، وە چار ناچار بووە كە ئاماژە بە مریەم بكات.

لە سوورەتی الاعراف بە درێژی ئاماژەمان كرد كە چۆن حواء دروستكراوە، وە ئەم درەختە چییە كە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام فەرمانی كردووە بە ئادەم و حواء كە لێی نزیك نەكەونەوە.

وە سەبارەت بەو درەختە، ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، شەش وتەوت هەیە:

یەكەم: گەنم، (ابن عباس و عبدالله بن السلام و كعب الاحبار و وهب بن منبه و قتادة و عطیة العوفی و محارب بن دثار و مقاتل).

دووەم: ترێ، (ابن مسعود و ابن عباس و سعید بن جبیر و جعدة بن هبیرة).

سێهەم: هەنجیر، (الحسن و عطاء بن ابي رباح و ابن جریج).

چوارەم: درەختی زانست، (ابن عباس).

پێنجەم: كافوور، (علی بن ابي طالب).

شەشەم: خورما، (ابي مالك).

تێبینی:

بە گوێرەی تەورات، وەك لە سوورەتی الاعراف ئاماژەمان كرد، ئەو درەختە درەختی زانینی چاكە و خراپە بووە.

ئەگەر سەرنجێكی ناوی ئەو كەسانە بدەین كە گوتوویانە گەنم بووە دەبینین كە ئەم ناوانەی تێدایە:

عبدالله بن السلام و كعب الاحبار و وهب بن منبه

عبدالله بن سلام و کعب الاحبار گوایە یەهودی بوون و وهب بن منبە مەسیحی بوو کە موسڵمان بوون.

من پێم وایە ئەو ٣ کەسە گاڵتەیان بە ئەقڵی موسڵمانان کردووە، چونکە لە دووەم اصحاحی سفر التکوینی تەوراتدا زۆر بە ڕوونی هاتووە کە درەختەکە درەختی زانینی چاکە و خراپە بووە:

مِنْ جَمِيعِ شَجَرِ الْجَنَّةِ تَأْكُلُ أَكْلًا، وَأَمَّا شَجَرَةُ مَعْرِفَةِ الْخَيْرِ وَالشَّرِّ فَلاَ تَأْكُلْ مِنْهَا، لأَنَّكَ يَوْمَ تَأْكُلُ مِنْهَا مَوْتًا تَمُوتُ

بۆت هەیە لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە ئەو ڕۆژەی لێی بخۆیت، بە دڵنیاییەوە دەمریت.

## ئایەتی ٣٦

فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ

دەڵێت:

جا شەیتان لێیەوە لایبردن و لەوەی تیایدا بوون بەدەرکردنی دان، وە گوتمان دابەزن، هەندێکتان بۆ هەندێکتان دوژمن بن، وە بۆ ئێوە لە زەویدا سرەوتن هەیە، وە خۆشی کردن بۆ ماوەیەك.

واتە:

شەیتان ئادەم و حەوای فریودا و لە بەهەشت بە دەرکردنی دان، وە الله دەڵێت بە ئادەم و حەوا و شەیتانمان گوت: دابەزن بۆ زەوی، وە ببن بە دوژمنی یەکتر، وە بۆ ماوەیەك بۆ خۆتان لە زەویدا خۆشی بکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەندێك لە قورئانخوێنان لە جیاتی {فَأَزَلَّهُمَا}، دەیانخوێندەوە: {فَأَزَالَهُمَا}.

وە لە سوورەتی الاعراف پرسیارێکی لۆجیکمان کرد، کە ئەوەیە:

کاتێك ئیبلیس کڕنۆشی نەبرد بۆ ئادەم، اللە ئیبلیسی لەبەهەشت دەرکرد، ئیبلیس چۆن گەڕایەوە بەهەشت بۆ لە خشتەبردنی ئادەم و حەوا؟

الطبری لە جامع البیان ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە وهب بن منبه گوتوویەتی:

کاتێك ئیبلیس ویستی ئادەم و حەوا لە خشتە ببات، چووە ناو سکی مارێکەوە، وە ئەوکات مار بە قەد وشترێك بوو، وە چوار پەلی هەبوو، وە جوانترین ئاژەڵ بوو کە اللە دروستیکردبوو، جا کاتێك مارەکە چووە بەهەشتەوە، ئیبلیس لە سکی هاتە دەرەوە، وە لە درەختەکەی لێ کردەوە و بردی بۆ لای حەوا و گوتی: سەیری ئەم درەختە بکە، بۆنی چەند خۆش و چەند بەتامە و ڕەنگی چەند جوانە. حەوا لێی خوارد، ئینجا حەوا درەختەکەی برد بۆ لای ئادەم و گوتی: سەیری ئەم درەختە بکە بۆنی چەند خۆشە و چەند بەتامە و ڕەنگی چەند جوانە! ئادەم خواردی، جا نێوگەڵیان بۆ یەکتر بەدیار کەوت، ئادەم خۆی لە ناو درەختەکە شاردەوە، خوداکەی بانگی کرد و گوتی: ئەی ئادەم لە کوێیت؟ گوتی ئەوەتا لێرەم خوداکەم. اللە گوتی نایەیتە دەرەوە؟ گوتی شەرمت لێ دەکەم خوداکەم. اللە گوتی ئەو زەویە نەفرەت لێکراوە کە تۆ لەو خۆڵەی دروستکراویت، وە دەبێت بەروبوومەکەی دڕکاوی بن. وە ئەوکات هیچ درەختێکی زەوی دڕکاوی نەبوون. ئینجا بە حەوای گوت: تۆ بوویت کە بەندەکەی منت فریودا، وە تۆ دەبێت لەگەڵ هەر دووگیان بونێکت ئێش و ئازار ببینیت، وە کاتێك منداڵەکەت دەبێت دەبێت مەرگ ببینیت، وە بە مارەکەی گوت: ئیبلیسی نەفرەت لێکراو بە هۆی تۆوە گەڕایەوە بەهەشت بۆ لە خشتە بردنی بەندەکەم، تۆ نەفرەت لێکراویت، وە لە مەودوا نابێت لەسەر قاچ بڕۆیت بەڵکو دەبێت لەسەر سك بخشێیت، وە لە زەویدا هیچ خواردنێکت نابێت تەنها خۆڵ نەبێت، وە تۆ دەبیت بە دوژمنی نەوەکانی ئادەم، وە نەوەکانی ئادەم دەبن بە دوژمنی تۆ، کاتێك تووشی دانەیەکیان دەبیت گاز دەگریت لە پاژنەیان، وە هەر کامێکیان تووشت بن ئەوە سەرت پان دەکەنەوە.

ابن كثير لە تفسیر القران العظيم ئاماژە بە چەند ڕیوایەتێك دەكات:

یەکەم: ابي ذر گوتوویەتی:

قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ؛ أَرَيْتَ آدَمَ ، أَنَبِيًّا كَانَ ؟ قَالَ : نَعَمْ ، نَبِيًّا رَسُولًا كَلَّمَهُ اللَّهُ قِبَلًا فَقَالَ: ( اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ )

گوتم ئەی پێغەمبەر الله ئایا ئادەم پێغەمبەر بوو؟ گوتی بەڵێ پێغەمبەر و پەیامبەر بوو، وە الله ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵدا کردووە و پێی گوتوە {خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشتدا بژین}.

دووەم: وە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ آدَمَ رَجُلًا طِوَالًا كَثِيرَ شَعْرِ الرَّأْسِ ، كَأَنَّهُ نَخْلَةٌ سَحُوقٌ ، فَلَمَّا ذَاقَ الشَّجَرَةَ سَقَطَ عَنْهُ لِبَاسُهُ ، فَأَوَّلُ مَا بَدَا مِنْهُ عَوْرَتُهُ ، فَلَمَّا نَظَرَ إِلَى عَوْرَتِهِ جَعَلَ يَشْتَدُّ فِي الْجَنَّةِ ، فَأَخَذَتْ شَعْرَهُ شَجَرَةٌ ، فَنَازَعَهَا ، فَنَادَاهُ الرَّحْمَنُ : يَا آدَمُ ، مِنِّي تَفِرُّ ! فَلَمَّا سَمِعَ كَلَامَ الرَّحْمَنِ قَالَ : يَا رَبِّ ، لَا وَلَكِنِ اسْتِحْيَاءً

الله ئادەمی وەك پیاوێکی باڵا بەرزی قژ پڕ و زۆر دروستکرد، وەك دارخورما وابوو، جا کاتێك تامی درەختەکەی کرد، جلەکانی لەبەر بۆوە و نێوگەڵی بەدیارکەوت، کاتێك سەیری نێوگەڵی خۆی کرد لە بەهەشت ڕایدەکرد، تاوەکو درەختێك قژی ئادەمی گرت، الله بانگی ئادەمی کرد: ئەی ئادەم ئەوە لە من ڕادەکەیت؟ کاتێك گوێی لە دەنگی الله بوو، ئادەم گوتی: خوداکەم نەخێر بەڵام شەرم دەکەم.

سێهەم: وە الحاکم لە المستدرك بە اسنادێکی صحیح لە سەر مەرجی بوخاری و مسلم ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە کە ابن عباس گوتوویەتی:

مَا أُسْكِنَ آدَمُ الْجَنَّةَ إِلَّا مَا بَيْنَ صَلَاةِ الْعَصْرِ إِلَى غُرُوبِ الشَّمْسِ

ئادەم لە بەهەشت نەمایەوە تەنها بۆ ماوەی نێوان نوێژی عەسر بۆ مەغریب نەبێت.

چوارەم: لە مسلم و النسائی ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ فِيهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا

چاکترین ڕۆژ، ڕۆژی هەینیە کە تیایدا ئادەم خەلق کراوە، وە تیایدا ئادەم چۆتە بەهەشتەوە، وە تیایدا لە بەهەشت دەرکراوە.

# ئایەتی ٣٧

فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

دەڵێت:

جا ئادەم لە خوداکەیەوە چەند وتەیەکی پێ گەیشت و لێی بووری، لە ڕاستیدا ئەو لێبووردە میهرەبانەکە بووە.

ئایەتی ٢٣ سوورەتی الاعراف دەڵێت، ئادەم و حەوا داوایان لە الله کردووە کە لێیان ببوورێت:

قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ

ئادەم و حەوا گوتیان: خوداکەمان ستەممان لە خۆمان کرد، وە ئەگەر لێمان نەبووریت و ڕەحممان پێ نەکەیت ئەوە بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبین.

دیارە الله دوای ئەوەی ئادەم و حەوا پاڕاونەتەوە لێیان بووراوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، الحاکم لە المستدرك، ئاماژەی بە ڕیوایەتێکی ابن عباس کردووە کە لە شرۆڤەی {فَتَلَقَّىٰ آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ} گوتوویەتی:

ئادەم گوتی ئەی خوداکەم ئەی تۆ منت بە دەستەکانی خۆت دروستنەکردووە؟ گوتی بەڵێ. ئادەم گوتی: ئەی خۆت ڕۆحت فوو نەکردۆتە ناومەوە؟ گوتی بەڵێ. ئادەم گوتی: وە کاتیك پژمیم نەتگوت: الله ڕەحمت پێ بکات، وە ڕەحمەتەکەت پێش توڕەییەکەت کەوتووە؟ گوتی بەڵێ. وە خۆت لەسەر منت نووسیوە کە ئەو کارە بکەم؟ گوتی بەڵێ. ئادەم گوتی: ئەگەر تۆبە بکەم ئایا دەمگێڕیتەوە بۆ بەهەشت؟ گوتی بەڵێ.

# ئایەتی ٣٨

قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

گوتمان گشتتان لێی دابەزن، جا یان لە منەوە هیدایەتتان بۆ دێت، ئەوکات هەر کەسێك پیادەی هیدایەتم بکات ئەوە نە ترسیان لەسەرە وە نە دڵتەنگ دەبن.

ئایەتی ٣٧ دەڵێت:

فَتَلَقَّى آدَمُ مِن رَّبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ

جا ئادەم لە خوداکەیەوە چەند وتەیەکی پێ گەیشت و خوداکەی لێی خۆش بوو.

بەڵام ئایەتی ٣٨ دەڵێت: لە بەهەشت دەریکرد

لێخۆشبوون مانای چییە؟ واتە سزای کەسێك نەدەیت ئەگەر کەسێك هەڵەیەك یان تاوانێکی کرد.

بەڵام دەبینین کە لە ئایەتی ٣٨ الله سزای ئادەم و حەوای داوە و لە بەهەشت دەریکردوون، کەواتە لێخۆشبوون مانای چییە؟

ئەم ئایەتە دەڵێت:

اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا

هەمووتان لە بەهەشت دابەزن.

{اهْبِطُوا}، کۆیە و بۆ ٣ دانە و زیاتر بەکاردێت.

بەڵام لە ئایەتی ١٢٣ سوورەتی طه هاتووە دەڵێت:

اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا

ئێوە هەردووکتان لە بەهەشت دابەزن.

{اهْبِطَا}، بۆ دوو دانە بەکاردێت، واتە ئادەم و حەوا.

پرسیار: الله گوتی {اهْبِطُوا}، یان گوتی {اهْبِطَا}؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم سەبارەت بە} اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا} دەڵێت واتە:

ئادەم و حەوا و ئیبلیس دابەزن لە بەهەشت.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

{فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى}، جا یان لە منەوە هیدایەتتان بۆ دێت، واتە پێغەمبەران. {فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ}، جا هەر کەسێك پیادەی هیدایەتەکەم بکات، ئەوە نە ترسی لەسەرە، وە نە با بترسێت لە قیامەت.

بە گوێرەی ئەم برگەیە {فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى}، هیدایەت شەیتانیش دەگرێتەوە، چونکە سەرەتای ئایەتەکە دەڵێت {اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا} گشتتان لەبەهەشت دابەزن، واتە ئادەم و حەوا و ئیبلیس، کەواتە ئادەم و حەوا و ئیبلیس هیدایەتیان بۆ دێت، وە ئەگەر پیادەی هیدایەتەکە بکەن ئەوە لە ڕۆژی قیامەت نە ترسیان لەسەرە وە نە با دڵتەنگ بن.

## ئایەتی ٣٩

وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

وە ئەوانەی کوفریان کردووە و نکۆڵیان لە نیشانەکانمان کردووە ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

دارشتنی ئەم دەقە هەڵەیە، چونکە بە گوێرەی ئایەتی ٣٨، الله قسە لەگەڵ ئادەم و حەوا دەکات و دەڵێت یان هیدایەتی ئێمەتان بۆ دێت، واتە لە داهاتووە.

کەواتە ئەم ئایەتە دەبێت بە شێوەی داهاتوو بێت نەك ڕابردوو.

واتە دەبێت بڵێت:

وَالَّذِينَ يَكْفُرُونَ وَ يُكذِّبون بِآيَاتِنَا أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

واتە: وە ئەوانەی کوفر دەکەن و نکۆڵی دەکەن لە نیشانەکانمان ئەوانە یاوەرانی ئاگرن و هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

## ئایەتی ٤٠

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَوْفُوا بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ وَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکەیەی منتان لە یاد بێت کە بە ئێوەم بەخشیوە، وە پابەندی پەیمانەکەم بن منیش پابەندی پەیمانەکەتان دەبم، وە لە من بتۆقن.

واتە:

{يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ} ئەی نەوەکانی یعقوب، واتە جووەکان ئەو چاکانەی منتان لە یاد بێت کە بەسەر ئێوەم هێناوە:

چاکەکان: لە دەست فیرعەون ڕزگاری کردن، چەندەها موعجیزەی بە موسا داوە، تەوراتی بەدەستی خۆی بۆ نووسیون و خاکی پیرۆزی پێیان داوە، وە هەموو پێغەمبەرانی لە نەوەکانی یعقوب هەڵبژاردووە.

{وَأَوْفُوا بِعَهْدِي أُوفِ بِعَهْدِكُمْ}، وە ئێوە پابەندی پەیمانەکەم بن تاوەکو منیش پابەند بم ، ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، چوار وتەوت هەیە:

یەکەم: لە تەورات ئاماژەی بە سیفاتەکانی محمد کردووە، (واتە مەیشارنەوە و بۆ خەڵك دەریبخەن)، (ابن عباس).

دووەم: پابەندی فەرمانەکان بن و لەو شتانە خۆتان بە دوور بگرن کە قەدەغە کراوە، (ابن عباس).

سێهەم: ئیسلام بن، (ابو العالیة).

چوارەم: ئەو پەیمانەیە کە ئایەتی ١٢ سوورەتی المائدة ئاماژەی پێکردووە، (قتادة) کە دەڵێت:

وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللَّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ

وە سوێند بێت پەیمانمان لە نەوەکانی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە ڕابەرمان تیایاندا هەڵبژارد، وە الله گوتی: لە ڕاستیدا من لەگەڵ ئێوەدام، سوێند بێت ئەگەر نوێژەکانتان کرد و زەکاتتان دا و باوەڕتان بە پێغەمبەرەکانم هێنا و

پشتیوانیتان کردن و قەردێکی چاکتان بە اللە دا، ئەوە سوێند بێت لە خراپەکانتان دەبوورم و سوێند بێت دەتانبەمە باخاتێکەوە کە ڕووبارەکان لە ژێریانەوە دەڕۆن.

وە ابن عباس گوتوویەتی: پابەندی بوونی اللە بە پەیمانەکە، واتە بیانباتە بەهەشتەوە.

وە الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەو پەیمانەی اللە لە نەوەکانی ئیسرائیلی وەرگرتووە ئەوەیە کە ئەو سیفاتانەی محمد کە لە تەورات ئاماژەی پێکراوە بۆ خەڵك بەدەری بخەن.

پرسیار:

بۆچی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە قورئانەکەیدا ئاماژەی نەدەکرد کە محمد بە فولانە سیفات و سیفات لە تەوراتدا ئاماژەی پێکراوە. وە بۆچی نەیدەگوت بۆ نموونە لە سفر التکوین کە دەڵێت و دەڵێت؟

## ئایەتی ٤١

وَآمِنُوا بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ وَلَا تَكُونُوا أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە نەوەکانی ئیسرائیل دەڵێت:

وە ئیمان بێنن بەوەی دامبەزاندووە کە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە لای ئێوەیە، وە نەکەن ببن بە یەکەم کەس کە کوفری پێدەکەن، وە بە ئایەتەکانم نرخێکی کەم مەکڕن، وە لە من بترسن.

واتە: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل:

{وَآمِنُوا بِمَا أَنزَلْتُ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ}، ئیمان بێنن بەو قورئانەی دامبەزاندووە کە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە هەر ئێستا لای ئێوەیە، واتە تەورات.

ئەم دەقە دەیسەلمێنێت کە تەورات لە سەردەمی محمد دەستکاریکراو نەبووە. چونکە دەڵێت: {مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ}، واتە قورئان ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێوە لاتانە، واتە تەورات. وەك الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئیمان بێنن بەوەی دامبەزاندووە کە ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێت کە لای ئێوەیە ئەی یەهودیەکان، وە ئەوەی لایانە تەورات و ئینجیلە.

{وَلَا تَكُونُوا أَوَّلَ كَافِرٍ بِهِ}، وە نەکەن یەکەم کەس بن کە کوفر بەو قورئانە بکەن.

{وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَإِيَّايَ فَاتَّقُونِ}، وە بە ئایەتەکانم نرخێکی کەم مەکڕن و بەدەست مەهێنن، وە لە من بترسن. ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، دەڵێت واتە:

نەکەن باوەڕ بە ئایەتەکانم نەهێنن و بڕوا بە پێغەمبەرەکانم نەکەن لە پێناو دونیا و شەهواتەکانی، چونکە ئەوانە کەمن و لەناودەچن.

# ئایەتی ٤٢

وَلَا تَلْبِسُوا الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە نەکەن هەق بە پووچەڵ تێکەڵ بکەن، وە هەق بشارنەوە، وە خۆتان دەزانن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلَا تَلْبِسُوا}، واتە تێکەڵ مەکەن.

واتە: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل هەق و پووچەڵ تێکەڵ بەیەك مەکەن، وە هەق مەشارنەوە. وە الطبری دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، واتە: ڕاستی و درۆ تێکەڵ بەیەك مەکەن.

مجاهد گوتوویەتی، واتە: ئاینی یەهودی و نەسارا تێکەڵ بە ئیسلام مەکەن.

ابن زید گوتوویەتی، واتە: هەق، واتە تەورات، وە باطڵ، واتە ئەوەی بە دەستەکانی خۆیان دەیانووسی.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

{وتَكْتُمُوا الْحَقَّ}، وە هەق مەشارنەوە، واتە محمد کە لە تەورات ئاماژەی پێکراوە.

وە ابن عباس سەبارەت بە {وَتَكْتُمُوا الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}، گوتوویەتی، واتە: ئەوە مەشارنەوە کە لاتانە سەبارەت بە محمد صلعم، کە لەو تەوراتە نووسراوە.

# ئایەتی ٤٣

وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە نەوەکانی ئیسرائیل دەڵێت:

وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە لەگەڵ کڕنۆشبەراندا کڕنۆش ببەن.

واتە:

ئەی جووەکان نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە کڕنۆش ببەن.

ئەم دەقە زۆر سەیروسەمەرەیە، چونکە نوێژکردن و زەکاتدانی یەهودیەکان بۆ ٢ هەزار ساڵ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە، وە کەم تا زۆر ئیسلام کۆپی تەورات و شەریعەتی موسایە، کەچی هاتووە دەڵێت نوێژ بکەن و زەکات بدەن.

بۆ نمونە لە تەورات (سفر التثنية) هاتووە:

إِذَا حَصَدْتَ حَصِيدَكَ فِي حَقْلِكَ وَنَسِيتَ حُزْمَةً فِي الْحَقْلِ، فَلاَ تَرْجعْ لِتَأْخُذَهَا، لِلْغَرِيبِ وَالْيَتِيمِ وَالأَرْمَلَةِ تَكُونُ

وَإذَا خَبَطْتَ زَيْتُونَكَ فَلاَ تُرَاجعِ الأَغْصَانَ وَرَاءَكَ، لِلْغَرِيبِ وَالْيَتِيمِ وَالأَرْمَلَةِ يَكُونُ.

إِذَا قَطَفْتَ كَرْمَكَ فَلاَ تُعَلِّلْهُ وَرَاءَكَ. لِلْغَرِيبِ وَالْيَتِيمِ وَالأَرْمَلَةِ يَكُونُ

واتە: کاتێك کە کێڵگەکەت دروێنە کرد و دەسکێکت لە کێڵگە لە بیرچوو، مەگەڕێوە بۆ ئەوەی بیبەیتەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیوو و بێوەژن دەبێت.

لە کاتی ڕاتەکاندنی دار زەیتوونەکەت، بە دوای ئەوانەدا مەچووەوە کە لە لقەکاندا ماونەتەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیوو و بێوەژن دەبێت.

کاتێك ترێی ڕەزە مێوەکەت دەڕنیت، پاشماوەکە هەڵمەگرەوە، ئەوە بۆ نامۆ و هەتیوو و بێوەژن دەبێت.

وە جگە لەمە لە چەندەها بەشی تەورات ئاماژە بە دەیەك كراوە وەك لە سفر اللاوين و سفر العدد و التثنية. كە پوختەكەی ئەوەیە:

دەیەكی هەموو داهاتێك بۆ هەژاران و هەتیوو و بێوەژن و نامۆكانە.

## ئایەتی ٤٤

أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە نەوەكانی ئیسرائیل دەڵێت:

ئایا فەرمان بە چاكە بە خەڵك دەكەن، وە خۆتان لە بیركردووە لە كاتێكدا ئێوە پەرتووك دەخوێننەوە، ئەرێ تێناگەن؟

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە پیاوانی ئاینی یەهودی دەڵێت:

ئێوە فەرمان بە خەڵك دەكەن كە چاكە بكەن لە كاتێكدا خۆتان لە بیركردووە كە چاكە بكەن، وە ئێوە پەرتووك، واتە تەورات دەخوێننەوە، ئەرێ تێناگەن؟

ئەم دەقەش دەیسەلمێنێت كە تەورات لە سەردەمی محمد دەستكاریكراو نەبووە، چونكە دەڵێت:

وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ

وە ئێوە پەرتووك، واتە تەورات دەخوێننەوە.

خۆ ناكرێت خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، مەبەستی تەوراتێكی دەستكاریكراو بێت.

## ئایەتی ٤٥

وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

پشت بە دان بە خۆداگرتن و نوێژ ببەستن، وە بە دڵنیاییەوە گەورەیە، مەگەر بۆ ئەوانە نەبێت كە ترسنۆكن.

ابن كثير له تفسير القران العظيم سەبارەت بە { وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ} دەڵێت واتە:

نوێژ قورسە مەگەر تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە ترسنۆکن.

{الْخَاشِعِينَ}، ترسنۆکن، واتە لە الله دەترسن.

## ئایەتی ٤٦

الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی پێیان وایە کە بە خوداکەیان دەگەن، وە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

واتە: {الْخَاشِعِينَ}، ترسنۆکەکان ئەوانەی لە الله دەترسن:

ئەوانەن کە پێیان وایە بە خوداکەیان دەگەن و بۆ لای خوداکەیان دەگەڕێنەوە لە ڕۆژی قیامەت.

پێیان وایە {يَظُنُّونَ}، واتە دڵنیا نین.

دە کەواتە نابێت ئیماندار بن.

بەڵام شرۆڤەکەران هاتوون مانای ئەو وشەیەیان گۆڕیووە و دەڵێن {يَظُنُّونَ}، بە مانای یەقین دێت. وەك الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

عەرەب جار هەیە بە یەقین دەڵێت {ظن)، وە جار هەیە بە شکوگومان دەڵێت {ظن}.

ئەوە نوکتەیەکی بیرهێنامەوە:

لە مەلایەك ئەپرسن، يجوز مانای چی؟

ئەڵێ مانای نابێ، ئەڵین، ئەی لايجوز مانای چی؟

ئەڵێ، هەر نابێ.

# ئایەتی ٤٧

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکانەی منتان لە یادبێت کە بە ئێوەم بەخشیووە، وە لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بە سەر خەڵکانی جیهان.

ئەم بڕگەیە {يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ}، دووبارەی ئایەتی ٤٠ ئەم سوورەتەیە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

وە لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بە سەر خەڵکی هەموو جیهان.

لە ڕاستیدا بە گوێرەی ئەم دەقە الله جووەکانی پەسەند کردووە بە سەر خەڵکانی هەموو سەردەمێکدا.

{العالمين}، خەڵکای جیهانەکان، واتە خەڵکی هەموو سەردەمێك.

شرۆڤەکەران هاتوون درۆ لەگەڵ ئەم دەقەدا دەکەن و دەڵێن واتە:

خەڵکی ئەو سەردەم، لە کاتێکدا دەقەکە بە شێوەیەکی ڕەها قسە دەکات و هیچ ئاماژەیەك ناکات کە نەوەکانی ئیسرائیل تەنها پەسەند کراون بەسەر خەڵکی ئەو سەردەم. چونکە ئەگەر دەقەکە مەبەستی ئەو کات بووایە ئەوە دەیتوانی بڵێت:

وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ذاكَ الْعَالَمِينَ

واتە: لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بەسەر خەڵکانی ئەوکات.

# ئایەتی ٤٨

وَاتَّقُوا يَوْمًا لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە لە ڕۆژێك بترسن کە هیچ کەسێك لە جیاتی کەسێك هیچ شتێك لە ئەستۆ ناگرێت، وە نە تکا وە نە بارمتەی لێ وەرناگیرێت، وە نە ئەوان سەردەخرێن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَاتَّقُوا يَوْمًا لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا}، واتە: لە ڕۆژی قیامەت هیچ کەسێك ناتوانێت گوناهی کەسێکی دیکە لە ئەستۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە سزای الله ڕزگاری بێت.

{وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ}، وە تکا و پاڕانەوەی لێ قبووڵ ناکرێت، {وَلَا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ}، الطبری دەڵێت، لە ناو عەرەبدا {عدل}، واتە {فدية}، واتە بارمتە.

واتە: لە ڕۆژی قیامەت بارمتەی لێ وەرناگیرێت.

وەك ئایەتی ٩١ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ الْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَىٰ بِهِ

ئەوانەی کوفریان کردووە و بە کافری مردوون، ئەگەر پڕ بە زەوی زێڕیان هەبێت ئەوە هەرگیز لێیان قبووڵ ناکرێت.

{وَلا هُمْ يُنْصَرُونَ}، واتە لە ڕۆژی قیامەت فریادێکیان نابێت کە سەریان بخات.

# ئایەتی ٤٩

وَإِذْ نَجَّيْنَاكُم مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَاءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ

دەڵێت:

کە ئێوەمان لە خانەوادەی فیرعەون ڕزگارکرد، کە بە خراپترین شێوە ئازاری دەدان، کوڕەکانیان سەردەبڕین و ژنەکانیان دەهێشتنەوە، وە لەوەدا تاقیکردنەوەیەکی مەزن لە لایەن خوداکەتانەوە هەبوو.

ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ١٤١ سوورەتی الاعراف و ئایەتی ٦ سوورەتی ابراهیمە. بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە بگەڕێوە بۆ سوورەتی الاعراف.

# ئایەتی ٥٠

وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنجَيْنَاكُمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ

دەڵێت:

وە کە دەریامان بۆ ئێوە دوولەت کرد و ڕزگارمان کردن و خانەوادەی فیرعەونمان نوقم کرد، وە ئێوە سەیرتان دەکرد.

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٦٣-٦٦ سوورەتی الشعراء کە دەڵێت:

فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانْفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ، وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ ، وَأَنْجَيْنَا مُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَجْمَعِينَ ، ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ

وەحیمان بە موسادا کە بە گۆپاڵەکەی لە دەریاکە بدات، جا بوو بە دوولەتەوە، هەر لەتێکی بەقەد چیایەکی مەزن، وە نزیکمانکردەوە ئینجا ئەوانیتر، وە موسا و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕزگار کرد، ئینجا ئەوانیترمان خنکاند.

# ئایەتی ٥١

وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە کە لەگەڵ موسا ژوانی چل شەوەمان دانا ئینجا ئێوە لە دوای ئەو گوێرەکەکەتان بە خۆتانەوە گرت، وە ئێوە ستەمکار بوون.

ئەم برگەیە {وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً}، دووبارەی ئایەتی ١٤٢ سوورەتی الاعرافە.

وَوَاعَدْنَا مُوسَى ثَلَاثِينَ لَيْلَةً وَأَتْمَمْنَاهَا بِعَشْرٍ فَتَمَّ مِيقَاتُ رَبِّهِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً

وە ژوانی سی شەوەمان لەگەڵ موسا دانا، وە دە شەومان بۆی درێژکردەوە، جا ژوانی لەگەڵ خوداکەی بوو بە چل شەو.

زۆر پێدەچێت کە کاتێك محمد دەچێت بۆ مەدینە، لە جووەکان گوێی لێ بووبێت کە ژوانی موسا لەگەڵ خوداکەی لە بنەڕەتەوە چل شەو بووە، نەك سی

شەو و دواتر دە شەوی بۆ زیاد کرابێت. جا محمد لەم ئایەتە دەقەکەی ڕاست کردۆتەوە و کردوویەتی بە چل شەو.

وە ئەم برگەیە {ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ}، هەمان مانای ئایەتی ١٤٨ سوورەتی الاعراف دەدات کە دەڵێت:

وَاتَّخَذَ قَوْمُ مُوسَى مِنْ بَعْدِهِ مِنْ حُلِيِّهِمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ

واتە: وە لە دوای موسا قەومەکەی گوێرەکەیەکیان بە خۆوە گرت کە پەیکەرەکەیان لە خشڵەکانیان دروست کردبوو کە بۆڕەی دەهات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەندێك لە جیاتی {وَاعَدْنَا}، دەیانخوێندەوە: { وَعَدْنَا}.

بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە بگەڕێوە بۆ سوورەتی الاعراف.

# ئایەتی ٥٢

ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

دەڵێت:

ئینجا لە دوای ئەوە لێتان خۆش بووین بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

واتە:

لە دوای ئەوەی گوێرەکەتان پەرست، لێتان خۆش بووین، بۆ ئەوەی سوپاسی اللە بکەن.

# ئایەتی ٥٣

وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ

دەڵێت:

وە کە پەرتووك و جیاکەرەوەمان بە موسا دا بۆ ئەوەی هیدایەت بکرێن.

واتە:

{الْكِتَابَ}، پەرتووك، واتە تەورات، {وَالْفُرْقَانَ}، جیاكەرەوە، واتە شەریعەتی موسا.

وەك ئایەتی ١٥٤ سوورەتی الانعام دەڵێت:

ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًا عَلَى الَّذِي أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ

ئینجا پەرتووكێكی تەواو و جیاكەرەوە بۆ هەموو شتێكمان بە موسا دا، بۆ ئەوانەی كە چاكترن.

وە الطبری لە الجامع لاحكام القران، دەڵێت {الْفُرْقَانَ}، واتە جیاكردنەوە لە نێوان هەق و باطل.

## ئایەتی ٥٤

وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُوا إِلَىٰ بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

دەڵێت:

وە كە موسا بە قەومەكەی گوت ئەی قەومەكەم بە هۆی ئەوەی گوێرەكەتان بە خۆوە گرت، ئێوە ستەمتان لە خۆتان كرد، جا تۆبە بكەن بۆ بەدیهێنەرتان و یەكتر بكوژن، ئەم كارە چاكترە بۆ ئێوە لای بەدیهێنەرتان، لێتان خۆش بووە، لە ڕاستیدا هەر ئەوە كە تۆبەوەرگرە میهرەبانەكەیە.

سەرتاپای ئەم دەقە گاڵتەجاریە چونكە:

ئایەتی ٥٢ دەڵێت، لە دوای ئەوەی پەیكەری گوێرەكەیەتان پەرست ئەوە، {ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُمِ}، لێتان خۆش بووین.

وە ئەم ئایەتە دەڵێت: {فَتَابَ عَلَيْكُمْ}، اللە لێتان خۆش بوو.

كەچی دەڵێت موسا بە قەومەكەی گوت: {فَاقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ}، یەكتر بكوژن، ئەوە چاكترە بۆ ئێوە لای خوداكەتان.

واتە: اللە لێتان خۆش بوو، بەڵام یەكتر بكوژن.

الطبری له جامع البیان دەڵێت:

به خەنجەر به ناو یەك کەوتن و ٧٠ هەزاریان کوژران. باوك منداڵی دەکوشت و منداڵ باوکی دەکوشت.

## ئایەتی ٥٥

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ

دەڵێت:

وە کە گوتتان ئەی موسا هەرگیز باوەڕت پێ ناهێنین تاوەکو الله به ئاشکرا نەبینین، جا برووسکە ئێوەی گرت، وە ئێوە سەیرتان دەکرد.

واته:

جووەکان به موسایان گوتووە کە ئیمانت پێ ناهێنین و باوەڕت پێ ناکەین تاوەکو الله به چاوەکانی خۆمان نەبینین، جا الله به برووسکەیەك سزایان دەدات و دەیانکوژێت.

وەك الطبری له جامع البیان، دەڵێت: {فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ}، واته به دەنگێك مردار بوونەوە.

القرطبی له الجامع لاحکام القران دەڵێت:

عومەر و عوسمان و عەلی له جیاتی {الصَّاعِقَةُ}، دەیانخوێندەوە: {الصَّعْقَةُ}، وە ئەوە خوێندنەوەی (ابْنِ مُحَيْصِنٍ)ە له هەموو قورئانەکان.

## ئایەتی ٥٦

ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

دەڵێت:

ئینجا زیندوومان کردنەوە له دوای مردنتان بۆ ئەوەی سوپاس بکەن.

واته:

له دوای ئەوەی الله بە برووسکەیەك کۆمەڵێك لە جووەکانی کوشتووە، زیندووی کردوونەتەوە بۆ ئەوەی سوپاسی الله بکەن.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

واتە زیندوومان کردنەوە دوای ئەوەی بە {الصَّاعِقَةُ- برووسکە} مردن.

واتە: کۆمەڵێك جوو هەبوون کە دوو ژیان و دوو مەرگیان بینیووە لەم دونیایە.

## ئایەتی ٥٧

ظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ

دەڵێت:

هەورمان بەسەرتاندا کردە سێبەر، وە گەزۆ و شەلاقەمان بۆ سەرتان دابەزاند، بخۆن لەو ڕزقە نایابانەی کە پێمان داون، وە ستەمیان لە ئێمە نەکرد بەڵکو ستەمیان لە خۆیان دەکرد.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: {الْغَمَامَ}، واتە هەور.

{ظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ}، واتە هەورمان بەسەرتاندا کردە سێبەر.

{الْمَنَّ}، گەزۆ، {وَالسَّلْوَىٰ}، چۆلەکەی شەلاقە.

ئینجا الله دەڵێت:

وَمَا ظَلَمُونَا وَلَـٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ

خۆ ستەمیان لە ئێمە نەکرد بەڵکو ستەمیان لە خۆیان کرد.

## ئایەتی ٥٨

وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَـٰذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ

دەڵێت:

وە کە گوتمان بڕۆنە ئەم گوندەوە و تیایدا هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن، وە بە کڕنۆشبردنەوە لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە و بڵێن: لە گوناهەکانمان ببوورە، جا لە گوناهەکانتان دەبوورین، وە بۆ ئاکارچاکان زیاد دەکەین.

ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعرافە کە دەڵێت:

وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ وَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ وَقُولُوا حِطَّةٌ وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا نَغْفِرْ لَكُمْ خَطِيئَاتِكُمْ سَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ

بە چەند جیاوازیەکی کەم.

ئایەتی ٥٨ البقرة دەڵێت: {وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَـٰذِهِ الْقَرْيَةَ}، کە گوتمان بڕۆنە ناو ئەم گوندەوە، بەڵام ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعراف دەڵێت: {وَإِذْ قِيلَ لَهُمُ اسْكُنُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ}، کە پێیان گوترا لەم گوندە بژین.

لە ئایەتی ٥٨ البقرة وشەی {رَغَدًا} هاتووە، بەڵام لە ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعراف نەهاتووە.

لە ئایەتی ٥٨ سوورەتی البقرة هاتووە: {وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ}، ( وە بە کڕنۆشبردنەوە لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە و بڵێن: لە گوناهەکانمان ببوورە).
بەڵام لە ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعراف هاتووە دەڵێت: {وَقُولُوا حِطَّةٌ وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا}، ( وە بڵێن لە گوناهەکانمان ببوورە و بە کڕنۆشبردنەوە لە دەرگاکە بڕۆنە ژوورەوە).

وشەی {خَطِيئَاتِكُمْ}، (گوناهەکانتان)، لە ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعراف بە هەڵە نووسراوە، لە ئایەتی ٥٨ سوورەتی البقرة ڕاست کراوەتەوە {خَطَايَاكُمْ}.

بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٦١ سوورەتی الاعراف.

## ئایەتی ٥٩

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ

دەڵێت:

جا ئەوانەی ستەمیان کرد، ئەو وتەیەیان گۆڕی کە پێیان گوترابوو، جا ئێمە سزایەکمان لە ئاسمان بەسەر ئەوانەدا دابەزاند کە ستەمیان کردبوو بە هۆی ئەو خراپەکاریانەی دەیانکردن.

ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ١٦٢ سوورەتی الاعرافە کە دەڵێت:

فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَظْلِمُونَ

تاکە جیاوازی کۆتایی ئایەتەکەیە، لە ئایەتی ٥٩ سوورەتی البقرة دەڵێت: { بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ}، (بە هۆی ئەو کارە خراپانەی دەیاکردن)، بەڵام ئایەتی ١٦٢ سوورەتی الاعراف دەڵێت: {بِمَا كَانُوا يَظْلِمُونَ}، (بە هۆی ئەو ستەمانەی دەیانکرد).

بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٦٢ سوورەتی الاعراف.

# ئایەتی ٦٠

وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ كُلُواْ وَاشْرَبُواْ مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ

دەڵێت:

وە کە موسا داوای ئاوی کرد بۆ قەومەکەی، ئێمەش گوتمان: بە گۆپاڵەکەت لە بەردەکە بدە، جا دوانزدە کانیاوی لێیەوە تەقیەوە، وە هەر خەڵکانێك شوێنی ئاو خواردنەوەی خۆیان زانی، بخۆن و بخۆنەوە لە ڕزقی اللە، وە نەکەن لە زەویدا خراپەکاری بکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ}، واتە کە موسا داوای لێمان کرد کە ئاو بە قەومەکەی بدەین.

{فَقُلْنَا اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانْفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا}، واتە: بە موسامان گوت بە گۆپاڵەکەت لە بەردەکە بدە، جا لێیدا و تەقیەوە، وە دوانزە کانیاو تەقیەوە.

{قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَشْرَبَهُمْ}، وە هەموو خەڵکێك دەیزانی شوێنی ئاو خواردنەوەکەی، واتە هەر هۆزێك لە ١٢ هۆزەکەی ئیسرائیل شوێنی ئاو خواردنەوەی خۆی هەبوو.

## ئایەتی ٦١

وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ مِن بَقْلِهَا وَقِثَّائِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ اهْبِطُوا مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ

دەڵێت:

وە کە گوتتان: ئەی موسا هەرگیز لەسەر یەك خۆراك ئۆقرە ناگرین، جا داوا لە خوداکەت بکە کە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت لە پاقلە و ئاروو و سیر و نیسك و پیازمان بۆ دەربهێنێت، گوتی: ئایا ئەوەی چاکترە دەگۆڕنەوە بەوەی کەمترە؟ دابەزن بۆ میسر، لەوێدا ئەوەتان دەبێت کە داوای دەکەن. وە ڕیسوایی و بچووکی بەسەریاندا درا، وە تووڕەییەکیان لە اللهوە بەدەست هێنا بە هۆی ئەوەی کوفریان دەکرد بە نیشانەکانی الله، وە پێغەمبەرانیان بە ناهەق دەکوشت، ئەوە بە هۆی سەرپێچیان، وە دەستدرێژیان دەکرد.

واتە:

{وَإِذْ قُلْتُمْ}، وە کە گوتتان، {يَا مُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ}، ئەی موسا هەرگیز ناتوانین دان بە خۆماندا بگرین لەسەر یەك خۆراك، {فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ}، جا داوا لە خوداکەت بکە، {يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ}، لە زەویدا ئەوەی دەڕوێت بۆمان دەربهێنێت، {مِن بَقْلِهَا}، لە پاقلە، {وَقِثَّائِهَا}، وە خەیار، {وَفُومِهَا}، وە سیر، {وَعَدَسِهَا}، وە نیسك، {وَبَصَلِهَا}، وە پیاز، {قَالَ}، موسا گوتی، {أَتَسْتَبْدِلُونَ

الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ}، ئايا ئەوەی چاکترە دەگۆڕنەوە بەوەی کەمترە، {اهْبِطُوا مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ}، دابەزن بۆ میسر، لەوێدا ئەوەتان دەبێت کە داوای دەکەن، {وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ}، وە الله ڕیسوایی و بچووکی هێنا بەسەریاندا، {وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ}، وە تووڕەییەکیان لە اللّٰەوە بەدەستهێنا، {ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ}، بە هۆی ئەوەی کە کوفریان بە ئایەتەکانی الله دەکرد، {وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ}، وە پێغەمبەرانیان بە ناهەق دەکوشت، {ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا}، بە هۆی ئەوەی سەرپێچیان دەکرد، {وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ}، وە دەستدرێژیان دەکرد.

واتە:

جووەکان بە موسایان گوت: {يَا مُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَاحِدٍ}، واتە ناتوانین دان بە خۆمان بگرین تەنها لەسەر یەك خۆراك، واتە لەسەر گەزۆ و شەلاقە.

جا بە موسایان گوت: {فَادْعُ لَنَا رَبَّكَ}، داوا لە خوداکەی بکات، {يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ}، لە زەویدا ئەوەی دەڕوێت بۆمان دەربهێنێت، {مِن بَقْلِهَا}، لە پاقلە، {وَقِثَّائِهَا}، وە خەیار، {وَفُومِهَا}، وە سیر، {وَعَدَسِهَا}، وە نیسك، {وَبَصَلِهَا}، پیاز.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە مانای {الْفُومُ}، وە دەڵێت چەند وتەوتێك هەیە:

یەکەم: گەنم.

دووەم: سیر.

وە دەڵێت عبداللّٰە بن مسعود دەیخوێندەوە: {وَثُومِهَا} واتە سیر.

موسا وەڵامیان دەداتەوە و پێیان دەڵێت:

{أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ}، ئایا ئەوەی چاکترە، کە گەزۆ و شەلاقەیە، دەگۆڕنەوە بەوەی کەمترە، کە پاقلە و خەیار و سیر و نیسك و پیازە.

موسا پێیان دەڵێت: {اهْبِطُوا مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ}، دابەزن بۆ میسر، لەوێدا ئەوەتان دەبێت کە داوای دەکەن.

واتە لە بیابانی سیناوە بگەڕێنەوە بۆ مسیر.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، هەندێك دەیانخوێندەوە: { مِصْرَ}، واتە وڵاتی میسر.

بەڵام {مِصْرًا} واتە شارێك.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

{وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ}، وە اللە ڕیسوایی و بچووکی بەسەریاندا هینا، {وَبَاءُوا بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ}، وە تووڕەییەکیان لە اللەوە بەدەستهێنا، {ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ}، بە هۆی ئەوەی کە کوفریان بە ئایەتەکانی اللە دەکرد، {وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ}، وە پێغەمبەرانیان بە ناهەق دەکوشت، {ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا}، بە هۆی ئەوەی سەرپێچیان دەکرد، {وَّكَانُوا يَعْتَدُونَ}، وە دەستدرێژیان دەکرد.

هەڵبەتە ئەم برگەیە: {وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ}، درۆیە و ئەسڵی نییە.

چونکە دەڵێت پێغەمبەرانیان دەکوشت. دەکرێت موسڵمانێك ناوی ئەو پێغەمبەرانەمان پێ بڵێت کە جووەکان کوشتوویانە.

# ئایەتی ٦٢

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و ئەوانەی بوونەتە یەهودی و نەسارا و سابیئە، ئەوەیان کە باوەڕی بە اللە و ڕۆژی دوایی هێناوە و کاری چاکی کردووە، پاداشتیان هەیە لای خوداکەیانەوە، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

تێبینی و سەرنج:

ئەم دەقە دەڵێت: { إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَىٰ وَالصَّابِئِينَ}، ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە ئەوانەی بوونەتە یەهودی و نەسارا و سابیئە،

ئەگەر کەسێك ئیمانی بە محمد هێنابێت کەواتە دەبێت ئیمانی بە الله و قیامەت هەبێت. وە ئەگەر کەسێك یەهودی و نەسارا و سابیئە بێت کەواتە دەبێت ئیمانی بە الله و قیامەت هەبێت. وە ئەوە بەڵگەنەویستە.

گاڵتە جاری ئەم دەقە بڕگەکەی دواترە کە دەڵێت: {مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ}، وە هەر یەکێك لەوانە، واتە لە موسڵمان و یەهودی و نەسارا و سابیئة کە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی هەیە، وە کاری چاکی کردووە، ئەوە پاداشتی دەبێت لای خوداکەی.

بە گوێرەی ئەم دەقە کەسانێك هەن کە  موسڵمان یان یەهودین یان نەساران یان سابیئەن، بەڵام بڕوایان بە الله و ڕۆژی دوایی نییە.

ئەمە جگە لە گاڵتەجاری شتێکی دیکە نییە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران سەبارەت بە ئەسلی وشەی {صابئة} دەڵێت:

{الصَّابِئِينَ}، کۆی {صَابِئٍ} یە، وە دەگوترێت {صَابٍ}، وە {الصَّابِئُ}، لە زماندا کەسێکە کە لە دینێك دەردەچێت و لادەدات بۆ دینێکی دیکە، وە لەبەر ئەوە عەرەب بەو کەسەیان دەگوت کە دەبوو بە موسڵمان {صَبَأَ}، واتە بوو بە سابئة. وە سابیئەکان لە ئاینی ئەهلی پەرتووك دەرچوون.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ابي زناد گوتوویەتی: سابیئەکان قەومێکن لە عیراقن، وە ساڵانە ٣٠ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، وە ڕۆژانە پێنج نوێژ دەکەن.

وە الحسن گوتوویەتی: ڕۆژانە پێنج نوێژ دەکەن.

عبدالرحمن بن زید گوتوویەتی: سابیئەکان لە موسڵ دەژیان و دەیانگوت هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

مجاهد والحسن وابن أبي نجیح  گوتوویانە: خەڵکانێکن کە ئاینەکەیان تێکەڵێکە لە یەهودی و مجووسی.

سابیئەی مەندائی کێن؟

له سەدەی دووەمی زاین عەقیدەیەکی نێوەند لە نێوان عەقیدەی یەهودی و عەقیدەی مەسیحی سەریهەڵدا، کە عیسایان وەك پێغەمبەر دەناسی، بەڵام لە هەمان کاتدا پەیڕەوی سەرتاپای شەریعەتی موسایا دەکرد. واتە خەڵکانێك بوون کە نە مەسیحی بوون وە نە یەهودی. ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە ئۆرشەلیم نەیانتوانی بەردەوام بن بە هۆی دژایەتیکردنیان، کۆچیان کرد و هاتن بۆ موسڵ، وە دواتر کشان بەرەو باشووری عیراق.

ئەم کۆمەڵە خەڵکە لە لایەن مەسیحیە سریانیەکان پێیان دەگوترا (حەنەفی)، واتە لادەر لە ڕێبازی ڕاست و دروست. کاتێك لە ناوچەی موسڵ مانەوە هەندێك لە عەقیدە و بیروباوەڕی حەرانیە مانگ پەرستەکان تێکەڵ بوو بە عەقیدەکەیان.

پیاوانی ئاینیان لە سەدەی سێهەم پەرتووکی پیرۆزیان، کە ناوی کەنزا رەبایە، دەنووسنەوە. وە ئەو ئەحنافانە لە شوێنێك دەژین و پەرستگا دروست دەکەن کە لە ئاو نزیکە، چونکە لە ئاو هەڵکێشان بریتیە لە بنەمایەکی سەرەکی عەقیدەکەیان. لە ئاو هەڵکێشان بە زمانی سریانی پێی دەگوترێت (صبأ). وە ناو لە خۆیان دەنێن (الصابئة المندائية) بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە صابئة حرانی

(المندائية- مەندائی) واتە ئەوانەن کە زانستیان هەیە بە خودا پەرستی. وە لە زمانی کوردیش وشەی (مەند) بەکاردەهێنرێت بۆ کەسێکی خاوەن مەعریفە.

وە نووسەری قورئان زۆرێك لە عەقیدەکانی لە سابئەکان وەرگرتووە وەك:

یەکەم: بڕوا بوون بە جنۆکە و شەیتانەکان.

دووەم: نوێژکردن بە وەستان لەسەر مردوو.

سێهەم: دەستنوێژ گرتن.

چوارەم: پێنج نوێژ لە ڕۆژێکدا.

پێنجەم: سەدەقە.

وە عەقیدەی سابیئەی مەندائی دێت بۆ دوورگەی عەرەبی لە ڕێگای زەید بن عمرو بن نفيل و ورقە کوڕی نوفل و امية بن ابي الصلت.

وە قورەیش و خەڵکی مەککە بەو کەسانەی کە شوێن کەوتەی محمد بوون دەگوت {قد صبأ}، واتە بووە بە سابیئة. چونکە ئیسلامی مەککە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاینی سابیئە دەچێت.

# ئایەتی ٦٣

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُواْ مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

دەڵێت:

وە کە پەیمانمان لێتان وەرگرت، وە چیاکەمان بەسەرتاندا بەرزکردەوە، (گوتمان) ئەوەی پێمان داون بە توندی دەستی پێوە بگرن، وە ئەوەی تیایدایە لە یادتان بێت بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

الله پێمان ڕادەگەیەنێت کە پەیمانی لێیان وەرگرتووە و چیای بەرزکردۆتەوە بەسەریاندا بۆ ئەوەی پابەندی ئەوە بن کە بەڵێنیان داوە، بە هێز و شێلگیرانە دەستی پیوە بگرن، وەك ئایەتی ١٧١ سوورەتی الاعراف دەڵێت:

وَإِذْ نَتَقْنَا الْجَبَلَ فَوْقَهُمْ كَأَنَّهُ ظُلَّةٌ وَظَنُّوا أَنَّهُ وَاقِعٌ بِهِمْ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاذْكُرُوا مَا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

وە کە چیامان هەڵتەکاند و بەسەریاندا بەرز کردەوە کە وەك سێبەر بوو، وە پێیان وابوو کە بەسەریاندا دەکەوێت، (گوتمان) ئەوە بە هێز بگرن کە پێمان داون، وە ئەوەی تیایدایە لە یاد بێت بۆ ئەوەی خۆتان بپارێزن.

بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئایەتی ١٧١ سوورەتی الاعراف.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وە ئەوە کاتێك بوو کە موسا لە لایەن اللهوە تابلۆکانی بۆ نەوەکانی ئیسرائیل هێنا کە تەوراتیان تێدابوو، پێیانی گوت: بیگرن و پابەندی بن، گوتیان نەخێر تاوەکو الله ئاخاوتنمان لەگەڵدا نەکات هەروەك چۆن ئاخاوتنی لەگەڵ تۆدا کردووە. ئەوەبوو الله بە برووسکەیەك مراندنی ئینجا زیندووی کردنەوە. موسا پێیانی

گوت: بیگرن و پابەندی بن. گوتیان: نەخێر. جا اللە فەرمانی بە فریشتەکان کرد کە چیایەك لە چیاکانی فەلەستین هەڵتەکێنن کە بەرزیەکەی فەرسەخێك بوو، وە چیاکەی بەسەریاندا وەك سێبەرێك لێکرد، وە دەریایان لە پشتەوە و ئاگریان لە پێشوە بۆ نەوەکانی ئیسرائیل هێنا، پێیان گوترا: بیگرن و پەیمانتان لەسەرە کە لە دەستی نەدەن، ئەگینا ئەم چیایە بەردەدەینەوە سەرتان، ئەوەبوو کڕنۆشیان برد و تۆبەیان کرد و پەیمانیان دا کە پابەندی تەورات بن.

# ئایەتی ٦٤

ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَكُنتُم مِّنَ الْخَاسِرِينَ

دەڵێت:

ئینجا دوای ئەوە پشتتان کرد، جا ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەتی اللە بەسەرتاندا نەبووایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەبوون.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم سەبارەت بە {ثُمَّ تَوَلَّيْتُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ}، دەڵێت واتە:

دوای ئەوەی پەیمانتان لێ وەرگیرا کە دەست بە تەوراتەوە دەگرن و پابەندی دەبن، پشتتان لێی کرد.

# ئایەتی ٦٥

وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ

دەڵێت:

وە سوێند بێت بەوانەی خۆتان زانیووە کە لە ڕۆژی شەممە سنووریان بەزاند، جا پێیانمان گوت: ببن بە مەیموونی ڕیسوا.

ئایەتی ١٦٣ و ١٦٦ سوورەتی الاعراف، شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەکات کە دەڵێت:

وَاسْأَلْهُمْ عَنِ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ الْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِي السَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ

فَلَمَّا عَتَوْا عَنْ مَا نُهُوا عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ

وە ئەی محمد پرسیاریان لێ بکە سەبارەت بەو گوندەی کە لە کەنار دەریا بوو کە لە ڕۆژی شەممە سنووریان دەشکاند، ماسیەکان لەسەر ئاو لە ڕۆژی شەممە بۆیان بەدیار دەکەوتن، وە لە ڕۆژانی جگە لە ڕۆژی شەممە ماسیەکان نەدەهاتن، وە بەم جۆرە بە هۆی خراپەکاریەکانیانەوە تاقیان دەکەینەوە.

جا کاتێك سنووری ئەوەیان بەزاند کە لێیان قەدەغە کرابوو بیکەن، پێیانمان گوت: ببن بە مەیموونی ڕیسوا.

بگەڕێوە بۆ شرۆڤەی ئەم دوو ئایەتەی سوورەتی الاعراف.

## ئایەتی ٦٦

فَجَعَلْنَاهَا نَكَالاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ

دەڵێت:

کردمان بە پەند بۆ ئەوانەی هاوسەردەم و ئەوانەی لە دواییان بوون، وە ئامۆژگاریەك بۆ خۆپارێزان.

واتە:

ئەو جوولەکانەی کە کردمانن بە مەیموون پەندێکە بۆ ئەو خەڵکانەی کە هاوسەردەمیان بوون، وە بۆ ئەو خەڵکانەی لە دوای ئەوان هاتن، وە هەروەها ئامۆژگاری بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان دەپارێزن.

وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت واتە:

خەڵکی ئەو گوندەمان کرد بە پەند.

## ئایەتی ٦٧ تا ٧١

لەم چەند ئایەتە، نووسەری قورئان دەیەوێت پێمان بڵێت کە جووەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان بیانوو دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە خوداپەرستی بدزنەوە. وە هەروەها خەڵکانێکن کە مشتومڕ دەکەن.

# ئایەتی ٦٧

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُوا بَقَرَةً قَالُوا أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا قَالَ أَعُوذُ بِاللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ

دەڵێت:

وە کە موسا بە قەومەکەی گوت: اللە فەرمانتان پێ دەکات کە چێڵێك سەرببڕن گوتیان: ئایا گاڵتەمان پێ دەکەیت؟ گوتی: پەناگە بە اللە کە من ببم بە یەکێك لە نەفامەکان.

واتە: موسا بە نەوەکانی ئیسرائیلی گوت اللە فەرمانتان پێ دەکات کە چێڵێك سەربربڕن، خەڵکەکە بە موسایان گوت ئەوە گاڵتەمان پێ دەکەیت؟ موسا گوتی پەناگە بە اللە ئەگەر من لە نەفامەکان بم، واتە ئەگەر من لە خۆمەوە قسە بکەم.

# ئایەتی ٦٨

قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُوا مَا تُؤْمَرُونَ

دەڵێت:

گوتیان: بۆمان داوا لە خوداکەت بکە بۆمان ڕوون بکاتەوە کە چێڵەکە چۆن بێت؟ گوتی لە ڕاستیدا اللە دەڵێت کە چێڵەکە نە پیر بێت و نە کەم تەمەن، شتێك لە نێوانیاندا، جا ئەو کارە بکەن کە فەرمانتان پێکراوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە { إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَٰلِكَ}، دەڵێت واتە:

چێڵەکە لە تەمەندا نە پیر بێت، وە نە بچووك، بەڵکو شتێك لە نێوان ئەم دووانەدا.

# ئایەتی ٦٩

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ

دەڵێت:

گوتیان: بۆمان داوا لە خوداکەت بکەت بۆمان ڕوونبکاتەوە کە ڕەنگەکەی چۆن بێت؟ گوتی لە ڕاستیدا دەڵێت چێلێکی ڕەنگ ساف زەرد بێت کە تەماشاکەران دڵخۆش دەکات.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: { إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا}، واتە: ڕەنگی چێڵەکە ساف زەرد بێت.

# ئایەتی ٧٠

قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ

دەڵێت:

گوتیان بۆمان لە خوداکەت داوا بکە بۆمان ڕوونبکاتەوە کە چۆنە، چونکە مانگاکان سەریان لێشێواندووین، وە ئەگەر اللە ئارەزوو بکات ئەوە بە دڵنیاییەوە هیدایەت کراو دەبین.

{إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا}، واتە مانگاکان لە یەك دەچن و سەریان لێشێواندووین.

{وَإِنَّا إِن شَاءَ اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ}، واتە ئەگەر اللە ئارەزووی لەسەر بێت ئەوا ڕێنماییان دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو چێڵە.

# ئایەتی ٧١

قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ

دەڵێت:

گوتی لە ڕاستیدا الله دەڵێت چێڵەکە هێشتا نەسازێنراوە جووت بکات، وە نە کشتوکاڵ ئاو دەدات، یەك ڕەنگە و پەڵەی تێدا نییە گوتیان: هەر ئێستا ڕاستیت بۆ هێناین، جا سەریان بڕی، وە خەریك بوو نەیکەن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە {مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا}، دەڵێت واتە: تەندروست بێت و هیچ کەموکوڕیەکی نەبێت، وە پەڵەی نەبێت.

{قَالُواْ الْآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ}، واتە بە موسایان گوت ئێستا بۆمان ڕوون بۆوە چۆن چێڵێك بێت.

{فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ}، جا چێڵەکەیان سەربڕی هەرچەندە خەریك بوو سەری نەبڕن.

# ئایەتی ٧٢

وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ

دەڵێت:

وە کە کەسێکتان کوشت و یەکترتان تێوە دەگلاند، وە الله ئەوە بەدیار دەخات کە ئێوە دەتانشاردەوە.

واتە:

پیاوێك کوژرا و یەکترتان تاوانبار دەکرد بە کوشتنی، وە الله بەدیاری دەخات کە کێ کوشتوویەتی.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بەو پیاوەی کە کوژراوە ئاماژە بە چەند وتەوتێك دەکات:

یەکەم: پیاوێکی نەزۆك سەر بەهۆزێکی نەوەکانی ئیسرائیل دەبێت، گەورە پیاوەکەیان دەیکوژێت و فڕێیدەداتە ئەو شوێنەی هۆزێکی دیکەی ئیسرائیلی لێی دەژیا، شەڕ لە نێوان ئەم دوو هۆزە ڕوودەدات. ئیتر موسا فەرمانیان پێ دەکات کە چێڵێك سەربڕن، (عبيدة).

دووەم: پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو کە وجاغ کوێر بوو، خزمێکی نزیکی دەیکوژێت بۆ ئەوەی ببێت بە میراتگر، وە فڕێیدەداتە سەر ڕێگای بەیەکگەیشتی هۆزەکان، (ابو العالیة).

سێهەم: پیاوێك هەبوو لە بنی ئیسرائیل کە دەوڵەمەند بوو و کچێکی جوانی هەبوو، برازایەکی داوای دەستی کچەکەی کرد، بەڵام پیاوەکە ڕەتی کردووە بیداتێ، گەنجەکە تووڕە بوو و مامی خۆی کوشت و تەرمەکەی فڕێدایە ناو هۆزێکی دیکە ئیسرائیلەوە.

## ئایەتی ٧٣

فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَٰلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ

دەڵێت:

جا گوتمان لە پیاوە مردووەکە بدەن بە بەشێك لە چێڵە سەربڕاوەکە، بەم جۆرە اللە مردوو زیندوودەکاتەوە، وە نیشانەکانی خۆی نیشانتان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن.

واتە:

{فَقُلْنَا}، گوتمان، {اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا}، لە پیاوە مردووەکە بدەن بە بەشێك لە چێڵە سەربڕاوەکە، {كَذَٰلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَىٰ}، بەم جۆرە اللە مردوو زیندوو دەکاتەوە، واتە پیاوە مردووەکە زیندوو بۆوە، {وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ}، وە نیشانەکانی خۆی نیشانتان دەدات بۆ ئەوەی تێبگەن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا}، دەڵێت واتە:

اللە فەرمانی پێیان کرد کە بە بەشێك لە چێڵە سەربڕاوەکە لە پیاوە مردووەکە بدەن تاوەکو زیندووبێتەوە، لێیاندا و زیندوو بۆوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، چەند وتەوتێك هەیە کە بە کام بەشی چێڵەکە لە پیاوەکەیان داوە بۆ ئەوەی زیندووبێتەوە:

یەکەم: زمان چونکە ئامرازی زمانە.

دووەم: بە کلێنجە چونکە مرۆڤ لەسەر کلێنجەی زیندوو و دروست دەبێتەوە.

سێهەم: ڕان.

چوارەم: بە ئێسکێك لە ئێسکەکانی.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

کاتێك بە بەشێك لە چێڵە سەربڕاوەکە لە پیاوە مردووەکەیاندا، پیاوەکە زیندوو بۆوە و گوتی فولانە کەس منی کوشتووە.

## ئایەتی ٧٤

ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الْأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

ئینجا دوای ئەوە دڵەکانتان وەك بەرد ڕەق بوو یان ڕەقتر لە بەرد، لە ڕاستیدا بەردی واهەن کە ڕووبارەکانی لێوە دەتەقنەوە، وە هەیانە کە لەتلەت دەبێت و ئاوی لێوە دێتە دەرەوە، وە هەیانە کە بە هۆی ترسی لە اللّٰەوە بەردەبێتەوە، وە اللّٰە بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

واتە:

{ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ}، ئینجا دوای ئەوە دڵەکانتان ڕەق بوو، {فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ}، دڵەکەکانتان وەك بەرد وایە، {أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً}، یان ڕەقترە لە بەرد، {وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الْأَنْهَارُ}، لە ڕاستیدا بەرد هەیە کە ڕووبارەکانی لێوە دەتەقێتەوە، {وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ}، وە بەرد هەیە کە لەتلەت دەبێت و ئاوی لێ دێتە دەرەوە، {وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ}، وە بەرد هەیە کە بە هۆی ترسی لە اللّٰەوە بەردەبێتەوە، {وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ}، وە اللّٰە بێئاگا نییە لەو کارانەی دەیکەن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ} دەڵێت:

بەرد هەیە لە چیا و کێو بەردەبێتەوە لە ترسی اللّٰە.

وە ئایەتی دیکەی قورئان هەیە کە تەئکید دەکاتەوە کە بەرد ئەقڵی هەیە، وەك ئایەتی ٧٢ سوورەتی الاحزاب:

إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا

واتە: ئێمە ئەمانەتمان نمایش کرد بۆ ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان بەڵام ڕەتیان کردەوە کە هەڵیبگرن و لێی ترسان، وە مرۆڤ بە هۆی ئەوەی ستەمکاری و نەزانیەوە هەڵیگرت.

(الْأَمَانَةَ)، واتە ئیسلام و عەقیدە.

وە ئایەتی ٢١ سوورەتی الحشر دەڵێت:

لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا الْقُرْآنَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ

ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندایە سەر چیایەك، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەتبینی لە ترسی الله ملکەچ و وردوخاش دەبوو.

# ئایەتی ٧٥

أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لە هێرشەکانی بۆ سەر جووەکان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

جا ئایا ئارەزوو دەکەن ئەوانە بۆ ئێوە باوەڕ بێن؟ وە بێگومان دەستەیەکیان گوێیان لە وتەی الله دەگرت، ئینجا دوای ئەوەی کە تێدەگەیشتن دەیانگۆڕی، وە ئەوان دەیانزانی.

واتە:

{أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا لَكُمْ}، جا ئایا ئەی موسڵمانان ئارەزوو دەکەن کە ئەو جوولەکانە باوەڕ بە ئاینەکەتان بێنن؟ {وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ}، وە بێگومان دەستەیەکیان گوێیان لە وتەی الله دەگرت، واتە گوێیان لە تەورات

دەگرت، {ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ}، ئینجا دوای ئەوەی لەبەریان دەکرد و تێدەگەیشتن دەیانگۆڕی، {وَهُمْ يَعْلَمُونَ}، وە دەیانزانی کە ئەم کارە دەکەن.

ئەو دەقەی جێگای سەرنجە ئەوەیانە کە دەڵێت:

وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ

واتە: وە بێگومان دەستەیەکیان گوێیان لە وتەی الله دەگرت لە تەورات، ئینجا دوای ئەوەی لەبەریان دەکرد و تێدەگەیشتن، دەیانگۆڕی.

ئایا ئەم دەقە پێمان دەڵێت کە تەورات دەستکاری کراوە؟ هەرگیز.

چونکە ئەم دەقە دەڵێت دەستەیەك {فَرِيقٌ} گوێیان لە تەورات دەگرت، {يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ}، ئینجا دوای ئەوەی تێدەگەیشتن لە دەقەکە دەهاتن ماناکەیان یان مەتنەکەیان دەگۆڕی.

وەك موسڵمان گوێی لە دەقێکی قورئان دەبێت دواتر دێت بەمەبەستەوە یان بە هۆی نەزانیەوە بێت ماناکەی بە شێوەیەکی دیکە بۆ خەڵك باس دەکات.

وە ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە قورئان تحریف کرابێت.

وە ئەم دەستەیە خەڵکانێك بوون لە جووەکانی دوورگەی عەرەب کە تەوراتی نووسراویان لابووە، بەڵام کاتێك بۆ عەرەبیان باس کردووە بە شێوەیەکی جیا لە مانای دەقەکە باسیان کردووە.

لەبەر ئەوە ئەم دەقە بە هیچ جۆرێك بە مانای دەستکاریکردنی تەورات نایەت.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت: {يَسْمَعُونَ كَلَامَ اللَّهِ- گوێیان لە وتەی الله دەگرت}، واتە: گوێیان لە تەورات دەگرت، {ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ- ئینجا دەیانگۆڕی}، واتە ئینجا ماناکەی و شرۆڤەکەیان دەگۆڕی.

## ئایەتی ٧٦

وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ لِيُحَاجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ

دەڵێت:

وە کاتێك دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە، دەیانگوت باوەڕمان هێناوە، وە هەرکە بەتەنها لەگەڵ یەکتر دەبن دەیانگوت ئایا ئێوە بەوە قسەیان لەگەڵدا دەکەن کە الله بە ئێوەی داوە بۆ ئەوەی بەسەرتاندا بکەن بە بەڵگە لای خوداکەتان، ئەریٚ ئێوە بۆ تێناگەن؟

واتە:

{وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا}، وە کاتێك یەهودیەکان دەگەن بەوانەی ئیمانیان هێناوە، واتە بە موسڵمانان، {قَالُوا}، دەیانگوت، {آمَنَّا}، باوەرمان هێناوە، {وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ}، وە کاتێك یەهودیەکان تەنها خۆیان دەبوون، {قَالُوا}، دەیانگوت، {أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ}، ئایا ئێوە ئەوەیان بۆ باس دەکەن کە الله بە ئێوەی داوە، واتە تەورات، {لِيُحَاجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ}، بۆ ئەوەی بکەن بە بەڵگە بەسەرتانەوە لای خوداکەتان، {أَفَلَا تَعْقِلُونَ}، دەسا بۆ تێناگەن.

الماوردی لە النکت و العیون، سەبارەت بە {أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ}، دەڵێت چوار وتەوت هەیە :

یەکەم: ئەوەی الله بە بیر ئێوەی هێناوەتەوە، (ابن عباس).

دووەم: ئەوەی الله لە تەورات بۆ ئێوەی دابەزندووە لە ئاماژەکردن بە پێغەمبەرایەتی محمد، (ابن عباس و ابي العالیة و قتادة).

سێهەم: مەبەستیان لەو وتەیەیە کە پێغەمبەر بە بنی قریظەی گوت، کاتێك پێیانی گوت: ئەی برایانی مەیموون. گوتیان کێ بە محمد گوتووە کە ئێمە برایانی مەیموونین، (مجاهد).

چوارەم: هەندێك لە جووەکان ئیمانیان هێنا، ئینجا مونافیق دەرچوون، جا بۆ موسڵمانانیان باس دەکرد کە باپیرانیان چۆن لە لایەن اللهوە سزا دراون، (مجاهد).

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: مجاهد سەبارەت بە {أَتُحَدِّثُونَهُمْ بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ}، گوتوویەتی:

قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ قُرَيْظَةَ تَحْتَ حُصُونِهِمْ فَقَالَ : يَا إِخْوَانَ الْقِرَدَةِ وَيَا إِخْوَانَ الْخَنَازِيرِ، وَيَا عَبَدَةَ الطَّاغُوتِ . فَقَالُوا : مَنْ أَخْبَرَ هَذَا مُحَمَّدًا ؟ مَا خَرَجَ هَذَا إِلَّا مِنْكُمْ !

پێغەمبەر صلعم، لە ڕۆژی غەزووی بنی قریظة لە ژێر شوراكانیان وەستاو و گوتی: ئەی برایانی مەیموون، وە ئەی برایانی بەراز، وە ئەی ئەوانەی طاغوت دەپەرستن، گوتیان: كێ ئەوەی بە محمد گوتووە؟ وە ئەم قسەیە تەنها لە خۆمانەوە بە محمد گەیشتووە.

# ئایەتی ٧٧

أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ

دەڵێت:

ئەی نازانن كە الله بەوە دەزانێت كە دەیشارنەوە و بەوەش كە دەریدەخەن؟

الطبری لە جامع البيان دەڵێت واتە:

ئەی ئەو یەهودیانە نازانن كە الله دەزانێت بەوەی دەیشارنەوە، واتە لە سیفاتی محمد كە لە پەرتووكەكانیان ئاماژەی پێكراوە.

ئەگەر الله بیزانیانە یان محمد لە پەرتووكی یەهودیەكان ئاماژەی پێ بكرایە، ئەوە پێمانی دەگوت لە كامە بەشی تەورات ئاماژەی پێ كراوە.

# ئایەتی ٧٨

وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلَّا أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ

دەڵێت:

وە هەیانە نەخوێنەوارن، لە پەرتووك نازانن تەنها خۆشباوەڕن، ئەوانە تەنها مەزندە دەكەن.

واتە: وە هەیانە كە نەخوێنەوارە و لە پەرتووك نازانێت، تەنها خۆشباوەڕە و بڕوا بە هەموو شتێك دەكات كە پێی دەگوترێت، {وَإِنْ هُمْ إِلا يَظُنُّونَ}، واتە لە ڕاستی و دروستی شتەكان نازانن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ}، دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

{الْأُمِّيُّونَ} خەڵکانێکن کە نە بڕوایان بە پێغەمبەرێك کردووە لەو پێغەمبەرانەی الله ناردوویەتی، وە نە پەرتووکێك کە الله دایبەزاندووە، جا پەرتووکیان بە دەستی خۆیان نووسیوە، ئینجا بە خەڵکانێکی نەزان و نەفامیان گوتووە {هَذَا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ}، واتە ئەوە لە لایەن اللهوە دابەزیووە.

# ئایەتی ٧٩

فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـٰذَا مِنْ عِندِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ

دەڵێت:

جا واوەیلا لەوانەی پەرتووك بە دەستەکانیان دەنووسن، ئینجا دەڵێن ئەمە لە لایەن اللهوەیە بۆ ئەوەی نرخێکی کەمی پێ بەدەست بێنن، جا قوڕیان بەسەر بە هۆی ئەوەی دەستەکانیان نووسیویەتی، وە قوریان بەسەر بۆ ئەوەی بەدەستیان هێناوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەوانە کۆمەڵێکی دیکەن لە جووەکان، کە بانگێشەرن بۆ گومڕایی بە درۆکردن بە ناوی اللهوە، وە سامانی خەڵك بە ناهەق دەخۆن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، قتادة و السدی گوتوویانە:

خەڵکانێك لە نەوەکانی ئیسرائیل پەرتووکیان بە دەستکانیان دەنووسی و دەیانفرۆشت بە عەرەب و دەیانگوت: ئەوە لە لایەن اللهیە بۆ بەدەستهێنانی نرخێکی کەم.

وە ابن کثیر و الطبری و القرطبی دەڵێن، محمد صلعم، لە ڕیوایەتێکدا گوتوویەتی:

وَيْلٌ وَادٍ فِي جَهَنَّمَ ، يَهْوِي فِيهِ الْكَافِرُ أَرْبَعِينَ خَرِيفًا قَبْلَ أَنْ يَبْلُغَ قَعْرَهُ

وەیل دۆڵێکە لە دۆزەخ، کافر تیایدا فڕێدەدرێتە خوارەوەی، وە چل پایز دەخایەنێت تاوەکو دەگاتە قوڵایی دۆڵەکە.

# ئایەتی ٨٠

وَقَالُوا لَن تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَّعْدُودَةً قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ اللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ عَهْدَهُ أَمْ تَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە گوتیان هەرگیز ئاگر توخنمان ناکەوێت تەنها ڕۆژانێکی کەم نەبێت، بڵێ ئایا پەیمانتان لە لای اللهوە وەرگرتووە، جا الله هەرگیز پەیمانەکەی ناشکێنێت یان شتانێك لە سەر الله دەڵێن کە نازانن؟

واتە: ئەو جوولەکانەی کە پەرتووکیان بە دەستەکانیان دەنووسی و دەیانگوت ئەوە لە لایەن اللهوەیە گوتوویانە: تەنها چەند ڕۆژێکی کەم لە ناو دۆزەخدا دەمێنینەوە.

جا الله بە محمد دەڵێت پێیان بڵێ: ئایا پەیمانتان لە اللهوە وەرگرتووە کە تەنها چەند ڕۆژێکی کەم لە دۆزەخدا دەمێننەوە؟ جا لەبەر ئەوە الله هەرگیز پەیمانەکەی ناشکێنێت یان لە خۆتانەوە قسە دەکەن، وە شتێك لەسەر الله دەڵێن کە نازانن و زانیاریتان نییە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

جووەکان دەیانگوت: تەمەنی ئەم دونیایە ٧ هەزار ساڵە، وە بۆ هەر هەزار ساڵێك ڕۆژێك لە دۆزەخدا ئازار دەدرێین، واتە تەنها ٧ ڕۆژ سزا دەدرێین، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَقَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَةً}، تاوەکو کۆتایی ئایەتی ٨٢ { خَالِدُونَ}.

وە هەروەها ابن عباس گوتوویەتی: {وَقَالُوا لَنْ تَمَسَّنَا النَّارُ إِلَّا أَيَّامًا مَعْدُودَةً}، واتە جووەکان گوتیان ئاگر ئەشکەنجەمان نادات تەنها چل شەو نەبێت، وە چل شەو ،ئەو ماوەیەیە کە گوێرەکەیان پەرستووە.

وە هەروەها ابن عباس گوتوویەتی: جووەکان دەیانگوت کە لە تەوراتدا نووسراوە، دووری نێوان هەردووك جەمسەرەکەی دۆزەخ چل ساڵە تاوەکو دەگەن بە درەختی ژەقنەبوت، وە دەیانگوت ئەشکەنجە دەدرێین تاوەکو دەگەین بە درەختی ژەقنەبوت، ئینجا دۆزەخ تیادەچێت و ڕزگارمان دەبێت.

ئەگەر جووەکان ئەم قسانەیان کردبێت ئەوە بە موسڵمانانیان ڕابواردووە، چونکە شتی لەم چەشنە لە تەوراتدا بوونی نییە. وە یان دەشێت ابن عباس لە خۆیەوە ئەم قسانەی کردبێت و درۆی هەڵبەستبێت.

# ئایەتی ٨١

بَلَىٰ مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

بەڵێ هەر کەسێك خراپەیەکی بەدەست هێنابێت، وە گوناهەکەی دەورەی دابێت، ئەوە ئەوانە یاوەرانی ئاگرن کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: {وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ- وە گوناهەکەی دەورەی دابێت}، واتە:

گوناهەکانی بەسەریدا کەڵەکەیان کردبێت و بمرێت بەر لەوەی تۆبەی کردبێت.

# ئایەتی ٨٢

وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە ئەوانە یاوەرانی بەهەشتن کە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: {وَالَّذِينَ آمَنُوا}، واتە ئەوانەی باوەڕیان بە محمد صلعم هێناوە.

# ئایەتی ٨٣

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْنًا وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ

دەڵێت:

وە کە پەیمانمان لە نەوەکانی ئیسرائیل وەرگرت کە تەنها الله بپەرستن، وە لەگەڵ دایك و باوك و کەسوکار و هەتیوو و هەژاران چاك بن، وە بە وتەی جوان بە خەڵك بڵێن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئینجا پشتتان کرد تەنها کەمێکتان نەبێت، وە ئێوە خۆتان دوورەپەرێز گرتووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

گشت قورئانخوێنانی کوفە، جگە لە عاصم لە جیاتی {حُسْنًا}، دەیانخوێندەوە: {حَسَنا}، وە هەندێك دەیانخوێندەوە: {حُسْنَى}.

نووسەری قورئان ئاشنایەتی نەبووە بە ١٠ ڕاسپاردەکەی موسا، کە لە دوو تابلۆ لە یەهوەی (خودای بنی ئیسرائیلی) وەرگرت. وە شتەکانی تێکەڵ بەیەك کردووە. دەکرێت تەنها {لَا تَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ}، واتە یەك خودا بپەرستن، (کە یەکەم ڕاسپاردەیە)، وە {بِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا}، واتە لە گەڵ دایك و باوکتان باش بن، (کە ڕاسپاردەی پێنجەمە) لە ١٠ ڕاسپاردەکەن.

ئەوانیتر هیچ پەیوەندیان بە ١٠ ڕاسپاردەکەوە نییە.

{وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ- وە ئێوە خۆتان دوورەپەرێزگرت)، واتە دەستەبەرداری بوون.

## ئایەتی ٨٤

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ لَا تَسْفِكُونَ دِمَاءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَارِكُمْ ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر جووەکان و دەڵێت:

وە کە پەیمانمان لە ئێوە وەرگرت کە خوێنی یەکتر مەڕێژن و یەکتر لە زێدەکانتان دەرمەکەن، ئینجا پابەند بوون، وە خۆتان شایەتن.

{ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ}، واتە ئینجا پابەندی پەیمانەکە بوو، وە خۆتان شایەتن.

وەك الطبرى لە جامع البيان، دەڵێت واتە: ئێوە پابەندی ئەو پەیمانە بوون و خۆتان شایەتن کە پابەند بوون.

# ئایەتی ٨٥

ثُمَّ أَنتُمْ هَـٰؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَىٰ تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

ئینجا ئێوە ئەوانەن کە یەکتر دەکوژن و بە تاوان و دوژمنایەتی بەسەر دەستەیەك لە خۆتان زاڵ دەبن و لە زێدەکانیان دەریان دەکەن، وە ئەگەر دیلتان بۆ بێت ئەوە بە فدیە ئازادیان دەکەن، لە کاتێکدا دەرکردنیان لێتان حەرام کراوە، ئایا بە هەندێکی پەرتووك بڕوا دەکەن و بەهەندێکی بڕوا ناکەن؟ جا سزای ئەوەی ئەو کارە دەکات تەنها ڕیسواییە لە دونیا، وە لە ڕۆژی قیامەت ڕەوانەی دژوارترین سزا دەکرێن، وە الله بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە جووەکان دەڵێت:

{ثُمَّ}، ئینجا دوای ئەوەی پەیمانمان لێتان وەرگرت، {أَنتُمْ هَـٰؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ}، ئێوە ئەوانەن کە یەکتر دەکوژن، {وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ}، وە دەستەیەك لە خۆتان لە زێدەکانیان دەردەکەن، {تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ}، بە تاوان و دەستدرێژی بەسەریاندا زاڵ دەبن، {وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَىٰ تُفَادُوهُمْ}، وە ئەگەر دیلتان بۆ بێت و هەبێت، ئەوە بە فدیە، واتە پارە، ئازادیان دەکەن، {وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ}، وە لێتان حەرام کراوە کە دەریان بکەن، {أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ}، ئایا بە هەندێك پەرتووك بڕوا دەکەن و بە هەندێك بڕوا ناکەن و کوفر دەکەن، {فَمَا جَزَاءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا}، جا سزای ئەوانەی ئەم کارە دەکەن تەنها ڕیسواییە لە ژیانی دونیا، {وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ}، وە لە ڕۆژی قیامەت ڕەوانە

دەكرێن بۆ دژواترین ئەشكەنجە، {وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ}، وە الله بێئاگا نییە لەوەی دەیكەن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە خوێندنەوە جیاكان دەڵێت:

هەندێك لە جیاتی {تَظَاهَرُونَ}،دەیانخوێندەوە: { تَظَّاهَرُونَ}، واتە {تَتَظَاهَرُونَ}.

هەندێك لە جیاتی {أُسَارَى}، دەیانخوێندەوە: {أَسْرَى}، یان {أَسَارَى}.

هەندێك لە جیاتی {تُفَادُوهُمْ}، دەیانخوێندەوە: {تَفْدُوهُمْ}.

ئەم دەقە دەڵێت:

تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ

یەكتر دەكوژن و دەستەیەك لە خۆتان لە زێدەكانیان دەردەكەن، بە تاوان و دەستدرێژی بەسەریاندا زاڵ دەبن، وە ئەگەر دیلتان بۆ بێت ئەوە بە فدیە ئازادیان دەكەن.

سەرتاپای ئەوكارانە محمد و یاوەرەكانی كردوویانە. كەچی نووسەری قورئان هاتووە یەهودیەكان بەم بەدفەڕیانە تاوانبار دەكات.

{تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ- یەكتر دەكوژن}، موسڵمانان ١٤ سەدەیە یەكتر دەكوژن.

{وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَارِهِمْ- وە دەستیەك لە خۆتان لە زێدەكانیان دەردەكەن}، محمد، بنی نضیر و بنی قنیقاعی، لە مەدینە ئاوارە و دەربەدەر كردووە.

{تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِم بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ- بە تاوان و دەستدرێژی بەسەریاندا زاڵ دەبن}، هەروەك چۆن محمد و یاوەرەكانی بە تاوان و دەستدرێژیكردن بەسەر بەنی قریظة زاڵ بوون، پیاو و مێردمنداڵەكانیان كوشتن و ژن و منداڵەكانیان كردن بە كۆیلە.

{إِن يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ- وە كە دلیتان دەبێت، ئەوە بە فدیە ئازادیان دەكەن}، محمد، دیلەكانی بەدری بە پارە ئازاد كردووە، تەنها النضر بن الحارث و عقبة بن ابي المعيط نەبێت كە هەردووكیانی كوشتووە.

{أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ}، ئايا بە هەندێك پەرتووك بڕوا دەكەن و ئیمان دەهێنن، وە بە هەندێك پەرتووك بڕوا ناهێنن و كوفر دەكەن؟

واتە ئیمان بە تەورات دەهێنن  و كوفر بە قورئان دەكەن.

بەو مانایە نایەت كە شرۆڤەكارە درۆزنەكان كردوویانە و گوتوویانە، واتە بڕوا بە هەندێك دەقی تەورات دەكەن و بروا بە هەندێكی ناكەن.

ئەوە درۆیە، چونكە تەورات زۆر پیرۆزە لای یەهودیەكان.

## ئایەتی ٨٦

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی كە ژیانی دونیایان لە بری ئاخیرەت كڕیوە، سزایان لەسەر سووك ناكرێت، وە ئەوانە پشتیوانی ناكرێن.

واتە: ئەو جوولەكانەن كە ژیانی دونیایان هەڵبژاردووە بە سەر ژیانی دوایی، وە ئەوانە لە دۆزەخ سزا دەدرێن و سزاكەیان لەسەر سووك ناكرێت.

## ئایەتی ٨٧

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمْ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ

دەڵێت:

وە سوێند بێت پەرتووكمان بە موسا دا، وە لە دوای ئەوە پێغەمبەر لە دوای پێغەمبەرمان نارد، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای كوڕی مەریەم دا و پشتیوانیمان كرد بە گیانی پیرۆز، جا ئایا هەر جارێك پێغەمبەرێكتان بۆ هاتووە كە خۆشیتان پێی نەهاتووە، خۆتان پێ گەورە بووە، و كۆمەڵێكیانتان بە درۆزن زانیوە و كۆمەڵێكیانتان كوشتووە.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە جووەکان دەڵێت:

{وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ}، وە سوێند بێت ئێمە پەرتووکمان بە موسا دا، {وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ}، وە لە دوای موسا پێغەمبەر لە دوای پێغەمبەرمان نارد، {وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ}، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا، {وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ}، وە پشتیوانیمان کرد بە گیانی پیرۆز، {أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمُ}، جا هەر جارێك كە پێغەمبەرێکتان بۆ هاتووە کە خۆشیتان پێی نەهاتووە، {اسْتَكْبَرْتُمْ}، خۆتان پێ گەورەبووە، {فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ}، کۆمەڵێکتان لەو پێغەمبەرانە بە درۆزن زانیوە، {وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ}، وە کۆمەڵێك لەو پێغەمبەرانەتان کوشتووە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ}، واتە تەوراتمان بە موسا دا.

{وَقَفَّيْنَا مِن بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ}، واتە پێغەمبەرانمان یەك لە دوای یەك لە دوای موسا نارد.

{وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ}، واتە موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مریەم دا، وەك زیندووکردنەوەی مردوو و چاکردنەوەی نەخۆش و هتد

{وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ}، دەڵێت سەبارەت بە شرۆڤە و ماناکەی چەند وتەوتێك هەیە:

یەکەم: واتە جبرایل

دووەم: واتە ئینجیل

سێهەم: واتە ئەو ڕۆحەی کە عیسا مردووی پێ زیندوو دەکردەوە.

الطبری دەڵێت، من لەگەڵ بۆچوونی یەکەمم.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، دەڵێت {رُوحِ الْقُدُسِ}، واتە جبرایل، وە بەڵگە بۆ ئەمە ئەو فەرموودەیە کە لە بوخاری هاتووە کە پێغەمبەر صلعم گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ أَيِّدْ حَسَّانَ بِرُوحِ الْقُدُسِ كَمَا نَافَحَ عَنْ نَبِيِّكَ

ﷲ پشتیوانی له حسان بکه به گیانی پیرۆز، هەروەك چۆن بەرگری له پێغەمبەرەکەت کردووە.

وه دەڵێت له ڕیوایەتێکی دیکه هاتووە که محمد صلعم گوتوویەتی:

اهْجُهُمْ أَوْ : هَاجِهِمْ وَجِبْرِيلُ مَعَكَ

جوێنیان پێ بده و جبرایل لەگەڵتدایه.

حسان بن ثابت شاعیری محمد صلعم بوو.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَىٰ أَنفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ

ئەی جووەکان هەرچەند جارێك پێغەمبەرێکتان بۆ دێت که خۆشیتان پێی نایەت خۆبەزلزان دەبن، وه کۆمەڵێکیان به درۆزن دەزانن و کۆمەڵێکیان دەکوژن.

واته: هەر پێغەمبەرێك که بۆ جووەکان هاتووە، جووەکان یان کوشتوویانه یان به درۆزنیان زانیوه.

واته له یعقوبەوه تاوەکو عیسا، جووەکان هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هاتبێت، ئەوه یان کوشتوویانه یان به درۆزنیان زانیوه، وه دەڵێت کۆمەڵێکتان کوشتووە، وه کۆمەڵێکتان به درۆزن زانیوه.

ئایا ئەمه ڕاسته، یان ئیدعایەکی بێ بنەمای قورئانه؟ هەڵبەته ئیدعایەکی بێ بنەمای قورئانه. چونکه به گوێرەی دەقەکانی قورئان هیچ پێغەمبەرێك نییه که جووەکان کوشتبێتیان.

## ئایەتی ٨٨

وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ

دەڵێت:

وه گوتیان دڵەکانمان داپۆشراوه بەڵکو ﷲ به کوفریان نەفرەتی لێیان کردووە، جا تەنها کەمێکیان باوەڕ دەهێنن.

القرطبی له الجامع لاحکام البیان دەڵێت:

ابْنُ عَبَّاسٍ وَالْأَعْرَجُ وَابْنُ مُحَيْصِنٍ، له جیاتی {غُلْفٌ}، دەیانخوێندەوە: {غُلُفٌ}. وە ابن عباس گوتوویەتی، واتە دڵمان پڕە لە زانست و پێویستمان بە زانستی محمد نییە.

ئینجا لەبەر ئەوەی جووەکان ئیمانیان بە محمد نەهێناوە، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام نەفرەتیان لێ دەکات، وەك دەڵێت:

بَلْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ

بەڵکو الله نەفرەتی لێیان کردووە بە هۆی کوفریان بە محمدەوە.

# ئایەتی ٨٩

وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بەردەوام دەبێت لە سووکایەتیکردن بە جووەکان و دەڵێت:

وە کاتێك پەرتووکێکیان لە لایەن اللهوە بۆ هات کە ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکە دەسەلمێنێت کە لایانە، وە ئەوان لە پێشوودا داوای سەرکەوتنیان دەکرد بەسەر کافرەکان، بەڵام کاتێك ئەوەیان بۆ هات کە دەیناسن، کوفریان پێی کرد، جا نەفرەتی الله لە کافرەکان.

واتە:

{وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ}، وە کاتێك پەرتووکێکیان، کە قورئانە، لە لایەن اللهوە بۆ هات، {مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ}، کە ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکە، کە تەوراتە، دەسەلمێنێت کە لە لایانە، {وَكَانُوا مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا}، وە لە پێشوو داوایان لە الله دەکرد کە سەریان بخات بەسەر کافرەکان، {فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ}، جا کاتێك ئەوەیان بۆ هات کە دەیناسن، کوفریان پێی کرد، {فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ}، دەسا نەفرەتی الله لە کافرەکان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ}، کاتێك جووەکان قورئانیان لە لایەن اللەوە بۆ هات، {مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ}، کە ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکانە دەسەلمێنێت کە لە لایانە و پێش قورئان دابەزیوە، تەورات و زەبوور و ئینجیل.

ئەم دەقە دەقێکی دیکەیە کە دەیسەلمێنێت تەورات و زەبوور و ئینجیل دەستکاری نەکراون، چونکە قورئان بە جووەکانی مەدینە دەڵێت: قورئان ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکانە دەسەلمێنێت کە لە لاتانە، {لِّمَا مَعَهُمْ}، واتە ئەوەی ئێستا لای ئێوەیە.

{وَكَانُوا مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا}، وە بەر لەوەی محمد بێت، ئەوە جووەکان بە موشریکە عەرەبەکانیان دەگوت لە ئەوس و خەزرەج کە پێغەمبەرێکیان بۆ دێت کە بە هۆی ئەو پێغەمبەرەوە الله سەریان دەخات بەسەر کافر و موشریکە عەرەبەکان.

القرطبی لە جامع البیان دەڵێت: {يَسْتَفْتِحُونَ}، واتە سەرکەوتن وەك لە ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت:

كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتَفْتِحُ بِصَعَالِيكِ الْمُهَاجِرِينَ

پێغەمبەر بە صعالیکەکان، (چەتە و ڕێگرە کۆچکردووەکان) سەردەکەوت.

{فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ}، دەڵێت جا کاتێك ئەوە هات کە دەیناسن، واتە محمد، ئەوە کوفریان پێی کرد و باوەڕیان پێی نەهێنا.

ئینجا الله نەفرەتیان لێ دەکات و تەکفیریان دەکات:

فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ

دەسا نەفرەتی الله لە کافرەکان.

بە گوێرەی ئەم دەقە جووەکان کافرن، چونکە ئیمانیان بە محمد نەهێناوە.

## ئایەتی ٩٠

بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ

دەڵێت:

بە خراپترین نرخ خۆیان فرۆشت، کە بە هۆی سەرکەشیانەوە کوفریان بەوە کرد کە الله دایبەزاندووە، الله لە چاکەکەی دادەبەزێنێت بۆ هەر کەسێك لە بەندەکانی کە خۆی بیەوێت، جا تووڕەیی لە دوای تووڕەییان بەدەست هێنا، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ڕیسواکەر هەیە.

واتە:

{بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ}، بە خراپترین شێوە خۆیان فرۆشت، {أَن يَكْفُرُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا}، بە هۆی سەرکێشیانەوە کوفریان بەوە کرد کە الله دایبەزاندووە، واتە قورئان، {أَن يُنَزِّلَ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ}، الله لە چاکەکەی خۆی دادەبەزێنێت بەسەر هەر بەندەیەك کە خۆی بیەوێت، {فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ}، جا ئەو جوولەکانە، چونکە باوەڕیان بە محمد و قورئان نەهێنا، ئەوە تووڕەیی لە دوای تووڕەیی اللهیان بە دەست هێنا، {وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ} وە بۆ کافران لە دۆزەخدا سزایەکی ڕیسواکەر هەیە.

ئەم ئایەتە تەئکید دەکاتەوە کە جووەکان کافرن، چونکە باوەڕیان بە محمد و قورئان نەهێناوە.

# ئایەتی ٩١

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بەردەوام دەبێت لە سووکایەتی بە جووەکان و بە محمد دەڵێت:

وە کاتێك پێیان دەگوترێت ئیمان بەوە بێنن کە الله دایبەزاندووە گوتیان: ئێمە باوەڕ دەهێنین بەوەی بۆ ئێمە دابەزیوە. وە کوفر دەکەن بەوەی دواتری لە کاتێکدا هەقە، ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێت کە لە لایانە. بڵێ کەواتە بۆ لە پێشوو پێغەمبەرانی اللهتان دەکوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

واتە:

{وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ}، وە کاتێك بە جووەکانی مەدینە دەگوترێت باوەڕ بێنن بەو پەرتووکەی اللە دایبەزاندووە، واتە بە قورئان، {قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا}، جووەکان دەڵێن ئێمە بڕوا دێنین تەنها بەو پەرتووکەی بۆ ئێمە دابەزیووە کە تەورات و زەبوورە، {وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ}، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام پێیان دەڵێت: وە کوفر دەکەن بە پەرتووکێك کە قورئانە کە لە دوای تەورات و زەبوور دابەزیووە، لە لاتێکدا قورئان هەقە و ڕاستی و دروستی تەورات و زەبوور دەسەلمێنێت، {قُلْ}، ئەی محمد پێیان بڵێ، {فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}، ئەی بۆچی پێغەمبەرانی اللەتان لە پێشوو دەکوشت ئەگەر ئێوە ئیماندارن؟

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: زۆربەی ئایەتەکانی سوورەتی البقرة سووکایەتی بە جووەکان دەکات و شەڕیان پێ دەفرۆشێت. ئەوە جووەکان نەبوون کە شەڕیان بە محمد فرۆشتووە، بەڵکو قورئانە کە شەڕی بە جووەکان فرۆشتووە و وازی لێیان نەهێناوە و سووکایەتی پێیان کردووە.

دووەم: ئەگەر گریمان بەر لە عیسا هەندێك لە پێغەمبەران بە دەستی جووەکان کوژرابن، ئەوە چ پەیوەندی بەو جوولەکانەوە هەیە کە لە سەردەمی محمد ژیاون؟

ئایا لە ئیسلامدا گوناە لە باپیرانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکان!

سێهەم: ئەم ئایەتە تەئکید دەکاتەوە کە تەورات لە سەردەمی محمد ڕاست و دروست بووە و دەستکاریکراو نەبووە، چونکە دەڵێت قورئان ڕاستی و دروستی ئەو پەرتووکە دەسەلمێنێت کە لاتانە، {مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ}.

چوارەم: جارێکی دیکە جووەکان دەکات بە کافر و دەڵێت ئیماندار نین.

پێنجەم: ئەم برگەیە {فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}، هەڵەیە چونکە ماناکەی دەبێت بە {بۆچی پێغەمبەرانی اللە دەکوژن لە پێشوو ئەگەر ئێوە ئیماندارن؟}

{مِن قَبْلُ}، واته {له ڕابردوو}، بەڵام {تَقْتُلُونَ}، دەکوژن (واته له ئێستا و داهاتوو).

لەبەر ئەوە دەبێت بڵێت:

فَلِمَ قَتَلْتُمْ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

واته: کەواته بۆ پێغەمبەرانی اللهتان له ڕابردوو کوشت ئەگەر ئیماندارن.

## ئايەتی ٩٢

وَلَقَدْ جَاءَكُم مُّوسَىٰ بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ

دەڵێت:

وه سوێند بێت موسا به موعجیزەکانەوه بۆتان هات، ئینجا له دوای ئەو گوێرەکەتان به خۆتانەوه گرت، وه ئێوه ستەمکار بوون.

واته: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، دەگەڕێتەوه سەر بابەتی گوێرەکە و دەڵێت، سوێند بێت موسامان به موعجیزەوه بۆ ئێوه نارد.

به گوێرەی تەورات ١٠ موعجیزه بووه، وه بۆ ئیسرائیلیەکان نەبووه، بەڵکو بۆ فیرعەون بووه. وه به گوێرەی قورئان ٩ موعجیزه بوون که بۆ فیرعەون بووه، وەك ئايەتی ١٠١ سوورەتی الاسراء دەڵێت:

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءَهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَوْنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَىٰ مَسْحُورًا

وه سوێند بێت نۆ موعجیزەی ڕوونمان به موسا دا، ئەی محمد له جوولەکان بپرسه، که موسا هات بۆ لایان، فیرعەون پێی گوت: ئەی موسا سوێند بێت من پێم وایه که تۆ جادووت لێکراوه.

نووسەری قورئان خۆی له بیرکردووه که ئەو نۆ موعجیزەیه بۆ فیرعەون بووه، وه له سوورەتی الاسراء و چەندەها سوورەتی دیکه دەڵێت بۆ فیرعەون و قەومەکەی بووه، بەڵام لەم سوورەتەدا دەڵێت ئەو موعجیزانەی موسا بۆ ئێوه بووه.

ئینجا ئايەتەکه دەڵێت:

ثمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ

ئینجا لە دوای ئەوەی موسا چوو بۆ ژوانی الله، گوێرەکەتان پەرست، وە ئێوە ستەمکار بوون.

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٥٤ ئەم سوورەتە.

# ئایەتی ٩٣

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ الطُّورَ خُذُوا مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُوا قَالُوا سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجلَ بِكُفْرِهِمْ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِ إِيمَانُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

دەڵێت:

وە کە پەیمانمان لە ئێوە وەرگرت و چیاکەمان بەسەر ئێوە بەرزکردەوە (گوتمان) ئەوەی بە ئێوەمان داوە بە هێزەوە بگرن و گوێبگرن، گوتیان بیستمان و سەرپێچیمان کرد. بە کوفریانەوە گوێرەکە پەرستیان بە دڵەکانیانەوە نۆش کردبوو، بڵێ بە خراپترین شێوە ئیمانەکەتان فەرمانتان پێ دەکات ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

ئەم ئایەتە سەرتاپای هەڵەیە لە ڕووی زمانەوانیەوە.

یەکەم: ئایەتەکە، وەك زۆرێك لە ئایەتەکانی سەرەوە، موخاتەبەی جووەکانی دووڕگەی عەرەبی دەکات، بەڵام ڕووداوەکە لە سەردەمی موسا ڕوویداوە. دەبووایە بڵێت:

وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَهم وَرَفَعْنَا فَوْقَهم الطُّورَ

واتە: وە کە پەیمانمانمان لەوان وەرگرت و چیاکەمان بەسەر ئەواندا بەرزکردەوە.

دووەم: ئەم بڕگەیە زۆر سەیرە کە دەڵێت: کاتێك، وەك هەڕەشە، چیامان بەسەر جووەکان بەرزکردەوە و پێمان گوتن:

خُذُوا مَا آتَيْنَاكُم بِقُوَّةٍ وَاسْمَعُوا (ئەوەی بە ئێوەمان داوە، تەورات، بە هێزەوە بگرن و پابەندی بن و گوێبگرن).

دەڵێت جووەکان لە وەڵامدا گوتیان:

سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا، (بیستمان و سەرپێچیمان کرد).

ئەی کەواتە پەیمانت لێیان وەرنەگرتووە، چونکە گوتوویانە بیستمان کە داوا دەکەیت پەیمان بدەین، بەڵام پەیمان نادەین.

سێهەم: ئەم بڕگەیە {وَأُشْرِبُوا فِي قُلُوبِهِمُ الْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ}، دەڵێت (وە خواردیانەوە لە دڵەکانیانەوە گوێرەکەکە بە کوفریانەوە).

شرۆڤەکەران نازانن مانای ئەم بڕگەیە چییە. بۆ شرۆڤەی ئەم دەقە گەڕاونەتەوە تەورات.

تەورات لە سفر الخروج دەڵێت:

هەروەها ئەو گوێرەکەیەی دروستیان کردبوو، موسا بردی و سووتاندی، هاڕی هەتا بووە تۆز، بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە نەوەکانی ئیسرائیل خواردەوە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

السدی و ابن جریج گوتوویانە: موسا گوێرەکەکەی هاڕی و لە ئاودا بەبای کرد، وە بە نەوەکانی ئیسرائیلی گوت: لەو ئاوە بخۆنەوە، هەموویان خواردیانەوە، جا هەر یەکێکیان گوێرەکەکەی خۆش ویستبوو ڕەنگی ئاڵتوونی لەسەر لێوەکانیدا بەدیار دەکەوت، وە دەڵێن هەر کەسێك لە ئاوەکەی خواردەوە شێت بوو.

موسڵمانان سەیرکەن کە چۆن شرۆڤەکەرانتان گەڕاونەتەوە بۆ تەورات لەکاتێکدا بە ئێوە دەڵێن دەستکاری کراوە.

## ئایەتی ٩٤

قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئەگەر ماڵی کۆتایی کە لە لای اللەیە تەنها بۆ ئێوەیە و بۆ خەڵکی دیکە نییە، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە:

ئەی جووەکان ئەگەر پێتان وایە کە بەهەشت تەنها بۆ ئێوەیە و بۆ خەڵکانی دیکە نییە، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ڕاستگۆن و درۆ ناکەن.

با هەمان لۆجیك بەرامبەر بە موسڵمانان بەکاربهێنین، لە ڕوانگەی ئیسلام و قورئان و محمدەوە بەهەشت تەنها بۆ موسڵمانانە، ئەوە منیش پێیان دەڵێم:

ئەگەر پێتان وایە کە بەهەشت تەنها بۆ ئێوەیە و بۆ هیچ کەسێکی دیکە نییە کە پەیڕەوی ئاینێکی دیکە دەکات، ئەوە خۆزگەی مەرگ بکەن ئەگەر ڕاستگۆن و درۆ ناکەن!!

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێن، محمد صلعم گوتوویەتی:

لَوْ أَنَّ الْيَهُودَ تَمَنَّوُا الْمَوْتَ لَمَاتُوا وَرَأَوْا مَقَامَهُمْ مِنَ النَّارِ

ئەگەر جووەکان خۆزگەی مەرگیان بکردایە ئەوە بە دڵنیاییەوە دەمردن و شوێنی خۆیان لە ئاگردا دەبینی.

## ئایەتی ٩٥

وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە هەرگیز خۆزگەی مەرگ ناکەن بە هۆی ئەو کارانەی کردوویانە، وە اللە بە ستەمکاران دەزانێت.

واتە:

جووەکان، بە هۆی کارە خراپەکانیانەوە، خۆزگەی مەرگ ناکەن، چونکە دەزانن دەچنە دۆزەخەوە.

واتە: ئەگەر کەسێك کاری چاکەی کردبێت خۆزگەی مەرگ دەکات چونکە دەزانێت دەچێتە بەهەشتەوە.

ئایا موسڵمانێکی تەواو و کامڵ ئامادەیە بە جدی خۆزگەی مەرگ بکات؟ هەرگیز، جیهاد ڕوکنێکە لە روکنەکانی ئیسلام، وە بە سەر موسڵمان فەرز کراوە، لێی ڕادەکات و بیانوو دەدۆزێتەوە، بۆ؟ چونکە ژیانی خۆش دەوێت، وە ئارەزوو دەکات هەزارەها ساڵ بژیت.

# ئایەتی ٩٦

وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَىٰ حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ

دەڵێت:

وە سوێند بێت دەیانبینیت کە بە پەرۆشترین خەڵکن بۆ ژیان، وە تەنانەت زیاتر لە وانەی کە شرکیان کردووە، وە هەر یەکێکیان خۆزگە دەکات کە هەزار ساڵ بژیت لە کاتێکدا کە تەمەنی درێژ لە دۆزەخ دووریان ناخاتەوە، وە الله ئەو کارانەیان دەبینێت کە دەیکەن.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

جووەکان، تەنانەت زیاتر لەو موشریکانەی کە بڕوایان بە زیندووبوونەوە نییە بە پەرۆشترن بۆ ژیان.

وە دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی: {وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا- وە لەوانەی شرکیان بە الله کردووە}، واتە عەجەمەکان، وەك فارسەکان دەڵێن (زِهْ هَزَارْسَالْ) واتە هەزار ساڵ. وە هەروەها وەك دەڵێن (هَزَارْسَالْ نَوْرُوزْ مَهْرَجَانْ)، واتە: هەزار ساڵ نەورۆز و ئاهەنگ.

{وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنَ الْعَذَابِ أَنْ يُعَمَّرَ}، وە تەمەن درێژی لە سزای دۆزەخ دووری ناخاتەوە.

# ئایەتی ٩٧

قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ هەر کەسێك دوژمنی جبرایل بێت ئەوە ئەوە کە بە مۆڵەتی الله لەسەر دڵی تۆی دابەزاندووە، کە ئەو پەرتووکانە بە ڕاست دادەنێت کە لە پێشیدایە، وە هیدایەت و مژدەیە بۆ ئیمانداران.

واتە:

{قُلْ}، ئەی محمد بڵێ، {مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ}، هەر کەسێك دوژمن بە جبرایل بێت، {فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ}، ئەوە جبرایلە کە وەحی بۆ سەر دڵت دابەزاندووە بە مۆڵەتی الله، {مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ}، وە ئەو وەحیە پشتڕاستکەرەوەی ئەو پەرتووکانەیە کە لەبەر دەستەکانتە، {وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ}، وە هیدایەت و مژدەیە بۆ ئیمانداران.

ئەم بڕگەیە {مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ}، دەیسەلمێنێت ئەو تەورات و ئینجیلەی کە لە سەردەمی محمد هەبووە ڕاست و دروست و دەستکاریکراو نەبووە، وە ئەو ئینجیل و تەوراتەی ئێستا هەن، هەمان ئەو ئینجیل و تەوراتەی سەردەمی محمدن و پێش محمدن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت:

هەموو ئەهلی عیلم کۆکن کە ئەم ئایەتە وەك وەڵامێك بە جووەکان دابەزیوە، چونکە دەیانگوت کە جبرایل دوژمنیانە و میکائیل دۆستیانە. ئینجا ناکۆکی هەیە کە بۆ جووەکان وایان گوتووە:

یەکەم: هەندێك گوتوویانە: دیبەیت لە نێوان جووەکان و پێغەمبەر ڕوویدا سەبارەت بە پێغەمبەرایەتیەکەی. وەك لە مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە کە ابن عباس گێڕاویەتیەوە، کە کۆمەڵێك پیاوی جوولەکە دێن بۆ لای پێغەمبەر و پێی دەڵێن چەند پرسیارێك هەیە لێت دەکەین کە هیچ کەسێك نازانێت تەنها پێغەمبەر نەبێت. پێغەمبەر گوتی هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بپرسن، بەڵام ئەگەر

وەڵامم دانەوە ئەوە دەبن بە ئیسلام؟ گوتیان بەڵێن بێت. چوار پرسیار لە محمد دەکەن:

یەکەم: ئیسرائیل (یعقوب) کامە خواردنی لە خۆی حەرام کردبوو بەر لە دابەزینی تەورات؟

دووەم: تۆواوی ژن و تۆواوی پیاو چۆنن؟ وە چۆن نێرینە و مێینە لێیانەوە دروست دەبێت؟ {كَيْفَ مَاءُ الْمَرْأَةِ وَمَاءُ الرَّجُلِ؟ وَكَيْفَ يَكُونُ الذَّكَرُ مِنْهُ وَالْأُنْثَى؟}

سێهەم: بارودۆخی ئەو پێغەمبەرە نەخوێنەوارە چۆنە لە کاتی خەوتن؟ { وَأَخْبِرْنَا بِهَذَا النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ فِي النَّوْمِ؟}.

چوارەم: کام لە فریشتەکان دۆستی ئەو پێغەمبەرە نەخوێنەوارەیە؟

محمد لە وەڵامدا دەڵێت:

وەڵام بە پرسیاری یەکەم: یعقوب گۆشت و شیری وشتری لە خۆی حەرام کرد.

جوەکان گوتیان، وەڵا بابە ڕاست دەکەیت.

وەڵام بە پرسیاری دووەم: تۆواوی پیاو خەستێکی سپیە و تۆواوی ژن ڕوونێکی زەردە، جا کامە ئاویان سەرکەوت ئەوە منداڵەکە لەو دەچێت، ئەگەر تۆواوی پیاو زاڵ بوو ئەوە منداڵەکە کوڕ دەبێت، وە ئەگەر تۆواوی ژن زاڵ بوو ئەوە منداڵەکە کچ دەردەچێت بە مۆڵەتی الله.

هَلْ تَعْلَمُونَ أَنَّ مَاءَ الرَّجُلِ أَبْيَضُ غَلِيظٌ ، وَأَنَّ مَاءَ الْمَرْأَةِ أَصْفَرُ رَقِيقٌ ، فَأَيُّهُمَا عَلَا كَانَ لَهُ الْوَلَدُ وَالشَّبَهُ بِإِذْنِ اللَّهِ ، وَإِذَا عَلَا مَاءُ الرَّجُلِ مَاءَ الْمَرْأَةِ كَانَ الْوَلَدُ ذَكَرًا بِإِذْنِ اللَّهِ ، وَإِذَا عَلَا مَاءُ الْمَرْأَةِ مَاءَ الرَّجُلِ كَانَ الْوَلَدُ أُنْثَى بِإِذْنِ اللَّه

جووەکان گوتیان، وەڵا بابە ڕاست دەکەیت.

وەڵام بە پرسیاری سێهەم: پێغەمبەرە نەخوێنەوارەکە چاوی دەخەوێت و دڵی ناخەوێت.

جووەکان گوتیان، وەڵا بابە ڕاست دەکەیت.

لێرەدا جووەکان بە محمد دەڵێن:( أَنْتَ الْآنَ ، فَحَدِّثْنَا مَنْ وَلِيُّكَ مِنَ الْمَلَائِكَةِ ، فَعِنْدَهَا نُجَامِعُكَ أَوْ نُفَارِقُكَ) ئێستا پێمان بڵێ کە کام لە فریشتەکان دۆستتە؟ لێرەدا یان لەگەڵ تۆدا دێینەوە یان جیا دەبینەوە.

محمد صلعم لە وەڵامدا دەڵێت:

دۆستی من جبرایلە، وە الله هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە کە جبرایل دۆستی نەبووبێت. جووەکان گوتیان لێرەدا لە تۆ جیادەبینەوە، ئەگەر فریشتەیەکی دیکە بووایە ئەوە لەگەڵتدا دەهاتینەوە و بڕوامان پێت دەهێنا.

ئەگەر گریمان ئەم چیرۆکە ڕاستە، ئەوە جووەکان بە محمدیان ڕابواردووە. وە بە مەبەستەوە پرسیاری جبرایلیان کردۆتە دوا پرسیار. بۆ ئەوەی لە وەڵام بە پرسیاری یەکەم و دووەم و سێهەم محمد هەر شتێك بڵێت ئەوە پێی بڵێن ڕاست دەفەرموویت بۆ ئەوەی وای لێ بکەن کە دڵی خۆش بێت و ئینجا لە وەڵامی پرسیاری چوارەم محمد هەر شتێك بڵێت ئەوان ناکۆکی بن.

چونکە تەنانەت وشەی {جبرایل} عیبریە و قورئان لە پەرتووکی پیرۆزی وەرگرتووە، وە محمد ناوی پێغەمبەرەکانی بنی ئیسرائیلی کردووە بە عەرەبی، بەڵام ناوی جبرائیلی بۆ نەکراوە بە عەرەبی و بە عیبری هێشتوویەتیەوە.

وە لای نەوەکانی ئیسرائیل جبرایل فریشتەیەکە لە فریشتەکانی الله و ناکرێت ڕقیان لە جبرایل بووبێتەوە.

بەڵام ئەگەر ڕقیان لە جبرایل بووبێتەوە ئەوە مەبەستیان جبرایلەکەی محمد بووە، واتە دحیەی الکلبی بووە، کە کەسێکی پیاو کوژ بووە. وەك ابن کثیر ئاماژە بە ڕیوایەتێکی دیکە دەکات کە جووەکان گوتوویانە:

وَلَكِنَّهُ لَنَا عَدُوٌّ ، وَهُوَ مَلَكٌ إِنَّمَا يَأْتِي بِالشِّدَّةِ وَسَفْكِ الدِّمَاءِ

بەڵام جبرایل دوژمنی ئێمەیە، وە فریشتەیەکە کە توندوتیژی و خوێنڕشتن لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

وە ابن کثیر دەڵێت، لە ڕیوایەتێکی دیکە هاتووە کە مسند احمد ئاماژەی پێ کردووە، جووەکان لە وەڵامدا گوتوویانە:

جِبْرِيلُ ، ذَاكَ الذِي يَنْزِلُ بِالْحَرْبِ وَالْقِتَالِ وَالْعَذَابِ عَدُوُّنَا ، لَوْ قُلْتَ : مِيكَائِيلُ الذِي يَنْزِلُ بِالرَّحْمَةِ وَالنَّبَاتِ وَالْقَطْرِ لَكَانَ . فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ { قُلْ مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ}

جبرایل ئەو فریشتەیە کە بە جەنگ و کوشتار و سزا دادەبەزێت و دوژمنمانە، ئەگەر بتگوتبایە میکائیل کە بە ڕەحمەت و سەوزایی و باران دادەبەزێت ئەوە باوەڕمان پێت دەهێنا، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند: {بڵێ هەر کەسێك دوژمن بە جبرایل بێت}.

دووەم: هەندێك گوتوویانە: هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەبووە کە جووەکان لە عومەری کوڕی خەتابیان پرسیوە کام لە فریشتەکان هاوڕێی محمدە؟ عومەر گوتوویەتی جبرایل. جووەکان گوتوویانە جبرایل لە ناو فریشتەکانی ئاسمان دوژمنی ئێمەیە چونکە فریشتەی جەنگە، وە نهێنیەکانی ئێمە بە محمد دەڵێت، بەڵام دۆستی ئێمە میکائیلە، کاتێك دادەبەزێت پیت و بەرەکەت و ئاشتی دەهێنێت.

فَقَالَ عُمَرُ {مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِلْكَافِرِينَ} قَالَ : فَنَزَلَتْ عَلَى لِسَانِ عُمَرَ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

عومەر گوتی: (هەر کەسێکی دوژمنی الله و فریشتەکان و پێغەمبەرەکانی و جبرایل و میکایل بێت، ئەوە الله دوژمنی کافرەکانە)، ئەم ئایەتە لەسەر زمانی عومەر دابەزی، ڕەزای الله لێ بێت!!

# ئایەتی ٩٨

مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ

دەڵێت:

هەر کەسێك دوژمنی الله و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و جبرایل و میکائیل بێت، ئەوە بێگومان الله دوژمنی کافرەکانە.

واتە:

هەر کەسێك دوژمنی الله و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و جبرایل و میکائیل بێت ئەوە کافرە، وە الله دوژمنی کافرەکانە.

ئەوەی لەم ئایەتە سەیروسەمەرەیە، ئەوەیە کە دەڵێت: {مَلَائِكَتِهِ}، (فریشتەکانی)، ئینجا دواتر هاتووە دەڵێت: {جِبْرِيلَ وَمِيكَالَ}، وە جبرایل و میکائیل.

مەگەر جبرایل و میکائیل فریشتە نین؟ دەکەواتە چ پێویست دەکات ئاماژە بە ناوەکانیان بکرێت؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ٨٧ سوورەتی مەککە دەبینین کە ئاماژە بە جبرایل نەکراوە. وە سوورەتی البقرة یەکەم سوورەتە ئاماژە بە (جبرایل) دەکات. وە لە قورئاندا تەنها ٣ جار ئاماژە بە جبرایل کراوە. لە ئایەتی ٩٧-٩٨ سوورەتی البقرة، وە ئایەتی ٤ سوورەتی التحریم.

وە لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی، الله دەڵێت:

مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ بَارَزَنِي بِالْحَرْبِ

هەر کەسێك دژایەتی دۆستێکم بکات، ئەوە لە جەنگدا ڕووبەڕووی من بۆتەوە.

## ئایەتی ٩٩

وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلَّا الْفَاسِقُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە سوێند بێت ئایەتی ڕوونمان بۆ تۆ دابەزاندووە، وە هیچ کەسێك کوفری پێ ناکات تەنها خراپەکارەکان نەبێت.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێن ابن عباس گوتوویەتی:

قَالَ ابْنُ صُورِيَّا الْفَطْيُونِيُّ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَا مُحَمَّدُ، مَا جِئْتَنَا بِشَيْءٍ نَعْرِفُهُ، وَمَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ مِنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ فَنَتْبَعُكَ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ فِي ذَلِكَ مِنْ قَوْلِهِ: {وَلَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلَّا الْفَاسِقُونَ}.

ابن صوریيا الفطيونی بە پێغەمبەری گوت: ئەی محمد شتێکت بۆ نەهێناوین کە نەیزانین، وە اللە موعجیزەیەکی بۆت دانەبەزاندووە بۆ ئەوەی شوێنت بکەوین؟ ئەوەبوو اللە ئەم ئایەتەی دابەزاند.

## ئایەتی ١٠٠

أَوَكُلَّمَا عَاهَدُوا عَهْدًا نَّبَذَهُ فَرِيقٌ مِّنْهُم بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بەردەوام دەبێت لە هێرشکردنە سەر جووەکان و دەڵێت:

ئەوە هەرچەند جارێك پەیمانێکیان بەستبێت کۆمەڵێکیان شکاندوویانە، بەڵکو زۆربەیان باوەڕ ناهێنن.

واتە:

هەرچەند جارێك جووەکان پەیمانێکیان بەستبێت، ئەوە کۆمەڵێکیان پەیمانەکەیان شکاندووە، وە زۆربەیان باوەڕ ناهینن.

## ئایەتی ١٠١

وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللَّهِ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە هەرکە پێغەمبەرێکیان لە لایەن اللەوە بۆ هات کە پشتڕاستکەرەوەی ئەوەیە کە لە لایانە، کۆمەڵێك لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە دەستبەرداری پەرتووکی اللە بوون و پشتگوێیان خست، وەك ئەوەی نەزانن.

واتە:

{وَلَمَّا جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ}، وە کاتێك پێغەمبەرێکیان لە لایەن اللەوە بۆ هات، {مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ}، کە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە لە لایانە، واتە ڕاستی و دروستی تەورات و ئینجیل دەسەلمێنێت، {نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ كِتَابَ اللَّهِ}، دەستەیەك لەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە فەرامۆشی پەرتووکی

اللّٰهیان کردووە، {وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ}، پشتگوێیان خستووە، {كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ}، وەك ئەوەی نەزانن کە فەرامۆشیان کردووە.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

کاتێك ئەحبار و زانایانی یەهوودی، محمدیان بۆ هات لە لایەن اللّٰهوە کە ڕاستی و دروستی ئەو تەوراتە دەسەلمێنێت کە لای جووەکانە، کۆمەڵێکیان بە هۆی حەسوودی و سەرکێشیانەوە ڕەتیان کردەوە کە باوەڕ بە محمد بهێنن و پەرتووکی اللّٰهیان فەرامۆش کرد، پشتگوێیان خست.

کام پەرتووکیان فەرامۆش کرد و پشتگویێ خست؟ وەك ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: قورئان

دووەم: تەورات

## ئایەتی ١٠٢

وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَانَ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَٰكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، سەبارەت بە جووەکان دەڵێت:

وە شوێن ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان بەسەر مەملەکەتی سلێماندا دەیانخوێندەوە، وە سلێمان کوفری نەکرد بەڵکو شەیتانەکان کوفریان کرد، خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، وە ئەوەی بە سەر دوو فریشتەکە، هارووت و مارووت، لە بابل دایبەزاند، وە هیچ کەسێکیان فێرە جادوو نەدەکرد تاوەکو دەیانگوت: لە ڕاستیدا ئێمە بۆ ئاژاوە نانەوەین، جا نەکەیت کوفر بکەیت. (لە هارووت و مارووت) فێر دەبوون کە چۆن پیاو و ژنەکەی لەیەك بکەن، وە جادووگەرەکان نەیاندەتوانی بە جادوو زیان بە هیچ کەسێك بگەیەنن مەگەر بە

مۆڵەتی الله بووایە. وە (جووەکان) فێرە ئەوە دەبوون کە زیانی پێیان دەگەیاند و سوودی پێیان نەدەگەیاند، وە سوێند بێت هەر کەسێك کە جادووەکەی دەکڕی دەیزانی کە هیچ بەهایەکی نابێت لە ئاخیرەت، وە بە دڵنیاییەوە ئەو نرخەی خۆیان پێ فرۆشت زۆر خراپ بوو، ئەگەر بیانزانیایە.

واتە:

{وَاتَّبَعُوا مَا تَتْلُو الشَّيَاطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَانَ}، وە ئەو جووانەی کە تەوراتیان پشتگوێ خست و دەستبەرداری بوون، شوێن ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان لە مەملەکەتی سلێمان بەسەر خەڵکیاندا دەخوێندەوە، {وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَـٰكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ}، وە سلێمان کوفری نەکرد، بەڵام شەیتانەکان کوفریان کرد و خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد، {وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ}، وە شەیتانەکان خەڵکیان فێرە ئەوە دەکرد کە الله بەسەر دوو فریشتەی، هارووت و مارووتی دابەزاند لە بابل، {وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ}، بەڵام هارووت و مارووت هیچ کەسێکیان فێرە جادوو نەدەکرد، تاوەکو پێیان نەدەگوت ئێمە ئاژاوەین، جا نەکەیت کوفر بکەیت، {فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ}، خەڵك لە هارووت و مارووت فێرە جادوویەك دەبوو کە مێرد و ژنی لەیەك دەکرد، {وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ }، وە جادووگەرەکان نەیاندەتووانی زیان بە هیچ کەسێك بگەیەنن تەنها بە مۆڵەتی الله نەبێت، {وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ}، وە خەڵکەکە لە هارووت و مارووت فێرە ئەوە دەبوون کە زیانی پێیان دەگەیاند و سوودی پێیان نەدەگەیاند، {وَلَقَدْ عَلِمُوا لَمَنِ اشْتَرَاهُ مَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ}، وە سوێند بێت هەر کەسێك کە جادووەکەی دەکڕی، چاك دەیزانی کە لە ئاخیرەت هیچ بەها و سوودێکی نابێت، {وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ}، وە بە دڵنیاییەوە ئەوەی خۆیان پێ فرۆشت زۆر خراپ بوو، ئەگەر بیانزانیایە.

واتە:

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، دوو فریشتە دادەبەزێنێت بۆ بابل، بە ناوی هارووت و مارووت کە خەڵك فێرە جادوو بکەن، وە ئەو جادووە مێرد و ژنی لە

یەك دەكرد. وە شەیتانەكان فێرە ئەو جادووە دەبن و لە مەملەكەتی سلێمان خەڵك فێر دەكەن.

خەیاڵ بكە خودا فریشتەی دابەزاندبێت بۆ ئەوەی خەڵك فێرە جادووی ڕەش بكەن بۆ لەیەككردنی مێرد و ژن. بەڵام ئەلحەقە بە خەڵكیان گوتووە كاكە برا ئێمە بۆ ئاژاوە دابەزێندراوین و جا نەكەیت كوفر بكەیت.

{وَاتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ الشَّيَاطِينُ عَلَى مُلْكِ سُلَيْمَانَ}، وە جووەكان شوێن ئەو جادووە كەوتن كە شەیتانەكان لە مەملەكەتی سلێمان دەیانخوێندەوە.

{وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُواْ}، واتە سلێمان كوفری نەكرد بەڵكو شەیتانەكان كوفریان كرد.

هەڵبەتە بە گوێرەی تەورات، وەك لە بەشەكانی پێشووی ئەم پەرتووكە ئاماژەمان كرد، سلێمان ماوەیەك دەستبەرداری پەرستنی یەهوەی (خودای بنی ئیسرائیل) دەبێت و بعل دەپەرستێت.

{يُعَلِّمُونَ النَّاسَ السِّحْرَ}، وە شەیتانەكان خەڵكیان فێرە جادوو دەكرد.
شەیتانەكان لە كێ فێرە جادوو ببوون؟ لە دوو فریشتەكەی الله، لە هارووت و مارووت، وەك ئەم ئایەتە دەڵێت:

{وَمَا أُنزِلَ عَلَى الْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَارُوتَ وَمَارُوتَ}، وە شەیتانەكان ئەوەیان فێرە خەڵك دەكرد كە بۆ دوو فریشتەكە، هارووت و مارووت، لە بابل دابەزیبوو.

چی بۆ هارووت و مارووت دابەزیبوو؟

{فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِ بَيْنَ الْمَرْءِ وَزَوْجِهِ}، خەڵك لە هەردووكیان، لە هارووت و مارووت، فێرە ئەو جادووە دەبوون كە مێرد و ژنی لەیەك دەكرد.

بەڵام ئایەتەكە دەڵێت:

{وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّى يَقُولاَ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلاَ تَكْفُرْ}، هارووت و مارووت هیچ كەسێكیان فێرە جادوو نەدەكرد تاوەكو پێیان نەدەگوت لە ڕاستیدا ئێمە ئاژاوە و تاقیكردنەوەین جا نەكەیت كوفر بكەیت.

ئینجا دەڵێت:

{وَمَا هُم بِضَارِّينَ بِهِ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ}، وه ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە هیچ کەسێك بگەیەنن مەگەر بە مۆڵەتی الله بێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەگەر کەسێك پرسیار بکات و بڵێت:

وَهَلْ يَجُوزُ أَنْ يُنْزِلَ اللَّهُ السِّحْرَ ، أَمْ هَلْ يَجُوزُ لِمَلَائِكَتِهِ أَنْ تُعَلِّمَهُ النَّاسَ ؟

ئایا دەشێت کە الله جادوو دابەزێنێت؟ یان ئایا دەشێت کە ڕێگا بە فریشتەکانی بدات خەڵك فێرە جادوو بکەن؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ أَنْزَلَ الْخَيْرَ وَالشَّرَّ كُلَّهُ

لە ڕاستیدا الله هەموو چاکە و خراپەیەك دادەبەزێنێت. بەڵام وەحی بە پێغەمبەران دەدات کە بە بەندەکانی بڵێن کە خۆیان لە خراپەکان بە دوور بگرن و پابەندی چاکەکان بن.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە ڕیوایەتێکی محمد صلعم دەکات، کە لە مسند احمد و صحیح ابن حبان هاتووە، کە گوتوویەتی:

إِنَّ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَامُ لَمَّا أَهْبَطَهُ اللَّهُ إِلَى الْأَرْضِ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ : أَيْ رَبِّ ( أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ ) [ الْبَقَرَةِ : 30 ] ، قَالُوا : رَبَّنَا ، نَحْنُ أَطْوَعُ لَكَ مِنْ بَنِي آدَمَ . قَالَ اللَّهُ تَعَالَى لِلْمَلَائِكَةِ : هَلُمُّوا مَلَكَيْنِ مِنَ الْمَلَائِكَةِ حَتَّى نُهْبِطَهُمَا إِلَى الْأَرْضِ ، فَنَنْظُرَ كَيْفَ يَعْمَلَانِ ؟ قَالُوا : بِرَبِّنَا ، هَارُوتَ وَمَارُوتَ . فَأُهْبِطَا إِلَى الْأَرْضِ وَمُثِّلَتْ لَهُمَا الزُّهَرَةُ امْرَأَةً مِنْ أَحْسَنِ الْبَشَرِ ، فَجَاءَتْهُمَا ، فَسَأَلَاهَا نَفْسَهَا . فَقَالَتْ: لَا وَاللَّهِ حَتَّى تَتَكَلَّمَا بِهَذِهِ الْكَلِمَةِ مِنَ الْإِشْرَاكِ . فَقَالَا : وَاللَّهِ لَا نُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا أَبَدًا . فَذَهَبَتْ عَنْهُمَا ثُمَّ رَجَعَتْ بِصَبِيٍّ تَحْمِلُهُ ، فَسَأَلَاهَا نَفْسَهَا . فَقَالَتْ : لَا وَاللَّهِ حَتَّى تَقْتُلَا هَذَا الصَّبِيَّ . فَقَالَا لَا وَاللَّهِ لَا نَقْتُلُهُ أَبَدًا . ثُمَّ ذَهَبَتْ فَرَجَعَتْ بِقَدَحِ خَمْرٍ تَحْمِلُهُ ، فَسَأَلَاهَا نَفْسَهَا . فَقَالَتْ : لَا وَاللَّهِ حَتَّى تَشْرَبَا هَذَا الْخَمْرَ . فَشَرِبَا فَسَكِرَا ، فَوَقَعَا عَلَيْهَا ، وَقَتَلَا الصَّبِيَّ . فَلَمَّا أَفَاقَا قَالَتِ الْمَرْأَةُ : وَاللَّهِ مَا تَرَكْتُمَا شَيْئًا أَبَيْتُمَاهُ عَلَيَّ إِلَّا قَدْ فَعَلْتُمَاهُ حِينَ سَكِرْتُمَا . فَخُيِّرَا بَيْنَ عَذَابِ الدُّنْيَا وَعَذَابِ الْآخِرَةِ ، فَاخْتَارَا عَذَابَ الدُّنْيَا

کاتێك الله ئادەمی دابەزاند بۆ زەوی فریشتەکان گوتیان: {ئایا کەسێك لە زەویدا دادەنێیت کە خراپەکاری تێدا بکات و خوێن بڕێژێت، لە کاتێکدا ئێمە بە شکۆت هەڵدەدەین و پیرۆزت دەکەین؟ گوتی ئەوەی من دەزانم ئێوە نازانن}. (ئایەتی ٣٠ سوورەتی البقرة). فریشتەکان گوتیان: خوداکەمان ئێمە بۆ تۆ ملکەچترین لە نەوەکانی ئادەم. الله بە فریشتەکانی گوت: دوو فریشتە لە فریشتەکان بێنن تاوەکو دایانبەزێنین بۆ سەر زەوی، بۆ ئەوەی ببینین کە چی دەکەن. گوتیان خوداکەمان هارووت و marووت. ئەوە بوو دابەزین بۆ سەر زەوی، وە زوهرە لە شێوەی ژنێکی قەشەنگ خۆی بەرجەستە کرد، زوهرە هات بۆ لای هارووت و مارووت و داوایان لێی کرد کە لەگەڵیاندا گان بکات، زوهرە گوتی: نەخێر، سوێند بە الله گانتان لەگەڵدا ناکەم تاوەکو شرك نەکەن، هارووت و مارووت گوتیان: سوێند بە الله، بە هیچ شتێك شرك ناکەین بە الله. زوهرە ڕۆیشت و بە منداڵێکەوە گەڕایەوە، هارووت و مارووت داوای گانیان لێی کرد، زوهرە گوتی: نەخێر سوێند بە الله گانتان نادەمێ تاوەکو ئەم منداڵە نەکوژن، هارووت و مارووت گوتیان، نەخێر، سوێند بە الله هەرگیز نایکوژین. ئینجا زوهرە ڕۆیشت و بە قاپێك عەرەق گەڕایەوە، هارووت و مارووت داوای گانیان لێی کرد، زوهرە گوتی: نەخێر، وە سوێند بە الله گان نییە تاوەکو ئەم عەرەقە نەخۆنەوە.
هارووت و مارووت عەرەقەکەیان خواردەوە و سەرخۆش بوون، کەوتنە سەر زوهرە و گایان و منداڵەکەیان کوشت. کاتێك بە هۆش خۆیان هاتنەوە زوهرە گوتی: هەموو ئەو شتانەی کە ڕەتتان دەکردەوە کردتان کاتێك سەرخۆش بوون.
جا هارووت و مارووت هەڵبژاردەیان پێ درا لە نێوان سزای دونیا و سزای قیامەت. ئەوەبوو سزای دونیایان هەڵبژارد.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

عومەر و عوسمان و عبدالله بن عمر و حفصة (کچی عومەر و ژنی محمد صلعم) و ابو موسی الاشعری و قیس بن سعد و ٧ لە تابعین ساحریان کوشتووە.
وە لە الترمذی هاتووە کە محمد صلعم گوتوویەتی:

حَدُّ السَّاحِرِ ضَرْبُهُ بِالسَّيْفِ

سزای ساحر و جادووگەر بە شمشێر لە ملدانە.

# ئایەتی ١٠٣

وَلَوْ أَنَّهُمْ آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ خَيْرٌ لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە خۆ ئەگەر باوەڕیان بهێنایە و خۆیان بپاراستایە ئەوە بە دڵنیاییەوە پاداشتی چاکیان لە لایەن اللّٰەوە دەبوو، ئەگەر بیانزانیایە.

واتە:

ئەگەر جووەکان باوەڕیان بە محمد و قورئان بهێنایە، ئەوە پاداشتێکی چاکیان لە لایەن اللّٰەوە دەبوو.

# ئایەتی ١٠٤

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقُولُوا رَاعِنَا وَقُولُوا انظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە مەڵێن ڕەچاومان کرد، بەڵکو بڵێن سەرنجمان دا، وە گوێبگرن، وە بۆ کافرەکان سزایەکی ئازاربەخش هەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، چەندەها وتەوت هەیە سەبارەت بە وشەی {رَاعِنَا}:

یەکەم: پێچەوانەکەی مەڵێن.

دووەم: گوێمان لێ بگرە بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرین.

سێهەم: جووەکان ئەم وشەیەیان بەکاردەهێنا بۆ گاڵتە پێ کردن.

چوارەم: وشەیەك بوو خەڵکی مەدینە لە ئەنسارەکان بۆ پێغەمبەر بەکاریان دەهێنا، وە اللہ لێیانی قەدەغە کرد.

وە دەڵێت الحسن البصری، دەیخوێندەوە: {لَا تَقُولُوا رَاعِنًا}، واتە قسەی ئەلەق مەلەق و دەبەنگانە مەکەن.

وە دەڵێت ابن مسعود دەیخوێندەوە: {لَا تَقُولُوا رَاعُوْنَا}، واتە ڕەچاومان بکە.

ابن كثير له تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله له ئيمانداران قەدەغەی کردووه كه له ئاخاوتن و كاروكردەوەكانيان له كافرەكان بچن. وەك له مسند احمد و سنن ابوداود، ڕیوایەتێكی پێغەمبەر صلعم هاتووه، گوتوويەتی:

بُعِثْتُ بَيْنَ يَدَيِ السَّاعَةَ بِالسَّيْفِ ، حَتَّى يُعْبَدَ اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ . وَجُعِلَ رِزْقِي تَحْتَ ظِلِّ رُمْحِي ، وَجُعِلَتِ الذِّلَّةُ وَالصَّغَارُ عَلَى مَنْ خَالَفَ أَمْرِي ، وَمَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ

له سەروبەندی قيامەت، به شمشێرەوه نێردراوم تاوەكو تەنها الله بپەرسترێت كه شەريكی نييه، وه ڕزقەكەم له ژێر سێبەری ڕمەكەم دابين كراوه، وه ڕيسوايی و بچووكيی بۆ ئەوانه بەدی هاتووه كه پێچەوانەی فەرمانەكەم دەكەن، وه هەر كەسێك به قەومێك بچێت ئەوه لەوانه.

وه ابن كثير دەڵێت: لەوەدا بەڵگه هەيه بۆ نەهی توند و هەڕەشه و بەڵێن لەوەی موسڵمان له كافر بچێت له ئاخاوتن و كردەوه و پۆشاك و جەژنەكان و پەرستنەكانيدا.

# ئايەتی ١٠٥

مَّا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلَا الْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَاللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ

دەڵێت:

نه ئەو كافرانەی ئەهلی پەرتووك، وه نه موشريكەكان خۆزگه ناكەن كه چاكەيەك له لايەن خوداكەتانەوه به سەرتاندا دابەزێت، وه الله ڕەحمەتەكەی تايبەت دەكات به كەسێك كه خۆی بيەوێت، وه الله خاوەن چاكەی مەزنه.

واته: جووەكان و مەسيحيەكان، (كه كافرن چونكه بڕوايان به محمد و قورئان نەهێناوه)، وه عەرەبه موشريكه بتپەرستەكان حەزناكەن كه چاكەيەك بەسەر موسڵماناندا دابەزێت.

# ئایەتی ١٠٦

مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

هەر ئایەتێك نییە كە لە كاری دەخەین یان لە بیری دەبەینەوە، ئایەتێكی چاكتر لەو یان هاوشێوەی ئەو دەهێنین، ئەی نازانیت كە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێت.

واتە:

{مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا}، هیچ ئایەتێك لە كار ناخەین یان لە بیری نابەینەوە، {نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا}، ئایەتێكی لەو چاكتر دەهێنین، {أَوْ مِثْلِهَا}، یان هاوشێوەی ئەو، {أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}، ئەی نازانیت كە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێت.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {مَا نَنْسَخ مِنْ آيَة}، دەڵێت:

واتە دەیگۆڕین و دەستكاری دەكەین. وە ئەوە لە ڕێگای كردنی حەڵاڵێك بە حەرام و حەرامێك بە حەڵاڵ، وە ئەوەی ڕێگا پێدراوە بە قەدەغە كراو، وە قەدەغە كراو بە ڕێگاپێدراو، وە ئەوە تەنها لە فەرمان و نەهی و قەدەغە و ڕێگاپێدان دەبێت. بەڵام هەواڵ نە ناسخی (كاربەر) تێدا دەبێت، وە نە منسوخ (كارخراو).

وە ئەسڵی وشەی (نسخ)، لە "نسخ الكتاب"، واتە "لە بەرگرتنەوەی پەرتووك" هاتووە، كە بریتییە لە گوێزانەوە لە پەرتووكێكەوە بۆ پەرتووكێكی دیكە، وە بە هەمان شێوەیە مانای نسخ، لەبەرگرتنەوەی حوكمێك بۆ حوكمێكی دیكە كە بریتییە لە گۆڕینی بۆ حوكمێكی دیكە. كەواتە كاتێك حوكمێك لە كارخرا، واتە حوكمەكە گۆڕا و گۆڕدرایەوە بە حوكمێكی دیكەوە بە چەند شێوەیەك، وەك: حوكمەكە بە نووسین دەمێنێتەوە بەڵام فەرامۆش دەكرێت، یان حوكمەكە دەسڕێتەوە و لە بیر دەكرێت، لە هەردووك بارەكەدا پێی دەگوترێت منسوخ (لە كارخراو).

وە الطبری دەڵێت، لە قورئانەکەی عبداللە بن مسعود لە جیاتی {مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا أَوْ مِثْلِهَا}، نوسرابوو {مَا نُنْسِك مِنْ آيَة أَوْ نَنْسَخهَا نَجِئْ بِمِثْلِهَا}، واتە: هیچ ئایەتێك نییە کە لە بیرت دەبەینەوە یان لە کاری دەخەین کە ئایەتێکی هاوشێوەی نەهێنین.

وە سعد بن ابي وقاص دەیخوێندەوە: {أَوْ تَنْسَهَا}، واتە ئەی محمد تۆ لە بیری دەکەیت.

وە کۆمەڵێك لە یاوەرەکان و تابعین و قورئانخوێنانی کوفە و بەسرە دەیانخوێندەوە: {أَوْ نَنْسَأهَا}، واتە دوای دەخەین.

عُبَيْد بْن عُمَيْر، دەیخوێندەوە: {نَنْسَأهَا}، واتە: ئەی محمد هیچ ئایەتێك نییە کە بۆ تۆمان دابەزاندووە، کە کاتێك دەیگۆڕین و حوکمەکەی بەتاڵ دەکەینەوە و نووسینەکەی جێگیر دەکەین، وە یان دوای دەخەین و جێگیری دەکەین و حوکمەکەی بەتاڵ ناکەینەوە، ئەوە ئایەتێکی چاکتر لە ئەو یان هاوشێوەی ئەو نەهێنێن.

وە هەندێك دەیانخوێندەوە: {مَا نَنْسَخ مِنْ آيَة أَوْ تَنْسَهَا}، واتە ئەی محمد لە بیری دەکەیت.

وە هەندێك دەیانخوێندەوە: {مَا نُنْسِخ مِنْ آيَة}، واتە ئەی محمد ئێمە بۆ تۆ لە کاری دەخەین.

قتادة دەیگوت: پێغەمبەر ئایەتێك یان زیاتری دەخوێندەوە، ئینجا لە بیری دەکرد و ئایەتەکە بەرز دەکرایەوە بۆ ئاسمان.

الحسن دەیگوت: پێغەمبەرەکەتان قورئانی دەخوێندەوە، ئینجا لە بیری دەکرد.

الربيع دەیگوت: {نُنْسِهَا}، واتە بەرزی دەکەینەوە. اللە چەند بابەتێك و فەرمانێکی لە قورئاندا دادەبەزاند، ئینجا بۆ لای خۆی بەرزی دەکردەوە.

الطبری دوو نموونە دەهێنێتەوە کە لە قورئاندا ئایەت بوون و لە قورئاندا نەماون:

یەکەم: انس بن مالك دەڵێت: ئەو ٧٠ کەسە لە ئەنسار کە لە بیری مَعُونَة کوژران ئایەتی قورئانیان لەسەر دابەزی و لە قورئاندا دەمانخوێندەوە:

بَلِّغُوا عَنَّا قَوْمنَا أَنَّا لَقِينَا رَبَّنَا فَرَضِيَ عَنَّا وَأَرْضَانَا

واته: له جیاتی ئێمه به كەسوكارمان ڕابگەیەنن كه ئێمه به خوداكەمان گەیشتین، جا لێمان ڕازی بوو و ئێمەی ڕازی كرد.

انس دەڵێت: ئینجا ئەم ئایەته بەرزكرایەوە.

دووەم: ابو موسا الاشعری دەیگوت، كه ئایەتێك له قورئاندا هەبوو دەیگوت:

لَوْ أَنَّ لِابْنِ آدَم وَادِيَيْنِ مِنْ مَال لَابْتَغَى لَهُمَا ثَالِثًا، وَلَا يَمْلَأُ جَوْف ابْن آدَم إِلَّا التُّرَاب، وَيَتُوب اللَّه عَلَى مَنْ تَابَ

واته: ئەگەر كوڕی ئادەم دوو دۆڵ له سامانی هەبێت ئەوە دەیەوێت سێهەم بەدەست بهێنێت، له كاتێكدا هیچ شتێك ناخی كوڕی ئادەم پڕ ناكات تەنها خۆڵ نەبێت، وە الله لەو كەسە تۆبە قبووڵ دەكات كه تۆبە دەكات.

ابو موسا دەڵێت، ئینجا ئەم ئایەته بەرزكرایەوە.

ئینجا ئایەتەكە دەڵێت: {نَأْتِ بِخَيْرِ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا}:

ئایەتێكی چاكتر یان هاوشێوەی ئەوەی له كارمان خستووە دەهێنین.

پرسیار: ئایا وتەی خودا خراپ و چاك و چاكتری هەیە؟ یان هەر هەمووی ئەوپەڕ و بێ سنوور چاكن؟

كەواته: {نَأْتِ بِخَيْرِ مِنْهَا}، ئایەتێكی چاكتر له ئەو دەهێنین، مانای چییە؟

وە ئەوەی سەیرە ئەم بڕگەیە دەڵێت: {أَوْ مِثْلِهَا}، یان ئایەتێكی وەك ئەو ئایەته دەهێنین كه له كارمان خستووە.

پرسیار: كەواته بۆچی له كارت خست، ئەگەر ئەو ئایەتەی دەیهێنیت وەك ئەو ئایەته بێت كه له كارت خستووە؟

الطبری نموونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت:

وەك بەڕۆژووبوون كه له سەرەتا چەند ڕۆژێكی كەم بوو له ساڵێكدا، دواتر له كارخرا و مانگێك بەڕۆژووبوون له ساڵێكدا سەپێنرا.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

وَهَذِهِ آيَةٌ عُظْمَى فِي الْأَحْكَامِ . وَسَبَبُهَا أَنَّ الْيَهُودَ لَمَّا حَسَدُوا الْمُسْلِمِينَ فِي التَّوَجُّهِ إِلَى الْكَعْبَةِ وَطَعَنُوا فِي الْإِسْلَامِ بِذَلِكَ ، وَقَالُوا : إِنَّ مُحَمَّدًا يَأْمُرُ أَصْحَابَهُ بِشَيْءٍ ثُمَّ يَنْهَاهُمْ عَنْهُ ، فَمَا كَانَ هَذَا الْقُرْآنُ إِلَّا مِنْ جِهَتِهِ ، وَلِهَذَا يُنَاقِضُ بَعْضُهُ بَعْضًا ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ : وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَكَانَ آيَةٍ وَأَنْزَلَ مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ .

ئەم ئایەتە ئایەتێکی مەزنە لە حوکمەکان، وە هۆکاری دابەزینی ئەوەبوو کە کاتێك موسڵمانان قیبلەیان لە قودسەوە گۆڕی بۆ کەعبە، جووەکان گوتیان: محمد فەرمان بە یاوەرەکانی دەکات شتێك بکەن، ئینجا ڕێگایان لێ دەگرێت بیکەن، لەبەر ئەوە قورئان لە نووسینی خۆیەتی، لەبەر ئەوە دەقەکانی دژ بە یەکن، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند: {ئەگەر ئایەتێکمان گۆڕیەوە بە ئایەتێکی دیکە}، وە {هیچ ئایەتێك نییە کە لە کاری دەخەین}.

وە دەڵێت هیچ کەسێك ئینکاری لە ناسخ و منسوخ ناکات تەنها نەفامێکی دەبەنگ نەبێت، (وَلَا يُنْكِرُهُ إِلَّا الْجَهَلَةُ الْأَغْبِيَاءُ).

وە دەڵێت بزانە کە ناسخ (لە کارخستن) حەقیقەتە و الله ئەم کارە دەکات، بۆ نموونە بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان، نەسخی بەڕۆژووبوونی عاشوورای کردووە.

وە دەڵێت نەسخ لای ئیمامەکانمان لە ئەهلی سونە حوکمێکی جێگیرە، بەڵام ناکۆکن کە ئایا نەسخ هەواڵیش دەگرێتەوە یان تەنها فەرمان و نەهی؟ کۆمەڵی زانایان لەسەر ئەو بۆچوونەن کە نەسخ تایبەتە بە فەرمان و نەهیەوە.

وە کۆمەڵێك لە زانایان دەڵێن تەنانەت قورئان بە سونە نەسخ دەبێت.

وە ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات و دەڵێت:

علی کوڕی ابي طالب چووە مزگەوتەوە و پیاوێکی بینی کە خەڵك دەترسێنێت، گوتی ئەوە کێیە؟ گوتیان پیاوێکە خەڵك ئاگادار دەکاتەوە و دەترسێنێت. گوتی ئەوە لە پیاوێك ناچێت کە بتوانێت خەڵك ئاگادار بکاتەوە! بەڵام دەڵێت من فولان کوڕی فولانم بمناسن. علی بە دوای نارد و لێی پرسی: ئایا ناسخ و منسوخ دەزانیت؟ گوتی نەخێر. پێی گوت: بڕۆ دەرەوە لە مزگەوتەکەمان و نەکەیت خەڵك ئاگادار بکەیتەوە.

وە لە ڕیوایەتێك هاتووە بە پیاوەکەی گوتوە: ئایا ناسخ و منسوخ دەزانیت؟ گوتی نەخێر. پێی گوت: تیاچوویت و تیادەبەیت. وە هەروەها هەمان شت لە ابن عباس دەگێڕنەوە.

القرطبی دەڵێت، مەبەست لە (نسخ) لەم ئایەتە (الْإِبْطَالُ وَالْإِزَالَةُ)، واتە: بەتاڵکردنەوە و لابردنە.

(الْإِبْطَالُ)، واتە بەتاڵکردنەوەی ئایەتێك یان حوکمێك.

(الْإِزَالَةُ)، واتە: سڕینەوەی ئایەتێك یان حوکمێك بێ ئەوەی ئایەتێکی دیکە یان حوکمێکی دیکەی لە شوێندا دابنێیت. واتە: دەقەکە بە نووسین نامینێت بۆ خوێندنەوە.

وەك لە أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ وَعَائِشَةَ دەگێڕنەوە کە گوتوویانە: ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتی الاحزاب بە قەد ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتی البقرة بووە.

لە قورئانی بەردەستدا ژمارەی ئایەتەکانی سوورەتی الاحزاب ٧٣ ئایەتە، وە سوورەتی البقرة ٢٨٦ ئایەتە.

واتە نزیك بە ٢١٥ ئایەت لە سوورەتی الاحزاب نەسخ بووە.

وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە کە سَعِيد بْنِ الْمُسَيَّب گوتوویەتی:

پیاوێك شەوێك هەڵسایەوە بۆ ئەوەی قورئان بخوێنێتەوە، هیچی لە بیر نەمابوو، وە پیاوێکی دیکە لە خەو هەڵسا قورئان بخوێنێتەوە، بەڵام ئەویش هیچی لە یاد نەمابوو، بەیانی چوون بۆ لای پێغەمبەر و پێیان گوت کە شەو لە خەو هەڵسان قورئان بخوێننەوە بەڵام هیچیان لە بیر نەمابوو، پێغەمبەر گوتی ئەوە ئەو ئایەتانەن کە دوێنێ الله نەسخی کردووە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، کەم تا زۆر هەمان بۆچوونی الطبری و القرطبی دووبارە کردۆتەوە.

## ئایەتی ١٠٧

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ

دەڵێت:

ئەی نازانیت کە بۆ اللهیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی، وە جگە لە الله نە گەورەتان هەیە، وە نە پشتیوانیکەر.

ئەم ئایەتە لە دوو بڕگە پێك هاتووە:

یەکەم: {أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ}، ئەی نازانیت کە بۆ اللهیە خاوەندارێتی ئاسمانەکان و زەوی؟

ئەم بڕگەیە لە دەیەها ئایەتی مەککە هاتووە، وەك ئایەتی ٩ سوورەتی البروج و ئایەتی ١٥٨ الاعراف.

دووەم: {وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ}، وە جگە لە الله نە گەورە، وە نە پشتیوانیکەرتان نییە.

ئەم بڕگەیە لە چەند سوورەتێك هاتووە وەك ئایەتی ٣١ الشورى و ئایەتی ٢٢ العنكبوت.

# ئایەتی ١٠٨

أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْأَلُوا رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ وَمَن يَتَبَدَّلِ الْكُفْرَ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ

دەڵێت:

یان دەتانەوێت لە پێغەمبەرەکەتان بپرسن هەروەك چۆن لە پێشوودا لە موسا پرسیار کرا، وە هەر کەسێك کوفر بە ئیمان بگۆڕێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕێگای ڕاستی لێ ون بووە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله لەم ئایەتەدا قەدەغەی کردووە کە پرسیاری زۆر لە پێغەمبەر بکرێت سەبارەت بە شتانێك بەر لەوەی شتەکە بێتە دی، وەك لە ئایەتی ١٠١ سوورەتی المائدة دەڵێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ}، (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن پرسیار بکەن سەبارەت بە شتانێك کە کاتێك بۆتان ڕووندەکرێتەوە خراپە بۆتان،

وە ئەگەر پرسیارتان کرد کاتێك قورئان دادەبەزێت ئەوە بۆتان ڕووندەکرێتەوە)، واتە: وە ئەگەر پرسیار بکەن لە دوای دابەزینی قورئان ئەوە بۆتان ڕووندەکرێتەوە، وە نەکەن پرسیار بکەن سەبارەت بە شتانێك هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە، چونکە ڕەنگ بێت بە هۆی پرسیارەکەتانەوە ئەو شتە حەرام بکرێت. وە لەبەر ئەوە لە فەرموودەدا هاتووە: (ئەو موسڵمانەی کە گەورەترین تاوان ئەنجام دەدات، ئەوەیە کە پرسیار دەکات سەبارەت بە شتێك کە هێشتا حەام نەکراوە، بەڵام حەرام دەکرێت بە هۆی پرسیارکردنەکەی).

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ

ئەوەی لێتان قەدەغەم کردووە ئەوە خۆتانی لێ بەدوور بگرن، وە ئەوەی فەرمانم پێتان کردووە ئەوە بە گوێرەی تواناتان بیکەن، لە ڕاستیدا خەڵکانی پێش ئێوە تیاچوون بە هۆی زۆر پرسیار کردنەوە و ناکۆکیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان.

# ئایەتی ١٠٩

وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

زۆرێك لە خەڵکانی خاوەن پەرتووك بە هۆی ئیرەییانەوە، حەز دەکەن هەڵتان گێڕنەوە بۆ کافری لە دوای ئەوەی ئیمانتان هێناوە، دوای ئەوەی ڕاستیان بۆ دەرکەوتووە، جا ئێوە لێیان ببوورن و چاوپۆشیان لێ بکەن تاوەکو اللە بە فەرمانەکەیەوە دێت، وە اللە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

واتە:

{وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ}، زۆرێك لە خەڵکانی خاوەن پەرتووك، واتە یەهوودی و مەسیحی، حەز دەکەن، {لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا}، هەڵتان گێڕنەوە

بۆ کافری لە دوای ئەوەی ئیمانتان هێناوە، {حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم}، وەك ئیرەییەك لە لایەن خۆیانەوە، {مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ}، لە دوای ئەوەی ڕاستیان بۆ ڕوونبۆتەوە، کە ئیسلامە، {فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا}، جا ئێوە ئەی ئیمانداران لێیان ببوورن و چاوپۆشیان لێ بکەن، {حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ}، تاوەکو فەرمانێکی دیکەی الله دەگات، {إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}، لە ڕاستیدا الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە مەسیحی و جووەکانی سەردەمی محمد ئیرەییان بە موسڵمانان بردووە و ئارەزوویان کردووە کە موسڵمانان لە ئیسلام هەڵگەڕێنەوە و ببنەوە بە کافر و موشریك.

ڕەنگ بێت هۆکاری ئیرەییان ئەوە بووبێت کە موسڵمانان بۆیان هەبووە کە لە دوای پیسایکردن قوونیان بە ٣ بەرد پاك بکەنەوە. یان ئیرەییان بە تاوانەکانی موسڵمانان بردبێت!

ئینجا ئەم ئایەتە دەڵێت:

{فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا}، جا ئەی موسڵمانان ئێوە لەو یەهوودی و مەسیحیانە ببوورن کە ئیرەییان بە ئێوە دێت، وە چاوپۆشیان لێ بکەن.

بۆ هەمیشە بیانبوورن و چاوپۆشیان لێ بکەن؟ نەخێر، وەك بڕگەی دواتر دەڵێت:

{حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ}، تاوەکو فەرمانێکی دیکەی الله دەگات.

واتە تاوەکو الله ئایەتێك دادەبەزێنێت و پێمان دەڵێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

وە الله فەرمانەکەی دابەزاند و بە پێغەمبەرەکەی و ئیماندارەکانی گوت: {شەڕی ئەوانە بکەن کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی نییە، وە ئەوە حەرام ناکەن کە الله و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە، وە پیادەی ئاینی هەق ناکەن لەوانەی کە پەرتووکیان بۆ هاتووە تاوەکو بەدەستێك سەرانە دەدەن، ئینجا ڕیسوا و بچووکن}، (ئایەتی ٢٩ سوورەتی التوبة). بەم ئایەتە الله لێبووردن و چاوپۆشی

لێیان لە کارخست (نسخ کرد) و فەرمانی بە شەڕکردنیان کرد تاوەکو باوەڕ بە ئیسلام دەهێنن، وە یان سەرانە دەدەن لەگەڵ ئەوەش ڕیسوا و بچووکن.

واتە: {فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا}، بە ئایەتی ٢٩ سوورەتی التوبة نەسخ بووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: {فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا}، نەسخ بووە بە ئایەتی کوشتار.

وە دەڵێت: {حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ- تاوەکو الله فەرمانەکەی دەهێنێت} واتە: کوشتنی بنی قریظة و ئاوارە و دەربەدەرکردنی بنی نضیر.

# ئایەتی ١١٠

وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دەڵێت:

وە نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە هەر چاکەیەك کە بۆ خودی خۆتان ئەنجامی دەدەن ئەوە لای الله دەبینرێت، الله بەو شتانەی دەیکەن بینەرە.

{وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللَّهِ}، واتە: هەر کارێکی چاك ئەنجام بدەن ئەوە پاداشتتان دەبێت لە لای الله.

# ئایەتی ١١١

وَقَالُوا لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ

دەڵێت:

وە گوتیان هەرگیز ناچێتە بەهەشتەوە تەنها کەسێك نەبێت کە جووە یان نەسارایە، ئەوە خۆزگەیانە، بڵێ بەڵگەکانتان بێنن ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن.

واتە:

یەهوودی و مەسیحیەکان دەیانگوت هیچ کەسێك ناچێتە بەهەشتەوە تەنها کەسێك نەبێت کە یەهوودیە یان مەسیحیە، خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە

وەڵامدا پێیان دەڵێت ئەوە خۆزگەتانە و وانییە، وە ئەی محمد پێیان بڵێ بەڵگەکانتان بێنن ئەگەر ڕاستگۆن.

من دەڵێم بەڵێ بە گوێرەی ئینجیلەکان تەنها کەسێك پەیوەست دەبێت بە شانشینی ئاسمانەکان کە بڕوای بە المسیح هێنابێت، ئەوە بەڵگە.

خۆ ئەگەر لە موسڵمانێك بپرسیت بەڵگەت چییە کە تۆ دەچیتە بەهەشتەوە، ئەوە قورئانەکەی دەکاتە بەڵگە.

کەواتە ئەگەر بۆ موسڵمان ڕەوا بێت قورئان بکاتە بەڵگە، کەواتە بۆچی بۆ مەسیحیەك ڕەوا نییە ئینجیلەکەی بکات بە بەڵگە یان یەهوودیەك کە پەرتووکە پیرۆزەکەی بکات بە بەڵگە! یان بانێکە و دوو هەوایە!

نووسەری قورئان سەری لێ شێواوە و تصریفی بە ناوی {یهود} کردووە و کردوویەتی بە {هود}.

{یهود} لە {یهوذا} هاتووە، وەئەسڵی وشەکە عیبریە و تصریف ناکرێت، بەڵام نووسەری قورئان کردوویەتی بە {هود}.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أُبَيٍّ، دەیخوێندەوە: {إِلَّا مَنْ كَانَ يَهُودِيًّا أَوْ نَصْرَانِيًّا}.

# ئایەتی ١١٢

بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

دەڵێت:

بەڵێ هەر کەسێك سیماکەی دایە دەست اللە، وە ئاکارچاك بێت، ئەوە پاداشتی لە لای خوداکەی دەبێت، وە نە ترسی لەسەرە وە نە با دڵتەنگ بێت.

واتە:

هەر کەسێك کە بڕوای بە اللە هەبێت و کار و ڕەفتاری چاك بکات ئەوە لای اللە پاداشتی دەبێت، وە پێویست ناکات لە سزا بترسێت و دڵتەنگ بێت.

بە گوێرەی ئەم دەقە پێویست ناکات باوەڕ بە محمد و قورئان بهێنێت، مادام تۆ کەسێکیت کە بڕوات بە خودا هەیە ئەوە لە دوای مەرگ بە بەهەشت شاد دەبیت، وە لە دۆزەخ سزا نادرێیت.

## ئایەتی ١١٣

وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَىٰ لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لەم دەقەدا ڕۆڵی کەسێک دەگێڕێت کە دەیەوێت ئاژاوە دروست بکات لە نێوان یەهوودیەکان و مەسیحیەکان، و دەڵێت:

وە یەهوودیەکان گوتیان نەساراکان لەسەر هیچ شتێك نین، وە نەساراکان گوتیان یەهوودیەکان لەسەر هیچ شتێك نین لە کاتێکدا ئەوان پەرتووك دەخوێننەوە، وە ئەوانەی کە هیچ نازانن بە هەمان شێوەی ئەوان قسە دەکەن، جا الله لە ڕۆژی قیامەت نیوانیان دەکات سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون.

واتە:

{وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَىٰ عَلَىٰ شَيْءٍ}، جووەکان گوتیان نەساراکان هیچ بنەمایەکیان نییە کە ڕاست بن، {وَقَالَتِ النَّصَارَىٰ لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ}، وە نەساراکان گوتیان یەهوودیەکان هیچ بنەمایەکیان نییە کە ڕاست بن، {وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ}، لە کاتێکدا کە یەهوودیەکان تەورات و نەساراکان ئینجیل دەخوێننەوە، {كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ مِثْلَ قَوْلِهِمْ}، وە ئەوانەی هیچ نازانن، واتە عەرەبە موشریکەکان، بە هەمان شێوە قسەی یەهوودی و نەساراکان دووبارە دەکەنەوە، {فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ}، جا الله لە ڕۆژی قیامەت نێوانی یەهوودی و مەسیحیەکان دەکات سەبارەت بەو شتانەی کە تیایدا ناکۆك بوون.

هەڵبەتە نووسەری قورئان ڕاست ناکات کە دەڵێت: {وَقَالَتِ النَّصَارَىٰ لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَىٰ شَيْءٍ}، (مەسیحیەکان گوتیان یەهوودیەکان هیچ بنەمایەکی ڕاستیان

بۆ ئاینەکەیان نییە)، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا مەسیحیەکان پەیمانی کۆنیان نەدەکرد بە بەشێك لە پەرتووکی پیرۆزیان.

ئەگەر سەیری پەرتووکی پیرۆزی مەسیحیەکان بکەیت دەبینیت پەیمانی کۆنی تێدایە، وە پەیمانی کۆن تایبەتە بە یەهوودیەکان.

## ئایەتی ١١٤

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَا أُولَـٰئِكَ مَا كَانَ لَهُمْ أَن يَدْخُلُوهَا إِلَّا خَائِفِينَ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ

دەڵێت:

وە کێ لەوە ستەمکارترە کە ڕێگا دەگرێت لەوەی ناوی الله لە مزگەوتەکانی الله بهێنرێت و هەوڵی تێکدانیشی داوە، ئەوانە بۆیان نەبووە بچنە ناویەوە تەنها بە ترسەوە نەبێت، ئەوانە لە دونیا ڕیسوایی، وە لە قیامەت سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ دەبێت.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَاجِدَ اللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَا- وە کێ لەوە ستەمکارترە کە ڕێگا دەگرێت لەوەی ناوی الله لە مزگەوتەکانی الله بهێنرێت و هەوڵی تێکدانیشی داوە }، دەڵێت سێ وتەوت هەیە:

یەکەم: ابن عباس و مجاهد دەیانگوت: مەسیحیەکان ڕێگایان لە خەڵك دەگرت کە نوێژ لە بیت المقدس بکەن، وە پیساییان تیایدا فڕێدەدا.

دووەم: السدی و قتادة دەیانگوت: مەسیحیەکان بوون کە یارمەتی "بُخْتَنَصَّر"یاندا بۆ تێکدانی بیت المقدس.

سێهەم: ابن زید دەیگوت، واتە بتپەرستە عەرەبەکان کە ڕێگایان گرت لە پێغەمبەر کە نوێژ بکات لە کەعبە.

من دەڵێم: بۆچونی یەکەم و دووەم ڕاست نییە و درۆیە.

بۆچی؟ چونکە ساڵی ٧٢ زاینی هەیکەلی سلێمان لە لایەن ڕۆمەکانەوە خاپوور دەکرێت، وە ئەوکات ئاینی مەسیحی سەروسیمای بەخۆی نەدابوو، وە

لایەنگرانی دەچەوسێنرانەوە. دەکەواتە چۆن دەکرێت مەسیحیەکان ڕێگایان لە خەڵک گرتبێت نوێژ لە شوێنێکدا بکەن کە بوونی نەماوە، وە هەروەها پیسایيان تیادا فڕێدابێت لە کاتێکدا هەیکەلە لایان پیرۆزە؟

سەبارەت بە بۆچوونی دووەم، ڕاست نییە و درۆیە چونکە نەبوخوزنەسر پادشای بابلیەکان بووە، وە پێنج بۆ شەش سەدە پێش زاین ژیاوە، وە ئەوکات ئاینی مەسیحی بوونی نەبووە. کەواتە چۆن دەکرێت یارمەتیان دابێت بۆ ڕوخاندنی هەیکەلی سلێمان؟

کەواتە ئەم ئایەتە قسە دەکات لەسەر موشریکە عەرەبەکان.

وە ئەوەی سەیرە ئەوەیە الطبری کە بە ئیمامی شرۆڤەکەران دادەنرێت کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، چونکە لە شرۆڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت، واتە مەسیحیەکان.

وە الطبری لە شرۆڤەی {لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ}، دەڵێت (ڕیسوایی لە دونیا) بە کوشتن و بە کۆیلەکردنیان یان بە پێدانی سەرانە لە کاتێکدا ڕیسوا و بچووکن.

# ئایەتی ١١٥

وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

وە بۆ اللهیە شوێنی هەڵاتن و ئاوابوونی خۆر، جا بۆ هەر کوێیەك ڕووبکەن ئەوە سیمای اللهیە، لە ڕاستیدا الله فراوانە ئاگادارە.

الطبری لە جامع البيان دەڵێت:

{الْمَشْرِقُ}، واتە ئەو شوێنەی خۆری تیادا هەڵدێت.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

واتە {الْمَشْرِقُ}، شوێنی خۆر هەڵاتن، وە {الْمَغْرِبُ}، شوێنی خۆر ئاوابوون.

کەواتە: بە گوێرەی قورئان شوێنێك هەیە کە خۆری تیادا هەڵدێت و شوێنێکیش هەیە کە خۆری تیادا ئاوا دەبێت.

الطبری و ابن کثیر دەڵێن، ابن عباس سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە گوتوویەتی:

یەکەم شت کە لە قورئاندا نەسخ بوو قیبلە بوو، کاتێك پێغەمبەر کۆچی کرد بۆ مەدینە، وە زۆربەی خەڵکەکەی یەهوودی بوون، الله فەرمانی پێیکرد کە ڕوو بکاتە قودس، پێغەمبەری الله بۆ ماوەی ١٦ مانگ ڕووی کردە قودس، بەڵام پێغەمبەری الله ئارەزووی دەکرد ڕووبکاتە قیبلەی ئیبراهیم (کعبة)، نیزای دەکرد و سەیری ئاسمانی دەکرد، ئەوەبوو الله ئایەتی ١٤٤ سوورەتی البقرةی دابەزاند کە دەڵێت: {دەبینین کە ڕووت لە ئاسماندا وەردەگەڕیت}، وە جووەکان کەوتنە شکوگەمانەوە و گوتیان: {چی وایکرد کە پشتی خۆیان لەو قیبلەیە بکەن کە ڕوویان تێ کردبوو}، (ئایەتی ١٤٢ سوورەتی البقرة)، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند: {بڵێ بۆ اللهیە شوێنی خۆرهەڵاتن و ئاوابوون}.

# ئایەتی ١١٦

وَقَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَل لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ كُلٌّ لَّهُ قَانِتُونَ

دەڵێت:

وە گوتیان الله ڕۆڵەی بەخۆوە گرتووە، شکۆمەندە ئەو، هەرچیەك لە ئاسمانەکان و زەویە هی ئەوە، گشتیان بۆ ئەو ملکەچن.

واتە:

مەسیحیەکان گوتیان المسیح کوڕی خودایە و یەهوودیەکان گوتیان عوزەیر کوڕی خودایە و موشریکە عەرەبەکان دەیانگوت فریشتەکان کچی اللهن.

{قَانِتُونَ}، واتە ملکەچین.

# ئایەتی ١١٧

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ

دەڵێت:

داهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، وە کاتێك شتێکی بوێت ئەوە پێی دەڵێت ببە وە دەبێت.

بە پێی پێویست قسەوباسمان کرد سەبارەت بە (کن فیکون)، لە شرۆڤەی ئایەتی ٨٢ سوورەتی یس، {إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَن يَقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ} و ٤٠ سوورەتی النحل، {إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ}.

بگەڕێوە بۆ ئەو دوو ئایەتە.

# ئایەتی ١١٨

وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ لَوْلَا يُكَلِّمُنَا اللَّهُ أَوْ تَأْتِينَا آيَةٌ كَذَٰلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ ۘ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ

دەڵێت:

وە ئەوانەی نازانن گوتیان: بۆچی الله ئاخاوتن لەگەڵ ئێمە ناکات؟ یان موعجیزەیەکمان بۆ ناهێنێت؟ وە ئەوانەی پێشیشیان هەمان قسەیان دەکرد، دڵەکانیان لەیەك دەچێت، نیشانەکانمان ڕوونکردۆتەوە بۆ خەڵکانێك ڕاستی دەسەلمێنن.

واتە: خەڵکانێك هەبوون کە بڕوایان بە محمد نەهێناوە، وە گوتوویانە بۆچی الله ڕاستەخۆ قسە لەگەڵ ئێمەدا ناکات، یان موعجیزەیەك بۆ محمد دانابەزێنێت بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکەین. الله لە وەڵامدا دەڵێت، ئێوە هەمان قسەی ئەو خەڵکانە دەکەن کە لە پێش ئێوە بوون، وە دڵەکانتان لە دڵی ئەوان دەچێت.

ناکۆکی هەیە سەبارەت بە {الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ- ئەوانەی نازانن)، کە ئایا یەهوودین یان مەسیحین یان عەرەبە موشریکەکانن؟

لە ڕوانگەی منەوە عەرەبە موشریکە بتپەرستەکانن، چونکە {الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ}، لە ئایەتی ١١٣ ئەم سوورەتە عەرەبە موشریکە بتپەرستەکانن.

وە کەواتە لەم ئایەتە {الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ}، عەرەبە موشریکە بتپەرستەکانن.

واتە عەرەبە موشریکەکان گوتوویانە، ئەی محمد باوەڕت پێ ناهێنین تاوەکو الله ڕاستەوخۆ قسەمان لەگەڵدا نەکات، وە یان تۆ موعجیزەیەکمان بۆ نەهێنیت. وە الله وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت قسەی ئێوە لە قسەی یەهوودی و مەسیحیەکان دەچێت.

بەڵام ئایا مەسیحیەکان داوای موعجیزەیان لە المسیح کردووە یان خۆی بە گوێرەی پێویستی موعجیزەی ئەنجام داوە؟ هەڵبەتە بە گوێرەی پێویستی موعجیزەی ئەنجام داوە.

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لە داواکاریەکەیان ڕادەکات و دەڵێت:

قَدْ بَيَّنَّا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ

ئێمە نیشانەکانمان ڕوونکردۆتەوە بۆ کەسانێك کە ئەم قورئانە بە ڕاست دەزانن.

## ئایەتی ١١٩

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئێمە تۆمان بە هەق ناردووە وەك مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە، وە پرسیارت لێ ناکرێت لە یاوەرانی دۆزەخ.

{وَلاَ تُسْأَلُ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ}، واتە ئەی محمد تۆ پرسیارت لێ ناکرێت سەبارەت بە دۆزەخیەکان، واتە تۆ بەرپرسیار نیت لێیان.

واتە:

محمد موعجیزەی نابێت، چونکە تەنها {بَشِيرًا}، مژدەبەخشە بۆ ئەوانەی ئیمان دەهێنن و مژدەی بەهەشتیان پێ دەدات، {وَنَذِيرًا}، وە ترسێنەرە بۆ ئەوانەی باوەڕ ناهێنن و بە ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ دەیانترسێنێت و ئاگاداریان دەکاتەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەندێك لە خەڵکی مەدینە دەیانخوێندەوە: {ولا تَسألْ}، وە پرسیار مەکە.

وە ابن مسعود دەیخوێندەوە: {وَلَنْ تُسْأَلَ}، وە هەرگیز پرسیارت لێ ناکرێت.

الطبری ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

لَيْتَ شِعْرِي مَا فَعَلَ أَبَوَايَ؟ لَيْتَ شِعْرِي مَا فَعَلَ أَبَوَايَ؟ لَيْتَ شِعْرِي مَا فَعَلَ أَبَوَايَ؟" ثَلَاثًا ، فَنَزَلَتْ : {إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَا تَسْأَلْ عَنْ أَصْحَابِ الْجَحِيمِ} ، فَمَا ذَكَرَهُمَا حَتَّى تَوَفَّاهُ اللَّهُ

خۆزگە دایکم و باوکم وایان نەکردایە؟ خۆزگە دایکم و باوکم وایان نەکردایە؟ خۆزگە دایکم و باوکم وایان نەکردایە، ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی: { ئێمە تۆمان بە هەق ناردووە وەك مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە، وە پرسیارت لێ ناکرێت لە یاوەرانی دۆزەخ}، ئەوەبوو هیچیتر ئاماژەی پێیان نەکرد تاوەکو مرد.

# ئایەتی ١٢٠

وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَىٰ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە هەرگیز یەهوودی و نەساراکان لێت ڕازی نابن تاوەکو پیادەی ئاینەکەیان نەکەیت، بڵێ هیدایەتی الله هیدایەتە، وە سوێند بێت ئەگەر شوێنکەوتەی هەوەساکانیان بیت لە دوای ئەو زانیاریەی کە بۆت هاتووە، ئەوە لە لایەن اللهەوە نە دۆستایەتیت دەکرێت وە نە پشتیوانیت دەبێت.

وەك الطبری لە جامع البیان، دەڵێت {الْمِلَّةُ}، واتە ئاین.

واتە: ئەی محمد جووەکان و نەساراکان لێت ڕازی نابن تاوەکو پیادەی ئاینەکەیان نەکەیت. ئینجا الله بە محمد دەڵێت: بڵێ هیدایەتی الله هیدایەتە. ئینجا الله بە محمد دەڵێت: وە سوێند بێت ئەگەر شوێنکەوتەی ئارەزوو و هەوەسی یەهوود و نەساراکان بیت، لە کاتێکدا کە وەحیت بۆ هاتووە، ئەوە الله دۆستایەتیت ناکات، وە لە ڕۆژی قیامەت پشتیوانت نابێت لە سزای دۆزەخ ڕزگارت بکات.

# ئایەتی ١٢١

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَـٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی پەرتووکمان پێیان داوە، بە هەق دەیخوێننەوە، ئەوانە بڕوای پێ دێنن، وە هەر کەسێك بڕوای پێ نەهێنێت لە دۆڕاوەکانە.

گاڵتەجاری ئەم قورائانە لەوەدایە کە تەنها ڕاناو و ئاوەڵناو بەکاردەهێنێت، لەبەر ئەوە زۆربەی هەرە زۆری دەقەکان لێڵ و ناڕۆشنن، وە هەر لەبەر ئەوە هەر شرۆڤەکەرێك لە ئاوازێك دەخوێنێت.

بۆ نموونە ئەم ئایەتە دەڵێت:

{الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ}، ئەوانەی پەرتووکمان پێیان داوە.

کێن ئەوانەی پەرتووکت پێیان داوە؟ مەسیحیەکان یان یەهوودیەکان؟

{يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ}، پەرتووکەکە دەخوێننەوە بە ڕاست و دروسترین شێوە.

کامە پەرتووك بە ڕاستی و دروستی دەخوێننەوە؟

{أُولَـٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ}، ئەوانە باوەڕی پێ دێنن؟

باوەڕ بە چی دەهێنن؟ بەو پەرتووکەی دەیخوێننەوە؟ یان باوەڕ بە محمد دەهێنن؟

ئەگەر مەبەست محمد بێت، بۆچی ئەم ئایەتە نەیدەگوت:

أُولَـٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِمحمد. واتە ئەوانە باوەڕ بە محمد دێنن.

{وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ}، وە هەر کەسێك باوەڕی پێ نەهێنێت ئەوە لە دۆڕاوەکانە.

باوەڕ بە کێ و بە چی نەهێنێت؟

لەبەر ئەوە الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ناکۆکی هەیە سەبارەت بە دانە بە دانەی بڕگەکانی ئەم ئایەتە.

بۆ نموونە دەڵێت {الْكِتَابَ}، هەندێك دەڵێن واتە قورئان، وە هەندێك دەڵێن واتە تەورات، وە هەندێك دەڵێن تەورات و ئینجیل.

جا ئەگەر قورئانت هەڵبژارد بۆ مانای {الْكِتَابَ}، ئەوە شرۆڤەی بڕگەکانی تر جیا دەبێت لەوەی ئەگەر تەوراتت هەڵبژارد.

## ئایەتی ١٢٢

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ

دەڵێت:

ئەی نەوەکانی ئیسرائیل ئەو چاکانەی منتان لە یادبێت کە بە ئێوەم بەخشیووە، وە لە ڕاستیدا من ئێوەم پەسەند کردووە بە سەر خەڵکانی جیهان.

دووبارەیە و بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٤٧ سوورەتی البقرة.

## ئایەتی ١٢٣

وَاتَّقُوا يَوْمًا لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ

دەڵێت:

وە لە ڕۆژێك بترسن کە هیچ کەسێك لە جیاتی کەسێك هیچ شتێك لە ئەستۆ ناگرێت، وە نە تکا وە نە بارمتەی لێ وەرناگیرێت، وە نە ئەوان سەردەخرێن.

دووبارەیە، بگەڕێوە بۆ ئایەتی ٤٨ ئەم سوورەتە.

## ئایەتی ١٢٤

وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وه كه ئیبراهیم به چەند وتەیەك له لایەن خوداكەیەوه تاقیكرایەوه، جا جێبەجێی كردن، (الله) گوتی له ڕاستیدا من تۆ دەكەم به پێشڕەو بۆ خەڵك گوتی وه له نەوەكانم؟ گوتی ستەمكاران پەیمانی من بەدەست ناهێنن.

واته:

ئیبراهیم له لایەن خوداكەیەوه به چەند وتەیەك تاقیكرایەوه، وه دوا وته ئەوەبوو كه گوتی: ئەی ئیبراهیم من تۆ دەكەم به پێشڕەو بۆ خەڵك، وه ئیبراهیم گوتی: نەوەكانیشم؟ الله گوتی: ستەمكاران پەیمانی من بەدەست ناهێنن.

الطبری له جامع البیان، سەبارەت بەو وتانەی كه الله ئیبراهیمی پێ تاقیكردۆتەوه دەڵێت چەند وتەوتێك هەیه:

یەكەم: ابن عباس گوتوویەتی، واته شەریعەتی ئیسلام.

دووەم: ابن عباس و قتادة گوتوویانه: واته ١٠ سونەت له سونەتەكانی ئیسلام.

ابن عباس گوتوویەتی:

الله به پاكوخاوێنی تاقیكردۆتەوه، پێنج دانەیان له سەر و پێنج دانەیان له لەش. له سەر: سمێڵ قوتكردن و ئاو كردنه دەم و ئاو كردنه لووتەوه و سیواك و قژ دوولەت كردن له ناوەڕاستی سەردا. وه له لەشدا: نینۆك كورتكردن و بەر تاشین و دەرهێنانی تووكی بن باڵ و شۆرینی شوێنی نێوگەڵ و قوون له دوای میز و پیساییكردن.

قتادة گوتوویەتی: خەتەنه و بەر تاشین و شۆرینی نێوگەڵ و قوون و سیواك و سمێڵ قوتكردن و كورتكردنی نینۆك و دەركێشانی تووكی بن باڵ.

سێهەم: ابن عباس گوتوویەتی: هەندێكیان پەیوەستن به لەش پاككردنەوه و هەندێكیان تایبەتن به حەج.

شەش دانه تایبەتن به لەش: بەر تاشین و خەتەنه و دەركێشانی توكی ژێر باڵ و نینۆك كورت كردن و سمێڵ قوت كردن و خۆشۆرین له ڕۆژی هەینی. چوار دانەیان له پەیوەست به حەج بوون: تەواف له دەورەی كەعبه و هاتوچۆ له نێوان سەفا و مەروا و شەیتان ڕەجمكردن و ئیفازه (الإفاضة).

الطبری ئاماژە بە بیروبۆچوونی خۆی دەکات و دەڵێت:

الله بە بەندەکانی دەڵێت کە ئیبراهیمی تاقیکردۆتەوە بە چەند وتەیەك کە بە وەحی بۆی ناردووە، وە فەرمانی پێی کردووە کە جێبەجێیان بکات، وە ئیبراهیم جێبەجێی کردوون، وەك ئایەتی ٣٧ سوورەتی النجم دەڵێت:

وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّىٰ

وە ئیبراهیم کە پابەند بوون.

ئینجا دوای ئەوەی ئیبراهیم فەرمانەکانی جێبەجێ کرد، الله بە ئیبراهیم دەڵێت:

إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا

من تۆ دەکەم بە پێشڕەو بۆ خەڵك.

واتە: پێشڕەو بۆ خوداپەرستان.

ئیبراهیم لە وەڵامدا دەڵێت:

وَمِن ذُرِّيَّتِي

وە لە نەوەکانیشم دەکەیت بە پێشڕەو؟

الله لە وەڵامدا بە ئیبراهیم دەڵێت:

لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ

هەر کامێك لە نەوەکانت ستەم بکەن (شرك بکەن)، ئەوە پەیمانی من بەدەست ناهێنن.

بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز، (تەورات- پەرتووکی پەیدابوون)، پەیمانەکە ئەمە بووە:

{کاتێك ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خودا بۆ ئەبرام دەرکەوت و پێی فەرمووو: "من خودای هەرە بە توانام، دۆستایەتی من بکە و بێ کەموکوڕی بە، پەیمانی خۆم لە نێوان خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم"

ئەبرام خۆی بە زەویدا دا ، خوداش پێی فەرمووو" لە لایەن منەوە، ئەمە پەیمانی منە لەگەڵ تۆ: تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە، ئیتر لەمەودواش ناوت بە

ئەبرام ناهێنرێت بەڵکو ناوت دەبێت بە ئیبراهیم، چونکە من تۆم کردووە بە باوکی چەندین نەتەوە. زۆر زۆریش بەردارت دەکەم و چەندین نەتەوەت لێ دروست دەکەم و پاشایانت لێ دەکەوێتەوە، پەیمانەکەم کە پەیمانێکی تاهەتاییە، لە نێوان خۆم و تۆ و نەوەی تۆدا دەچەسپێنم، کە ببمە خودای تۆ و نەوەکانی تۆ. هەموو خاکی کەنعان، کە ئێستا وەك بێگانەیەك تێدا نیشتەجێیت، بۆ تاهەتایە بە موڵکی دەیدەمە تۆ و نەوەکانی تۆ، منیش دەبمە خودایان.

ئینجا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو" تۆش لە لای خۆتەوە دەبێت پەیمانەکەم بەجێبهێنیت، خۆت و نەوە لە دوای نەوەشت. ئەمەش پەیمانەکەمە کە بەجێی دەهێنن لە نێون من و ئێوە و نەوەی دوای خۆت:

هەموو نێرینەیەکتان خەتەنە دەکەن، خۆتان خەتەنە دەکەن، کە دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و ئێوە، هەموو نێرینەیەکی هەشت ڕۆژە لە ئێوە دەبێت خەتەنە بکرێت ،

وە هەر نێرینەیەك لە نەوەکانت خەتەنە نەکریت ئەوە لە نەتەوەکەی دادەبڕێت چونکە پەیمانی منی شکاندووە}.

واتە: پەیمانەکە بەم شێوە بووە:

کە ئیبراهیم دەبێت بە باوکی پێغەمبەران و نەوەکانی زۆر دەبن، وە خاکی پیرۆزیان پێ دەدرێت، وە دەبێت تەنها خودا بپرستن، وە خودا خاکی پیرۆزیان پێ دەدات، وەك پابەندبوونیان بۆ ئەم پەیمانە دەبێت هەموو نێرینەیەك لە ڕۆژی هەشتەم خەتەنە بکرێت. هەر نێرینەیەك خەتەنە نەکرێت ئەوە پەیمانەکەی شکاندووە.

# ئایەتی ١٢٥

وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْنًا وَاتَّخِذُوا مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ

دەڵێت:

وە کە ماڵەکەمان کردە سەکۆیەك و دڵنەواییەك بۆ خەڵك، وە ئێوەش شوێن پێی ئیبراهیم بکەن بە شوێنی نوێژکردن، وە ئیبراهیم و ئیسماعیلمان ڕاسپارد کە

ماڵەکەم پاك بکەنەوە بۆ شەوگەردان و خەڵوەتکەران و کرنۆشبەران و سوجدەبەران.

هەڵبەتە شرۆڤەکەران دەڵێن {الْبَيْتَ}، واتە کەعبە.

بەڵام ڕاست ناکەن و چەواشە دەکەن. چونکە مەککە لە سەردەمی ئیبراهیم بوونی نەبووە. وە ئیبراهیم بە هیچ جۆرێك سەردانی دوورگەی عەرەبی نەکردووە :

یەکەم: هیچ بەڵگەیەك نییە کە مەککە بوونی هەبووبێت پێش زاین.

دووەم: هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە ئەگەر ئیبراهیم بوونی هەبووبێت، سەردانی دوورگەی عەرەبی کردبێت.

سێهەم: پەرتووکە ئەسڵیەکە کە پەرتووکی پیرۆزە، بە هیچ جۆرێك ئاماژە ناکات کە ئیبراهیم یان ئیسماعیل سەردانی دوورگەی عەرەبیان کردبێت.

چوارەم: یەك دەقی قورئان بوونی نییە کە ئاماژە بە ئیبراهیم و مەککە بەیەکەوە کرابێت.

پێنجەم: درۆزن و دەجالێکی وەك ابن اسحاق لە السيرة النبوية ڕەچەڵەکی محمدی گێڕاوەتەوە بۆ اسماعیل، کە محمد لە ڕیوایەتێکی صحیحدا گوتوویەتی:كذب النسابون.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام لە ئایەتی ٩سوورەتی ابراهیم بە قورەیش دەڵێت:

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ ۛ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ

ئەی هەواڵی ئەوانەی پێش خۆتان بۆ نەهاتووە لە قەومی نوح و عاد و سەمود، وە ئەوانەی دوای ئەمانە هیچ کەسێك نازانێت تەنها الله نەبێت.

وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران، ڕیوایەتێك لە محمد صلعم دەگێڕێتەوە:

مَّا سَمِعَ النَّسَّابِينَ يَنْسُبُونَ إِلَى مَعْدِ بْنِ عَدْنَانَ ثُمَّ زَادُوا فَقَالَ : كَذَبَ النَّسَّابُونَ إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ : لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا اللَّهُ

کاتێك گوێی لە ڕەچەڵەکناسان دەبوو، ڕەچەڵەکەکە دەگێڕنەوە بۆ مەعد کوڕی عەدنان، ئینجا زیاتر دەڕۆیشتن، دەیگوت: ڕەچەڵەکناسان درۆ دەکەن، چونکە الله دەڵێت: هیچ کەسێك نازانێت تەنها الله نەبێت.

شەشەم: لە ئایەتی ٣٧ سوورەتی ابراهیم بەڵگەمان خستە ڕوو کە مەبەست لە {بيت الحرام}، کەعبە و مەککە نییە.

حەوتەم: بۆ نووسەری قورئان تەنانەت لە یەك ئایەتدا ڕاشکاوانە ئاماژەی نەکردووە کە ئیبراهیم سەردانی مەککەی کردووە؟

چونکە چاك دەیزانی کە یەهوودیەکانی مەدینە بە درۆی دەخەنەوە.

بۆ نموونە دەیتوانی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە دابڕێژێت:

وَإِذْ جَعَلْنَا بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ بمكّة مَثَابَةً لِّلنَّاسِ

واتە: وە کە ماڵە حەرامەکەی تۆمان لە مەککە کرد بە سەکۆیەك بۆ خەڵك.

ئەی مەبەست لە {الْبَيْتَ} چییە؟ هەروەك لە شرۆڤەی ئایەتی ٣٧ سوورەتی ابراهیم ئاماژەمان پێکرد، {الْبَيْتَ}، ئەو شوێنەیە کە ئیبراهیم ویستی ئیسحاقی تیادا سەرببڕێت، وە ناوی (مریا)، واتە یەهودەی دەیبینێت. کە دواتر دەکرێت بە پەرستگا و ماڵی خودا.

وەك لە صحيح البخاری هاتووە، کە گوایە عومەری کوڕی خەتاب داوای لە محمد کردووە کە مقام ابراهیم بکات بە قیبلە:

لَوْ اتَّخَذْتَ مَقَامَ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى

بۆچی پایەگەی ئیبراهیم ناکەیت بە شوێن نوێژکردن، (قیبلە)؟

دەڵێت: الله ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەڵێت:

وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى

وە پایەگەی ئیبراهیم بکەن بە شوێن نوێژکردن، (قیبلە).

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، وەحی لە عومەرەوە بۆ چووە، وە ئەو داویەتی بە جبرایل بۆ ئەوەی بۆ محمدی دابەزێنێت.

{طَّائِفِ}، واتە گەڕۆك و شەوگەڕ.

{عَاكِفِ}، کەسێکە کە لە پەرستگایەك دەمێنێتەوە بۆ خوداپەرستی.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

هەندێك لە قورئانخوێنانی مەدینە و شام لە جیاتی {اتَّخِذُوا}، دەیانخوێندەوە: {وَاتَّخَذُوا}.

{اتَّخِذُوا}، فەرمانە و واتە: بە خۆتانەوە بگرن.

{وَاتَّخَذُوا}، هەواڵە و واتە: بەخۆیانەوە گرت.

# ئایەتی ١٢٦

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَىٰ عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

وە کە ئیبرایم گوتی خوداکەم ئەم وڵاتە ئاسایشدار بکە و لە هەموو بەروبوومێك ڕزق بەو خەڵکانە ببەخشە کە باوەڕ بە الله و ڕۆژی دوایی دێنن، (الله) گوتی وە ئەوەی کوفر دەکات تۆزێك خۆشی پێ دەدەم ئینجا ناچاری دەکەم بۆ ئەشکەنجەی ئاگر و خراپترین چارەنووس.

واتە:

{وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ}، وە کە ئیبراهیم گوتی، {رَبِّ اجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا آمِنًا}، ئەم وڵاتە ئاسایشدار بکە، {وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ}، وە لە بەروبوومەکان ڕزق بە خەڵکەکەی بدە، {مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ}، لەو خەڵکانەیان کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی هێناوە، {قَالَ}، گوتی، {وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَىٰ عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ}، وە ئەوەی کوفری کرد ماوەیەکی کەم خۆشی پێ دەدەم، ئینجا ناچاری دەکەم بۆ ئازاری ئاگر و خراپترین چارەنووس.

ئەگەر ئەو وڵاتە هەر کوێیەك بێت، نیزاکەی ئیبراهیم نەهاتۆتە دی، چونکە دەڵێت: {اجْعَلْ هَـٰذَا بَلَدًا آمِنًا}، وە ئەم وڵاتە بکە بە وڵاتێکی ئاسایشدار.

جا ئەگەر مەككە بێت، ئەوە ئەم نیزایەی ئیبراهیم ڕاست دەرنەچووە، چونكە مەككە بەردەوام شوێنێ شەڕو كوشتار بووە. وە تەنانەت خودی محمد لە كاتی فەتحی مەككە خوێنی لە مەككە ڕشتووە. وەك لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

وَلَمْ يَحِلَّ لِي إِلَّا سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ

وە مەككە بۆ من حەڵاڵ نەكرا (كەكوشتاری تێدا بكەم)، تەنها یەك كاتژمێر نەبێت.

چونكە محمد لە كاتی فەتحی مەككە چەند كەسێك دەكوژێت. ابن حجر لە فتح الباری دەڵێت:

ابن سعد گوتوویەتی لە فەتحی مەككە ٢٤ كافر كوژران. وە دەڵێن ژمارەی ئەوانەی لە كافرەكان كوژران ١٣ كەس بوون.

وە محمد ناوی چوار پیاو و دوو ژن بە یاوەرەكانی دەدات كە بیانكوژن، وەك لە صحیح سنن النسائی (للالبانی) هاتووە گوتوویەتی:

اقتُلوهم ، وإن وجَدتُموهم متَعلِّقينَ بأَستارِ الكَعبةِ ، عِكْرمةُ ابنُ أبي جَهْلٍ وعبدُ اللَّهِ بنُ خطلٍ ومقيسُ بنُ صبابةَ وعبدُ اللَّهِ بنُ سعدِ ابنِ أبي السَّرحِ

بیانكوژن، وە تەنانەت ئەگەر ئەو كەسانەتان دۆزیەوە لە ژێر پەردەی كەعبە: عكرمة كوڕی ابو جهل و عبدالله بن خطل و مقیس بن صبابة و عبدالله بن ابي سرح

وە بالفعل عبدالله بن خطل لە ژێر پەردەی كەعبەدا دەكوژن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ئەم بڕگەیە {وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلًا ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَىٰ عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ- وە ئەوەی كوفر بكات ئەوە بۆ ماوەیەكی كەم خۆشی پێ دەدەم، ئینجا ناچاری دەكەم بۆ ئازاری ئاگر، وە خراپترین چارەنووس}، وتەی اللهیە.

# ئایەتی ١٢٧

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ

دەڵێت:

وە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵەکەیان بەرز دەکردەوە (گوتیان) خوداکەم لێمان قبووڵ بکە، تۆ هەر خۆت بیستەر و ئاگاداریت.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم ئاماژە بە چیرۆکێکی داتاشراو دەکات و دەڵێت ابن عباس گوتوویەتی:

کاتێك ئیسماعیل شیرە خۆر بوو، ئیبراهیم لە فەلستینەوە، هاجر و ئیسماعیلی هێنا بۆ مەککە و لە وێ جێیهێشتن. وە ئەو کات هیچ کەسێك لە مەککە نەبوو، وە مەککە ئاوی لێ نەبوو. کاتێك ئیبراهیم ڕۆیشت، چەند جارێك هاجر بانگی کرد و گوتی:

يَا إِبْرَاهِيمُ ، أَيْنَ تَذْهَبُ وَتَتْرُكُنَا بِهَذَا الْوَادِي الذِي لَيْسَ فِيهِ إِنْسٌ وَلَا شَيْءَ ؟ فَقَالَتْ لَهُ ذَلِكَ مِرَارًا ، وَجَعَلَ لَا يَلْتَفِتُ إِلَيْهَا . فَقَالَتْ : آللَّهُ أَمَرَكَ بِهَذَا ؟ قَالَ : نَعَمْ . قَالَتْ : إِذًا لَا يُضَيِّعُنَا .

ئەی ئیبراهیم بۆ کوێ دەڕۆیت، لەم دۆڵە کە هیچ مرۆڤێك و هیچ شتێکی تێدا نییە وازمان لێ دێنێت؟ چەند جارێك وایگوت. وە ئیبراهیم ئاوڕی نەدەدایەوە. هاجر گوتی: الله فەرمانی پێت کردووە ئەم کارە بکەیت؟ ئیبراهیم گوتی: بەڵێ. هاجر گوتی: دەکەواتە الله ونمان ناکات.

وە ابن عباس بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

وە هاجر شیری دەدایە ئیسماعیل، وە لەو ئاوە دەیخواردەوە کە لایان بوو تاوەکو ئاوەکە تەواو بوو، ئینجا هاجر و ئیسماعیل تینوویان بوو، ئینجا هاجر لە تاوی تینوویەتی ئیسماعیلی کوڕی، لە نێوان سەفا و مەروا دەهات و دەچوو، ٧ جار هات و چوو.

ابن عباس دەڵێت:

ئینجا فریشتەیەك بۆیان دابەزی و بە باڵەكانی زەوی هەڵكەنی لە شوێنی بیری زەم زەم تاوەكو ئاو بەدیار كەوت.

لێرەدا زانایانی ئیسلام دەبێت ئەم درۆیە پینە بكەن، چۆن دەكرێت پیاوێكی وەكو ئیبراهیم كە بە باوكی پێغەمبەران دادەنرێت، ژنێك و منداڵێك لە شوێنێك دابنێت كە ١٥٠٠ كم لە خۆیەوە دوورە؟

ابن كثير لە تفسير القران العظيم و ابن حجر لە فتح البارى دەڵێن:

كان إبراهيمُ يزورُ هاجرَ كلَّ شهرٍ على البراقِ يغْدو غدوةً فيأتِي مكةَ ثُمَّ يرجعُ فيقيلُ فِي منزلِهِ بالشامِ

ئیبراهیم هەموو مانگێك بە بوراق سەردانی هاجری دەكرد، بەیانیەك لە شامەوە بەڕێ دەكەوت و دەگەیشتە مەكە و دەگەڕایەوە بۆ ماڵەكەی لە شام.

هاجر قبتى (مسرى) بوو، ئایا لۆجیكە كە هاجر نەگەڕێتەوە بۆ میسر بۆ لای كەسوكاری، وە ماوەی ١٥٠٠ كم بە ناو بیاباندا ببڕێت بە منداڵێكی شیرەخۆرەوە بێت بۆ شوێنێك خەڵكی لێ نییە و خواردن و ئاوی لێ نییە؟

پەرتووكی پیرۆز، (تەورات- پەرتووكی پەیدابوون) دەڵێت:

{سارا ئیسماعیلی بینی كە گاڵتەی دەكرد، ئەوەبوو بە ئیبراهیمی گوت : ئەم كەنیزەیە و كوڕەكەی دەربكە، چونكە ئیسماعیل لەگەڵ ئیسحاقی كوڕم نابێت بە میراتگر.

ئیبراهیم بەیانی زوو لە خەو هەستا و نان و مەشكەیەك ئاوی هێنا و خستیە سەر شانی هاجەر و لەگەڵ كوڕەكەی بەڕێی كرد. ئەویش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی بیری شەباع سەرگەردان بوو.

كە مەشكەكە ئاوی تێدا نەما، كوڕەكەی لە ژێر دەوەنێك دانا. ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیرهاوێژێك بەرامبەری دانیشت، چونكە گوتی ناتوانم بە چاوی خۆم مەرگی كوڕەكەم ببینم. ئیتر بەرامبەری دانیشت و بە دەنگی بەرز دەستی كرد بە گریان.

خودا دەنگی كوڕەكەی بیست و فریشتە لە ئاسمانەوە هاجەری بانگ كرد و پێی گوت: چیتە هاجەر؟ مەترسە خودا دەنگی كوڕەكەی بیست، هەستە كوڕەكە

هەڵبگرە و دەستی بگرە چونکە دەیکەم بە نەتەوەیەکی مەزن. ئینجا خودا چاوی هاجەری کردەوە، ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد، چوو مەشکەکەی پڕ کرد لە ئاو و ئاوی دایە کوڕەکە.

کاتێك ئیسماعیل گەورە بوو، دایکی ژنێکی میسری بۆ هێنا}.

ئیسلام کەڵتێکە لەسەر بنەمای درۆ بنیات نراوە.

## ئایەتی ١٢٨

رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، ئیبراهیم و ئیسماعیل بەردەوام دەبن لە نیزا کردن و دەڵێن:

خوداکەمان وامان لێ بکە کە پابەندی تۆ بین، وە وا لە نەوەکانمان بکە کە پابەندی تۆ بن و ڕێوشوێنمان نیشان بدە و تۆبەمان لێ وەربگرە، وە هەر خۆت تۆبەوەرگرە میهرەبانەکەیت.

{رَبّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَك}، واتە: وامان لێ بکە کە پابەندی تۆ بین و ملکەچی فەرمانەکانی تۆ بین و شرکت پێ نەکەین.

{وَأَرِنَا مَنَاسِكنَا}، واتە داب و نەریتی خوداپەرستیمان نیشان بدە.

## ئایەتی ١٢٩

رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ

دەڵێت:

خوداکەمان وە پێغەمبەرێکیان لە خودی خۆیان بۆ بنێرە، ئایەتەکانی تۆیان بۆ بخوێنێتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندیان بکات، وە پاکیان بکاتەوە، هەر خۆت باڵادەستە داناکەیت.

پرسیار:

به گوێرەی قورئان ئیبراهیم و ئیسماعیل پێغەمبەر بوون و پەرتووکیان بۆ دابەزیووە:

وەك ئایەتی ١٣٦ البقرة و ٨٤ ال عمران دەڵێت:

آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ

باوەڕمان هێنا بە الله، وە بەوەی دابەزیووە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و هۆزەکان.

وە ئایەتی ١٩ سوورەتی الاعلى دەڵێت:

صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى

پەرتووکی ئیبراهیم و موسا

وە لە مسند احمد و السلسلة الصحيحة للالبانی، ڕیوایەتێکی محمد صلعم هاتووە کە گوتوویەتی:

أُنْزِلَتْ صُحُفُ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ السَّلَام فِي أَوَّلِ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ

پەرتووکی ئیبراهیم لە شەوی یەکەمی ڕەمەزان دابەزیووە.

کەواتە ئەم نیزایەی ئیبراهیم و ئیسماعیل {رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ- خوداکەمان پێغەمبەریان لە خۆیان بۆ بنێرە ئایەتەکانی تۆیان بۆ بخوێنێتەوە}، مانای چییە؟

لە کاتێکدا دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز پێغەمبەر نین. بەڵام بە گوێرەی قورئان پێغەمبەرن و پەرتووکیان بۆ دابەزیووە.

کەواتە دەبێت ئەو نیزایەی ئیبراهیم سەبارەت بە نەوەکانی خۆی بووبێت، واتە نەوەکانی ئیسرائیل، داوای لە خوداکەی کردووە کە پێغەمبەرێك بۆ نەوەکانی ئیسرائیل بنێرێت. وە یەکەم پێغەمبەر موسا دەبێت کە خوێنەوار بووە، وە خەڵکی فێرە خوێندنەوە و ژێرمەندی کردووە.

وە بە گوێرەی داتاشینێک کە سەرچاوە ئیسلامیەکان کردوویانە، ئیسماعیل لە دوورگەی عەرەبی ژیاوە، وە پێغەمبەر بووە، وەك ئایەتی ٥٤ سوورەتی مریم دەڵێت:

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَبِيًّا

وە ئاماژە بە ئیسماعیل بکە لە پەرتووکەکە، لە ڕاستیدا ئیسماعیل لە بەڵێندانداندا ڕاستگۆ بوو و پەیامنێرێکی هەواڵدەر بوو.

وە ئەگەر ئیسماعیل لە دوورگەی عەرەبی ژیابێت و پێغەمبەر و هەواڵدەر بووبێت، کەواتە نیزاکەی چ مانایەك دەدات کاتێك گوتوویەتی:

خوداکەمان پێغەمبەرێکیان لە خۆیان بۆ بنێرە.

لەبەر ئەوە گشت ئایەتەکانی قورئان لە پەیوەست بە ئیبراهیم و ئیسماعیل هیچ پەیوەندیەکایان بە دوورگەی عەرەبەوە نییە.

پرسیارێکی دیکە: ئەگەر ئیبراهیم یەکەم کەس بووبێت کە لەسەر ڕێبازی حەنەفی بووبێت، وە ئیسلام لەسەر ڕێبازی ئیبراهیم بێت، ئایا لۆجیکە کە پەرتووکەکەی ئیبراهیم فەوتا بێت؟ بۆچی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام پەرتووکەکەی ئیبراهیمی بۆ محمد دانەدەبزاند، بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێك لە قورئان؟

# ئایەتی ١٣٠

وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ

دەڵێت:

وە کێ خۆی لە ئاینی ئیبراهیم بە دوور دەگرێت مەگەر کەسێك کە خۆی دەبەنگ دەکات، وە سوێند بێت ئەومان لە دونیا هەڵبژارد، وە بە دڵنیاییەوە لە ئاخیرەت لە پیاوچاکانە.

واتە:

{وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلاَّ مَن سَفِهَ نَفْسَهُ}، واتە:

هیچ کەسێك نییە کە پیادەی ئاین و ڕێبازی ئیبراهیم نەکات مەگەر کەسێك کە دەبەنگ بێت.

{مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ}، واتە ئاین و ڕێبازی ئیبراهیم کە حەنەفی بووە، وەك ئایەتی ١٢٠ سوورەتی النحل دەڵێت:

إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ

لە ڕاستیدا ئیبراهیم پێشڕەوێکی ملکەچی حەنیف بوو بۆ اللە، وە موشریك نەبوو.

وە ئایەتی ٦٧ سوورەتی ال عمران:

مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا

وە ئیبراهیم نە یەهوودی بوو، وە نە نەسرانی، بەڵكو حەنیفێکی پابەند بوو.

بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٢٠ سوورەتی النحل، بۆ شرۆڤە و مانای حنیف.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، قتادة لە شرۆڤەی {وَمَنْ يَرْغَب عَنْ مِلَّة إِبْرَاهِيم إِلَّا مَنْ سَفِهَ نَفْسه} گوتوویەتی واتە:

یەهوودی و نەساراکان پشتیان کرد لە ئاینی ئیبراهیم و ئاینی یەهوودی و نەسارایان داهێنا کە هیچ کامێکیان لە لایەن اللەوە نین، وە دەستبەرداری ئاینی ئیبراهیم بوون کە ئیسلامێکی حەنەفی بوو، وە اللە محمدی نارد بە ئاینەکەی ئیبراهیم.

## ئایەتی ١٣١

إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ

دەڵێت:

کە خوداکەی پێی گوت ملکەچ بە، گوتی ملکەچ بووم بۆ خودای جیهانەکان.

واتە:

خوداکەی ئیبراهیم بە ئیبراهیمی گوت ملکەچی یەکتاپەرستی بە، ئیبراهیم گوتی ملکەچ بووم بۆ خودای جیهانەکان.

وەك الطبرى لە جامع البيان دەڵێت:

{إِذْ قَالَ لَهُ رَبّه أَسْلِمْ }، واتە کە خوداکەی بە ئیبراهیمی گوت: تەنها من بپەرستە و ملکەچم بە.

القرطبى لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

(الاسلام)، لە زمانی عەرەب، واتە: ملکەچبوون و پابەندبوون بۆ کەسێك کە خۆت دەدەیتە دەستیەوە.

# ئایەتی ١٣٢

وَوَصَّىٰ بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

دەڵێت:

وە ئیبراهیم و یعقوب کوڕەکانیان بەم ئامۆژگاریە ڕاسپارد: ئەی کوڕەکانم اللە ئاینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، جا ئێوە نەکەن بمرن و ملکەچدار نەبن.

واتە:

{مُّسْلِم}، کەسێکە کە پابەند و ملکەچە بۆ کەسێکی دیکە.

ئیبراهیم کوڕەکانی ڕاسپارد کە پابەند و ملکەچی خودای جیهانەکان بن، وە هەروەها یعقوب بە هەمان شێوە کوڕەکانی ڕاسپارد کە پابەند و ملکەچی خودای جیهانەکان بن و شرك نەکەن و گوتیان:

إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

لە ڕاستیدا اللە ئاینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، کە یەکتاپەرستیە، جا ئێوە نەکەن بمرن، وە ملکەچدار نەبن.

وەك ئایەتی ١٩ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ

لە ڕاستیدا ئاین لای اللە ئیسلامە.

(الْإِسْلَامُ)، واتە ملکەچبوون و پابەندبوون بە یەکتایی.

یعقوب کوڕ ئیسحاقە کوڕی ئیبراهیمە.

وە یعقوب نازناوی ئیسرائیل بووە، کە ١٢ کوڕی هەبووە، یەکێکیان یوسف بووە، وە هەر یەکێك لە کوڕەکانی یعقوب، هۆزێکی ئیسرائیلی لێ دێتە ئاراوە. لەبەر ئەوە بە جووەکان دەگوترێت بنی ئیسرائیل، واتە نەوەکانی ئیسرائیل.

## ئایەتی ١٣٣

أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِن بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَـٰهَكَ وَإِلَـٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَـٰهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە جووەکان دەڵێت:

یان ئێوە شایەت بوون کاتێ یعقوب گیانی دەدا کە بە کوڕەکانی گوت: چی لە دوای من دەپەرستن؟ گوتیان: خوداکەی تۆ و باوکانت لە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق دەپەرستین، کە یەك خودایە، وە ئێمە بۆ ئەو ملکەچ و پابەندین.

هەڵەیەکی زەقی ئەم دەقە:

ئیسماعیل لە باوکانی نەوەکانی یعقوب نییە. بۆ نموونە ئەگەر یوسف وەربگرین، ئەوە یوسف کوڕی یعقوبە، وە یعقوب کوڕی ئیسحاقە، وە ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمە.

وە ئیسماعیل برای ئیسحاقە. وە بە هیچ جۆرێك ئیسماعیل بە باوکانی کوڕەکانی یعقوب دانانرێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، هەندێك لە جیاتی {وَإِلَـٰهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ- وە خودای باوکانت، ئیبراهیم}، دەیانخوێندەوە: {وَإِلَه أَبِيك إِبْرَاهِيم}، وە خودای باوکت ئیبراهیم.

## ئایەتی ١٣٤

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ

دەڵێت:

ئەوانە میللەتێك بوون کە بەوەی بەدەستیان هێنابوو ڕۆیشتن، وە بۆ ئێوە ئەوە هەیە کە بەدەستتان هێناوە، وە پرسیارتان پێ ناکرێت سەبارەت بەو کارانەی ئەوان دەیانکردن.

واتە:

ئیبراهیم و نەوەکانی میللەتێك بوون کە بەو کارانەی کردیان، بە چاك و خراپ، مردن و ڕۆیشتن، وە ئێوە خاوەن ئەو کارانەن، بە چاکە و خراپە، کە بەدەستتان هێناون، وە ئێوە بەرپەرس نین لە کارەکانی ئەوان .

## ئایەتی ١٣٥

وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ تَهْتَدُوا قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ

دەڵێت:

وە گوتیان ببن بە یەهوود یان نەسارا هیدایەت دەکرێن، بڵێ بەڵکو ببن بە ئاینی حەنیفی ئیبراهیم، وە ئەو لە موشریکەکان نەبوو.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

یەهوودیەکان بە محمد و یاوەرەکانیان گوت وەرن ببن بە یەهوودی، وە نەساراکان گوتیان وەرن ببن بە نەسارا.

تێبینی:

ئەم دەقە پێمان دەڵێت کە نووسەری قورئان ئاشنایەتی نەبووە بە ئاینی یەهوودی. ئەگەر ئاشنایەتی هەبووایە ئەوە نەیدەگوت:

وَقَالُوا كُونُوا هُودًا

وە گوتیان ببن بە یەهوودی.

چونکە ئاینی یەهوودی ئاینێکی تایبەتە بە نەوەکانی ئیسرائیل، وە هیچ کەسێك بۆ ئاینەکەیان وەرناگرن. دە کەواتە چۆن بە عەرەبیان گوتووە وەرن ببن بە یەهوودی؟!.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ

پێیان بڵێ: بەڵکو ببن بە شوێنکەوتەی ئاینی حەنیفی ئیبراهیم، وە ئیبراهیم لە موشریکەکان نەبوو.

واتە: ئەی یەهوودیەکان و نەساراکان ئێوە موشریکن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە وشەی {حنف} دەڵێت:

{الْحَنَفُ}، واتە: لاربوونەوە، وە {الْأَحْنَفُ}، کە لە {الحننف} هاتووە، بە کەسێك دەگوترێت کە پەنجەکانی پێیەکی لاربۆتەوە بۆ پێکەی تری.

وە بە کەسێك کە هەردووك پێی خوارە و ڕاست نییە پێی دەگوترێت {أَحْنَفَ}،

واتە: ئیسلام خوارە و ڕاست نییە.

# ئایەتی ١٣٦

قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ

دەڵێت:

بڵێن باوەڕمان هێنا بە الله و بەوەی بۆ ئێمە دابەزیووە و بەوەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی دابەزیووە، وە ئەوەی بە موسا و عیسا دراوە، وە ئەوەی بە پێغەمبەران دراوە لە لایەن خوداکەیانەوە، وە جیاوازی نێوان هیچ کامێکیان ناکەین، وە ئێمە بۆ ئەو ملکەچین.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە موسڵمانان دەڵێت، بڵێن:

یەکەم: باوەڕمان بە الله هێنا.

دووەم: باوەڕمان بەوە هێنا کە بۆ ئێمە دابەزیووە، واتە قورئان.

سێهەم: باوەڕمان بەوە هێنا کە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی دابەزیووە.

چوارەم: باوەڕمان بەوە هێنا کە بە موسا و عیسا دراوە، واتە تەورات و ئینجیل.

پێنجەم: باوەڕمان بەوە هێنا کە بە پێغەمبەران دراوە، واتە ئەو پەرتووکانەی بە پێغەمبەران دراوە.

شەشەم: وە جیاوازی لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەران ناکەین.

حەوتەم: وە ئێمە ملکەچ و پابەندی یەکتایی دەبین و شرك ناکەین.

پرسیار:

یەکەم: ئەم بڕگەیە دەڵێت {لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ}، واتە: جیاوازی لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەران ناکەین.

ئایا نووسەری قورئان لەگەڵ ئەم بڕگەیەدا ڕاستگۆیە؟

ئەگەر جیاوازی ناکەت، ئەی چۆنە موسڵمانان دەڵێن: محمد اشرف الخلق و سید ولد ادم؟

واتە: محمد شەرافەتمەندترینی مەخلوقاتەکانی الله و گەورەی منداڵەکانی ئادەمە.

مەگەر ئەوە جیاوازی نییە؟

دووەم: ئەم بڕگەیە دەڵێت: ئەی موسڵمانان بڵێن باوەڕمان هێنا، {وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ}، بەوەی بە موسا و عیسا دراوە، واتە تەورات و ئینجیل.

ئایا موسڵمان بڕوای بە تەورات و ئینجیل هەیە؟ هەرگیز.

بڕوا هێنان بە تەورات و ئینجیل، واتە بڕوا هێنان بە ناوەڕۆکی ئەم دوو پەرتوکە. بەڵام موسڵمان بڕوای بە ناوەڕۆکی ئەم دوو پەرتووکە نییە.

وە ئەوەی سەیرە لەم ئایەتە ئەو بڕگەیەیە کە دەڵێت:

ئەوەی دابەزیووە بە سەر {الْأَسْبَاطِ}، واتە بۆ ١٢ کوڕەکەی یعقوب.

واتە: ١٢ کوڕەکەی یعقوب لە هەمان کاتدا پێغەمبەر بوون، لە کاتێکدا کە گەلەکۆمەکێ دەکەن و فرتوفێڵ لە یوسف دەکەن و دەیفرۆشن.

بگەڕێنەوە بۆ سوورەتی یوسف.

# ئایەتی ١٣٧

فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا وَّإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ

دەڵێت:

جا ئەگەر باوەڕیان هێنا بەوەی کە ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە ئەوە بە دڵنیاییەوە هیدایەت دراون، وە ئەگەر پشتیان کرد ئەوە لە ڕاستیدا ئەوان لە دژایەتیدان، وە الله بەسە بۆ ئێوە، وە هەر ئەو بیستەرە زاناکەیە.

واتە:

ئەگەر یەهوودی و نەساراکان وەك ئێوەی موسڵمان بڕوایان بە هەموو پێغەمبەران و پەرتووکەکان هێنا، ئەوە هیدایەت دراون، خۆ ئەگەر ئیمانیان نەهێنا، ئەوە لە دژایەتیدان، جا ئەوکات ئێوە اللهتان بەسە، وە الله هەر خۆی بیستەر و ئاگادارە.

بە مانایەکی دیکە: واتە هەروەك چۆن ئێوەی موسڵمانان باوەڕتان هێناوە بە هەموو پێغەمبەرەکان و هەموو پەرتووکەکان بە تەورات و ئینجیلەوە، ئەگەر یەهوودی و نەساراکانیش ئیمانیان هێنا بە محمد و قورئان، ئەوە هیدایەت دراون، خۆ ئەگەر ئیمانیان نەهێنا بە محمد و قورئان، ئەوە لە دژایەتیکردنی ئێوەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس لە جیاتی {فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا}، دەیخوێندەوە: فَإِنْ آمَنُوا بِالَّذِي آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا

# ئایەتی ١٣٨

صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ

دەڵێت:

مۆرکی الله، وە مۆرکی کێ چاکتر لە مۆرکی الله، وە ئێمە بۆ ئەو بەندەکارین.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{صِبْغَةَ}، واتە بۆیەی ئیسلام، هەروەك چۆن نەساراکان کە منداڵەکانیان لە ئاو هەڵدەکێشن و دەڵێن ئەو لە ئاو هەڵکێشانە پیرۆزی دەکات، ئەوە لە ئیسلامدا لە شوێن خۆشۆرینی لە دوای گانکردنە.

نووسەری قورئان بیرۆکەی (صبغة و صباغة)ی لە سابیئەی مەندائی وەرگرتووە، سابیئەی مەندائی لە بۆنەکانیاندا خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشن و پێی دەڵێن (صباغة)، واتە لە ئاو هەڵکێشان.

بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە دوورگەی عەرەبی ئاو کەم بووە و ڕووبار بوونی نەبووە، ئەوە محمد دەستنوێژ و خۆشۆرینی دوای گانکردنی داهێناوە لە شوێن لە ئاو هەڵکێشان. وە ئەوە پێی دەگوترێت (صباغة).

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی: نەساراکان کاتێك منداڵێکیان دەبێت ئەوە لە ڕۆژی حەوتەم لە ئاوی هەڵدەکێشن و پێی دەگوترێت (الْمَعْمُودِيَّةِ- لە ئاو هەڵکێشان)، بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە لە شوێن خەتەنەکردن.

وە دەڵێت الماوردی گوتوویەتی: {الصِّبْغَةَ}، خۆشۆرینی کەسێکە کاتێك دەبێت بە ئیسلام، لە جیاتی لە ئاو هەڵکێشانی نەساراکان.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی پێغەمبەر گوتی:

إِنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ قَالُوا : يَا مُوسَى ، هَلْ يَصْبُغُ رَبُّكَ ؟ فَقَالَ : اتَّقُوا اللَّهَ. فَنَادَاهُ رَبُّهُ : يَا مُوسَى ، سَأَلُوكَ هَلْ يَصْبُغُ رَبُّكَ ؟ فَقُلْ: نَعَمْ ، أَنَا أَصْبُغُ الْأَلْوَانَ: الْأَحْمَرَ وَالْأَبْيَضَ وَالْأَسْوَدَ، وَالْأَلْوَانُ كُلُّهَا مِنْ صَبْغِي ". وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَى نَبِيِّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ { صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً }

نەوەکانی ئیسرائیل بە موسایان گوت: ئەی موسا، ئایا خوداکەت دەتوانێت بە ڕەنگی جیاواز بۆیە بکات؟ موسا گوتی لە الله بترسن. ئەوەبوو الله بانگی موسای کرد و گوتی: ئەی موسا پرسیاریان لێت کرد کە ئایا خوداکەت دەتوانێت بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگ بکات؟ پێیان بڵێ بەڵێ لە ڕاستیدا من بە ڕەنگی جیا ڕەنگ دەکەم وەك سوور و سپی و ڕەش، وە هەموو ڕەنگەکان لە ڕەنگەکانی منن، وە الله ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاند.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، نەیزانیوە کە ڕەش و سپی ڕەنگی بنەڕەتیی نیین، بەڵکو ڕەنگە بنەڕەتییەکان بریتین لە ڕەنگی زەرد و شین و سوور.

# ئایەتی ١٣٩

قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي اللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

بڵێ ئایا ئێوە سەبارەت بە الله مشتومڕمان لەگەڵدا دەکەن لە کاتێکدا ئەو خودای ئێمەیە و خودای ئێوەیە؟ وە ئێمە کاروکردەوەی خۆمان هەیە، وە ئێوە کاروکردەوەی خۆتان هەیە، وە ئێمە تەنها بۆ ئەو پابەندین.

واتە:

ئەی محمد بە یەهوودی و نەساراکان بڵێ، ئایا ئێوە سەبارەت بە الله مشتومڕمان لەگەڵدا دەکەن لە کاتێکدا الله خودای ئێمەیە و خودای ئیوەیە؟ وە ئێمە کاروکردەوەی خۆمان هەیە و خۆمان لێی بەرپرسین، وە ئێوە کاروکردەوەی خۆتان هەیە و خۆتان لێی بەرپرسن، وە ئێمە تەنها الله دەپەرستین و پابەندی دەبین و ملکەچی دەبین و شرکی پێ ناکەین.

# ئایەتی ١٤٠

أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطَ كَانُوا هُودًا أَوْ نَصَارَىٰ قُلْ أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

یان دەڵێن کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی یەهوودی یان نەسارا بوون، بڵێ ئایا ئێوە باشتر دەزانن لە الله؟ وە کێ لەوکەسە ستەمکارترە کە شایەتیەکی اللەی لایە و شاردویەتیەوە؟ وە الله بێئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

واتە:

جووەکان یان نەساراکان دەڵێن ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی جوولەکە یان نەسارا بوون. خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت وەڵامیان بدە و بڵێ: کێ لەوکەسە ستەمکارترە کە شایەتیەکی اللەی لایە و شاردویەتیەوە؟ وە الله بێئاگا نییە لە کاروکردەوەکانتان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَادَةً عِندَهُ مِنَ اللَّهِ}، واتە (کێ لەوکەسە ستەمکارترە کە شایەتیەکی اللەی لایە و شاردویەتیەوە)، واتە: یەهوودی و نەساراکان دەزانن کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکانی موسڵمان بوون، بەڵام ئەم ڕاستیەیان شاردۆتەوە لە خەڵك.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، واتە: ئەو ڕاستیەیان شاردۆتەوە کە پێغەمبەران ئیسلام بوون.

# ئایەتی ١٤١

تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ

دەڵێت:

ئەوانە میللەتێك بوون کە بەوەی بەدەستیان هێنابوو ڕۆیشتن، وە بۆ ئێوە ئەوە هەیە کە بەدەستتان هێناوە، وە پرسیارتان لێ ناکرێت سەبارەت بەوکارانەی ئەوان دەیانکرد.

دووبارەی ئایەتی ١٣٤ ئەم سوورەتەیە.

# ئایەتی ١٤٢ تا ١٤٥

ئەم ٣ ئایەتە تایبەتن بە گۆڕینی قیبلە.

لە ماوەی مەککە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی قورەیش، محمد کەعبەی کردبوو بە قیبلە، کاتێك چوو بۆ مەدینە وەك تاکتیکێك بۆ ئەوەی سەرنجی جووەکان ڕابکێشێت، بۆ ماوەی ١٦-١٧ مانگ قیبلەی گۆڕی بۆ قودس، کاتێك جووەکان باوەڕیان پێی نەهێنا، قیبلەکەی گۆڕی بۆ کەعبە.

# ئایەتی ١٤٢

سَيَقُولُ السُّفَهَاءُ مِنَ النَّاسِ مَا وَلَّاهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ الَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا قُل لِّلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ

دەڵێت:

خەڵکی دەبەنگ دەڵێت: چی وایکرد کە پشتی خۆیان بکەنە ئەو قیبلەیەی لەسەری بوون؟ بڵێ: شوێن خۆر هەڵات و شوێن خۆرئاوابوون هی اللەیە، هیدایەتی کەسێك دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە خۆی بیەوێت.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

جووەکان گوتیان ئەوە چی وایکرد کە محمد و یاوەرەکانی قیبلەیان لە قودس بگۆڕن بۆ کەعبە؟

وە دەڵێت کاتێك محمد صلعم هات بۆ مەدینە، بۆ ماوەی ١٦ مانگ لە کاتی نوێژکردن ڕووی کردە قودس، ئینجا دوو مانگ بەر لە شەڕی بەدر ڕووی خۆی گۆڕی بۆ کەعبە.

وە لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، کە البراء دەڵێت، پێغەمبەر بۆ ماوەی ١٦-١٧ مانگ قودسی کردە قیبلە.

القرطبی لە الجامع البیان دەڵێت:

لەم ئایەتە بەڵگەیەکی ڕوون هەیە کە ناسخ و منسوخ لە قورئان و حوکمەکانی اللەدا هەیە.

# ئایەتی ١٤٣

وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

وە بەم جۆرە ئێوەمان کرد بە میللەتێکی ناوەڕاست بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر خەڵکدا، وە پێغەمبەر بەسەرتاندا ببێت بە شایەت، وە ئەو قیبلەی کە لەسەری بوویت تەنها بۆ ئەوە کردبوومان بە قیبلە بۆ ئەوەی بزانین کە کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەبێت و ئەوانە کێن کە هەڵدەگەڕێنەوە، وە بە دڵنیاییەوە وەرچەرخانێکی مەزن بوو تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە الله هیدایەتی داون، وە بۆ الله نەبووە کە ئیمانتان ون بکات، بە دڵنیاییەوە الله بۆ خەڵك نیان و بە بەزەییە.

واتە:

{وَكَذَٰلِكَ}، وە بەم جۆرە، بە گۆڕینی قیبلە بۆ کەعبە، {جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا}، ئێوەمان کرد بە میللەتێکی ناوەڕاست، {لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ}، بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر خەڵکدا، {وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا}، وە پێغەمبەر بەسەر ئێوەی عەرەب ببێت بە شایەت، {وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ}، وە ئەو قیبلەیەی لەسەری بوویت تەنها بۆ ئەوە هێنامانە ئاراوە بۆ ئەوەی بزانین کە کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەبێت، {مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ}، وە کێن ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە و پاشگەز دەبنەوە، {وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ}، وە بە دڵنیاییەوە ئەوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە الله هیدایەتی داون، {وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ}، وە بە دڵنیاییەوە الله ئیمانتان ون ناکات، واتە نوێژەکانی پێشووتان کاتێك ڕووتان دەکردە قودس، {إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ}، وە بە دڵنیاییەوە الله نیان و بە بەزەییە بۆ خەڵك.

القرطبی لە الجامع البیان دەڵێت:

{جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا}، واته هەروەك چۆن کەعبە ناوەڕاستی زەوییە ئەوە بە هەمان شێوە ئێوەمان کرد بە میللەتێکی ناوەڕاست.

وە القرطبی دەڵێت، {وَسَطًا}، واتە دادپەروەرترین و چاکترین.

{لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ}، واتە ئێوەی موسڵمانان لە یاوەرەکانی محمد بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بە سەر خەڵکی دوورگەی عەرەب، {وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا}، وە پێغەمبەریش بەسەر ئێوەدا ببێت بە شایەت.

وە {وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ}، واتە: وە قودسمان نەکرد بە قیبلە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە بزانین کێ شوێنکەوتەی پێغەمبەر دەبێت، وە کێ هەڵدەگەڕێتەوە، کاتێك قیبلەمان لە کەعبەوە گۆڕی بۆ قودس.

{إِلَّا لِنَعْلَمَ}، واتە تەنها بۆ ئەوەی بزانین.

واتە الله نەیدەزانی، وە ئەم کارەی کرد بۆ ئەوەی بزانێت.

{وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ}، وە هەرچەندە ئەم گۆڕانکاریەی قیبلە کارێکی گەورەیە، تەنها بۆ ئەوانە نەبێت کە الله هیدایەتی داون، {وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ}، وە الله بە دڵنیاییەوە ئیمانی ئەوانە ون ناکات، واتە نوێژەکانیان کاتێك ڕوویان دەکردە قودس.

# ئایەتی ١٤٤

قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

دەبینین کە ڕووت لە ئاسماندا دەگەڕێت، جا سوێند بێت وەردەگێڕین بۆ قیبلەیەك کە ڕازیت دەکات، دەسا ڕووت وەرگێڕە بە ئاراستەی شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام و ئەو شوێنەی لێی بوون، دەسا ڕووتان بە ئاڕاستەی ئەوێ

وەرگێڕن، وە ئەوانەی پەرتوکیان بۆ هاتووە دەزانن کە ڕاستە لە لایەن خوداکەیانەوە، وە الله بێ ئاگا نییە لەوەی دەیکەن.

واتە:

{قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ}، ئەی محمد دەبینین کە ڕووت بە ئاسماندا دەگەڕێت، {فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا}، جا سوێند بێت وەرتدەگێڕین بۆ قیبلەیەك کە ڕازیت دەكات، {فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، دە ڕووت وەرگێڕە بە ئاڕاستەی شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام، {وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ}، وە لەو شوێنەی لێی بوون، {فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ}، جا ئەی موسڵمانان ڕووتان وەرگێڕن بە ئاڕاستەی مسجد الحرام، {وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ}، وە ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، یەهوود و نەسارا، بە دڵنیاییەوە دەزانن کە هەقە لە لایەن خوداکەیانەوە، {وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ}، وە الله بێ ئاگا نییە لەو کارانەی دەیکەن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی: یەکەم شت لە قورئان نەسخ بوو قیبلە بوو، کاتێك پێغەمبەر کۆچی کرد بۆ مەدینە، زۆربەی خەڵکەکەی یەهوودی بوون، الله فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کە ڕوو بکاتە قودس، وە یەهوودیەکان دڵیان خۆش بوو، ئەوەبوو پێغەمبەر زیاتر لە ١٠ مانگ ڕووی کردە قودس.

واتە: محمد وەك تاکتیك قیبلەی لە کەعبەوە گۆڕیوە بۆ قودس، کاتێك کۆچی کردووە بۆ مەدینە، بۆ ئەوەی یەهوودیەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و باوەڕی پێ بێنن، بەڵام کاتێك دوای ١٦ مانگ تەنانەت یەك یەهوودی باوەڕی پێی نەهێنا، ئەوە قیبلەی لە قودس گۆڕیەوە بۆ کەعبە.

ئەوەی سەیرە لەم دەقە، دەبینرێت کە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەو کارەی کردووە کە محمد پێی ڕازی بووە، وەك دەڵێت:

فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا

جا سوێند بێت ئاڕاستەت وەردەگێڕین بۆ قیبلەیەك کە پێی ڕازی دەبیت.

واتە قیبلەی پێشوو محمد پێی ڕازی نەبووە، وە ناکۆك بووە بە بڕیارەکەی الله کاتێك قیبلەی لە کەعبەوە بۆ قودس گۆڕیوە.

پرسیار:

ئەگەر کەعبە قیبلەی ئادەم و ئیبراهیم بووبێت، بۆچی محمد بۆ ماوەی ١٦ مانگ قیبلەی گۆڕی بۆ قودس؟

البغوی لە معالم التنزیل وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:

پێغەمبەر و یاوەرەکانی لە مەککە ڕوویان دەکردە کەعبە، بەڵام کاتێك کۆچیان کرد بۆ مەدینە، الله فەرمانی پێی کرد کە نوێژ بکات بە ئاراستەی قودس بۆ ئەوەی یەهوودیەکان باوەڕی پێ بکەن.

# ئایەتی ١٤٥

وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ مَّا تَبِعُوا قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە سوێند بێت ئەگەر هەموو نیشانەیەك بهێنیت بۆ ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە، ئەوە پیادەی قیبلەکەی تۆ ناکەن، وە تۆ پیادەی قیبلەکەیان ناکەیت، وە هیچ کامێکیان پیادەی قیبلەی ئەوەی تریان ناکات، وە سوێند بێت ئەگەر شوێنکەوتەی هەوەسەکانیان بیت، لە دوای ئەوەی لە زانیاریت بۆ هاتووە، ئەوە بە دڵنیاییەوە تۆ لە ستەمکاران دەبیت.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

{وَلَئِنْ أَتَيْتَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ بِكُلِّ آيَةٍ}، وە سوێند بێت ئەگەر لە هەموو نیشانە و بەڵگەیەك بۆ ئەوانە بهێنیت کە پەرتووکیان بۆ هاتووە، واتە یەهوودی و نەسارا، {مَّا تَبِعُوا قِبْلَتَكَ وَمَا أَنتَ بِتَابِعٍ قِبْلَتَهُمْ}، نە ئەوان پیادەی قیبلەی تۆ دەکەن، وە نە تۆ پیادەی قیبلەی ئەوان دەکەیت، {وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ}، وە هیچ کامێکیان لە یەهوودی و نەسارا پیادەی قیبلەی ئەوەی تریان

ناکەن، {وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ}، وە ئەی محمد سوێند بێت ئەگەر بە دوای هەوەساکانیان بکەویت لە دوای ئەوەی لە زانیاریت بۆ هاتووە، ئەوە بە دڵنیاییەوە تۆ لە ستەمکاران دەبیت.

ئەو بڕگەیەی شوێنی گاڵتەجاریە ئەو بڕگەیە کە دەڵێت:

{وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ}

وە نە یەهوودیەکان پیادەی قیبلەی مەسیحیەکان دەکەن، وە نە مەسیحیەکان پیادەی قیبلەی یەهوودیەکان دەکەن.

وەك الطبری لە جامع البیان، لە شرۆڤەی ئەم بڕگەیە دەڵێت، واتە:نە یەهوودەیەکان پیادەی قیبلەی نەساراکان دەکەن، وە نەساراکان پیادەی قیبلەی یەهوودیەکان دەکەن.

ئەم بڕگەیە پێمان دەڵێت کە نووسەری قورئان نەزان بووە. بۆچی؟

چونکە مەسیحیەکان قیبلەیان نییە، وە ئەگەر گریمان قیبلەیان هەبێت، ئەوە قیبلەکەیان قودسە. واتە قیبلەی یەهوودی و مەسیحیەکان هەمان قیبلەیە.

# ئایەتی ١٤٦-١٤٧

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ

الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ

دەڵێت:

ئەوانەی پەرتووکمان پێیان داوە دەیناسن، وەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن، وە دەستەیەکیان بە دڵنیاییەوە ڕاستیەکە دەشارنەوە، وە خۆیان دەزانن.

ڕاستیەکە لە لایەن خوداکەتەوەیە، جا نەکەیت لە ڕاڕاکان بیت.

واتە:

یەهوودی و نەساراکان، {يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءَهُمْ}، دەیناسن، وەك چۆن منداڵەکانیان دەناسن.

الطبری لە جامع البیان، لە شرۆڤەی ئەم برگەیە دەڵێت واتە:

پیاوانی ئاینی و زانایانی نەسارا دەزانن کە کەعبە قیبلەیانە و قیبلەی ئیبراهیم و پێغەمبەران بووە.

وە دەڵێت قتادة و ابن الربیع و ابن عباس و ابن جریج و السدی و ابن زید گوتوویانە، واتە کەعبە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَإِنَّ فَرِيقًا مِنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ

وە لە ڕاستیدا دەستەیەك لە یەهوودی و نەساراکان ڕاستیەکە دەشارنەوە.

الطبری دەڵێت، واتە ئەو ڕاستیە دەزانن کە کەعبە قیبلەیە، بەڵام دەیشارنەوە.

بەڵام مجاهد و قتادة گوتوویانە، واتە محمد، کە لە پەرتووکەکەیاندا هاتووە، دەیشارنەوە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَهُمْ يَعْلَمُونَ، الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ

وە دەزانن کە ڕاستیە لە لایەن خوداکەتەوە، جا ئەی محمد، نەکەیت لە ڕاڕاکان بیت.

الطبری لە شرۆڤەی ئەم دەقە دەڵێت:

ئەی محمد، ئەم قیبلەیەی کە ڕووی تۆمان بۆی وەرگێڕا، کەعبە، قیبلەی ئیبراهیم و پێغەمبەران بووە، وە ڕاستیە لە لایەن خوداکەتەوە، جا نەکەیت لەوانە بیت کە شکوگومان دەکەن.

## ئایەتی ١٤٨

وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ أَيْنَ مَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

وە بۆ هەر یەکێك ئاڕاستەیەك هەیە کە ڕووی لێ دەکات، جا پێشبڕکێ بکەن لەسەر چاکەکان لەهەر کوێیەك بن، الله هەمووتان دەهێنێت، لە ڕاستیدا الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَلِكُلٍّ}، واتە: {وَلِكُلِّ أَهْلِ مِلَّةٍ}، بەڵام {أَهْلَ الْمِلَّةِ}، واتە: (خەڵکی ئاینێك) سڕاوەتەوە لە ئایەتەکە.

کەواتە {وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا}، واتە: بۆ خەڵکی هەر ئاینێك ئاڕاستەیەك هەیە کە ڕووی لێ دەکات.

واتە: هەر ئاینێك قیبلەیەکی هەیە کە ڕووی لێ دەکات.

الطبری دەڵێت، هەندێك ئەم بڕگەیەیان {وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا}، دەخوێندەوە: {وَلِكُلٍّ جَعْلِنَا قِبْلَةً يَرْضَوْنَهَا}، واتە: وە بۆ هەر یەکێك قیبلەیەکمان داناوە کە پێی ڕازیە.

وە الطبری، سەبارەت بە {أَيْنَمَا تَكُونُوا يَأْتِ بِكُمُ اللَّهُ جَمِيعًا - لە هەر کوێیەك بن الله هەمووتان دەهێنێت}، دەڵێت، واتە الله هەمووتان دەهێنێت و کۆدەکاتەوە لە قیامەت.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابْنُ عَبَّاسٍ وَابْنُ عَامِرٍ، لە جیاتی {مُوَلِّيهَا}، دەیانخوێندەوە: {مُوَلَّاهَا}.

# ئایەتی ١٤٩

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ

دەڵێت:

وه له هەر كوێیەك دەركەوتیت، ئەوە ڕووت ئاڕاستەی شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام بكە، وە بە دڵنیاییەوە ڕاستیە لە لایەن خوداكەتەوە، وە الله بێئاگا نیە لەوەی دەیكەن.

{الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، واتە شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام، واتە كەعبە.

ئەم بڕگەیە: {فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، ٣ جار لەم سوورەتە دووبارە بۆتەوە: ئایەتی ١٤٤ و ١٤٩ و ١٥٠

الطبرى لە جامع البيان دەڵێت: {وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ}، ئەوە بۆ هەر كوێیەك دەرچوویت لە زەویدا، ئەوە {فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، ڕوو بكە كەعبە بۆ نوێژكردن

لەم بڕگەیەدا: {وَإِنَّهُ لَلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ}، وشەی {لَلْحَقُّ}، هەڵە نووسراوە و پیتی {ل} دووەم زیادەیە، دەبێت بنووسرێت:

لَحَقٌّ، واتە بە دڵنیاییەوە هەق و ڕاستیە.

واتە: كەعبە بە هەق و ڕاستیەوە قیبلەیە.

# ئایەتی ١٥٠

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ

دەڵێت:

وه له هەر كوێیەك دەركەوتیت، ئەوە ڕووت ئاڕاستەی شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام بكە، وە لە هەر كوێیەك بوون، ئەوە ڕووتان بە ئاڕاستەی ئەوێ بكەن، بۆ ئەوەی خەڵك هیچ پاساوێكیان بەسەرتاندا نەبێت، مەگەر ئەوانە نەبێت كە ستەمیان لە خۆیان كردووە، جا لەوان مەترسن، بەڵكو لە من بترسن، وە بۆ ئەوەی چاكەكەم بەسەرتاندا تەواو بكەم، وە بۆ ئەوەی هیدایەت بدرێن.

تێبینی:

ئەم بڕگەیە: {وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، دووبارەی بەشێکی ئایەتی ١٤٩یە.

ئەم بڕگەیە: {وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ}، دووبارەی بەشێکی ئایەتی ١٤٤ ئەم سوورەتەیە.

ئەم دوو بڕگەیە دەڵێن: ئەگەر لە دەرەوە بیت، وە لە هەر کوێیەکی زەویدا بیت، ئەوە ڕووت بکە کەعبە لە کاتی نوێژکردندا، وە ئەگەر لە شوێنی خۆتان بوون (ماڵ یان مزگەوت)، ئەوە ڕووتان ئاڕاستەی کەعبە بکەن لە کاتی نوێژکردن.

ئەم هەموو دووبارەیە زۆر بێ مانایە، چونکە دەیتوانی بیکات بە یەك بڕگە و بڵێت:

وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتم وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ

واتە: وە لە هەر کوێیەك دەرکەوتن و لە شوێنی خۆتان بوون، ئەوە ڕووتان بە ئاڕاستەی کەعبە بکەن.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ حُجَّةٌ إِلاَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنْهُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي وَلأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ

بۆ ئەوەی خەڵك بیانوویان بەسەرتانەوە نەبێت، مەگەر ئەوانە نەبێت کە ستەمیان لە خۆیان کردووە، واتە موشریك و کافرن، جا نەکەن لەوانە بترسن، بەڵکو لە من بترسن، وە بۆ ئەوەی نیعمەت و چاکەکەم بەسەرتاندا تەواو بکەم، وە بۆ ئەوەی هیدایەت بدرێن.

واتە: ئەگەر بەردەوام لە نوێژەکانتاندا ڕووتان نەکەن بە ئاڕاستەی کەعبە، ئەوە خەڵکە کافر و موشریکەکە بیانووتان پێ دەگرن.

واتە: لەبەر خەڵك.

## ئایەتی ١٥١

كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

هەروەك پێغەمبەرێكمان لە ئێوە بۆتان ناردن، ئایەتەكانی ئێمەتان بۆ دەخوێنێتەوە و پاكتان دەكاتەوە و فێرە نووسین و ژیرمەندیتان دەكات، وە ئەوەتان فێردەكات كە نەتاندەزانی.

واتە:

{كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ}، هەروەك پێغەمبەرێكمان لە ئێوە بۆتان نارد، واتە ئەی عەرەب هەروەك چۆن محمد، كە لە خۆتانە و عەرەبە بۆ ئێوە نارد، {يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا}، ئایەتەكانی ئێمەتان بۆ دەخوێنێتەوە، واتە قورئان، {وَيُزَكِّيكُمْ}، وە پاكتان دەكاتەوە، واتە لە شرك و بتپەرستی، {وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ}، وە فێری نووسین و ژیرمەندیتان دەكات، {وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ}، وە فێری شتانێكتان دەكات كە پێشوو نەتاندەزانی.

{الْكِتَابَ}، بە مانای پەرتووك و نووسین دێت.

بەڵام لەم ئایەتە بە مانای نووسین دێت، چونكە وا هاتووە كە دەڵێت:

(يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا)، واتە: ئایەتەكانی قورئانتان بۆ دەخوێنێتەوە.

ئینجا دواتر دەڵێت:

(وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ)، وە فێرە نووسینتان دەكات.

ناكرێت {الكتاب}، بە مانای قورئان بێت، چونكە پێشووتر گوتوویەتی كە ئایەتەكانی قورئانتان بۆ دەخوێنێتەوە.

وە هەروەها لە كاتی دابەزینی ئەم دەقەی قورئان، وەك پەرتووكێكی نووسراو بوونی نەبووە.

واتە: محمد خوێنەوار بووە.

## ئایەتی ١٥٢

فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلَا تَكْفُرُونِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

جا منتان له یاد بێت منیش ئێوەم له یاد دەبێت، وە سوپاسم بکەن، وە کوفر مەکەن.

واتە:

هەروەك چۆن پێغەمبەرێکم له ئێوه بۆتان نارد، ئەوە منتان له یادبێت. وە منیش ئێوەم له یاد دەبێت، وە سوپاسم بکەن و کوفر مەکەن.

له صحیح البخاری و صحیح مسلم فەرمودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی، الله دەڵێت:

فَإِن ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ، ذَكَرْتُهُ فِي نَفسِي

ئەگەر بەندەکەم له ناخی خۆیدا منی له یاد بێت، ئەوە منیش له ناخمدا بەندەکەم له یاد دەبێت.

واتە: الله {نفس} ناخی هەیە.

# ئایەتی ١٥٣

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پەنا بەرنە بەر خۆڕاگری و نوێژکردن، له ڕاستیدا الله لەگەڵ خۆڕاگرانە.

ئەم بڕگەیە: {اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ}، دووبارەی ئایەتی ٤٥ ئەم سوورەتەیە.

# ئایەتی ١٥٤

وَلَا تَقُولُوا لِمَن يُقْتَلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتٌ بَلْ أَحْيَاءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وە بەوانەی کە له پێناوی ڕێبازی الله دەکوژرێن مەڵێن مردووەکان، بەڵکو زیندووەکان، بەڵام ئێوە هەست ناکەن.

واتە:

ئەوانەی ئیماندارن و لە پێناو ڕێبازی الله، لە جیهاد و غەزوو دەکوژرێن مردوو نین، بەڵکو زیندوون، بەڵام ئێوە هەستیان پێ ناکەن کە زیندوون و نایانبینن.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەم دەقە دادەبەزێنێت بۆ ئەوەی ئامادەیان بکات بۆ جیهاد و کوشتن، بەر لەوەی لە جیهاد و کوشتاریان بەسەردا بسەپێنێت و فەرز بکات.

وە لە ئایەتی ١٦٩ سوورەتی ال عمران، دەقێکی هاوشێوە هاتووە کە دەڵێت:

وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ

وە پێتان وانەبێت کە ئەوانەی لە پێناوی ڕێبازی الله کوژران مردوون، بەڵکو زیندوون و لای خوداکەیان ڕزقیان پێ دەدرێت.

وە لە صحیح مسلم، فەرمودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ أَرْوَاحَ الشُّهَدَاءِ فِي حَوَاصِلِ طَيْرٍ خُضْرٍ تَسْرَحُ فِي الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ ثُمَّ تَأْوِي إِلَى قَنَادِيلَ مُعَلَّقَةٍ تَحْتَ الْعَرْشِ ، فَاطَّلَعَ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ اطِّلَاعَةً ، فَقَالَ : مَاذَا تَبْغُونَ؟ فَقَالُوا : يَا رَبَّنَا ، وَأَيُّ شَيْءٍ نَبْغِي ، وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَمْ تُعْطِ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ؟ ثُمَّ عَادَ إِلَيْهِمْ بِمِثْلِ هَذَا ، فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَا يُتْرَكُونَ مِنْ أَنْ يَسْأَلُوا ، قَالُوا : نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّنَا إِلَى الدَّارِ الدُّنْيَا ، فَنُقَاتِلَ فِي سَبِيلِكَ ، حَتَّى نُقْتَلَ فِيكَ مَرَّةً أُخْرَى ; لِمَا يَرَوْنَ مِنْ ثَوَابِ الشَّهَادَةِ فَيَقُولُ الرَّبُّ جَلَّ جَلَالُهُ : إِنِّي كَتَبْتُ أَنَّهُمْ إِلَيْهَا لَا يَرْجِعُونَ.

ڕۆحی شەهیدەکان لە چیکڵدانەکانی باڵندەی سەوزدایە کە لە بەهەشت بۆ هەر کوێیەك بیەوێت دێت و دەچێت، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەی هەڵبەسێراو لە ژێر عەرش، جا خوداکەیان سەیرێکیان دەکات و دەڵێت: چیاتان دەوێت؟ دەڵێن: ئەی خوداکەمان، وە چ شتێکمان بووێت، هەموو شتێکت پێمان داوە کە بە هیچ کەسێکت نەداوە؟ ئینجا الله هەمان شتیان لێ دووبارە دەکاتەوە، جا کاتێك دەبینن کە الله وازیان لێ ناهێنێت لە پرسیارکردن، دەڵێن: دەمانەوێت ڕۆحمان بگێڕیتەوە بۆ لاشەمان و بمانگێڕیتەوە بۆ دونیا و لە پێناو تۆدا بجەنگین، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بکوژرێین، وادەڵێن چونکە پاداشتی شەهید بوونیان بینیوە، الله پێیان دەڵێت: لە ڕاستیدا نووسیومە کە ئێوە ناگەڕێنەوە دونیا.

# ئایەتی ١٥٥

وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ

دەڵێت:

وە سوێند بێت بە شتێك لە ترس و برسێتی و کەمبوونەوە لە سامان و خودەکان و بەروبوومەکان تاقیتان دەکەینەوە، وە مژدە بدە بە خۆڕاگرەکان.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە موسڵمانان دەڵێت:

{وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ}، وە سوێند بێت تاقیتان دەکەینەوە بە شتێك، {مِّنَ الْخَوْفِ}، لە ترس، {وَالْجُوعِ}، وە برسیەتی، {وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ}، وە کەمبوونەوە لە سامانتان، {وَالْأَنفُسِ}، وە لە دەستدانی کەسەکان، واتە کوژرانتان و مردنتان، {وَالثَّمَرَاتِ}، کەمبوونەوەی بەروبوومەکان، {وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ}، وە مژدەی ئەو هەواڵە بدە بە خۆڕاگرەکان.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت، ابن عباس سەبارەت بە {الْأَنفُسِ}، گوتوویەتی، واتە بە کوژران و مردن لە کاتی جیهاد.

لەم ئایەتەشدا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، موسڵمانان ئامادە دەکات بۆ جیهاد و کوشتار.

# ئایەتی ١٥٦

الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی کاتێك کارەساتێکیان تووش دەبێت، دەڵێن: ئێمە هی اللهین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە.

واتە:

{وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ}، مژده بده بە خۆڕاگرەکان، {الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ}، ئەوانەی کاتێك کارەساتێك تووشیان دەبێت، {قَالُواْ}، دەڵێن، {إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ}، لە ڕاستیدا ئێمە هی اللەین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە.

# ئایەتی ١٥٧

أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ

دەڵێت:

ئەوانەن کە سەڵەوات و بەزەییان لە خوداکەیانەوە بۆ سەر دێت، وە ئەوانەن کە هیدایەت کراون.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ}، دەڵێت، واتە اللە پیاندا هەڵدەدات و مەدحیان دەکات.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، دەڵێت واتە:

لێبووردەیی و ڕەحمەت و بەرەکەت و ڕێزی اللەی بەسەردا دێت لە دونیا و قیامەت. وە الزجاج گوتوویەتی: {الصلاة- نوێژ} لە اللەوە، واتە لێبووردەیی و پیاهەڵدان.

بەڵام لە ڕاستیدا {صلاة}، بە تاك و {صلوات}، بە کۆ، بەمانای نوێژ و نیزا دێت.

# ئایەتی ١٥٨

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

سەفا و مەروە لە سیمبوڵەکانی اللەن، جا هەر کەسێك حەج یان عەمرەی بۆ ماڵەکە کرد، ئەوە گوناهی ناگات ئەگەر هاتوچۆیان بکات، وە ئەوەی خۆویستانە دەیکات، ئەوە اللە سوپاسگوزار و ئاگادارە.

واتە:

{إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللَّهِ}، سەفا و مەروە لە سیمبوڵەکانی اللەن، {فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ}، جا هەر کەسێك حەج یان عەمرەی بۆ ماڵەکە، واتە کەعبە، کرد، {فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا}، ئەوە گوناهی ناگات ئەگەر لە نێوان سەفا و مەروە بێت و بچێت، {وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا}، وە ئەوەی خۆویستانە لە نێوانیان بێت و بچێت، {فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ}، ئەوە الله سوپاسگوزارە و پێی دەزانێت.

حەج و عومرە داب و نەریتێکی بتپەرستیە و لە سەردەمی جاهیلی بوونی هەبووە، محمد وەك خۆی دەیهێنێت و دەیکات بە تقوساتی ئیسلام.

شیخ خلیل عبدالکریم، لە الجذور التأریخیه للشریعة الاسلامیة، (ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی شەریعەتی ئیسلامی)، دەڵێت:

عەرەب لە پێش ئیسلامدا حەجیان دەکرد بۆ کەعبە- مەککە، لە مانگی ذی الحجة هەموو ساڵێك. وە هەمان داب و نەریتی حەجیان دەکرد کە ئێستا موسڵمانان دەیکەن، وەك تەلبیە (بە لابردنی ئەو بڕگانەی کە شرکی تێدایە)، ئیحرام (جلی تایبەت بە حەج)، بازاری کڕینی ئاژەڵ بۆ قوربانی، وەستان لە عەرەفات، و موزدەلیفە و ڕۆیشتن بۆ مینا و شەیتان ڕەجمکردن و سەربڕینی قوربانی و حەوت جار خولانەوە بە دەورەی کەعبە و ماچکردنی بەردە ڕەشەکە و هاتوچۆ لە نێوان سەفا و مەروە. وەك ئیسلام بە ڕۆژی هەشتەمی مانگی ذی الحجةیان دەگوت ڕۆژی ترویة. وە ڕۆژی نۆیەم لە عەرەفات دەوەستان، وە ڕۆژی دەیەم ڕۆژی مینا و ڕەجمکردنی شەیتان (رمی الجمار) بوو، وە هەروەها وەك ئیسلام پێیان دەگوت ڕۆژی التشریق، وە هەروەها هەموو کاتێك بۆیان هەبوو کە عەمرە بکەن.

لە صحیح البخاری هاتووە، کە انس بن مالك، سەبارەت بە سەفا و مەروە گوتوویەتی:

ئێمە سەفا و مەروەمان وەك دوو داب و نەریتی سەردەمی جاهیلی دەبینی، جا کاتێك ئیسلام هات، ئەوە دەستبەرداریان بوون، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند و گوتی: سەفا و مەروە لە سیمبوڵەکانی اللەن، جا هەر کەسێك حەج،

یان عەمرە بکات بۆ ماڵەکە، ئەوە گوناهی ناگات ئەگەر هاتوچۆ لە نێوانیاندا بکات.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، کە دەڵێت، هەندێك کەس سڵیان دەکردەوە لە نێوان سەفا و مەروە هاتوچۆ بکەن، چونکە لە داب و نەریتی جاهیلی بوو، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند

إِنَّا كُنَّا نَتَحَرَّجُ أَنْ نَطَّوَّفَ بِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ . فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ : ( إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ ) إِلَى قَوْلِهِ : ( فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا )

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

هەندێك لە عەرەب لە نێوان سەفا و مەروە هاتوچۆیان نەدەکرد و دەیانگوت هاتوچۆ لە نێوان ئەم دوو بەردە لە کارەکانی جاهیلیەتە، وە هەندێك لە خەڵکی مەدینە دەیانگوت: فەرمانمان پێکراوە بە خولانەوە بە دەوری کەعبە، بەڵام فەرمانمان پێ نەکراوە بە هاتوچۆ لە نێوان سەفا و مەروە، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان دەڵێن:

وە ابن عباس گوتوویەتی:

لە سەردەمی جاهیلی شەیتانەکان بە درێژایی شەو دەیانژەنی لە نێوان سەفا و مەروە، وە لە نێوانیاندا بت هەبوو، کاتێك ئیسلام سەرکەوت، موسڵمانان گوتیان: ئەی پێغەمبەری الله ئێمە لە نێوان سەفا و مەروە هاتوچۆ ناکەین چونکە شرکە، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە الشعبی گوتوویەتی:

لەسەردەمی جاهیلی لەسەر سەفا بتێك هەبوو ناوی ئیساف بوو، وە لەسەر مەروە بتێك هەبوو ناوی نائیلە بوو، خەڵك لە نێوانیان دەهات و دەچوو و دەستی پێیان دەسڕیەوە، لەبەر ئەوە موسڵمانان خۆیان بە دوور گرت لە هاتوچۆ لە نێوانیاندا، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە القرطبی دەڵێت، ابن عباس و ابن مسعود و أبي دەیانخوێندەوە: {فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَلَّا يَطَّوَّفَ بِهِمَا}، جا هیچ گوناهێکی لەسەر نییە ئەگەر لە نێوانیان هاتوچۆ نەکەیت.

وە الطبری لە جامع البیان، هەستی کردووە بە ناکۆکی ئەم دەقە، چونکە دەڵێت:

ئەگەر سەفا و مەروا لە سیمبوڵەکانی الله بن، کەواتە چۆن دەکرێت ئایەتەکە بڵیت. گوناحتان ناگات لە نێوانیان بێن و بچن؟

واتە ئایەتەکە دەبوایە بڵیت: دەبێت لە نێوانییان بێن و بچن.

بە مانایەکی تر: ئەم ئایەتە دەڵێت: {سەفا و مەروە لە سیمبوڵەکانی اللهن} کەواتە دەبێت هاتوچۆ لە نێوانیان کارێکی چاك و باش بێت، بەڵام دواتر ئایەتەکە دەڵێت {هیچ گوناهێکت ناگات ئەگەر لە نێوانیان هاتوچۆ بکەیت}.

بۆ محمد، یان نووسەری قورئان ئەم دەقەی بەم شێوەیە دارِشتووە؟

لە ڕاستیدا نووسەری قورئان بە شێوەیەکی تاکتیکی ئەم دەقەی دارِشتووە، بۆ ئەوەی دڵی هەردووك جۆر لە خەڵکەکە ڕازی بکات، چ ئەوانەی کە دژ بە هاتوچۆ بوون لە نێوان سەفا و مەروە، چونکە زانیویانە داب و نەریتێکی جاهیلیە و بت پەرستییە، وە هەم ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەستی پێوە بگرن و لە نێوانیاندا هاتوچۆ بکەن. وەك القرطبی و الطبری دەڵێن:

ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە هاتوچۆی نێوان سەفا و مەروە، لە نێوان دوو دەستە لە خەڵك، هەندێکیان دەستیان پێوە گرتبوو، وە هەندێکیان سڵیان دەکردەوە کە لە نێوانیان هاتوچۆ بکەن، چونکە دەیانگوت ئەوە لە داب و نەریتی سەردەمی جاهیلیە.

وە لە صحیح البخاری هاتووە، کە زید بن الحارثة گوتوویەتی، لە سەردەمی جاهیلی من و پێغەمبەر لە نێوان سەفا و مەروە هاتوچۆمان دەکرد و بە دەورەی ئیساف و نائیلە دەسووڕاینەوە.

وە ابن کثیر لە البدایة و النهایة دەڵێت، لە ڕیوایەتێك هاتووە کە زید بن الحارثة گوتوویەتی:

كَانَ صَنَمٌ مِنْ نُحَاسٍ يُقَالَ لَهُ : إِسَافٌ أَوْ نَائِلَةُ يَتَمَسَّحُ بِهِ الْمُشْرِكُونَ إِذَا طَافُوا فَطَافَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، وَطَفْتُ مَعَهُ

بتێك لە مس هەبوو بە ناوی ئیساف و نائیلە كە موشریكەكان خۆیان پێ دەسڕیەوە، كاتێك هاتوچۆیان لە نێوانیاندا دەكرد، پێغەمبەر لە نێوانیاندا هاتوچۆی كرد، وە من لەگەڵیدا هاتوچۆم كرد.

ئینجا كۆتایی ئەم ئایەتە دەڵێت:

وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ

وە هەر كەسێك خۆویستانە لە نێوانیاندا هاتوچۆ بكات، واتە لە نێوان سەفا و مەروە، ئەوە الله سوپاسی دەكات و بەم كارەی ئاگادار دەبێت.

واتە: بەڵام ئەگەر هاتوچۆت لە نێوانیاندا نەكرد، ئەوە الله سوپاست ناكات.

هەموو ئەو بەڵگانە، وە مەتنی ئایەتەكە پێمان دەڵێت كە سەفا و مەروە لە داب و نەریتی بتپەرستین و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام.

# ئایەتی ١٥٩

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَـٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی كە لەو بەڵگە و هیدایەتانەی كە دامانبەزاندووە، لە دوای ئەوەی بۆ خەڵك لە پەرتووكەكە ڕوونمان كردۆتەوە، دەشارنەوە، ئەوانە الله نەفرەتیان لێ دەكات، وە نەفرەتكەران نەفرەتیان لێ دەكەن.

واتە:

{إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَىٰ}، ئەوانەی كە لەو بەڵگانە و هیدایەت كە دامان بەزاندووە دەشارنەوە، {مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ}، لە دوای ئەوەی بۆ خەڵك ڕوونمان كردۆتەوە لە پەرتووكەكە {أُولَـٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ}، ئەوانە الله نەفرەتیان لێ دەكات، وە نەفرەتكەران نەفرەتیان لێ دەكەن.

چەند تێبینیەك:

یەکەم: ئەو کەسانە کێن؟

دووەم: کامە بەڵگە و هیدایەت؟

سێهەم: کامە پەرتووك؟

هەر شرۆڤەکەرێك هاتووە بە کەیفی خۆی شرۆڤەیەکی بۆی داناوە، وەك ئەوەی شرۆڤەکەرەکان لە دەستە ڕاستی خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بووبن کاتێك ئەم ئایەتەی دەربڕیوە.

بۆچی نووسەری قورئان بە ڕۆشنی ئاماژەی بەو کەسانە و پەرتووکە نەکردووە؟

بەڵام بە حوکمی ئەوەی قورئان پەرتووکێکی ئەنتی یەهوودیە، شرۆڤەکەران بە دڵنیاییەوە گوتوویانە:

ئەو کەسانە یەهوودەکانن، وە بەڵگە و هیدایەت، واتە محمدە، وە پەرتوکەکە واتە تەورات. واتە: یەهوودیەکان، کە ناوی محمد لە تەورات هاتووە شاردوویەتیانەوە و ئاشکرای ناکەن.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت: { إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ} واتە: پیاوانی ئاینی یەهوودی و زانایانی نەسارا، ناوی محمد کە لە تەورات و ئینجیل هاتووە لە خەڵکیان شاردۆتەوە.

پرسیار: ئایا {الْبَيِّنَاتِ- چەندەها بەڵگە}، چۆن دەکرێت محمد بێت؟ بۆ محمد بریتییە لە چەندەها بەڵگە یان لە بەڵگەیەك؟

وە الطبری دەڵێت: {الْهُدَىٰ}، واتە ڕێبازی ڕاستەقینە کە لە تەورات و ئینجیل هاتووە، بەڵام شاردوویەتیانەوە.

وە {وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ}، واتە فریشتەکان و خەڵکی ئیماندار نەفرەتیان لێ دەکەن.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێن، ڕیوایەتێك لە سنن ابن ماجة هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ الْكَافِرَ يُضْرَبُ ضَرْبَةً بَيْنَ عَيْنَيْهِ ، فَيَسْمَعُ كُلُّ دَابَّةٍ غَيْرَ الثَّقَلَيْنِ ، فَتَلْعَنُهُ كُلُّ دَابَّةٍ سَمِعَتْ صَوْتَهُ ، فَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ تَعَالَى : ( أُولَئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ ) يَعْنِي : دَوَابُّ الْأَرْضِ

کاتێك کافر دەمرێت لێدانێك لە نێوان چاوەکانی دەدرێت، وە هەرچی ئاژەڵ هەیە گوێی لێ دەبێت تەنها مرۆڤ و جنۆکە نەبێت، جا هەرچی ئاژەڵ هەیە نەفرەتی لێ دەکات، ئەوە مانای ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت، {ئەوانە الله نەفرەتیان لێ دەکات، وە نەفرەتکەران نەفرەتیان لێ دەکەن}، واتە ئاژەڵانی زەوی.

# ئایەتی ١٦٠

إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا وَأَصْلَحُوا وَبَيَّنُوا فَأُولَـٰئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ

دەڵێت:

تەنها ئەوانە نەبێت کە تۆبەیان کردووە و ئاکاریان چاك کردووە و دەریانخستووە، ئەوانەن کە لێیان دەبوورم، وە هەر خۆم تۆبەوەرگرە میهرەبانەکەم.

واتە: تەنها ئەوانە الله نەفرەتیان لێ ناکات و نەفرەتکەران نەفرەتیان لێ ناکەن کە تۆبەیان کردووە و خۆیان چاك کردووە و ئەوەی شاردبوویانە دەریانخستووە.

# ئایەتی ١٦١

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَـٰئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ

دەڵێت:

ئەوانەی کوفریان کردووە، وە کە مردن کافر بوون، ئەوانە نەفرەتی الله و فریشتەکان و گشت خەڵکیان بەسەرەوەیە.

ئەم دەقە ڕاست نییە. چونکە دەڵێت ئەوەی بە کافری دەمرێت دەکەوێتە بەر نەفرەتی هەموو خەڵك.

ئەگەر بیگوتبایە دەکەوێتە بەر نەفرەتی ئیمانداران کێشەیەك نەبوو، بەڵام هەموو خەڵك ڕاست نییە. ئایا ئەوەی بە کافری دەمرێت دەکەوێتە بەر نەفرەتی

ئەتەیست و هیندۆس و بووذیەکان و یەهوودیەکان و مەسیحیەکان و زەردەشتیەکان و ئێزیدیەکان و هتد؟ نەخێر.

کەواتە ئەم دەقە هەڵەیە.

# ئایەتی ١٦٢

خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ

دەڵێت:

هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، وە سزایان لەسەر سووك ناکرێت، وە فەرامۆش دەکرێن.

تێبینی:

ئەم ئایەتە زۆر سەیرە، ئایەتی پێشووتر ئاماژە بە نەفرەت کردن دەکات، ئینجا یەکسەر دێت و دەڵێت:

خَالِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ

تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، وە سزاکەیان لەسەر سووك ناکرێت، وە بێ ئەوەی ئاماژە بە دۆزەخ بکات.

# ئایەتی ١٦٣

وَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ لَّا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَـٰنُ الرَّحِيمُ

دەڵێت:

وە خوداکەتان یەك خودایە، هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو الرحمان الرحیم نەبێت.

# ئایەتی ١٦٤

إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا

وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ

دەڵێت:

لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی شەو و ڕۆژ، وە کەشتی کە لە دەریادا دەڕوات بەوەی کە سوود بە خەڵك دەگەیەنن، وە ئەوەی کە الله لە ئاسمان دایبەزاندووە لە ئاو کە زەوی پێیەوە زیندوو دەکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردبوو، وە لە هەموو ئاژەڵێکی تیادا بڵاوکردۆتەوە، وە هەڵسوکەوتکردن بە بایەکان، وە هەور کە ڕامهێنراوە لە نێوان ئاسمان و زەوی، بە دڵنیاییەوە چەندەها بەڵگەن بۆ خەڵکانێك بیردەکەنەوە.

ئەم ئایەتە لە چیشتی مجێور دەچێت.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت، ئەوانە چەندەها ئایەتن بۆ خەڵکانێك کە بیردەکەنەوە:

یەکەم: { فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ}، واتە: لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی.

دووەم: {وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ}، واتە: وە جیاوازی شەو و ڕۆژ.

سێهەم: {وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ}، واتە: وە کەشتی کە لە دەریادا دەڕوات بۆ ئەوەی سوود بە خەڵك بگەیەنێت.

چوارەم: {وَمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّمَاءِ مِن مَّاءٍ فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا}، وە لەو ئاوەی کە لە ئاسمان دایبەزاندووە کە زەوی بە هۆیەوە زیندوو کردۆتەوە لە دوای ئەوەی مردوو بوو.

پێنجەم: {وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَابَّةٍ}، واتە: وە هەموو ئاژەڵێکی لە زەویدا بڵاوکردۆتەوە.

شەشەم: {وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ}، واتە: وە هەڵسوکەوتکردن بە بایەکان.

حەوتەم: {وَالسَّحَابِ الْمُسَخَّرِ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ}، واتە: وە ئەو هەورەی ڕامهاتووە لە نیوان ئاسمان و زەوی.

ئەوانە لەو نیشانە و بەڵگانەن کە خوداوەندی عەرەب و ئیسلام خودایەکی ڕاستەقینەیە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و السیوطی لە الدر المنثور دەڵێن، کعب گوتوویەتی:

السَّحَابُ غِرْبَالُ الْمَطَرِ ، لَوْلَا السَّحَابُ حِينَ يَنْزِلُ الْمَاءُ مِنَ السَّمَاءِ لَأَفْسَدَ مَا يَقَعُ عَلَيْهِ مِنَ الْأَرْضِ

هەورەکان بێژینگی بارانن، ئەگەر هەور نەبێت ئەوە کاتێك باران دەبارێت بە دڵنیاییەوە هەموو شتێك وێران دەکات.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

يَخْلُقُ اللَّهُ تَعَالَى الْمَاءَ فِي السَّمَاءِ ثُمَّ يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى السَّحَابِ ثُمَّ مِنَ السَّحَابِ يَنْزِلُ إِلَى الْأَرْضِ

الله ئاو لە ئاسمان دروست دەکات، ئینجا دایدەبەزێنێت بۆ هەور، ئینجا لە هەورەوە دایدەبەزێنێت بۆ زەوی.

السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، لە فەرموودەیەکدا هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

يُنْشِئُ اللَّهُ السَّحَابَ، فَيَنْطِقُ أَحْسَنَ الْمَنْطِقِ، وَيَضْحَكُ أَحْسَنَ الضَّحِكِ

الله هەور دروست دەکات، جا بە چاکترین شێوە قسە دەکات، وە بە جوانترین شێوە پێ دەکەنێت.

## ئایەتی ١٦٥

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ

دەڵێت:

وە خەڵك هەیە کە جگە لە الله، بتەکان بە خۆیەوە دەگرێت، وە وەك الله خۆشیانی دەوێت، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە زۆرترین خۆشەویستیان بۆ اللهیە، وە ئەگەر ئەوانە ببینیت کە ستەمیان کردووە کە سزاکە دەبینن، لە ڕاستیدا هەموو هێزێك بۆ اللهیە، وە سزای الله دژوارە.

واتە:

{وَمِنَ النَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ اللَّهِ أَندَادًا}، وە لە خەڵك هەیە کە جگە لە الله بتەکان بەخۆیانەوە دەگرن و دەیانپەرستن، {يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ}، بتەکانیان خۆش دەوێت، وەك خۆشەویستیان بۆ الله، {وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ}، وە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە زۆرترین خۆشەویستیان بۆ اللهیە، {وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ}، ئەی محمد، وە ئەگەر ئەوانە ببینیت کە ستەمیان کردووە کە کاتێ سزاکەی دۆزەخ دەبینن، {أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا}، لە ڕاستیدا گشت هێزێك بۆ اللهیە، {وَأَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعَذَابِ}، وە لە ڕاستیدا سزای الله دژوارە.

البغوی لە معالم التنزیل و القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: { أَندَادًا}، واتە: بتەکان کە دەیانپەرستن.

وە القرطبی سەبارەت بە {وَلَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا إِذْ يَرَوْنَ الْعَذَابَ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا}، دەڵێت، لەم ئایەتە کێشە و سڕینەوەی وشە هەیە، وە ماناکەی:

لَوْ يَرَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فِي الدُّنْيَا عَذَابَ الْآخِرَةِ لَعَلِمُوا حِينَ يَرَوْنَهُ أَنَّ الْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا

واتە:

وە ئەگەر ئەوانەی لە دونیا ستەمیان کردووە سزای ئاخیرەت ببینن، بە دڵنیاییەوە ئەوکاتەی سزاکە دەبینن دەزانن کە هەموو هێزێك بۆ اللهیە.

وە ئەوانەی ستەمیان کردووە، واتە کافر و موشریك بوون و باوەڕیان نەهێناوە.

## ئایەتی ١٦٦

إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوُا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ

دەڵێت:

که ئەوانەی شوێنکەوتەن خۆیان بێبەریی دەکەن لەوانەی شوێنکەوتوون، وە سزاکە دەبینن، وە پەیوەندیەکانیان لە نێواندا پچڕاوە.

{اتُّبِعُوا}، ئەوانەی خەڵك شوێنیان کەوتوون.

{اتَّبَعُوا}، ئەو خەڵکانەن کە شوێن کەسانێکی دیکە کەوتوون.

واتە:

کاتێك سزای دۆزەخ دەبینن، ئەوە ئەو خەڵکانەی کە خەڵکانێك شوێنیان کەوتوون خۆیان بێبەریی دەکەن لەو خەڵکانەی بە شوێنیان کەوتوون.

{وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ}، وە هەموو پەیوەندیەکی نێوان ئەو دووانە دەپچڕێت لە قیامەت. واتە هەر پەیوەندیەك لە نێوانیاندا هەبوو لە دونیا دەپچڕێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت واتە:

ئەو سەرکردانەی کە شرك بە الله دەکەن لە قیامەت کاتێك سزای دۆزەخ دەبینن خۆیان بێبەریی دەکەن لەو خەڵکانەی شوێنیان کەوتوون.

# ئایەتی ١٦٧

وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ

دەڵێت:

وە ئەوانەی شوێنکەوتوو بوون گوتیان ئەگەر ئێمە دەرفەتێکی دیکەمان پێ بدرێت، ئەوە لێیان بێبەریی دەبین هەروەك چۆن ئەوان لە ئێمە بێبەریی بوون، بەم شێوەیە الله کارەکانیان وەك حەسرەت پیشانیان دەدات، وە ئەوانە لە ئاگر دەرچوونیان نییە.

واتە:

{وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا}، وە ئەوانەی شوێنکەوتوو بوون گوتیان، {لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً}، خۆ ئەگەر ئێمە دەرفەتێکمان پێ بدرێت بگەڕێینەوە دونیا، {فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا}، ئەوە ئێمەش لێیان بێبەریی دەبین هەروەك چۆن ئەوانە لە ئێمە بێبەریی

بوون، {كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ}، بەم جۆرە الله کارەکانیان وەك حەسرەت بە سەریانەوە پیشانیان دەدات {وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ}، وە ئەوانە لە ئاگر دەرچوونیان نییە.

واتە:

{وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا}، وە ئەوانەی شوێنکەوتوو بوون، واتە ئەو خەڵکانەی کە شوێنکەوتەی کەسانێکی موشریك و کافر بوون.

{لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا}، گوتیان ئەگەر دەرەفەتێکمان پێ بدرێت بگەڕێینەوە دونیا، ئەوە ئێمە خۆمان بێبەری دەکەین لەو سەرکردە کافر و موشریکانەمان.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ

بەم جۆرە الله کارو کردەوەکانی دونیایان وەك حەسرەت پیشان دەدات، واتە پیشانی شوێنکەوتوو و شوێنکەوتەکان دەدات. ئەوانە دەرچوونیان نییە لە دۆزەخ، واتە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

القرطبی لە الجامع البیان دەڵێت، ئەم بڕگەیە: {وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ}، بەڵگەیە کە کافرەکان بۆ هەمیشە لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

## ئایەتی ١٦٨

يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ

دەڵێت:

ئەی خەڵکینە ئەوە بە حەڵاڵی نایابی بخۆن کە لە زەویدایە، وە نەکەن شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان بن، چونکە ئەو دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە.

واتە:

هەرچیەك لە زەویدایە بخۆن و حەڵاڵە، هەڵبەتە جگە لە بەراز و مرداربووە و خوێن نەبێت، ( ئایەتی ١٤٥ الانعام و ١١٥ النحل). وە نەکەن شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان بن، چونکە دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە.

{وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ- نەکەن شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان بن}، واتە نەکەن شتانێك لە خۆتان حەرام بکەن کە لە قورئاندا حەرام نەکراوە، ئەگەر ئەو کارە بکەن، ئەوە ئێوە ملکەچی فەرمانەکانی شەیتان بوون.

واتە: ئەگەر موسڵمان جگە لە گۆشتی بەراز حەرام بکات یان بە حەرامی بزانێت ئەوە شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان بووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، عبدالله بن عمر گوتوویەتی:

إِنَّ إِبْلِيسَ مُوثَقٌ فِي الْأَرْضِ السُّفْلَى ، فَإِذَا تَحَرَّكَ فَإِنَّ كُلَّ شَرٍّ فِي الْأَرْضِ بَيْنَ اثْنَيْنِ فَصَاعِدًا مِنْ تَحَرُّكِهِ

ئیبلیس لە زەوی خوارەوەدا کۆت و بەند کراوە، جا ئەگەر جووڵایەوە ئەوە هەرچی خراپە هەیە لە زەویدا لە نێوان دوو کەس و زیاتر بە هۆی جووڵەی شەیتانەوەیە.

## ئایەتی ١٦٩

إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِالسُّوءِ وَالْفَحْشَاءِ وَأَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

لە ڕاستیدا شەیتان فەرمانتان پێ دەکات بە خراپە و قێزەوەنی، وە کە لە سەر الله شتێك بڵێن کە نازانن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{السوء}، کارێکە کە سزای لەسەر نییە، وە {الفحشاء}، شتێکە کە سزای لەسەرە.

وە دەڵێت سەبارەت {أَن تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ}، الطبری گوتوویەتی: حەرامکردنی شتانێك کە الله حەرامی نەکردووە.

واتە لە خۆتانەوە شتانێك حەرام مەکەن کە الله حەرامی نەکردووە.

# ئایەتی ١٧٠

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ

دەڵێت:

وە کە پێیان دەگوترێت شوێن ئەوە بکەون کە الله دایبەزاندووە، دەڵێن: بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین کە باوکانمان ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە. ئایا تەنانەت ئەگەر باوکانیان هیچ شتێکیان نەزانیبێت و هیدایەت نەکرابن؟

واتە:

{وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ}، وە کە بە موشریکەکان دەگوترێت، {اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ}، شوێن ئەوە بکەون کە الله دایبەزاندووە، واتە قورئان، {قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا}، لە وەڵامدا دەڵێن نەخێر، بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین کە باوکانمان ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە، {أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ}، الله وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: ئایا تەنانەت ئەگەر باوکانتان هیچ شتێکیان نەزانیبێت و هیدایەت نەدرابن؟

لە ڕاستیدا ئەم دەقە لەسەر موسڵمانان جێبەجێ دەبێت کە ئیسلامیان لە دایک و باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە.

بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا

بەڵکو شوێن ئەوە دەکەوین کە باوکانمان ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە.

ئێمەش لە وەڵامدا پێیان دەڵێین:

أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا

تەنانەت ئەگەر باوکانتان لە هیچ شتێکیان نەزانیبێت؟

# ئایەتی ١٧١

وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَاءً وَنِدَاءً صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ

دەڵێت:

وە نموونەی ئەوانەی کوفریان کرد، وەك نموونەی ئاژەڵێکە کە دەنەڕێنێت لەگەڵ ئەوەش هیچ نابیستێت تەنها هاوار و بانگکردنێك نەبێت، کەڕ و لاڵ و کوێرن، جا ئەوانە تێناگەن.

واتە:

{وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا}، وە نموونەی ئەوانەی کافرن، {كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ}، وەك نموونەی ئەوەیە کە دەزەڕێنێت لەگەڵ ئەوەش هیچ نابیستێت، {إِلَّا دُعَاءً وَنِدَاءً}، تەنها هاوارێك و بانگکردنێك نەبێت، {صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ}، ئەوانە کەڕ و لاڵ و کوێرن، تێناگەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

نموونەی کافر، وەك ئاژەڵێکە کە دەنگێك دەبیستێت کاتێك هاواری لێ دەکرێت، بەڵام نازانێت چی پێ گوتراوە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت: {صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لَا يَعْقِلُونَ}، واتە:

ئەو کافرانە کەڕ و لاڵ و کوێرن، تێناگەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الله کافرەکانی بە ئاژەڵ چوواندووە و شوانەکەیانی بە محمد صلعم چوواندووە، جا شوانەکە بانگیان دەکات و هاواریان بەسەردا دەکات، بەڵام کافرەکان تێناگەن.

# ئایەتی ١٧٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُوا لِلَّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لەو شتە نایابانە بخۆن کە بە ئێوەمان داوە، وە سوپاسی الله بکەن ئەگەر ئێوە ئەو دەپەرستن.

دووبارەی ئایەتی ١١٤ سوورەتی النحلە.

# ئایەتی ١٧٣

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

تەنها مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەوەی کە ناوی جگە لە اللّٰەی لێ هێنراوە لێتان حەام کراوە، جا ئەگەر کەسێك ناچار بوو بیانخوات بەڵام بێ زیادەڕۆیی و بێ ئەوەی لە سنوور دەربچێت ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، لە ڕاستیدا اللّٰە لێبووردە و بە بەزەییە.

{وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ}، واتە هەر ئاژەڵێك کە بۆ شتێك سەربڕابێت جگە لە اللّٰە، هەروەك چۆن موشریکە عەرەبەکان بۆ بتەکانیان سەردەبڕی، {فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ}، بەڵام ئەگەر ناچار بوویت ئەوە بۆت هەیە ئاژەڵی مردارەوەبوو و خوێن و گۆشتی بەراز بخۆیت، بەڵام نەکەیت زیادەڕۆیی بکەیت و سنوور ببەزێنیت.

دووبارەی ئایەتی ١١٥ سوورەتی النحلە، بگەڕێوە بۆ سوورەتی النحل.

# ئایەتی ١٧٤

إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَـٰئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

دەڵێت:

ئەوانەی ئەوە دەشارنەوە کە اللّٰە لە پەرتووکدا دایبەزاندووە، وە نرخێکی کەم پێیەوە بەدەست دەهێنن، ئەوانە هیچ شتێك بۆ ناو سکەکانیان ناخۆن تەنها ئاگر نەبێت، وە اللّٰە ئاخاوتنیان لەگەڵدا ناکات لە ڕۆژی قیامەت، وە پاکیان ناکاتەوە، وە سزایەکی ئازاربەخشیان هەیە.

واتە:

{إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ}، ئەوانەی ئەوە دەشارنەوە کە الله لە پەرتووکدا دایبەزاندووە، {وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا}، وە نرخێکی کەم پێیەوە بەدەست دەهێنن، {أُولَـٰئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ}، ئەوانە هیچ شتێك ناخۆن بۆ ناو سکەکانیان تەنها ئاگر نەبێت، {وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}، وە الله لە ڕۆژی قیامەت ئاخاوتنیان لەگەڵدا ناکات، {وَلَا يُزَكِّيهِمْ}، وە لە گوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە و نابوورێت، {وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ}، وە سزایەکی ئازاربەخشیان بۆ دەبێت، واتە لە دۆزەخ.

الطبری لە جامع البیان دەڵیت:

{إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ مِنَ الْكِتَابِ}، واتە زاناکان و پیاوانی ئاینی یەهوودی، کە ناوی محمد صلعم، لە تەورات ئاماژەی پێکراوە، بەڵام شاردوویەتیانەوە.

{وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا}، وە بە شاردنەوە و دەرنەخستنی ناوی محمد صلعم، پارەیەکی کەم بەدەست دەهێنن.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

{أُولَـٰئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلَّا النَّارَ}، ئەو پارەی وەریدەگرن و دەیخۆن، ئەوە لە دۆزەخدا دەبێت بە ئاگر و ئاگر دەچێتە سکیانەوە،{وَلَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}، وە الله لە ڕۆژی قیامەت ئاخاوتنیان لەگەڵدا ناکات، چونکە لێیان تووڕەیە، {وَلَا يُزَكِّيهِمْ}، وە لە گوناهەکانیان پاکیان ناکاتەوە، {وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ}، وە لە دۆزەخدا سزایەکی ئازاربەخش دەدرێن.

وە لە صحیح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ شَيْخٌ زَانٍ وَمَلِكٌ كَذَّابٌ وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِر

سێ کەس الله لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵدا ناکات و لە گوناه پاکیان ناکاتەوە و سەیریان ناکات و سزایەکی ئازاربەخشیان دەبێت: پیاوێکی زیناکەر و پادشایەکی درۆزن و پەککەوتەیەکی خۆبەزلزان.

# ئایەتی ١٧٥

أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُا الضَّلَالَةَ بِالْهُدَىٰ وَالْعَذَابَ بِالْمَغْفِرَةِ فَمَا أَصْبَرَهُمْ عَلَى النَّارِ

دەڵێت:

ئەوانەن کە گومڕاییان بە هیدایەت و سزایان بە لێبووردن کڕیووە، جا چی وایان لێ دەکات دان بە خۆیاندا بگرن لە سەر ئاگر؟

واتە:

ئەو کەسانە، گومڕاییان بە هیدایەت گۆڕیوەتەوە، وە سزایان بە لێبووردەیی الله گۆڕیوەتەوە، جا ئەوانەی چۆن دەتوانن دان بە خۆیاندا بگرن لە دۆزەخدا؟

# ئایەتی ١٧٦

ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ

دەڵێت:

بە هۆی ئەوەوە الله پەرتووکی بە هەق دابەزاندووە، وە ئەوانەی سەبارەت بە پەرتووك ناکۆك بوون بە دڵنیاییەوە لە مشتومڕێکی دووردان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ نَزَّلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ}، ئەوە هۆکارە کە الله پەرتووکی بە هەق دابەزاندووە، واتە قورئان، {وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِي الْكِتَابِ}، وە ئەوانەی لە سەر پەرتووك ناکۆك بوون، واتە یەهوود و نەسارا، {لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ}، بە دڵنیاییەوە یەهوود و نەساراکان لە مشتومڕ و دژایەتیەکی دووردان.

# ئایەتی ١٧٧

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ

دەڵێت:

کردەوەی چاك لەوەدا نییە کە ڕووی خۆتان بە ئاراستەی شوێنی خۆرهەڵات و شوێنی خۆرئاوا بکەن، بەڵکو چاك ئەو کەسەیە کە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و پەرتووکەکە و پێغەمبەران هێناوە، وە سامانی لەگەڵ ئەوەش خۆشەویستە لە لایەوە، بەخشیوە بە کەسانی نزیکی و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران، وە لە گەردەنەکان، وە نوێژی کردبێت و زەکاتی دابێت، وە پابەندبووان بە پەیمانەکانیان کاتێك پەیمانیان داوە، وە خۆڕاگران لە کاتی دژواری و ناخۆشیدا، وە لە کاتی شەڕ و جەنگدا، ئەوانەن کە باوەڕیان کردووە، وە ئەوانەن کە خوداناس.

ئەم ئایەتەش لە چێشتی مجێور دەچێت، هەر خوێندکارێکی عەرەبیزانی قۆناغی ئامادەیی، لەم ئایەتە باشتر دەتوانێت دارشتن بکات.

واتە:

{لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ}، چاکە ئەوە نییە کە ڕووی خۆت لە کاتی نوێژکردندا بە ئاراستەی شوێنی خۆرهەڵات و شوێنی خۆرئاوا بکەیت، {وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ }، بەڵام چاك کەسێکە کە باوەڕی هێناوە، {بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ}، بە الله و قیامەت و فریشتەکان، {وَالْكِتَابِ}، وە پەرتووکەکە، {وَالنَّبِيِّينَ}، وە پێغەمبەران، {وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ}، وە سامان، لەگەڵ ئەوەش خۆشەویستە لە لای، دەبەخشێت بە: {ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ}، کەسانێکی نزیکی و هەتیووان و هەژاران و ڕێبواران و داواکەران، {وَفِي الرِّقَابِ}، وە لە گەردەن ئازادکردن {وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ}، وە نوێژی کردبێت و زەکاتی دابێت، {وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا}، وە پابەندی پەیمانەکانیان بن کاتێك پەیمانیان داوە، {وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ}، وە خۆڕاگرەکان لە کاتی دژواری و ناخۆشیدا، {وَحِينَ الْبَأْسِ}، وە لە کاتی شەڕ و جەنگدا، {أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا}، ئەوانەن کە باوەڕیان کردووە، {وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ}، وە ئەوانەن کە خوداپەرستن.

چەند تێبینییەك:

الطبری له جامع البيان دەڵێت: {لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ- چاكه لەوەدا نییه كه ڕووی خۆتان بكەنه خۆرهەڵات و خۆرئاوا}، واته ئەی یەهوودی و نەساراكان، چاكه لەوەدا نییه كه خۆرهەڵات و خۆرئاوا بكەن به قیبله.

پرسیار: كەواته ئەی بۆ موسڵمان ڕوو دەكاته مەككه له كاتی نوێژكردن، ئەگەر قیبله گرنگ نییه، بەڵكو كردار گرنگه؟

ئەگەر سەیر بكەیت دەبینیت كه { الْبِرَّ}، دوو جار لەم ئایەته هاتووه:

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ

{الْبِرّ}، له یەكەمیان سیفەته و به مانای (كاری چاك) دێت.

واته كاری چاكه ئەوە نییه كه ڕووت ئاراستەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بكەیت.

وه دووەمیان دەڵێت {لَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ}، (بەڵام كاری چاكه كەسێكه كه باوەڕ دەهێنێت).

كاری چاكه كەسێكه باوەڕ دەهێنێت؟ چۆن كاری چاكه { الْبِرَّ} كەسێكه كه باوەڕ دەهێنێت؟ وه ئایەتەكه دەڵێت كەسێكه؟ كەواته دەبێت {الْبَارّ} بێت كه به مانای كەسێكی چاك دێت. واته ئایەتەكه دەبێت بەم شێوەیه بێت:

لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـٰكِنَّ الْبَارَّ مَنْ آمَنَ

واته: چاك ئەوە نییه كه ڕووی خۆت بكەیته خۆرهەڵات و خۆرئاوا، بەڵكو مرۆڤی چاك ئەو كەسەیه كه باوەڕ دەهێنێت.

ئینجا ئایەتەكه دەڵێت:

مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ

{الكتاب}، پەرتووك به تاكه، وه دەبێت {الكتب}، پەرتوكەكان به كۆ بێت، واته:

مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَ والكُتُبِ وَالنَّبِيِّينَ

مرۆڤی چاك ئەو كەسەیه كه باوەڕ به الله و قیامەت و فریشتەكان و پەرتووكەكان و پێغەمبەران دەهێنێت.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ

وە سامان، لەگەڵ ئەوەش سامانی خۆش دەوێت، بەخشیوە بە کەسوکاری نزیکی و هەتیووان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵکەران.

وە {آتَىٰ}، بەخشیوە، واتە لە ڕابردوو. بەڵام دەبێت {يأتي}، (دەبەخشێت) بێت. واتە:

ويأتي الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ

وە سامان لەگەڵ ئەوەش خۆشەویستە لە لایەوە، دەبەخشێت.

وە الطبرى لە جامع البيان دەڵێت: {وَفِي الرِّقَابِ- لە گەردەنەکان} واتە: ئازادکردنی کۆیله.

ئینجا بڕگەکەی دواتر دەڵێت:

وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ

وە نوێژی کردووە و زەکاتی داوە.

هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە و دەبێت بڵێت:

وَيُقِيمُ الصَّلَاةَ وَ وَيُؤْتِي الزَّكَاةَ

نوێژ دەکات و زەکات دەدات.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

{وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا}، وە پابەندی بەڵێن و پەیمانەکانیان دەبن کاتێك بەڵێن و پەیمان دەدەن و پێشێلی ناکەن، {وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ}، وە خۆڕاگرن لە کاتی نەهامەتی و ناخۆشیدا.

ئینجا نووسەری قورئان، بۆ ئامادەکردنی موسڵمانان بۆ شەڕ و جەنگ ئاماژە بەم بڕگەیە دەکات:

{وَحِينَ الْبَأْسِ}، ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە لە کاتی شەڕ و جەنگدا خۆڕاگرن.

ئینجا دەڵێت:

أُولَـٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ

ئەوانەن کە بە ڕاستگۆیی باوەڕیان هێناوە، وە ئەوانەن کە الله دەپەرستن و لە الله دەترسن.

# ئایەتی ١٧٨

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنثَىٰ بِالْأُنثَىٰ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، سەبارەت بە کوژراوەکان تۆڵەمان لەسەرتان نووسیوە: نێرینەی ئازاد لەبەرانبەر بە نێرینەی ئازاد، کۆیلە لە بەرانبەر بە کۆیلە، وە مێینە لەبەرانبەر بە مێینە، جا هەر کەسێك بە شتێك لە براکەی خۆش بوو، ئەوە دەبێت بە چاکە هەڵسوکەوت بکات و بە جوانی پارەی خوێنەکەی پێ بدات، ئەوە بار سوککردنێك و ڕەحمەتێکە لە لایەن خوداکەتانەوە، جا هەر کەسێك لە دوای ئەوە دەستدرێژی کرد، ئەوە سزایەکی ئازاربەخشی بۆ هەیە.

واتە:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی موسڵمانان، {كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى}، سەبارەت بە تۆڵەی کوژراو لەسەرتان نووسراوە، {الْحُرُّ بِالْحُرِّ}، پیاوی ئازاد بەرانبەر بە ئازاد، {وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ}، پیاوی کۆیلە بەرانبەر بە کۆیلە، {وَالْأُنثَىٰ بِالْأُنثَىٰ}، وە مێینە لە بەرانبەر بە مێینە، {فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ}، جا ئەگەر کەسوکاری کوژراوەکە بە شتێك لە بکوژەکە خۆش بوون، {فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ}، ئەوە دەبێت پیادەی هەڵسوکەوتی چاك بکەن، وە بکوژەکە پارەی خوێنەکەی بە جوانی پێ بدات، {ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ}، ئەوە بار سوککردنێك و ڕەحمەتێکە لە لایەن خوداکەتانەوە، {فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ}، جا هەر کەسێك دواتر دەستدرێژی بکات و تۆڵە بکاتەوە ئەوە سزایەکی ئازاربەخشی لە قیامەت بۆ دەبێت.

ئەم ئایەتە ئایەتێکی جێگیرە و حوکمەکەی بە سەر موسڵمانانندا سەپێنراوە، وەك دەڵێت {كُتِبَ عَلَيْكُمُ}، (بەسەرتاندا نووسراوە و سەپێنراوە).

ئەگەر موسڵمانێك بە بێ هەق موسڵمانێکی کوشت ئەوە دەبێت لە سەرەتا بزانیت کە کوژراوەکە و بکوژەکە کێن؟ ئایا مرۆڤی ئازان یان کۆیلەن، وە ئایا نێرینەن یان مێیەن.

ئەگەر بکوژەکە نێرینە بوو و مرۆڤێکی ئازاد بوو، وە کوژراوەکە نێرینەبوو، وە ئازاد بوو، ئەوە بۆ کەسوکاری کوژراوەکە هەیە کە بکوژەکە بکوژنەوە.

وە ئەگەر بکوژەکە نێرینە بوو و مرۆڤێکی ئازاد بوو، بەڵام کۆیلەیەك یان مێینەیەکی کوشتبوو، ئەوە نابێت بکوژرێتەوە چونکە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی پیاوی ئازاد لەسەرەوەی پلە و پایەی کۆیلە و ژنە، چونکە کۆیلە وەك کاڵا وایە، وە ژن نیوەی پیاوە. لەبەر ئەوە بکوژەکە پارەی خوێنیان دەدات.

بەڵام ئەگەر ژن یان کۆیلەیەك پیاوێکی ئازدیان کوشت ئەوە دەبێت بکوژرێنەوە.

وە کۆیلە لە بەرانبەر بە کۆیلە دەکوژرێتەوە مەگەر خاوەن کۆیلەکە ئامادەبێت پارە بدات بە خاوەن کۆیلە کوژراوەکە.

وە هەروەها ژن لە بەرانبەر بە ژندا، بەڵام ژنی ئازاد بۆ ژنی کۆیلە ناکوژرێتەوە، چونکە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ژنی ئازاد لەسەرەوەی پلەو پایەی ژنی کۆیلەیە.

وە هەر کەسێك شرۆڤەیەکی دیکە بۆ ئەم ئایەتە بکات ئەوە درۆ دەکات، چونکە ئایەتەکە ئاڕاستەی موسڵمانان کراوە وەك دەڵێت :

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، واتە ئیمانتان بە الله و محمد و ئیسلام هێناوە.

وە ئایەتەکە دەڵێت:

فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ

جا هەر کەسێك شتێك لە براکەی خۆش بوو.

{أخيه- براکەی}، واتە برای ئاین، واتە موسڵمان.

وەك ئایەتی ١٠ سوورەتی الحجرات دەڵێت:

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ

لە ڕاستیدا ئیمانداران (موسڵمانان) بران.

وە ئایەتی ١١ سوورەتی التوبة دەڵێت:

فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ

جا ئەگەر موشریکەکان تۆبەیان کرد و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ئەوە براتانن لە ئاین.

وە لە صحیح مسلم فەرمودەیەك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ

موسڵمان برای موسڵمانە.

کەواتە ئەم ئایەتە جێگیرە و سەپێنراوە بە سەر موسڵمانان، وە حوکمەکەی لەسەر بنەمای دوو شت بنیاتنراوە:

یەکەم: دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ مرۆڤی ئازاد و مرۆڤی کۆیلە.

دووەم: لەسەر بنەمای پیاو سالاری: پیاو و ژن، وەك ئایەتی ٣٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ

پیاوان سالارن بە سەر ژناندا.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، بەشێك لەم ئایەتە نەسخ بووە بە ئایەتی ٤٥ سوورەتی المائدة، {النَّفْسَ بِالنَّفْسِ}، هەرکەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە.

پرسیار، ئایا {النفس بالنفس} بۆ کێ دابەزیووە؟

با سەیرێکی ئایەتی ٤٣-٤٥ سوورەتی المائدة بکەین کە دەڵێت:

وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللَّهِ

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ

وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنفَ بِالْأَنفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ

وە ئەی محمد چۆن جووەکان داوا لە تۆ دەکەن کە حوکمیان بکەیت لە کاتێکدا تەوراتیان لایە کە حوکمی اللهی تێدایە؟

لە ڕاستیدا ئێمە تەوراتمان دابەزاند کە هیدایەت و ڕووناکی تێدایە، وە پێغەمبەران بە تەورات حوکمیان کردووە.

وە لەسەر جووەکان لە تەورات نووسیومانە کەس لەبەرامبەر بە کەس، وە چاو لەبەرامبەر بە چاو و لوت لەبەرامبەر بە لوت و گوێ لەبەرامبەر بە گوێ و ددان لەبەرامبەر بە ددان.

واتە {النفس بالنفس}، لە تەوراتە و بۆ جووەکانە. کەواتە ابن کثیر بە ڕادەیەك شەرمی کردووە لە ئایەتی ١٧٨ سوورەتی البقرة، لەبەر ئەوە پەنای بردووە بۆ درۆ و گوتوویەتی، بە ئایەتی ٤٥ سوورەتی المائدة نەسخ بووە.

پرسیار:

ئەگەر موسڵمانێك کەسێك بکوژێت کە موسڵمان نەبێت و خاوەن ئاینێکی دیکە بێت، وەك یەهوودی و مەسیحی و هتد، ئایا دەکوژرێتەوە؟

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەگەر موسڵمانێکی ئازاد کۆیلەیەکی کوشت، ئەوە ناکوژرێتەوە، چونکە کۆیلە کاڵایە، وە تەنها پارەی نرخی کۆیلەکە دەدات بە خاوەن کۆیلەکە. وە کۆمەڵێك لە زاناکان گوتوویانە، کە موسڵمان بۆ کافر ناکوژرێتەوە، چونکە لە صحیح البخاری فەرمودەیەك هاتووە، کە پێغەمبەر گوتوویەتی:

لَا يُقْتَلَ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ

ئەگەر موسڵمانێك کافرێکی کوشت، ئەوە ناکوژرێتەوە.

وە چۆن بکوژرێتەوە، ئەی کوشتنی کافر لە ئیسلامدا بە جیهاد دانانرێت و موسڵمان بە کوشتنی کافر پاداشت وەرناگرێت؟

وە تەنانەت ئەگەر باوکێك کوڕەکەی خۆی کوشت، ئەوە سزا نادرێت و ناکوژرێتەوە، چونکە باوك هۆکاری هاتنە دونیای منداڵە. وەك لە مسند احمد و المستدرك للحاكم و صحيح ابن حبان و سنن ابن ماجة فەرموودەیەك هاتووە، کە الشوكاني و الالباني و الحاكم بە ڕاستیان داناوە، محمد صلعم گوتوویەتی:

أَنْتَ وَمَالُكَ لأَبِيكَ

خۆت و سامانت بۆ باوکتە.

وە لە سنن النسائي و جامع الترمذي و سنن البيهقي، فەرمودەیەك هاتووە، کە شێخ الالباني بە ڕاستی داناوە، محمد صلعم گوتوویەتی:

دِيَةُ عَقْلِ الْكَافِرِ نِصْفُ دِيَةِ عَقْلِ الْمُؤْمِنِ

پارەی خوێنی کافر، نیوەی پارەی خوێنی موسڵمانە.

وە لە فقهی ئیسلامی قسەوباسێکی زۆر هەیە کە خوێنی یەهوودی و مەسیحی نیوە یان سێیەکی خوێنی موسڵمانە، وە خوێنی زەردەشتیەك چارەگی خوێنی مەسیحی و یەهوودیەکە. وەك لە نصب الراية في تخريج احاديث الهداية ڕیوایەتێك هاتووە، کە الشافعي گوتوویەتی:

أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جَعَلَ دِيَةَ النَّصْرَانِيِّ وَالْيَهُودِيِّ أَرْبَعَةَ آلَافِ دِرْهَمٍ ، وَدِيَةَ الْمَجُوسِيِّ ثَمَانِمِائَةِ دِرْهَمٍ

پێغەمبەر خوێنی نەسارا و یەهوودی کردبوو بە چوار هەزار درهەم، وە خوێنی زەردەشتی کردبوو بە هەشت سەد درهەم.

وە هەروەها ئەگەر پیاوێك ژنەکەی خۆی کوشت، ئەوە سزا نایگرێتەوە و ناکوژرێتەوە، چونکە:

یەکەم: ژن نیوەی پیاوە، وە ناکرێت نیوەی پیاوەکە بکوژرێتەوە.

دووەم: پیاوەکە ژنەکەی بە پارە بە دەست هێناوە، واتە موڵکیەتی.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ

جا ئەگەر کوسوکاری کوژراوەکە لە بکوژەکە خۆش بوون، ئەوە دەبێت بە چاکە هەڵسوکەوت بکەن، وە بکوژەکە دەبێت پارەی خوێنیان بە جوانی پێ بدات، وە ئەو بڕیارە بار سوککردنێك و ڕەحمەتێکە لە لایەن اللەوە، جا هەر کەسێك لە دوای ئەوە دەستدرێژی کرد، ئەوە لە دۆزەخدا سزا دەدرێت.

# ئایەتی ١٧٩

وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

دەڵێت:

وە ئەی خاوەن هۆشەکان، لە تۆڵەکردنەوە ژیانێك هەیە، بەڵکو خۆتان بپارێزن.

واتە:

ئەی پیاوانی خاوەن هۆش، لە کرداری بکوژی بە شێوەیەکی مەبەستدارانە، کەسێك کوژراوە و ژیانێك فەوتاوە، جا تۆڵە بکەنەوە، بە هیوای ئەوەی کە خۆتان بپارێزن لە کوشتن، چونکە تۆڵەکردنەوە هەیە.

ئەوەی سەیرە محمد خۆی پابەندی ئەم ئایەتە نەبووە و خستوویەتیە ژێر پێکانیەوە. وەك ڕیوایەتێك لە صحیح البخاری هاتووە، عبداللە بن عمر گوتوویەتی:

بَعَثَ النَّبِيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ خَالِدَ بنَ الوَلِيدِ إلى بَنِي جَذِيمَةَ، فَدَعَاهُمْ إلى الإِسْلَامِ، فَلَمْ يُحْسِنُوا أنْ يقولوا: أسْلَمْنَا، فَجَعَلُوا يقولونَ: صَبَأْنَا صَبَأْنَا، فَجَعَلَ خَالِدٌ يَقْتُلُ منهمْ ويَأْسِرُ، ودَفَعَ إلى كُلِّ رَجُلٍ مِنَّا أسِيرَهُ، حتَّى إذَا كانَ يَوْمٌ أمَرَ خَالِدٌ أنْ يَقْتُلَ كُلُّ رَجُلٍ مِنَّا أسِيرَهُ، فَقُلتُ: واللَّهِ لا أقْتُلُ أسِيرِي، ولَا يَقْتُلُ رَجُلٌ مِن أصْحَابِي أسِيرَهُ، حتَّى قَدِمْنَا علَى النَّبِيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَذَكَرْنَاهُ، فَرَفَعَ النَّبِيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ يَدَهُ فَقالَ: اللَّهُمَّ إنِّي أبْرَأُ إلَيْكَ ممَّا صَنَعَ خَالِدٌ، مَرَّتَيْنِ

پێغەمبەر خالید کوڕی وەلیدی نارد بۆ بەنی جەزیمە، خالید بانگێشتی کردن بۆ ئیسلام، بەڵام نایاندەزانی کە بڵێن ئیسلام بووین، دەیانگوت: {صَبَأْنَا صَبَأْنَا} (واتە هاتینە سەر ئاینەکەی محمد)، خالید دەستی کرد بە کوشتنیان و بە دیلکردنیان، وە هەر دیلێکی دەدا بە یەکێك لە ئێمە، وە کاتێك ڕۆژ بۆوە خالید فەرمانی پێمان کرد کە هەر کەسێکمان دیلەکە بکوژین، من گوتم سوێند بە اللە

من دیلی خۆم ناكوژم، وه‌ هیچ كامێك له‌ یاوه‌ره‌كانم دیله‌كه‌یان ناكوژن، تاوه‌كو گه‌ڕاینه‌وه‌ بۆ لای پێغه‌مبه‌ر و پێمان گوت. پێغه‌مبه‌ر ده‌ستی به‌رز كرده‌وه‌ بۆ ئاسمان و گوتی: الله‌ من بێبه‌ریم له‌و كاره‌ی خالید دوو جار كردی.

هه‌روه‌ك له‌م ڕیوایه‌ته‌ ڕوونه‌ كه‌ خالید كۆمه‌ڵێك خه‌ڵكی قه‌سابی كردووه‌ كه‌ موسڵمان بوون، به‌ڵام محمد ئه‌م ئایه‌ته‌ی خستۆته‌ ژێر پێكانیه‌وه‌، وه‌ خالیدی نه‌كوشتۆته‌وه‌، له‌ كاتێكدا خالید یه‌ك تیره‌ی ته‌واوی قتل عام كردووه‌.

## ئایه‌تی ١٨٠

كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ

ده‌ڵێت:

له‌سه‌رتان نووسراوه‌، كاتێك كه‌سێكتان گیان ده‌دات، ئه‌گه‌ر سامانێكی جێهێشت چاكتره‌ كه‌ وه‌سیه‌ت بۆ دایك و باوك و كه‌سانێكی نزیكی به‌ چاكی بكات، ئه‌وه‌ ئه‌ركه‌ له‌سه‌ر خوداپه‌رستان.

واته‌:

{كُتِبَ عَلَيْكُمْ}، له‌سه‌رتان نووسراوه‌، واته‌ فه‌رز كراوه‌ و سه‌پێنراوه‌، {إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ}، ئه‌گه‌ر كه‌سێكتان له‌سه‌ره‌ مه‌رگدا بوو، {إِن تَرَكَ خَيْرًا}، ئه‌گه‌ر سامانێكی له‌ دوای خۆی جێهێشت، {الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ}، وه‌سیه‌ت به‌ چاكه‌ بكات بۆ دایك و باوك و كه‌سانی نزیكی، {حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ}، ئه‌م كاره‌ پێویسته‌ له‌سه‌ر خوداپه‌رستان.

## ئایه‌تی ١٨١

فَمَن بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

ده‌ڵێت:

جا هه‌ر كه‌سێك دوای بیستنی وه‌سیه‌ته‌كه‌ی گۆڕی، ئه‌وه‌ گوناهه‌كه‌ی له‌سه‌ر ئه‌و كه‌سه‌ ده‌بێت كه‌ ده‌یگۆڕێت، له‌ ڕاستیدا الله‌ بیسته‌ر و ئاگاداره‌.

واتە:

هەر کەسێك کە گوێی لە وەسیەتی کەسە مردووەکە بووبێت، ئینجا وەسیەتەکە بگۆڕێت، ئەوە گوناهبارە، وە الله دەبیستێت و ئاگادارە.

# ئایەتی ١٨٢

فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

جا هەر کەسێك ترسا کە وەسیەت کارەکە ناهەقیەك یان گوناهێك دەکات، وە نێوانیانی کرد، ئەوە هیچ گوناهێکی ناگاتێ، لە ڕاستیدا الله لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە:

ئەگەر کەسێك ئامادەی مەرگی وەسیەتکارەکە بوو، جا بینی وەسیەتکارەکە هەڵە یان گوناه یان ناهەقی لە وەسیەتەکەیدا دەکات، وە نێوانی وەسیەتکارەکە و ئەو کەسانەی کرد کە وەسیەتەکە دەیانگرێتەوە، ئەوە هیچ گوناهێکی ناگاتێ.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

علی کوڕی ابي طالب لە جیاتی {جَنَفًا}، دەیخوێندەوە: {حَيْفًا}، واتە بە ستەم.

# ئایەتی ١٨٣ تا ١٨٥

فەرزکردنی بەڕۆژووبوون.

# ئایەتی ١٨٣

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە، هەروەك چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسراوە بۆ ئەوەی خوداپەرستی بکەن.

چەند تێبینییەك:

یەکەم: ئەم ئایەتە دەڵێت بەڕۆژووبوون لە سەر موسڵمان نووسراوە و فەرز کراوە:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بەڕۆژووبوونتان بەسەردا فەرز کراوە.

دووەم: دەڵێت: {كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ}، هەروەك چۆن بەڕۆژووبوون لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە فەرزکراوە.

{الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ}، واتە شوێنکەوتووانی ئاینانی پێش ئێوەی موسڵمان، وەك یەهوودی و مەسیحی.

بەڵام ئایا بەڕۆژووبوونێك لە ئاینی مەسیحی و یەهوودی هەیە کە فەرز کرابێت؟ نەخێر بوونی نییە.

بەڕۆژووبوون هەیە کە خۆویستانە شوێنکەوتووانی ئەم دوو ئاینە دەیکەن، بەڵام فەرز نییە.

تەنها بەڕۆژووبوونی ڕۆژی کەفارەتی مەزن لە ئاینی یەهوودی کە ئەویش یەك ڕۆژە، کە دەکەوێتە ڕۆژی دەیەمی مانگی حەوتەم بە ساڵنامەی یەهوودی. وەك لە تەورات (سفر العدد) هاتووە، سەبارەت بە ڕۆژی کەفارت دەڵێت:

لە ڕۆژی دەیەمی ئەم مانگی حەوتەدا کۆبوونەوەی پیرۆزبوون دەبەستن و گیانی خۆتان زەلیل دەکەن، هیچ کارێك ناکەن.

وە لە تەورات (سفر اللاوين) هاتووە دەڵێت:

{ئەمەش دەبێتە فەرزێکی هەتاهەتایی بۆتان، کە ئێوە لە دەی مانگی حەوت گیانی خۆتان زەلیل دەکەن و هیچ کارێك ناکەن، چونکە لەم ڕۆژەدا کەفارەتتان بۆ دەکرێت بۆ پاکبوونەوەتان، لە هەموو گوناهەکانتان، لەبەردەم خودا پاك دەبنەوە}.

وە جووەکان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژئاوای ڕۆژی دواتر بەڕۆژوو دەبن، وە بەردەوام خەریکی خودا پەرستین.

وە لە ئاینی مەسیحی بە هیچ جۆرێك بەڕۆژووبوونێك نییە کە فەرز کرابێت، بەڵام بەڕۆژووبوونی خۆویستانە و خۆبەخشانە هەیە، بەڵام نەك ئەوەی کە هیچ نەخۆن و نەخۆنەوە، بەڵکو تەنها خواردنێك ناخۆن کە لە ئاژەڵەوەیە.

سێهەم: ئایەتەکە لە کۆتاییدا دەڵێت: {لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ}، بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە بۆ ئەوەی خوداپەرستی بکەن.

واتە بەڕۆژووبوون تەنها بۆ خوداپەرستیە.

وە بە ڕۆژووبوون بەر لە ئیسلام لە دوورگەی عەرەبیدا هەبووە.

{صیام}، واتە خۆبەدوورگرتن لە حەز و شەهواتەکان، وەك خواردن و خواردنەوە و قسەکردن و سێکس.

هەڵبەتە بێ دەنگی و قسە نەکردن شێوازێکی تایبەتە لە بەڕۆژووبوون.

وە یان تەنها لە قسەکردن، وەك لە ئایەتی ٢٦ سوورەتی مریەم هاتووە، مریم دەڵێت:

إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَـٰنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا

لە ڕاستیدا من نەزرم کردووە بۆ ڕەحمان بەڕۆژوو بم، جا ئیمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێك ناکەم.

وە بە ڕۆژووبوون دەکرێت لە ڕێگای خۆراك نەخواردن و شلە نەخواردنەوە بێت.

ئەوەی جووەکان دەیکەن لە ڕۆژی کەفارەتی مەزن، بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر، نە خواردن دەخۆن، وە نە خواردنەوە دەخۆنەوە، وە نە سێکس دەکەن، وە نە کار دەکەن، بەڵکو تەنها خوداپەرستی دەکەن.

ئەوەی لە ئیسلامدا بوونی هەیە تەنها بریتییە لە خۆ بە دوورگرتن لە خۆراك خواردن و شلە خواردنەوە لە نێوان خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا.

وە بەڕۆژووبوون لە ئیسلامدا بە ٣ قۆناغ تێپەڕیووە:

یەکەم: بە ڕۆژووبوونی ڕۆژی عاشورا.

دووەم: سێ ڕۆژ لە مانگێکدا.

سێهەم: مانگی ڕەمەزان.

لە صحیح مسلم و صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، عائیشة گوتوویەتی:

كَانَتْ قُرَيْشٌ تَصُومُ عَاشُورَاءَ فِي الجَاهِلِيَّةِ

قورەیش لە سەردەمی جاهیلی لە عاشورا بەڕۆژوو دەبوو.

وە لە صحیح مسلم و صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، عبدالله بن عباس گوتوویەتی:

قَدِمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ المَدِينَةَ فَرَأَى اليَهُودَ تَصُومُ يَومَ عاشُوراءَ، فَقالَ: ما هذا؟ قالوا: هذا يَوْمٌ صَالِحٌ؛ هذا يَوْمٌ نَجَّى اللَّهُ بَنِي إسْرَائِيلَ مِن عَدُوِّهِمْ، فَصَامَهُ مُوسَى. قالَ: فأنَا أحَقُّ بمُوسَى مِنكُمْ، فَصَامَهُ، وأَمَرَ بصِيَامِهِ

پێغەمبەر هات بۆ مەدینە، بینی جووەکان لە ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو دەبن، گوتی: ئەوە چییە؟ گوتیان ئەوە ڕۆژێکی پیرۆزە، ئەو ڕۆژەیە کە الله نەوەکانی ئیسرائیلی ڕزگارکرد لە دوژمنەکەیان (فیرعەون)، وە موسا لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو بووە، پێغەمبەر گوتی: من شایستەترم بۆ موسا لە ئێوە، ئەوەبوو بەڕۆژوو بوو، وە فەرمانی کرد بە بەڕۆژوو بوون.

ئەوەی موسڵمان پێی دەڵێت عاشورا، لای جووەکان ڕۆژی کەفارەتی مەزنە، وە تاکە ڕۆژە تیایدا جووەکان بەڕۆژوو دەبن.

ئەم فەرموودەیە پێمان دەڵێت، کە محمد نەیزانیوە ڕۆژی کەفارەتی مەزن چییە؟ لە کاتێکدا قورئان دەڵێت بەشێك لە هۆکاری ناردنی محمد بۆ ئەوە بووە کە هەڵەی جووەکان ڕاست بکاتەوە و ئەوەی تیایدا ناکۆکن وەلام بداتەوە.

جا محمد نەیزانیوە کە ڕۆژی کەفارەتی مەزن چییە، کەواتە چۆ دەکرێت هاتبێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان جووەکان؟ وە ڕاستکردنەوەی عەقیدەکەیان؟

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ – بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە}، واتە لە سەرەتای ئیسلام ٣ ڕۆژ بەڕۆژووبوون بوو لە هەر مانگێکدا، وە بەڕۆژووبوونی عاشورا بوو. وەك ابن عباس گوتوویەتی: بەڕۆژووبوون ٣ ڕۆژ لە هەر مانگێك و ڕۆژی عاشورا بوو، ئینجا ئەوە نەسخ بوو بە بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان. وە معاذ بن جبل گوتوویەتی: لەسەرەتا چەند ڕۆژێکی کەم بوو، ئینجا نسخ بوو بە بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان.

واتە لە سەرەتا عاشورا، ئینجا ٣ ڕۆژ لە هەر مانگێك و عاشورا، ئینجا ڕەمەزان.

محمد بەڕۆژووبوونی ڕەمەزانی لە سابیئة حەرانیەکان وەرگرتووە، سابیئة حەرانیەکان خوداوەندی مانگیان دەپەرست کە ناوی "سین" بوو:

محمد عبدالحمید، لە پەرتووکی صابئة حران و اخوان الصفا دەڵێت:

بەڕۆژووبوونی حەرانیەکان، کە خودای مانگیان دەپەرست، لە پێش خۆرهەڵاتەوە بەردەوام دەبوو تاوەکو خۆرئاوا بوون.

وە ابن الجوزی لە تلبیس ابلیس دەڵێت:

حەرانیەکان یەك مانگ بەڕۆژوو دەبوون، یەکەم ڕۆژی بەڕۆژوو بوونیان دوای تێپەڕبوونی هەشت شەو بەسەر مانگی ئازار دەستی پێکرد، وە لە ٧ی نیسان کۆتاییان بە بەڕۆژووبوون دەهێنا.

وە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: وە کۆتاییان بە مانگی بەڕۆژووبوون دەهێنا بە سەدەقە و قوربانی.

وە ابن ندیم لە پەرتووکی الفهرست دەڵێت:

حەرانیەکان ئاهەنگیان دەگێڕا لە کۆتایی ڕەمەزان بە هۆی گەڕانەوەی، وە پێیان دەگوت، (عید الفطر)، واتە جەژنی ڕەمەزان.

وە ابو الفداء لە المختصر في تأريخ البشر دەڵێت:

سابیئة، نوێژ بە بێ کڕنۆش و سوژدەبردن لەسەر مردوو دەکەن، وە سی ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، وە ئەگەر مانگی هیلالی کەمی کرد، ئەوە ٢٩ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، وە بۆ کۆتاییهێنان بە بەڕۆژووبوون سەیری مانگیان دەکرد.

وە الدكتور جواد على لە المفصل في تأريخ العرب دەڵێت:

أن صوم أهل الجاهلية: صوم امتناع عن الأكل والشرب وإتيان النساء. وهو صوم الإسلام

بەڕۆژووبوونی خەڵکی جاهیلی بریتی بوو لە خۆ بەدوورگرتن لە خواردن و خواردنەوە و جووتبوون لەگەڵ ژنان. وەك بەڕۆژووبوونی ئیسلام.

وە جواد على دەڵێت: هەندێك لە قورەیش لە سەردەمی جاهیلی لە مانگی ڕەمەزان لە ئەشکەوتەکان خەڵوەتیان دەکرد، وە پێغەمبەر بە هەمان شێوە لە ڕەمەزاندا خەڵوەتی کردووە لە سەردەمی جاهیلیدا.

تێبینی: حەران دەکەوێتە کوردستانەوە. ئاینی سابیئەی حەرانی لە ڕێگای بابلیەکانەوە دەچێت بۆ دوورگەی عەرەب.

واتە: ڕەمەزان داب و نەریتێکی بتپەرستیە.

# ئایەتی ١٨٤

أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

چەند ڕۆژێکی کەم، جا ئەوەی لە ئێوە نەخۆش بوو یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە با چەند ڕۆژێکی دیکە بیگرێتەوە، وە ئەوانەی دەتوانن بەڕۆژوو بن، بەڵام بەڕۆژوو نابن، ئەوە فیدیەکەی پێدانی ژەمێك خواردنە بە هەژارێك، جا ئەوەی خۆویستانە ببەخشێت چاکترە بۆی، وە چاکترە بۆ ئێوە بەڕۆژوو بن ئەگەر ئێوە بزانن.

واتە:

{أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ}، چەند ڕۆژێکی کەم بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە، {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ}، بەڵام ئەگەر کەسێکتان نەخۆش بوو، یان لەسەر سەفەر بوو، وە نەیتوانی لە کاتی خۆیدا بەڕۆژوو بێت، {فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ

أُخَرَ}، ئەوە دەتوانێت لە ڕۆژانێکی دیکە بەڕۆژوو بێت، {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ}، وە ئەوانەی بە سەختیەوە دەتوانن بەڕۆژوو بن، {فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ}، فیدیەکەی پێدانی ژەمێك خواردنە بە هەژارێك، {فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ}، جا ئەوەی خۆویستانە خۆراك بە هەژار بدات، ئەوە بۆی چاکترە، {وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ}، وە ئەگەر بەڕۆژوو بن، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: {أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ}، چەند ڕۆژێکی کەم.

چەند ڕۆژێکی کەم، واتە ٣ ڕۆژ، وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە ٣ ڕۆژ، هەروەك ابن عباس گوتوویەتی، لە سەرەتان بەڕۆژووبوون ٣ ڕۆژ بوو لە هەر مانگێك.

وە ئایەتی ٢٠٣ سوورەتی البقرة، پێمان دەڵێت کە: {أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ}، دەکاتە ٣ ڕۆژ:

وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ

وە یادی الله بکەنەوە لە چەند ڕۆژێکی کەم.

چەند ڕۆژێکی کەم، واتە (ایام التشریق) کە ٣ ڕۆژن.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، ابو هریرە گوتوویەتی:

أَوْصَانِي خَلِيلِي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِثَلَاثٍ بِصِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ وَرَكْعَتَيْ الضُّحَى وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَرْقُدَ

دۆستەکەم، پێغەمبەر صلعم، ڕایسپاردووم بە ٣ شت: ٣ ڕۆژ بەڕۆژووبوون لە هەر مانگێکدا، وە دوو ركعەت نوێژی بەیانیان، وە نوێژی وتر بکەم بەر لە خەوتن.

وە ئەو ٣ ڕۆژە، ڕۆژی ١٣ و ١٤ و ١٥ی هەموو مانگێك بووە، کە بە {الأيام البيض} ناسراوە.

دووەم: {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ}، جا هەر کەسێکتان لەم ٣ ڕۆژەدا نەخۆش بوو، یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە دەتوانێت لە شوێنیاندا ٣ ڕۆژی دیکە بەڕۆژوو بێتەوە.

بە هۆی ئەوەی قورئان پەرتووکێکە تەنها ئاخاوتن لەگەڵ پیاو دەکات، وە پەرتووکێکی پیاوسالارە، بە هیچ جۆرێك بیری لە ژن نەکردۆتەوە، بۆ نموونە بۆچی لەم بڕگەیە ئاماژەی بە ژنی دووگیان نەکردووە، یان ژنێك کە شیر بە کۆرپەکەی دەدات یان ژنێك کە سووڕی مانگانەیەتی؟

سێهەم: {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ}، وە بۆ ئەوانەی بە سەختی دەتوانن بەڕۆژوو بن ، ئەوە فیدیەکەی ژەمێك خۆراکە بە هەژارێك.

واتە: سەختە بۆیان کە بەڕۆژووبن، وە تەحەمولی بەڕۆژووبوون ناکەن.

چوارەم: {وَأَن تَصُومُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ}، بەڵام ئەگەر بەڕۆژوو بن، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

## ئایەتی ١٨٥

شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

دەڵێت:

مانگی ڕەمەزان کە تیایدا قورئان دابەزیوە، کە هیدایەتە بۆ خەڵك و چەندەها بەڵگەی هیدایەتکردن و جیاکردنەوەی حەرام و حەڵاڵی تێدایە، جا هەر کەسێکتان مانگەکەی بینی ئەوە با بەڕۆژوو بێت، وە ئەگەر هەر کەسێك نەخۆش بوو، یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە با چەند ڕۆژێکی دیکە بەڕۆژوو بێت، اللە ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت، وە سەختی بۆ ئێوە ناوێت، وە بۆ ئەوەی ماوەکە تەواو بکەن، وە بۆ ئەوەی اللە مەزن بکەن بە هۆی ئەوەی هیدایەتی داون، وە بەڵکو سوپاسی دەکەن.

واتە:

{شَهْرُ رَمَضَانَ}، مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بن، {الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ}، کە قورئانی تیادا دابەزیووە، {هُدًى لِّلنَّاسِ}، قورئان هیدایەتە بۆ خەڵك، {وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَىٰ}، وە قورئان چەندەها بەڵگە لە خۆیەوە دەگرێت بۆ هیدایەتکردن، {وَالْفُرْقَانِ}، وە جیاکردنەوەی حەرام و حەڵاڵی تێدایە، {فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ}، جا هەر کەسێکتان مانگەکەی بینی ئەوە با بەڕۆژوو بێت، {وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ}، جا ئەو کەسەتان کە نەخۆش بوو، یان لەسەر سەفەر بوو، ئەوە با چەند ڕۆژێکی دیکە بگرێتەوە، { يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ}، الله ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و سەختی بۆ ئێوە ناوێت، {وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ}، وە بۆ ئەوەی ماوەی بەڕۆژووبوونەکە، کە مانگی ڕەمەزانە، تەواو بکەن، {وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ}، وە بۆ ئەوەی الله مەزن بکەن بە هۆی ئەوەی هیدایەتی داون، {وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ}، بەڵکو سوپاس دەکەن، واتە سوپاسی الله دەکەن.

ئەم ئایەتە، کە ئاماژەی کردووە بە بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان، ئایەتی ١٨٤ی نەسخ کردووە، کە دەڵێت بەڕۆژووبوون چەند ڕۆژێکی کەم.

وە ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان فەرزە وەك دەڵێت:

فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ

جا هەر کەسێك شایەتحاڵی مانگەکە بوو، ئەوە با بەڕۆژوو بێت.

ئەم بڕگەیەیان: {وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ}، دووبارەی ئایەتی ١٨٤.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ

الله ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و بۆ ئێوە سەختی ناوێت، واتە ئەگەر نەخۆش بوون، یان لەسەر سەفەر بوون، ئاساییە کە بەڕۆژوو نەبن، وە کاتێکی دیکە ئەو چەند ڕۆژە بە ڕۆژوو ببنەوە، کە نەتانتوانیووە بە ڕۆژوو بن، بە هۆی نەخۆشیەوە، یان سەفەرەوە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ

واتە ئەگەر چەند ڕۆژێك نەتتوانی بە هۆی نەخۆشیەوە یان سەفەرەوە بەڕۆژوو بیت، ئەوە دواتر بیگێڕەوە و بەڕۆژوو ببەوە، بە قەد ئەو ڕۆژانەی کە نەتتوانیووە بەڕۆژوو بیت، بۆ ئەوەی ماوەکە تەواو بکەیت. واتە بە ڕۆژووبوونی ڕەمەزان تەواو بکەیت.

الالوسی البغدادی، لە روح المعانی دەڵێت، محمد صلعم گوتوویەتی:

مەڵێن ڕەمەزان، چونکە ڕەمەزان ناوێکە لە ناوەکانی اللە، بەڵکو بڵێن مانگی ڕەمەزان.

لە ڕاستیدا ناکۆکی هەیە سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی وشەی (رمضان)، ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

(رمضان)، لە وشەی (الرَّمَضُ) هاتووە، کە بە مانای (زۆر گەرم) دێت.

من دەڵێم:

ئەگەر وشەی (رمضان)، ئەسڵەکەی عەرەبی بێت و بە مانای زۆر گەرم بێت، بۆچی ساڵانە ١٠ ڕۆژ دێتە پێش، وە تەنانەت جار هەیە دەکەوێتەوە زستانەوە؟

هەر لەبەر ئەوە بۆچونێك هەیە، هەروەك جواد علی ئاماژەی پێکردووە، کە ئەسڵی وشەی ڕەمەزان ئەعجەمییە.

واتە: پێ دەچێت ئەسڵی وشەکە بۆ سابیئە حەرانیەکان بگەڕێتەوە.

وە ڕەمەزان مانگی نۆیەمە لە ساڵنامەی مانگیی، وە بە حوکمی ئەوەی ساڵنامەی مانگیی، ١١ ڕۆژی کەمترە لە ساڵنامەی خۆریی، ئەوە عەرەب لە سەردەمی جاهیلیی و تاوەکو ساڵی ٨ کۆچی هەر ٣ ساڵ جارێك مانگێکیان بۆ ساڵ زیاد دەکرد و ساڵیان دەکرد بە ١٣ مانگ، بۆ ئەوەی مانگەکان بگەڕێنەوە کاتی وەرزەکانی خۆیان. بەڵام دواتر قورئان لە ئایەتی ٣٧ التوبة، زیادکردنی ئەو مانگە بە کوفر دادەنێت:

إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ

مانگی زیادکراو، زیادەیەکە لە کوفر.

دوای ساڵی هەشت، ڕەمەزان لە وەرزێکەوە دەچێت بۆ وەرزێکی دیکە، چونکە ساڵانە ڕەمەزان ١٠ بۆ ١١ ڕۆژ دێتە پێش.

وە سەدەها فەرموودە هەیە سەبارەت بە ڕەمەزان، لێرە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

یەکەم: لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ وَصُفِّدَتْ الشَّيَاطِينُ

کاتێك ڕەمەزان هات، دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و شەیتانەکان کۆت و بەند دەکرێن.

دووەم: لە صحیح مسلم هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ

پێنج نوێژەکە و لە هەینیی بۆ هەینیی، وە لە ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان کەفارەتن بۆ ئەو گوناهەی لە نێوانیان کردووتە ئەگەر خۆت لە گوناهە گەورەکان بەدوور بگریت.

سێهەم: لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

وَالّذِی نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطيَبُ عِندَ اللَّهِ مِن رِيحِ المِسكِ

سوێند بەوەی کە گیانی محمدی بەدەستە، سوێند بێت بۆنی دەمی بەڕۆژووبوو لای الله، نایابترە لە بۆنی مسك.

چوارەم: لە سنن النسائی و ابن ماجة و البیهقی، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

فَمَنْ صَامَهُ وَقَامَهُ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا خَرَجَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ

هەر کەسێك بەڕۆژوو بێت و شەونوێژی بکات بە ئیمانەوە، ئەوە لە گوناهەکانی پاك دەبێتەوە هەروەك کەسێك تازە لە دایك بووبێت.

پێنجەم: السیوطی لە الدر المنثور، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە البیهقی ئاماژەی پێ كردووە، كە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ الْجَنَّةَ لَتَتَزَيَّنُ مِنَ الْحَوْلِ إِلَى الْحَوْلِ لِشَهْرِ رَمَضَانَ، وَإِنَّ الْحُورَ لَتَتَزَيَّنُ مِنَ الْحَوْلِ إِلَى الْحَوْلِ لِصُوَّامِ رَمَضَانَ، فَإِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ قَالَتِ الْجَنَّةُ : اللَّهُمَّ اجْعَلْ لِي فِي هَذَا الشَّهْرِ مِنْ عِبَادِكَ . وَيَقُلْنَ الْحُورُ الْعِينُ : اللَّهُمَّ اجْعَلْ لَنَا مِنْ عِبَادِكَ فِي هَذَا الشَّهْرِ أَزْوَاجًا

بەهەشت لە مانگی ڕەمەزانەوە بۆ ڕەمەزانی داهاتوو خۆی دەڕازێنێتەوە، وە حۆریەكان لە مانگی ڕەمەزانەوە بۆ ماگی ڕەمەزانی داهاتوو خۆیان دەڕازێننەوە، جا كاتێك ڕەمەزان گەیشت، بەهەشت دەڵێت: الله لەم مانگەدا بەشم بدە لە بەندەكانت، وە حۆریەكان دەڵێن: الله لەم مانگەكەدا مێردێكمان پێ بدە لە بەندەكانت.

شەشەم: السیوطی لە الدر المنثور دەڵێت، ڕیوایەتێك هاتووە، كە الدَّارَقُطْنِيُّ لە "الإِفْرَادِ"، وَالطَّبَرَانِيُّ ، وَأَبُو نُعَيْمٍ لە "الْحِلْيَةِ"، وَالْبَيْهَقِيُّ ، وَابْنُ عَسَاكِرَ و التِّرْمِذِيُّ لە "نَوَادِرِ الْأُصُولِ" ، وَابْنُ خُزَيْمَةَ، وَأَبُو الشَّيْخِ لە " الثَّوَابِ"، وَابْنُ مَرْدُوَيْهِ ، وَالْأَصْبَهَانِيُّ لە "التَّرْغِيبِ" ئاماژەیان پێ كردووە، كە محمد صلعم گوتوویەتی، كاتێك ڕەمەزان دێت حۆریەكان بە الله دەڵێن:

يَا رَبِّ، اجْعَلْ لَنَا مِنْ عِبَادِكَ أَزْوَاجًا، تَقَرُّ بِهِمْ أَعْيُنُنَا، وَتَقَرُّ أَعْيُنُهُمْ بِنَا

ئەی خوداكەمان، مێردێكمان لە بەندەكانت پێبدە، گلێنەی چاومان پێی بسرەوێت و چاوەكانیان بە ئێمە بسرەوێت.

حەوتەم: السیوطی لە الدر المنثور، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ صَامَ يَوْمًا مِنْ رَمَضَانَ فَسَلِمَ مِنْ ثَلَاثٍ ضَمِنْتُ لَهُ الْجَنَّةَ

هەر كەسێك لە ڕەمەزان بەڕۆژوو بوو، وە سەلامەت بوو لە ٣ شت، ئەوە بەهەشتی مسۆگەرە: لِسَانِهِ وَبَطْنِهِ وَفَرْجِهِ، واتە (زمان و سك و نێوگەڵی).

پرسیار: ئایا محمد زمان و نێوگەڵی خۆی لە ڕەمەزان پاراستووە؟

هەرگیز. بەڵگەكان:

له صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە عائیشە گوتوویەتی پێغەمبەر:

لَيُقَبِّلُ بَعْضَ أَزْوَاجِهِ وَهُوَ صَائِمٌ ثُمَّ ضَحِكَتْ

سوێند بێت یەكێك لە ژنەكانی لە ڕەمەزان ماچ دەكرد، وە بە ڕۆژوو بوو، ئینجا عائیشە پێكەنی.

وە لە مسند احمد و سنن ابو داود هاتووە، عائیشە گوتوویەتی:

انَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم كَانَ يُقَبِّلُهَا وَهُوَ صَائِمٌ وَيَمُصُّ لِسَانَهَا

پێغەمبەر ماچی دەكرم و بەڕۆژوو بوو، وە زمانی دەمژیم.

وە لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، عائیشە گوتوویەتی:

كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ وَكَانَ أَمْلَكَكُمْ لِإِرْبِهِ

پێغەمبەر ماچی دەكرم و لێی دەخشاندنم لە كاتێكدا بەڕۆژوو بوو، بەڵام وەك ئێوەی پیاوان نەبوو، ئاوی نەدەهاتەوە.

گوایە ڕەمەزان مانگی تەقوایە، بەڵام محمد نەیتوانیووە، لە ڕۆژگارەكانی ڕەمەزاندا خۆی لە شەهوەت بە دوور بگرێت.

وە هەروەها محمد شەڕ و كوشتاری لە ڕەمەزاندا كردووە، وەك شەڕی بەدر، كە لە ١٧ی ڕەمەزانی ساڵی دووی كۆچی ڕوویداوە، بە هۆی ئەوەی محمد و یاوەرەكانی هێرش دەكەنە سەر كاروانی بازرگانی قورەیش، وە هەروەها محمد و یاوەرەكانی لە ١٠ی ڕەمەزانی ساڵی هەشتی كۆچی، هێرش دەكەنە سەر مەككە و فتحی دەكەن.

## ئایەتی ١٨٦

وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

وە ئەگەر بەندەکانم سەبارەت بە من پرسیاریان لێت کرد، ئەوە من نزیکم، وەڵام بە نیزای نیزاکەر دەدەمەوە کاتێك بانگم دەکەن، دەبا ئەوانیش وەڵامم بدەنەوە، وە با باوەڕم پێ بێنن، بەڵکو ڕاستەڕێ بن.

واتە:

{وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي}، ئەی محمد ئەگەر بەندەکانم سەبارەت بە من پرسیاریان لێت کرد، {فَإِنِّي قَرِيبٌ}، ئەوە لە ڕاستیدا من نزیکم، {أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ}، وەڵام بە نیزای نیزاکەر دەدەمەوە کاتێك بانگم دەکات، {فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي}، دەبا ئەوانیش وەڵام بە من بدەنەوە و باوەڕم پێ بێنن، {لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ}، بەڵکو ڕاستەڕێ دەبن.

زۆر سەیرە، خودایەکی زەبەلاح و گەورە و گران بڵێت، دەتوخوا هەروەك چۆن وەڵام بە ئێوە دەمەوە ئێوەش وەڵام بە من بدەنەوە و باوەڕم پێ بێنن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی: جووەکان بە محمدیان گوت خوداکەمان چۆن گوێی لە نیزاکانمان دەبێت لە کاتێکدا تۆ دەڵێیت کە لە نێوان ئێمە و ئاسمان دووری پێنج سەد ساڵ هەیە، وە ئەستووری هەر ئاسمانێك پێنج سەد ساڵە؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە الحسن گوتوویەتی: خەڵکانێك بە پێغەمبەریان گوت، ئایا خوداکەمان نزیکە، تەنها بە ورتەورت بانگی بکەین یان دوورە و هاواری بۆ بکەین؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە دەڵێت ڕیوایەتێك لە سنن ابو داود هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ وَقَالَ رَبّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ

نیزاکردن، بەشێکە لە خوداپەرستی، وە خوداکەتان گوتوویەتی: بانگم بکەن وەڵامتان پێ دەدەمەوە.

# ئایەتی ١٨٧

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ

دەڵێت:

بۆتان حەلاڵ کرا کە لە شەوی ڕەمەزاندا ژنەکانیان بگێن، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە، وە ئێوە پۆشاکن بۆ ئەوان، الله زانی کە ئێوە خیانەتتان دەکرد، جا لێتان بوورا و لێتان خۆش بوو، جا ئێستا دەتوانن لەگەڵیاندا جووت بن، وە ئەوە بەدەست بێنن کە الله بۆ ئێوەی نووسیوە، وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو لە بەرەبەیاندا هێڵی سپیتان بۆ  لە هێڵی ڕەش دەناسنەوە، ئینجا بەڕۆژووبوون تەواو بکەن تاوەکو شەو، وە نەکەن لەگەڵیاندا جووت بن لە کاتێکدا لە شوێنەکانی کڕنۆشبردندا مت بوون، ئەوە سنوورەکانی اللەیە، جا نەکەن لێی نزیك ببنەوە، بەم جۆرە الله نیشانەکانی بۆ خەڵك ڕوون دەکاتەوە، بەڵکو خۆپارێز دەبن.

واتە:

{أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ}، بۆتان حەلاڵ کرا کە لە شەوی ڕەمەزاندا گان لەگەڵ ژنەکانتان بکەن، {هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ}، ئەوان پۆشاکی ئێوەن، وە ئێوە پۆشاکی ئەوانن، {عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ}، الله زانیی کە خیانەتتان دەکرد، {فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ}، جا لە ئێوەی بووری و لێتان خۆش بوو، {فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ}، جا ئێستا دەست بکەن بە گاینیان، {وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ}، وە ئەوە بە دەست بێنن کە الله لەسەر ئێوەی نوسیووە، {وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ}، وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش لە بەرەبەیاندا لێك جیادەکەنەوە، {ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ}، ئینجا بەردەوام بن لە بەڕۆژووبوون تاوەکو شەو، {وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ}، وە نەکەن بیانگێن لە کاتێکدا ئێوە لە مزگەوتەکان متن، {تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا}، ئەوە سنووری

اللهیە، جا نەکەن لێی نزیك ببنەوە، {كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ}، بەم شێوەیە الله ئایەتەکانی بۆ خەڵك ڕووندەکاتەوە، {لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ}، بەڵکو خۆپارێز دەبن.

تێبینیی و سەرنج:

{الرَّفَثُ}، واتە کار و گوفتاری قێزەوەنی تایبەت بە جووتبوون.

وەك ابن منظور لە لسان العرب، سەبارەت بە وشەی (رفث) دەڵێت:

{الرفث}، واتە جووتبوون و شتانێکی دیکە کە لە نێوان پیاو و ژنەکەیدا ڕوودەدات، وەك ماچ و دەستبازیی و شتی لەم چەشنە کە لە حاڵەتی جووتبووندا ڕوودەدات، وە لە بنەڕەتدا واتە گوفتاری خراپ و ناشیرین و قێزەوەن.

کەواتە ئەم بڕگەیە: {أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ}، بۆتان حەڵاڵ کرا کە لە شەوانی بەڕۆژووبووندا، کردار و گوفتاری پەیوەست بە گانکردن لەگەڵ ژنەکانتاندا بکەن، ژنەکانتان پۆشاکی ئێوەن، وە ئێوەی پیاو پۆشاکی ژنەکانتانن.

واتە: لە دوای ڕۆژوو شکاندن، لە شەودا بۆتان حەڵاڵ کرا کە کردار و گوفتاری پەیوەست بە گان لەگەڵ ژنەکانتان بکەن.

کەواتە لەسەرەتا نابێت حەڵڵ بووبێت، دواتر حەڵاڵ کراوە.

وە بڕگەی دواتر ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات کە دەڵێت:

عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ

الله زانی کە ئێوە خیانەتتان دەکرد، جا الله تۆبەی قبووڵ کردن و لە گوناهەکەتان خۆش بوو، جا هەر ئێستا بیانگێن.

واتە: لەگەڵ ئەوەش لەسەرەتا حەرام بووە کە پیاوان لە شەوانی ڕەمەزاندا لەگەڵ ژنەکانیان جووت بن، بەڵام هەندێك لە موسڵمانان پابەند نەبوون و لەگەڵ ژنەکانیان جووت بوون، وەك دەڵێت: {تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ} خیانەتتان لە خۆتان دەکرد.

ئینجا دەڵێت: {فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ}، الله تۆبەی قبووڵ کردن و لەو گوناهەتان خۆش بوو، هەر ئێستا ژنەکانتان بگێن. واتە حەڵاڵ کرا کە لە شەوانی ڕەمەزان لەگەڵ ژنەکانتان جووت بن.

بەڵام پرسیار: ئایا الله زانیویەتی {عَلِمَ اللَّهُ- الله زانی} کە هەندێك لە موسڵمانان لە شەوانی ڕەمەزاندا لەگەڵ ژنەکانیان جووت بوون، لەگەڵ ئەوەش حەرام بووە؟

هەرگیز، ئەگەر بیزانیایە ئەوە پێویست بە هۆکار نەدەبوو بۆ دابەزینی ئەم ئایەتە. الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

عومەر ڕەزای اللەی لێبێت، شەوێك لە لای پێغەمبەر گەڕایەوە ماڵەوە، بینی ژنەکەی خەوتووە، عومەر ویستی لەگەڵیدا جووت بێت، ژنەکەی گوتی خەوتووم، عومەر گوتی نەخەوتیت، کەوتە سەری و لەگەڵیدا جووت بوو. بەیانیەکەی عومەر هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: داوای لێبووردن لە الله و لە تۆ دەکەم، شەوی ڕابردوو گانم لەگەڵ ژنەکەمدا کردووە، ئایا دەتوانیت مۆڵەتێکم بۆ بەدەست بهێنیت؟ گوتی: نەدەبووایە ئەم کارە بکەیت ئەی عومەر، جا کاتێك گەیشتەوە ماڵەوە، پێغەمبەر بە دوایدا ناردی و پێی گوت الله ئەم ئایەتەی دابەزاند و حەڵاڵی کرد لە شەوانی ڕەمەزان لەگەڵ ژنەکانتان جووت بن

وە لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە البراء دەڵێت:

لَمَّا نَزَلَ صَوْمُ رَمَضَانَ كَانُوا لَا يَقْرَبُونَ النِّسَاءَ رَمَضَانَ كُلَّهُ ، وَكَانَ رِجَالٌ يَخُونُونَ أَنْفُسَهُمْ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى : عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ

کاتێك بەڕۆژووبوونی ڕەمەزان فەرزکرا، نەدەبووایە بە درێژایی ڕەمەزان پیاو لەگەڵ ژنەکەی جووت بێت، بەڵام پیاوان خیانەتیان دەکرد و لەگەڵ ژنەکانیان جووت دەبوون، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند و گوتی: الله زانی کە خیانەت دەکەن، الله لێتان بوورا و لێتان خۆش بوو.

واتە دوای ئەوەی عومەر ئەم کارەی کردووە و هاتووە بە محمدی گوتووە، ئەم ئایەتە دابەزیووە و الله یاساکەی گۆڕیوە، واتە حەرامێکی بۆ عومەر کردووە بە حەڵاڵ!

وە محمد و نووسەرانی قورئان، پێ دەچێت بە تووڕەییەوە ئەم ئایەتەیان نووسیبێت، واتە لە عومەر تورە بووبن، چونکە وشەی {الرفث}یان بەکارهێناوە، وە (الرفث)، واتە هەمووکار و کردەوە و گوفتارێکی قێزەوەن و ناشیرین کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە.

وە الطبری ئاماژە بە چەند کەسێك لە یاوەرەکانی محمد دەکات کە لە شەوانی ڕەمەزان لەگەڵ ژنەکانیان جووت بوون:

عمر بن الخطاب و کعب بن مالك

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ئەم برگەیە: {فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ- هەر ئێستا ژنەکانتان بگێن}، وەك ابن العربی گوتوویەتی: بەڵگەیە کە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە گانکردنەکەی عومەری کوڕی خەتاب بووە.

هەڵەیەکی نووسین لەم بڕگەیەدا: {وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ}، (وە ئەوە بە دەست بێن کە الله لەسەرتانی نووسیوە).

زۆر بێمانایە، چونکە ئەم ئایەتە پەیوەندی بە بەڕۆژووبوون و گانکردن هەیە لە شەوانی ڕەمەزان.

لە بنەڕەتدا وشەکە، {وَاتَّبِعُوا} بووە، کە بە مانای (پیادە بکەن) دێت، وەك القرطبی دەڵێت:

الْحَسَنُ الْبَصْرِيُّ وَالْحَسَنُ ابْنُ قُرَّةَ، دەیانخوێندەوە: {وَاتَّبِعُوا.}

ئەگەر سەیری هەردووك وشەکە بکەیت بە بێ خاڵ و جووڵە، دەبینیت کتومت وەك یەکن، واتە لە کاتی خاڵبەندیکردنی پیتەکان هەڵە کراوە.

وَاتَّبِعُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ واتە: پیادەی ئەوە بکەن کە الله لەسەر ئێوەی نووسیوە، واتە پیادەی حوکمەکانی ئەم ئایەتە بکەن و پابەندی بن.

ئینجا ئەم ئایەتە دەڵێت:

وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ

واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو بۆتان ڕووندەبێتەوە هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش لە بەرەبەیاندا.

نوکتەیەکی خۆش هەیە سەبارەت بەم بڕگەیە. کاتێك جبرایل ئەم ئایەتە بۆ محمد دادەبەزێنێت، لە بیر دەکات لەگەڵیدا ئەم بڕگەیە دابەزێنێت کە دەڵێت: {مِنَ الْفَجْرِ- لە بەرەبەیان}، وە تەنها ئەو بڕگەیە بۆ محمد دادەبەزێنێت کە دەڵێت:

وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ

وە بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو بۆتان هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش ڕووندەبێتەوە.

واتە  تاوەکو دەتوانن سپی ڕۆژ و تاریکایی شەو لێك جیابکەنەوە بخۆن و بخۆنەوە

وە {الْخَيْطُ}، واتە داو.

لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، سَهْلِ بْنِ سَعْد دەڵێت:

نَزَلَتْ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ وَلَمْ يَنْزِلْ مِنَ الْفَجْرِ وَكَانَ رِجَالٌ إِذَا أَرَادُوا الصَّوْمَ رَبَطَ أَحَدُهُمْ فِي رِجْلَيْهِ الْخَيْطَ الْأَبْيَضَ وَالْخَيْطَ الْأَسْوَدَ ، وَلَا يَزَالُ يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُ رُؤْيَتُهُمَا ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ بَعْدُ " مِنَ الْفَجْرِ " فَعَلِمُوا أَنَّهُ إِنَّمَا يَعْنِي بِذَلِكَ بَيَاضَ النَّهَارِ

دابەزی، {بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو هێڵی سپی لە هێڵی ڕەش لێك جیادەکەنەوە}، وە ئەو بڕگەیە دانەبەزی کە دەڵێت {لە بەرەبەیاندا}، وە کاتێك پیاوێك بەڕۆژوو دەبوو، پەتیکی سپی و پەتێکی ڕەشی لە قاچێکی دەبەستا، وە بەردەوام دەیخوارد و دەیخواردەوە تاوەکو دەیتوانی لێکیان جیابکاتەوە، ئەوەبوو الله دواتر دایەبەزاند {لە بەرەبەیاندا}، ئینجا زانیان کە مەبەست ڕووناکی ڕۆژ و تاریکی شەوە.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە نووسەری قورئان ئەم دەقەی لە تلموذی یهوودی وەرگرتووە، بە یەك جیاوازی تلموذی یەهوودی دەڵێت هێڵی شین:

إن أول نهار الصيام هو الوقت الذي يقدر المرء فيه أن يتبيّن الخيط الابيض من الخيط الازرق

یەکەم ڕۆژی بەڕۆژووبوون، ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ دەتوانێت هێڵی سپی لە هێڵی شین جیابکاتەوە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

ثمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ

ئینجا کاتێك هێڵی سپی و ڕەشتان لە بەرەبەیان لێك جیاکردەوە، بەڕۆژوو بن تاوەکو شەو (ڕۆژ ئاوابوون).

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ

وە نەکەن ژنەکانتان بگێن کاتێك ئێوە لە مزگەوتدا مت بوون.

واتە لە ڕۆژگارەکانی ڕەمەزان لە مزگەوت ژنەکانتان مەگێن.

کەواتە لە مانگەکانی دیکە جووتبوون لەگەڵ ژناندا ئاساییە و ڕێگا پێدراوە.

وە بۆ ئەم برگەیە لەم ئایەتە دابەزیووە؟ دیارە کۆمەڵێك پیاو لە مانگی ڕەمەزاندا لە مزگەوت لەگەڵ ژنەکانیاندا جووت بوون، وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، قتادة و مجاهید و چەندەها کەسی دیکە گوتوویانە، بەر لە دابەزینی ئەم ئایەتە ئەم کارەیان دەکرد.

## ئایەتی ١٨٨

وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە نەکەن سامانی یەکتر بە ناڕەوایی بخۆن و پێیەوە لە کاربەدەست خۆتان نزیك بکەنەوە، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە ناڕەوایی لە سامانی خەڵك بخۆن، وە خۆتان دەزانن.

واتە:

{وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ}، وە نەکەن سامانی یەکتر بە ناڕەوایی و بە ناهەق بخۆن، {وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ}، وە بە سامانەکەتانەوە لە حاکم خۆتان

نزيك بكەنەوە، {لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ}، بۆ ئەوەی دەستەیەکتان بە گوناه و نارەواییەوە سامانی خەڵك بخۆن، {وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}، وە خۆتان دەزانن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت: { وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ}، واتە: لە ڕێگای سامانتانەوە نەکەن خۆتان لە بڕیاردەر و حاکم نزیك بکەنەوە، {لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ}، ئەوکارە بکەن بۆ ئەوەی لە سامانی خەڵك بە نارەوایی بخۆن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێن:

إِنَّهُ نَزَلَ فِي عَبْدَانَ بْنِ أَشْوَعَ الْحَضْرَمِيِّ ، ادَّعَى مَالًا عَلَى امْرِئِ الْقَيْسِ الْكِنْدِيِّ وَاخْتَصَمَا إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَأَنْكَرَ امْرُؤُ الْقَيْسِ وَأَرَادَ أَنْ يَحْلِفَ فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ ، فَكَفَّ عَنِ الْيَمِينِ وَحَكَّمَ عَبْدَانَ فِي أَرْضِهِ وَلَمْ يُخَاصِمْهُ

ئەم ئایەتە دابەزی سەبارەت بە کێشەی نێوان عەبدان کوڕی ئەشوەعی حەزرەمی و امْرِئِ الْقَيْسِ الْكِنْدِی یە لەسەر زەوییەك، مشتومڕەکەیان برد بۆ لای پێغەمبەر، امْرُؤُ الْقَيْسِ ویستی سوێند بخوات، ئەم ئایەتە دابەزی، سوێندەکەی نەخوارد، پێغەمبەر بڕیاری دا کە زەویەکە بۆ عبدانە.

# ئایەتی ١٨٩

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَىٰ وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت:

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە مانگ، بڵێ مانگ بریتیە لە کات دیاریکەرە بۆ خەڵك و بۆ حەج، وە چاکە لەوەدا نییە کە لە پشتەوە بچنە ناو ماڵەکانەوە، بەڵام چاکە ئەوکەسەیە کە خۆپارێزە و دەچێتە ماڵەکانەوە لە دەرگاکانیانەوە، وە لە الله بترسن بەڵکو فریاد دەبن.

واتە:

{يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ}، ئەی محمد دەربارەی مانگ پرسیارت لێ دەکەن، کە مانگ چییە؟ {قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ}، بڵێ مانگ کات دیاریکەرە بۆ خاڵك و بۆ حەج، {وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا}، وە چاکە لەوەدا نییە کە لە پشتەوە بچنە ناو ماڵی خەڵکەوە، {وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَىٰ وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا}، بەڵکو چاکەکار ئەو کەسەیە کە لە دەرگاکانەوە دەچێتە ماڵەکانەوە، {وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ}، وە لە الله بترسن بۆ ئەوەی فریادتان بێت.

ئەم ئایەتە لە دوو بابەت پێك هاتووە کە هیچ پەیوەندیان بە یەکەوە نییە:

یەکەم: پرسیاریان لە محمد کردووە مانگ چییە؟ لە وەڵامدا گوتوویەتی مانگ دیاریکەری کاتە بۆ خەڵك و حەج.

وەڵامێکی سەیرە، وە من پێم وایە کە خۆر گرنگترە لە ڕووی دیاریکردنی کاتی ڕۆژ و زانینی وەرزەکان.

دووەم: چوونە ناو ماڵانەوە، نەکەن لە دواوە بچنە ناو ماڵانەوە، بەڵکو لە دەرگا بچنە ماڵانەوە.

هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە محمد هەڕەی لە مەڕە دەرنەکردووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و الطبری لە جامع البیان و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

لە پێغەمبەریان پرسیار کرد بۆچی مانگ هەندێك جار هیلالە و هەندێك جار نیوەیە و دواتر پڕ دەبێت و دەبێتەوە هیلال.

لەوەڵامدا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە محمد دەڵێت: {قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ}، مانگ بریتیە لە دیاریکەری کات بۆ خەڵك و زانینی کاتی حەج.

پرسیارەکە ڕوونە بۆچی مانگ لە سەرەتای مانگ هیلالە، دواتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پڕ دەبێت و تاوەکو دەبێت بە مانگی چواردە شەو، ئینجا کەم دەکاتەوە.

ئەگەر قورئان لە وەحی خودا بووایە، دەبووایە وەڵامێکی زانستی بداتەوە، بە تایبەتی زانای یۆنانی ئەنەکسەگۆرەس ٦٠٠ ساڵ پێش زاین، واتە ١٢٠٠ ساڵ پێش ئیسلام وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە لە محمد کراوە.

وە لە ئایەتی ٥ سوورەتی یونس دەڵێت مانگ:

لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ

بۆ ئەوەیە کە ژمارەی ساڵەکان و حیسابەکان (مانگەکان) بزانن.

وە سەبارەت بە برگەی دووەمی ئەم ئایەتە: {وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا وَلَـٰكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَىٰ وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا}، القرطبی سەبارەت بە هۆکاری دابەزین دەڵێت:

کاتێك عەرەبەکانی مەدینە حەجیان دەکرد و دەگەڕانەوە، ئەوە لە پشتەوە دەهاتنە ناو ماڵەکانیانەوە، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی و گوتی لە پشتەوە مەچنە ماڵەکانتانەوە، بەڵکو لە دەرگاکان بڕۆنە ژوورەوە.

# ئایەتی ١٩٠

وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ

دەڵێت:

وە لە پێناو ڕێبازی الله شەڕی ئەوانە بکەن کە شەڕتان دەکەن و دەستدرێژی مەکەن، الله ئەوانەی خۆش ناوێت کە دەستدرێژیکەرن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەوە یەکەم ئایەتە دابەزیووە کە تیایدا فەرمان کراوە بە شەڕکردن دژ بە خەڵکی کافر و موشریك.

ابن زید گوتوویەتی: ئەم ئایەتە نەسخ بووە بە ئایەتی ٣٦ سوورەتی التوبة کە دەڵێت: {وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً- وە شەڕی گشت موشریکەکان بکەن، هەروەك چۆن گشتیان شەڕتان دەکەن}، دواتر ئەمەش نەسخ بوو بە ئایەتی ١-٥ سوورەتی التوبة.

وە الطبری سەبارەت بە {وَلَا تَعْتَدُوا- دەستدرێژی مەکەن} دەڵێت: واتە منداڵ و ژن مەکوژن، وە ئەوانەی ئەهلی پەرتووك مەکوژن کە سەرانە دەدەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتە دابەزیووە کە تیایدا فەرمان کراوە بە کوشتار. بەڵام لە ابو بکر دەگێڕنەوە کە یەکەم ئایەت ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت: {أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا- مۆڵەت دراوە بەوانەی شەریان لەبەرامبەر دەکرێت کە شەڕ بکەن چونکە ستەمیان لێکراوە}، ئایەتی ٣٩ سوورەتی الحج.

{وَلَا تَعْتَدُوا}، واتە ژن و منداڵ و پیاوانی ئاینی مەکوژن.

# ئایەتی ١٩١

وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ

دەڵێت:

وە بیانکوژن لە هەر شوێنێك تووشیان بوون، وە دەریانبکەن لەو شوێنەی دەریان کردوون، وە ئاژاوە دژوارترە لە کوشتن، وە شەریان مەکەن لای شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام تاوەکو ئەوان لەوێدا شەڕتان دەکەن، جا ئەگەر شەڕیان کردن، ئەوە شەڕیان بکەن، ئەوەیە پاداشتی کافرەکان.

واتە:

{وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ}، لە هەر کوێیەك تووشیان بوون بیانکوژن، {وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ}، وە لەو شوێنەی ئێوەیان دەرکرد دەریان بکەن، {وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ}، وە ئاژاوە، واتە کوفر و شرك، دژوارترە لە کوشتن، {وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ}، وە نەکەن لای شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام، کعبە، شەڕیان بکەن تاوەکو ئەوان شەڕی ئێوە دەکەن، {فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ}، جا ئەگەر شەڕیان کردن، ئەوە شەڕیان بکەن، {كَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ}، پاداشتی کافرەکان بەم جۆرەیە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ}، واتە: ئەی ئیمانداران لە هەر کوێیەك موشریکەکانتان گرت و دەستتان پێیان ڕاگەیشت، بیانکوژن.

{وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ}، وه ئەی ئیمانداارانی کۆچکردوو بۆ مەدینە، هەروەك چۆن ئێوەیان لە مەککە دەرکرد، ئەوە ئێوەش موشریکەکان دەربکەن.

{وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ}، واتە شرك بە اللە دژوارترە لە کوشتن.

وە الطبری سەبارەت بەم بڕگەیە: {وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ}، (وە نەکەن لە لای کەعبە شەڕیان بکەن تاوەکو تیایدا شەڕتان دەکەن، جا ئەگەر شەڕیان کردن، ئەوە شەڕیان بکەن)، دەڵێت:

گەورە قورئانخوێنانی کوفە، دەیانخوێندەوە: {وَلَا تَقْتُلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامَ حَتَّى يَقْتُلُوكُمْ فِيهِ فَإِنْ قَتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ}.

واتە: نەکەن لای کەعبە بیانکوژن تاوەکو تیایدا دەتانکوژن، جا ئەگەر ئێوەیان کوشت، ئەوە شەڕیان بکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە دەڵێت:

ئەم ئایەتە دابەزی سەبارەت بە عمر بن الحضرمي، کە کاتێك واقد بن عبداللە التميمي لە دوا ڕۆژی مانگی ڕەجەب کوشتی، (ڕەجەب مانگێکە کە لە داب و نەریتی عەرەب شەڕ و کوشتن تیایدا حەرام بووە). ئەوە کاتێك بوو کە پێغەمبەر دەستەیەکی چەکداری نارد بە سەرکردایەتی عبداللە بن جحش.

وە دەڵێت ئەم بڕگەیە: {وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ- نەکەن شەڕیان بکەن لای مزگەوتی حەرام، کەعبە}، زاناکان دوو وتەوتیان هەیە: یەکێکیان ئەوەیە دەڵێن ئەم ئایەتە نەسخ بووە، وە دووەمیان مەحکەمە و نەسخ نەبووە.

قتادة گوتوویەتی، بە ئایەتی ٥ سوورەتی التوبة نەسخ بووە:

فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ

کاتێك مانگە حەرامەکان تێپەڕ بوون، موشریکەکان بکوژن لەهەر کوێیەك تووشیان بوون.

وە دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر فەتحی مەککەی کرد، پێیان گوت: ابن اخطل خۆی بە پەردەی کەعبە هەڵواسیوە، گوتی بیکوژن.

وە هەروەها لە کاتی فەتحی مەککە:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعَثَ خَالِدَ بْنَ الْوَلِيدِ يَوْمَ الْفَتْحِ وَقَالَ : احْصُدْهُمْ بِالسَّيْفِ حَتَّى تَلْقَانِي عَلَى الصَّفَا حَتَّى جَاءَ الْعَبَّاسُ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، ذَهَبَتْ قُرَيْشٌ ، فَلَا قُرَيْشَ بَعْدَ الْيَوْمِ

پێغەمبەر خالید کوڕی وەلیدی نارد لە ڕۆژی فەتحی مەککە و گوتی: بە شمشێر دروێنەیان بکە تاوەکو لەسەر سەفا پێم دەگەیت، ئەوەبوو العباس هات و گوتی: ئەی پێغەمبەری الله قورەیش نەما، دوای ئیمڕۆ قورەیش نامێنێت، (واتە زۆرت کوشت).

# ئایەتی ١٩٢

فَإِنِ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە:

ئەگەر کۆتاییان بە شرك هێنا و ئیسلامیان هەڵبژارد، ئەوە الله دەبوورێت لە گوناهەکانیان.

وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەگەر وازیان لە شەڕکردن هێنا و بوون بە ئیسلام و تۆبەیان کرد.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەگەر ئەو کافرانە وازیان لە شەڕکردن و کوفر بە الله هێنا، ئەوە الله لە گوناهەکانیان دەبوورێت.

# ئایەتی ١٩٣

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنِ انتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ

دەڵێت:

وە شەڕیان بکەن تاوەکو ئاژاوە نامینێت، وە ئاین تەنها ئاینی اللە دەبێت، جا ئەگەر کۆتاییان هێنا، ئەوە دەستدرێژی نامینێت تەنها بۆ سەر ستەمکاران نەبێت.

ئەم ئایەتە دوو شت دەردەخات:

یەکەم: شرك و کوفر ئاژاوەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بنەبڕبکرێت تاوەکو تاکە ئاین بوونی دەبێت، کە ئاینی اللەیە، واتە ئیسلام.

دووەم: ئەگەر وازیان لە ئاژاوە هێنا، واتە دەستبەرداری شرك و کوفر بوون، واتە بوون بە ئیسلام، ئەوکاتە:

فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ

موسڵمانان دەستدرێژی ناکەنە سەر هیچ کەسێك، تەنها موشریکەکان و کافرەکان نەبێت.

{الظَّالِمِينَ- ستەمکاران}، واتە ئەوانەی موشریك و کافرن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ }، واتە تاوەکو شرك بە اللە نامینێت و تاوەکو تەنها اللە دەپەرسترێت و بتپەرستی بوونی نامینێت.

{ویکونَ الدِّینُ للە}، واتە تاوەکو هیچ شتێك و کەسێك ناپەرسترێت تەنها اللە نەبێت.

وەك لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، فەرمودەیەك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ فَقَدْ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا وَحِسَابِهِمْ عَلَى اللَّه

فەرمانم پێکراوە کە دژ بە خەڵك بجەنگم تاوەکو دەڵێن: هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوە خوێن و سامانیان لە من پارێزراو دەبێت، تەنها بە هەقی ئیسلام نەبێت، وە لێپرسینەوەیان لەسەر الله دەبێت.

واتە محمد گوتوویەتی: ئەگەر نەبیت بە ئیسلام ئەوە کوشتن و تاڵانکردنی سامانەکەت بۆ من حەڵاڵە.

الطبری سەبارەت بە {فَإِنِ انْتَهَوْا} دەڵێت، واتە جا ئەگەر وازیان لە شرك و بتپەرستی هێنا و تەنها اللهیان پەرست و بوون بە ئیسلام، {فَلا عُدْوَانَ إِلا عَلَى الظَّالِمِينَ}، ئەوە ئەوکات دەستدرێژی نابێت، تەنها بۆ سەر موشریك و کافرەکان نەبێت، ئەوانەی ڕەتدەکەنەوە کە بڵێن هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

# ئایەتی ١٩٤

الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ

دەڵێت:

مانگی حەرام لەبەرانبەر بە مانگی حرام، وە تۆڵەکردنەوە بۆ شکاندنی حورماتەکان، جا هەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەرتان ئەوە دەستدرێژی بکەنەوە سەری، بە هەمان شێوەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەرتان، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله لەگەڵ خواپەرستانە.

واتە:

{الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ}، ئەگەر لە مانگە حەرامەکان دەستدرێژی کرا، ئەوە دەبێت لە مانگی حەرام وەڵامیان بدرێتەوە، {وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ}، وە بۆ شکاندنی ڕێزی ئەو شتانەی کە پیرۆزن، تۆڵەکردنەوە هەیە، {فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ}، جا هەر کەسێك دەستدرێژی کردە

سەرتان، ئەوە بە هەمان ئەو شێوەیەی دەستدرێژی کردۆتە سەرتان، دەستدرێژی بکەنەوە سەریان، {وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ}، وە لە الله بترسن، وە بزانن الله لەگەڵ ئەوانەیە کە لە الله دەترسن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{الشَّهْرُ الْحَرَامُ}، مانگی حەرام ئەو مانگانەن کە عەرەب لە سەردەمی جاهیلی کوشتار و کوشتنی تیادا حەرام و قەدەغە کردبوو.

وە سەبارەت بە {الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ - مانگی حەرام لەبەرانبەر بە مانگی حەرام، وە بۆ شکاندنی پیرۆزیەکان تۆڵە سەندنەوە هەیە}. الطبری دەڵێت، واتە مانگی ذالقعدة

وە سەبارەت بە هۆکاری دابەزین دەڵێت:

لە ساڵی ٦ کۆچی پێغەمبەر جلی عومرەی لەبەر کرد و ڕۆیشت بچێت بۆ مەککە، بەڵام موشریکەکانی مەککە ڕێگایان لێ گرت کە بچێتە مەککەوە، وە ئەوەبوو پەیمانی حودەیبیەیان واژۆ کرد، وە بەڵێنیان پێی دا کە ئەگەر ساڵی داهاتوو بگەڕێتەوە، واتە ساڵی حەوتی کۆچی، ئەوە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ ڕێگای دەدەن بچێتە ناو مەککەوە بۆ ئەوەی عومرە بکات، ئەوەبوو لە ساڵی حەوتەم خۆی و یاوەرەکانی پۆشاکی عومەرەیان پۆشی و ڕێگایان پێیاندا ٣ ڕۆژ بچنە مەککەوە، عومەرەی کرد و گەڕایەوە مەدینە، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند و گوتی {الشَّهْرُ الْحَرَامُ}، واتە ذالقعدة، کە ڕێگایا لێتان گرت بچنە مەککەوە لە ساڵی ڕابردوو، {بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ}، لەبەرانبەر بە مانگی حەرام، واتە ذالقعدةی ساڵی حەوت کە ڕێگایان پێتاندا بچنە مەککەوە بۆ ئەنجامدانی عومرە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە {فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ- جا هەر کەسێك دەستدرێژی کردە سەرتان ئەوە بە هەمان ئەو شێوەیەی دەستدرێژی کردۆتە سەرتان دەستدرێژی بکەنە سەریان} دەڵێت:

هیچ ناکۆکیەك لە نێوان زانایاندا نیە کە ئەم ئایەتە ئەسڵ و بەڵگەیە کە دەبێت تۆڵە بە هەمان شێوە بێت. واتە ئەگەر کەسێك بە شتێك کوژرا، ئەوە بکوژەکە دەبێت بە هەمان شت بکوژرێتەوە.

وه دەڵێت ئەگەر پیاوێك بە هۆی دەستدرێژی سێکسیەوە مرد، ئەوە الشافعی گوتوویەتی:

إِنَّهُ يُقْتَلُ بِذَلِكَ ، فَيُتَّخَذُ عُودٌ عَلَى تِلْكَ الصِّفَةِ وَيُطْعَنُ بِهِ فِي دُبُرِهِ حَتَّى يَمُوتَ

بە هەمان شێوە دەبێت بکوژەکە بکوژرێتەوە، دەبێت دارێك لە شێوەێ چووك بهێنیت و بیخەیتە ناو کۆمیەوە تاوەکو دەمرێت.

## ئایەتی ١٩٥

وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ

دەڵێت:

وە لە پێناو ڕێبازی الله ببەخشن و خۆتان بەدەستەکانتان تووشی هیلاکەت مەکەن و چاکە بکەن، الله چاکەکەرانی خۆش دەوێت.

واتە:

پارە و سامان ببەخشن لە پێناو جیهاد، وە نەکەن دەستبەرداری بەخشین بن بۆ جیهاد، دەستگرتنەوەتان و نەبەخشینتان لە پێناو الله، وەك ئەوە وایە کە خۆتان بە دەستەکانتان فڕێبدەنە {التَّهْلُكَةِ}، واتە دۆزەخ.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: {وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ}، واتە دەست بە پارە و سامانەوە گرتن و نەبەخشینی بۆ جیهاد، وە دەستبەرداربوونی جیهاد.

## ئایەتی ١٩٦تا ٢٠٠

ئەم پێنج ئایەتە پەیوەستن بە داب و نەریتی حەج.

## ئایەتی ١٩٦

وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ

مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ

دەڵێت:

وە حەج و عومرە بۆ الله تەواو جێبەجێ بکەن، جا ئەگەر سنووردار کران ئەوە هەرچیەك بۆتان لوا لە قوربانی ئەنجام بدەن، وە سەرتان مەتاشن تاوەکو قوربانیەکەی بە شوێنی خۆی دەگات، جا ئەگەر هەر کەسێکتان نەخۆش بوو یان کێشەیەك لە سەریدا هەبوو، با فیدیەك بکات لە: بەڕۆژووبوون، یان خێرێك، یان قوربانیەك بکات، وە هەر کاتێك متمانەتان هەبوو، جا ئەوەی کە خۆشی عومرەی کرد بۆ حەج، ئەوە هەر قوربایەك بۆی لوا با بیکات، جا ئەوەی نەیبوو، ئەوە با ٣ ڕۆژ لە حەجدا بەڕۆژوو بێت، وە ٧ ڕۆژ کاتێك گەڕانەوە ئەوە ١٠ ڕۆژی تەواو دەکات، ئەوە بۆ کەسێکە کە خانەوادەکەی نیشتەجێی مەککە نین، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله سزاکەی دژوار و سەختە.

واتە:

{وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ}، حەج و عومرە بە جێ بگەیەنن بۆ الله، {فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ}، جا ئەگەر گیرتان خوارد و ڕێگریتان لێ کرا بگەن بە مەککە، {فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ}، ئەوە هەر ئاژەڵێك کە دەستتان پێی ڕاگەیشت و بۆتان لوا بیکەن بە قوربانی، {وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ}، وە نەکەن سەرتان بتاشن تاوەکو قوربانیەکەی بە شوێنی خۆی دەگات، واتە بەو شوێنە دەگات کە تیایدا سەردەبڕێت، {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ}، بەڵام ئەگەر کەسێك نەخۆش بوو یان کێشەیەك لە سەریدا بوو، وەك ئەسپێ، ئەوە دەتوانێت سەری بتاشێت پێش ئەوەی قوربانیەکە بە شوێنی خۆی بگات و سەربربڕێت، {فَفِدْيَةٌ}، بەڵام دەبێت فدیە بدات، وە فیدیەکەی {مِّن صِيَامٍ}، بە ڕۆژوو بوونە، {أَوْ صَدَقَةٍ}، یان سەدەقەیەك بکات، {أَوْ نُسُكٍ}، یان ئاژەڵێك بکات بە قوربانی، {فَإِذَا أَمِنتُمْ}، جا ئەگەر متمانەتان هەبوو و ئاسایش بەرقەرار بوو، {فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ}، وە هەر کەسێك عومەری ئەنجام دا و ئینجا ویستی لەگەڵیدا حەج بکات، {فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ}، ئەوە هەر قوربانیەك کە بۆتانکرا بیکەن بە قوربانی، {فَمَن لَّمْ يَجِدْ}، وە ئەگەر کەسێك توانایی نەبوو

ئاژەڵێك بكات بە قوربانی، {فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ}، ئەوە ٣ ڕۆژ لە حەج و ٧ ڕۆژ كە گەڕانەوە بەڕۆژوو بن، {تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ}، كە دەكاتە ١٠ ڕۆژی تەواو، {ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، ئەوە بۆ كەسێكە كە خانەوادەكەی نیشتەجێی مەككە نین، {وَاتَّقُواْ اللّهَ}، وە لە الله بترسن، {وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}، وە بزانن كە الله سزاكەی دژوار و سەختە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران و الطبری لە جامع البيان دەڵێن:

لە قورئانەكەی عبدالله بن مسعود نووسرابوو: { وَأَقِيمُوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ إِلَى الْبَيْتِ لِلَّهِ}، واتە: حەج و عومرە بۆ ماڵەكە، كەعبە، ئەنجام بدەن بۆ الله.

وە هەروەها علی كوڕی ابي طالب، دەیخوێندەوە: {وَأَقِيمُوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلْبَيْتِ}.

وە الطبری دەڵێت:

{فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ}، دەڵێت، واتە ئەگەر ڕێگریەك یان كێشەیەك هەبوو كە بە هۆیەوە نەتانتوانی بگەن بە كەعبە بۆ ئەنجامدانی حەج و عومرە، جا بە هۆی نەخۆشی، یان شەڕ، یان ڕێگری دوژمن بێت، {فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ}، ئەوە هەر ئاژەڵێك كە دەستتان پێی گەیشت بكەن بە قوربانی، { وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ}،وە نەكەن سەرتان بتاشن، تاوەكو ئاژەڵەكە بە شوێنی خۆی نەگات بۆ سەربڕین.

واتە: ئەو كەسەی كە حەج دەكات، نابێت سەری بتاشێت تاوەكو قوربانیەكە نەگات بە شوێنی خۆی و سەری نەبڕدرێت.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت: {فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ}، ئەوە لە پەیوەست بە پێغەمبەر و یاوەرەكانی دابەزی، كاتێك لە پەیمانی حودەیبیە ڕێگایان پێ نەدرا بچنە مەككەوە بۆ ئەنجام دانی عومرە، ئەوە بوو ٧٠ ئاژەڵیان سەر بڕی و سەریان تاشی.

بەڵام ئەگەر سەرت کێشەیەکی هەبوو یان ئەسپێ تێدابوو، وە پێویستی کرد کە قژت بتاشیت بەر لە گەیشتنی قوربانیەکە، ئەوە دەبێت فدیە بدەیت، وەك لە صحيح البخاری هاتووە، کە کعب بن عُجْرَةَ دەڵێت:

پێغەمبەری الله منی بینی کە ئەسپێ بەردەبۆوە بەسەر ڕوومدا گوتی: ئایا ئەو ئەسپێیانە ئازارت دەدەن؟ گوتم: بەڵێ. دەڵێت فەرمانی پێم کرد کە قژم بتاشم، وە ئەوە لە کاتی پەیمانی حودەیبیە بوو، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند:{فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ}، پێغەمبەر فەرمانی پێم کرد کە خۆراکی شەش هەژار بدەم، یان مەڕێك بکەم بە قوربانی یان سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بم.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ}، دەڵێت واتە:

{فَإِذَا أَمِنتُمْ}، ئەگەر ئەو ترسەی لەسەرتان بوو نەما.

{فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ}، جا هەر کەسێك لە دوای تەواوکردنی عومرە ویستی حەج بکات.

واتە لە عومەرەوە بۆ حەج.

{فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ}، ئەوە هەر ئاژەڵێك دەستکەوت، دەتوانیت بیکەیت بە قوربانی بۆ حەج.

{فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ} ئەگەر ئاژەڵێکی دەستنەکەوت کە بیکات بە قوربانی بۆ حەج، وە یان لە توانایی نەبوو، ئەوە لە جیاتی قوربانی با ١٠ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، ٣ ڕۆژ لە حەج و ٧ ڕۆژ کاتێك لە حەج گەڕایەوە.

{ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ}، الطبری دەڵێت، واتە بۆ کەسێك کە خەڵکی مەککە نییە، وە عومرە تەواو دەکات، ئینجا حەج دەکات.

لە کۆتایی شرۆڤەی ئەم ئایەتە دەڵێم: دەیەها وتەوت هەیە بۆ شرۆڤەی هەر بڕگەیەکی ئەم ئایەتە، وە ئەم ئایەتە بە ڕادەیەك نارۆشنە کە ناکۆکی قووڵ هەیە

سەبارەت بە مانا و شرۆڤەکەی، وە هەنگاوەکان و داب و نەریتەکانی حەج لە ئێستادا بە تەواوی جیایە لەوەی لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە.

# ئایەتی ١٩٧

الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ

دەڵێت:

حەج چەند مانگێکی دیارە، جا هەر کەسێك حەجی لەم مانگانەدا بەسەر خۆیدا سەپاند، ئەوە نابێت لە حەجدا قسەو کرداری پەیوەست بە گان و سەرپێچی و مشتومڕ ئەنجام بدات، وە هەر کارێکی چاك بکەن ئەوە اللّٰه پێی دەزانێت، وە خۆراك لەگەڵ خۆتان ببەن، وە چاکترین خۆراك خوداپەرستیە، وە لێم بترسن ئەی خاوەن هۆشەکان.

واتە:

{الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ}، حەج لە چەند مانگێکی دیارە، {فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ}، جا هەر کەسێك لەو مانگانە حەجی بەسەر خۆیدا فەرز کرد، {فَلَا رَفَثَ}، نابێت قسە و کرداری پەیوەست بە گانکردن، {وَلَا فُسُوقَ}، وە نە سەرپێچیەکان و خراپەکان، {وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ}، وە نە مشتومڕ لە حەجدا بکات، {وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ}، وە هەر کارێکی چاکە بکەن، ئەوە اللّٰه پێی دەزانێت، {وَتَزَوَّدُوا}، وە خۆراك لەگەڵ خۆتاندا ببەن، {فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ}، وە لە ڕاستیدا چاکترین خۆراك خۆپارێزیە، {وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ}، وە لێم بترسن ئەی خاوەن هۆشەکان.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ- حەج لە چەند مانگێکی دیارە}، دەڵێت، واتە مانگی شوال، وذو القعدة و دە ڕۆژی یەکەم لە ذي الحجةیە.

{فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ- جا هەر کەسێك لەو مانگانەدا حەجی بەسەر خۆیدا فەرز کرد}، واتە بڕیاری دا لەو مانگانەدا حەج بکات و ئیحرامی لەبەر کرد،

{فَلَا رَفَثَ}، له كاتی حەجدا خۆی بە دوور بگرێت لە گوفتار و كرداری پەیوەست بە گان، وەك ئایەتی ١٨٧ وشەی {الرَّفَثُ }ی بەكارهێناوە و دەڵێت:

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ

لە شەوی ڕەمەزاندا گوفتار و كرداری پەیوەست بە گان لەگەڵ ژنەكانتان حەڵاڵ كرا.

{وَلَا فُسُوقَ}، وە نابێت لە كاتی حەجدا سەرپێچی و خراپە بكات، {وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ}، وە نابێت مشتومڕ بكات لە كاتی حەجدا.

{وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ}، وە ئەوەی لە چاكە دەیكەن الله پێی دەزانێت.

وە القرطبی لە الجامع لاحكام القران، سەبارەت بە {وَتَزَوَّدُوا} دەڵێت، الله فەرمانی كردووە كە حاجیەكان خواردن لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ حەج. وە دەڵێت خەڵكانێك دەهاتن بۆ حەج و خواردنیان نەدەهێنا و دەیانگوت پشت بە الله دەبەستین بۆ خواردن، وە دەبوون بە بارگرانی بۆ سەر خەڵك، الله فەرمانی پێیان كرد كە خۆراك لەگەڵ خۆیاندا ببەن.

{فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ}، لە ڕاستیدا چاكترین خۆراك تەقوایە، خوداپەرستیە.

{وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ}، وە لێم بترسن ئەی خەڵكانی خاوەن هۆش.

## ئایەتی ١٩٨

لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّالِّينَ

دەڵێت:

هیچ گوناهێكتان ناگات ئەگەر دەستكەوتێك لە خوداكەتانەوە بەدەست بێنن، جا كاتێك لە عەرەفات دابەزین، ئەوە یادی الله بكەن لە لای مەشعەری حەرام، وە یادی بكەنەوە هەروەك چۆن هیدایەتی كردوون، لەگەڵ ئەوەش كە ئێوە لە ڕابردوودا لە گومڕاكان بوون.

واتە:

{لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ}، هیچ گوناهێكتان ناگات ئەگەر لە كاتی حەجدا بازرگانی و كڕین و فرۆشتن بكەن، {فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ}، كاتێك لە عەرەفات دابەزین، ئەوە یادی الله بكەنەوە لە لای مەشعەری حرام، {وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ}، وە یادی الله بكەنەوە هەروەك چۆن هیدایەتی كردن، {وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّالِّينَ}، لەگەڵ ئەوەش كە ئێوە لە ڕابردوودا لە گومڕاكان بوون.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

وە كاتێك الله فەرمانی كردووە بە پاك كردنەوەی حەج لە گوفتار و كرداری پەیوەست بە گانكردن و سەرپێچی و خراپە و مشتومڕ، ئەوە مۆڵەتی داوە بە بازرگانی، وەك دەڵێت: {لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلَ اللَّهِ- گوناهتان ناگات ئەگەر دەستكەوتێك لە اللهوە بەدەست بهێنن}، (ابْتِغَاءَ الْفَضْلِ- بەدەستهێنانی چاكەیەك)، لە قورئاندا بە مانای بازرگانی هاتووە، وەك ئایەتی ١٠ سوورەتی الجمعة دەڵێت:

فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ

جا كاتێك نوێژ تەواو بوو، ئەوە لە خاكەكە بڵاوببنەوە و دەستكەوتێك لە پێدانەكانی الله بەدەست بێنن.

وە بەڵگە بۆ ڕاستی ئەمە، ڕیوایەتێكە كە البخاری گێڕاویەتیەوە، لە ابن عباسەوە كە گوتوویەتی:

كَانَتْ عُكَاظٌ وَمَجَنَّةُ وَذُو الْمَجَازِ أَسْوَاقًا فِي الْجَاهِلِيَّةِ فَتَأَثَّمُوا أَنْ يَتَّجِرُوا فِي الْمَوَاسِمِ فَنَزَلَتْ { لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فِي مَوَاسِمِ الْحَجِّ}

عوكاز و مەجەنە و زولمەجاز بازار بوون لە سەردەمی جاهیلی، وە خەڵكەكە هەستیان بە گوناه دەكرد كە لە وەرزی حەجدا بازرگانی و كڕین و فرۆشتن بكەن، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە القرطبی سەبارەت بە ناوی {عَرَفَاتٍ} دەڵێت:

لِأَنَّ آدَمَ لَمَّا هَبَطَ وَقَعَ بِالْهِنْدِ ، وَحَوَّاءَ بِجَدَّةَ ، فَاجْتَمَعَا بَعْدَ طُولِ الطَّلَبِ بِعَرَفَاتٍ يَوْمَ عَرَفَةَ وَتَعَارَفَا ، فَسُمِّيَ الْيَوْمَ عَرَفَةَ

کاتێك ئادەم دابەزی کەوتە هیند، وە حەوا کەوتە جەدە، دوای ماوەیەکی زۆر لە عەرەفات بەیەك گەیشتن و تیایدا جووت بوون، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت ڕۆژی {عَرَفَةَ} جووت بوون.

وە عرفات لە سەردەمی جاهیلی وێستگەی پەرستنی خوداوەندی خۆر بووە، لەبەر ئەوە لە کاتی حەجدا لەسەر کێوی عرفات دەمانەوە تاوەکو خۆر ئاوا دەبوو، ئینجا دادەبەزین و دەچوون بۆ کێوی مزدەلیفە، کێوی مزدەلیفە وێستگەی پەرستنی خوداوەندی مانگ بوو.

وە موسڵمانان هەمان کار دەکەن، لەسەر کێوی عەرەفات دەمێننەوە تاوەکو خۆر ئاوا دەبێت، ئینجا دادەبەزن و دەچن بۆ مزدەلیفە.

القرطبی سەبارەت بە المشعر الحرام یان المزدلفة دەڵێت:

المزدلفة، وای پێ دەگوترێت، چونکە تیایدا ئادەم لە حەوا نزیك بۆوە، وە حەوا لە ئادەم نزیك بۆوە، لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت {المزدلفة} وە هەروەها دەکرێت بگوترێت: ئەم ناوەی لێنراوە بە هۆی کاری خەڵکەکەی، چونکە بە وەستانیان لەم شوێنەدا لە الله نزیك دەبنەوە. وە (مَشْعَرِ) لە (الشعار) واتە نیشانەوە هاتووە، چونکە شوێنێکە بۆ حەج و نوێژ و مانەوە تیایدا.

وە دەڵێت چیای قوزح، پێی دەگوترێت مزدلفة.

وە ابو حیان لە تفسیر البحر المحیط دەڵێت:

{المشعر الحرام}، قوزەحە، وە ئەو چیایەیە کە ئیمام لەسەری دەوەستێت، وە ئاگردانی لەسەرە.

یاقوت الحموی لە معجم البلدان دەڵێت:

لە سەر چیای قزح (مزدلفة)، شەیتان ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبوو، وە لەسەر ئەم چیایە بینراوە، لەبەر ئەوە بە ناوی شەیتان (قزح) کراوە.

وە کاتێك باران نەدەباری عەرەب، چێڵێکیان دەبردە سەر چیاکە و بۆ شەیتان دەیانکرد بە قوربانیی، بۆ ئەوەی باران ببارێت.

وە دەڵێت قزح، ئەو چیایەیە کە ئیمام لەسەری دەوەستێت، وە لە دەستە ڕاستی ئیمام ئاگردان هەیە، کە لە سەردەمی جاهیلی ئاگریان تیادا دەکردەوە.

دکتور جواد علی لە المفصل في تأريخ العرب دەڵێت:

ئەو ئاگردانەی سەر مزدلفە ئاگرەکەی بەردەوام بوو تاوەکو کۆتایی خەلافەتی عوسمان کوڕی عفان.

وە ابن اثیر لە البدایة في غريب الحديث و الاثر و ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

لا تَقُولُوا قَوْسُ قُزَحَ فَإِنَّ قُزَحَ اسْمُ شَيْطَانٍ ، وَقُولُوا : قَوْسُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ

مەڵێن قوس قزح (پەلکە زێڕینە)، چونکە قزح ناوی شەیتانە، بەڵکو بڵێن: کەوانەی الله.

گرنگ مزدلفە شوێنی شەیتان بووە، وە ئیمڕۆ موسڵمانان کردوویانە بە یەکێك لە سیمبوڵەکانی حەج.

## ئایەتی ١٩٩

ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

ئینجا دابەزن لەو شوێنەی خەڵك دادەبەزن، وە داوای لێبووردەیی لە الله بکەن، لە ڕاستیدا الله لێبوورده و بە بەزەییە.

واتە:

ئینجا لە مزدەلیفە دابەزن لەو شوێنەی خەڵك لێی دادەبەزێت، وە داوای لێبووردەیی لە الله بکەن.

## ئایەتی ٢٠٠

فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ

دەڵێت:

جا کاتێك ڕێ و نەریتی حەجتان بەجێ گەیاند، یادی الله بکەنەوە هەروەك چۆن یادی باوکانتان دەکەنەوە، وە یان زیاتریش یادی بکەنەوە، وە لە خەڵك هەیە دەڵێت: خوداکەمان لە دونیا پێمان بدە لەگەڵ ئەوەش کە لە ئاخیرەت هیچ بەهایەکیان نییە.

واتە:

{فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ}، جا کاتێك ڕێ و شوێن حەجتان تەواو کرد، {فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا}، ئەوە یادی الله بکەنەوە هەروەك چۆن یادی باوکانتان دەکەنەوە، وە یان زیاتریش یادی بکەنەوە، {فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ}، وە لە خەڵك هەیە دەڵێت، {رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا}، خوداکەمان لە دونیا پێمان ببەخشە، {وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ}، وە لە ئاخیرەت هیچ بەهایەکی نییە.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت: { فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ}، واتە موشریکەکان کە لە کاتی حەج داوای هیچیان لە الله نەدەکرد، تەنها شتی دونیایی نەبێت، لەگەڵ ئەوەش هیچ بەشێك و بەهایەکیان لە قیامەت نییە.

# ئایەتی ٢٠١

وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ

دەڵێت:

وە هەیانە دەڵێت: خوداکەمان لە دونیا چاکەمان پێ ببەخشە، وە لە ئاخیرەت چاکە، وە لە سزای ئاگر بمانپارێزە.

ئەوانە ئیماندارەکان کە دەڵێن: خوداکەمان لە دونیا و قیامەت چاکەمان پێ ببەخشە و لە ئاگری دۆزەخ بەدوورمان بگرە.

ئایەتی ٢٠٠ و ٢٠١ پێمان دەڵێت کە موشریکە بتپەرستەکان و موسڵمانان بەیەکەوە حەجیان کردووە.

# ئایەتی ٢٠٢

أُولَـٰئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ

دەڵێت:

ئەوانە بەشیان دەبێت بە هۆی ئەوەی بەدەستیان هێناوە، وە الله لە لێپرسینەوەدا خێرایە.

واتە: ئەو ئیماندارانە لە دونیا و قیامەت بەشی چاکیان دەبێت بە هۆی کردەوەکانیانەوە، وە الله لە لێپرسینەوەدا خێرایە.

# ئایەتی ٢٠٣

وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ

دەڵێت:

وە یادی الله بکەنەوە لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا، جا بۆ کەسێك کە خوداپەرستە ئەگەر دوو ڕۆژ پێشی بخات هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، وە ئەگەر دوای بخات ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە بۆ لای ئەو کۆدەکرێنەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَعْدُودَاتٍ- وە یادی الله بکەنەوە لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا}، دەڵێت، واتە تەکبیرکردن لە کاتی ڕەجمکردنی شەیتان، لەگەڵ هاویشتنی هەر بەردێك دەبێت تکبیر بکەیت و بڵێیت الله اکبر.

{فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَىٰ، جا بۆ کەسێك کە خوداپەرستە ئەگەر دوو ڕۆژ پێشی بخات، هیچ گوناهێکی لەسەر نییە، وە ئەگەر دوای بخات، ئەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نییە}، دەڵێت، واتە ئەگەر کەسێك پەلەی کرد و لە دوو ڕۆژدا شەیتانی ڕەجم کرد، ئەوە گوناهی ناگات، وە ئەوەی لە ٣ ڕۆژدا شەیتانی ڕەجم کرد، ئەوە گوناهی ناگات.

السعدی له كلام المنان دەڵێت:

{فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ}، واته: هەر كەسێك لە مینا دەرچوو لە ڕۆژی دووەم بەر لە خۆر ئاوابوون، {فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَنْ تَأَخَّرَ}، وە هەر كەسێك شەوەكەی مایەوە و ڕۆژی سێهەم شەیتانی ڕەجم كرد، {فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ}، گوناهی ناگات.

# ئایەتی ٢٠٤ تا ٢٠٦

ئەم ٣ ئایەتە سەبارەت بە كەسێك دابەزیووە بە ناوی الأخنس بن شرِيق.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

لەسەر الأَخَنْس بن شريق الثقفي دابەزیووە، كە هاوپەیمانێكی بنی زوهرە بوو، هات بۆ لای پێغەمبەر بۆ مەدینە، وە ئیسلام بوو، وە  بە گوفتار و قسەكانی پێغەمبەر سەرسام بوو، وە گوتی هاتووم ببم بە ئیسلام، وە الله دەزانێت كە من ڕاستگۆم، وەك ئایەتەكە دەڵێت: {وَيُشْهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ- الله شایەتی دەدات لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە}، ئینجا لە لای پێغەمبەر دەرچوو، وە بە كشتوكاڵ و كەری خەڵكانێكی موسڵمان تێپەڕ بوو، كشتوكاڵەكەیانی سووتاند و كەرەكەیانی كوشت، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند، كە دەڵێت: {وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ- كاتێك پشتی كرد، لە خاكەكەدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی خراپەكاری تیادا بكات و كشتوكاڵ و ڕەچەڵەك لە ناوببات}.

# ئایەتی ٢٠٤

وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە لە خەڵك هەیە كە گوفتارەكەی لە سەر ژیانی دونیا سەرسامت دەكات، وە الله دەكات بە شایەت لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە لە كاتێكدا سەرسەخترین دوژمنە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە {وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلْبِهِ}، دەڵێت:

ابن عباس دەیخوێندەوە: {وَاللَّهُ يَشْهَدُ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ}، وە الله شایەتە لەسەر ئەوەی لە دڵیدایە.

أُبَيٌّ وَابْنُ مَسْعُودٍ دەیانخوێندەوە: {وَيَسْتَشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ}،

وە لە صحيح مسلم ڕیوایەتێك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ أَبْغَضَ الرِّجَالِ إِلَى اللَّهِ الْأَلَدُّ الْخَصِمُ

ئەو پیاوەی کە الله زۆرترین ڕقی لێی دەبێتەوە ئەوەیانە کە سەرسەخترین دوژمنە.

## ئایەتی ٢٠٥

وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي الْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ

دەڵێت:

وە کاتێك پشتی کرد، لە خاکەکەدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی خراپەکاری تیادا بکات و کشتوکاڵ و ڕەچەڵەك وێران بکات، وە الله خراپەکارانی خۆش ناوێت.

واتە:

دوای ئەوەی، الأخنس، لە لای محمد صلعم ڕۆیشت، دەستی کرد بە خراپەکاری: وێرانکردنی کوشتوکاڵ و کوشتنی ئاژەڵ.

وەك البغوی لە معالم التنزيل دەڵێت:

لە نێوان الأخنس و بنی ثقيف کێشە و دوژمنایەتی هەبوو، شەوێك لایان مایەوە، کاتێك ڕۆیشت دەستی کرد بە سووتاندنی کشتوکاڵیان و کوشتنی ئاژەڵیان.

ئینجا نووسەری قورئان دەڵێت:

وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ

الله خراپەکارانی خۆش ناوێت.

واتە: ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە کشتوکاڵی خەڵک دەسووتێنن و ئاژەڵی خەڵك دەکوژن.

ئەی چۆنە ئەگەر محمد بە دەقی قورئان کشتوکاڵی خەڵکی سووتاندبێت؟ ئایا ئەوە ناچێتە چوارچێوەی فەساد و خراپەوە؟ کەواتە ئایا الله محمدی خۆش دەوێت، یان خۆش ناوێت؟

محمد ڕەزی ترێی بنی ثقیف دەسووتێنێت، هەروەك چۆن الأخنس سووتاندوویەتی، وە محمد دارخورماکانی بنی نضیر دەبڕێت و دەسووتێنێت.

لە السیرة النبویة هاتووە دەڵێت:

پێغەمبەر بڕیاریدا کە ڕەزی ترێی چواردەورەی تائیف بسووتێنێت، وە ڕەزەکان زۆر گەورە بوون.

جیاوازی چییە؟

# ئایەتی ٢٠٦

وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللَّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ

دەڵێت:

وە کاتێك پێی دەگوترێت لە الله بترسە، عیزەت بەرەو گوناه دەیبات، جا ئەوە دۆزەخ بەسیەتی، وە بە دڵنیاییەوە خراپترین مۆڵگەیە.

البغوی لە معالم التنزیل دەڵێت:

{أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالْإِثْمِ}، واتە: عیزەت و هەست و شعووری جاهیلی دەیگرێت و بەرەو کاروکردەوەی گوناه و ستەمکردن دەیبات.

{فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ}، واتە دۆزەخ بەسیەتی.

# ئایەتی ٢٠٧

وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ

دەڵێت:

وە لە خەڵك هەیە کە خۆی دەفرۆشێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله، وە الله نەرمونیانە بۆ بەندەکانی.

تێبینیی و سەرنج:

{یَشْرِي}، هەڵەیە و دەبێت {یَشْتَرِي} بێت.

ئەم دەقە دەڵێت، هەیە خۆی بۆ جیهاد تەرخان کردووە و خۆی بە الله فرۆشتووە بۆ بەدیهێنانی ڕەزامەندی الله. وەك ئایەتی ١١١ سوورەتی التوبة دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ

الله گیان و سامانی لە ئیمانداران کڕیووە لە بەرانبەر بەوەی کە بەهەشتیان بۆ دەبێت.

القرطبی لە الجامع الحکام القران دەڵێت، ئەم ئایەتە لەسەر صهیب بن سنان دابەزیووە، وە دەڵێت:

صهیب، مەککەی جێهێشت بەرەو مەدینە، بۆ ئەوەی کۆچ بکات بۆ لای پێغەمبەری الله، قورەیش بە شوێنی کەوتن و پێیان گوت: ڕێگات پێ نادەین بە دەوڵەمەندیەوە جێمان بهێڵیت، چونکە کاتێك هاتیت بۆ مەککە صعلوك بوویت، ئەوەبوو ڕازی بوو کە شوێنی سامانەکەیان نیشان بدات، وە ڕێگایان پێیدا کە بڕوات بۆ مەدینە.

# ئایەتی ٢٠٨

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً وَلَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەمووتان بڕۆنە ناو ئیسلامەوە و شوێنکەوتەی هەنگاوەکانی شەیتان مەبن، چونکە بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرایە.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً}، دەڵێت، چەند وتەوتێك هەیە:

یەکەم: واتە ببن بە ئیسلام.

ئەم شرۆڤەیە زۆر سەیرە: چونکە ماناکەی دەکاتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە گشتتان بڕۆنە ناو ئیسلامەوە!

دووەم: واتە ملکەچ بن بۆ ئیسلام.

وە الطبری دەڵێت، گشت قورئانخوێنانی حیجاز، دەیانخوێندەوە: {السَّلم}، واتە ئاشتی.

واتە: ئەی ئیمانداران گشتتان پابەندی ئاشتی بن.

بە بۆچوونی الطبری، ئەم دەقە بە مانای ئیسلام دێت نەك بە مانای ئاشتی. وە دەڵێت، چونکە ئایەتی ٣٥ سوورەتی محمد دەڵێت:

فَلا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ

نەکەن لاوازی بنوێنن و بانگێشە بۆ ئاشتی بکەن لە کاتێکدا کە ئێوە باڵادەستن، وە الله لەگەڵتانە.

بڕۆنە ئیسلامەوە، واتە ئەگەر بە دەم باوەڕتان هێناوە، ئەوە بە دڵیش باوەڕ بهێنن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

حذیفة بن الیمان گوتوویەتی: ئیسلام هەشت بەشە، نوێژ بەشێکە و زەکات بەشێکە و بەرۆژووبوون بەشێکە و حەج بەشێکە و عومەرە بەشێکە و جیهاد بەشێکە و فەرمانکردن بە چاکە بەشێکە و خۆدوور خستنەوە لە خراپە بەشێکە.

ابن عباس گوتوویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ادْخُلُوا فِي السِّلْمِ كَافَّةً}، واتە ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە عیسا و موسا هێناوە، هەمووتان ببن بە ئیسلام.

## ئایەتی ٢٠٩

فَإِن زَلَلْتُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

جا ئەگەر هەڵخلیسکان لە دوای ئەوەی چەندەها بەڵگەتان بۆ هاتووە، ئەوە بزانن کە الله بەزەبروزەنگ و ژیرمەندە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت: {فَإِن زَلَلْتُم}، ئەگەر لە ڕێگای ئیسلام لاتاندا، {مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْكُمُ الْبَيِّنَاتُ- لە دوای ئەوەی بەڵگەکانتان بۆ هاتووە}، واتە قورئان.

{فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}، ئەوە بزانن کە الله بەزەبروزەنگە و دانایە.

واتە: ئەگەر لە ئیسلام لاتاندا، لە دوای ئەوەی قورئانتان بۆ هاتووە، ئەوە بزانن الله بە زەبروزەنگە و تۆڵە دەکاتەوە.

# ئایەتی ٢١٠

هَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا أَن يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ وَالْمَلَائِكَةُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ

دەڵێت:

ئایا چاوەڕوان دەبن تاوەکو الله لە سێبەری هەور و فریشتەکان دێن و کارەکە کۆتایی پێبێت؟ وە بڕیار و کارەکان بۆ الله دەگەڕێنەوە.

واتە:

{هَلْ يَنظُرُونَ}، ئایا ئیمان ناهێنن و چاوەڕێ دەکەن؟ {إِلَّا أَن يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ فِي ظُلَلٍ مِّنَ الْغَمَامِ}، تاوەکو الله لە سێبەری هەورێکدا بۆیان دێت، {وَالْمَلَائِكَةُ}، وە هەروەها فریشتەکان، {وَقُضِيَ الْأَمْرُ}، ئەوکات بابەتەکە یەکلابۆتەوە، {وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ}، وە کار و فەرمانەکان بۆ الله دەگەڕێنەوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، دەیخوێندەوە: {هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ يَأْتِيَهُمُ اللَّهُ وَالْمَلَائِكَةُ فِي ظُلَلٍ مِنَ الْغَمَامِ}، واتە: ئایا چاوەڕێ دەکەن تاوەکو الله، وە فریشتەکان لە سێبەری هەور بۆیان دێن.

وە هەندێك دەیانخوێندەوە: {فِي ظِلَالٍ}، لە جیاتی {فِي ظُلَلٍ}.

وە لە چەندەها دەقی قورئان هاتووە، کە الله لە ڕۆژی قیامەت دادەبەزێت، وەك ئایەتی ٢٢ سوورەتی الفجر:

وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا

وە خوداکەت هات، وە فریشتەکان ڕیز بە ڕیز.

وە ئایەتی ١٥٨ سوورەتی الانعام دەڵێت:

هَلْ يَنْظُرُونَ إِلَّا أَنْ تَأْتِيَهُمُ الْمَلَائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ

ئایا چاوەڕێ دەکەن تاوەکو فریشتەیان بۆ دێت یان خوداکەت دێت، وە یان هەندێك لە موعجیزەکانی خوداکەت دێت؟

پوختە:

ئەم ئایەتە دەڵێت ئایا ئەوانەی باوەڕ ناهێنن چاوەڕێ دەکەن تاوەکو الله لە سێبەری هەور و فریشتەکان لە قیامەت بۆیان دێن، ئەوکات، کاتێك الله و فریشتەکان دێن، ئەوە کارەکە یەکلابۆتەوە، وە سزا دەدرێن، وە دەرفەت نامینێت بۆ باوەڕهێنان.

# ئایەتی ٢١١

سَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَمْ آتَيْنَاهُم مِّنْ آيَةٍ بَيِّنَةٍ وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

لە نەوەکانی ئیسرائیل بپرسە چەند موعجیزەی ئاشکرامان داوە پێیان، وە هەر کەسێك نیعمەتی الله بگۆڕێت لە دوای ئەوەی بۆی هاتووە، ئەوە الله توندە لە سزاکەی.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَمَن يُبَدِّلْ نِعْمَةَ اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُ}، دەڵێت، واتە: هەر کەسێك ئیسلام و ئەو فەریزانە بگۆڕێت کە لە شەریعەتی ئاینەکەیدا هەیە، {فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}، ئەوە الله سزای دەدات، وە سزای الله توندوتیژە.

# ئایەتی ٢١٢

زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ

دەڵێت:

بۆ ئەوانەی کوفریان کردووە ژیانی دونیا ڕازێندراوەتەوە، وە ئەوان گاڵتە دەکەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە ئەوانەی خوداپەرست بوون، لە ڕۆژی قیامەت لەسەریانەوە دەبن، وە الله بە بێ سنوور ڕزق بە کەسێك دەدات کە خۆی بیەوێت.

واتە:

{زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا}، بۆ کافرەکان ژیانی دونیا ڕازێندراوەتەوە، {وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا}، وە کافرەکان گاڵتە دەکەن بە ئیمانداران، {وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}، وە خوداپەرستان لە ڕۆژی قیامەت لەسەرەوەی کافرەکان دەبن، {وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ}، وە الله بە بێ سنوور ڕزق بە کەسێك دەدات کە خۆی بیەوێت.

ڕزاندنەوە سیفاتێکی هاوبەشی الله اكبر و شەیتانە، هەم الله دەتوانێت کاری ڕزاندنەوە بکات، وە هەم شەیتان دەتوانێت بیکات، لەبەر ئەوە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وَالْمُزَيِّنُ هُوَ خَالِقُهَا وَمُخْتَرِعُهَا وَخَالِقُ الْكُفْرِ ، وَيُزَيِّنُهَا أَيْضًا الشَّيْطَانُ بِوَسْوَسَتِهِ وَإِغْوَائِهِ

جوانکەر اللهیە کە دروستکەری جوانی و داهێنەریەتی، وە دروستکەری کوفرە، وە هەروەها شەیتان دەڕازێنێتەوە بە چرپەچرپ و گومڕاییکردن.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَالَّذِينَ اتَّقَوْا فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}، دەڵێت، واتە ئیمانداران لەسەرەوەی کافرەکان دەبن لە ڕۆژی قیامەت، واتە کافرەکان لە دۆزەخ و ئیمانداران لە بەهەشت دەبن.

# ئایەتی ٢١٣

كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ

دەڵێت:

خەڵك یەك ئاین بوون، جا اللە پێغەمبەران و ئاگادارکەرەوانی نارد، وە لەگەڵیاندا بە هەق پەرتووکی دابەزاند، بۆ حوکمکردن لە نێوان خەڵکدا سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆك بوون، وە تیایدا ناکۆك نەبوون، تەنها ئەوانە نەبێت کە بۆیان هات لە دوای ئەوەی بەڵگەکانیان بۆ هات، بە هۆی ئیرەیی نێوانیانەوە، جا اللە بە مۆڵەتی خۆی هیدایەتی ئەوانەیدا کە سەبارەت بە هەق تیایدا ناکۆك بوون، وە اللە هیدایەتی هەر کەسێك دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە خۆی ئارەزوو دەکات.

واتە:

{كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً}، خەڵك یەك میللەت، واتە یەك ئاین بوون، یەکتاپەرستی، {فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ}، جا اللە پێغەمبەران و ئاگادارکەرەوانی نارد، {وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ}، وە پەرتووکی لەگەڵیاندا بە هەق دابەزاند، {لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ}، بۆ ئەوەی حوکم لە نێوان خەڵکدا بکەن سەبارەت بەوەی کە تیایدا ناکۆکن، {وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ}، وە تەنها ئەوانە تیایدا ناکۆك بوون کە لە دوای ئەوەی بەڵگەکانیان بۆ هات، {بَغْيًا بَيْنَهُمْ}، وەك ئیرەیی نێوانیان ناکۆکیان نایەوە، {فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ}، وە اللە بە مۆڵەتی خۆی ڕێی بەوانە نیشان دا کە سەبارەت بە هەق ناکۆك بوون، {وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ}، وە اللە هیدایەتی کەسێك دەدات بۆ ڕێگای ڕاست کە خۆی ئارەزوو دەکات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً- خەڵك یەك میللەت بوون}، دەڵێت ناکۆکی هەیە سەبارەت بە شرۆڤەی ئەم دەقە:

یەکەم: ابن عباس و قتادة: ئەوانەن کە لە نێوان ئادەم و نوح بوون، کە هەر هەموویان لەسەر هەمان شەریعەت بوون، وە ئەو ماوەیە ١٠ پشت بوون.

وە قتادة گوتوویەتی، یەکەم پێغەمبەر کە نێردراوە نوح بووە.

دووەم: أبي بن كعب و ابن زيد و ابي العالية گوتوویانە، واتە کاتێك الله نەوەکانی ئادەمی لە پشتی ئادەم دەرهێنا و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیاندا.

الطبری دەڵێت، لە نیوان ئادەم و نوح خەڵك لەسەر یەك ئاین بوو، ئینجا ناکۆکی هاتە ئاراوە و الله پێغەمبەرانی نارد.

واتە: کاتێك ناکۆکی لە ناو خەڵك هاتە ئاراوە، {فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ}، الله پێغەمبەران و ئاگادارکەرەوانی نارد، {وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ}، وە پەرتووکی بە هەق لەگەڵیاندا دابەزاند، {لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ}، بۆ ئەوەی حوکم لە نێوان خەڵکدا بکەن سەبارەت بەو شتانەی تیایدا ناکۆکن.

وەك لە ئایەتی ١٩ سوورەتی یونس هاتووە دەڵێت:

وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلا أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُوا وَلَوْلا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ

وە خەڵك تەنها یەك میللەت بوون جا ناکۆك بوون، وە ئەگەر بڕیاری پێشینەی خوداکەت نەبووایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە نێوانیانی دەکرد سەبارەت بەوەی تیایدا ناکۆکن.

وە الطبری دەڵێت: {وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ- وە پەرتووکی بە هەق لەگەڵیاندا دابەزاند}، واتە تەورات.

وە سەبارەت بە {وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ}، الطبری دەڵێت:

واتە هیچ کەسێك سەبارەت بە تەورات ناکۆك نەبوون تەنها ئەوانە نەبێت کە تەوراتیان بۆ هات، واتە نەوەکانی ئیسرائیل.

السعدی له كلام المنان دەڵێت:

(فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا- جا الله هیدایەتی ئەوانەی دا کە ئیمانیان هێنا)، له میللەتی ئیسلام، (لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ- لەوەی کە سەبارەت بە هەق تیایدا ناکۆک بوون)، هەموو شتێك کە ئەهلی پەرتووك تیایدا ناکۆک بوون.

له کۆتایی ئەم ئایەتە دەمەوێت بڵێم، چونکە ئەم ئایەتە نە ئاماژەی بە ناوی پەرتووکەکە کردووە، وە نە ئاماژەی بە ناوی پێغەمبەرەکە و پێغەمبەرەکان کردووە، وە نە ئاماژەی بە یهوود و مەسیحی و موسڵمان کردووە، ئەوە هەر شرۆڤەکارێك لە ئاوازێك لێ دەخوێنێت و بە کەیفی خۆی شرۆڤەی دەکات.

# ئایەتی ٢١٤

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ

دەڵێت:

یان پێتان وایە کە دەچنە بەهەشتەوە؟ کاتێك هەمان شت بەسەر خەڵکانی پێش ئێوەدا هات، بەسەر ئێوە دادێت، کە دژواری و ناخۆشی یەخەی گرتن، وە ڕاچڵەکێندران، تەنانەت پێغەمبەرەکە و ئەوانەی لەگەڵیدا باوەڕیان هێناوە دەڵێن: کەیە سەرکەوتنی الله، ئەی سەرکەوتنی الله نزیك نییە؟

واتە:

{أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ}، یان پێتان وایە کە دەچنە بەهەشتەوە، {وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم}،کاتێك وەك ئەوەتان بەسەر دێت کە بەسەر خەڵکانی پێش ئێوەدا هاتووە، {مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ}، دژواری و ناخۆشی یەخەی گرتن، {وَزُلْزِلُوا}، وە هەژێندران،{حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ}، تەنانەت پێغەمبەرەکە و ئەوانەی لەگەڵیدا ئیمانیان هێناوە دەڵێن، {مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ}، کەیە سەرکەوتنی الله؟ {أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ}، ئەی سەرکەوتنی الله نزیك نییە؟

الطبری له جامع البیان، دەڵێت واتە:

ئەی ئیمانداران بە الله و پێغەمبەرەکەی، پێتان وایە کە ئێوە دەچنە بەهەشتەوە، وە ئەو ناخۆشی و دژواریەتان تووش نابێت کە تووشی شوێنکەوتوانی پێغەرانی پێش ئێوە هاتن، بەڵکو ئێوەش وەك ئەوان بە ناخۆشی و هەژاری و دەرد و بەڵا تاقیدەکرێنەوە، {وَزُلْزِلُوا}، وە هەروەك چۆن ئەوان بە دەستی دوژمنەکانیانەوە تووشی ترس و تۆقان هاتن، ئەوە ئێوەش تووش دێن، ئینجا محمد و یاوەرەکانی دەڵێن: کەی الله پشتیوانمان دەکات و سەرمان دەخات؟ ئینجا الله پێیان دەڵێت، ئەو سەرکەوتنە نزیکە.

وە السدی و قتادة گوتوویانە، ئەم ئایەتە لە کاتی شەڕی خەندەق دابەزیووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن مسعود، لە جیاتی {وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ}، دەیخوێندەوە: {وَزُلْزِلُوا ثُمَّ زُلْزِلُوا وَيَقُولُ}، هەژێندران، ئینجا هەژێندران، وە دەڵێت:

الاعمش دەیخوێندەوە: {وَزُلْزِلُوا وَيَقُولُ الرَّسُولُ}، وە هەژێندران، وە پێغەمبەرەکە دەیگوت.

# ئایەتی ٢١٥

يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلْ مَا أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن؟ بڵێ هەر شتێك لە سامانەکەتان ببەخشن، ئەوە بە دایك و باوك و کەسوکاری هەرە نزیك و هەتیوو و هەژاران و ڕێبواران ببەخشن، وە هەر چاکەیەك ئەنجام بدەن، ئەوە الله پێی دەزانێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ئەم ئایەتە لەسەر عمرو بن الجموح دابەزیووە، کە پیاوێکی بەتەمەن بوو گوتی: ئەی پێغەمبەر سامانێکی زۆرم هەیە، بە چی و بۆ کێ بیکەم بە خێر؟ ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

السدی گوتوویەتی: ئەم ئایەتە دابەزیووە بەر لە فەرزکردنی زەکات.

# ئایەتی ٢١٦

كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە موسڵمانان دەڵێت:

شەڕکردنتان لەسەر نووسراوە لەگەڵ ئەوەش کە ڕقتان لێیەتی، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام بۆ ئێوە چاك بێت، وە ڕەنگ بێت خۆشیتان بە شتێك بێت، بەڵام ئەو شتە خراپ بێت بۆتان، وە الله دەزانێت و ئێوە نازانن.

واتە:

{كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ}، شەڕ و کوشتارتان لەسەر نووسراوە، {وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ}، وە ئێوە ڕقتان لێیەتی، {وَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ}، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام بۆ ئێوە چاك بێت، {وَعَسَىٰ أَن تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ}، وە ڕەنگ بێت شتێکتان بە دڵ بێت، بەڵام خراپ بێت بۆتان، {وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ}، الله دەزانێت و ئێوە نازانن.

ئەم ئایەتە جیهاد فەرز و پێویست دەکات لەسەر هەموو موسڵمانێك، چونکە {كُتِبَ عَلَيْكُمُ}، واتە لەسەرتان فەرز کراوە، هەروەك چۆن ئایەتی ١٧٨ سوورەتی البقرة دەڵێت:

كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ

تۆڵەتان لەسەر نووسراوە، واتە فەرزکراوە.

وە ئایەتی ١٨٣ی ئەم سوورەتە دەڵێت:

كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ

بەڕۆژووبوونتان لەسەر نووسراوە، واتە فەرز کراوە.

وە ئایەتی ١٨٠ی ئەم سوورەتە لە پەیوەست بە وەسیەت دەڵێت:

كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ

لەسەرتان نووسراوە، کاتێك دانەیەکتان لە سەرە مەرگدا دەبن.

وە ئایەتی ٥١ سوورەتی التوبة:

قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا

ئەی محمد بڵێ هەرگیز تووشمان نابێت، تەنها ئەوە نەبێت کە الله لەسەرمانی نووسیوە.

واتە ئەم ئایەتە کوشت و کوشتار و جیهادی، بۆ پیاوان کردووە بە ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی ئیسلام، وەك چۆن نوێژ و بەڕۆژووبوون، و زەکات و حەج لە ڕوکنەکانی ئیسلامن.

ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت، کە زۆرێك لە یاوەرەکانی محمد، کوشت و کوشتاریان بە دڵ نەبووە، چونکە دەڵێت:

وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ

وە ئێوە شەڕ و کوشتارتان بە دڵ نییە و ڕقتان لێیەتی، وە ڕەنگ بێت ڕقتان لە شتێك بێت، بەڵام ئەو شتە بۆتان باش بێت.

وە ئایەتی ٧٧ سوورەتی النساء، تەئکید دەکاتەوە کە هەندێك لە یاوەرەکانی محمد شەڕ و کوشتاریان بە دڵ نەبووە:

فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ النَّاسَ كَخَشْيَةِ اللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا الْقِتَالَ

وە کاتێك شەڕ و کوشتاریان لەسەر نووسرا، ئەوکات دەستەیەکیان لە خەڵك دەترسن، وەك ترسانیان لە الله، وە یان ترسێکی زیاتر، وە گوتیان: خوداکەمان بۆچی شەڕ و کوشتارت لەسەرمان نووسیوە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ}، واتە شەڕ و کوشتاری موشریکەکانتان لەسەر فەرز کراوە، لەگەڵ ئەوەش کە ڕقتان لێیەتی.

وە دەڵێت سعید بن المسیب گوتوویەتی: جیهاد فەرز و واجبە لەسەر موسڵمانان تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

وه الطبری سەبارەت بە {وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ} دەڵێت واتە:

وە نەکەن ڕقتان لە شەڕ و کوشتار بێتەوە، وە ڕەنگ بێت ئێوە ڕقتان لێی بێتەوە، بەڵام چاکە بۆ ئێوە، وە نەکەن خۆشیتان بە دەستبەرداربوونی جیهاد بێت، چونکە ڕەنگ بێت ئێوە خۆشیتان پێی بێت، بەڵام خراپ بێت بۆتان.

{وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ}، واتە الله دەزانێت کە چی چاکە و چی خراپە بۆ ئێوە، وە ئێوە نازانن کە چی چاکە و چی خراپە.

لەبەر ئەوە وەك لە صحيح البخاری و صحيح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

أُمِرْتُ أنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، ويُقِيمُوا الصَّلَاةَ، ويُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذلكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وأَمْوَالَهُمْ إلَّا بحَقِّ الإسْلَامِ، وحِسَابُهُمْ علَى اللَّهِ

فەرمانم پێکراوە کە شەڕ و کوشتاری خەڵك بکەم تاوەکو شایەتومانی دەهێنن، کە هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە محمد پێغەمبەری اللهیە و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن، جا ئەگەر وایان کرد ئەوە خوێن و سامانیان لە من پارێزراو دەبێت تەنها بە هەقی ئیسلام نەبێت، وە لێپرسینەوەیان لەسەر الله دەبێت.

{إلَّا بحَقِّ الإسْلَامِ}، واتە موسڵمان تەنها لە ٣ حاڵەتدا دەکوژرێت:

یەکەم: زیناکەرێك کە هاوسەری هەبێت یان هاوسەرگیری کردبێت.

دووەم: موسڵمانێك کە لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە .

سێهەم: موسڵمانێك کە بە ناهەق موسڵمانێك دەکوژێت.

وە لە صحيح مسلم و مسند احمد و سنن النسائی و سنن ابوداود، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

مَن ماتَ ولَمْ يَغْزُ، ولَمْ يُحَدِّثْ به نَفْسَهُ، ماتَ علَى شُعْبَةٍ مِن نِفاقٍ

هەر کەسێك بمرێت و غەزو نەکات، وە یان نیەتی جیهادی نەبێت ئەوە لەسەر ڕێبازێك لە نیفاق دەمرێت.

وە لە صحيح سنن ابو داود (للالبانی)، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إذا تبايعتُم بالعينةِ وأخذتم أذنابَ البقرِ ، ورضيتُم بالزَّرعِ وترَكتمُ الجِهادَ سلَّطَ اللَّهُ عليْكم ذلاًّ لاَ ينزعُهُ حتَّى ترجعوا إلى دينِكُم

ئەگەر خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون، وە خەریکی ئاژەڵداری بوون و ڕزای بوون بە کاری کشتوکاڵی و دەستبەرداری جیهاد بوون، ئەوە اللە ڕیسواییتان بەسەردا دەسەپێنێت، وە لای نابات تاوەکو دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئاینەکەتان.

{حتَّى ترجعوا إلى دينِكُم} واتە تاوەکو دەگەڕێننەوە بۆ جیهاد.

# ئایەتی ٢١٧

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَـٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە شەڕ و کوشتار لە مانگی حەرام: بڵێ شەڕ و کوشتار تیایدا گوناهێکی گەورەیە، بەڵام بەرپەرچدانەوەی ڕێبازی اللە و کوفر پێی و شوێنی کڕنۆشبردنی حەرام و دەرکردنی خەڵکەکەی لێیەوە گوناهێکی گەورەترە لای اللە، وە ئاژاوە گەورەترە لە شەڕ و کوشتار، وە بەردەوام شەڕتان دەکەن تاوەکو، ئەگەر بتوانن، لە ئاینەکەتان هەڵتان دەگێڕنەوە، وە هەر کەسێکتان لە ئاینەکەی هەڵگەڕێتەوە، جا بە کافری بمرێت، ئەوە ئەوانە کارەیان لە دونیا و ئاخیرەت پووچەڵ دەبێتەوە، وە ئەوانە یاوەرانی ئاگرن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

واتە:

{يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ}، ئەی محمد پرسيارت لێ دەكەن سەبارەت بە شەڕ و كوشتار لە مانگی حەرام، {قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ}، بڵێ شەڕ و كوشتار لە مانگی حەرام گوناهێكی گەورەیە، {وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللَّهِ}، بەڵام بەرپەرچدانەوەی ڕێبازی الله لە لایەن موشریكەكانەوە و كوفركردنیان بە الله و دەركردنی خەڵك لە شوێنی كڕنۆشبردنی حەرام، واتە لە مەككە، گوناهێكی گەورەترە لای الله، {وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ}، وە ئاژاوە، واتە شرك و كوفر، گوناهێكی گەورەترە لە لای الله لە كوشت و كوشتار، {وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ}، وە بەردەوام شەڕتان دەكەن تاوەكو لە ئاینەكەتان هەڵتان دەگێڕنەوە، واتە لە ئیسلام، {إِنِ اسْتَطَاعُوا}، ئەگەر توانیان، {وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ}، وە هەر كەسێكتان لە ئاینەكەی هەڵگەڕێتەوە، {فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ}، جا بمرێت و كافر بێت، {فَأُولَـٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ}، ئەوانە كارەكانیان پووچەڵ بووە لە دونیا و لە قیامەت، {وَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ}، وە ئەوانەی یاوەرانی دۆزەخن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

لە ناو عەرەبی جاهیلی چوار مانگ حەرام بووە كە شەڕی تێدا بكرێت، كە بریتین لە: ذو القعدة وذو الحجة والمحرم ورجب. وەك ئایەتی ٣٦ سوورەتی التوبة:

إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِنْدَ اللَّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللَّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ

ژمارەی مانگەكان لای الله دوانزە مانگە لە پەرتووكی الله، لەو ڕۆژەوەی كە ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووە، چوار دانەیان حەرامن.

محمد و یاوەرەكانی پیرۆزی ئەم مانگانە دەشكێنن و كوشت و كوشتاری تیادا دەكەن و خوێنی تێدا دەڕێژن.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

پێغەمبەر صلعم، دەستەیەكی چەكداری بە سەركردایەتی عبدالله بن جحش دەنێرێت بۆ ناوچەی نەخلە، (نێوان مەككە و طائف)، كاروانێكی قورەیشیان بینی بە سەركردایەتی عمر بن الحضرمی، لە مانگی حەرام (رجب)، ابن الحضرمیان كوشت ، الحكم بن كَيْسَان وعثمان بن عبد الله بن المغيرةیان بە دیل گرت و

کاروانەکەیان لەگەڵ خۆیان بۆ مەدینە هێنا، ئەوەبوو وەفدێك لە قورەیش هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان: محمد شەڕ و کوشتاری لە مانگی حەرام حلال کرد، مانگی حەرام مانگێك بوو کە هیچ کەسێك لە کوشتار و خوێنڕشتن نەدەترسا، و خەڵك خەریکی بەدەستهێنانی بژێویان بوون، بەڵام محمد خوێنی تیادا ڕشت و تیایدا دەستی بۆ شمشێر برد، وە خەڵکی مەککە موسڵمانانیان لەکەدار دەکرد و دەیانگوت: ئەی ئەوانە بوونەتە سابیئة (واتە موسلمان)، شەڕ و کوشتارتان لە مانگی حەرام حەڵاڵ کرد. ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند، {پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە شەڕ و کوشتار لە مانگی حەرام}، پێغەمبەر یەك لە پێنجی کاروانەکەی بۆ خۆی گلدایەوە، وە ئەمە یەکەم (خُمُس} بوو کە پێغەمبەر بەدەستی هێنا، وە ئەوەی مایەوە بەسەر دەستە چەکدارەکەی دابەش کرد.

محمد یەك لە پێنجی غەنیمەکەی بۆ خۆی گلداوەتەوە لە کاتێکدا هێشتا ئایەت دانەبەزیبوو کە یەك لە پێنج بۆ محمد حەڵاڵ بکات، چونکە {خُمُسَ} دواتر لە سوورەتی الانفال دادەبەزێت.

ئەی محمد بیرۆکەی { خُمُسَ} لە کوێ بۆ هاتووە و وەرگرتووە؟

ابو فرج الاصفهانی لە الأغانی، لە وەسفی سەرکردەیەکی صعالیکدا بە ناوی حاجز بن عوف دەڵێت:

چارەگەکی دەستکەوتەکانی فەرهوودی لە پیاوەکانی وەردەگرت.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتەدا دەڵێت:

{قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ}، کوشتن و کوشتار گوناهێکی گەورەیە، بەڵام {وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ}، شرك و کوفر گەورەترە لە کوشتن و کوشتار، وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

شرك مەزنتر و گەورەترە لە کوشتن، واتە کوشتنی ابن الحضرمی کە ئێوە نیگەران بوون بە کوشتنی لە مانگی حەرام.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە ئەم ئایەتە نەسخ بووە، وە کوشت و کوشتاری موشریکەکان لە مانگە حەرامەکان ڕێگا پێدراوە.

# ئایەتی ٢١٨

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُولَـٰئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ اللَّهِ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و جیهادیان لە پێناو اللەدا کردووە، ئەوانە بە هیوای ڕەحمەتی اللەن، وە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

لەم ئایەتەدا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، وەڵام بە موشریکەکان دەداتەوە و دەڵێت:

عبداللە بن جحش و دەستە چەکدارەکەی کە ابو الحضرمیان کوشت و دەستیان بە سەر کاروانەکەدا گرت، ئەوانە ئیماندارن و کۆچیان کردووە لە مەککە بۆ مەدینە، وە ئەوانە بەم کارەیان جیهادیان کردووە لە پێناو اللە، وە ئەوانەن کە بە هیوای ڕەحمەتی اللەن.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتەدا بە عبداللە بن جحش و دەستە چەکدارەکەیدا هەڵدەدات.

# ئایەتی ٢١٩

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

لێت دەپرسن سەبارەت بە عەرەق (مەی) و قومار، بڵێ: گوناهێکی گەورە و سوودیان بۆ خەڵك تێدایە، وە گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان، وە پرسیارت لێ دەکەن کە چی ببەخشن؟ بڵێ ئەوەی لێتان زیادەیە، بەم جۆرە اللە ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن.

واتە:

{يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ}، ئەی محمد پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە عەرەق و قومار، {قُلْ}، بڵێ، {فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ}، لە عەرەق و قومار گوناهێکی گەورە و چەندەها سوود بۆ خەڵك هەیە، {وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا}، بەڵام گوناهەکەیان لە سوودەکەیان گەورەترە، {وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ}، وە پرسیارت لێ دەکەن کە چی ببەخشن؟ {قُلِ الْعَفْوَ}، بڵی ئەوەی لێتان زیادەیە، {كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ}، بەم جۆرە الله ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن.

خودای عەرەب و ئیسلام، دەڵێت قومار سوودی هەیە، بەڵام گوناهەکەی زیاترە لە سوودەکەی.

پرسیار: ئەرێ خاوەن ئەقڵ و هۆشەکان، (يَا أُولِي الْأَلْبَابِ) سوودی قومار چییە؟

لە ئایەتی ٦٧ سوورەتی النحل خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا

وە لە بەروبوومی خورما و ترێ سەرخۆشکەر دەردێنن کە ڕزقێکی چاکە.

واتە: عەرەق و شراب ڕزقێکی چاکە.

وە لەم  ئایەتەدا دەڵێت:

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِقُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا

پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە مەی و قومار، بڵێ گوناه و چەندەها سوودیان بۆ خەڵك تێدایە، بەڵام گوناهەکەیان گەورەترە لە سوودەکەیان.

واتە: عەرەق چەندەها سوودی تێدایە، بەڵام گوناهەکەی گەورەترە لە سوودەکەی.

وە ئەوەی سەیرە لەم ئایەتە، {مَنَافِعُ}، بە کۆیە، واتە چەندەها سوود.

الواحدی لە اسباب النزول دەڵێت:

ئەم ئایەتە سەبارەت بە عومەری کوڕی خەتاب و معاذ بن جبل و کۆمەڵێك لە پیاوانی مەدینە دابەزیوە، هاتن بۆ لای پێغەمبەر و گوتیان فەتوامان بۆ بدە سەبارەت بە عەرەق و قومار ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە لە مسند احمد و جامع الترمذی و سنن ابوداود و سنن النسائی هاتووە، کە عومەری کوڕی خەتاب گوتوویەتی:

اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَانًا شَافِيًا . فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْبَقَرَةِ : ( يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ [ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ ] ) فَدُعِيَ عُمَرُ فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَانًا شَافِيًا . فَنَزَلَتِ الْآيَةُ الَّتِي فِي النِّسَاءِ : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى ) [ النِّسَاءِ : 43 ] ، فَكَانَ مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَقَامَ الصَّلَاةَ نَادَى : أَلَّا يَقْرَبَنَّ الصَّلَاةَ سَكْرَانُ . فَدُعِيَ عُمَرُ فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ ، فَقَالَ : اللَّهُمَّ بَيِّنْ لَنَا فِي الْخَمْرِ بَيَانًا شَافِيًا . فَنَزَلَتِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْمَائِدَةِ . فَدُعِيَ عُمَرُ ، فَقُرِئَتْ عَلَيْهِ ، فَلَمَّا بَلَغَ : ( فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ ) [ الْمَائِدَةِ : 91 ] ؟ قَالَ عُمَرُ : انْتَهَيْنَا ، انْتَهَيْنَا

الله سەبارەت بە مەی بە ڕەوانی بۆمان ڕوون بکەوە، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی، {پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە مەی و قومار}، پێغەمبەر بانگی عومەری کرد و بۆی خوێندەوە، عومەر گوتی: الله سەبارەت بە مەی بە ڕەوانی بۆمان ڕوون بکەوە، ئەوەبوو ئایەتی ٤٣ سوورەتی النساء دابەزی کە دەڵێت، {ئەی ئیمانداران لە نوێژ نزیك مەکەونەوە کاتێك سەرخۆشن}، وە بانگدەری پێغەمبەر لە کاتی نوێژکردن دەیگوت: هیچ کەسێك نوێژ نەکات کە سەرخۆشە، بانگی عومەری کرد و بۆی خوێندەوە، عومەر گوتی: الله سەبارەت بە مەی بە ڕەوانی بۆمان ڕوون بکەوە، ئەوەبوو ئایەتی ٩١ سوورەتی المائدة دابەزی کە دەڵێت، {ئەرێ ئێوە کۆتاییتان پێی نەهێنا}؟ عومەر گوتی کۆتاییمان پێی هێنا، کۆتاییمان پێی هێنا.

واتە: عەرەق خواردنەوە بە چوار قۆناغ حەرام کراوە.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

مجاهد ومحمد بن سيرين والحسن وابن المسيب وعطاء وقتادة ومعاوية بن صالح وطاوس وعلي بن أبي طالب وابن عباس، گوتوویانه: دامه و شەترەنج قومارن، وه تەنانەت یاری منداڵان کاتێك یاری به گوێز و چوارگۆشه دەکەن.

وه القرطبی دەڵێت، له قورئانەکەی ابن مسعود هاتووه که دەڵێت:

قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَثِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْثَرُ مِن نَّفْعِهِمَا

بڵێ گوناهەکەیان زۆره، وه چەندەها سوودی بۆ خەڵك تیایه، بەڵام گوناهەکەیان زۆرتره له سوودەکەیان.

واته: (زۆر) و (زۆرتر)، له جیاتی (گەوره) و (گەورەتره)

وه ابن كثير سەبارەت به {وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ}، دەڵێت واته: پرسیارت لێ دەکەن که چ ببەخشن؟ ئەی محمد بڵێ ئەوەی لێتان زیاده.

## ئایەتی ٢٢٠

فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَىٰ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

له دونیا و ئاخیرەت، وه پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت به هەتیوەکان بڵێ چاکسازی بۆیان چاکتره، وه ئەگەر تێکەڵیان بن، ئەوه براتانن، وه الله دەزانێت به بەدفەر له ئاکارساز، وه ئەگەر الله بیویستایه ئەوه ئەرکی گران دەکردن، له ڕاستیدا الله باڵادەسته و ژیرمەنده.

واته:

{فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ}، له دونیا و قیامەت، {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَىٰ}، ئەی محمد سەبارەت به منداڵانی هەتیو پرسیارت لێ دەکەن، {قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ}، بڵێ چاکسازکردن بۆیان چاکتره، {وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ}، وه ئەگەر تێکەڵیان بن ئەوه براتانن، {وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ}، وه الله به بەدفەر و ئاکارساز

دەزانێت، {وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ}، وە ئەگەر الله بیویستایە ئەوە باری گران دەکردن، {إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}، لە ڕاستیدا الله باڵادەستە و ژیرمەندە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەم برگەیە: { فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ- لە دونیا و ئاخیرەت}، پەیوەندی بە کۆتایی ئایەتی پێشوو هەیە کە دەڵێت: {كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ- بەم جۆرە الله ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن}، لە دونیا و لە قیامەت.

وە دەڵێت: أَبُو دَاوُدَ ، وَالنَّسَائِيُّ ، وَابْنُ أَبِي حَاتِمٍ ، وَابْنُ مَرْدَوَيْهِ ، وَالْحَاكِمُ لە المستدرك، ڕیوایەتێکیان گێڕاوەتەوە، ابن عباس گوتوویەتی:

لَمَّا نَزَلَتْ: (وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) [الْإِسْرَاءِ : 34] وَ (إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا) [النِّسَاءِ: 10] انْطَلَقَ مَنْ كَانَ عِنْدَهُ يَتِيمٌ فَعَزَلَ طَعَامَهُ مِنْ طَعَامِهِ ، وَشَرَابَهُ مِنْ شَرَابِهِ ، فَجَعَلَ يَفْضُلُ لَهُ الشَّيْءُ مِنْ طَعَامِهِ فَيُحْبَسُ لَهُ حَتَّى يَأْكُلَهُ أَوْ يَفْسَدَ ، فَاشْتَدَّ ذَلِكَ عَلَيْهِمْ ، فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلَاحٌ لَهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ) فَخَلَطُوا طَعَامَهُمْ بِطَعَامِهِمْ وَشَرَابَهُمْ بِشَرَابِهِمْ

کاتێك ئایەتی ٣٤ الاسراء دابەزی، {وە نەکەن لە سامانی هەتیو نزیك بکەونەوە، تەنها بە شتێك نەبێت کە چاکترە}، وە ئایەتی ١٠ سوورەتی النساء دابەزی کە دەڵێت، {ئەوانەی سامانی هەتیوان بە ستەم دەخۆن، لە ڕاستیدا ئاگرن بۆ ناو سکەکانیان دەخۆن، وە لە دۆزەخ دەسووتێندرێن}، ئەو خەڵکەی کە هەتیوێکی لابوو، دەستی کرد بە جیاکردنەوەی خواردنەکەی لە خواردنەکەی خۆی و خواردنەوەکەی لە خواردنەوەکەی خۆی، تاوەکو وایلێهات کە خواردنەکەی دەمایەوە و تێك دەچوو، هەواڵەکەیان بە پێغەمبەر گەیاند، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی کە دەڵێت، {پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە هەتیوان، بڵێ چاکسازی بۆیان چاکترە، وە ئەگەر تێکەڵیان بوون ئەوە براکانتانن}، ئەوەبوو خواردن و خواردنەوەی هەتیوەکانیان تێکەڵ بە خواردن و خواردنەوەی خۆیان کرد.

ئایا ئەم ڕیوایەتەی ابن عباس ڕاستە؟ نەخێر، چونکە سوورەتی النساء چەند ساڵێك لە دوای سوورەتی البقرة دابەزیووە.

القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابو حنيفة گوتوویەتی، بۆ حاكم هەیە كە منداڵێكی كچی هەتیو بە شوو بدات بە گوێرەی دەقی قورئان.

## ئایەتی ٢٢١

وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُولَـٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ

دەڵێت:

وە نەكەن ژنانێكی موشریك بخوازن تاوەكو ئیمان دەهێنێت، وە بە دڵنیاییەوە ژنە كۆیلەیەكی ئیماندار چاكترە لە ژنێكی موشریك، وە تەنانەت ئەگەر سەرسامی بن، وە نەكەن ژنەكانتان بدەن بە پیاوانێكی موشریك تاوەكو ئیمان دەهێنن، وە بە دڵنیاییەوە پیاوێكی كۆیلەی ئیماندار چاكترە لە پیاوێكی موشریك، وە تەنانەت ئەگەر هاتوو سەرسامی بن، ئەوانە بانگێشە دەكەن بۆ ئاگر، وە الله بانگ دەكات بۆ بەهەشت و لێبووردەیی بە مۆڵەتی خۆی، وە ئایەتەكانی ڕوون دەكاتەوە بۆ خەڵك بەڵكو بیر دەكەنەوە.

واتە:

{وَلَا تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ}، وە نەكەن ژنانێكی موشریك بخوازن تاوەكو ئیمان دەهێنێت، {وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ}، وە بە دڵنیاییەوە ژنێكی كۆیلەی ئیماندار چاكترە لە ژنێكی موشریك، {وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ}، وە تەنانەت ئەگەر سەرسامیان بن، {وَلَا تُنكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا}، وە نەكەن ژنەكانتان بدەن بە پیاوانێكی موشریك، {وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ}، وە بە دڵنیاییەوە پیاوێكی كۆیلەی ئیماندار چاكترە لە موشریكێك، {وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ}، وە تەنانەت ئەگەر سەرسامی بن، {أُولَـٰئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ}، ئەوانەن بانگەواز دەكەن بۆ ئاگر، {وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ}، وە الله بانگ دەكات بۆ بەهەشت، {وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ}، وە

لێبووردەیی بە مۆڵەتی خۆی، {وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ}، وە الله ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ خەڵك بەڵکو بیر دەکەنەوە.

واتە:

هاوسەرگیری موسڵمان حەرامە لەگەڵ موشریك، جا موشریکەکە بتپەرست بێت، کافر بێت ، خوانەناس بێت، زەردەشتی بێت، یەهوودی بێت، یان مەسیحی، یان هەر ئاینێکی دیکە بێت.

وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەم ئایەتە هەموو ژنێکی موشریك دەگرێتەوە، بەوانەی پەرتووکیان هەیە و بە بتپەرستەکان.

ئەم ئایەتە تەنها ڕێگای داوە بە هاوسەرگیری موسڵمان لەگەڵ موسڵمان، بەڵام بە {ملك اليمين}، ئاساییە کە سێکس بکەیت لەگەڵ خاوەن ئاینەکانی دیکە.

دواتر ئایەتی ٥ سوورەتی المائدة، ژنانی خاوەن پەرتووك (یەهوودی و مەسیحی)، بۆ پیاوانی موسڵمان حەڵاڵ دەکات:

الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلُّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ

ژنانێك لە ئەمانداران و ژنانێکی داوێن پاك لەوانەی پەرتووکیان پێش ئێوە بۆ هاتووە بۆتان حەڵاڵ کرا ئەگەر مارەییان بدەن.

وە ابن کثیر دەڵێت محمد صلعم گوتوویەتی:

نَتَزَوَّجُ نِسَاءَ أَهْلِ الْكِتَابِ وَلَا يَتَزَوَّجُونَ نِسَاءَنَا

ئێمە بۆمان هەیە هاوسەرگیری بکەین لەگەڵ ژنانی خاوەن پەرتووك، بەڵام بۆ پیاوانی خاوەن پەرتووك نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی ئێمە بکەن.

واتە ئەم دوو ئایەتە بە یەکەوە دەڵێن:

یەکەم: ژنانی موسڵمان تەنها بۆ پیاوانی موسڵمان حەڵاڵن.

دووەم: بۆ پیاوانی موسڵمان، ژنانی موسڵمان و یەهوودی و مەسیحی حەڵاڵن.

سێهەم: بۆ پیاوانی موسڵمان، هەموو ژنێك جگە لە ژنانی موسڵمان  بە ملك الیمین حەڵاڵن.

# ئایەتی ٢٢٢

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

وە پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە سووڕی مانگانە، بڵێ قێزەوەنە، خۆتان لە ژنان بە دوور بگرن لە کاتی سووڕی مانگانە و لێیان نزیك مەکەونەوە تاوەکو پاك دەبنەوە، جا کاتێك پاك بوونەوە، ئەوە لەو شوێنەوە بیانگێن کە الله فەرمانتان پێ دەکات، بێگومان الله تۆبەکارانی خۆش دەوێت، وە پاکەکانی خۆش دەوێت.

واتە:

{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ}، ئەی محمد پرسیارت لێ دەکەن سەبارەت بە سووڕی مانگانە، {قُلْ}، بڵێ، {هُوَ أَذًى}، سووڕی مانگانە قێزەوەنە، {فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ}، خۆتان لە ژنان بە دوور بگرن لە کاتی سووڕی مانگانە، {وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ}، وە لێیان نزیك مەکەونەوە تاوەکو پاك دەبنەوە، {فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ}، جا کاتێك پاك بوونەوە، ئەوە لەو شوێنە بیانگێن کە الله فەرمانی پێتان کردووە، {إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ}، بێگومان الله تۆبەکارانی خۆش دەوێت، {وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ}، وە پاکەکانی خۆش دەوێت.

تێبینی و سەرنج:

{الأذى}، لە ڕووی چەمك و فیقهی ئیسلامیەوە، واتە: قێزەوەن و زیان.

وەك لە ئایەتی ١٩٦ ئەم سوورەتە هاتووە بە مانای زیان و نەخۆشی:

فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ

جا هەر کەسێکتان نەخۆش بێت، یان زیانێك لە سەریدا هەبێت.

له محمدیان پرسیوه، سووڕی مانگانه چییه، وه بۆچی ژنان تووشی سووڕی مانگانه دەبن؟ خوداوەندی عەرەب و ئیسلام له وەڵامدا گوتوویەتی:

قُلْ هُوَ أَذًى

ئەی محمد بڵێ سووڕی مانگانه قێزەوەن و زیانه.

وه القرطبی له الجامع لاحكام القران دەڵێت، {الأذى}، واته قێزەوەن.

وه ابن العربی له احكام القران دەڵێت، { هُوَ أَذًى}، به چوار مانا دێت:

یەکەم: قێزەوەن. (السدی و قتادة).

دووەم: خوێن. (مجاهد).

سێهەم: گڵاو.

چوارەم: پیسه به هۆی بۆن و زیانەکەی.

ئایا به ڕاستی قێزەوەن و گڵاو و زیانه؟

نووسەری قورئان نەیزانیووه که سووڕی مانگانه حاڵەتێکی فەسلەجییه و پەیوەندی به گەشەی هێلکۆکه و بەرزبوونەوه و دابەزینی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و پرۆگیسترۆنەوه هەیه، له وەڵامدا گوتوویەتی سووڕی مانگانه قێزەوەن و ئازاره.

ئینجا ئایەتەکه له زمانی محمدەوه دەڵێت:

فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ

ئەی پیاوان خۆتان له ژنانەوه بەدوور بگرن له کاتی سووڕی مانگانه، وه نەکەن لێیان نزیك ببنەوه تاوەکو پاك دەبنەوه.

ئایا محمد پابەندی ئەم دەقه بووه؟

له سنن ابو داود ڕیوایەتێك هاتووه، عائیشه گوتوویەتی پێغەمبەر پێی گوتم:

ادْنِي مِنِّي . فَقُلْتُ : إِنِّي حَائِضٌ . فَقَالَ : " اكْشِفِي عَنْ فَخِذَيْكِ " . فَكَشَفْتُ فَخِذِي ، فَوَضَعَ خَدَّهُ وَصَدْرَهُ عَلَى فَخِذِي وَنَامَ

لێم نزیك ببەوە، گوتم سووڕی مانگانەمە، گوتی: ڕانت ڕووت بکە، ڕانم ڕووت کرد، ڕوومەت و سینگی خستە سەر ڕانم و خەوت.

وە هەروەها لە سنن ابوداود هاتووە، مسروق لە عائیشە دەپرسێت:

مَا يَحِلُّ لِلرَّجُلِ مِنَ امْرَأَتِهِ إِذَا كَانَتْ حَائِضًا؟ قَالَتْ: كُلُّ شَيْءٍ إِلَّا الْجِمَاعَ

چی حەڵاڵە پیاو لەگەڵ ژنەکەی بکات کاتێك سووڕی مانگانەیەتی؟ گوتی: هەموو شتێك تەنها جووتبوون نەبێت.

وە لە صحیح البخاری ڕیوایەتێك هاتووە، کە میمونە ژنی محمد صلعم گوتوویەتی:

كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يُبَاشِرَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِهِ أَمَرَهَا فَاتَّزَرَتْ وَهِيَ حَائِضٌ

کاتێك پێغەمبەر دەیویست لەگەڵ ژنێکی گان بکات، وە ژنەکەی سووڕی مانگانەی بوو، فەرمانی پێی دەکرد کە ئیزارێك بپۆشێت.

وە لە سنن النسائی ڕیوایەتێك هاتووە، عائیشة گوتوویەتی:

إِذَا حَاضَتْ إِحْدَانَا أَنْ تَتَّزِرَ بِإِزَارٍ وَاسِعٍ ثُمَّ يَلْتَزِمُ صَدْرَهَا وَثَدْيَيْهَا

ئەگەر یەکێکمان سووڕی مانگانەی بووایە، پێغەمبەر فەرمانی پێمان دەکرد کە ئیزارێکی فراوان لەبەر بکەین، ئینجا خەریکی سینگ و مەمکمان دەبوو.

محمد خۆی هەموو شتێکی لەگەڵ ژنەکانی کردووە لە کاتی سووڕی مانگانە .

وە محمد بە هۆی ئەوەی ژنان سووڕی مانگانەیان هەیە، وە لە قورئانەکەیدا نووسیویەتی کە شایەتی پیاوێك بە شایەتی دوو ژن هەیە، ژنانی بە کەم ئەقڵ ناوبردووە، وەك لە صحیح البخاری فەرمودەیەك هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي أُرِيتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ - فَقُلْنَ وَبِمَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ - تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الْحَازِمِ مِنْ إِحْدَاكُنَّ - قُلْنَ : وَمَا نُقْصَانُ عَقْلِنَا وَدِينِنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ ؟ قُلْنَ : بَلَى ، قَالَ : فَذَلِكَ مِنْ

نُقْصَانِ عَقْلِهَا أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ ؟ قُلْنَ : بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ ، قَالَ : فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا

ئەی ژنان سەدەقە بکەن، من بینیم کە زۆربەتان لە دۆزەخدان، ژنەکان گوتیان: وە بۆچی ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی: نەفرەت زۆر دەکەن و سوپاسگوزاری مێردەکانتان نابن، هیچ کەم ئەقڵ و کەم ئاینێکم نەبینیوە وەك ئێوە کە هۆش و ئەقڵی پیاو نەبەن. گوتیان: وە بۆچی کەم ئەقڵین و کەم ئاینین ئەی پێغەمبەری الله؟ گوتی: ئەی شایەتی ژنێك نیوەی شایەتی پیاوێك نییە؟ گوتیان بەڵێ، گوتی: ئەوەی هۆکاری کەم ئاینتانە، ئەی کاتێك یەکێکتان سووڕی مانگانەی دەبێت، نە نوێژ دەکات و نە بەڕۆژوو دەبێت؟ گوتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری الله. گوتی: ئەوەی هۆکاری کەم ئاینیەتی.

وە لە صحیح البخاریدا، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ هَذَا أَمْرٌ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ

سووڕی مانگانە شتێکە کە الله لەسەر کچەکانی ئادەم نووسیویەتی.

وەك کورد گوتەنی: کلك شایەتی بۆ ڕیوی دەدات. قورئانەکەی شایەتی ژنانی کردووە بە نیوەی شایەتی پیاو، کەچی محمد کردوویەتی بە بەڵگە بەسەر ژنانەوە. خوداکەی محمد سووڕی مانگانەی بۆ ژنان هێناوەتەوە ئاراوە، کەچی کردوونی بە کەم ئاین.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ

جا کاتێك ژنان پاك بوونەوە، ئەوە لەو شوێنە بیانگێن کە الله فەرمانی پێتان کردووە.

واتە ئەو کاتە کە پاك بوونەوە لە سووڕی مانگانە. وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە:

نەکەن لەو دەرچەیە لەگەڵیاندا جووت بن کاتێك خوێنی لێ دێ، بەڵام شوێنەکانی دیکەی لەش ئاساییە.

ئینجا دەڵێت:

إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ

اللە ئەو پیاوانەی خۆش دەوێت کە تۆبە دەکەن، واتە ئەوانەی کە لە کاتی سووڕی مانگانە لەگەڵ ژنەکانیان جووت دەبوون، و تۆبە دەکەن کە هیچیتر جووت نابن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ڕیوایەتێك هاتووە لە جامع الترمذی و مسند احمد، کە پێغەمبەر صلعم گوتوویەتی، ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنەکەی جووت بوو لە کاتی سووڕی مانگانە، ئەوە دەبێت کەفارەت بکات:

ئەگەر خوێنەکە سوور بوو، ئەوە دەبێت دینارێك بکات بە کەفارەت، وە ئەگەر خوێنەکە زەرد بوو، ئەوە نیودینار بکات بە کەفارەت.

السیوطی لە الدر المنثور ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە محمد صلعم گوتوویەتی:

اتَّقُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ، فَإِنَّ الْجُذَامَ يَكُونُ مِنْ أَوْلَادِ الْحَيْضِ

لە کاتی سووڕی مانگانە خۆتان لە ژنان بپارێزن، چونکە منداڵانی تووش بوو بە لیپرۆسی (گەڕیی)، بە هۆی جووتبوون لە کاتی سووڕی مانگانە دروست دەبن.

## ئایەتی ٢٢٣

نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ وَقَدِّمُوا لِأَنفُسِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُم مُّلَاقُوهُ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ

دەڵێت:

ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، جا کێڵگەکانتان بکێڵن چۆنێك ئارەزووتان کرد، وە بۆ خۆتان دەستپێشخەری بکەن، وە لە اللە بترسن، وە بزانن کە ئێوە بە دیداری دەگەن، وە مژدە بدە بە ئیمانداران.

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتە دەڵێت:

نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ

ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، جا چۆنتان ئارەزوو کرد ئاوا بڕۆنە ناویەوە و بیکێڵن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

أَنَّ رَجُلًا أَصَابَ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا ، فَأَنْكَرَ النَّاسُ عَلَيْهِ ذَلِكَ ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ : (نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ)

پیاوێك ژنەکەی خۆی گا لە کۆمەوە، وە خەڵك ئەم کارەیان بەلاوە ناپەسەند بوو، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

ئاخۆ دەبێت ئەم پیاوە کێ بێت؟ ابن كثير و الطبرى و القرطبى، وە السيوطى لە الدر المنثور، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکەن کە ئیمام أَحمد وَعَبْدُ بْنُ حُمَيْدٍ و التِّرْمِذِيُّ، (وە فەرمودەکەی بە حسن داناوە)، والنَّسَائِيُّ وَأَبُو يَعْلَى وَ ابْنُ الْمُنْذِرِ و ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ و ابْنُ حِبَّانَ و الطَّبَرَانِيُّ و الْخَرَائِطِيُّ لە مَسَاوِئِ الْأَخْلَاق، و الْبَيْهَقِيُّ لە "السنن" و الضِّيَاء لە "الْمُخْتَارَةِ" ئاماژەیان پێ کردووە کە ابن عباس گوتویەتی:

جَاءَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، هَلَكْتُ ! قَالَ : " مَا الَّذِي أَهْلَكَكَ ؟ " قَالَ : حَوَّلْتُ رَحْلِي الْبَارِحَةَ ! قَالَ : فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ شَيْئًا . قَالَ : فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَذِهِ الْآيَةَ : (نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ)

عومەری کوڕی خەتاب هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری الله تیاچووم، گوتی چی تیای بردیت؟ گوتی شەوی ڕابردوو شوێنەکەم گۆڕی، (واتە لە پێشەوە بۆ کۆمەوە)، پێغەمبەر هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند و گوتی، {ژنەکانتان کێڵگەی ئێوەن، چۆن ئارەزوو دەکەن وابیانکێڵن).

واتە ئاساییە عومەر، ژنەکەت کێڵگەتە و چۆن ئارەزوو دەکەیت لەگەڵیدا جووت بە، جا لە دواوە یان لە پێشەوە.

السيوطى لە الدر المنثور، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە لە مسند و تفسیری إِسْحَاقُ بْنُ رَاهُويَهْ و صحيح الْبُخَارِيُّ و تفسير الطبرى هاتووە، فەرموودەکە دەڵێت، نَافِعٍ گوتی:

قَرَأْتُ ذَاتَ يَوْمٍ : نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ قَالَ ابْنُ عُمَرَ : أَتَدْرِي فِيمَ أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ؟ قُلْتُ : لَا ، قَالَ : نَزَلَتْ فِي إِتْيَانِ النِّسَاءِ فِي أَدْبَارِهِنَّ.

ڕۆژێکیان ئەو ئایەتەم خوێندەوە {ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە، چۆن ئارەزوو دەکەن ئاوا بڕۆنە ناو کێڵگەکانتانەوە}، ابن عمر گوتی: دەزانیت ئەم ئایەتە سەبارەت بە چی دابەزیووە؟ گوتم نەخێر. گوتی دابەزیووە سەبارەت بە گاینی ژنان لە کۆمەوە.

وە السیوطی ئاماژە بە ڕیوایەتێکی دیکە دەکات، کە لە مسند الْحَسَنُ بْنُ سُفْيَانَ، معجم الأوسط للطبراني و المستدرك للحاكم و الْمُسْتَخْرَجِ لأَبِي نُعَيْمٍ هاتووە، کە عبداللە بن عمر دەیگوت:

إِنَّمَا نَزَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ الْآيَةَ ، رُخْصَةً فِي إِتْيَانِ الدُّبُرِ

ئەم ئایەتە بۆ پێغەمبەر دابەزیووە، {ژنەکانتان بۆ ئێوە کێڵگەن}، وەك مۆڵەتێکدانێك بۆ گاینی ژنان لە کۆمەوە.

وە ابن عمر دەیگوت: ئەگەر ئارەزووت کرد، ئەوە لە زێوە ژنەکەت بگێ، وە ئەگەر ئارەزووت کرد، ئەوە لە کۆمەوە ژنەکەت بگێ.

وە السیوطی دەڵێت:

وَقَالَ ابْنُ عَبْدِ الْبَرِّ : الرِّوَايَةُ عَنِ ابْنِ عُمَرَ بِهَذَا الْمَعْنَى صَحِيحَةٌ مَعْرُوفَةٌ عَنْهُ مَشْهُورَةٌ

ابن عبدالبر گوتوویەتی: ئەم ڕیوایەتە لە ابن عمرەوە بەم مانایە ڕاستە و بەناوبانگە.

گرنگ عومەر کوڕی خەتاب و عبداللەی کوڕی ئارەزوویان لە کۆم گاین بووە.

وە السیوطی دەڵێت:

أَبِي سُلَيْمَانَ الْجُوزْجَانِيِّ قَالَ : سَأَلْتُ مَالِكَ بْنَ أَنَسٍ عَنْ وَطْءِ الْحَلَائِلِ فِي الدُّبُرِ، فَقَالَ لِي : السَّاعَةَ غَسَلْتُ رَأْسِيَ مِنْهُ

ابي سليمان الجوزجاني گوتی: له ئیمام مالك بن أنسم پرسی سەبارەت بە گایینی ژن لە کۆمەوە؟ ئیمام مالك گوتی: ئێستا لە دواوە گانم کرد و تازە غوسڵم کرد.

وە دەڵێت ئیمام مالك دەیگوت گانکردن لە کۆمەوە ڕێگا پێدراوە.

وە الجصاص لە احكام القران دەڵێت:

ئەوەی بەناوبانگە ئەوەیە کە ئیمام مالك گایینی لە کۆمەوە بەلاوە حەڵاڵ بوو.

وە السیوطی دەڵێت:

عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْقَاسِمِ قَالَ : مَا أَدْرَكْتُ أَحَدًا أَقْتَدِي بِهِ فِي دِينِي يَشُكُّ فِي أَنَّهُ حَلَالٌ - يَعْنِي وَطْءَ الْمَرْأَةِ فِي دُبُرِهَا- ثُمَّ قَرَأَ : نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ ثُمَّ قَالَ : فَأَيُّ شَيْءٍ أَبْيَنُ مِنْ هَذَا

عبدالرحمن بن القاسم دەیگوت: کەسێکم نەبینیوە کە لە ئاین ڕابەرم بووبێت کە گومانی کردبێت لە حەڵاڵبوونی گایینی ژن لە کۆمەوە، ئینجا ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە: {ژنەکانتان بۆ ئێوە کێڵگەن}، جا دەیگوت: چ شتێك لەم ئایەتە ڕوونترە.

وە دەڵێت محمد بن عبدالله بن عبدالحكم گوتوویەتی پرسیار لە الشافعی کرا سەبارەت بە گایینی ژن لە کۆمەوە، ئەوەبوو گوتی:

مَا صَحَّ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي تَحْلِيلِهِ وَلَا تَحْرِيمِهِ شَيْءٌ، وَالْقِيَاسُ أَنَّهُ حَلَالٌ

هیچ کامێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر سەبارەت بە حەڵاڵکردن و حەرامکردنی ڕاست نین، وە پێوەر ئەوەیە کە حەڵاڵە.

وە دەڵێت ابن أبي مُلَيْكَةَ گوتوویەتی:

أَنَّهُ سُئِلَ عَنْ إِتْيَانِ الْمَرْأَةِ فِي دُبُرِهَا، فَقَالَ : قَدْ أَرَدْتُهُ مِنْ جَارِيَةٍ لِي الْبَارِحَةَ فَاعْتَاصَ عَلَيَّ، فَاسْتَعَنْتُ بِدُهْنٍ

پرسیارم لێکرا سەبارەت بە گایینی ژنان لە کۆمیانەوە، گوتم: دوێنێ یەکێك لە کچە کۆیلەکانم لە کۆمەوە گا، بەڵام سەخت بوو و نەدەچووە ناوەوە، جا ڕۆنم هێنا و کردم.

وە ابن العربي لە احكام القران دەڵێت:

اختَلَفَ العلماءُ في جَوازِ نِكاحِ المرأة في دُبُرِها. فجوَّزهُ طائفةٌ كثيرةٌ

زاناکان ناکۆکن سەبارەت بە گاینی ژن لە کۆمەوە، وە دەستەیەکی زۆر ڕێگایان پێ داوە. وە ابن شعبان لە پەرتووکی "جووتبوونی ژنان و حوکمەکانی قورئان" ئاماژەی بە کۆمەڵێك لە یاوەر و تابعینە ڕێزدارەکان کردووە کە ڕێگایان بە گاینی کۆم داوە، وە سەبارەت بە ئیمام مالك ڕیوایەتی زۆر هەن کە گوتوویەتی حەڵاڵە.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

قوزی ژن وەك زەوی وایە، وە تۆواو وەك دانەوێڵە وایە، وە منداڵ وەك ڕوەك وایە.

الراغب الاصفهانی لە محاضرات الادباء دەڵێت:

ژنێك سکاڵای بەرزکردەوە بۆ لای قازی کە مێردەکەی لە کۆمەوە دەیگێت، قازی لە پیاوەکەی پرسی کە ئایا وایە؟ پیاوەکە گوتی: بەڵێ لە کۆمەوە دەیگێم ئەوە مەزهەبی من و مەزهەبی ئیمام مالکە. ئەوەبوو قازیەکەی شەرم دایگرت.

رفعت امرأة قصة إلى القاضي تدعي أن زوجها يأتيها في دبرها ، فسأله فقال : نعم آتيها في دبرها ، وهو مذهبي ومذهب مالك ! فخجل القاضي

وە ابن أثير لە غريب الحديث و الاثر و ابن قتيبة لە غريب الحديث، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکەن کە عائشة گوتوویەتی:

إِذَا حَاضَتِ الْمَرْأَةُ حَرُمَ الْجُحْرَانُ

کاتێك ژن سووڕی مانگانەی بوو، ئەوە هەردووك کونەکەی لە پیاو حەرامە.

وەك ابن أثير دەڵێت، {الْجُحْرَانُ}، واتە قوز و کۆم.

واتە کاتێك کە ژن سووڕی مانگانەی نییە، ئەوە قوز و کۆم بۆ پیاو حەڵاڵە.

دیارە محمد صلعم، لەگەڵ عائیشة ڕەزای اللهی لێبێت، لە کۆم و قوزەوە لەگەڵیدا جووت بووە.

پرسیار و تێبینی:

بۆچی ئەو هەموو ناکۆکیە سەبارەت بەم ئایەتە لە ئارادایە؟ بۆچی موسڵمانان بوون بە دوو دەستە، دەستەیەکیان جووتبوونی کۆمی حەڵاڵ کردووە، وە دەستەیەکیان حەرامی کردووە؟

چونکە دەقەکە ناڕۆشنە، بۆچی خودای عەرەب و ئیسلام دەقێکی ڕوون و ڕۆشنی دانەدەبەزاند، بۆ نموونە بەم شێوەیە:

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أَن تَأْتُوا نِسَائكُمْ فِي أَدْبَارِهِنَّ

لێتان حەرام کراوە کە لە کۆمەوە لە گەڵ ژنەکانتان جووت بن.

تاکە وەڵام ئەوەیە کە محمد لە عومەر ترساوە.

## ئایەتی ٢٢٤

وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَانِكُمْ أَن تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

نەکەن الله بکەن بە لەمپەر بە هۆی سوێندەکانتانەوە، ئەگەر بتانەوێت چاکەکار و خۆپارێز و ئاکارساز بن لە نێوان خەڵکدا، وە الله بیستەر و ئاگادارە.

الطبری لە جامع البیان، دەڵێت واتە:

نەکەن الله بکەن بە لەمپەرێك بۆ سوێندەکەتان لەوەی کە چاکەکار و خۆپارێز نەبن و نەتوانن ڕۆڵی چاکەکار لە نێوان خەڵکدا ببینن. بەڵام ئەگەر کەسێکتان سوێندێکی خوارد کە دەستبەرداری چاکە و چاککردنی نێوان خەڵك دەبێت، جا ئەگەر ویستی چاکە بکات و ڕۆڵی چاککردنی نێوان خەڵکی بینی ئەوە دەتوانێت سوێندەکەی بشکێنێت و کەفارەت بکات.

وە الطبری دەڵێت، ئەم دەقە دەبووایە بەم شێوەیە بووایە:

وَلَا تَجْعَلُوا اللَّهَ عُرْضَةً لِأَيْمَانِكُمْ أَنْ لا تَبَرُّوا وَتَتَّقُوا وَتُصْلِحُوا بَيْنَ النَّاسِ

واتە {لا} کە بۆ نەرێنی بەکاردێت لەم ئایەتە لەبیرکراوە.

وە ابن كثير لە تفسير القران العظيم، ئاماژە بە ڕیوایەتێكی محمد صلعم دەكات، كە لە صحيح البخاری و مسلم هاتووە، كە گوتوویەتی:

إِنِّي وَاللَّهِ إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَا أَحْلِفُ عَلَى يَمِينٍ فَأَرَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا إِلَّا أَتَيْتُ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ وَتَحَلَّلْتُهَا

لە ڕاستیدا من، ئەگەر الله ویستی لەسەر بێت، سوێند دەخۆم، جا ئەگەر كارێكی چاكترم بینی لەوەی سوێندم بەسەر خواردووە، ئەوە لە سوێندەكەم پەشیمان دەبمەوە و كارەكە دەكەم.

وە لە صحيح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، كە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا ، فَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ ، وَلْيَفْعَلِ الَّذِي هُوَ خَيْر

هەر كەسێك سوێندی خوارد جا كارێكی بینی چاكترە لەوەی سوێندی بەسەردا خواردووە، ئەوە با كەفارەت بكات، وە ئەو كارە بكات كە چاكترە.

# ئایەتی ٢٢٥

لَّا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ

دەڵێت:

الله بەو سوێندانەوە ناتانگرێت كە بە گاڵتە دەیخۆن، بەڵام بەوە دەتانگرێت كە دڵەكانتان وەدیهێناوە، وە الله لێبووردە و نیانە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم، دەڵێت واتە:

الله سزاتان نادات و ناتانگرێت، ئەگەر سوێندێك لە زمانتانەوە هاتە دەرەوە ئەگەر مەبەستتان نەبووبێت سوێندەكە بخۆن، وەك لە صحيح البخاری و صحيح مسلم هاتووە، كە پێغەمبەر صلعم گوتوویەتی:

مَنْ حَلَفَ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ : وَاللَّاتِ وَالْعُزَّى ، فَلْيَقُلْ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ

هەر کەسێك سوێندی خوارد و گوتی: سوێند بە اللات و العزی، ئەوە با بڵێت هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

ئەو سوێندە کەسانێك خواردوویانە کە تازە لە جاهیلیەت هاتبوونە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەش ببوون بە موسڵمان، بەڵام سوێندی لەم چەشنە، سوێند بە اللات لە زمانیان دەهاتە دەرەوە، لەبەر ئەوە پێغەمبەر فەرمانی پێیان کردووە کە لە کۆتاییدا بڵێن هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت.

وە هەروەها ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە محمد گوتوویەتی:

هُوَ كَلَامُ الرَّجُلِ فِي بَيْتِهِ : كَلَّا وَاللَّهِ وَبَلَى وَاللَّهِ

ئەوەی قسەی پیاوێکە لەماڵەکەی خۆیدا کە دەڵێت: نەخێر وەڵا، وە بەڵێ وەڵا.

ئەم بڕگەیە: {وَلَـٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ}، لە ئایەتی ٨٩ سوورەتی المائدة دووبارە بۆتەوە، واتە:

بەڵام الله دەتانگرێت و سزاتان دەدات بە هۆی ئەو کاروکردەوانەی بەدەستتان هێناون.

ابن کثیر دەڵێت، واتە: ئەگەر سوێند بە شتێك بخۆیت لەگەڵ ئەوەش بزانیت کە درۆیە.

# ئایەتی ٢٢٦

لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِن فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

دەڵێت:

وە بۆ ئەوانەی سوێند بە ژنەکانیان دەخۆن، دەبێت چوار مانگ چاوەڕێ بکەن و لەگەڵیاندا نەخەون، ئەگەر پێك هاتنەوە، ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە.

واتە:

ئەگەر پیاوێك سوێندی بە ژنەکەی خوارد و گوتی: سوێند بە الله لەگەڵت ناخەوم و لەگەڵت جووت نابم، ئەوە دەبێت چوار مانگ چاوەڕێ بکات و نابێت

لەم ماوەیەدا لەگەڵیدا بخەوێت، ئەگەر دوای ئەو ماوەیە ئاشت بوونەوە، ئەو کات دەتوانن لەگەڵ یەکدا بخەون.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی، ئەمە لە سەردەمی جاهیلی پێی دەگوترا (إيلاء)، وە ئەگەر پیاو سوێندی بخواردایە، ئەوە ساڵێك یان دوو ساڵ نەدەبووایە لە ژنەکەی نزیك بێتەوە، ئیسلام هات و کردی بە چوار مانگ.

وە القرطبی دەڵێت، ئەگەر کەسێك سوێندی خوارد و گوتی سوێند بە الله ژنەکەم ناگێم ان شاء الله، ئەوە ئاساییە کە بیگێت، چونکە گوتوویەتی ان شاء الله.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ئەگەر چوار مانگ تێپەڕ بوو، ئەوە ژن بێ گان ناتوانێت، وە ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە شەوێکیان عومەری کوڕی خەتاب بە ناو مەدینەدا دەسووڕێتەوە، گوێی لە ژنێك بوو دەیگوت:

تَطَاوَلَ هَذَا اللَّيْلُ وَاسْوَدَّ جَانِبُهْ وَأَرَّقَنِي أَلَّا خَلِيلَ أُلَاعِبُهْ فَوَاللَّهِ لَوْلَا اللَّهُ أَنِّي أُرَاقِبَهْ

لَحُرِّكَ مِنْ هَذَا السَّرِيرِ جَوَانِبُهْ

ئەم شەو درێژ بوو و لێوارەکانی تاریك بوون، وە دۆستێکم نییە کە دەستگەمەم لەگەڵدا بکات، وە سوێند بە الله ئەگەر چاوەڕێی دۆستەکەی خۆم نەکردایە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوە ئێستا لەسەر ئەم قەرەوێلەیە دەبوایە بمهەژێنێت.

عومەر گەڕایەوە و لە حەفصەی کچی (ژنی محمد ) پرسی: ژن بۆ ماوەی چەند دەتوانێت بێ مێردەکەی خۆی بگرێت؟ حەفصە گوتی: ٦ یان ٤ مانگ. عومەر گوتی: نابێت هیچ سەربازێك بۆ ئەو ماوەیە زیاتر لە ژنەکەی بەدوور بێت.

# ئایەتی ٢٢٧

وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

وە ئەگەر پێداگر بوون لەسەر تەڵاق، ئەوە الله بیستەر و ئاگادارە.

واتە: ئەگەر لە کۆتایی چوار مانگەکە پێداگر بوون لەسەر تەلاق، ئەوە پیاوەکە دەتوانێت ژنەکە تەلاق بدات.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابن العربی گوتوویەتی واتە:

ئەو پیاوانەی سوێند بە ژنەکانیانەوە دەخۆن، ئەوە دەبێت بۆ ماوەی چوار مانگ لێیان نزیك نەبنەوە و سەرجێیان لەگەڵدا نەکەن، ئەگەر ئاشتبوونەوە لە دوای کۆتایی چوار مانگەکە، ئەوە الله لێبووردە و بە بەزەییە، خۆ ئەگەر پێداگربوون لەسەر تەڵاق و پیاوەکە ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوە الله بیستەر و ئاگادارە.

# ئایەتی ٢٢٨

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

وە ژنانی تەڵاقدراو دەبێت ٣ خول چاوەڕوان بن، وە بۆیان حەڵاڵ نییە کە ئەوەی الله لە منداڵدانیان دروستیکردووە بشارنەوە ئەگەر باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی هەبێت، وە مێردەکانیان لەوەدا شایستەترن بە گێڕانەوەیان، ئەگەر ویستایان بگونجێن، وە ژنان مافیان هەیە هەروەك چۆن ئەرکیان لەسەرە کە چاك بن، وە پیاوان پلەیەکیان لەسەر ژنانەوە هەیە، وە الله باڵادەست و ژیرمەندە.

واتە:

{وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ}، وە ژنانێکی تەڵاقدراو دەبێت ٣ خول چاوەڕێ بن بەر لەوەی بتوانن شوو بکەنەوە.( قُرُوءٍ)، ناکۆکی لەسەرە هەندێك دەڵێن، واتە سووڕی مانگانە، وە هەندێك دەڵێن، واتە پاکبوونەوە لە سووڕی مانگانە، {وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ}، وە بۆیان حەڵاڵ نییە کە ئەوەی الله لە منداڵدانیان دروستیکردووە بیشارنەوە، واتە ژن ئەگەر دووگیان بوون نابێت لە مێردەکانیان بشارنەوە، {إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ

الْآخِرِ}، ئەگەر باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی، واتە قیامەت هەیە، {وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ}، وە مێردەکانیان لەوەدا شایستەترن کە بیانگێڕنەوە، ئەگەر دووگیان بوون، {إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا}، ئەگەر ویستیان چاك بن و بگونجێن، {وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ}، وە هەروەك چۆن ژنان مافیان لەسەرەوە، ئەوە ئەرکیشیان لەسەرە، {بِالْمَعْرُوفِ}، بە چاکە، {وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ}، وە پیاوان پلەیەکیان لەسەر ژناندا هەیە، {وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}، وە الله باڵادەست و ژیرمەندە.

ابن الجوزی لە زاد المسیر دەڵێت، سەبارەت بە {قُرُوءٍ}، دوو وتەوت هەیە:

یەکەم: سووڕی مانگانە، (عمر، وعلي، وابن مسعود، وأبي موسى، وعبادة بن الصامت، وأبي الدرداء، وعكرمة، والضحاك والسدي، وسفيان الثوري، والأوزاعي، والحسن بن صالح، وأبي حنيفة ، وأحمد بن حنبل).

دووەم: پاکی نێوان سووڕی مانگانە، (زيد بن ثابت، وابن عمر، وعائشة، والزهري، وأبان بن عثمان، ومالك بن أنس، والشافعي).

کەواتە ئەم برگەیە: {وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ}، دەڵێت ژنانی تەڵاقدراو دەبێت ٣ سووڕی مانگانە، یان لە ٣ سووڕی مانگانە پاك ببنەوە بەر لەوەی بتوانن شوو بکەنەوە.

هەڵبەتە ئەوە بۆ ژنانێکە کە سووڕی مانگانەیان هەبێت، بەڵام بۆ ئەوانەی کە سوڕی مانگانەیان نییە بە هۆی تەمەنەوە، یان بە هۆی ئەوەی منداڵن و هێشتا سووڕی مانگانەیان لە بنەڕەتەوە دەستی پێ نەکردووە، ئەوە دەبێت ٣ مانگ چاوەڕوانی بکەن بەر لەوەی شوو بکەنەوە، وە بۆ ژنانێك کە دووگیانن، ئەوە دەبێت بوەستن تاوەکو منداڵەکەیان دەبێت. (سوورەتی الطلاق).

ئینجا برگەی دووەمی ئەم ئایەتە دەڵێت:

وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ

وە بۆ ژنە تەڵاقدراوەکە نییە کە ئەوەی الله لە منداڵدانی دروستیکردووە لە مێردەکەی بیشارێتەوە، ئەگەر بڕوای بە الله و قیامەت هەبێت.

واتە: ئەگەر دووگیان بوو، ئەوە دەبێت بە مێردەکەی بڵێت.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا

وە لەم حاڵەتەدا مێردەكانیان شایستەترن بە گێڕانەوەیان ئەگەر پیاوەكە و ژنەكە ویستیان پێك بێن و بگونجێن.

واتە: ئەگەر ژنەكە دووگیان بوو، یان هێشتا ٣ سووڕی مانگانەی نەكردبوو، ئەوە پیاوەكە دەتوانێت ژنەكە بگێڕێتەوە. هەڵبەتە ئەگەر تەڵاقی سێهەمی نەدابێت، واتە تەنها تەڵاقێك و دوو تەڵاقی دابێت. چونكە ئایەتی ٢٣٠ دەڵێت:

فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ

جا ئەگەر تەڵاقی دابێت (٣ بە ٣ تەڵاق)، ئەوە هیچیتر ژنەكە بۆ پیاوەكە حەڵاڵ نابێت تاوەكو هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێكی دیكە نەكات و نەیگێت.

ئینجا ئایەتەكە دەڵێت:

وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ

وە هەروەك چۆن ژنان مافیان هەیە بە هەمان شێوە ئەركیان لەسەرە كە چاك بن بەرانبەر بە پیاوەكانیان، چونكە پیاو پلەیەكیان لەسەر ژنانەوەیە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم، سەبارەت بە {وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ}، دەڵێت:

لە مسند احمد و سنن ابوداود و ابن ماجة، ڕیوایەتێك هاتووە كە باپیرەی معاویة بن حیدة، پرسیار لە محمد صلعم دەكات:

يَا رَسُولَ اللَّهِ ، مَا حَقُّ زَوْجَةِ أَحَدِنَا ؟ قَالَ : " أَنْ تُطْعِمَهَا إِذَا طَعِمْتَ ، وَتَكْسُوَهَا إِذَا اكْتَسَيْتَ ، وَلَا تَضْرِبَ الْوَجْهَ ، وَلَا تُقَبِّحَ ، وَلَا تَهْجُرَ إِلَّا فِي الْبَيْتِ

ئەی پێغەمبەری الله مافی ژن بە سەر یەكێكمان چییە؟ گوتی: ئەگەر خواردنت خوارد ئەوە خواردن بدەیت بە ژنەكەت، وە ئەگەر پۆشاكت كرد ئەوە پۆشاك بكە بۆ ژنەكەت، وە لە دەم و چاوی مەدە و قسەی ناشیرینی پێ مەڵێ، وە تەنها لە ماڵەكەت پشتی لێ بكە.

وە ابن كثیر، سەبارەت بە {وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ- وە پیاوان پلەیەكیان بەسەر ژنانەوە هەیە}، دەڵێت:

پیاوان پلەیان بەسەر ژنانەوە هەیە لە ڕووی جەستە و پلە و ئەخلاق و ملکەچ بوون بۆ فەرمان و خەرجکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکان، وە فەزلیان بە سەر ژنانەوە هەیە لە دونیا و لە قیامەت، وەك الله لە ئایەتی ٣٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ

پیاوان سالارن بەسەر ژناندا بەوەی الله هەندێکی پەسەند کردووە بەسەر هەندێکی دیکەدا، وە بە هۆی ئەوەی پیاوان لە سامانەکانیان خەرج دەکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، ئاماژە بە چەند ڕیوایەتێك دەکات سەبارەت بەوەی کە پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە:

یەکەم: محمد صلعم گوتوویەتی:

وَلَوْ أَمَرْتُ أَحَدًا بِالسُّجُودِ لِغَيْرِ اللَّهِ لَأَمَرْتُ الْمَرْأَةَ أَنْ تَسْجُدَ لِزَوْجِهَا

ئەگەر بۆم بکرابووایە کە فەرمانم بە کەسێك بکرایە کە کڕنۆش ببات بۆ جگە لە الله، ئەوە فەرمانم بە ژنان دەکرد کە کڕنۆش بۆ مێردەکانیان ببەن.

دووەم: محمد صلعم گوتوویەتی:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ دَعَاهَا زَوْجُهَا إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ عَلَيْهِ لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ

هەر پیاوێك بانگی ژنەکەی کرد بۆ سەرجێی ئەگەر ژنەکە ڕەتی کردەوە، ئەوە تاوەکو بەیانی دێت فریشتەکان نەفرەتی لێ دەکەن.

# ئایەتی ٢٢٩

الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَن يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە کەسوکاری ژن و مێرد دەڵێت:

تەڵاق دووجار، یان بە چاکی دەستی پێوەبگرە، یان بە ڕێکی دەستبەرداری بە، وە بۆتان حەڵاڵ نییە لەو شتانەی بە ژنەکانتان داوە وەربگرنەوە، مەگەر هەردووکیان (ژن و پیاوەکە) ترسان کە نەتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، جا ئەگەر ئێوەش (کەسوکار) ترسان کە هەردووکیان پابەندی سنوورەکانی الله نابن، ئەوە گوناهیان ناگات ئەگەر ژنەکە خۆی بکڕێتەوە، ئەوە سنوورەکانی اللهیە، جا نەکەن بیبەزێنن، جا هەر کەسێك سنوورەکانیی الله ببەزێنێت، ئەوە ئەوانە ستەمکارەکانن.

واتە:

{الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ}، لە دوای دوو جار تەڵاق، {فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ}، بە چاکە دەست پێوەگرتن بە هاوسەرگیریەکەوە، {أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ}، یان بە ڕێکی دەستبەرداربوون و لێك جیابوونەوە، {وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا}، وە بۆ ئێوە حەڵاڵ نییە کە هیچ شتێك لەوە لە ژنان وەربگرنەوە کە پێیانتان داوە، {إِلَّا أَن يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ}، مەگەر بترسن کە ژنەکە و پیاوەکە ناتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، {فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ}، جا ئەگەر ترسان کە ژنەکە و پیاوەکە ناتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، {فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ}، پیاوەکە و ژنەکە هیچ گوناهێکیان ناگات ئەگەر ژنەکە خۆی بکڕێتەوە، {تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا}، ئەوە سنوورەکانی اللهیە و نەکەن بیبەزێنن، {وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَـٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ}، جا هەر کەسێك سنوورەکانی الله ببەزێنێت، ئەوە لە ستەمکارانە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ}، واتە لە دوای دوو تەڵاق، ئەگەر پیاوەکە ویستی، بۆی هەیە ژنەکە بگێڕێتەوە و دەستی پێوە بگرێت، وەیان دەستی لێ بەردات و تەڵاقی بدات، هەروەك چۆن لە سنن ابن ماجة هاتووە، کە پێغەمبەر حەفسەی تەڵاقدا و گێڕایەوە.

وَقَدْ طَلَّقَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَفْصَةَ ثُمَّ رَاجَعَهَا

وە القرطبی دەڵێت، زانایان هاودەنگ و کۆکن کە:

{أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ}، بریتییە لە تەڵاقی سێهەم لە دوای دوو تەڵاقەکە.

وە دەڵێت زاناکان کۆکن کە:

وَأَجْمَعُوا عَلَى أَنَّ مَنْ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ طَلْقَةً أَوْ طَلْقَتَيْنِ فَلَهُ مُرَاجَعَتُهَا ، فَإِنْ طَلَّقَهَا الثَّالِثَةَ لَمْ تَحِلَّ لَهُ حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ ، وَكَانَ هَذَا مِنْ مُحْكَمِ الْقُرْآنِ الَّذِي لَمْ يُخْتَلَفْ فِي تَأْوِيلِهِ

هەر پیاوێك ژنەکەی جارێك یان دوو جار تەڵاقدا ئەوە بۆی هەیە بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ جاری سێهەم تەڵاقیدا ئەوە بۆی حەڵاڵ نابێت تاوەکو پیاوێکی دیکە هاوسەرگیری لەگەڵدا نەکات و نەیگێت. وە ئەوە لە دەقە جێگیر و موحکەمەکانی قورئانە کە ناکۆکی لە سەر نییە.

وە القرطبی دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

تەڵاق لەسەردەمی پێغەمبەر و ابوبکر و دوو ساڵی یەکەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب، ٣ تەڵاق بە تەڵاقێك دادەنرا، عومەر هات و کردی بە ٣ تەڵاق.

ڕوونکردنەوە: بە گوێرەی قورئان، ئەگەر پیاوێك لە هەمان کاتدا بە ژنەکەی بڵێت ٣ بە ٣ تەڵاق، ئەوە بە یەك جار تەڵاق دادەنرێت، وە لە سەردەمی محمد صلعم و ابوبکر وابووە، بەڵام عومەر هات و حسابی بۆ قورئان و محمد و ابوبکر نەکرد و گوتی: ئەگەر لە یەك جاردا دوو جار بڵێیت تەڵاق تەڵاق ئەوە دوو تەڵاقت کەوتووە، وە ئەگەر بڵێیت ٣ بە ٣ تەڵاق، ئەوە بە تەواوی تەڵاقت کەوتووە و بۆت نییە ژنەکەت بهێنیتەوە تاوەکو هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا نەکات.

وە القرطبی سەبارەت بە {وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا- وە بۆتان نییە کە هیچ شتێك لەوانەی کە بە ژنەکانتان داوە وەربگرنەوە}، دەڵێت:

ئەم دەقە ئاخاوتن لەگەڵ پیاوان دەکات و دەڵێت بۆتان نییە ئەوەی بە ژنانتان داوە لێیان وەربگرنەوە کاتێك تەڵاقتان دان.

{إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ – مەگەر ترسان کە هەردووکیان پابەندی سنووری الله نابن}، دەڵێت، واتە:

ئەگەر پیاوەکە پێی وابوو کە ژنەکە ناتوانێت پابەندی سنووری الله بێت، وە یان ژنەکە پێی وابوو کە پیاوەکە ناتوانێت پابەندی سنووری الله بێت، ئەوە هیچ

کێشەیەك لەسەر ژنەکە نییە کە خۆی بکڕێتەوە بۆ ئەوەی تەڵاق بدرێت. وەك دەڵێت:

فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ

ئەگەر ترسان کە پیاوەکە و ژنەکە ناتوانن پابەندی سنووری الله بن، ئەوە پیاوەکە و ژنەکە گوناهیان ناگات ئەگەر ژنەکە خۆی بکڕێتەوە.

وە القرطبی دەڵێت، ئەم بەشەی ئایەتەکە ئاڕاستەی ئەو کەسانە کراوە کە نێوەندی ژن و مێردەکە دەکەن، وە هەروەها بۆ حاکمەکانە.

القرطبی و ابن کثیر دەڵێن، وەك لە سنن ابي داود و موطأ مالك و صحیح البخاری و سنن النسائی، ڕیوایەتێك هاتووە کە عائشة (لە سنن ابو داود) گوتوویەتی:

أَنَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ سَهْلٍ كَانَتْ عِنْدَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسِ بْنِ شَمَّاسٍ فَضَرَبَهَا فَكَسَرَ نُغْضَهَا ، فَأَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْدَ الصُّبْحِ فَاشْتَكَتْ إِلَيْهِ ، فَدَعَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثَابِتًا فَقَالَ : ( خُذْ بَعْضَ مَالِهَا وَفَارِقْهَا ) . قَالَ : وَيَصْلُحُ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : ( نَعَمْ ) . قَالَ : فَإِنِّي أَصْدَقْتُهَا حَدِيقَتَيْنِ وَهُمَا بِيَدِهَا ، فَقَالَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( خُذْهُمَا وَفَارِقْهَا ) فَأَخَذَهُمَا وَفَارَقَهَا

حەبیبە کچی سەهل ژنی ثابت کوڕی قەیس کوڕی شەماس بوو، جا لێی دابوو و شانی شکاندبوو، حەبیبە هات بۆ لای پێغەمبەر و سکاڵای کرد، پێغەمبەر بانگی ثابتی کرد و گوتی: هەندێك لە پارە و سامانی حبیبە بۆ تۆ و تەڵاقی بدە. ثابت گوتی ئەوە دەبێت ئەی پێغەمبەری الله ؟ گوتی بەڵێ. گوتی من بۆ مارەییەکەی دوو باخچەم پێی داوە، پێغەمبەر گوتی بیبە و بۆ خۆت، ئەوەبوو بردی و تەڵاقیدا.

محمد کێشەی نەبووە کە ثابت شانی ژنەکەی شکاندووە.

بەڵام محمد صلعم چی گوتووە سەبارەت بە ژنێك کە داوای تەلاق بکات؟

لە جامع الترمذی و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقَهَا مِنْ غَيْرِ بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ

هەر ژنێك داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات بێ ئەوەی شتێك لە ئارادابێت، ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حرام دەبێت.

وە لە سنن ابن ماجة هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی، بۆنی بەهەشت لە دووری چل ساڵەوە دێت، (وَإِنَّ رِيحَهَا لُيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ أَرْبَعِينَ عَامًا).

وە ابن كثير، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە لە مسند احمد هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

الْمُخْتَلِعَاتُ وَالْمُنْتَزِعَاتُ هُنَّ الْمُنَافِقَاتُ

ئەو ژنانەی کە داوای تەڵاقیان کردووە و خۆیان کڕیوەتەوە ئەوانە ژنە دووڕووەکانن.

# ئایەتی ٢٣٠

فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ

خودای عەرەب و ئیسلام، لەم ئایەتە مارەبەجاش حەڵاڵ دەکات:

جا ئەگەر تەڵاقیدا، ئەوە هیچیتر بۆی حەڵاڵ نابێت تاوەکو هاوسەرێکی دیکە نەگێت، جا ئەگەر تەڵاقیدا، هیچ گوناهێکیان ناگات ئەگەر بۆ لای یەکتر بگەڕێنەوە، ئەگەر پێیان وابوو کە دەتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، وە ئەوەیە سنوورەکانی الله، بۆ خەڵکانێك ڕوونی دەکاتەوە کە دەزانن.

واتە:

{فَإِن طَلَّقَهَا}، ئەگەر پیاوەکە ژنەکەی بۆ جاری سێهەم تەڵاقدا، {فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ}، ئەوە لە دوای تەڵاقی سێهەم ژنەکە بۆ پیاوەکە حەڵاڵ نابێت تاوەکو مێردێکی دیکە نەگێت، {فَإِن طَلَّقَهَا}، جا ئەگەر پیاوەکەی دووەم تەڵاقیدا، {فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا}، هیچ گوناهێك ناگات بە پیاوەکەی یەکەم و ژنەکە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر، {إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ}، ئەگەر پێیان وابوو کە دەتوانن پابەندی سنوورەکانی الله بن، {وَتِلْكَ حُدُودُ

اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ}، وە ئەوە سنوونەرەکانی اللهیە، ڕوونی دەکاتەوە بۆ خەڵکانێك کە دەزانن.

واتە:

ئەگەر پیاوێك ٣ بە ٣ یان بۆ جاری سێهەم ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوە ئەم ژنە هیچیتر بۆ پیاوەکە حەڵاڵ نابێت تاوەکو ژنەکە، {تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ}، مێردێکی دیکە دەگێت، جا ئەگەر پیاوەکەی دووەم ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوە بۆ پیاوەکەی یەکەم و ژنەکە هەیە، {أَن يَتَرَاجَعَا}، بگەرێنەوە لای یەکتر.

ئەم برگەیە: {حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ}، دەڵێت:

{حَتَّىٰ}، تاوەکو، {تَنكِحَ}، ژنەکە دەگێت، {زَوْجًا}، مێردێکی، {غَيْرَهُ}، جگە لە پیاوەکەی.

ئەگەر گانکردن مەرج نەبووایە ئەوە دەقەکە دەیگوت:

حَتَّىٰ تَنكِحَ رَجُلًا غَيْرَهُ

تاوەکو هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دیکە دەکات.

بەڵام { تَنكِحَ زَوْجًا}، بۆ یەك مەبەست هاتووە کە ئەویش ئەوەیە دەبێت گانکردن ڕوربدات.

لەبەر ئەوە ئەم ئایەتە هاوار دەکات کە مارەبەجاش حەڵاڵە، ئەگەر مارەبەجاش نەبوایە ئەوە دەیگوت: {حَتَّىٰ تَنكِحَ رَجُلًا غَيْرَهُ}، تاوەکو ژنەکە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دیکە نەکات.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بە تەڵاقی سێهەم تەڵاقدا، دوای ئەوەی دوو تەڵاقی دیکەی دابوو، ئەوە ژنەکە لێی حەرام دەبێت، {حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ}، واتە: تاوەکو مێردێکی دیکە نەیگێت بە هاوسەرگیریەکی ڕاست، چونکە ئەگەر کەسێك لە دەرەوەی هاوسەرگیری بیگێت، وە یان بە {ملك اليمين}، کەنیزەك بیگێت، ئەوە بۆ پیاوی یەکەم حەڵاڵ نابێت، چونکە بە مێرد دانانرێت، وە هەروەها

ئەگەر هاوسەرگیریی کرد، بەڵام پیاوەکە نەیگا و تەڵاقیدا ئەوە بۆ پیاوی یەکەم حەڵاڵ نابێت.

وە السیوطی لە لباب النقول في اسباب النزول دەڵێت:

نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ فِي عَائِشَةَ بِنْتِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَتِيكٍ النَّضْرِيِّ، كَانَتْ عِنْدَ رِفَاعَةَ بْنِ وَهْبِ بْنِ عَتِيكٍ وَهُوَ ابْنُ عَمِّهَا، فَطَلَّقَهَا طَلَاقًا بَائِنًا، فَتَزَوَّجَتْ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزُّبَيْرِ الْقُرَظِيَّ، فَطَلَّقَهَا، فَأَتَتِ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ : إِنَّهُ طَلَّقَنِي قَبْلَ أَنْ يَمَسَّنِي، أَفَأَرَاجِعُ إِلَى الْأَوَّلِ؟ قَالَ : لَا حَتَّى يَمَسَّ

ئەم ئایەتە دابەزیووە سەبارەت بە عائشة کچی عبدالرحمن کوڕی عەتیك النضري کە ژنی ریفاعە کوڕی وهب کوڕی عەتیك بوو، واتە ئامۆزای، ئەوەبوو ڕیفاعە تەڵاقیدا و شووی کرد بە عبدالرحمن کوڕی الزبیر القورەزی، ئینجا تەڵاقیدا، عائیشة هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی تەڵاقیدام بەر لەوەی بمگێت، ئایا دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای مێردی یەکەمم؟ گوتی نەخێر تاوەکو مێردی دووەم نەتگێت.

وە هەروەها لە پەرتووکی الام للشافعی و مصنف عبدالرزاق و المصنف لابن أَبِي شَيْبَةَ و مسند احمد و صحيح الْبُخَارِي و صحيح مسلم و جامع الترمذی و سنن النسائی و سنن ابن ماجة و سنن البیهقی، ڕیوایەتێك هاتووە عائیشة گوتوویەتی:

جَاءَتِ امْرَأَةُ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيِّ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَتْ : إِنِّي كُنْتُ عِنْدَ رِفَاعَةَ فَطَلَّقَنِي، فَبَتَّ طَلَاقِي، فَتَزَوَّجَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ الزُّبَيْرِ وَمَا مَعَهُ إِلَّا مِثْلُ هُدْبَةِ الثَّوْبِ، فَتَبَسَّمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ :أَتُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ، حَتَّى تَذُوقِي عَسَلِيَّتَهُ وَيَذُوقَ عَسَلِيَّتَكِ

ژنی ریفاعة القورزی هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: من ژنی ریفاعە بووم و تەڵاقیدام، عبدالرحمن کوڕی الزبیر هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردم، بەڵام کێری وەك لەچکی ئەم کراسەم خاوە، پێغەمبەر زەردەخەنەی کرد و گوتی: دەتەوێت بگەڕێیتەوە لای ریفاعە؟ ناتوانیت تاوەکو تامی کێری عبدالرحمن نەکەیت و عبدالرحمن تامی قوزت نەکات.

{عسیلة}، واتە کێر یان قوز.

ئەم فەرموودەی محمد دەیسەلمێنێت کە مارەبەجاش حەڵاڵە، بەڵام مێردی دووەم دەبێت سەرجێی لەگەڵ ژنەکە بکات.

وە وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ناکۆکی هەیە لە ناو زاناکان سەبارەت بە مارە بەجاش، هەیە دەڵێت حەڵاڵە و هەیە دەڵێت شیاو نییە.

وە دەڵێت الاوزاعی و أبو حنیفة وأبو یوسف ومحمد و الشافعی گوتوویانە مارەبەجاش حەڵاڵە.

# ئایەتی ٢٣١

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

دەڵێت:

وە ئەگەر ژنەکانتان تەڵاقدا و گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانی، ئەوە یان بە چاکە دەستیان پێوە بگرن، یان بە ڕێکی دەستبەرداریان بن، بە زیان گەیاندنەوە دەستیان پێوە مەگرن بۆ ئەوەی دەستدرێژیان بکەنە سەر، وە هەرکەسێك ئەم کارە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە، وە نەکەن ئایەتەکانی الله بە گاڵتە وەربگرن، وە یادی چاکەی الله بکەنەوە کە بە ئێوەی داوە، وە ئەوەی بۆ ئێوەی لە پەرتووك و ژیرمەندی دابەزاندووە، کە بە هۆیەوە ئامۆژگاریتان دەکات، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

واتە:

{وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ}، وە ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا، {فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ}، ژنەکانتان گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانی، واتە ٣ سووڕی مانگانەیان تەواو کرد، {فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ}،جا یان بە چاکە دەستیان پێوە بگرن و بیانگێڕنەوە، {أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ}، یان بە ڕێکی بەرەڵایان بکەن و دەستیان لێ بەردەن، {وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا}، وە نەکەن بۆ زیانگەیاندن دەستیان پێوە بگرن بۆ ئەوەی

دەستدرێژیان بکەنە سەر، {وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ}، وە هەر پیاوێك ئەم کارە بکات، ئەوە بێگومان ستەمی لە خۆی کردووە، {وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا}، وە ئایەتەکانی الله بە گاڵتە وەرمەگرن، {وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ}، وە ئەو چاکەیەی اللەتان لە یاد بێت کە بە ئێوەی داوە، {وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ}، وە ئەوەی لە پەرتووك و ژیرمەندی بۆ ئێوەی دابەزاندووە، {يَعِظُكُم بِهِ}، کە پێیەوە ئامۆژگاریتان دەکات، {وَاتَّقُوا اللَّهَ}، وە لە الله بترسن، {وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}، وە بزانن کە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

بە گوێرەی ئەم ئایەتە، ئەگەر پیاو ٣ بە ٣ ژن تەڵاق بدات، ئەوە دەتوانێت بیگێڕێتەوە بەر لەوەی ژنەکە ماوەی چاوەڕوانی تەواو بکات، وەك دەڵێت:

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ

وە کاتێك ژنتان تەڵاقدا، وە ژنەکە گەیشتە ماوەی چاوەڕوانی، واتە ٣ سووڕی مانگانە، ئەوە یان بە چاکی دەستیان پێوە بگرن، یان بە ڕێکی بەڕەڵایان بکەن،

بەڵام {وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ}، نەکەن بۆ ئازاردانیان دەستیان پێوە بگرن و بیانگێڕنەوە بۆ ئەوەی دەستدرێژیان بکەنەوە سەر و دژایەتیان بکەن، وە هەر کەسێك ئەم کارە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا}، دەڵێت، واتە نەکەن بیانهێنیەوە، ئینجا تەڵاقیان بدەنەوە و ئینجا بیانهێننەوە.

{فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ- بێگومان ستەمی لە خۆی کردووە}، القرطبی دەڵێت، واتە الله سزای دەدات.

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام دەڵێت:

وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا

وە نەکەن ئایەتەکانی الله بە گاڵتە وەربگرن.

دیارە خەڵکانێك لە موسڵمانان گاڵتەیان بە ئایەتەکانی قورئان کردووە لە مەدینە.

ئینجا دەڵێت:

(وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِ)،

ئەی عەرەبی موسڵمان ئەو چاکەیەی اللەتان لە یاد بێت کە بە ئێوەی داوە، (واتە کاتێك لە جاهیلی دەژیان و نەتاندەزانی ئیمان چییە)، وە ئەوەتان لە یاد بێت کە لە پەرتووك، (واتە قورئان)، وە ژیرمەندی بۆتان دابەزاندووە، ئامۆژگاریتان بە هۆیەوە پێ دەکات، واتە محمد بە قورئان ئامۆژگاریتان دەکات. وەك ئایەتی ١٢٩ ئەم سوورەتە دەڵێت:

وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ

وە محمد فێرە نووسین و ژیرمەدنیتان دەکات.

ئینجا کۆتایی ئایەتەکە دەڵێت:

وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

وە لە الله بترسن، وە چاك بزانن کە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

# ئایەتی ٢٣٢

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە کاتێك ژنتان تەڵاقدا و گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانیان، نەکەن کێشەیان بۆ دروست بکەن ئەگەر ویستیان هاوسەرگیری لەگەڵ مێردەکانیان بکەنەوە، ئەگەر لە نێوان خۆیاندا ڕێك کەوتن، کەسێك بەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە باوەڕیان بە الله و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوەیان پاکتر و خاوێنترە بۆ ئێوە، وە الله دەزانێت و ئێوە نازانن.

واتە:

{وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ}، وە کاتێك ژنتان تەڵاقدا، {فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ}، وە ژنەکان گەیشتنە ماوەی چاوەڕوانیان، کە ٣ سووڕی مانگانەیە، {فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ}، نەکەن کێشەیان بۆ بهێننە ئاراوە ئەگەر ویستیان

هاوسەرگیری لەگەڵ مێردەکانیان بکەنەوە، {إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ}، ئەگەر ژن و مێردەکە لە نێوان خۆیاندا بە ڕێکی ڕێکەوتن و ڕازی بوون، {ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ}، کەسانێك بەوە ئامۆژگاری دەکرێن کە بڕوایان بە اللّٰه و ڕۆژی دوایی هەیە، {ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ}، ئەوەیان پاکتر و خاوێنترە، {وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ}، اللّٰه دەزانێت و ئێوە نازانن.

واتە:

ئەگەر ژنتان  تەڵاقێك یان دوو تەڵاق تەڵاقدا، وە ژنەکانتان ٣ سووڕی مانگانەیان لە چاوەڕوانی تەواو کرد، ئینجا ویستیان شوو بە مێردەکانیان بکەنەوە، نەکەن بەربەستیان بۆ دروست بکەن ، ئەگەر ژنەکە و مێردەکە ڕێك کەوتن لە نێوان خۆیاندا، ئەگەر ئێوە بڕواتان بە اللّٰه و قیامەت هەیە، وە ئەم کارە، هاوسەرگیریکردنی ژنەکە لەگەڵ مێردەکەی، پاکترە و خاوێنترە بۆ ئێوە ، وە اللّٰه دەزانێت و ئێوە نازانن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات، کە لە صحيح البخاری هاتووە، کە دەڵێت:

أَنَّ مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ كَانَتْ أُخْتُهُ تَحْتَ أَبِي الْبَدَّاحِ فَطَلَّقَهَا وَتَرَكَهَا حَتَّى انْقَضَتْ عِدَّتُهَا ، ثُمَّ نَدِمَ فَخَطَبَهَا فَرَضِيَتْ وَأَبَى أَخُوهَا أَنْ يُزَوِّجَهَا

مەعقەل کوڕی یەسار خوشکێکی هەبوو کە ژنی أبي البداح بوو، جا تەڵاقیدا و وازی لێی هێنا تاوەکو ماوەی چاوڕوانی تەواو کرد، ئینجا أبي البداح پەشیمان بۆوە و هات بۆ خوازبێنی، ژنەکە ڕازی بوو، بەڵام براکانی ڕازی نەبوون کە بیدەن بە أبی البداح.

الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە {ذَلِكُمْ أَزْكَى لَكُمْ وَأَطْهَرُ}، دەڵێت، واتە گەڕانەوەی ژنە تەڵاقدراوەکە بۆ لای مێردەکەی پاکترە و خاوێنترە بۆ ئێوە.

# ئایەتی ٢٣٣

وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ

مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دەڵێت:

وە دایکان دوو ساڵ شیر بە منداڵەکانیان دەدەن بۆ کەسێك کە دەیەوێت ماوەی شیرەخۆری تەواو بکات، وە باوکی منداڵەکە دەبێت خۆراك و پۆشاکی ژنەکە بە چاکی بدات، بەڵام ئەرکێك لەسەر کەسێك نییە تەنها بەوەی کە لە توانایدایە، نابێت دایك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە نابێت باوکێك بە هۆی منداڵەکەیەوە ئازار بدرێت، وە لەسەر میراتگر هەمان شتە، ئەگەر باوك و دایکەکە بە ڕەزامەندیان و ڕاوێژیان ویستیان منداڵەکە لە شیر بکەنەوە، ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگاتێ وە ئەگەر ویستتان دایەن بۆ منداڵەکانتان بگرن ئەوەی هیچ گوناهێکتان لەسەر نییە، ئەگەر بە چاکی ئەوەیان پێ بدەن کە پێتان دراوە، وە لە الله بترسن، وە بزانن کە الله ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن.

واتە:

{وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ}، وە دایکانی تەڵاقدراو بۆ دوو ساڵ منداڵەکانیان شیر دەدەن، {لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ}، بۆ کەسێك کە دەیەوێت ماوەی شیرەخۆری منداڵ تەواو بکات، چونکە وەك ئایەتی ١٤ سوورەتی لقمان دەڵێت:) وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ)، واتە ماوەی شیرەخۆری منداڵ دوو ساڵە، {وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ}، وە لە سەر باوکی منداڵەکەیە کە خۆراك و پۆشاکی دایکی منداڵەکە، واتە ژنە تەڵاقدراوەکەی دابین بکات کاتێك شیر دەدات بە منداڵەکە، {لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا}، بەڵام بە گوێرەی توانایی پیاوەکە {لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُ بِوَلَدِهِ}، نە دایك دەبێت بە هۆی منداڵەکەوە زیانی بەرکەوێت و ئازار بدرێت، وە نە دەبێت باوك بە هۆی منداڵەکەیەوە زیانی بەرکەوێت و ئازار بدرێت، {وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ}، وە سەبارەت بە میراتگر هەمان شت، {فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا}، وە ئەگەر ژن و پیاوەکە هەردووکیان ڕازی بوون و ڕاوێژیان کرد کە منداڵەکە لە شیر بکەنەوە، ئەوە گوناهیان ناگات، {وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ}، وە ئەگەر ویستتان دایەن بۆ منداڵەکانتان بگرن بۆ ئەوەی شیری پێبدات، ئەوە گوناهتان ناگات، {إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ}،

ئەگەر كرێكەی بە جوانی پێ بدەن، {وَاتَّقُوا اللَّهَ}، وە لە الله بترسن، {وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ}، وە بزانن كە الله ئەو كارانەتان دەبینێت كە دەیانكەن.

سەبارەت بەم برگەیە: {وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ}، كە باس لە ماوەی شیرەخۆری منداڵ دەكات، بگەڕێوە بۆ ئایەتی ١٤ سوورەتی لقمان.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ئەم ئایەتە تایبەتە بەو ژنانەی تەڵاق دراون و منداڵی شیرەخۆریان هەیە.

وە دەڵێت:

{حَوْلَيْنِ}، واتە دوو ساڵ.

وە دەڵێت ابن عباس لە جیاتی {أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ} ،دەیخوێندەوە: {أَنْ يُكْمِلَ الرَّضَاعَةَ}، كە هەمان مانا دەبەخشێت و واتە: ئەگەر بیەوێت ماوەی شیرەخۆری تەواو بكات. بەڵام مجاهد دەیخوێندەوە: {الرَّضْعَةَ}.

{وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ}، واتە لە سەر باوكانە كە خۆراك و پۆشاكی دایكی منداڵەكە بدەن تا ئەو كاتەی شیر بە منداڵەكە دەدات، {لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا}، بەڵام هەر پیاوێك بە گوێرەی توانایيەكەی دەبێت خۆراك و پۆشاكی دایكی منداڵەكە دابین بكات.

وە ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە ابو داود ئاماژەی پێ كردووە كە دەڵێت ژنێك هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی:

إِنَّ ابْنِي هَذَا كَانَ بَطْنِي لَهُ وِعَاءً ، وَثَدْيِي لَهُ سِقَاءً ، وَحِجْرِي لَهُ حِوَاءً ، وَإِنَّ أَبَاهُ طَلَّقَنِي وَأَرَادَ أَنْ يَنْتَزِعَهُ مِنِّي ، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : أَنْتِ أَحَقُّ بِهِ مَا لَمْ تَنْكِحِي

ئەوە كوڕەكەمە كە لە سكم هەڵمگرت و شیرم پێی دا و لە كۆشمدا خزمەتم كرد، وە باوكی تەڵاقیدام، وە ئێستا دەیەوێت لێم بسێنێت، پێغەمبەر گوتی تا ئەوكاتەی شوو ناكەیتەوە تۆ شایستەتریت بەم منداڵە.

واتە ئەگەر شووت كردەوە، ئەوە مێردە كۆنەكەت شایستەترە بەم منداڵە.

وە دەڵێت الشافعی گوتوویەتی: ئەگەر ژنەکە شووی کردەوە، ئەوە هیچ مافێکی بەسەر منداڵەکەوە نامینێت.

وە {وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ- لەسەر میراتگر هەمان شت پێویستە}، واتە ئەگەر پیاوەکە، باوکی منداڵەکە مرد، ئەوە ئەو کەسەی کە میراتگری پیاوەکەیە دەبێت هەمان ماف بۆ ژنەکە دابین بکات کە شیر بە منداڵەکە دەدات.

هەرچەندە شرۆڤەکەران ناکۆکیان سەبارەت بەم بڕگەیە هەیە: مەبەست لە میراتگر کێیە؟ الماوردی لە النکت و العیون دەڵێت:

یەکەم: هەندێك دەڵێن منداڵە شیرەخۆرەکە خۆی میراتگرە.

دووەم: هەندێك دەڵێن کەسوکاری باوکەکە ئەگەر باوکەکە مرد.

سێهەم: هەندێك دەڵێن ئەگەر دایەکەکە، یان باوەکەکە مرد، ئەوە ئەویتریان دەبێت بە میراتگر.

# ئایەتی ٢٣٤

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەم ئایەتە ئاڕاستەی پیاوان دەکات و دەڵێت:

وە ئەوانەتان کە دەمردن، وە ژنان لە دوای خۆیان جێدەهێڵن، ژنەکان دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، جا کاتێك ئەو ماوەیەیان تەواو کرد، ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگات ئەگەر ژنەکە لەگەڵ خودی خۆیدا هەر کارێکی بە چاکی کرد، وە الله بەوە ئاگادارە کە دەیکەن.

واتە:

{وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ}، وە ئەو پیاوانەتان کە دەمرێت، {وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا}، وە ژنان لە دوای خۆیان جێدەهێڵن، {يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا}، دەبێت ژنەکان چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن شوو بکەنەوە، {فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ}، جا کاتێك ئەو ماوەیان تەواو کرد، {فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ}، ئەی

خەڵکینە گوناهتان ناگات، {فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ}، ئەگەر ئەو ژنانە لەگەڵ خودی خۆیان هەر کارێکیان بە چاکە کرد، واتە وەك شووکردنەوە، {وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ}، وە الله ئاگادارە بەو کارانەی دەیکەن.

واتە:

ئەگەر پیاوێك مرد، ئەوە ژنەکەی یان ژنەکانی دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن بەر لەوەی بتوانن شوو بکەنەوە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ئەم دەقە ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە پیاوەکان لەگەڵیاندا خەوتوون، وە ئەوانەش کە تەنها مارە بڕیانن، دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن.

نووسەری قورئان لەم ئایەتە ژنی دووگیانی لەبیر کردووە. بە گوێرەی ئەم ئایەتە ئەگەر ژنانێك دوو گیان بوون، وە مێردەکانیان مرد، ئەوە دەتوانن دوای چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕوانی شوو بکەنەوە.

ابن کثیر، بێ ئەوەی بەڵگەی هەبێت دەڵێت، تەنها ژنانێك لە دەرەوەی ئەم دەقەن کە دووگیانن، چونکە دەبێت چاوەڕێ بکەن تاوەکو منداڵەکەیان دەبێت.

تاوەکو منداڵەکەیان دەبێت، بۆ تەڵاقە، نەك بۆ ژنانێك کە مێردیان دەمرێت.
وەك لە ئایەتی ٤ سوورەتی الطلاق هاتووە و دەڵێت:

وَأُوْلاتُ الأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ

وە ئەو ژنانەی دووگیانن و تەڵاق دەدرێن، ئەوە ماوەی چاوەڕوانیان ئەوکاتەیە کە منداڵەکەیان دەبێت.

وە ابن کثیر ئاماژە بە دوو ڕیوایەتی محمد دەکات کە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە:

یەکەم:

لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُحِدَّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا

بۆ ژنێك حەڵاڵ نییە كە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی هەبێت كە زیاتر لە ٣ ڕۆژ بۆ مردوو تازیە (ماتەم)داربێت، تەنها بۆ مێردەكەی نەبێت كە دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ تازیە دار بێت.

دووەم: أم سلمة گوتوویەتی:

أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، إِنَّ ابْنَتِي تُوَفِّيَ عَنْهَا زَوْجُهَا ، وَقَدِ اشْتَكَتْ عَيْنُهَا ، أَفَنَكْحُلُهَا ؟ فَقَالَ : " لَا " . كُلُّ ذَلِكَ يَقُولُ : " لَا " مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا . ثُمَّ قَالَ : " إِنَّمَا هِيَ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ ، وَقَدْ كَانَتْ إِحْدَاكُنَّ فِي الْجَاهِلِيَّةِ تَمْكُثُ سَنَةً

ژنێك بە پێغەمبەری گوت: ئەی پێغەمبەری الله كچەكەم مێردەكەی مرد، وە چاوەكانی ئازاری هەیە (بە هۆی گریانەوە)، ئایا دەتوانم كل بكەمە چاوەكانیەوە؟ پێغەمبەر گوتی نەخێر، وە ژنەكە قسەكەی دوو جار یان سێ جار دووبارە كردەوە، پێغەمبەر گوتی نەخێر، بەڵكو دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ بوەستێت، وە كەسێكتان لەسەردەمی جاهیلی دەبوایە ساڵێك بوەستێت.

ئەوەی سەیرە ٦ ئایەت دواتر، واتە لە ئایەتی ١٤٠ هاتووە دەڵێت، دەبێت ژنەكە ساڵێك بوەستێت:

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِمْ مَتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ

وە ئەوانەتان كە دەمرن و ژنان لە دوای خۆیان جێدەهێڵن، وەك وەسیەتی مێردەكانیان دەبێت بۆ ساڵێك چاوەڕی بكەن بە بێ دەرچوون.

ئینجا ئەم ئایەتە دەڵێت:

فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ

كاتێك چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێیان كرد، ئەوە گوناهتان ناگات ئەگەر ئەو ژنانە هەر شتێك ئارەزوویان كرد بیكەن، واتە شوو بكەنەوە.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت، واتە شوو بكەنەوە.

## ئایەتی ٢٣٥

وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلَّا أَن تَقُولُوا قَوْلًا مَّعْرُوفًا وَلَا تَعْزِمُوا

عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەم ئایەتە ئاڕاستەی پیاوان دەکات و دەڵێت:

وە گوناهتان ناگات ئەگەر بچنە پێشەوە بۆ خوازبێنی ژنان، یان لە دڵی خۆتاندا دیاریتان کردبێت، الله زانیویەتی کە ئێوە ئاماژەتان پێیان کردووە، بەڵام نەکەن بە نهێنی ژوانیان لەگەڵدا بکەن مەگەر ئەوە نەبێت کە قسەیەکی چاك بکەن، وە نەکەن گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستن تاوەکو ماوەی چاوەڕوانی دیاریکراویان تەواو نەبێت، وە چاك بزانن کە الله بەوە دەزانێت کە لە ناختاندایە، جا ئاگادری بن، وە بزانن کە الله لێبووردەیە و نیانە.

واتە:

{وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ}، وە ئەی پیاوان هیچ گوناهێکتان نایەتە سەر، {فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ}، ئەگەر چوونە پێشەوە بۆ خوازبێنی ژنان، {أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ}، وە یان لە خودی خۆتاندا کەسێکتان دیاری کردبوو بۆ ئەوەی خوازبێنی بکەن، {عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ}، الله زانیویەتی کە ئێوە لە داهاتوو ئاماژەیان پێ دەکەن، {وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا}، وە نەکەن بە نهێنی ژوانیان لەگەڵیاندا بکەن، {إِلَّا أَن تَقُولُوا قَوْلًا مَّعْرُوفًا}، مەگەر قسەیەکی چاك بکەن، {وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ}، وە نەکەن کۆنتراکتی هاوسەرگیری ببەستن، تاوەکو ئەو ژنانە ماوەی چاوەڕوانیان تەواو دەکەن، چوار مانگ و دە ڕۆژ بۆ ژنێك کە مێردی مردووە، وە ٣ سووڕی مانگانە بۆ ژنێك کە تەڵاق دراوە، {وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ }، وە بزانن کە الله بەوە دەزانێت کە لە ناختاندایە، {فَاحْذَرُوهُ}، جا ئاگادار بن و لە الله بترسن، {وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ}، وە بزانن کە الله لێبووردە و نیانە.

واتە: ئەی پیاوان:

یەکەم: ئاساییە و گوناهتان ناگات ئەگەر بۆ خوازبێنی ژنێك بچنە پێشەوە بۆ لای کەسوکاری ژنەکە.

دووەم: یان ژنێکتان لە ناخی خۆتان دیاری کردبێت بۆ خوازبێنی، وە الله دەزانێت کە ئێوە لە داهاتوو ناویان دەبەن.

سێهەم: نەکەن بە نهێنی لەگەڵ ژنان ژوان بکەن.

وەك لە جامع الترمذی و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

ألا لا يخلُوَنَّ رجلٌ بامرأة إلا كان ثالثهما الشيطان

ئەی ئەگەر پیاوێك و ژنێك بەتەنها بوون، مەگەر شەیتان سێهەمیان نییە؟

بەڵام لە صحیح سنن ابو داود (للالبانی) و مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، جابر بن عبدالله گوتوویەتی، پێغەمبەر گوتی:

إِذَا خَطَبَ أَحَدُكُمْ الْمَرْأَةَ فَإِنْ اسْتَطَاعَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى مَا يَدْعُوهُ إِلَى نِكَاحِهَا فَلْيَفْعَلْ قَالَ فَخَطَبْتُ جَارِيَةً فَكُنْتُ أَتَخَبَّأُ لَهَا حَتَّى رَأَيْتُ مِنْهَا مَا دَعَانِي إِلَى نِكَاحِهَا وَتَزَوُّجِهَا فَتَزَوَّجْتُهَا

ئەگەر پیاوێکتان ویستی ژنێك بخوازێت، جا ئەگەر توانی سەیری ئەو شوێنەی ژنەکە بکات کە وایکردووە بیخوازێت، با سەیر بکات، جابر دەڵێت:کچێکم خواست، وە خۆم بۆ کچەکە دەشاردەوە تاوەکو ئەو شوێنەی ببینم کە وایکردبوو ئارەزوو بکەم بیخوازم و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم، ئەوەبوو هاوسەرگیریم لەگەڵیدا کرد.

واتە: ئەگەر گوێت لێ بوو کچێك سمتی یان سینگی یان سیمای جوانە، ئەوە دەتوانیت لە شوێنێك خۆت بشاریتەوە و سەیری سمتی یان سینگی یان سیمای بکەیت، ئەگەر سەرسام بوویت، ئەوە دەتوانیت بچیت داوای بکەیت.

چوارەم: تەنها بە شێوەیەکی چاك ناویان ببەن.

پێنجەم: وە نەکەن مارەیان بکەن تاوەکو ماوەی چاوەڕوانیان بەسەر دەچێت، (وادەی چاوەڕوانی ژنێکی مێرد مردوو؛ چوار مانگ و دە ڕۆژە، وە ژنێکی تەڵاقدراو کە سووڕی مانگانەی هەیە؛ پاك بوونەوەیە لە ٣ سووڕی مانگانە، وە ژنێکی منداڵ و بەتەمەن کە سووڕی مانگانەیان نییە؛ ٣ مانگە، وە ژنی دووگیان دوای ئەوەی منداڵەکەی دەبێت).

شەشەم: الله بەوە دەزانێت کە لە ناختاندایە، واتە نیەتتان چاکە یان خراپ، جا لە الله بترسن.

# ئایەتی ٢٣٦

لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ

دەڵێت:

گوناهتان ناگات ئەگەر ژنتان تەڵاقدا بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن کە ئەوەی لەسەرتان پێویستە پێی بدەن، وە ئەوەی توانایی هەیە بە گوێرەی تواناییەکەی و ئەوەی هەژار و دەستکورتە بە گوێرەی تواناییەکەی بڕێکی پێ بدات، ئەوە پێویستە لەسەر پیاوچاکان.

واتە:

{لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ}، ئەی پیاوان گوناهتان ناگات ئەگەر ژنتان تەڵاقدا، {مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ}، بەر لەوەی لەگەڵیاندا گان بکەن و دەستیان لێ بدەن، {أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً}، یان بەر لەوەی مارەییان دیاری بکەن، {وَمَتِّعُوهُنَّ}، شتێکیان پێ بدەن، {عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ}، دەسترۆیشتوو بە گوێرەی تواناکەی، {وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ}، وە هەژار و دەستکورت بە گوێرەی تواناکەی، {مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ}، هەندێك پارەیان پێ بدەن وەك چاکەیەك، {حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ}، ئەوە پێویستە لەسەر پیاوچاکان.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: ئایا ژن مارە دەکرێت بە بێ دیاریکردنی مارەیی؟ نەخێر.

کەواتە مانای چییە ئەگەر ژنتان تەڵقدا {مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً} بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن یان مارەییان دیاری بکەن.

چۆن دەکرێت پیاو ژنی مارە کردبێت و مارەیی دیاری نەکردبێت؟

{أَوْ}، هەڵەیە، بەڵکو دەبێت {أَن} بێت، چونکە ڕستەکە مەرجدارە، وەك دەڵێت:

{إِن طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ}، ئەگەر ژنتان تەڵاق دا.

وەڵامەکە دەبێت بڵێت: {أن تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً}، ئەوە دەبێت مارەییان پێ بدەن.

ئینجا دەڵێت :

وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ

وە بە جوانی و چاکی هەندێك پارەیان پێ بدەن، لەسەر پیاوێك کە {الْمُوسِعِ}، دەوڵەمەندە، بە ئەندازەی خۆی، وە لەسەر پیاوێك کە {الْمُقْتِرِ}، هەژارە، ئەوە بە ئەندازەی خۆی.

ئەم وشەیە {الْمُقْتِرِ}، بە هەڵە نووسراوە و دەبێت {المُفتقَر}، واتە هەژار و دەستکورت.

وە ئایەتی ٤٩ سوورەتی الاحزاب، هەمان ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە دەبەخشێت کە دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلً

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ژنانی ئیماندارتان مارە کرد، ئینجا تەڵاقتان دان بەر لەوەی بیانگێن، ئەوە ماوەی چاوەڕوانی بەسەریاندا پێویست ناکات، وە بە شێوەیەکی جوان بەڕەڵایان بکەن.

# ئایەتی ٢٣٧

وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ وَأَن تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دەڵێت:

وە ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن بەڵام مارەیتان بۆیان دیار کردبوو، ئەوە نیوەی مارەییان پێ بدەن، مەگەر خۆیان نەیانەوێت، یان ئەوەی کە گرێبەستی مارەبڕینەکەی بەدەست بتانبەخشێت، وە بەخشینتان

نزیکترە لە خوداپەرستیەوە، وە نەکەن چاکەتان بەسەر یەکەوە لە یاد بکەن، وە اللە بینەرە بەو کارانەی دەیکەن.

واتە:

{وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ}، وە ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا، بەر لەوەی گانیان لەگەڵدا بکەن، {وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً}، وە مارەیتان بۆیان دیاری کردبوو، {فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ}، ئەوە نیوەی مارەییەکەیان پێ بدەن، {إِلَّا أَن يَعْفُونَ}، مەگەر ژنەکان لە مارەییان خۆش بن، {أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ}، وە یان ئەو کەسەی کە کۆنتراکتی مارەییەکەی بەدەستی خۆش بێت، {وَأَن تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ}، وە بەخشینتان نزیکترە لە خوداپەرستیەوە، {وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ}، وە نەکەن چاکەتان بەسەر یەکتردا لە یاد بکەن، {إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ}، وە اللە ئەو کارانە دەبینێت کە دەیکەن.

واتە:

ئەگەر ژنێکت مارە کرد، وە بەر لەوەی سەرجێی لەگەڵدا بکەیت تەڵاقت دا، ئەوە نیوەی مارەیی دەکەوێت، مەگەر ژنەکە لە مارەییەکەی خۆش بێت، یان پیاوەکە ئامادە بوو هەموو مارەییەکە بدات، وە بەخشینتان لە اللە پەرستیەوە نزیکترە، وە نەکەن چاکەتان بەسەر یەکتردا لە بیر بکەن.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

{أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ- یان ئەو کەسە خۆش دەبێت کە کۆنتراکتی مارەیی بەدەستە}، واتە مێردی ژنەکە.

وە ابن كثير و القرطبی دەڵێن، لە ڕیوایەتێك هاتووە، کە پێغەمبەر گوتوویەتی:

{أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ}، واتە مێردی ژنەکە.

القرطبی دەڵێت:

عَلِيٌّ وَمُجَاهِدٌ وَأَبُو حَيْوَةَ وَابْنُ أَبِي عَبْلَةَ، لە جیاتی {وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ} دەیانخوێندەوە: {وَلَا تَنَاسَوُا الْفَضْلَ}.

گرنگ ئەم ئایەتە دەڵێت ئەگەر پیاوێك ژنێكی مارە كرد بەڵام بەر لەوەی لەگەڵیدا بخەوێت و گانی لەگەڵدا بكات تەڵاقی دا، ئەوە دەبێت نیوەی مارەیی بە ژنەكە بدات. وە ئایەتی ٢٢٩ دەڵێت، ئەگەر پیاوێك ژنەكەی تەڵاق دا (دوای ئەوەی لەگەڵیدا سەرجێی و گانی كردبوو)، ئەوە دەبێت هەموو مارەییەكەی پێ بدات.

واتە بەهای نێوگەڵی ژن دەكاتە نیوەی مارەیی.

# ئایەتی ٢٣٨

حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَىٰ وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ

دەڵێت:

وە پارێزگاری لە نوێژەكان، وە بە تایبەتی نوێژی ناوەڕاست بكەن، وە بە ملكەچكردنەوە بۆ الله بوەستن.

القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

قَالُون، لە جیاتی {الْوُسْطَىٰ}، دەیخوێندەوە: {الْوُصْطَى}.

القرطبی دەڵێت، ناكۆكی هەیە كە نوێژی ناوەڕاست كامە نوێژە:

یەكەم: نوێژی نیوەڕۆیە، (بە وتەی زَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ وَأَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ وَعَائِشَةُ)، وە دەڵێت عائیشە و حفصة دەیانخوێندەوە:

حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَصَلَاةِ الْعَصْرِ

پارێزگاری لە نوێژەكان، وە بە تایبەت نوێژی ناوەڕاست و نوێژی عەسر بكەن.

واتە لە قورئانی بەردەستدا {وَصَلَاةِ الْعَصْرِ} نەماوە.

دووەم: نوێژی عەسرە، (بە وتەی عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ وَابْنُ عَبَّاسٍ وَابْنُ عُمَرَ وَأَبُو هُرَيْرَةَ وَأَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ).

وە دەڵێت لە جامع الترمذی، ڕیوایەتێك هاتووە، كە عبدالله بن مسعود گوتوویەتی، محمد صلعم گوتی:

الصَّلَاةُ الْوُسْطَى صَلَاةُ الْعَصْرِ

نوێژی ناوەڕاست نوێژی عەسرە، (قَبِيصَةُ بْنُ أَبِي ذُؤَيْبٍ لە کۆمەڵێك گێڕاویەتیەوە).

سێهەم: نوێژی مەغریبە.

چوارەم: نوێژی عیشایە.

پێنجەم: نوێژی بەیانیە، (بە وتەی عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ و جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّه).

جا سەیری ئەم گاڵتەجاریە بکەن: علی و ابن عباس، جارێکیان گوتوویانە، واتە نوێژی عەسر، وە جارێك گوتوویانە، واتە نوێژی بەیانیان. وە ابو سعید الخدری و ابن عمر، جارێك گوتوویانە نوێژی نیوەڕۆیە و جارێك گوتوویانە نوێژی عەسرە.

هەڵبەتە هەروەك لە بەشەکانی پێشووی ئەم پەرتووکە ئاماژەمان کرد کە قورئان ئاماژە بە ٣ نوێژ دەکات: نوێژی بەیانیان و شەوان و نوێژێك لە نێوان بەیانیان و شەوان، جا دەکرێت ناوەڕاست نیوەڕۆ بێت یان عەسر بێت.

# ئایەتی ٢٣٩

فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

جا ئەگەر ترسان، ئەوە دەتوانن بە پیادەیی یان بە سواری (نوێژ بکەن)، جا کاتێك ئەمین بوون ئەوە یادی اللە بکەن، وەك چۆن فێری ئەوەی کردوون کە نەتاندەزانی.

واتە:

{فَإِنْ خِفْتُمْ}، ئەگەر ترستان هەبوو، {فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا}، ئەوە بە پیادەیی یان بە سواری نوێژ بکەن، {فَإِذَا أَمِنتُمْ}، جا کاتێك ئەمین بوون و ترستان لەسەر نەما، {فَاذْكُرُوا اللَّهَ}، یادی اللە بکەن، {كَمَا عَلَّمَكُم}، هەروەك چۆن فێری کردوون، {مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ}، ئەوەی نەتاندەزانی.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا}، واتە ئەگەر ترستان هەبوو یان لە کاتی جەنگ، ئەوە دەتوانن بە ڕۆیشتنەوە، یان بە سواریەوە لەسەر پشتی وڵاغەکانتانەوە نوێژ بکەن.

{فَإِذَا أَمِنتُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ}، جا کاتێك ترستان لەسەر نەما، ئەوە یادی الله بکەنەوە و سوپاسی بکەن و نوێژ بکەن، {كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ}، بەو شێوەیەی فێری کردوون کە پێشوو نەتاندەزانی.

## ئایەتی ٢٤٠

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

وە ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و ژنان لە دوای خۆیاندا جێدەهێڵن، وەك ڕاسپاردەیەك بۆ ژنەکانیان: ساڵێك گوزەرانیان دابین بکرێت بێ ئەوەی لەماڵەوە بچنە دەرەوە، جا ئەگەر چوونە دەرەوە، ئەوە هیچ گوناهێکتان ناگات کە هەر شتێکی چاك لەگەڵ خودی خۆیاندا بکەن، وە الله باڵادەست و ژیرمەندە.

ئەم ئایەتە دووبارەی ئایەتی ٢٣٤ ئەم سوورەتەیە:

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ

بە یەك جیاوازی:

ئایەتی ٢٣٤ دەڵێت: {يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ} بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژ دەبێت چاوەڕێ بکەن جا کاتێك ماوەکەیان تەواو کرد.

بەڵام ئایەتی ٢٤٠ دەڵێت: {وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ} وەك ڕاسپاردەیەك بۆ ژنەکانیان: بۆ ماوەی ساڵێك گوزەرانیان دابین دەکرێت بێ ئەوەی لە ماڵ دەربکرێن.

وە ئەوە ناکۆکییە: چونکە ئایەتی ٢٣٤ دەڵێت ئەو ژنانەی مێردەکانیان دەمردن دەبێت چوار مانگ و دە ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، ئینجا ئازاد دەبن ئەگەر بیانەوێت شوو بکەنەوە.

بەڵام ئایەتی ٢٤٠ دەڵێت: ئەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك ژیانیان دابین بکرێت،

وە ئەگەر ئەم دوو دەقە بەیەکەوە بخوێنینەوە، دەکرێت تەنها بە یەك شێوە مانادار بکرێت:

ئەگەر ژنەکە دوای چوار مانگ و دە ڕۆژ بڕیاریدا کە شوو نەکاتەوە، ئەوە بۆی هەیە بۆ ماوەی ساڵێك لە ماڵی مێردە مردووەکەی بمینێتەوە و گوزەرانی دابین بکرێت. وە لە دوای ساڵێك دەبێت دەربکرێت.

وە ئەوە کارەساتە، چونکە ماڵی پیاو بە ماڵی ژن دانانرێت، وە لە دوای مردنی پیاوەکە کەسوکاری پیاوەکە بۆیان هەیە کە ژنەکە لە ماڵ دەربکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

کۆمەڵێك لە شرۆڤەکەران لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە ژنی پیاو مردوو، بۆ ماوەی ساڵێك لە ماڵی مێردەکەی دادەنیشت، خەرجیی دەکرا بە پارەی پیاوەکەی بە مەرجێك لە ماڵەوە نەچێتە دەرەوە، ئەگەر لە ماڵ بچێتە دەرەوە، ئەوە هیچ گوناهێك نەدەبوو لەسەر میراتگرانی پیاوەکە کە خەرجییەکەی ببڕن، ئینجا ئەم ئایەتە نەسخ بوو بە ئایەتی ٢٣٤ (چوار مانگ و دە ڕۆژ)، وە خەرجییەکەی بە میراتی چارەکێك و هەشت یەکێك نەسخ بوو، وەك لە سوورەتی النساء ئاماژەی پێکراوە.

ئەوەی زۆر سەیرە: ئایەتی پێشوو (٢٣٤)، ئایەتی دواتری (٢٤٠)ی نەسخ کردووە.

# ئایەتی ٢٤١

وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ

دەڵێت:

وە بۆ ژنانی بەرەڵاکراو (تەڵاقدراو) پێدانێکی چاك پێویستە لە سەر الله پەرستان.

واتە:

ئەگەر ژنێك تەڵاقدرا، ئەوە دەبێت پارەیەکی پێ بدرێت، وە ئەوە پێویستە لەسەر الله پەرستان.

پرسیار: کێ پیی بدات؟

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ}، واتە ژنانێکی بەڕەڵاکراو (تەڵاقدراو)، دەبێت نەفەقەیان بۆ دابین بکرێت، بۆ خۆراك و پۆشاك و هتد.

# ئایەتی ٢٤٢

كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ

دەڵێت:

بەم شێوەیە الله بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن.

هاها، کام ڕوونکردنەوە، ئایات نییە ناکۆکی تێدا نەبێت، ئەگەر ڕوونت بکردایەوە ئەوە پێویست بە شرۆڤەکەران نەدەبووا!

# ئایەتی ٢٤٣

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەی ئەوانەت نەبینیوە کە بە هەزارەها بوون لە ترسی مەرگ لە زێدەکانیانەوە دەرچوون؟ وە الله پێیانی گوت: بمرن ئینجا زیندووی کردنەوە، لە ڕاستیدا الله چاکەی بەسەر خەڵکەوە هەیە، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاس ناکەن.

واتە:

{أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ}، ئەی محمد ئەوانەت نەبینیوە کە لە زێدەکانیانەوە دەرچوون؟ {وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ}، وە هەزارەها کەس بوون لە

ترسی مەرگ، {فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ}، جا الله پێیانی گوت، {مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ}، بمرن ئینجا زیندووی کردنەوە، {إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ}، لە ڕاستیدا الله چاکەی بەسەر خەڵکدا هەیە، {وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ}، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسی الله ناکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

وە چیرۆکی ئەوانە: خەڵکانێك بوون لە جووەکان کە پەتا تیایاندا بڵاوبۆوە، وە لە گوندێك دەژیان بە ناوی داوەردان، جا لە گوندەکە ڕایان کرد و دەرچوون و هاتن بۆ دۆڵێك، الله لە دۆڵەکە هەموویانی مراند، ئینجا زیندووی کردنەوە.

وە دەڵێت:

ابن عباس گوتوویەتی: چوار هەزار کەس بوون لە ترسی تاعوون ڕایانکرد.

الضحاك گوتوویەتی: ئەوانە لە جیهاد ڕایان کرد کاتێك حیزقیالی پێغەمبەر فەرمانی پێیان کرد، لە مەرگ و کوشتن ترسان و لە زێدەکانیانەوە ڕایان کرد و دەرچوون، ئینجا الله هەموویانی مراند، بۆ ئەوەی بزانن کە ناتوانن لە مەرگ ڕابکەن، ئینجا زیندووی کردنەوە و فەرمانی پێیان کرد کە جیهاد بکەن، چونکە الله لە ئایەتی دواتر دەڵێت: {وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ}، واتە لە پێناو اللەدا شەڕ بکەن.

وە القرطبی دەڵێت، سەبارەت بە ژمارەیان ناکۆکی هەیە:

یەکەم: شەش سەد هەزار کەس بوون.

دووەم: هەشتا هەزار کەس بوون.

سێهەم: ابن عباس، جارێك گوتوویەتی چل هەزار کەس بوون، وە جارێك گوتوویەتی هەشت هەزار بوون، وە جارێك گوتوویەتی چوار هەزار بوون.

چوارەم: سی هەزار کەس بوون، (أبو مالك).

پێنجەم: سی و حەوت هەزار بوون، (السدي).

شەشەم: حەفتا هەزار بوون، (عطاء بن أبي رباح)،

وە القرطبی دەڵێت، ئەوەی ڕاستە هەزارەها کەس بوون، چونکە {أُلُوفٌ}، کۆی هەزارە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ

الله پێیانی گوت: بمرن، جا مردن، ئینجا زیندووی کردنەوە.

واتە هەزارەها کەس هەبوون لە جووەکان کە الله هەموویانی مراندووە و دواتر زیندووی کردوونەتەوە.

واتە دوو ژیانیان کردووە و دوو مەرگیان بینیوە لەم دونیایە.

وە سەیر و سەمەرەیەکی دیکەی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە بە محمد دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ

ئەی ئەوانەت نەبینیوە کە لە زێدەکانیان هاتنە دەرەوە؟

محمد چۆن بینیبێتی؟

ئەگەر بیگوتبایە:

أَلَمْ تَسْمَعْ بالَّذِينَ خَرَجُوا مِن دِيَارِهِمْ

واتە: ئەی گوێبیستی ئەوانە نەبوویت کە لە زێدەکانیانەوە هاتنە دەرەوە؟

ئەوە لۆجیکییە. بەڵام کاتێك دەڵێت: ئەی ئەوانەت نەبینیوە. هەر زۆر سەیروسەمەرەیە.

# ئایەتی ٢٤٤

وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

وە شەڕ بکەن لە پێناو الله، وە بزانن کە الله بیستەر و دانایە.

ناكۆكی هەیە كە ئایا ئەم ئایەتە پەیوەندی بە ئایەتەكەی پێشوو هەیە و الله فەرمانی بەو هەزارەها كەسە كردووە كە لە جووەكان مراندوونی و زیندووی كردوونەتەوە كە جیهاد بكەن، یان پەیوەندی بە موسڵمانانەوە هەیە؟

ئەگەر پەیوەندی بە ئایەتەكەی پێشوو هەبێت، كەواتە چیرۆكی ڕاكردنی ئەو هەزارەها كەسە لە پەتا درۆیە و ئەسڵی نییە، بەڵكو دەبێت ئەو هەزارەها كەسە لە جیهاد ڕایان كردبێت.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە محمد و نووسەری قورئان لە ڕێگای ئەم ئایەتە و ئایەتی پێشوو دەیانەوێت موسڵمانان ڕابێنن بۆ جیهاد، وە ئەگەر لە دەست جیهاد ڕابكەیت ئەوە ناتوانیت لە دەست الله رابكەیت.

## ئایەتی ٢٤٥

مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، داوای قەرز دەكات و دەڵێت:

ئەوە كێیە كە قەرزێكی چاك بە الله دەدات، وە الله بۆی چەند بەرابەر زیاد دەكات؟ وە الله دەگرێتەوە و دەیدات، وە بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە.

واتە:

كێ دەتوانێت قەرزێك بە الله بدات، وە الله بۆی چەند بارە زیاد دەكات؟

هەڵبەتە محمد بۆ جیهاد و كوشتار پێویستی بە چەك بووە، وە بۆ بەدەستهێنانی چەك پێویستی بە پارە بووە، وە لە ڕێگای ئەم دەقەوە داوای كردووە كە پارە بە محمد ببەخشن.

وە الله قەرزەكە چەند بارە زیاد دەكات بۆ ئەو كەسەی قەرزەكە دەدات، لە ڕێگای پاداشتی قیامەت.

وەك ئایەتی ٢٦١ ئەم سوورەتە دەڵێت:

مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

نموونەی ئەوانەی سامانیان خەرج دەکەن لە پێناو اللە، وەك نموونەی دەنکێکە کە حەوت گوڵە گەنم دەدات، وە لە هەر گوڵە گەنمێك سەد دانەوێڵە هەیە، وە اللە چەند بەرانبەر زیاد دەکات بۆ کەسێك کە خۆی بیەوێت، وە اللە دەستکراوە و دانایە.

ئینجا دەڵێت:

وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ

وە اللە هەر خۆی لە خەڵك دەگرێتەوە و بە خەڵك دەدات، وە ئاگادار بن بۆ لای اللە دەگەڕێنەوە لە ڕۆژی قیامەت.

ابن كثیر، لە تفسير القران العظيم دەڵێت، ابْنُ مَرْدَوَيْهِ، ڕیوایەتێکی گێڕاوەتەوە کە دەڵێت:

لَمَّا نَزَلَتْ : ( مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ ) قَالَ أَبُو الدَّحْدَاحِ الْأَنْصَارِيُّ : يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنَّ اللَّهَ لَيُرِيدُ مِنَّا الْقَرْضَ ؟ قَالَ : " نَعَمْ يَا أَبَا الدَّحْدَاحِ " قَالَ : أَرِنِي يَدَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ . قَالَ : فَنَاوَلَهُ يَدَهُ قَالَ : فَإِنِّي قَدْ أَقْرَضْتُ رَبِّي حَائِطِي . قَالَ : وَحَائِطٌ لَهُ فِيهِ سِتُّمِائَةِ نَخْلَةٍ وَأُمُّ الدَّحْدَاحِ فِيهِ وَعِيَالُهَا . قَالَ : فَجَاءَ أَبُو الدَّحْدَاحِ فَنَادَاهَا : يَا أُمَّ الدَّحْدَاحِ . قَالَتْ : لَبَّيْكَ قَالَ : اخْرُجِي فَقَدْ أَقْرَضْتُهُ رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ

کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: {کێیە ئەوەی قەرزێکی چاك بە اللە دەدات و اللە بۆی چەند جار زیاد دەکات}، ابو الدحداح الانصاری گوتی: ئەی پێغەمبەری اللە، اللە بە دڵنیاییەوە قەرزی لە ئێمە دەوێت؟ گوتی: بەڵێ ابو الدحداح. گوتی دەستتم پێ بدە ئەی پێغەمبەری اللە، پێغەمبەر دەستی درێژ کرد، وە ابو الدحدح دەستی خستە ناو دەستی و گوتی: ئەوە من بێستانەکەم بە قەرز دا بە اللە، وە بێستانەکەی ٦٠٠ دارخورمای تێدابوو، وە ژنەکەی و منداڵەکانی تیایدا دەژیان، ابو الدحدح گەڕایەوەماڵەوە و بە ژنەکەی گوت: ئەی دایکی الدحداح گوتی بەڵێ، گوتی لە بێستانەکە دەرچە من بە قەرزم داوەتە اللە.

وە دەڵێت لە مسند احمد، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

إِنَّ اللَّهَ يُضَاعِفُ الْحَسَنَةَ أَلْفَيْ أَلْفِ حَسَنَةٍ

له ڕاستیدا الله له بەرانبەر به چاکەیەك دوو ملیۆن پاداشت دەداتەوە.

وه هەروەها ابن کثیر دەڵێت، محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ دَخَلَ سُوقًا مِنَ الْأَسْوَاقِ فَقَالَ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفَ حَسَنَةٍ وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفَ سَيِّئَةٍ

هەر کەسێك بچێته بازاڕەوه و بڵێت: هیچ خودایەك نییه تەنها الله نەبێت و شەریکی نییه، وه خاوەندارێتی تەنها بۆ ئەوە، وه سوپاس تەنها بۆ ئەوە، وه دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت، ئەوه الله یەك ملیۆن پاداشتی بۆ دەنووسێت و یەك ملیۆن گوناهی دەسڕێتەوە.

# ئایەتی ٢٤٦ تا ٢٥٢

چیرۆکی طالوت (شاول) و جالوت (گولیات)

له پەرتووکی پیرۆزی جووەکان کەسایتیەکی کەنعانی چوارشانەی باڵا بەرز هەبووە به ناوی گولیات که  دژ به جووەکان جەنگاوە، له شەڕێکدا که سوپای جووەکان به سەرکردایەتی شاولی پادشا لەبەرامبەر به سوپای کەنعانیەکان به سەرکردایەتی گولیات ڕیز دەبن، داود دێته پێشەوه بۆ بەرەنگاربوونەوەی گولیات و له ئاکامدا داود دەیگرێت و دەیکوژێت و سەری دەبڕێت و دەیبات بۆ لای شاولی پادشا.

قورئان ناوی گولیاتی گۆڕیووە بۆ جالوت.

# ئایەتی ٢٤٦

أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَىٰ إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، به محمد دەڵێت:

ئەی سەیری دەستەیەکت نەکرد له نەوەکانی ئیسرائیل له دوای موسا، که به پێغەمبەرێکی خۆیان گوت: پادشایەکمان بۆ بنێره بۆ ئەوەی لەگەڵیدا شەڕ بکەین

له پێناو الله، گوتی: ئەگەر کوشتارتان لەسەر نووسرا پێتان وانییە کە نەجەنگن؟ گوتیان: وە چۆن شەڕ لە پێناو الله ناکەین، وە ئێمە و منداڵەکانمانیان لە زێدەکەمان دەرکردووە، جا کاتێك شەڕ و کوشتاریان لەسەر نووسرا، پشتیان کرد تەنها کەمێکیان نەبێت، وە الله بە ستەمکاران دەزانێت.

واتە:

{أَلَمْ تَرَ}، ئەی محمد نەتبینیوە، {إِلَى الْمَلَإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ}، دەستەیەك لە نەوەکانی ئیسرائیل، {مِن بَعْدِ مُوسَىٰ}، لە دوای موسا، {إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ}، کە بە پێغەمبەرێکی خۆیان گوت، {ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ}، پادشایەکمان بۆ بنێرە بۆ ئەوەی شەڕ لە پێناو اللەدا بکەین، {قَالَ}، پێغەمبەرەکە گوتی، {هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا}، ئەگەر شەڕ و کوشتار لەسەرتان نووسرا خۆزگە ناکەن کە شەڕ نەکەن، {قَالُوا}، گوتیان، {وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا}، وە چۆن شەڕ ناکەین لە کاتێکدا کە خۆمان و منداڵەکانمان لە زێدەکانمان دەرکراوین، {فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ}، جا کاتێك شەڕیان لەسەر نووسرا، {تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ}، پشتیان لە جیهاد کرد، تەنها کەمێکیان نەبێت، {وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ}، وە الله بە ستەمکاران دەزانێت.

تێبینی و پرسیار:

یەکەم: ڕووداوێکە ئەگەر ڕوویدابێت، ئەوە نزیك بە ١٧٠٠ ساڵ پێش محمد بووە، کەواتە چۆن محمد ئەم ڕووداوەی بینیبێت؟ چونکە ئایەتەکە دەڵێت:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ مِن بَعْدِ مُوسَىٰ

ئەی محمد، ئایا نەتبینیوە کە دەستەیەك لە نەوەکانی ئیسرائیل لە دوای موسا.

دووەم: ئەو پێغەمبەرە کێ بووە و بۆچی ئاماژەی بە ناوی نەکردووە؟ ئەوە دەیسەلمێنێت کە نووسەری قورئان گوێی لە چیرۆك بووە و کردوویەتی بە ئایەتی قورئان، هەروەك ئایەتەکە دەڵێت:

إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ

کە ئەو دەستەیە لە نەوەکانی ئیسرائیل بە پێغەمبەرێکی خۆیان گوت:
پادشایەکمان بۆ بنێرە بۆ ئەوەی شەڕ بکەین لە پێناو الله.

ابن الجوزی له زاد المسیر، دەڵێت ٣ وتەوت هەیە سەبارەت بە ناوی ئەو پێغەمبەرە:

یەکەم: شمویل، (ابن عباس و وهب).

دووەم: یوشع بن نون، (قتادة).

سێهەم: سمعون، (السدي).

هەڵبەتە دەبێت ابن عباس مەبەستی صموئیل بێت.

پرسیار: ئەم ٣ ناوەیان لە کێ هێناوە؟ (هەڵبەتە صموئیل و یوشع بن نون لە پەرتووکی پیرۆز ئاماژەیان پێکراوە)، بەڵام سمعون ناوێك بوونی نییە کە پێغەمبەر بووبێت.

وە قورئان بە هیچ جۆرێك ئاماژەی بەم ناوانە نەکردووە.

سێهەم: ئایا لە پەرتووکی پیرۆز شتێك هەیە بە ناوی: جیهاد و کوشتار لە پێناو الله؟

وەڵام نەخێر.

وە شەڕ و کوشتاری نەوەکانی ئیسرائیل لە پێناو بەدەستهێنانی خاك بووە نەك جیهاد لە پێناو الله. چونکە ئاینی یەهوودی ئاینێکە تایبەت بە بەنی ئیسرائیل، وە خەڵك وەرناگرن لە ئاینەکەیان.

چوارەم: ئایا نەوەکانی ئیسرائیل لە سەر زێدیان دەرکراون، یان خاکی چەندەها نەتەوەیان داگیر کردووە؟ هەڵبەتە خاکی چەندەها نەتەوەیان داگیر کردووە کە گوایە یەهوەی، (خودای نەوەکانی ئیسرائیل پێیانیانی داوە).

کەواتە ئەم برگەیە جگە لە گاڵتەجاری و درۆیەکی شاخدار شتێك نییە:

قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا

پێغەمبەرەکە گوتی: ئایا ئەگەر شەڕ و کوشتارتان لەسەر نووسرا، خۆزگە ناکەن کە شەڕ نەکەن؟ گوتیان، وە چۆن شەڕ ناکەین لە پێناو ڕێبازی الله لە کاتێکدا خۆمان و منداڵەکانمانیان لە زێدەکەمان بەدەر ناوە.

ئەم دەقە درۆیە، چونكە بە ئیعترافی قورئان موسا نەوەكانی ئیسرائیل لە خاكی میسرەوە دەهێنێتە دەرەوە، و دەیانبات بە ئاڕاستەی ئەو خاكەی كە خودای بەنی ئیسرائیل بەڵێنی پێیان داوە بیانداتێ كە خاكی كەنعانیەكانەوە و خاكی چەندەها نەتەوەی دیكەیە، كەواتە چۆن و لە كامە خاكیان دەركراون؟

وەك لە تەورات، (سفر الخروج) هاتووە، یەهوەی بە نەوەكانی ئیسرائیل دەڵێت:

{دەتانكەم بە گەلی خۆم و دەبم بە خودای ئێوە، لە ژێر بارگرانی میسریەكان دەرتاندەهێنم، دەتانبەم بۆ ئەو خاكەی سوێندم خوارد بیدەمە ئیبراهیم و ئیسحاق و یعقوب، وەك میرات دەیدەم بە ئێوە}.

بەڵام محمد و نووسەری قورئان ئەم دەقەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی بە عەرەب بڵێن، نەكەن وەك جووەكان بكەن كاتێك شەڕ و كوشتاریان لەسەر نووسرا، زۆربەیان پابەند نەبوون. وەك دەڵێت:

فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ

جا كاتێك شەڕ و كوشتار لەسەریان نووسرا، ئەوە پشتیان كرد تەنها كەمێكیان نەبێت.

# ئایەتی ٢٤٧

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوا أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

پێغەمبەرەكەیان پێیانی گوت: الله طالووتی بۆ ئێوە وەك پادشا ناردووە، گوتیان چۆن دەكرێت طالووت بۆ الله پادشا بێت بەسەر ئێمەوە، وە ئێمە شایستەترین لە ئەو بە پادشایەتی، وە ئەو لە سامان زۆری نییە، گوتی: الله ئەوی بەسەر ئێوەدا هەڵبژاردووە، وە لە زانیاری و چوارشانەیی لە ئێوە پتر پێداوە، وە الله پادشایەتی بە كەسێك دەدات كە خۆی دەیەوێت، وە زانیاری الله فراوانە.

واتە:

{وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ}، وە پێغەمبەرەکەیان پێیانی گوت، {إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا}، الله طالووتی وەك پادشا بۆ ئێوە ناردووە، {قَالُوا}، جووەکان گوتیان، {أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ}، چۆ دەکرێت طالووت بەسەر ئێمەوە ببێت بە پادشا لەکاتێکدا ئێمە شایستەترین بە پادشایەتی، {وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ}، وە طالووت سەروەت و سامانێکی زۆری نییە، {قَالَ}، پێغەمبەرەکە گوتی، {إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ}، الله طالووتی بەسەر ئێوەدا هەڵبژاردووە، {وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ}، وە لە زانیاری و لاشەی پتر لە ئێوە پێداوە، {وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ}، وە الله پادشایەتییەکی بە کەسێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، {وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ}، وە الله فراوانە و زانایە.

تێبینی و سەرنج:

گوایە کاتێك الله شاول (طالووت) دەکات بە پادشای بنی ئیسرائیل، یەهوودیەکان نارازی دەبن و دەڵێن ئێمە شایستەترین بە پادشایەتی لە طالووت، وە طالووت سەروەت و سامانێکی زۆری نییە.

بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز:

طالووت (شاول)، لە هۆزی بنیامین بووە، وە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز شاول، پیاوێکی باڵابەرز دەبێت، وە لە تەمەنی ٣٥ ساڵی، لەسەردەمی صموئیلی پێغەمبەر دەبێت بە پادشا.

وە لە شەڕی جلبوع، دژ بە فەلەستینییەکان دەشکێت و هەر ٣ کوڕەکەی دەکوژرێت و خۆی بریندار دەبێت و دەمرێت.

وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ

الله لە زانیاری و جەستەی پتری لە ئێوە بە طالووت داوە.

## ئایەتی ٢٤٨

وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

دەڵێت:

وە پێغەمبەرەکەیان پێیانی گوت: نیشانەی پادشایەتییەکەی ئەوەیە کە تابووتەکەتان بۆ دەهێنێت کە ئارامی لە لایەن خوداکەتانەوە و پاشماوەی ئەوەی تێدایە کە خانەوادەی موسا و خانەوادەی هاروون جێیان هێشتووە، فریشتەکان هەڵی دەگرن، لە وەدا بە دڵنیاییەوە بەڵگەیەك بۆ ئێوە هەیە ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

واتە:

{وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ}، وە پێغەمبەرەکەیان پێیانی گوت، {إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ}، بەڵگەی پادشایەتییەکەی طالووت ئەوەیە، {أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ} تابووتەکەتان بۆ دێنێت کە ئارامی لە لایەن خوداکەتانەوە تێدایە، { وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ}، وە پاشماوەی ئەوەی تێدایە کە خانەوادەی موسا و خانەوادەی هاروون بەجێیان هێشتووە، {تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ}، وە فریشتەکان تابووتەکە هەڵدەگرن، {إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ}، لەوەدا بە دڵنیاییەوە بۆ ئێوە بەڵگەیەك هەیە کە ئەگەر ئێوە ئیماندارن.

تێبینی و سەرنج:

{التَّابُوتُ}، لای جووەکان بە تابووتی خودا، یان تابووتی شایەتی ناسراوە، کە دوو تابلۆکەی ١٠ ڕاسپاردەکە و تەوراتی تێدایە،(تەورات- سفر التثنية اصحاح ١٠)، (تەورات- سفر التثنية اصحاح ٣١) .

وە بە گوێرەی تەورات (سفر الخروج)، تابووتەکە دەبێت لە شوێنی هەرە پیرۆزی پەرستگا دابنرێت، کە پێی دەگوترێت (قدس الاقداس)، واتە پیرۆزترینی پیرۆزەکان.

وە بە گوێرەی پەرتووکی پیرۆز (سفر صموئيل)، لە شەڕێکدا تابووتەکە دەکەوێتە دەستی فەلەستینییە بتپەرستەکان و دەیبەن بۆ پەرستگای خوداوەند داجوون.

داجوون خوداوەندێك بوو کە کەللە سەرەکەی کەللە سەری مرۆڤ بوو، بەڵام لاشەکەی لاشەی ماسی بوو.

کاتێك داود دەبێت بە پادشا تابووتەکە دەگێڕێتەوە.

قورئان دان بەوەدا دەنێت کە ئەو تابووتە زۆر پیرۆزە:

یەکەم: ئارامی لە لایەن خوداوە تێدایە، {التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ}.

دووەم: پاشماوەی موسا و هاروونی تێدایە، {وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ}.

سێهەم: وە بە هۆی ئەوەی ئەوپەڕ پیرۆزە، فریشتە هەڵیدەگرن، { تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ}.

ابن الجوزی لە زاد المسیر، سەبارەت بە {فِيهِ سَكِينَةٌ}، دەڵێت ٧ وتەوت هەیە:

یەکەم: بایەکی شێنەییە کە دەم و چاوێکی هەیە وەك دەم و چاوی مرۆڤ، (علی کوڕی ابي طالب).

دووەم: ئاژەڵێکە بە قەد پشیلە، کە دوو چاوی هەیە تیشك دەدەن، وە کاتێك بنی ئیسرائیل لەگەڵ خاڵکانێکی دیکە لە شەڕدا بەیەك دەگەیشتن، دەستەکانی دەردەهینا و سەیری دەکردن و سوپاکە لە ترساندا ڕایدەکرد، (ابن عباس).

وە مجاهد گوتوویەتی: کەللە سەرێکی هەیە وەك کەللە سەری پشیلە، وە دووباڵی هەیە.

سێهەم: تەشتێکە لە ئاڵتوونی بەهەشت کە دڵی پێغەمبەرانی تێدا دەشۆردرا، (ابن عباس).

چوارەم: ڕۆحی اللهیە و قسە دەکات، کاتێك ناکۆکییەك دەهاتە ئاراوە، قسەی لەگەڵیاندا دەکرد و بابەتەکەی یەکلا دەکردەوە، (وهب بن منبه).

پێنجەم: ئەو بەڵگانەن کە دڵیان پێی ئاسوودە دەبوو، (عطاء بن ابي رباح و الزجاج).

شەشەم: وقارە (قتادة).

حەوتەم: ڕەحمەتە (الربیع بن انس).

سەرتاپای درۆیە و ئەسڵ و ئەساسی نییە. بەڵکو سندووقێکە کە موسا بە فەرمانی یەهوەی دروستی دەکات و تەورات و دوو تابلۆکەی دەخاتە ناوەوە، وە بە فەرمانی یەهوەی دەبێت ئەم سندوقەکە لە شوێنی هەرە پیرۆزی پەرستگا دابنرێت.

# ئایەتی ٢٤٩

فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو اللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ

دەڵێت:

جا کاتێك طالووت بە سەربازەکانیەوە کەوتە ڕێ، گوتی: الله بە ڕووباریك تاقیتان دەکاتەوە، جا ئەوەی لێی بخواتەوە ئەوە لە من نییە، وە ئەوەی تامی نەکات ئەوە لە منە، مەگەر کەسێك نەبێت کە بە لەپی دەستی لێی دەخواتەوە، جا لێیان خواردەوە تەنها کەمێك نەبێت، جا کاتێك خۆی و ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، گوتیان ئیمڕۆ تواناییمان نییە بەسەر جالووت و سەربازەکانی، بەڵام ئەوانەی کە پێیان وابوو بە خوداکەیان دەگەن گوتیان: چەندەها کۆمەڵەی کەم توانیویانە بەسەر کۆمەڵی زۆردا زاڵ بن بە مۆڵەتی الله، وە الله لەگەڵ خۆڕاگرەکانە.

واتە:

{فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ}، کاتێك شاول بە سەربازەکانیەوە بەڕێ کەوت، {قَالَ}، شاول گوتی، {إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ}، الله بە ڕووبارێك تاقیتان دەکاتەوە، {فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي}، هەر کەسێك لە ڕووبارەکە بخواتەوە، ئەوە لە من نییە، {وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي}، وە هەر کەسێك تامی ئاوی ڕووبارەکە نەکات ئەوە لە منە، {إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ}، مەگەر کەسێك نەبێت کە تۆزێك بە لەپی دەستی دەخواتەوە، {فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ}، جا خواردیانەوە تەنها کەمێك نەبێت، {فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ}، جا کاتێك شاول و ئەو ئیماندارانەی لەگەڵیدا بوون لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، {قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ}، گوتیان ئێمڕۆ تواناییمان نییە بەسەر جالووت و سەربازەکانی، {قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو اللَّهِ}، بەڵام ئەوانەی پێیان وابوو کە بە خوداکەیان دەگەن، واتە بڕوایان بە قیامەت هەیە، گوتیان، {كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ

غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ}، چەندەها کۆمەڵەی بچووك توانیویانە بەسەر کۆمەڵەی زۆردا زاڵ بن و سەرکەون بە مۆڵەتی الله، {وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ}، وە الله لەگەڵ خۆڕاگرەکانە.

نووسەری قورئان لەم دەقەدا دەیەوێت موسڵمانان ئامادە بکات بۆ جیهاد و جەنگ و پێیان بڵێت ئەگەر کەمیش بن ئەوە دەتوانن بەسەر سوپایەکی گەورەدا زاڵ بن بە مۆڵەتی الله، واتە سەرکەوتن و ژێر کەوتن بەدەست اللهیە.

ابن كثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

الله هەواڵ دەدات: کاتێک بە طالووت (شاول) ی پادشای نەوەکانی ئیسرائیل بە سەربازەکانیەوە دەرچوون، وە السدی گوتوویەتی ژمارەی سەربازەکانی هەشتا هەزار سەرباز بوون و پێیانی گوتن: الله بە ڕووبارێك تاقیتان دەکاتەوە (ڕووباری نێوان ئوردن و فەلەستینە)، جا هەر کەسێك لەم ڕووبارە ئاو بخواتەوە، ئەوە لە من نییە و دەبێت لێم دابڕێت، وە ئەگەر کەسێك نەخواتەوە مەگەر قومێك نەبێت بە لەپی دەستی، ئەوە لە منە و لەگەڵمدا دەمێنێتەوە. وە السدی گوتوویەتی: ژمارەی سەربازەکانی هەشتا هەزار بوون، ٧٦ هەزار لە ئاوی ڕووبارەکەیان خواردەوە، وە تەنها چوار هەزار لەگەڵیدا مانەوە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

جا کاتێك شاول و سەربازەکانی لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، گوتیان ئیمڕۆ ناتوانین ڕووبەڕووی دوژمن ببینەوە، واتە ڕووبەڕووی جالووت و سەربازەکانی، چونکە ئەوان زۆرن و ئێمە کەمین.

بەڵام ئەوانەی بڕوایان بە قیامەت هەبوو لە سەربازەکانی شاول گوتیان: چەندەها کۆمەڵی بچووك لە جەنگدا توانیویانە بە سەر کۆمەڵی زۆردا سەرکەون بە مۆڵەتی الله، وە الله لەگەڵ خۆڕاگرەکانە.

# ئایەتی ٢٥٠

وَلَمَّا بَرَزُوا لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُوا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ

دەڵێت:

وە کاتێك بۆ جالووت و سەربازەکانی دەرکەوتن گوتیان خوداکەمان خۆڕاگریمان بەسەردا بهێنە، وە پێکانمان جێگیر بکە، وە سەرمان بخە بەسەر خەڵکانێکی کافر.

واتە:

کاتێك شاول و سەربازەکانی ڕووبەڕووی جالووت و سەربازەکانی بوونەوە، گوتیان خوداکەمان خۆڕاگرمان بکە و پێکانمان جێگیر بکە، وە سەرکەوتوومان بکە بەسەر جالووت و سەربازەکانی کە کافرن.

# ئایەتی ٢٥١

فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ

دەڵێت:

جا بە مۆڵەتی اللە بەزاندیانن و داود جالووتی کوشت، وە اللە پادشایەتی و ژیرمەندی پێی بەخشی، وە فێرە هەرشتێکی ویست فێری کرد، وە ئەگەر اللە هەندێك خەڵك بە هەندێکی تر ڕانەماڵێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە زەوی خراپ دەبێت، بەڵام اللە خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکدا.

واتە:

{فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللَّهِ}، بە مۆڵەتی اللە شاول و سەربازەکانی بەسەر جالووت و سوپاکەی سەرکەوتن، {وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ}، وە داوود جالووتی کوشت، {وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ}، وە اللە پادشایەتی و ژیرمەندی بە داوود بەخشی، {وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ}، وە داوود هەر شتێکی ویست اللە فێری کرد {وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ} وە ئەگەر اللە هەندێك خەڵکی بە دەستی هەندێکی دیکە لەناونەبردایە، {لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ}، ئەوە بە دڵنیاییەوە زەوی خراپ دەبوو، {وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ}، بەڵام اللە خاوەن چاکەیە بەسەر خەڵکدا.

ئەم بڕگەیە دەڵێت:

وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الْأَرْضُ

هەر کوشت و کوشتارێك لە نێو خەڵکدا بووە و دەبێت، ئەوە بە ئیرادەی اللهیە. چونکە دەڵێت:

ئەگەر الله خەڵکانێك بە خەڵکانێك ڕانەماڵێت و لەناو نەبات، ئەوە بە دڵنیاییەوە زەوی خراپ دەبوو.

# ئایەتی ٢٥٢

تِلْكَ آيَاتُ اللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەوانە ئایەتەکانی اللهن بە ڕاستی بۆ تۆ دەیخوێنینەوە، وە بێگومان تۆ لە نێردراوەکانیت.

ئەوەی سەیرە خوداوەندی عەرەب و ئسلام، بە محمد دەڵێت:

وَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ

وە ئەی محمد تۆ لە نێردراوەکانیت.

دیارە تا ساتی دابەزینی ئەم ئایەتە محمد بڕوای نەهێنابوو کە پێغەمبەرە و لە لایەن اللهوە نێردراو بووە.

# ئایەتی ٢٥٣

تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَـٰكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ

دەڵێت:

ئەو پێغەمبەرانە هەندێکمان بەسەر هەندێکیان پەسەند کردووە، هەندێکیان هەبوون کە الله گفتووگۆی لەگەڵدا کردووە، وە هەندێکیانی چەندەها پلە بەرزکردۆتەوە، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا و بە گیانی پیرۆز پشتیوانیمان کرد، وە ئەگەر الله ئارەزووی لەسەر بووایە، ئەوە لە دوای

ئەوەی بەڵگەیان بۆ هات، خەڵکەکەی دوای پێغەمبەران شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵام ناکۆك بوون، جا هەیانە کە باوەڕی هێناوە، وە هەیانە کافر بوو، وە ئەگەر الله ئارەزووی لەسەر بووایە، ئەوە شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵام الله ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

واتە:

{تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ}، ئەو پێغەمبەرانە، هەندێکمان بەسەر هەندێکیان پەسەند کرد، {مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللَّهُ}، لە پێغەمبەران هەبووە الله ئاخاوتنی لەگەڵدا کردووە، {وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ}، وە هەندێکیانی چەندەها پلە بەزرکردۆتەوە، {وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ}، وە چەندەها موعجیزەمان بە عیسای کوڕی مەریەم بەخشی و بە گیانی پیرۆز پشتیوانیمان کرد، {وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِن بَعْدِهِم}، وە ئەگەر الله بیویستایە ئەوە ئەوانەی دوای ئەو پێغەمبەرانە شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، {مِّن بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ}، لە دوای ئەوەی بەڵگەیان بۆ هات، {وَلَٰكِنِ اخْتَلَفُوا}، بەڵام ناکۆك بوون، {فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ}، لەو خەڵکە هەبوون کە باوەڕیان هێنا، وە هەیان بوو کە باوەڕیان نەهێنا، {وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا}، وە ئەگەر الله بیویستایە ئەوە لەگەڵ یەکدا شەڕیان نەدەکرد، {وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ}، بەڵام الله ئەو کارە دەکات کە خۆی دەیەوێت.

واتە:

هەندێك پێغەمبەر باڵاترن لە هەندێك پێغەمبەری دیکە. هەیان بووە کە الله ئاخاوتنی لەگەڵدا کردووە، {مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللَّهُ}، وەك موسا. وەك ئایەتی ١٦٤ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا

الله بە ئاخاوتن لەگەڵ موسا ئاخاوت.

وە هەیانە کە چەندەها موعجیزەی پێدراوە و بە گیانی پیرۆز پشتیوانی کراوە. واتە المسیح:

وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ

له موعجیزەکانی زانینی غەیب و زیندووکردنەوەی مردوو و خەلقکردن.

ئینجا دەڵێت:

وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ

وە ئەگەر الله بیویستایە ئەوە ئەو خەڵکانەی لە دوای موسا و عیسا هاتن، لەگەڵ یەکدا شەڕیان نەدەکرد، لە دوای ئەوەی بەڵگەیان بۆ هات، واتە تەورات و ئینجیلیان بۆ هات.

ئینجا دەڵێت:

وَلَـٰكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ

بەڵام خەڵکەکە ناکۆك بوون، هەیانبوو باوەڕی هێنا و هەیانبوو کافر بوو، خۆ ئەگەر الله بیوستایە، ئەوە شەڕیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد، بەڵام الله کارێك دەکات کە خۆی دەیەوێت.

## ئایەتی ٢٥٤

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، ئەوە ببەخشن کە بە ئێوەمان داوە بەر لەوەی ڕۆژێك بێت کە نە کڕین و فرۆشتن، وە نە هاوڕێیەتی، وە نە تکاکاری سوودی نابێت، وە کافرەکان خۆیان ستەمکارن.

واتە:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان بە الله و محمد هێناوە، لە سامانەکانتان ببەخشن بۆ جیهاد لە پێناو الله، لەو سامانەی الله بە ئێوەی داوە، بەر لەوەی ڕۆژی قیامەت بێت، کە ئەوکات، نە کڕین و فرۆشتن، وە نە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی، وە نە تکاکار و شەفاعەتکەر سوودیان نابێت کە بت پارێزن لە دۆزەخ، وە کافرەکان خۆیان ستەمکارن.

# ئایەتی ٢٥٥

اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ

دەڵێت:

الله هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، هەمیشە زیندووە سالارەکە، نە خەواڵوبوون، وە نە خەوتن دەیباتەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەوییە بۆ ئەوە، کێ هەیە بتوانێت کە لای ئەو تکا بکات تەنها بە مۆڵەتی ئەو نەبێت، دەزانێت بەوەی لە پێشیانە و لە دوایانە، وە دەرك بە هیچ شتێك لە زانستەکەی ناکەن تەنها بەوەی خۆی دەیەوێت، کورسیەکەی بە ئاسمانەکان و زەویدا کشاوە، وە پارێزگاریکردنی هەردووکیان ماندووی ناکات، وە هەر ئەو بەرزە مەزنەکەیە.

واتە:

{اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ}، الله هیچ خودایەك نییە تەنها ئەو نەبێت، {الْحَيُّ الْقَيُّومُ}، هەمیشە زیندووە سالارەکە، {لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ}، نە خەواڵوبوون، وە نە خەوتن دەیباتەوە، {لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ}، ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەوییە هی ئەوە، {مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ}، کێ هەیە بتوانێت لای ئەو تکا بکات تەنها بە مۆڵەتی ئەو نەبێت، {يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ}، دەزانێت کە چی لە پێشیانە و چی لە دوایانەوەیە، {وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء}، وە دەرک بە هیچ شتێك لە زانستەکەی ناکەن تەنها بەوەی خۆی دەیەوێت، {وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ}،کورسیەکەی بە ئاسمانەکان و زەویدا کشاوە، {وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا}، وە پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی ماندووی ناکات، {وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ}، وە هەر ئەو بەرزە مەزنەکەیە.

ئەم ئایەتە پێی دەگوترێت ئایەتی کورسی، چونکە ئاماژەی بە کورسی الله کردووە.

وە چەندەها فەرموودە هەیە سەبارەت بە مەزنی ئەم ئایەتە، ابن کثیر ئاماژە بە چەند فەرموودەیەك دەکات:

یەکەم: لە مسند احمد و صحیح مسلم هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی، ئایەتەی الکرسي مەزنترین ئایەتە لە قورئاندا، ئینجا گوتوویەتی:

وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ لَهَا لِسَانًا وَشَفَتَيْنِ تُقَدِّسُ الْمَلِكَ عِنْدَ سَاقِ الْعَرْشِ

سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئایەتی الکرسي، زمانێك و دوو لێوی هەیە بە پادشا (اللّٰه) هەڵدەدات و پیرۆز دەکات لای قاچەکانی عەرش.

دووەم: لە مسند احمد هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی، ئایەتی الکرسی، رُبُعُ الْقُرْآنِ، واتە چارەکێکی قورئانە.

سێهەم: لە سنن النسائی ڕیوایەتێك هاتووە، ابو ذر دەڵێت، لە پێغەمبەرم پرسی، کامە ئایەت مەزنترین ئایەتە کە بۆت دابەزیووە، دەڵێت پێغەمبەر لە وەڵامدا گوتی:

ئایەتی الکرسي.

چوارەم: لە صحیح البخاری، ڕیوایەتێك هاتووە، ابو هریره دەڵێت:

پێغەمبەر منی ڕاسپارد و کرد بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکات و و سەدەقەی ڕەمەزان، ئەوەبوو شەوێکیان شتێك هات و دەستی برد بۆ خواردنەکە، گرتم و گوتم دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری اللّٰه، گوتی زۆر پێویستیم پێیەتی و منداڵم برسین، ئەوەبوو ڕێگام پێیدا بڕوات. ابو هریره دەڵێت شەوی دووەم هاتەوە و هەمان کاری کرد و پێم گوت دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر، گوتی منداڵم برسین و زۆر پێویستیم پێیەتی، ئەوەبوو ڕێگام پێیدا بڕوات، شەوی سێهەم هاتەوە و دەستی بۆ خواردنەکەی زەکات برد و گرتم و گوتم تۆ گوتت ناگەڕێمەوە کەچی هاتیتەوە، ئەم جارە نایەڵم بڕۆیت و دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر، گوتی ئەگەر ڕێگام بدەیت بڕۆم ئەوە فێرە شتێکت دەکەم لە قورئان کە سوودی دەبێت بۆت، گوتم چییە؟ گوتی:

هەر کاتێك چوویت بۆ ناو جێگاکەت بۆ خەوتن، ئەوە ئایەتی الکرسي بخوێنەوە، وە پێی گوتم: ئەگەر خوێندتەوە، ئەوە اللّٰه دەتپارێزێت و شەیتان لێت نزیك نابێتەوە تاوەکو بەیانی، ئەوەبوو بەیانی بە پێغەمبەرم گوت، گوتی: ڕاست دەکات سەبارەت بە ئایەتی الکرسی بەڵام ئەو درۆزنە، وە ئەوە شەیتان بووە.

واتە: شەیتان ئاشنایەتی هەبووە بە قورئان و ابو هریرەی فێرە ئایەتی الکرسی کردووە.

پێنجەم: ابو عبید لە پەرتووکی "الغریب" ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە کە ابن مسعود گێڕاویەتیەوە:

خَرَجَ رَجُلٌ مِنَ الْإِنْسِ فَلَقِيَهُ رَجُلٌ مِنَ الْجِنِّ فَقَالَ : هَلْ لَكَ أَنْ تُصَارِعَنِي ؟ فَإِنْ صَرَعْتَنِي عَلَّمْتُكَ آيَةً إِذَا قَرَأْتَهَا حِينَ تَدْخُلُ بَيْتَكَ لَمْ يَدْخُلْ شَيْطَانٌ ؟ فَصَارَعَهُ فَصَرَعَهُ فَقَالَ : إِنِّي أَرَاكَ ضَئِيلًا شَخِيتًا كَأَنَّ ذِرَاعَيْكَ ذِرَاعَا كَلْبٍ ، أَفَهَكَذَا أَنْتُمْ أَيُّهَا الْجِنُّ كُلُّكُمْ أَمْ أَنْتَ مِنْ بَيْنِهِمْ ؟ فَقَالَ : إِنِّي بَيْنَهُمْ لَضَلِيعٌ فَعَاوِدْنِي ، فَصَارَعَهُ فَصَرَعَهُ الْإِنْسِيُّ . فَقَالَ : تَقْرَأُ آيَةَ الْكُرْسِيِّ فَإِنَّهُ لَا يَقْرَؤُهَا أَحَدٌ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ إِلَّا خَرَجَ الشَّيْطَانُ وَلَهُ خَبَجٌ كَخَبَجِ الْحِمَارِ

فَقِيلَ لِابْنِ مَسْعُودٍ : أَهُوَ عُمَرُ ؟ فَقَالَ : مَنْ عَسَى أَنْ يَكُونَ إِلَّا عُمَرُ

پیاوێك لە مرۆڤ، گەیشت بە پیاوێك لە جنۆکە، جنۆکەکە بە پیاوەکەی گوت دەتەوێت زۆرانبازیم لەگەڵدا بکەیت؟ ئەگەر لێت بردمەوە ئەوە ئایەتێکت فێر دەکەم کە کاتێك چوویتە ماڵەوە و خوێندتەوە شەیتان نایەتە ماڵەکەتەوە؟ ئەوە بوو زۆرانبازی لەگەڵدا کرد و جنۆکەکەی دا بەزەویدا، پیاوەکە بە جنۆکەکەی گوت: دەبینم تۆ زۆر بێ هێزیت، وە باسکەکانت لە باسکی سەگ دەچێت، ئێوەی جنۆکە هەمووتان وان، یان تەنها تۆ وایت؟ گوتی لە ڕاستیدا من لە هەموویان زیاتر بە بازووترم، جارێکی دیکە زۆرانبازیم لەگەڵدا بکە، ئەوەبوو پیاوەکە جنۆکەکەی دا بەزەویدا. جنۆکەکە بە پیاوەکەی گوت: ئایەتی الکرسي بخوێنەوە، هەر کەسێك بخوێنێتەوە، کاتێك دەچیتە ماڵەوە، ئەوە شەیتان لە ماڵەکەی دەردەچێت و تڕێك لێ دەدات، وەك چۆن کەر دەتڕێت..

بە ابن مسعودیان گوت ئەو پیاوە عومەر بوو؟ گوتی ئەی دەبێت کێ بێت جگە لە عومەر.

وە ابن کثیر دەڵێت، لە ڕیوایەتێك هاتووە، کە ابن عباس گوتوویەتی:

سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ قَوْلِ اللَّهِ {وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ} قَالَ : كُرْسِيُّهُ مَوْضِعُ قَدَمَيْهِ

له پێغەمبەر پرسیار کرا سەبارەت بە {کورسیەکەی فراوانە بە قەد ئاسمانەکان و زەوی}، گوتی: کورسی جێی قاچەکانی اللەیە.

وە هەروەها محمد صلعم گوتوویەتی:

مَا الْكُرْسِيُّ فِي الْعَرْشِ إِلَّا كَحَلْقَةٍ مِنْ حَدِيدٍ أُلْقِيَتْ بَيْنَ ظَهْرَيْ فَلَاةٍ مِنَ الْأَرْضِ

کورسی لە چاو عەرش شتێك نییە تەنها وەك ئەڵقەیەك لە پۆڵا نەبێت کاتێك فڕێیدەدەیتە دەشتاییەکەوە.

وە دەڵێت محمد صلعم گوتوویەتی:

وَإِنَّ لَهُ أَطِيطًا كَأَطِيطِ الرَّحْلِ الْجَدِيدِ مِنْ ثِقَلِهِ

کورسی نرکە نرکێکی دێت، هەروەك چۆن وشترێکی بچووك کاتێك سواری دەبیت نرکەی دێت.

ئایەتەکە دەڵێت:

{اللَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ}، الله هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت کە هەمیشە زیندووە سالارەکەیە. ئەم چوار ناوە لە ناوەکانی خوداوەندی عەرەب و ئیسلامن: اللَّه، هُو، الْحَيُّ، وە الْقَيُّومُ

{لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ}، الله نە خەواڵووبوون، وە نە خەوتن دەیباتەوە، واتە نە خەواڵوو دەبێت، وە نە دەخەوێت.

{لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ}، بۆ اللەیە ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدایە.

{مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ}، کێ هەیە خاوەن شەفاعەت و تکا بێت لای الله مەگەر بە مۆڵەتی الله نەبێت. واتە هیچ کەسێك ناتوانێت لە قیامەت شەفاعەت و تکا بۆ کەسێك بکات مەگەر الله خۆی مۆڵەتی پێ بدات شەفاعەت و تکا بکات.

{يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ}، وە الله سەبارەت بە داهاتوو و ڕابردووی هەموو کەسێك دەزانێت.

{وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ}، وە هیچ کەسێك دەرك بە زانستی اللە ناکات تەنها ئەگەر خۆی بیەوێت کەسێك بزانێت.

{وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا}، وە اللە ماندوو نابێت لە پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی.

{وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ}، وە ئەو بەرزە مەزنەکەیە. الْعَلِيُّ، و الْعَظِيمُ، لە ناوەکانی اللەن.

## ئایەتی ٢٥٦

لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

زۆرکردن لە ئایندا نییە لە کاتێکدا ڕاست لە گومڕایی بە ڕوونی جیابۆتەوە، جا هەر کەسێك کوفر بە طاغووت بکات و باوەڕ بە اللە بهێنێت ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە هەنگڵی پتەوەوە و لێی جیانابێتەوە، وە اللە بیستەر و ئاگادارە.

واتە:

{لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ}، زۆرکردن لە ئاین نییە، {قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ}، لە کاتێکدا ڕاست و دروست، وە چەوتی و گومڕایی ڕوونبۆتەوە، {فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ }، جا هەر کەسێك کوفر بە طاغووت بکات و باوەڕ بە اللە بهێنیت، {فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا}، ئەوە بێگومان دەستی گرتووە بە قوڵفێکی پتەوەوە و لێی جیا نابێتەوە، {وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}، وە اللە بیستەر و ئاگادارە.

تێبینی و سەرنج:

مەبەست لە {الدِّينِ}، ئیسلامە، وەك ئایەتی ١٩ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ

لە ڕاستیدا ئاین لای اللە ئیسلامە.

ئایا ئەم ئایەتە دەڵێت کە نابێت خەڵك بە زەبروزەنگ بکرێت بە ئیسلام؟
هەرگیز، بەڵکو ئەم ئایەتە دەڵێت: لە کاتێکدا ئیسلام بۆ خەڵك ڕوون بۆتەوە کە ئاینی ڕاستە و تاکە ئاینە لە لای الله، وەك ئایەتی ٨٥ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

وَمَن يَبتَغِ غَيرَ الإِسلامِ دينًا فَلَن يُقبَلَ مِنهُ

وە هەر کەسێك جگە لە ئیسلام ئاینێك بەخۆوە بگرێت، ئەوە لێی قبووڵ ناکرێت.

ئەوە زۆرکردن بۆ بوون بە موسڵمان و قبووڵکردنی ئیسلام زۆرکردن نییە.

ابن العربی لە احکام القران سەبارەت بە {لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ} دەڵێت:

ئەم بڕگەیە ٣ بابەت لە خۆوە دەگرێت:

بابەتی یەکەم: ابن زید گوتوویەتی، ئەم ئایەتە نەسخ بووە بە ئایەتەکانی کوشتار و شەڕ.

دووەم: تایبەتە بە ئەهلی پەرتووك کە ئامادەن سەرانە (جزیە) بدەن، وە لەسەر ئەم بنەمایە هەر کەسێك ئامادە بێت جزیە بدات، ئەوە ئەم ئایەتەی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

سێهەم: ئەم ئایەتە دابەزیوە لەسەر عەرەبەکانی مەدینە، (الانصار). ئەگەر ژنێك منداڵەکەی بۆ نەژیایە ئەوە دەیگوت ئەگەر منداڵم ببێت و بژی، ئەوە دەیکەم بە یەهوودی بۆ ئەوەی بژی و تەمەنی درێژ بێت، جا کاتێك پێغەمبەر یەهوودیەکانی بەنی نەزیری ئاوارە و دەربەدەر کرد، لە مەدینە گوتیان: ئێستا چی بکەین لە منداڵەکانمان، ئەوەبوو الله ئەم ئایەتەی دابەزاند.

بابەتی دووەم: {لَا إِكْرَاهَ- زۆرکردن نییە}:

لە گشتدا نابێت زۆرکردن هەبێت بۆ پووچەڵ، بەڵام زۆرکردن بۆ هەق و ڕاستی بەشێکە لە ئاین، وەك لە صحیح البخاری و صحیح مسلم هاتووە، پێغەمبەر گوتوویەتی:

أُمِرْتُ أنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشْهَدُوا أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ

فەرمانم پێکراوە کە شەڕی خەڵك بکەم تاوەکو شایەتی دەدەن هیچ خودایەك نییە تەنها الله نەبێت، وە محمد پێغەمبەری اللهیە.

وە ئەم فەرموودەیە لە ئایەتی ١٩٣ سوورەتی البقرة وەرگیراوە کە دەڵێت:

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ

شەڕیان بکەن تاوەکو نەبن بە ئاژاوە، وە ئاین تەنها بۆ الله دەبێت.

وە بەم بەڵگەیە، وەڵام بەو کەسانە دەدرێتەوە کە دەڵێن ئەم ئایەتە نەسخ بووە.

وە ئەگەر پرسیار کرا: چۆن دەکرێت زۆریی بکرێت بۆ ئاین لەسەر بنەمای هەق، لە کاتێکدا ئەو کەسەی ناچار دەکرێت بڕوای بەوە نییە کە بەدیار کەوتووە کە هەقە؟

وەڵام: الله، محمد صلعمی ناردووە بۆ ئەوەی بانگێشەی خەڵك بکات بۆ الله، وە ڕێگایان بۆ ڕوون بکاتەوە، وە بەڵگەیان پێ پیشان بدات، وە تەحەمولی سووکایەتی بکات لە ڕێگای بانگێشە و ڕوونکردنەوە، تاوەکو بەڵگەکانی الله بەدیار کەوتن و الله ئەولیائەکانی خۆی هەڵبژاردن و سینەی فراوان کردن بۆ قبووڵکردنی هەق، ئینجا ئیسلام سەروسیمای بەخۆی دا و دڵی ئیمانداران بۆ یەکتر جووڵا، ئینجا ئیسلام لە حاڵەتی لاوازی و سووکایەتی پێکردن وەرچەرخا بۆ حاڵەتی هێز و عیزەت، وە لایەنگرانی بە هێزی بۆ دروست بوو، وە الله فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کە بە شمشێر بانگشە بکات، ئینجا ماوەی بانگێشەکردن بە بەڵگە و دایەلۆگ بەسەر چوو، وە هیچ کەسێك بیانووی نابێت کە ئاگادار کراوەتەوە.

وەڵامی دووەم: یەکەمجار بە زۆری دەکرێن بە ئیسلام، جا ئەگەر بوو بە موسڵمانێکی چاك، بە عەقیدە و بیروباوەڕێکی چاکەوە ئەوە چاکە، وە ئەگەر وانەبوو، ئەوە ئێمە بە شێوە ڕووکەشیەکەی وەریدەگرین کە باوەڕی هێناوە، وە لێپرسینەوەی لەسەر الله دەبێت.

بابەتی سێهەم: ئەگەر زۆرکردن بە ناهەق بێت، ئەوە بە حوکمێکی جێگیر دانانرێت، وە بوونی وەك نەبوونی وایە، وەك ئایەتی ١٠٦ سوورەتی النحل دەڵێت:

إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ

مەگەر کەسێك نەبێت کە ناچار دەکرێت کوفر بکات لە کاتێکدا دڵی دڵنەوایە بە ئیمان.

وە الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

زۆری لە کەسێك ناکرێت ببێت بە ئیسلام کە جزیە بدات، وە لە ئایەت شتێك نییە کە شرۆڤەکەی جگە لەمە بێت، وە هەموو موسڵمانان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر زۆری لە خەڵکانێك کردووە کە ببن بە ئیسلام، وە هیچ شتێکی لێیان قبووڵ نەکردووە تەنها ئیسلام نەبێت، وە فەرمانی کردوووە بە کوشتنیان ئەگەر نەبن بە ئیسلام، وەك بتپەرستە عەرەبەکان و ئەوەی لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە.

وە ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە لە صحیح البخاری هاتووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

عَجِبَ رَبُّكَ مِنْ قَوْمٍ يُقَادُونَ إِلَى الْجَنَّةِ فِي السَّلَاسِلِ .

خوداکەت سەری سوڕما لە خەڵکانێك کە بە کۆتوزنجیرەوە ڕاپێچی بەهەشت دەکرێن.

يَعْنِي : الْأَسَارَى الَّذِينَ يَقَدَمُ بِهِمْ بِلَادَ الْإِسْلَامِ فِي الْوَثَائِقِ وَالْأَغْلَالِ وَالْقُيُودِ وَالْأَكْبَالِ ثُمَّ بَعْدَ ذَلِكَ يُسْلِمُونَ وَتَصْلُحُ أَعْمَالُهُمْ وَسَرَائِرُهُمْ فَيَكُونُونَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ

ئینجا ابن کثیر دەڵێت واتە: ئەو دیلانەن کە موسڵمانان لەو وڵاتانەی فەتحیان کردوون بە کۆت و بەند و زنجیر هێناویانن ئینجا دوای ئەوە بە ناچاری بوونتە ئیسلام و کاروکردەوەکانیان چاك بووە و بوون بە ئەهلی بەهەشت.

وە دەڵێت لە مسند احمد ڕیوایەتێك هاتووە کە دەڵێت:

أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لِرَجُلٍ : " أَسْلِمْ " قَالَ : إِنِّي أَجِدُنِي كَارِهًا قَالَ : وَإِنْ كُنْتَ كَارِهًا

پێغەمبەر بە پیاوێکی گوت ئیسلام بە. گوتی دەبینیت ئارەزوو ناکەم و بە دڵم نییە. گوتی تەنانەت ئەگەر بە دڵیشت نەبێت و بە زۆریش بێت.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

یەکێك لە وتەکان ئەوەیە کە ئەم ئایەتە سەبارەت بە دیلەکانە، کە ئەگەر لە ئەهلی پەرتووك بوون و گەورە بوون بە تەمەن، ئەوە ناچار ناکرێن (دەبێت جزیە بدەن)، بەڵام ئەگەر مەجووسی و بتپەرست بوون، جا بچووك بن، یان گەورە ئەوە دەبێت ناچار بکرێن.

پوختە: ئەم ئایەتە بە مانای ئازادی ئاین نایەت بەڵکو دەڵێت زۆرکردن بۆ ئیسلام بوون زۆرکردن نییە، چونکە بۆ خەڵك ڕوون بۆتەوە کە ئیسلام هەقە.

# ئایەتی ٢٥٧

اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِوَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُم مِّنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

الله پشتیوانی ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە، لە تاریکایی دەریان دەکات بۆ ڕووناکی، بەڵام ئەوانەی کافرن پشتیوانیان طاغووتە دەریان دەکات لە ڕووناکی بۆ تاریکایی، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخن، وە بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

واتە:

الله پشتیوانی ئیماندارانە و لە تاریکایی کوفر و شرك دەریان دەکات بۆ ڕووناکی ئیمان و یەکتاپەرستی، بەڵام پشتیوانی کافرەکان طاغووتە، واتە شەیتانە، کە لە ڕووناکی ئیمانەوە دەریان دەکات بۆ تاریکی شرك و کوفر، وە کافرەکان یاوەرانی دۆزەخن و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

وەك القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

{الطَّاغُوتُ}، واتە شەیتان.

وە دەڵێت الحسن لە جیاتی {الطَّاغُوتُ}، دەیخوێندەوە: {أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّوَاغِيتُ}، واتە شەیتانەکان.

# ئایەتی ٢٥٨

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

ئەی سەیری ئەو کەسەت نەکردووە کە مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم دەکرد سەبارەت بە خوداکەی، لە ڕاستیدا خوداکەی پادشایەتی پێی بەخشیبوو، کە ئیبراهیم پێی گوت: خوداکەم دەژیێنێت و دەمرێنێت، گوتی منیش دەژێنم و دەمرێنم، ئیبراهیم گوتی: جا الله خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە دەهێنێت، تۆ لە شوێنی ئاوابوونیەوە بهێنەوە. جا ئەوەی کافر بوو ئەبڵەق بوو، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

واتە:

{أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ}، ئەی محمد ئەو کەسەت نەبینیوە کە مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم دەکرد سەبارەت بە خوداکەی؟ {أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ}، لە کاتێکدا الله پادشایەتی پێی بەخشیبوو، {إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ}، ئیبراهیم پێی گوت: خوداکەم دەژیێنێت و دەمرێنێت، {قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ}، گوتی منیش دەژیێنم و دەمرێنم، {قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ}، ئیبراهیم گوتی الله خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە دەهێنێت، دەسا تۆ لە شوێنی ئاوابوونیەوە بهێنە، {فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ}، جا ئەوەی کافر بوو ئەبڵەق بوو، {وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ}، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی ستەمکار نادات.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە کە بە محمد دەڵێت: {أَلَمْ تَرَ} ئەی محمد نەتبینیووە؟

چۆن محمد مشتومڕی ئیبراهیم لەگەڵ نمرود ببینێت؟

لەبەر ئەوە الطبری و ابن کثیر دەڵێن، {أَلَمْ تَرَ}، واتە ئەی محمد بە دڵت نەدتبینیوە.

دووەم: گوایە ئەم مشتومڕە لە نێوان ئیبراهیم و نمرود پادشای ئەکەد بووە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت:

ئەوەی مشتومڕی لەگەڵ ئیبراهیم کرد نمرود بوو پادشای بابل.

مشتومڕەکە: ئیبراهیم بە نمرود دەڵێت: خوداکەم دەژیێنێت و دەمرێنێت، نمرود لە وەڵامدا بە ئیبراهیم دەڵێت منیش دەژیێنم و دەمرێنم، چونکە پادشام بڕیار دەدەم کە کێ بژیت و کێ بمرێت. ئیبراهیم دەڵێت الله خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە (خۆرەهەڵاتەوە) دەهێنێت دەسا تۆ لە خۆرئاواوە بهێنە.

دەڵێت نمرود قسەی نەما و ئەبلەق بوو و پاساوی نەما.هاهاها

سێهەم: ئەم دەقە دەیسەلمێنێت کە خۆر شوێنی هەڵاتن و ئاوابوونی هەیە، وەك ئیبراهیم دەڵێت:

فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ

الله خۆر لە شوێنی هەڵاتنیەوە دەهێنێت، دەسا تۆ لە شوێنی ئاوابوونیەوە بهێنە.

گرنگ خۆر دەڕوات.

ئەم چیرۆکە لە تەوراتدا بە هیچ جۆرێك ئاماژەی پێ نەکراوە.

# ئایەتی ٢٥٩

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

یان وەك ئەو کەسەی بە گوندێکدا تێپەڕ بوو کە بەسەریەکدا تەپی بوو، گوتی چۆن الله دەتوانێت ئەمە زیندوو بکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردووە، ئەوەبوو الله سەد ساڵ مراندی، ئینجا زیندووی کردەوە، گوتی: چەند مایتەوە؟ گوتی: ڕۆژێك، یان چەند ڕۆژێك مامەوە، گوتی بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە، جا سەیری خواردنەکەت و خواردنەوەکەت بکە کە بۆگەنیان نەکردووە، وە سەیری کەرەکەت بکە، وە بۆ ئەوەی بتکەین بە بەڵگەیەك بۆ خەڵك، وە سەیری ئێسقانەکە بکە کە چۆن تێکیان دەخەینەوە، ئینجا بە گۆشت دایان دەپۆشین، جا کاتێك بۆی ڕوونبۆوە، گوتی: ئەوە زانیم کە الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

واتە:

{أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ}، وەك ئەو پیاوەی بە گوندێك تێپەڕ بوو، {وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا}، کە سەربانی خانووەکان بەسەر خانووەکانی داتەپیوە، {قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا}، جا چۆن الله دەتوانێت ئەمە زیندووبکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردووە، {فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ}، جا الله پیاوەکەی سەد ساڵ مراند، {ثُمَّ بَعَثَهُ}، ئینجا زیندووی کردەوە، {قَالَ}، الله بە پیاوەکەی گوت، {كَمْ لَبِثْتَ}، چەند مایتەوە، واتە چەند خەوتیت؟ {قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ} گوتی ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك مامەوە، {قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ}، الله گوتی بەڵکو سەد ساڵ مایتەوە، {فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ}، لەگەڵ ئەوەش سەد ساڵ مایتەوە، بەڵام خواردنەکەت و خواردنەوەکەت بۆگەنیان نەکردووە، {وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ}، وە سەیری کەرەکەت بکە، {وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ}، وە دەتکەین بە بەڵگەیەك بۆ خەڵك، {وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا}، وە سەیری ئێسقانەکە بکە کە چۆن تێکیان دەخەینەوە، {ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا}، ئینجا بە گۆشت دەورەی دەدەین، {فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ}، جا کاتێك پیاوەکە بۆی ڕوونبۆوە، {قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}، گوتی ئەوە زانیم کە الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: ئەو پیاوە کێیە و بۆچی قورئان ئاماژەی بە ناوی نەکردووە ئەگەر چیرۆکەکە ڕاستە؟ ئەو گوندە لە کوێ بووە، وە بۆچی قورئان ئاماژەی بە ناو و شوێنی گوندەکە نەکردووە؟

دووەم: خەڵك لە دوای مردن زیندوو دەکرێتەوە، یان گوند زیندوو دەکرێتەوە. چونکە ئەم دەقە دەڵێت:

مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَـٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا

بە لای گوندێك تێپەڕ بوو کە بەسەریەکدا داتەپی بوو و گوتی:چۆن الله دەتوانێت ئەم گوندە زیندوو بکاتەوە لە دوای ئەوەی کە مردووە.

گوند زیندوو و مردووی هەیە؟

وە ئەگەر مەبەست خەڵکی گوندەکە بێت، ئەوە:

١-مەرگ لە هەموو شوێنێك هەیە و پێویست بە  چیرۆکی گوندێك نەدەبوو.

٢-وە خۆ ئەگەر مەبەست خەڵکی گوندەکە بێت، ئەوە ئاماژە بە خەڵك نەکراوە، چونکە دەقەکە دەڵێت:

أَنَّىٰ يُحْيِي هَـٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا

چۆن الله دەتوانێت ئەمە زیندووبکاتەوە لە دوای مردنی؟

{هَـٰذِهِ- ئەمە}، بۆ {قَرْيَةٍ- گوندێك} دەگەڕێتەوە.

وە ئەگەر نووسەری قورئان مەبەستی خەڵکی گوندەکە بووایە، ئەوە دەیتوانی بڵێت:

أَنَّىٰ يُحْيِي أَهْل هَـٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا

واتە: چۆن الله دەتوانێت خەڵکی ئەم گوندە زیندوو بکاتەوە؟

سێهەم: موعجیزەکە زۆر پێکەنیناویە.

دەڵێت الله پیاوەکەی مراند، ئینجا زیندووی کردەوە و لێی پرسی چەند مایتەوە؟ پیاوەکە گوتی ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك، الله گوتی بەڵکو سەد ساڵ مردیت، وە سەیری خواردنەکە و خواردنەوەکەت بکە کە بۆگەنیان نەکردووە.

له ڕاستیدا بۆ ئەوەی موعجیزەکە ڕاست بووایە، دەبوایە بڵێت، فەرموو خواردن و خواردنەکەت بۆ گەنیان کردووە، وەك بەڵگەیەك کە تۆ بۆ ماوەی سەد ساڵ خەوتیت یان مردبوویت.

بەڵام ئەم ئایەتە دەڵێت: فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ

سەیری خواردنەکەت و خواردنەوەکەت بکە کە بۆگەنیان نەکردووە.

پرسیار بۆچی الله لەبەر چاوی پیاوەکە مردوویەکی زیندوو نەدەکردەوە؟

ئینجا بڕگەی دواتر زۆر ناڕۆشنە چونکە دەڵێت:

وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا

وە سەیری کەرەکەت بکە، وە دەتکەین بە موعجیزەیەك بۆ خەڵك، وە سەیری ئێسقانەکە بکە کە چۆن ڕێکیان دەخەینەوە، ئینجا بە گۆشت دایان دەپۆشین.

ئایا مەبەست لەو ئێسقانە ئێسکی کەرەکەیە؟ پێ ناچێت، چونکە ئەگەر مەبەست لە ئێسکی کەرەکە بووایە، بۆچی لە دوای ئاماژەکردن بە کەر دەیگوت:

لِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ

بۆ ئەوەی بتکەین بە موعجیزەیەك بۆ خەڵك.

بۆچی ئەم بڕگەیەی نەدەخستە دوای کەر و ئێسقانەکە؟ واتە بەم شێوەیە:

وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا لِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ

واتە: وە سیری کەرەکەت بکە، وە سەیرکە کە چۆن ئێسقانەکە ڕێك دەخەینەوە و بە گۆشت دەورەی دەدەین بۆ ئەوەی بتکەین بە موعجیزەیەك بۆ خەڵك.

وە تانەت بەم شێوەیەش مەرج نییە مەبەست لە ئێسقان ئێسقانی کەرەکە بێت. دواتر ئەگەر گریمان ڕاست بێت، ئایا کەرەکە موعجیزەیە یان پیاوەکە؟

وە ئەگەر مەبەست لە ئێسقان ئێسقانی کەرە بێت و الله کەرەکەشی مراندبێت، بۆچی دەقەکەی بەم شێوەیە دانەدەڕشت:

وَانظُرْ إِلَىٰ عِظَامِ حِمَارِكَ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا

وه سه‌یری ئێسکی که‌ره‌که‌ت بکه که چۆن ڕێکی ده‌خه‌ینه‌وه و به گۆشت ده‌وره‌ی ده‌ده‌ین.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی گرنگه له‌م ده‌قه ئه‌وه‌یه که له ڕوانگه‌ی قورئانه ئێسک ده‌بێت وه‌ك هه‌یکه‌ل بوونی هه‌بێت، ئینجا به ماسوولکه ده‌وره بدرێت، وه ئه‌وه هه‌ڵه‌یه‌کی زانستی کۆرپه‌له‌زانییه.

ابن الجوزی له زاد المسير ده‌ڵێت ٣ وته‌وت هه‌یه سه‌باره‌ت به که‌سایه‌تی ئه‌و پیاوه:

یه‌که‌م: عوزه‌یر بووه، (على کوڕی ابي طالب و ابو العالية و عكرمة و سعيد بن جبير و ناجية بن كعب و قتادة و الضحاك و السدي و مقاتل).

دووه‌م: ئه‌رمیا بووه، (وهب و مجاهد و عبدالله بن عبيد بن عمير).

سێهه‌م: پیاوێکی کافر بوو که شکوگومانی له زیندوو بوونه‌وه هه‌بوو، (مجاهد).

موسڵمانان ١٤ سه‌ده‌یه له په‌رتووکی پیرۆز له عوزه‌یر ناوێك ده‌گه‌ڕێن و نایدۆزنه‌وه.

وه سه‌باره‌ت به ئیلیا هیچ چیرۆکێکی له‌م چه‌شنه له په‌یوه‌ست به ئیلیا له په‌رتووکی پیرۆزدا نییه.

وه ابن كثير ده‌ڵێت، ئه‌وه‌ی به‌ناوبانگه ئه‌وه‌یه که ئه‌م گونده بيت المقدس بووه، واته ئۆرشه‌لیم (قودس).

القرطبی له الجامع لاحكام القران ده‌ڵێت:

ابن مسعود له جیاتی {فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ}، ده‌یخوێنده‌وه: {وَهَذَا طَعَامُكَ وَشَرَابُكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ}

وه ده‌ڵێت کاتێك الله که‌ره‌که‌ی ڕێك خسته‌وه:

ثُمَّ جَاءَهُ مَلَكٌ فَنَفَخَ فِيهِ الرُّوحَ فَقَامَ الْحِمَارُ يَنْهَقُ

فریشتەیەك هات ڕۆحی فوو کردە ناو کەرەکە و کەرەکە هەڵسایەوە و دەستی بە زاڕاندن کرد.

# ئایەتی ٢٦٠

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەڵێت:

وە کە ئیبراهیم گوتی خوداکەم پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە گوتی: ئەوە باوەڕت نەهێناوە؟ گوتی بەڵێ بەڵام بۆ ئەوەی دڵم دڵنیا بێت، گوتی چوار باڵندە بگرە و ئاڕاستەیان لە خۆت بکە ئینجا لەسەر هەر چیایەك پارچەیەکیان دابنێ ئینجا بانگیان بکە، بۆ لات دێن، وە بزانە کە الله باڵادەستە و دانایە.

واتە:

{وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ}، وە کە ئیبراهیم گوتی خوداکەم، {أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ}، پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە، {قَالَ}، الله گوتی، {أَوَلَمْ تُؤْمِن}، ئەوە هێشتا باوەڕت نەهێناوە؟ {قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي}، ئیبراهیم گوتی بەڵێ باوەڕم هێناوە بە زیندووبوونەوە، بەڵام دەمەوێت دڵم دڵنیا بێت، {قَالَ}، الله گوتی، {فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ}، چوار باڵندە بگرە و ئاڕاستەیان بکە خۆت، {ثُمَّ اجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا}، ئینجا هەر پارچەیەکیان لەسەر چیایەك دابنێ، {ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا}، ئینجا بانگیان بکە بە ڕۆیشتن دێن بۆ لات، {وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}، وە بزانە کە الله باڵادەست و دانایە.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت ئیبراهیم کە بە باوکی پێغەمبەران دادەنرێت، شکوگومانی هەبووە لە زیندووبوونەوە، وەك ئایەتەکە دەڵێت:

رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي

ئیبراهیم گوتی: خوداکەم پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە، الله گوتی: ئەوە هێشتا باوەڕت بە زیندوو بوونەوە نەهێناوە؟ ئیبراهیم گوتی: بەڵێ هێناومە، بەڵام دەمەوێت دڵم دڵنیا بێت.

واتە دڵی ئیبراهیم هێشتا دڵنیا نییە، بە تایبەت کە ئیمان لە ڕێگای دڵەوەیە.

وە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

نَحْنُ أَحَقُّ بِالشَّكِّ مِنْ إِبْرَاهِيمَ إِذْ قَالَ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوْ لَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي

ئێمە شایستەترین لە ئیبراهیم کە شکوگومان بکەین کاتێك گوتی خوداکەم پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە، گوتی ئەوە هێشتا باوەڕت نەهێناوە؟ گوتی بەڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی دڵم دڵنیا بێت.

دووەم: الطبری لە جامع البیان، سەبارەت بە چوار باڵندەکە، {فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ} دەڵێت:

کەڵەشێر و تاوس و قەلەڕەشکە و کۆتر بوون.

وە دەڵێت: {فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ}، واتە ئاڕاستەی باڵندەکان لە خۆت بکە.

واتە: خوداوەندی عەرەب و ئیسلام بە ئیبراهیم دەڵێت: چوار باڵندە بگرە و ئاڕاستەیان لە خۆت بکە.

وە ئایاتەکە بە هیچ جۆرێك ناڵێت ئیبراهیم باڵندەکانی کوشتووە.

بەڵام الطبری دەڵێت واتە:

{فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ}، واتە چوار باڵندە بگرە و ئاڕاستەیان لە خۆت بکە. ئینجا دەڵێت، {ثُمَّ قَطِّعْهُنَّ}، ئینجا پارچەیان بکە لە ئایەتەکەدا نەهاتووە.

{ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءًا}، ئینجا هەر بەشێکیان بخەرە سەر چیایەك.

دەکرێت {جزء}، بە مانای هەر باڵندەیەك بێت.

به تایبەتی کە ئایەتەکە دەڵێت: {فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ}، ئاراستەیان بکە، {إِلَيْكَ}، واتە (لە خۆت). واتە ئەگەر {فَصُرْهُنَّ }، بە مانای پارچە پارچە کردن بهاتبایە، ئەوە پێویست بە {إِلَيْكَ}، (لە خۆت) نەدەبوو.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا

ئینجا بانگی باڵندەکان بکە و بە ڕۆیشتن دێن بۆ لات.

{سعيا}، واتە بە ڕۆیشتن.

باڵندە لەسەر چیا دەبێت بۆ لای ئیبراهیم بفڕێت، وە یان  بە ڕۆیشتن دێت؟

البغوی لە معالم التنزيل دەڵێت، {سَعْيًا} واتە ڕۆیشتن، نەك فڕین.

# ئایەتی ٢٦١ تا ٢٧٤

دوای ئەوەی نووسەری قورئان ڕۆحیەتی موسڵمانانی ئامادە کرد بۆ کوشت و کوشتار، وە جیهاد و شەڕکردنی لەسەریان واجب بکرد، ئەوە لەم ١٤ ئایەتەدا هانیان دەدات بۆ پارە و سامان بەخشین بۆ جیهادکردن لە پێناو الله.

هەڵبەتە جیهاد بە بێ پارە و سامان ناکرێت.

# ئایەتی ٢٦١

مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

نموونەی ئەوانەی سامانیان لە پێناو الله دەبەخشن، وەك نموونەی دانەوێڵەیەکە کە حەوت گوڵەگەنمی گرتووە، وە لەهەر گوڵە گەنمێکدا ١٠٠ دانەوێڵە هەیە، وە الله چەند جاری دەکات بۆ کەسێك کە خۆی دەیەوێت، وە الله دەستفراوان و زانایە.

ابن کثير لە تفسير القران العظيم دەڵێت:

ئەوە نموونەیە الله هێناویەتییەوە، پاداشتی ئەو کەسانە چەند جار دەکاتەوە کە لە پێناو الله دەبەخشن، وە الله لەبەرانبەر بە هەر چاکەیەك ١٠ بۆ ٧٠٠ پاداشت دەداتەوە.

ابن كثير ئەم (٧٠٠)یەی لە کوێ هێناوە؟ چونکە ئەم ئایەتە دەڵێت، دانەوێڵەیەك ٧ گوڵە گەنم دەگرێت، وە هەر گوڵە گەنمێك ١٠٠ دانەوێڵە دەگرێت، . ٧ کەڕەت ١٠٠ دەکاتە ٧٠٠.

وە ڕیوایەتێك لە صحيح مسلم و سنن النسائي و مسند احمد هاتووە، کە پیاوێك وشترێك دەبەخشێت لە پێناو ڕێبازی الله، محمد پێی دەڵێت:

لَتَأْتِيَنَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِسَبْعِمِائَةِ نَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ

لە ڕۆژی قیامەت ٧٠٠ وشترت پێ دەدرێت.

دیارە وشتریش لە بەهەشت هەیە.

وە ابن كثير دەڵێت ابن ابي حاتم، ئاماژەی بە ڕیوایەتێك کردووە، کە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ أَرْسَلَ بِنَفَقَةٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، وَأَقَامَ فِي بَيْتِهِ فَلَهُ بِكُلِّ دِرْهَمٍ سَبْعُمِائَةِ دِرْهَمٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ غَزَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، وَأَنْفَقَ فِي جِهَةِ ذَلِكَ فَلَهُ بِكُلِّ دِرْهَمٍ سَبْعُمِائَةِ أَلْفِ دِرْهَمٍ

هەر کەسێك ببەخشێت لە پێناو الله و لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە ئەوە لە بەرانبەر هەر درهەمێك کە بەخشیویەتی، لە ڕۆژی قیامەت ٧٠٠ درهەم وەردەگرێت، وە هەر کەسێك غەزا بکات و ببەخشێت ئەوە بۆ هەر درهەمێك ٧٠٠ هەزار درهەم وەردەگرێت لە ڕۆژی قیامەت.

# ئایەتی ٢٦٢

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی سامانیان لە پێناو الله دەبەخشن، ئینجا پیادەی هیچ منەتێك ناكەن و ئازارێك ناگەیەنن بۆ ئەوەی بەخشیویانە، ئەوانە پاداشتیان لای خوداكەیان دەبێت، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

الواحدی النیسابوری لە اسباب النزول دەڵێت:

ئەم ئایەتە لەسەر عوسمان كوڕی عەفان و عبدالرحمن كوڕی عەوف دابەزیووە. عبدالرحمن وەك سەدەقە چوار هەزار درهەمی دا بە پێغەمبەر و گوتی هەشتا هەزار درهەمم هەبوو، چوار هەزارم بۆ خۆم و منداڵەكانم دانا و چوار هەزار درهەم بە قەرز دەدەم بە الله.

بەڵام عوسمان سوپاكەی پێغەمبەری بۆ غەزووی تەبووك بە پارەی خۆی ئامادە كرد و هەزار وشتری بەخشی.

وە القرطبی لە الجامع لاحكام القران دەڵێت:

ابو سعید الخدری گوتوویەتی:

رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَافِعًا يَدَيْهِ يَدْعُو لِعُثْمَانَ يَقُولُ : يَا رَبِّ عُثْمَانَ إِنِّي رَضِيتُ عَنْ عُثْمَانَ فَارْضَ عَنْهُ فَمَا زَالَ يَدْعُو حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ فَنَزَلَتْ : الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَا أَنْفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى الْآيَةَ

پێغەمبەرم بینی دەستی بەرزكردبۆوە و نیزای بۆ عوسمان دەكرد و دەیگوت: ئەی خودای عوسمان من لە عوسمان ڕازیم و تۆش لێی ڕازی بە، پێغەمبەر بەردەوام نیزای دەكرد تاوەكو ڕۆژ هەڵات، جا ئەم ئایەتە دابەزی.

وە دەڵێت لە سنن النسائی، ڕیوایەتێك هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی:

ثَلَاثَةٌ لَا يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْعَاقُّ لِوَالِدَيْهِ وَالْمَرْأَةُ الْمُتَرَجِّلَةُ تَتَشَبَّهُ بِالرِّجَالِ وَالدَّيُّوثُ ، وَثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ الْعَاقُّ لِوَالِدَيْهِ وَالْمُدْمِنُ الْخَمْرَ وَالْمَنَّانُ بِمَا أَعْطَى

الله لە ڕۆژی قیامەت سەیری ٣ كەس ناكات: ئەوەی پێشێلی مافی دایك و باوكی كردووە، وە ژنێك كە جلی پیاوان دەپۆشێت بۆ ئەوەی لە پیاوان بچێت، وە گەواد. وە ٣ كەسە ناچنە بەهەشتەوە: ئەوەی پێشێلی مافی دایك و باوكی دەكات

و ئەوەی بە عەرەق ئاڵودە بووە، وە ئەوەی منەت دەکات بۆ ئەوەی بەخشیویەتی.

کەواتە: الله لە گۆڕەپانی مەحشەر سەیری گەواد ناکات، بەڵام گەواد دەچێتە بەهەشتەوە. جا چۆن ناچێت، خۆ بەهەشت شوێنێکی زۆر گونجاوە بۆ گەواد.

# ئایەتی ٢٦٣

قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَا أَذًى وَاللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ

دەڵێت:

وتەیەکی چاك و لێبووردەییەك چاکترە لە سەدەقەیەك کە ئازاردان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، وە الله دەوڵەمەندێکی نیانە.

واتە:

وتەیەکی چاك و لێبوردەییەك بۆ گوناهێك کە کەسێك بەرامبەرت دەکات، چاکترە لە سەدەقەیەك کە کەسێك دەیکات و بە سەدەقەکەی ئازاری خەڵك دەدات.

ئینجا دەقەکە دەڵێت: {اللَّهُ غَنِيٌّ} الله دەوڵەمەندە.

پرسیار: ئەگەر الله دەوڵەمەندە، ئەی چۆنە داوای قەرز دەکات؟ وەك لە ئایەتی ٢٤٥ ئەم سوورەتە دەڵێت:

مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا

کێیە ئەو کەسەی قەرزێکی باش بە الله دەدات؟

# ئایەتی ٢٦٤

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالْأَذَىٰ كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن بەخشینەکانتان پووچەڵ بکەنەوە بە منەت و ئازاردان، وەك ئەوەی کە بڕوای بە الله و ڕۆژی دوایی نییە و دەبەخشێت بۆ ئەوەی خەڵك ببینن، نموونەکەی وەك نموونەی بەردێکی لووسە کە خۆڵی لەسەر نیشتووە، جا کە بارانێکی بەخوڕ لێی دەدات، بە ڕووتی دەیهێڵێتەوە، ئەوانە توانایان بەسەر هیچ شتێکدا نییە لەوەی بەدەستیان هێناوە، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.

واتە:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، {لَا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالْأَذَىٰ}، نەکەن سەدەقە و بەخشینەکانتان بە منەت و ئازاردان پووچەڵ بکەنەوە، {كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ}، وەك ئەو کەسەی کە دەبەخشێت بۆ ئەوەی خەڵك ببینن، {وَلَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ}، وە باوەڕی بە الله و ڕۆژی دوایی نییە، {فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ}، نموونەی ئەو کەسە وەك بەردێکی لووس وایە، {فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا}، جا کاتێك بارانێکی لێزمە بەری دەکەوێت، بە ڕووتی جێیدەهێڵێت، {لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا}، ئەوانە توانایان بە سەر هیچ شتێك لەوانە نییە کە بەدەستیان هێناون، {وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ}، وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ}، واتە وەك کەسانێك کە بۆ ڕیاکاریی، بۆ ئەوەی خەڵک بیبینن کاتێك دەبەخشێت و سەدەقە دەکات بۆ ئەوەی خەڵك پێی هەڵبدەن و ستایشی بکەن و  بڵێن بە ڕاستی پیاوێکی چاکە.

قورئان هەندێك لە ڕێنماییەکانی یسوع المسیحی بە دەستکاریەوە، بەڵام بە هەمان ناوەڕۆکەوە وەرگرتووە، وەك لە ئینجیل مەتا (اصحاح ٦ ) هاتووە، المسیح گوتوویەتی:

{ئاگادار بن و نەکەن لەبەرچاوی خەڵك چاکە بکەن و ببەخشن بۆ ئەوەی بتانبینن ئەگینا لە لای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت، لەبەر ئەوە کاتێك خێرێك دەکەیەت، زوڕنای بۆ لێمەدە، هەروەك دووڕووان کە لە تەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە ستایش بکرێن، ڕاستیتان پێ

دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام تۆ کە خێرێك دەکەیت، مەهێڵە دەستی چەپت بزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات، تاکو خێرەکە بە نهێنی بێت، باوکیشت (خودا) کە هەموو نهێنییەك دەبینێت، پاداشت دەداتەوە}.

وە ڕیوایتێکیان بۆ محمد تاشیوە کە مەتنەکەی لەم وتەی المسیح وەرگیراوە، وە فەرموودەکەکە لە صحیح البخاری و صحیح مسلم و مسند احمد هاتووە، کە گوایە محمد صلعم گوتوویەتی، لە ڕۆژی قیامەت، الله پیاوێك دەخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە  کە خێرێك دەکات، ئینجا دەیشارێتەوە تاوەکو دەستی چەپەی نازانێت بەوەی دەیبەخشێت بە دەستی ڕاستەی:

وَرَجُلٌ تَصَدَّقُ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ

ئینجا خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، ئەوکەسە ڕیاکارانە بە تاتە بەردێکی لووس دەچووێنێت کە خۆڵی لەسەر نیشتووە، جا کاتێك ئاوێك یان بارانێك بەری دەکەوێت خۆڵەکە ڕادەماڵێت و بەردەکە بە ڕووتی دەمێنێتەوە.

فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا

جا نموونەی ئەو ڕیاکارە کافرانە وەك بەردێکی لووس وایە کە خۆڵی لەسەر نیشتووە، جا کاتێك بارانێکی بەخوڕ بەری دەکەوێت، بەردەکە بە ڕووتی دەمێنێتەوە.

واتە کاری ئەو کافر و موشریکە ڕیکارانە، لەگەڵ ئەوەش دەبەخشن بۆ ڕیاکاریی، بەڵام بەهۆی ئەوەی بڕوایان بە الله و محمد نییە، ئەوە وەك ئەو بەردە وایە کە کاتێك باران لێی دەدات، بەردەکە وەك ئەسڵی خۆی بەدیار دەکەوێت.

هەروەك ئایەتەکە دەڵێت:

لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا

تاوانیان بەسەر هیچ شتێك لەو کارو کردەوانەیان نییە کە بەدەستیان هێناوە و کردوویانە.

واتە: هیچ پاداشتێکیان نابێت لە ڕۆژی قیامەت، چونکە بۆ دونیا و ڕیاکاریی کردوویانە و بڕوایان بە الله و قیامەت نییە.

ئینجا دەڵێت:

وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ

وە الله هیدایەتی خەڵکانێکی کافر نادات.

# ئایەتی ٢٦٥

وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دەڵێت:

وە نموونەی ئەوانەی سامانیان دەبەخشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله و پابەندبوونیان پێیەوە لە خودی خۆیانەوە، وەك نموونەی باخی سەر بەرزاییەك وان کە بارانێك لێی داوە، جا کاتێك بەروبوومەکەی دەگات دووجار بۆتەوە، وە ئەگەر بارانێکی لێزمە بەری نەکەوێت ئەوە بارانێکی نم نم، وە الله ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن.

واتە:
{وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ}، وە ئەوانەی سامانیان دەبەخشن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله، {وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ}، وە لە ڕوانگەی بڕوابوونیان کە دەبێت پابەند بن بە بەخشین، {كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ}، وەك نموونەی باخی سەر بەرزاییەك وان، {أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ}، کە باران لێی دەدات جا کاتێك بەروبوومەکەی گەیشت، ئەوە دووجار دەبێتەوە و زیاد دەکات، {فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ}، وە ئەگەر بارانێکی لێزمە لێی نەدات ئەوە بارانێکی نم نم، {وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ}، وە الله ئەو کارانەتان دەبینێت کە دەیکەن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّه}، واتە ئەوانەی سامانیان لە پێناو الله دەبەخشن بۆ پشتیوانیکردن لە مجاهیدینەکان و ئەوانەی غەزوو لە پێناو الله  دەکەن، وە بۆ شتی دیکە بۆ بەدەستهێنای ڕەزامەندی الله.

{وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ}، وە وەك پابەندبوونێك لە خۆیانەوە کە دەبێت ببەخشن بە هۆی ملکەچبوونیان بۆ فەرمانەکانی الله.

وە دەڵێت سەبارەت بە وشەی {رَبْوَة- شوێنێکی بەرز}، ٣ خوێندنەوە هەیە:

گشت قورئانخوێنانی مەدینە و حیجاز و عیراق، دەیانخوێندەوە: {رُبْوَةٌ}، وە هەندێك قورئانخوێنانی شام و کوفە دەیانخوێندەوە: {رَبْوَةٌ}، وە ابن عباس دەیخوێندەوە: {رِبْوَةٌ}.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَآتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ

وەك بێستانی سەر گردێك وایە کە ئەگەر باران لێی بدات، ئەوە بەروبوومەکەی دوو قات زیاد دەکات، وە ئەگەر بارانێکی لێزمە لێی نەدات، ئەوە بارانێکی نم نم.

ئەوە نموونەی کەسانێکە کە دەبەخشن بۆ جیهاد و کوشتار.

## ئایەتی ٢٦٦

أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاءُ فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَاحْتَرَقَتْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ

دەڵێت:

ئایا کەسێکتان خۆزگە دەکات کە بێستانێکی لە دارخورما و ڕەزی ترێ هەبێت کە لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن و تیایدا لە هەموو بەروبوومێکی هەبێت؟ وە کاتێك تەمەنی گەورە بوو و منداڵەکانی بێهێز بوون، گەردەلولێك کە ئاگری تێدایە لێی بدات و بیسووتێنێت، بەم شێوەیە الله بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە.

واتە:

{أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ}، ئایا کەسێکتان خۆزگە دەکات کە بێستانێکی لە دارخورما و ترێ هەبێت؟ {تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ}، لە ژێر بێستانەکە چەندەها ڕووبار بڕۆن، {لَهُ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ}، وە لە ناو

بێستانەکە لە هەموو جۆرە میوە و بەروبوومێکی هەبێت، {وَأَصَابَهُ الْكِبَرُ وَلَهُ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَاءُ}، وە خاوەن بێستانەکە بە ساڵدا بچێت و گەورە بێت و منداڵەکانی بێهێز و لاواز بن، {فَأَصَابَهَا إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ}، جا گەردەلوولێك کە ئاگری تێدایە لە بێستانەکە بدات،{فَاحْتَرَقَتْ}، و بسووتێت، {كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ}، ئەها بەم شێوەیە الله بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرێك بکەنەوە.

وای لەم نموونەی الله.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ڕیوایەتێك لە صحيح البخاری هاتووە بۆ شرۆڤەی ئەم ئایەتە، عومەری کوڕی خەتاب لە خەڵکی پرسیوە کێ دەزانێت ئەم ئایەتە مانای چییە، کەس نازانێت و لە کۆتاییدا ابن عباس دەڵێت:

لِرَجُلٍ غَنِيٍّ يَعْمَلُ بِطَاعَةِ اللَّهِ . ثُمَّ بَعَثَ اللَّهُ لَهُ الشَّيْطَانَ فَعَمِلَ بِالْمَعَاصِي حَتَّى أَغْرَقَ أَعْمَالَهُ

نموونەی پیاوێکی دەوڵەمەندە کە کار دەکات و پابەند دەبێت بە ملکەچبوون بۆ الله، ئینجا الله شەیتانی بۆ دەنێرێت، پیاوەکە دەست دەکات بە کاری سەرپێچی تاوەکو نوقم دەبێت لە کاری خراپە.

هاهاها، الله شەیتان دەنێرێت.

ئەم ئایەتە دەڵێت:

ئەی موسڵمانان ئایا کەسێکتان خۆزگە دەکەن کە بێستانێکتان لە دارخورما و ڕەزی ترێ هەبێت کە چەندەها ڕووبار بە ناویدا بڕوات؟ وە لە هەموو میوەیەکی تێدا بێت، جا کاتێك چوویتە تەمەنەوە و منداڵەکانت بچووك بوون، گەردەلوولێکی ئاگراوی بێت و بیسووتێنێت؟

هەڵبەتە هیچ کەسێك ئارەزوو ناکات.

مەبەستی الله لەم نموونەیە چییە؟ نە مێرووله و نە هود هودی سلێمان، وە نە لوقمانی حەکیم لە مەبەستی ئەم نموونەیە ناگەن.

لەبەر ئەوە شرۆڤەکەران نازانن کە الله مەبەستی چییە.

ابن الجوزی له زاد المسير دەڵێت، ٣ وتەوت هەیە سەبارەت بەم ئایەتە:

یەکەم: ابن عباس گوتوویەتی: نموونەی کەسێکە کە کارەکانی بە خراپە کۆتایی پێ دێنێت.

دووەم: مجاهید گوتوویەتی: کەسێکە کە زیادەڕۆیی کردووە لە پابەندبوون و ملکەچبوون بۆ الله تاوەکو دەمرێت.

سێهەم: السدی گوتوویەتی: نموونەی کەسێکی ڕیاکارە.

ئەوەی سەیرە لە کۆتایی ئایەتەکە نووسەری قورئان دەڵێت:

كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ

بەم جۆرە الله ئایەتەکانی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی تێبگەن!

لە چی تێبگەن؟

## ئایەتی ٢٦٧

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلَّا أَن تُغْمِضُوا فِيهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەو شتە نایابانە ببەخشن کە بەدەستتان هێناوە، وە ئەوەی بۆ ئێوە لە زەوی هێناومانەتە دەرەوە، وە نەکەن پیسەکان ببەخشن کە بۆ خۆشتان قبووڵتان نییە مەگەر چاوتان لێی بنووقێنن، وە بزانن کە الله دەوڵەمەندی شایستە بە سوپاسە.

واتە:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، {أَنفِقُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ}، لەو شتە نایابانە ببەخشن کە بەدەستتان هێناوە، {وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الْأَرْضِ}، وە ئەوەی بۆ ئێوەمان لە زەویدا هێناوەتە دەرەوە، {وَلَا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ}، وە نەکەن خراپەکانی ببەخشن، {وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلَّا أَن

تُغْمِضُوا فِيهِ}، له کاتێکدا بۆ خۆشتان قبووڵتان نییە مەگەر چاوی لێ بنووقێنن، {وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ}، وە بزانن کە الله دەوڵەمەندە شایستە بە سوپاسە.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ}، دەڵێت، واتە ئەوەی بە بازرگانی وەك زیو و زێڕ بەدەستتان هێناوە.

{وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الأَرْضِ}، واتە بەروبوومی کشتوکاڵی و ڕوەکی، وەك خورما و ترێ و گەنم و جۆ.

{وَلا تَيَمَّمُوا الْخَبِيثَ تُنْفِقُونَ}، واتە بە شێوەیەکی مەبەستدارانە نەکەن شتی خراپ ببەخشن و بیکەن بە سەدەقە، بەڵکو شتی نایاب و چاك ببەخشن و بیکەن بە سەدەقە.

{وَلَسْتُمْ بِآخِذِيهِ إِلا أَنْ تُغْمِضُوا فِيهِ}، وە بۆ خودی خۆتان شتی خراپتان قبووڵ نییە مەگەر چاوەکانتان لێی وەدە کەواتە چۆن شتی خراپ دەبەخشن و دەیکەن بە سەدەقە.

وە الطبری دەڵێت، ئەم ئایەتە تایبەتە بە زەکات، وە الله فەرمان دەکات کە شتی چاك و نایاب بکەن بە زەکات.

## ئایەتی ٢٦٨

الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ

دەڵێت:

شەیتان بەڵێنی هەژاریتان پێ دەدات و فەرمانتان پێ دەکات بە کاری خراپە، وە الله بەڵێنتان پێ دەدات کە لە لایەن خۆیەوە بتانبوورێت و چاکەتان پێ بدات، وە الله فراوان و ئاگادارە.

واتە:

شەیتان بەڵێنی هەژاریتان پێ دەدات وە فەرمانتان پێ دەکات کە کاری خراپە (زینا) بکەن، بەڵام الله لە لایەن خۆیەوە لە گوناهەکانتان دەبورێت و چاکەتان پێ دەبەخشێت.

واتە:

{الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ}، شەیتان پێتان دەڵێت نەکەن ببەخشن و سەدەقە بکەن، چونکە هەژار دەبن، {وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاءِ}، وە فەرمانتان پێ دەکات کە سەرپێچی فەرمانەکانی الله بکەن و نەبەخشن بۆ جیهاد لە پێناو الله.

وەك الطبری لە جامع البیان دەڵێت: شەیتان پێتان دەڵێت نەکەن ببەخشن و سەدەقە بکەن، چونکە هەژار دەبن، وە فەرمانتان پێ دەکات کە سەرپێچی فەرمانەکانی الله بکەن.

{وَاللَّهُ يَعِدُكُم مَّغْفِرَةً مِّنْهُ وَفَضْلًا}، بەڵام الله لە ڕێگای بەخشین و سەدەقەکانتانەوە لە گوناهەکانتان دەبوورێت و چاکەتان پێ دەبەخشێت.

الطبری دەڵێت، واتە:

لە ڕێگای بەخشین و سەدەقە، الله لە گوناهەکانتان دەبوورێت، وە ڕزقتان پێ دەدات.

## ئایەتی ٢٦٩

يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ

دەڵێت:

ژیرمەندی دەدات بە کەسێك کە خۆی دەیەوێت، وە هەر کەسێك ژیرمەندی پێ بدرێت ئەوە خێرێکی زۆری پێی دراوە، وە هیچ کەسێك یادناکاتەوە تەنها خاوەن هۆشەکان نەبن.

واتە:

الله حیكمەت بە كەسێك دەدات كە الله هەر خۆی دەیەوێت، وە هەر كەسێك حیكمەتی پێ بدرێت، ئەوە خێرێكی زۆری پێ دراوە، وە هیچ كەسێك یادی الله ناكاتەوە تەنها كەسانێكی خاوەن هۆش نەبن.

واتە: موسڵمانان خاوەن حیكمەتن و حیكمەتیان پێ دراوە.

ابن كثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی {يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ}، واتە:

كەسێك كە شارەزایی و مەعریفەتی هەیە بە قورئان، لە ناسخ و مەنسوخ و موحكەم و لەیەكچوو، پێشەوە و دواوە، حەڵاڵ و حەرام و هاوچەشنیان.

وە ابن مسعود دەڵێت، سەرەتای حیكمەت ئەوەیە كە لە الله بترسیت.

وە دەڵێت لە ڕیوایەتێكی صحیح هاتووە، كە محمد صلعم گوتوویەتی:

مَنْ حَفِظَ الْقُرْآنَ فَقَدْ أُدْرِجَتِ النُّبُوَّةُ بَيْنَ كَتِفَيْهِ غَيْرَ أَنَّهُ لَا يُوحَى إِلَيْهِ

هەر كەسێك قورئان لەبەر بكات، ئەوە پێغەمبەرایەتی بۆ نێوان شانەكانی دابەزیووە، بەڵام وەحی بۆ نایەت.

## ئایەتی ٢٧٠

وَمَا أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ

دەڵێت:

وە هەر خەرجێك ببەخشن یان نەزرێك بكەن ئەوە الله پێی دەزانێت، وە بۆ ستەمكاران پشتیوانێك نییە.

واتە:

هەر خەرجێك بكەیت لە پێناو الله، یان بیكەیت بە سەدەقە و خێر، ئەوە الله پێی دەزانێت، وە هەر نەزرێك لەبەرچاو بگریت، ئەوە الله پێی دەزانێت، وە كافرەكان پشتیوانێكیان نییە.

نەزركردن داب و نەریتێكی عەرەب بوو لەسەردەمی جاهیلی، وەك لە صحیح البخاری لە بابی (إِذَا نَذَرَ أَوْ حَلَفَ أَنْ لَا يُكَلِّمَ إِنْسَانًا فِي الْجَاهِلِيَّةِ ثُمَّ أَسْلَمَ)، واتە

(ئەگەر کەسێك نەزرێکی کرد، یان سوێندێکی خوارد لە سەردەمی جاهیلی کە نابێت قسە لەگەڵ کەسێك بکات، ئینجا بوو بە ئیسلام)، ڕیوایەتێك هاتووە کە عومەری کوڕی خەتاب بە محمد صلعم دەڵێت:

إِنِّي نَذَرْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ أَنْ أَعْتَكِفَ لَيْلَةً فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ قَالَ أَوْفِ بِنَذْرِكَ

لە ڕاستیدا لە جاهیلیەت نەزرم کرد کە شەوێك لە کەعبەدا مت بم، گوتی پابەندی نەزرەکەت بە.

## ئایەتی ٢٧١

إِن تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

دەڵێت:

ئەگەر خێر و سەدەقەتان ئاشکرا کرد ئەوە شتێکی چاکە، وە ئەگەر شاردتانەوە و داتان بە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە چاکترە و لە گوناهەکانتان پاکتان دەکاتەوە، وە الله ئاگادارە بەو کارانەی دەیکەن.

واتە:

{إِن تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ}، ئەگەر بە ئاشکرا سەدەقەتان کرد، {فَنِعِمَّا هِيَ}، ئەوە شتێکی چاکە، {وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ}، وە ئەگەر بیشارنەوە و بیدەنە هەژاران، {فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ}، چاکە بۆ ئێوە و لە گوناهەکانتان پاکتان دەکاتەوە، {وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ}، وە الله ئاگادارە بەو کارانەی کە دەیکەن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی:

الله پاداشتی خێر و سەدەقەیەکی نهێنی کردووە بە ٧٠ پاداشت، وە پاداشتی خێر و سەدەقەی ئاشکرای کردووە بە ٢٥ پاداشت.

وە دەڵێت کۆمەڵێك لە شرۆڤەکاران دەڵێن، ئەم ئایەتە پەیوەستە بە سەدەقەیەك کە خۆبەخشانە دەیکەت، وە تایبەت نییە بە زەکات.

وە الحسن گوتوویەتی: بۆ زەکات ئاشکراکردن چاکترە، بەڵام بۆ خێر شاردنەوەی چاکترە.

وە دەڵێت الطبری گوتوویەتی: خەڵك کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەوەی لە ئیسلامدا واجبە باشتر و چاکترە کە دەریبخەیت و ئاشکرای بکەیت.

وە دەڵێت النحاس گوتوویەتی، ئەم ئایەتە نەسخ بووە بە ئایەتی ٢٧٤ی ئەم سوورەتە کە دەڵێت:

الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً

ئەوانەی سامانیان بە نهێنی و ئاشکرا بە شەو و ڕۆژ دەبەخشن.

وە القرطبی، سەبارەت بە وشەی {فَنِعِمَّا}، دەڵێت، چەند خوێندنەوەیەك هەیە:

أَبُو عَمْرٍو وَنَافِعٌ، بە ڕیوایەتی وَرْشٍ، وَعَاصِمٌ، بە ڕیوایەتی حَفْصٍ، وَابْنِ كَثِيرٍ دەیانخوێندەوە: {فَنِعِمَّا}.

أَبِي بَكْرٍ وَالْمُفَضَّلِ، دەیانخوێندەوە: {فَنِعْمَا}.

الْأَعْمَشُ وَابْنُ عَامِرٍ وَحَمْزَةُ وَالْكِسَائِيُّ، دەیانخوێنەوە: {فَنَعِمَّا}.

وە هەروەها سەبارەت بە وشەی {يُكَفِّرُ}، چەند خوێندنەوەیەکی جیا هەبووە وەك:

{نُكَفِّرُ} و {يُكَفِّرَ} و {تُكَفِّرْ} و {تُكَفَّرْ} و {تُكَفِّرُ}.

## ئایەتی ٢٧٢

لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ

خوداوەندی عەرەب و ئیسلام، بە محمد دەڵێت:

لەسەر تۆ نییە هیدایەتیان بەڵکو الله کەسێك هیدایەت دەدات کە خۆی بیەوێت، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە بۆ خودی خۆیانە، وە نابەخشن تەنها بۆ ڕازیکردنی سیمای الله نەبێت، وە لە هەر خێرێك بکەن ئەوە پاداشت دەدرێنەوە، وە ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت.

واته:

{لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ}، ئەی محمد هیدایەتیان لەسەر تۆ نییە، {وَلَـٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ}، بەڵكو اللە کەسێك هیدایەت دەدات کە اللە هەر خۆی بیەوێت، {وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ}، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە بۆ خودی خۆتانە، {وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ}، وە نابەخشن تەنها بۆ ڕازیکردنی سیمای اللە نەبێت، {وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ}، وە هەر شتێك ببەخشن، ئەوە پاداشت دەکرێنەوە، {وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ}، وە ئێوە ستەمتان لێ ناکرێت.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

موسڵمانان خێریان دەکرد بە هەژارەکانی ئەهلی ذمة، (مەسیحی و یەهوودی)، جا کاتێك هەژار لە ناو موسڵمانان زۆر بوون، پێغەمبەر گوتی تەنها خێر بکەن بە موسڵمانان.

وە دەڵێت الطبری گوتوویەتی: پێغەمبەر ڕێگری دەکرد کە خێر بکرێت بە غەیرە موسڵمانان بۆ ئەوەی ناچار بن ببن بە ئیسلام، ئەوە بوو ئەم ئایەتە دابەزی.

وە دەڵێت محمد صلعم گوتوویەتی:

أُمِرْتُ أَنْ آخُذَ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِكُمْ وَأَرُدَّهَا فِي فُقَرَائِكُمْ

فەرمانم پێکراوە کە سەدەقە لە دەوڵەمەندەکانتان وەربگرم و بیدەم بە هەژارەکان.

وە دەڵێت لەبەر ئەوە نابێت بدرێت بە هەژارانی غەیرە موسڵمان.

# ئایەتی ٢٧٣

لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ

دەڵێت:

بۆ ئەو هەژارانەیە کە دابڕاون لە پێناو اللە و ناتوانن بە خاکەکەدا بگەڕێن، وە نەفام وادەزانێت کە دەوڵەمەندن بە هۆی شەرمیان لە سیمایانەوە دەیانناسیتەوە، وە بەهۆی حیفەتەوە (ڕووگیریی) داوا لە خەڵك ناکەن، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە اللە بەو شتە دەزانێت.

واتە:

{لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ}، سەدەقە بۆ ئەو هەژارانەیە کە سنووردار کراون لە پێناو اللە، {لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ}، وە ناتوانن لە خاکەکە بگەڕێن، بۆ بەدەستهێنانی بژێویان، {يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ}، وە نەفامەکان وادەزانن کە دەوڵەمەندن، {مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ}، بە هۆی شەرمەوە بە سیمایان دەیانناسیتەوە، {لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا}، بە هۆی حیفەتەوە داوا لە خەڵك ناکەن، {وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ}، وە هەر شتێك ببەخشن ئەوە اللە پێی دەزانێت.

واتە:

پارەی سەدەقە و زەکات تەنها بۆ ئەو هەژارانەیە کە بە هۆی جیهادیان لە پێناو اللە ناتوانن بە خاکەکەدا بگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی بژێویان، خەڵکی نەفام پێیان وایە ئەوانە دەوڵەمەندن، بەڵام ئەوانە شەرم لە سیماکانیان بەدی دەکرێت، وە بە هۆی حیفەتەوە داوای سەدەقە و خێر لە خەڵك ناکەن.

من پێم وایە وشەی {إِلْحَافًا}، هەڵەیە، چونکە بە مانای خۆ پێچانەوە دێت، بۆ نموونە کاتێك خۆت لە بەتانیەك دەپێچیتەوە و لوول دەدەیت.

وە ابن منظور لە لسان العرب دەڵێت:

وَالْإِلْحَافُ : شِدَّةُ الْإِلْحَاحِ فِي الْمَسْأَلَةِ

{الالحاف}، ئەو پەڕ پێداگری لە بابەتێك.

دەبێت ئەم وشەیە {حَفًّا}، یان {حفافا} بێت، کە بە مانای حیفەت و کەرامەت دێت.

واتە بە هۆی ئەوەی حیفەتیان هەیە داوای یارمەتی لە خەڵك ناکەن.

وەك ابن منظور لە لسان العرب سەبارەت بە وشەی (حف) دەڵێت:

وَالْحَفَّةُ: الْكَرَامَةُ التَّامَّةُ

{الحفة} واتە کەرامەتی تەواو.

# ئایەتی ٢٧٤

الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی سامانیان بە شەو و ڕۆژ بە نهێنی و ئاشکرا دەبەخشن، پاداشتیان لای خوداکەیان هەیە، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە با دڵتەنگ بن.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران و ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم و الواحدی لە اسباب النزول دەڵێن، ابن عباس گوتوویەتی:

ئەم ئایەتە لەسەر علی کوڕی ابي طالب دابەزی، چوار درهەمی هەبوو، درەهەمێکی بە شەو و درهەمێکی بە ڕۆژ و درهەمێکی بە نهێنی و درهەمێکی بە ئاشکرا کرد بە سەدەقە.

# ئایەتی ٢٧٥

الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىٰ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی سوو دەخۆن هەڵناستنەوە تەنها وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێت، چونکە ئەوانە دەیانگوت: لە ڕاستیدا کڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە، (چۆن دەبێت) الله کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردبێت و سووی حەرام کردبێت؟ جا هەر کەسێك ڕاسپاردەی لە لایەن خوداکەیەوە پێ گەیشت

ئەوە کۆتایی پێی دەهێنێت، وە ئەوەی ڕابوورد بۆ خۆیەتی و لێپرسینەوەی بۆ اللەیە، وە هەر کەسێك بۆی بگەڕێتەوە ئەوە لە یاوەرانی دۆزەخ دەبێت و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

واتە:

{الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا}، ئەوانەی سوو دەخۆن، {لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ}، هەڵناستێتەوە تەنها وەك كەسێك نەبێت كە شەیتان دەستی لێ دەوەشێنێت، {ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا}، چونكە گوتیان لە ڕاستیدا كڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە، {وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}، وە الله كڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ كردووە و سووی حەرام كردووە؟ {فَمَن جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىٰ}، جا هەر كەسێك ڕاسپاردەی لە لایەن خوداكەیەوە پێ گەیشت، ئەوە كۆتایی پێ دێنێت، {فَلَهُ مَا سَلَفَ}، ئەوەی ڕابوورد بۆ خۆیەتی، {وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ}، وە لێپرسینەوەی بۆ اللەیە، {وَمَنْ عَادَ}، وە هەر كەسێك بۆ سوو بگەڕێتەوە، {فَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ}، ئەوانە یاوەرانی دۆزەخ و بۆ هەمیشە تیایدا دەمێننەوە.

تێبینی و سەرنج:

{الرِّبَا- سوو}، واتە پارە بە قەرز دەدەیت، بەڵام قازانج وەردەگریت. وەك ئایەتی ١٣٠ سوورەتی ال عمران دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، نەكەن سوو بە چەند قات مەخۆن.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

ئەوانەی سوو دەخۆن لە دونیا، ئەوە لە ڕۆژی قیامەت لە گۆڕەكانیانەوە هەڵناستنەوە، تەنها وەك كەسێك نەبێت كە شەیتان لە دونیا دەستی لێی وەشاندووە و شێتی كردووە.

ئینجا ئایەتەكە دەڵێت:

ئەوانەی كاری سوود دەكەن دەیانگوت: {إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا}، لە ڕاستیدا كڕین و فرۆشتن وەك سوو وایە.

ئینجا ئایەتەکە دەڵێت:

وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا

ئەم بڕگەیە کە دەڵێت:

وە الله کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووی حەرام کردووە.

قسەی کێیە، قسەی اللهیە، یان قسەی ئەو کەسانەیە کە کاری سوویان کردووە؟

من پێم وایە ئەوە وتەی ئەو کەسانەیە کە کاری سوویان کردووە، چونکە و {حَرَّمَ}، واتە حەرامی کردووە، لە یەك سورەتی پێش سوورەتی البقرة سوو حەرام نەکراوە.

ئینجا دەڵێت:

فَمَن جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَىٰ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُولَـٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

جا هەر کەسێك ڕاسپاردەیەکی لە لایەن خوداکەیەوە بۆ هات و کۆتایی پێ هێنا، ئەوە ئەوەی ڕابوورد بۆ خۆیەتی و لێپرسینەوەی بۆ اللهیە، وە هەر کەسێك بگەڕێتەوە سەری ئەوە لە یاوەرانی دۆزەخ دەبێت و هەمیشە تیایدا دەمێنێتەوە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن مسعود، دەیخوێندەوە: {لَا يَقُومُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَّا كَمَا يَقُومُ}، لە ڕۆژی قیامەت هەڵناستنەوە تەنها وەك کەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێی وەشاندووە.

وە القرطبی دەڵێت:

فِي هَذِهِ الْآيَةِ دَلِيلٌ عَلَى فَسَادِ إِنْكَارِ مَنْ أَنْكَرَ الصَّرْعَ مِنْ جِهَةِ الْجِنِّ

لەم ئایەتەدا بەڵگە هەیە بۆ ئەوانەی کە نکۆڵی دەکەن لە تێکچوونی مرۆڤ بە جنۆکە و شەیتانەکانەوە.

وە دەڵێت پێغەمبەر نیزای دەکرد و دەیگوت الله:

وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ

پەناگە دەبەم بۆ تۆ لەوە شەیتان لە سەرە مەرگمدا دەستم لێ بوەشێنێت.

نووسەری قورئان بە حەرامکردنی سوو هەوڵی داوە لێدانێکی کوشندە لە ئابووری جووەکانی مەدینە بدات، چونکە جووەکان دەوڵەمەند بوون و دیارە پارەیان بە سوو داوە بە خەڵك، وەك ئایەتی ١٦١ سوورەتی النساء دەڵێت:

وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ

وە جووەکان کە سوو وەردەگرن لە کاتێکدا لێیان قەدەغە کراوە کە ئەم کارە بکەن.

واتە لە تەورات قەدەغە کراوە.

ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەکات کە لە سنن ابن ماجة هاتووە، محمد صلعم گوتوویەتی :

أَتَيْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي عَلَى قَوْمٍ بُطُونُهُمْ كَالْبُيُوتِ ، فِيهَا الْحَيَّاتُ تُرَى مِنْ خَارِجِ بُطُونِهِمْ . فَقُلْتُ : مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ ؟ قَالَ : هَؤُلَاءِ أَكَلَةُ الرِّبَا

لەو شەوەی شەوڕەویم پێکرا بەلای خەڵکانێکدا هاتم کە سکیان وەك ماڵ وابوو، مار لە سکیان بوو کە لە دەرەوە دەبینرا، گوتم ئەوانە کێن ئەی جبرایل؟ گوتی ئەو کەسانەن کە سوویان خواردووە.

پرسیار:

ئەگەر ئەم ئایەتە سووی حەرام کردبێت، ئەی ئایەتی ١٣٠ سوورەتی ال عمران مانای چییە کە دەڵێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَأْكُلُوا الرِّبَا أَضْعَافًا مُضَاعَفَةً

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن چەند قات سوو بخۆن.

واتە سوو بخۆن، بەڵام چەند قات نەبێت.

وە بۆ ئاگاداریی، سوورەتی البقرة، یەکەم سوورەتە لە مەدینە دابەزیووە، وە سوورەتی ال عمران ٢ ساڵ دواتر دابەزیووە.

# ئایەتی ٢٧٦

يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ

دەڵێت:

الله سوو لەناودەبات و سەدەقە برەو پێ دەدات، وە الله هەموو کافرێکی گوناهباری خۆش ناوێت.

واتە:

الله سوو لەناودەبات و گەشە بە سەدەقە دەدات.

ئایا ئەوە ڕاستە؟ هەرگیز، تەنانەت لە ئێستادا هیچ وڵاتێکی ئیسلامی نییە کە ئابووریەکەی لەسەر بنەمای سوو نەبێت، تەنانەت بەوانەش کە گوایە بانکی ئیسلامیان هەیە، بانکی ئیسلامی سووی تێدایە، بەڵام بە فرتوفێڵی شەرعی.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران، دەڵێت واتە:

الله سوو لە ناو دەبات و خێر و بەرەکەتی ناهێڵیت، وە خێر و بەرەکەتی سەدەقە زیاد دەکات، وە پاداشتەکەی زۆر دەکات.

# ئایەتی ٢٧٧

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ

دەڵێت:

ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و نوێژیان کردووە و زەکاتیان داوە پاداشتیان لای خوداکەیانەوە دەبێت، وە نە ترسیان لەسەرە، وە نە دڵتەنگ دەبن.

واتە: ئەوانەی ئیمانیان بە الله و محمد هێناوە و کاری چاکیان کردووە، وە پابەندی نوێژ کردنن و زەکات دەدەن، لای خوداکەیان پاداشتیان دەبێت کە بەهەشتە، وە نە ترسی ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخیان لەسەرەوە وە نە با دڵتەنگ بن.

الطبری له جامع البیان دەڵێت، {وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ}، واته با خەمی ئەوەیان نەبێت که له دونیا له دوای خۆیان جێیان هێشتووه.

# ئایەتی ٢٧٨

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه له الله بترسن، وه دەستبەرداری ئەو سووه بن که له لاتان ماوه ئەگەر ئێوه ئیماندارن.

واته:

ئەگەر سووتان لا ماوه و کەسێك دەبێت پێتان بدات، ئەوه دەستبەرداری بن ئەگەر به ڕاستی ئیماندارن

وه الطبری له جامع البیان دەڵێت، ئەم ئایەته سەبارەت به خەڵکانێکی موسڵمان دابەزی که سوویان له خەڵك وەردەگرت.

# ئایەتی ٢٧٩

فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ

دەڵێت:

ئەگەر ئەم کاره نەکەن ئەوه جەنگێکتان لەگەڵ الله و پێغەمبەرەکەی ڕاگەیاندووه، وه ئەگەر تۆبەتان کرد، ئەوه پارەکەتان وەربگرنەوه، نه ستەم بکەن و نه ستەمتان لێ دەکرێت.

واته:

ئەگەر بەردەوام بن له سەر کاری سوو، ئەوه جەنگتان لەگەڵ الله و محمد ڕاگەیاندووه، بەڵام ئەگەر دەستبەرداری بن و تۆبەتان کرد، ئەوه پارەکەتان لەو خەڵکه وەربگرنەوه که پارەتان به سوو پێیان داوه، بەم شێوەیه نه ئێوه ستەم دەکەن، وه نه ستەمتان لێ دەکرێت.

# ئایەتی ٢٨٠

وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ

دەڵێت:

وە ئەگەر نەبوون بوو، ئەوە چاوڕوان بکات تاوەکو دەیبێت، وە ئەگەر بیکەن بە سەدەقە چاکترە بۆ ئێوە، ئەگەر ئێوە بزانن.

واتە:

ئەگەر ئەو کەسەی قەرزارە و نەیبوو، ئەوە خاوەن قەرزەکە با چاوەڕێ بکات تاوەکو قەرزارەکە دەیبێت، خۆ ئەگەر قەرزەکە بکات بە سەدەقە و لێی وەرنەگرێتەوە چاکترە.

# ئایەتی ٢٨١

وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ

دەڵێت:

وە لە ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای الله دەگەڕێنەوە، ئینجا هەموو خودێك بەوەی بەدەستی هێناوە پاداشت دەکرێتەوە، وە ستەمیان لێ ناکرێت.

واتە:

لە قیامەت بترسن، لە قیامەت بۆ لای الله دەگەڕێنەوە بۆ لێپرسینەوە، وە هەر کەسێك بە گوێرەی کردەوەکانی پاداشت دەکرێتەوە، وە هیچ کەسێك ستەمی لێ ناکرێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت، ابن عباس گوتوویەتی، ئەم ئایەتە دوا ئایەتە لە قورئاندا بۆ پێغەمبەر دابەزیووە.

القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

ابن جریج گوتوویەتی: ئەم ئایەتە نۆ شەو بەر لە مردنی پێغەمبەر دابەزیووە، وە دوای ئەم ئایەتە هیچ ئایەتێك دانەبەزی. بەڵام ابن جبیر و مقاتل گوتوویانە بە ٧ شەو بەر لە مردنی پێغەمبەر دابەزیوە.

# ئایەتی ٢٨٢

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإِن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا وَلَا تَسْأَمُوا أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

دەڵێت:

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەرگرت، ئەوە بینووسن، وە با نووسەرێك بە ڕەوایی بینووسێت، وە نووسەرەکە سەرپێچی نەکات، وە با بەم شێوەیە بنووسێت کە الله فێری کردووە، جا با بنووسێت و پێی بڵێت ئەوەی کە مافەکەی لەسەرە، وە با لە خوداکەی الله بترسێت، وە هیچ ساختەیەکی تیادا نەکات، جا ئەگەر ئەوەی مافەکەی لەسەرە نەزان، یان لاواز بوو، یان نەیدەزانی پێی بڵێت ئەوە با بەرپرسەکەی بە ڕەوایی پێی بڵێت، وە دوو لە پیاوەکانتان بکەن بە شایەت، ئەگەر دوو پیاو نەبوون، ئەوە پیاوێك و دوو ژن، ئەوانەی بە شایەتیان ڕازین، بۆ ئەوەی ئەگەر ژنێکیان لە بیری کرد ئەوە تر بە بیری بهێنێتەوە، وە شایەتەکان نابێت ڕەت بکەنەوە کاتێك بانگ کران، وە نەکەن فەرامۆشی نووسینی بچووك یان گەورە بکەن بۆ کاتی دیاریکراوی خۆی، ئەوەیان لای الله ڕەواترە، وە گونجاوترە بۆ شایەتی، وە کەمترین شتە کە بیکەن بۆ ئەوەی دوودڵ نەبن، مەگەر کاتێك نەبێت کە بازرگانیەکی دەستاودەست دەکەن لە نێوان خۆتاندا، ئەوە گوناهتان ناگات ئەگەر نەینووسن، وە شایەت بگرن کاتێ کڕین و فرۆشتنتان کرد، وە نابێت نە نووسەر، وە نە شایەت ئازار بدرێن، ئەگەر وابکەن ئەوە خراپەکاریتان کردووە، وە لە الله بترسن، وە الله فێرتان دەکات، وە الله بە هەموو شتێك دەزانێت.

واتە:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا}، ئەی ئیمانداران، {إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى}، ئەگەر قەرزێكتان وەرگرت بۆ كاتێكی دیاریكراو، {فَاكْتُبُوهُ}، ئەوە بینووسن، {وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ}، وە با نووسەرێك بە ڕەوایی لە نێوانتان بنووسێت، {وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ}، وە نابێت نووسەرەكە سەرپێچی بكات، {أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ}، لە نووسینی ئەوەی الله فێری كردووە، {فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ}، با بنووسێت و ئەوەی مافەكەی لەسەرە پێی بڵێت چۆن بنووسێت، {وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا}، وە با لە خوداكەی الله بترسێت و لە هیچ شتێكدا ساختە نەكات، {فَإِن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ}، جا ئەگەر ئەوەی مافەكەی لەسەرە نەزان بوو، یان لاواز بوو، یان نەیدەتوانی كە پێی بڵێت چۆن بنووسێت، {فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ}، ئەوە با ئەو كەسە پێی بڵێت كە چۆن بنووسێت كە بەرپرسیەتی، {وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ}، وە دوو لە پیاوەكانتان بكەن بە شایەت، {فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ}، ئەگەر دوو پیاو دەست نەكەوت، ئەوە پیاوێك و دوو ژن لەوانەی بە شایەتیان ڕازین، {أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ}، بۆ ئەوەی ئەگەر یەكێك لە ژنەكان لە بیری كرد ئەوەی تریان بە بیری بهێنێتەوە، {وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا}، وە شایەتەكان نابێت ڕەت بكەنەوە كاتێك بانگ كران، {وَلَا تَسْأَمُوا أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ}، وە فەرامۆش مەكەن كە بچووك، یان گەورە بنووسن بۆ كاتی دیاریكراوی خۆی، {ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ}، ئەوەیان ڕەواترە لای الله، وە گونجاوترە بۆ شایەتی، {وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا}، وە كەمترین شتە كە بیكەن بۆ ئەوەی دوودڵ نەبن، {إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا}، مەگەر بازرگانیەكی دەستبەجێ بێت لە نێوان خۆتاندا، ئەوە گوناهتان ناگات ئەگەر نەنووسن، {وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ}، وە شایەتی وەربگرن كاتێك كڕین و فرۆشتنتان كرد، {وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ}، وە نە نووسەر، وە نە شایەت نابێت زیانیان پێ بگەیەنرێت، {وَإِن تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ}، وە ئەگەر ئەم كارە بكەن، ئەوە خراپەكاریەكە لە خۆتان، {وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ}، وە لە الله بترسن و الله خۆی فێرتان دەكات، {وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}، وە الله بە هەموو شتێك ئاگادارە.

ئەم ئایەتە درێژترین ئایەتی قورئانە.

ئایەتەکە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە و خۆی شرۆڤەی خۆی کردووە، کە دەڵێت ئەگەر بارزگانیەکتان کرد یان قەرزتان لەیەکتر وەرگرت، ئەوە بینووسن، وە ئەو کەسەی کە کۆنتراکتەکە دەنووسێت دەبێت کەسێك بێت بە ڕەوایی کۆنتراکتەکە بنووسێت و نابێت ساختە بکات. وە دەبێت دوو شایەت لە نێواندا هەبێت. وە ئەگەر کەسێك دەبەنگ و نەزان بوو ئەوە دەبێت کەسێکی بەرپرسی ئامادە بێت.

سەبارەت بە شایەتەکان: دەبێت دوو پیاوی موسڵمان بن، چونکە ئایەتەکە دەڵێت: {وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ}، دوو لە پیاوەکانتان بکەنە شایەت.

پیاوەکانتان، واتە پیاوانی موسڵمان.

وە ئەگەر دوو پیاو دەست نەکەوت، ئەوە پیاوێك و دوو ژن. وە دەڵێت دوو ژن بۆ ئەوەی ئەگەر ژنێك لە بیری کرد، ئەوە ژنەکەی تر بە بیری بهێنێتەوە.

وەك ابن کثیر لە تفسیر القران العظیم دەڵێت، چونکە ژنان کەم ئەقڵن، وە محمد صلعم لە ڕیوایتێك کە لە صحیح مسلم هاتووە گوتوویەتی:

أَمَّا نُقْصَانُ عَقْلِهَا فَشَهَادَةُ امْرَأَتَيْنِ تَعْدِلُ شَهَادَةَ رَجُلٍ

بەڵام کەم ئەقڵی ژنان بە هۆی ئەوەوەیە کە شایەتی دوو دانەیان بە شایەتی پیاوێك دادەنرێت.

وە القرطبی لە الجامع لاحکام القران دەڵێت:

الله لە هەموو شتێکدا دوو شایەتی داناوە تەنها لە زینا نەبێت چوار شایەتە.

وە دەڵێت ئەم ئایەتە دەڵێت: {مِن رِّجَالِكُمْ- لە پیاوەکانتان}، واتە نابێت ناموسڵمان و ژن و منداڵ بێت. وە سەبارەت بە موسڵمانێك کە کۆیلەیە ئەوە ناکۆکی هەیە.

وە شایەتی ژن تەنها لە کڕین و فرۆشتن وەردەگیرێت. وە گشت زاناکان دەڵێن شایەتی ژنان لە سزا (حدود) قبووڵ ناکرێت.

وە ئەگەر شایەتەکان بانگ کران، ئەوە نابێت ڕەت بکەنەوە کە ئامادە بن.

وە نابێت نە نووسەرەکە، وە نە شایەتەکان ئازار بدرێن.

وە ابن كثير لە تفسير القران العظيم، ئاماژە بە ڕیوایەتێك دەكات كە لە سنن ابوداود هاتووە:

أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ابْتَاعَ فَرَسًا مِنْ أَعْرَابِيٍّ ، فَاسْتَتْبَعَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِيَقْضِيَهُ ثَمَنَ فَرَسِهِ ، فَأَسْرَعَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَبْطَأَ الْأَعْرَابِيُّ ، فَطَفِقَ رِجَالٌ يَعْتَرِضُونَ الْأَعْرَابِيَّ فَيُسَاوِمُونَهُ بِالْفَرَسِ ، وَلَا يَشْعُرُونَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ابْتَاعَهُ ، حَتَّى زَادَ بَعْضُهُمُ الْأَعْرَابِيَّ فِي السَّوْمِ عَلَى ثَمَنِ الْفَرَسِ الَّذِي ابْتَاعَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، فَنَادَى الْأَعْرَابِيُّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ : إِنْ كُنْتَ مُبْتَاعًا هَذَا الْفَرَسَ فَابْتَعْهُ ، وَإِلَّا بِعْتُهُ ، فَقَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حِينَ سَمِعَ نِدَاءَ الْأَعْرَابِيِّ ، قَالَ : " أَوَلَيْسَ قَدِ ابْتَعْتُهُ مِنْكَ ؟ " قَالَ الْأَعْرَابِيُّ : لَا وَاللَّهِ مَا بِعْتُكَ . فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " بَلْ قَدِ ابْتَعْتُهُ مِنْكَ " . فَطَفِقَ النَّاسُ يَلُوذُونَ بِالنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالْأَعْرَابِيِّ وَهُمَا يَتَرَاجَعَانِ ، فَطَفِقَ الْأَعْرَابِيُّ يَقُولُ : هَلُمَّ شَهِيدًا يَشْهَدُ أَنِّي بَايَعْتُكَ . فَمَنْ جَاءَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ قَالَ لِلْأَعْرَابِيِّ : وَيْلَكَ ! إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَمْ يَكُنْ يَقُولُ إِلَّا حَقًّا . حَتَّى جَاءَ خُزَيْمَةُ ، فَاسْتَمَعَ لِمُرَاجَعَةِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمُرَاجَعَةِ الْأَعْرَابِيِّ يَقُولُ هَلُمَّ شَهِيدًا يَشْهَدُ أَنِّي بَايَعْتُكَ . قَالَ خُزَيْمَةُ : أَنَا أَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَايَعْتَهُ . فَأَقْبَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى خُزَيْمَةَ فَقَالَ : " بِمَ تَشْهَدُ ؟ " فَقَالَ : بِتَصْدِيقِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ . فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَهَادَةَ خُزَيْمَةَ بِشَهَادَةِ رَجُلَيْ

پێغەمبەر ئەسپێكی لە پیاوێكی كۆچەر كڕی، پێغەمبەر پیاوەكەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوەی پارەكەی پێی بدات، پێغەمبەر خێرا ڕۆیشت و پیاوە كۆچەرەكە هێواش ڕۆیشت، پیاوانێك ڕێگایان لە پیاوە كۆچەرەكە گرت و مامەڵەیان لەگەڵیدا دەكرد سەبارەت بە نرخی ئەسپەكە، وە نەیاندەزانی كە پێغەمبەر كڕیویەتی، تاوەكو هەندێكیان پارەیەكی زیاتریان بۆ ئەسپەكە بە پیاوە كۆچەرەكەدا، پیاوە كۆچەرەكە بانگی پێغەمبەری كرد و گوتی: ئەگەر كڕیاریت ئەوە ئەسپەكەیە و بیكڕن ئەگینا دەیفرۆشم، پێغەمبەر بە پیاوە كۆچەرەكەی گوت: ئەی لە تۆم نەكڕیوە؟ پیاوە كۆچەرەكە گوتی: سوێند بە الله نەتكڕیوە.

پێغەمبەر گوتی بە دڵنیاییەوە لە تۆم كڕیوە. پیاوەكە گوتی ئەگەر ڕاستت فەرموو شایەتێك بهێنە، خەڵكەكە بە پیاوەكەیان گوت: قوڕت بەسەر ئەوە پێغەمبەری

الله یە و هەمیشە ڕاستی دەڵێت. تاوەکو خزیمة هات و گوتی من شایەتی دەدەم کە تۆ کڕیوتە، پێغەمبەر بە خزیمەی گوت: بە چی شایەتی دەدەیت؟ گوتی کە تۆ ڕاستگۆیت و کڕیوتە. ئەوەبوو پێغەمبەری الله شایەتی خزیمەی کرد بە دوو شایەت.

سەیری ئەم گاڵتەجاریە، محمد خۆی پابەندی ئەم ئایەتە نەبووە، وە خزیمە ئاگاداری هیچ نەبووە و هاتووە شایەتی بە درۆی داوە، وە محمد نەك قبووڵی نەکردووە، بەڵکو شایەتی خزیمەی کردووە بە دوو شایەت.

پرسیار:

ئایا ژن زیاتر لە بیر دەکات یان پیاو؟

چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستی کراون کە نیشانیان داوە پیاو و ژن یان زاکیرەیان وەك یەکە، یان زاکیری ژن باشترە لە زاکیرەی پیاو.

کەواتە ئەم ئایەتە ڕاست نییە کە دەڵێت:

فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ

ئەگەر دوو پیاوتان بۆ شایەتی دەستنەکەوت ئەوە پیاوێك و دوو ژن، بۆ ئەوەی ئەگەر ژنێکیان لە بیری کرد، ئەوە ژنەکەی تر بە بیری بهێنێتەوە.

وە پرسیارێکی دیکە: ئەگەر ژن زاکیرەی وەك پیاو نەبێت، گەرەنتی چییە کە هەردووك ژنەکە لە بیر ناکەن؟

# ئایەتی ٢٨٣

وَإِن كُنتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَّقْبُوضَةٌ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُم بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ و مَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ

دەڵێت:

وە ئەگەر لە سەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەستنەکەوت، ئەوە بارمتە وەربگرن، وە ئەگەر متمانەتان بەیەکتر بوو ئەوە با کەسەکە ئەمانەتەکە

بداتەوە، وە با لە خوداکەی، الله بترسێت، وە نەکەن شایەتی بشارنەوە، وە هەر کەسێك بیشارێتەوە ئەوە لە دڵیدا گوناهی کردووە، وە الله بەوە دەزانێت کە دەیکەن.

واتە:

ئەگەر لە سەفەر بوون و نووسەرێکتان دەستنەکەوت بۆ نووسینی قەرزەکە، یان کۆنتراکتی بازرگانیەکە، ئەوە ڕەهن (بارمتە) دابنێن، وە ئەگەر متمانەتان بە یەکتر هەبوو، ئەوە پێویست بە بارمتە (ڕەهن) ناکات، وە ئەوکەسەی کە پارەکەی بە قەرز وەرگرتووە ئەوە با بیداتەوە، وە نەکەن شایەتیتان بشارنەوە، وە هەر کەسێك شایەتی بشارێتەوە، ئەوە گوناهی کردووە.

الطبری لە جامع البيان، سەبارەت بە {وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبًا}، دەڵێت، دوو شرۆڤە هەیە:

یەکەم: واتە پێنووس و لاپەڕەیەك لەسەری بنووسیت.

دووەم: واتە نووسەر.

وە دەڵێت، کۆمەڵێك لە جیاتی {فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ}، دەیانخوێندەوە: {فَرُهُنٌ مَقْبُوضَةٌ}.

## ئایەتی ٢٨٤

لِّلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

دەڵێت:

بۆ اللهیە ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەوییە، وە ئەگەر ئەوەی لە ناختاندایە ئاشکرای بکەن یان بیشارنەوە، الله بە هۆیەوە لێتان دەپرسێتەوە، جا لە کەسێك دەبوورێت کە خۆی دەیەوێت، وە سزای کەسێك دەدات کە خۆی دەیەوێت، وە الله توانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

واتە:

ئەوەی لە ئاسمانەکان و ئەوەی لە زەویدایە هی اللەیە، وە ئەگەر هەر شتێك لە ناختان بشارنەوە، وە یان ئاشکرای بکەن، ئەوە الله پێی دەزانێت و لێپرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات.

ئینجا الله بە کەیفی خۆی دەکات، وەك دەڵێت:

فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ

جا الله لە گوناهی کەسێك دەبوورێت کە الله خۆی دەیەوێت لێی ببوورێت، وە کەسێك سزا دەدات کە الله هەر خۆی بیەوێت سزای بدات.

# ئایەتی ٢٨٥

آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ

دەڵێت:

پێغەمبەر باوەڕی هێنا بەوەی لە لایەن خوداکەیەوە بۆی دابەزیووە، وە باوەڕداران، هەر هەموویان باوەڕیان بە الله و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی هێنا، وە جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەرەکانی، وە گوتیان: گوێبیست بووین و ملکەچ بووین، خوداکەمان لێمان ببوورە، وە گەڕانەوە بۆ لای تۆیە.

واتە:

{آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ}، پێغەمبەر باوەڕی هێنا بەوەی لە لایەن خوداکەیەوە بۆی دابەزیووە، {وَالْمُؤْمِنُونَ} وە ئیماندارانیش، {كُلٌّ آمَنَ}، هەر هەموویان باوەڕیان هێنا، {بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ}، بە الله و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی، وە گوتیان، {لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ}، جیاوازی لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەرەکانی ناکەین، {وَقَالُوا}، وە گوتیان {سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ}، گوێبیست بووین و ملکەچ بووین و داوای لێبووردەیی تۆ دەکەین خوداکەمان، وە گەڕانەوەمان بۆ لای تۆیە.

تێبینی و سەرنج:

یەکەم: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزیووە، محمد ١٤ ساڵ بووە ئیدعای پێغەمبەرایەتی کردووە، کەچی ئێستا باوەڕی هێناوە کە قورئان لە لایەن اللهوەیە، وەك دەڵێت:

آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ

پێغەمبەر باوەڕی هێنا بەوەی لە لایەن خوداکەیەوە بۆی دابەزیوە.

واتە محمد، باوەڕی بە قورئان هێنا کە لە لایەن اللهوە دابەزیوە.

دیارە تاوەکو کاتی دابەزینی ئەم ئایەتە محمد پێی وابووە، قورئان لە لایەن شەیتانەوە بۆی دابەزیووە.

دووەم: وە هەروەها ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت کە محمد و ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو:

آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ

باوەڕیان هێنا بە الله و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی،

واتە: تا ساتی دابەزینی ئەم ئایەتە باوەڕیان بە الله و فریشتەکانی و پەرتووکەکانی و پێغەمبەرەکانی نەهێنابوو. یان لایەنی کەم باوەڕیان بە هەندێك لەوانە نەهێنابوو.

پرسیار: ئایا موسڵمانان بڕوایان بە ئینجیل وتەورات هەیە؟ هەرگیز

سێهەم: ئەم ئایەتە دەڵێت کە محمد و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە گوتوویانە:

لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ

جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ کامێك لە پێغەمبەرەکانی الله.

هەر بە ڕاست؟ ئەگەر جیاوازیتان نەکردایە لە نێوان هیچ کام لە پێغەمبەرەکانی الله، ئەوە نەتاندەگوت: محمد اشرف الخلقە و گەورەی منداڵەکانی ئادەمە.

لە المستدرك للحاكم، ڕیوایەتێك بە اسنادێکی صحیح هاتووە، کە انس بن مالك دەڵێت، کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی: {پێغەمبەر باوەڕی بەوە هێنا کە لە لایەن خوداکەیەوە بۆی دابەزیووە}، پێغەمبەر گوتی:

لما نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ( آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ ) قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " حُقَّ لَهُ أَنْ يُؤْمِنَ

هەقيەتی کە باوەڕ بهێنیت.

واتە محمد گوتوویەتی هەقمە کە باوەڕ بهێنم.

## ئایەتی ٢٨٦

لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ

دەڵێت:

الله ئەرکێك بە خودێك ناسپێرێت ئەگەر لە توانایيدا نەبێت، بۆ خۆیەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە و لەسەریەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە، خوداکەمان مەمانگرە ئەگەر لەبیرمان کرد یان هەڵەمان کرد، خوداکەمان باری گرانمان پێ هەڵمەگرە هەروەك چۆن لەسەر ئەوانەت بارکرد کە پێش ئێمە بوون، وە خوداکەمان ئەوەمان لە ئەستۆ مەگرە کە توانایمان بەسەردا نییە، وە لێمان ببوورە و لێمان خۆش بە و بەزەییت پێمان بێتەوە، تۆ گەورەمانیت، وە سەرمان بخە بەسەر خەڵکانێکی کافر.

واتە:

{لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا}، الله ئەرکێك بە خودێك ناسپێرێت ئەگەر لە توانایيدا نەبێت، {لَهَا مَا كَسَبَتْ}، بۆ خۆیەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە، واتە ئەگەر کار و کردەوەی چاکی کردبێت، ئەوە بۆ خۆیەتی، {وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ}، وە لەسەریەتی ئەوەی بەدەستی هێناوە، واتە ئەگەر کارێکی خراپ و گوناهێکی کردبێت، ئەوە لەسەری دەکەوێت، {رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا}، خوداکەمان لێمان مەگرە ئەگەر لە بیرمان کرد یان هەڵەمان کرد، {رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا}، خوداکەمان باری قورسمان پێ مەسپێرە، {كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا}، هەروەك چۆن بەوانەت سپارد کە پێش ئێمە بوون، واتە مەسیحی و

یەهوودی، {رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ}، خوداکەمان ئەوەمان لێ بار مەکە کە توانایيمان بەسەردا نییە، {وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا}، لێمان ببوورە و لێمان خۆش بە و بەزەیت پێمان بێتەوە، {أَنتَ مَوْلَانَا}، تۆ گەورە و پشتیوانی ئێمەیت، {فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ}، جا سەرمان بخە بەسەر خەڵکانێکی کافر.

ئەم ئایەتە زیاتر لە نیزای محمد دەچێت.

الطبری لە جامع البیان دەڵێت:

{لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا}، الله داوای شتێك لە بەندەکانی ناکات ئەگەر نەتوانن بیکەن. وەك ئایەتی ١٨٥ ئەم سوورەتە دەڵێت:

يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ

الله بۆ ئێوە ئاسانکاری دەوێت، وە بۆ ئێوە سەختی و قورسی ناوێت.

وە محمد لەم ئایەتەدا دان دەنێت کە کێشەی لە بیرکردن و هەڵەی هەبووە، هەروەك دەڵێت:

رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا

خوداکەمان ئەگەر لە بیرمان کرد یان هەڵەمان کرد مەمانگرە.

کۆتایی سوورەتی البقرة

کۆتایی بەشی نۆزدەم.